# شۆڕشی ئەیلوول

# لە ڕۆژنامە و بڵاوکراوە عێراقییەکان

# ١٩٦١ – ١٩٧٥

## لێکۆڵینەوەیەکی مێژووییە

د. هۆشەنگ ساڵح نەجاڕ

دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان

٢٠٢٢

- **ناوی کتێب:** شۆڕشی ئەیلوول لە ڕۆژنامە و بڵاوکراوە عێراقییەکان (١٩٦١ - ١٩٧٥)
- **نووسینی:** د. هۆشەنگ ساڵح نەجار
- **هەڵەچنی:** دەستەی ئینسکلۆپیدیای (پ.د.ک.)
- **دیزاینی بەرگ و ناوەوە:** دەستەی ئینسکلۆپیدیای (پ.د.ک.)
- **ساڵی چاپ و شوێن:** ٢٠٢٢ - هەولێر
- **چاپخانە:**
- **تیراژ:** ٢٠٠٠

**لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان/ هەرێمی کوردستان ژمارەی سپاردنی (٩٨٤) ساڵی ٢٠٢٢ پێدراوە.**

# پێڕست


| | | |
|---|---|---|
| پێشەكی | | ١ |
| دەروازە | ڕەوشی سیاسی و ڕۆشنبیریی كورد دوای شۆڕشی ١٤ی تەممووزی ساڵی ١٩٥٨ | ٩ |
| تەوەری یەكەم | هەڵوێستی ڕۆژنامە و بڵاوكراوە عێراقییەكان بەرامبەر شۆڕشی ئەیلوول لە دەستپێكی شۆڕشەوە تا كودەتای ٨ی شوبات (١٩٦١-١٩٦٣) | ١٩ |
| تەوەری دووەم | هەڵوێستی ڕۆژنامە عێراقییەكان بەرامبەر شۆڕشی ئەیلوول لە كودەتای ٨ی شوباتەوە تا كۆتایی ماوەی حوكمی عەبدولسەلام عارف (شوباتی ١٩٦٣- نیسانی ١٩٦٦) | ٧٥ |
| تەوەری سێیەم | هەڵوێستی ڕۆژنامە عێراقییەكان بەرامبەر شۆڕشی ئەیلوول لە ماوەی حوكمڕانی عەبدولڕەحمان عارف (نیسانی ١٩٦٦- تەممووزی ١٩٦٨) | ١٤٧ |
| تەوەری چوارەم | هەڵوێستی ڕۆژنامە عێراقییەكان بەرامبەر شۆڕشی ئەیلوول لە كودەتای تەممووزەوە تا ڕاگەیاندنی ڕێككەوتننامەی ئادار (تەممووزی ١٩٦٨-ئاداری ١٩٧٠) | ١٨١ |
| تەوەری پێنجەم | هەڵوێستی ڕۆژنامە عێراقییەكان بەرامبەر شۆڕشی ئەیلوول لە قۆناغی دوای ڕاگەیاندنی ڕێككەوتننامەی ئادار تا دەستپێكی ساڵی ١٩٧٤ | ٢١٧ |
| تەوەری شەشەم | هەڵوێستی ڕۆژنامە عێراقییەكان بەرامبەر شۆڕشی ئەیلوول لە دەستپێكی شۆڕشەوە ساڵی ١٩٧٤ تاكو نسكۆی شۆڕش لە ئاداری ١٩٧٥ | ٢٧٥ |
| سەرچاوەكان | | ٣٠١ |
| پاشكۆ | | ٣١٧ |

هەواڵنامەی کتێب

# پێشەکی

ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکان، دەبنە سەرچاوەیەکی بە کەڵکی مێژووی میللەتان، تایبەتمەندی ئەم چەشنە سەرچاوە لەوەدایە، تا ڕادەیەکی باش زانیارییەکانی ڕۆژ دەخاتەڕوو، چونکە ڕۆژنامە، وەک لە ناوەکەی دیارە، بە شێوەی ڕۆژانە، هەواڵ و ڕاپۆرتە هەواڵ، لەسەر ڕووداوە ناوخۆیی و جیهانییەکان بڵاودەکاتەوە. ئەمە وێڕای بایەخدان بە چالاکییە ڕۆشنبیریی و کەلتوورییەکان و ئەو وتارانەی گوزارشت لە کێشەکانی ڕۆژانە دەکەن. جا ئەمانە وتاری فەرمی دەوڵەت بن، یان نووسەران و ڕۆشنبیران و سیاسەتمەداران لە چوارچێوەی دید و تێڕوانینی خۆیانەوە بیخەنەڕوو، ئەمەش لە ڕاستیدا هەر دەبێتە بەشێک لە مێژوو. چونکە ناواخنی ئەو وتارانە، پلانی سیاسی دەوڵەت، یان دید و تێڕوانینی دەوڵەتمان لە هەمبەر پرسە ناوخۆیی و دەرەکییەکان، بۆ ڕوون دەکاتەوە. هەرچەندە ڕۆژنامەکان سەرچاوەی ڕووماڵکردنی ڕووداوەکان و تێڕوانینی دەوڵەت بۆ ئاریشە و پرسە جیاوازەکانی وڵات بن، بەڵام نابێت بێ هەڵوەستەلەسەرکردنێک، بڕیاری ڕاست و دروستیان لەسەر بدەین. بەڵکو دەبێت بیانخەینە ژێر لێکۆڵینەوەی ورد و بەو سەرچاوانە بەراوردیان بکەین، کە لەسەر ئەم پرسانە دواون، ئەو سەرچاوانەش، وەک یادداشت و بیرەوەری، توێژینەوەی زانستی، سەرچاوە مێژووییەکان، بەڵگەنامە، دەستنووس و دیداری تایبەتی ئەو شایەدحاڵانەی کە لەو سەردەمانەدا ژیاون.

ئەم توێژینەوەیەی بەردەستتان، تەنیا نەهاتووە هەواڵ و بابەتی نێو لاپەڕەی ڕۆژنامە و گۆڤارە عێراقییەکان کۆ بکاتەوە کە پەیوەندییان بە ڕووداوێکی گرنگی وەک شۆڕشی ئەیلوولەوە هەیە، پاشان وەریان بگێڕێتە سەر زمانی کوردی و بیانخاتەڕوو، بەڵکو لە تەک ئەمانەدا، بابەت و هەواڵە وەرگێڕاوەکان، لەگەڵ سەرچاوەکانی دیکە بەراورد پێکراون و خراونەتە ژێر نەشتەری لێکۆڵینەوە و شرۆڤەکردن. بەپێی توانا، پاڵنەری ئایدۆلۆژیای زاڵ و ئامانجەکانی پشت ئەو هەواڵ و وتار و ڕاپۆرتە ڕۆژنامەوانییانە ڕوون کراونەتەوە کە هەمیشە بوونی ئەم جۆرە پاڵنەرانە، لە بەرژەوەندی تایبەتی حکوومەتە یەک لەدوای یەکەکانی عێراقەوە سەرچاوەیان گرتووە و پەرەیان پێدراوە، ڕۆژنامەکانی زمانحاڵی حکوومەتیش وەک ئامراز بەکارهێندراون.

ئەو ڕۆژنامانەی کە سەربەخۆ، یان سێبەری حکوومەتیش بوونە، هەمان هەڵوێستیان وەرگرتووە، ڕۆژنامەی وا هەبووە، سیاسی نەبووە، کەچی هێرشی کردووەتە سەر شۆڕشی

کورد و بە جووڵانەوەیەکی گومڕا و گێرەشێوێن ناوی هێناوە. بە واتا گشتییەکەی، هەرکاتێک پەیوەندییەکان لەگەڵ کورد ئاسایی بوویێت، ڕۆژنامەکانیش، بەو ئاراستەیە، بابەت و وتارەکانیان بڵاوکردووەتەوە، بە پێچەوانەشەوە، هەرکاتێک گرژی و ئاڵۆزییان تێ کەوتبێت، ئەوانیش کەوتوونەتە پەلاماردان و لەکەدارکردنی شۆڕشی کورد. واتە یەک ڕۆژنامە و یەک دەستەی بەڕێوەبردن، بەڵام بە دوو ئاراستەی جیاواز و دژ بە یەک. واتە ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکان، بەتایبەت ئۆرگانەکانی حکوومەت، ڕاستەوخۆ لە ژێر کاریگەری سیاسەتی حکوومەتدا بوون. بۆیە کاتێک لێیان دەکۆڵینەوە، لە نیاز و هەڵوێستی حکوومەت لەو قۆناغەدا، بەرامبەر جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی کورد، تێدەگەین.

ئەم توێژینەوەیە، هەر بەو ئامانجە ئەنجام دراوە، تا بەهۆی سەرنج خستنەسەر ڕۆژنامە و بڵاوکراوە عێراقییەکان، لە سیاسەتی حکوومەتەکانی عێراق لەو ماوەیەدا تێبگات. واتە بە قەد گرنگی تێگەیشتن لە پەیامی ڕۆژنامەکان، تێگەیشتن لە پەیام و تێڕوانینی حکوومەتیشی لا مەبەست بووە. ئامانجێکی دیکە ئەوە بووە، دوای نزیکەی نیو سەدە، یان زیاتر لە نیو سەدە، بەسەر دەرچوونی ئەو ڕۆژنامانەدا، ئەو بابەتانەی کە بۆ مەرامی لەکەدارکردنی بزووتنەوەکە، بڵاوکراونەتەوە، ڕاست بکرێنەوە و نیاز و ئامانجەکانی پشت نووسینیان، ئاشکرا بکرێت. لە کاتێکدا ئەمڕۆ لە دەلاقەی ئەرشیفخانە و کتێبخانەکان، بەشی زۆری دانەی ئەم ڕۆژنامانە پارێزراون، ڕەنگە ڕۆژانە بکەونە بەرچاوی خوێنەران کە لە نێو لاپەڕەکانیاندا، مێژوویێک بوونی هەیە، هەوڵ دەدات بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، چەواشە بکات و بیشوێنێت. بۆیە ئێستا لە هەموو کاتێک زیاتر، لەسەر توێژەران پێویستە، لە ڕێگەی لێکۆڵینەوەی زانستییەوە، باری سەرنج بخەنە سەر ئەم بابەتە و وەڵامی ڕاست و دروست و زانستییانەی هەموو ئەو بابەتە ئامانجدارانە بدەنەوە.

ئەم توێژینەوەیە، جگە لە دەروازە، لە شەش تەوەر پێکهاتووە، تەوەرەکانیش بە پێی ڕیزبەندی ڕووداوە مێژووییەکان، بە شێوەیەکی کرۆنۆلۆژی داندراون. هەر تەوەرێک تایبەتە بە قۆناغێکی دیاریکراوی ئەو ماوەیە (١٩٦١-١٩٧٥).

لە دەروازەدا، تیشکێکی مێژوویی خراوەتە سەر ڕەوشی سیاسی کورد لە دوای شۆڕشی چواردەی تەمموز، ئەم شۆڕشەی نەک هەر بۆ عێراق، بەڵکو بۆ کوردیش وەرچەرخانێکی گرنگ بوو، بۆ یەکەمجار لە دەستووری کاتی عێراق، دان بە هاوبەشیەتی کورد، لە خاکی عێراقدا نرا و پارتی دیموکراتی کوردستان، وەک پارتێکی سیاسی کوردی، مۆڵەتی فەرمی

کارکردنی وەرگرت. ڕۆژنامەی (خەبات) زمانحاڵی پارتەکەش بە ئاشکرا لە شاری بەغدا دەرچوو.

تەوەری یەکەم لەگەڵ هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوول دەستپێدەکات و تا کودەتای هەشتی شوباتی ساڵی ١٩٦٣، واتە تا ماوەی کۆتایی حوکمڕانی عەبدولکەریم قاسم، بەردەوام دەبێت. لەم ماوەیەدا، ڕۆژنامە و بڵاوکراوە فەرمییەکان، لە بەرەی عەبدولکەریم قاسم دابوون، هێرشیان دەکردە سەر شۆڕشی کورد و سەرکردایەتییەکەی، بە بزووتنەوەیەکی کۆنەپەرست و نۆکەر و ئەڵقە لەگوێی ئیمپریالیزم ناویان دەبرد. ڕۆژنامەی (خەبات)یش، کەم و زۆر وەڵامی ئەم تۆمەتانەی دەدایەوە کە ڕۆژنامە عێراقییەکان بۆ کوردییان هەڵدەبەست. بەڵام هەر لەو ماوەیەدا هەندێک ڕۆژنامەی لیبراڵیش هەبوون، بە ئاشکرا و بە نهێنی، هەڵوێستی پێچەوانەیان هەبووە، بەرگرییان لە خەباتی کورد و دۆزەکەی کردووە.

تەوەری دووەم، بە کودەتای ٨ی شوباتی ساڵی ١٩٦٣ دەستپێدەکات، تاکو کۆتایی ماوەی فەرمانڕەوایی عەبدولسەلام عارف لە نیسانی ساڵی ١٩٦٦ بەردەوام دەبێت، ئەم ماوەیەش بە چەند ئاستێک تێپەڕیوە، بۆ نموونە ڕاستەوخۆ دوای کودەتای ٨ی شوبات، ڕۆژنامە عێراقییەکان، زمانێکی نەرمتریان بەرامبەر کورد بەکارهێناوە. ئەمەش تا مانگی ئایاری ساڵی ١٩٦٣ بەردەوام بووە، لەوە بەدواوە، جارێکی دیکە هێرش و پەلاماریان بۆ سەر شۆڕشی کورد دەستپێکردووەتەوە. لە مانگی تشرینی دووەمی هەمان ساڵ، تا کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٦٤، ڕەوشەکە کەمێک هێمن بووەتەوە، بەڵام لە دوای ئەم ڕێکەوتەوە، جارێکی دیکە ئاڵۆزی دەستی پێکردووەتەوە، ڕۆژنامەکانیش کەوتوونەتەوە سەرزەنشتی شۆڕشی کورد. ئەمەشیان تاکو نیسانی ساڵی ١٩٦٦، واتە کۆتایی ماوەی فەرمانڕەوایی عەبدولسەلام عارف، بەردەوام بووە.

تەوەری سێیەم. لە هەڵوێستی ڕۆژنامەگەریی عێراقی بەرامبەر شۆڕشی ئەیلوول لە ماوەی فەرمانڕەوایی سەرکۆمار عەبدولڕەحمان عارف دەکۆڵێتەوە، کە لە نیسانی ساڵی ١٩٦٦ دەستپێدەکات، تاکو تەمموزی ساڵی ١٩٦٨ بەردەوام دەبێت، ئەم ماوەیەش، بە چەند ئاستێک تێپەڕیوە، لە نیسان تاکو حوزەیرانی ١٩٦٦، قۆناغەکە درێژکراوەی قۆناغی پێش خۆی بوو، واتە زمانی ڕۆژنامەکان، بەرامبەر شۆڕشی کورد زمانی هێرشبردن و ناوزڕاندن بوو، بەڵام لە مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٦ تاکو کودەتای هەڤدەی تەمموزی ساڵی ١٩٦٨، دۆخەکە کەمێک هێمنتر بووەتەوە، لە ٢٩ی حوزەیراندا، حکوومەت بەیاننامەیەکی سەبارەت بە مافە ڕۆشنبیرییەکانی کورد بڵاوکردەوە، کە بە بەیاننامەی ٢٩ی حوزەیران ناسراوە و هەندێک لە

مافە ڕۆشنبیرییەکانی کوردی گەڵاڵە کردووە. بەڵام لەم ماوەیەشدا، ناوە ناوە، هەندێک گرژی دروست دەبوو. ڕۆژنامەی (التآخی) زمانحاڵی پارتی دیموکراتی کوردستان، ئەم بابەتانەی لە هەندێک لە ژمارەکانییدا وروژاندووە.

تەوەری چوارەم. بە کودەتای ١٧-٣٠ ی تەمموزی بەعسییەکان لە ساڵی ١٩٦٨ دەستپێدەکات، تاکو ڕاگەیاندنی ڕێککەوتننامەی ئاداری ساڵی ١٩٧٠ بەردەوام دەبێت، ڕاستەوخۆ دوای کودەتا، بەعسییەکان بە سوودوەرگرتن لە ئەزموونی پێشوویان، مامەڵەیەکی نەرمتریان لەگەڵ دۆزی کورددا دەکرد و ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی عێراقیش، چەند بڕیارێکی سەبارەت بە مافە ڕۆشنبیرییەکانی کورد دەرکرد، بەڵام لەمەدا پشووکورت بوون، چونکە چەند مانگێکی نەخایاند، جارێکی دیکە هێرش و پەلاماری بەعس بۆ سەر کوردستان دەستپێکردەوە و لەگەڵیشیدا، ڕۆژنامەکان هەمان هەڵوێستیان دژی شۆڕشی کورد گرتەبەر. لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٦٩ حکوومەتی بەعس لەگەڵ سەرکردایەتی شۆڕشی کورد کەوتە دانوستان، دانوستانەکانیش بە ڕاگەیاندنی ڕێککەوتنی ئاداری ساڵی ١٩٧٠ کۆتاییان هات.

تەوەری پێنجەم. لە قۆناغی دوای ڕێککەوتننامەی ئادار دەکۆڵێتەوە، تاکو ڕاگەیاندنی یاسای ئۆتۆنۆمی لەلایەن حکوومەتی بەعسەوە، لە ئاداری ساڵی ١٩٧٤ بەردەوام دەبێت، لە دوو ساڵی یەکەمی دوای ڕاگەیاندنی ڕێککەوتننامەکە، ڕۆژنامە عێراقییەکان، پەیامی دۆستایەتی و ئاشتەواییان لەگەڵ کورددا بڵاودەکردەوە، بەڵام دوای ئەمە وردە وردە کەوتنەوە ڕەخنە و تانەوتەشەرلێدان لە سەرکردایەتی شۆڕشی کورد، وایان پیشان دەدا کە حزبی بەعس بەپێی پرەنسیپە بنەڕەتییەکانی حزب، دڵسۆزی چارەسەرکردنی کێشەی کوردە، بەڵام سەرکردایەتی شۆڕشی کورد بەهۆی نەبوونی بڕوا و متمانەی بە حزبی بەعس، کێشە دروست دەکات و نایەوێت پەیامی ئاشتی و ئاشتەوایی سەربگرێت، ئەم تۆمەتانە، بەردەوام لەلایەن ڕۆژنامەی (التآخی) زمانحاڵی پارتی دیموکراتی کوردستان لە شاری بەغدا وەڵام دەدرانەوە.

تەوەری شەشەم. ئەم تەوەرەش بە ڕاگەیاندنی پڕۆژە تاکلایەنەکەی ئۆتۆنۆمی لەلایەن حزبی بەعسەوە دەستپێدەکات، تاکو ڕێککەوتننامەی جەزائیری ساڵی ١٩٧٥ بەردەوام دەبێت، ئەم ماوەیەش کە شۆڕش لە کوردستان دەستیپێکردبووەوە، ژمارەیەکی زۆری خەڵکی کوردستان، وەک هاوسۆزی شۆڕش دایانە پاڵ خەباتی شاخ، ڕۆژنامە و بڵاوکراوە عێراقییەکان، هێرشی توونديان دەکردە سەر شۆڕش، بە دەسیسەی ئێران و ئیمپریالیزم ناویان دەبرد.

لەگەڵ ئەمەشدا حکوومەتی بەعس سوور بوو لەسەر ئەوەی کە دەبێت پڕۆژەی ئۆتۆنۆمی بەو شێوەی داڕێژراوە، جێبەجێ بکرێت.

سەبارەت بە سەرچاوەکان، ئەوەی لەم توێژینەوەیەدا زیاتر کاری لەسەر کراوە، ڕۆژنامە دیارەکانی سەردەمی حکوومەتە یەک لە دواییەکانی عێراقن، کە لە قۆناغە جیاوازەکاندا دەرچوونە، وەک: **الثورة، العهد الجديد، الفجر الجديد، البلد، الزمان، الايام، الجماهير، الجمهورية و البيان**...لەگەڵ ئەمانەدا، هەڵوێستی بەشێک لەو ڕۆژنامانەش خراونەتەڕوو کە بە شێوەی سەربەخۆ، یان وەک زمانحاڵی پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکانی دیکە، سەرنجیان خستووەتە سەر دۆزی کورد لە عێراق، ئامانجیش لەمەدا ئەوە بووە، تا لە هەڵوێست و تێڕوانینی ئەوانیش لەو قۆناغەدا بەرامبەر کێشەی کورد تێبگەین کە هەندێکجار هەڵوێستەکە ئەرێنی بووە، هەندێکجاریش بە پێچەوانەوە، لە بەرەی حکوومەتدا بوونە و هێرشیان کردووەتە سەر شۆڕشی کورد. واتە ئەوانیش بەپێی بەرژەوەندییەکانی خۆیان هەڵسوکەوتیان کردووە، لەوانەش وەک: **اتحاد الشعب، الاستقلال، الاشتراکی، البلاد، الاهالي، صوت الاحرار**. لە زۆر کاتیشدا، ئاماژە بە ڕۆڵی بەشێک لە ڕۆژنامە سیاسییەکانی کورد کراوە، وەک ڕۆژنامەکانی **خەبات، برایی، التاخی/برایەتی**. هەریەک لەمانە وەک زمانحاڵی پارتی دیموکراتی کوردستان، چ بە نهێنی چ ئاشکرا، لە بەرەی پێشەوەی بەرگریکردن لە دۆزی کورد و وەڵامدانەوەی تۆمەتی ڕۆژنامە فەرمییە عێراقییەکاندا بوون. لەگەڵ ئەمانەدا، هەڵوێستی ڕۆژنامە خۆجێیییەکانیش، ئەوانەی لە شارەکان دەردەچوون خراونەتە ڕوو، وەک (**الحياة**) لە بەسرە، (**اربيل**) لە هەولێر، (**الهدف**) و (**کشکول**) لە موسڵ و (**اللواء**) لە ناسرییە، ئەم ڕۆژنامانە، چونکە زمانحاڵی حکوومەت بوون، ئەوانیش پەیڕەوی هەمان سیاسەتیان بەرامبەر کێشەی کورد کردووە، یانیش بێدەنگیان هەڵبژاردووە.

سەبارەت بە بڵاوکراوە فەرمییەکان، ئەوان بە بەراورد بە ڕۆژنامەکان، کەمتر بەکارهاتوون، ئەمەش بۆ دوو هۆکار دەگەڕێتەوە، یەکەمیان: لە بڵاوکراوە فەرمییەکاندا، هەمان ئەو تێڕوانینانە دووبارە کراونەتەوە کە لە ڕۆژنامەکانی زمانحاڵی حکوومەتدا هەن. وەک هەردوو بڵاوکراوەی (**الحکومة الوطنية و مشکلة الشمال**) و (**لکي يصان السلام و تعزز الوحدة الوطنية**)، هەرچەندە بوونەتە دوو سەرچاوەی گرنگی زانیارییەکانی ناو ئەم توێژینەوەیە، بەڵام هەردوو کتێبەکە، جگە لە هەندێک بابەتی جیاوازی تایبەت بە خۆیان، لە زۆر شوێن، وتار و هەواڵی ناو ڕۆژنامەکانیان دووبارە بڵاوکردووەتەوە. دووەم: بە هۆی زۆری ژمارەیان، پێویستیان بەوە هەیە لە چوارچێوەی توێژینەوەی تایبەت، لێیان بکۆڵدرێتەوە. سێیەمیان:

بەشێکی زۆرتری ئەو بڵاوکراوانە، زیاتر جەخت لەو داتا و ئامار و پڕۆژانە دەکەنەوە کە حکوومەت لەو ناوچانەدا ئەنجامی داون، وەک بڵاوکراوەی (**وزارة الداخلية في عامين**)، ئاماژەی بە زۆربەی ئەو پڕۆژانە کردووە کە لە پارێزگاکانی کوردستان ئەنجام دراون، زۆر بە کەمی تیشکی خستووەتە سەر هەڵوێستی عێراق بەرامبەر بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد.

باشترین دوو سەرچاوەش، کە بڕیارە فەرمییەکانی حکوومەت و ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشیان بڵاوکردبێتەوە، هەردوو ڕۆژنامەی (**الوقائع العراقية**) و بڵاوکراوەی (**القرارات العامة لمجلس قيادة الثورة ١٩٦٨-١٩٧٧**)ی حزبی بەعس ن، ئەوەی یەکەمیان کە ڕۆژنامەی فەرمی دەوڵەت، تایبەت بە بڵاوکردنەوەی یاسا و بڕیار و مەرسوومی کۆماری و ڕاگەیەندراوی دامودەزگاکانی حکوومەت بوو، بە شێوەی خوولی دەردەچوو، وەک سەرچاوەیەکی سەرەکی بەکارهاتووە و سوودی لێ وەرگیراوە. ئەوەی دووەمیشیان، هەموو ئەو بڕیارانەی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی عێراقی لەخۆ گرتووە کە لە ماوە جیاوازەکاندا، دەرچوونە و لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا بڵاوکراونەتەوە، بەڵام ساڵی ١٩٧٧ هەر هەمووی کۆکراونەتەوە و لە دوو بەرگدا، چاپ و بڵاوکراونەتەوە. ئەم بڕیارانە، بەتایبەت ئەوانەی سەبارەت بە کورد دەرچوونە، پوختەی بۆچوونی حزبی بەعس بەرامبەر کورد دەخەنەڕوو، بۆیە بەشی زۆریمان وەرگێڕاوە و دامانناوە.

سەبارەت بە کتێبەکانیش، هەردوو بەشی یەکەم و دووەمی، بەرگی سێیەمی کتێبی (بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد)ی مەسعود بارزانی، بوونەتە سەرچاوەیەکی بەکەڵک بۆ ئەم توێژینەوەیە، ئەم کتێبە جگە لەوەی بەشێکی گەورەی یادەوەریی نووسەرەکەیە، دەیان بەڵگەنامەی دانسقەشی لەخۆ گرتووە کە تایبەتن بە ڕووداوە گرنگەکانی پەیوەست بەم قۆناغەی نووسەر خۆی تێیدا ژیاوە. گرنگیی بەڵگەنامەکان دەگەڕێتەوە بۆئەوەی هەموویان لە ئاستێکی بەرزدان، پەیوەستن بە هەردوو لایەنی حکوومەتی عێراقی و سەرۆکایەتی شۆڕشی کورد، هەندێك لەوانە نامەی تایبەتین کە لە نێوان کەسایەتییەکان لەسەر ئاستی عێراق و کوردستان ئاڵوگۆڕ کراون، گرنگی زیاتری بەشێکی ئەم پەیامانە لەوەدایە، پێشتر بڵاو نەکراونەتەوە، هەروەها زانیاری دروستیان لەبارەی هەلومەرجی ئەو سەردەمانە تێدایە.

دووەمیان کتێبەکەی شێرزاد زەکەریایە، لە ژێر ناوی (**الحركة القومية الكردية في كوردستان العراق ٨ شباط ١٩٦٣-١٧ تموز ١٩٦٨**)، ئەم کتێبە کە لێکۆڵینەوەیەکی زانستییە، هەر خۆی دەیان ڕۆژنامەی فەرمیی عێراقی لەم قۆناغەدا وەک سەرچاوە بەکارهێناوە. لەگەڵ

ئەمەشدا نووسەر توانیویەتی ڕووماڵێکی کرۆنۆلۆژییانەی ورد بۆ ئەو قۆناغەی عێراق بکات، زۆر کەلێنی قۆناغەکە ڕۆشن بکاتەوە و کاریگەرییەکەشی لەسەر جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی کورد دیار بکات.

سێیەمیان کتێبەکەی، (**کوردستان و شۆڕشەکەی**)ی دکتۆر جەمال نەبەزە، ئەم بەرهەمە جگە لە دیدوتێڕوانینە تایبەتییەکانی نووسەر دەربارەی ڕەوشی کورد و مێژووەکەی، گەلێک سەرچاوەشی بۆ دابینکردنی زانیارییەکانی ناو بەرهەمەکەی بەکارهێناوە، وەک، ڕۆژنامە کوردی و عێراقی و جیهانییەکان، ئەمە وێڕای بەکارهێنانی هەندێک بەڵگەنامەی تایبەت بە قۆناغەکە.

هەروەها ئەم کتێبانەش سوودی زۆریان لێ وەرگیراوە: (**بارودۆخی سیاسی کوردستانی-عێراق ١١ی مارتی ١٩٧٠-١١ی مارتی ١٩٧٤**)ی فەرەیدوون عەبدوڵڵا عەبدولڕەحیم و (**هەولێر لە نێوان ساڵانی (١٩٥٨-١٩٦٣)**ی شوان محەمەد ئەمین خۆشناو و (**کاریگەریی شۆڕشی ئەیلوول لە سەر ڕۆژنامەوانیی کوردی ١٩٦١-١٩٧٥**)ی ئازاد عوبێد ساڵح و (**بزاڤی ڕۆشنبیری لە شاری هەولێر ١٩٥٨-١٩٧٥**)ی هۆشەنگ ساڵح نەجارِ کە زۆربەیان لێکۆڵینەوەی زانستین و پەیوەست بەم قۆناغە، زانیاری گرنگیان خستووەتەڕوو. لایەنێکی باشی ئەم بەرهەمانە کە لە ڕووی زانستییەوە گرنگە و لەم کتێبانەدا ڕەچاو کراوە، بایەخدانە بە پەراوێز، کتێبەکان پەراوێزی زۆریان تێدایە کە بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری ڕووداوەکان، یان کەسایەتییەکان، دایانناوە، ئەمەش زانیاری زیاتر بەردەست دەخات، دەربارەی کارەکتەرەکان و یارمەتی خوێنەر دەدات تاکو باشتر لە مێژووی قۆناغەکە تێبگات، نەک ڕووکارانە زانیاری وەربگرێت.

یەکێکی دیکە لە سەرچاوەکان، کە لە نێو بابەتەکانی نێو لێکۆڵینەوەکەدا سوودیان لێ وەرگیراوە، بیرەوەری و یادداشتی کەسایەتی و ڕۆشنبیر و نووسەرانی کوردن، بە تایبەت ئەوانەی لەم قۆناغەدا ڕۆڵی دیاریان لە بزاڤەکەدا گێڕاوە. بەهۆی گێڕانەوەی ئەو باسانەی کە خۆیان شایەدحاڵی بوونە، زۆر کونج و کەلەبەری ڕووداوەکانیان ڕۆشن کردووەتەوە. ئەوانیش، وەک: موحسین دزەیی، ئیحسان شێرزاد، سەعید ناکام، هەژار موکریانی، جەلال تاڵەبانی، مستەفا نەریمان، شەوکەت مەلا ئیسماعیل، کەریم شارەزا و ئەوانی دیکە کە بوونەتە سەرچاوەیەکی بەکەڵك بۆ ئەم لێکۆڵینەوەی

**نووسەر**

**ئەیلوولی ٢٠٢٢**

هەواڵنامەی کتێب

## دەروازە:

### ڕەوشی سیاسی و ڕۆشنبیریی کورد دوای شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ساڵی ١٩٥٨

شۆڕشی چواردەی تەممووز لە عێراق، وەك شۆڕشێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی، بە ڕووداوێکی گرنگی مێژووی ئەو وڵاتە دادەنرێت، لەلایەك کۆتایی بە ڕژێمی پاشایەتی (١٩٢١-١٩٥٨) هێنا کە ماوەی (٣٧) ساڵ بوو فەرمانڕەوایی وڵاتی عێراقی دەکرد، لەلایەکی دیکەوە کۆتایی بە داگیرکردنی ناڕاستەوخۆی عێراق لەلایەن بەریتانیاوە هێنا کە لە پێشدا زۆربەی بڕیارە چارەنووسسازەکانی ئەو وڵاتە، لە بەرژەوەندی ئەواندا یەکلادەکرانەوە[١]. ئەگەر چی ژمارەیەک ئەفسەری باڵای سوپای عێراق[٢] هۆکاری ڕاستەوخۆی هەڵگیرسانی شۆڕشەکە و سەرخستنی بوون، بەڵام بەشی زۆری خەڵکی عێراق، پشتگیری و پێشوازییان لە ڕووداوەکە کرد و هاوڕابوون لەسەر چەسپاندنی بنەماکانی، ئەمەش بۆ چەند هۆکارێك دەگەڕێتەوە، لەوانە:

١. هاوسۆزی لە ڕادەبەدەرەی فەرمانڕەوایانی عێراق لەگەڵ کۆلۆنیالیزمی بەریتانی، ئەمە لە پاڵ پشتگیریکردنی ڕژێمی دەرەبەگایەتی، کە خەڵکی عێراق لێی بێزاربوون[٣].

٢- ڕووداوەکانی جیهان و دەوروبەری عێراق، هەموو کات کاریگەرییان لە سەر جووڵاندنی هەستی سیاسی عێراقییەکان و دژایەتیکردنی ڕژێمی فەرمانڕەوایی لەو وڵاتەدا هەبوو، ڕووداوەکانیش وەك: هەوڵەکانی خۆماڵیکردنی نەوت لە ئێران (١٩٥١-١٩٥٣)دا و شۆڕشی گەلی میسری دژ بە ڕژێمی پاشایەتی لە ساڵی ١٩٥٢ دا و هێرشە سێ قۆڵییەکەی فەرەنسا و بەریتانیا و ئیسرائیل بۆ سەر ئەو وڵاتە لە ساڵی ١٩٥٦دا[٤].

---

(١) ليث عبدالحسن الزبيدي، ثورة ١٤تموز فى العراق، بغداد، ١٩٨١، ص٤٣٧-٤٤٠.

(٢) پێیان دەگوترا ئەفسەرانی نیشتیمانی، یان ئازادیخواز کە بەشێوەیەکی ڕێکخراو، بەنهێنی کاریان دەکرد. تا لە دەرفەتێکدا، کودەتایەك بەسەر ڕژێمی پاشایەتی لە عێراق بکەن. بۆ زانیاری، بڕوانە: محمد حسين الزبيدي (الدكتور)، ثوره ١٤ تموز فى العراق-اسبابها و مقدمتها و ومسيرتها و تنظيمات الضباط الاحرار، بغداد، ١٩٨٣. ص٢٩٣-٣٥١.

(٣) بڕوانە: المصدر نفسه، ص٤٩٥-٥٢٦.

(٤) ليث الزبيدي، المصدر السابق، ص٣٩- ٤٠، ٤٩.

هەروەها کوردیش پاڵپشتی شۆڕشەکەیان کرد، بوونی جیاوازی لە نێوان نەتەوەکانی عێراق و پاشگەزبوونەوە لەو بەڵێنانەی کە لە ساتەوەختی لکاندنی ویلایەتی موسڵ (باشووری کوردستان) بە وڵاتی عێراق، بە کوردیان دابوو، هۆکارێکی کاریگەری ئەو پاڵپشتییە بوو. چونکە نەک هەر ڕەچاوی مافەکانی کورد نەکرابوو، بەڵکو سیاسەتی سەرکوتکاری و دژە نەتەوەیی بەرامبەر بە کورد، وەك دووەم گەورە نەتەوەی عێراق پیادە دەکرا. ئەمەش گەلێک ڕاپەڕینی نەتەوەیی لەم بەشەی کوردستاندا لێکەوتەوە، وێڕای دروستبوونی چەند ڕیکخراوێکی سیاسی نهێنیی کوردی و هاوسۆزی کورد، بۆ سەرجەم ڕاپەڕینەکانی گەلی عێراق، لە شاری بەغدا و ناوچەکانی دیکەی عێراقدا.

ئەمانە و هۆکاری دیکەش، بوونە هۆی هەڵگیرسانی ئەو شۆڕشەی کە لە بەرەبەیانی (١٤ی تەمموزی ساڵی ١٩٥٨) دا و بە چەند چالاکییەکی سوپایی لە شاری بەغدا دەستپێکرد، دواتر لە سەرجەم شاروشارۆچکەکانی دیکەی عێراق دا، پشتیوانی لێکرا[١]. گرنگترین بەرئەنجامەکانی شۆڕشەکە، ئەمانە بوون:

١- نەهێشتنی ڕژێمی پاشایەتی و ڕاگەیاندنی کۆماری عێراق، (عەبدولکەریم قاسم)[٢] کە لە ئەفسەرانی ئازادیخواز و نەخشەدانەری سەرەکی شۆڕش بوو، بووە سەرۆکوەزیرانی عێراق، (عەبدولسەلام عارف)[٣] بووە جێگری و لە هەمان کاتدا بووە وەزیری ناوخۆ بە وەکالەت.

(١) سەبارەت بە دەستپێکی شۆڕشەکە، بڕوانە: ليث الزبيدي، المصدر السابق، ص١٨٠-١٩٨؛ محمد الزبيدي، المصدر السابق، ص٤٣٧.

(٢) عەبدولکەریم قاسم محەمەد ئەلبەکر ئەلزوبەیدی (١٩١٤/بەغدا-١٩٦٣/بەغدا): قوتابخانەی سەرەتایی و ناوەندی لە شاری بەغدا تەواو کردووە. لە ماوەی ساڵانی ١٩٣١-١٩٣٢ دا، بووە بە مامۆستا. پاشان لە ساڵی ١٩٣٣ دا، چووە کۆلێژی سەربازی و ساڵی ١٩٣٤ تێیدا دەرچووە و بووە بە ملازمی دووەم. لە ساڵی ١٩٤١ دا، لە کۆلێژی ئەرکان دەرچووە. ساڵی ١٩٥٥، گەیشتووەتە پلەی زەعیم روکن. ڕابەرایەتی شۆڕشی چواردەی تەمموزی لە عێراق کردووە و دواتر بووەتە سەرۆکوەزیران و سەرکردەی گشتی سوپا و وەزیری بەرگری. لە (٩ی شوباتی ١٩٦٣)دا، بەدەستی بەعسییەکان، لە شاری بەغدا گوللەباران کرا. بڕوانە: محمد الزبيدي، المصدر السابق، ص٣٤٥-٣٤٨.

(٣) عەبدولسەلام محەمەد عارف ئەلجومەیلی (١٩٢١/بەغدا-١٩٦٦)، دوای تەواوکردنی قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی، ساڵی ١٩٣٨، چووەتە کۆلێژی سەربازی و ساڵی ١٩٤١، بە پلەی ملازمی دووەم دەرچووە. یەکێك بووە لە (ئەفسەرانی ئازادیخواز) و ڕۆڵی لە شۆڕشی چواردەی تەمموزدا گێڕاوە. لە دوای شۆڕش، کراوە بە جێگری سەرۆکوەزیران و لە هەمان کاتدا وەزیری ناوخۆ بە وەکالەت. ساڵی

٢- دامەزراندنی ئەنجوومەنی سەروەری عێراق (مجلس السيادة)، کە (خالید نەقشبەندی)[١] وەك نوێنەری کورد کرایە ئەندامی ئەنجوومەنەکە[٢].

٣- بۆ یەکەمجار لە مێژووی عێراقدا، دانرا بە هاوبەشییەتی گەلی کورد لەو وڵاتەدا و ئەو مافەش لە بڕگەی سێیەمی دەستووری کاتی عێراقدا کە لە (٢٧ی تەمموزی ساڵی ١٩٥٨)دا ڕاگەیەندرا، چەسپێندرا[٣].

یەکێك لە هیوایەکانی خەڵکی کوردستانی عێراق بە شۆڕشی چواردەی تەمموز، چەسپاندنی مافە نەتەوایەتی و ڕۆشنبیرییەکانی گەلی کورد بوو، ئەگەرچی ئەو شۆڕشە زەمینەی بۆ دەستەبەرکردنی ئەو مافانە خۆشکرد، بەڵام دەبینین گەشەسەندنەکەی و کاریگەرییەکانی بەسەر بوارەکانی سیاسی و ڕۆشنبیریی کورد سست و لەسەرخۆ بوون، نموونەی ئەو دەستکەوتانەی لەدوای شۆڕشەوە بۆ کورد بەدەستهاتوون، وەک مۆڵەتپێدانی دەرچوونی ڕۆژنامەی سیاسی کوردی بە شێوەی ئاشکرا، یەکێک لەوانە ڕۆژنامەی (خەبات) بوو، کە ڕۆژنامەیەکی ئاشکرای سیاسی ڕۆژانە بوو، زمانحاڵی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، وەزارەتی ئیرشاد بەپێی نووسراوی ژمارە (٢٠٧)، لە ڕێکەوتی (١٩٥٩/١/١١) دا، بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی، مۆڵەتی دەرکردنی ڕۆژنامەکەی بە پارێزەر ئیبراهیم ئەحمەد[٤] ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان دا، یەکەم ژمارەی، لە

---

١٩٦٣، دوای کودەتایەک بەسەر عەبدولکەریم قاسم، بووە سەرکۆماری عێراق. ساڵی ١٩٦٦، لە ڕووداوی کەوتنەخوارەوەی فڕۆکە، لە خوارووی عێراق گیانی لە دەستدا. المصدر نفسه، ص٣٤٢-٣٤٣.

(١) خالید عەبدولغەفار نەقشبەندی (١٩١٥/گوندی بامەڕنێ-١٩٦١/بەغدا)، قۆناغی ناوەندی لە شاری بەغدا تەواوکردووە. ساڵی ١٩٣٧، کۆلێژی سەربازی تەواو کردووە. ساڵی ١٩٤٥، کۆلێژی ئەرکانی تەواو کردووە. پلەی سەربازی بووەتە (ڕەئیس ڕوکن). ساڵی ١٩٥٢، بووەتە قایمقامی ڕانیە و پاشان هەڵەبجە. ساڵی ١٩٥٧ بووەتە موتەسەریفی هەولێر. ساڵی ١٩٥٨، لە دوای (شۆڕشی چواردەی تەمموز)، کرا بە ئەندامی ئەنجوومەنی سەروەری عێراق، بڕوانە: جمال بابان، اعلام كرد العراق، م١، مطبعة شفان، سليمانية، ٢٠٠٦، ص٢٧٨.

(٢) محمد الزبيدي، المصدر السابق، ص٤٩٩-٥٠٠؛ هەروەها بڕوانە: طارق ابراهيم شريف، شخصيات تتذكر، ج١، اربيل، ١٩٨٨، ص٧٣-٧٤.

(٣) بڕوانە دەقی بڕیارەکە لە: الوقائع العراقية، ع(١)، ٢٣ /١٩٥٨/٧.

(٤) ئیبراهیم ئەحمەد فەتاح- بلە (١٩١٤/سلێمانی-٢٠٠٠/لەندەن): لە ساڵی ١٩٣٧ لە شاری بەغدا کۆلێژی یاسای تەواوکردووە، لە ڕۆژنامەکانی ژیان، خەبات، کوردستان، کاری نووسینی کردووە. بە دامەزرێنەر و

ڕێکەوتی (چواری نیسانی ساڵی ١٩٥٩) دا بڵاوکرایەوە، دوا ژمارەشی لەو قۆناغەدا کە ژمارە (٤٦٢) بوو، لە ڕێکەوتی (٢٨ی ئاداری ساڵی ١٩٦١) دا بڵاوکرایەوە[١].

یەکێکی دیکە لە دەستکەوتەکانی شۆڕشی چواردەی تەمموز، کاری ئاشکرای ڕێکخراوەیی بوو، دوای شۆڕش، لە ژێر گوشاری هێزە سیاسییە نیشتیمانییەکان. حکوومەتەکەی عەبدولکەریم قاسم، یاسای کۆمەڵەکانی بە ژمارە (١)، لە کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٦٠ دا دەرکرد، دەقی یاساکە، بە (٤٧) بەندەوە، لە ڕۆژنامەی (الوقائع العراقية)دا بڵاوکرایەوە[٢]. عەبدولکەریم قاسم لە ڕێکەوتی ٦ی کانوونی دووەمی ئەو ساڵە، لە ئاهەنگی یادکردنەوەی سوپای عێراقیدا، ڕایگەیاند، ئەوان لە جێبەجێکردنی یاسای کۆمەڵەکان نزیک بوونەتەوە، بۆیە سێ ڕۆژ دوای ڕاگەیاندنی یاساکە، واتە ٩ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٦٠، سێ ڕێکخراوی سیاسی، داواکاری دامەزراندنیان پێشکەش کرد، لەگەڵ داواکارییەکەدا، بەپێی مادەی ژمارە (٣٣)ی یاسای کۆمەڵەکان، ناوی دەستەی دامەزرێنەر و بەشێک لە ئەندامانیان دانابوو، ئەو ڕێکخراوانەش ئەمانەبوون:

١. پارتی دیموکراتی کوردستان.

٢. پارتی نیشتیمانی دیموکراتی.

٣. حزبی شیوعی عێراقی[٣].

داواکارییەکە، لەلایەن هەریەک لە مەلا مستەفا بارزانی سەرۆکی پارتی[٤]، ئیبراهیم ئەحمەد، نووری شاوەیس[١]، عومەر مستەفا[٢]، ساڵح یوسفی[٣]، حیلمی عەلی شەریف[٤]،

---

لێپرسراوی دەناسرێت. مومتاز حەیدەری و ئەوانی دیکە، قاموسی ناوە نەمرەکان، ب١، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٤، ل٣٢-٣٤.

(١) فرهاد محمد احمد، جريدة خەبات/ النضال ١٩٥٩-١٩٦١ (دراسه تاريخية)، دهوك، ٢٠٠٨، ص٣٢-٥٤.

(٢) الوقائع العراقية، ع(٢٨٣)، ١٩٦٠/١/٢

(٣) فائق بطي، صحافة ١٤ تموز وتطور العراق السياسي، مطبعة الاديب البغدادية، بغداد، ١٩٧٠، ص٥٣.

(٤) مەلا مستەفا شێخ محەمەد بارزانی (١٩٠٣/بارزان-١٩٧٩/ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا): سەرکردەی نەتەوەیی و سیاسی ناسراوی کورد. هەر لە گەنجێتییەوە بەشداری لە بزاڤ و ڕاپەڕینەکانی بارزانی وەک بزاڤەکەی شێخ ئەحمەدی بارزان (١٩٣١-١٩٣٢) کردووە. لە نێوان ساڵانی (١٩٣٣-١٩٤٣)دا، خۆی و خانەوادەکەی لە بارزان دوورخراونەتەوە، لە نێوان ساڵانی (١٩٤٣-١٩٤٥) دا، شۆڕشی دووەمی بارزانی هەڵگیرساندووە. بەشداری کۆماری کوردستانی (١٩٤٦-١٩٤٧) کردووە. ساڵی ١٩٤٦ دوای

دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کورد، بە سەرۆکی پارتەکە هەڵبژێردراوە. لە نێوان ساڵانی (١٩٤٧-١٩٥٨) دا، خۆی و نزیکەی ٥٠٠ کەس لە هاوخەباتکارانی پەڕاگەندەی یەکێتی سۆڤییەت بوون. لە نێوان ساڵانی (١٩٦١-١٩٧٥) دا، ڕابەرایەتی شۆڕشی ئەیلوولی کردووە. حیدر نجم عبد مراد (المقدم الركن)، معجم ظباط ثورة ايلول ١٩٦١-١٩٧٥؛ ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان و ئەوانیدیکە، دهۆک، ٢٠٢١، ص٤٣-٤٥.

(١) نووری سەدیق شاوەیس (١٩٢٢/سلێمانی-١٩٨٣/لەندەن)، دەرچووی کۆلێژی ئەندازیاری بەغدایە (١٩٤١)، هەر لەساڵی ١٩٣٥ەوە تێکەڵ بە کاری سیاسی بووە، لە ڕێکخستنەکانی پارت و کۆمەڵەکانی وەک برایەتی و دارکەر و حزبی هیوا و شۆڕش و ڕزگاری بەشدار بووە، لە کۆنگرەی دووەمی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە نێوان ساڵانی ١٩٥١-١٩٧٩ دا ئەندامی سەرکردایەتی و ئەندامی مەکتەبی سیاسی بووە. بورهان حاتەم گۆمەتاڵی، ساڵح حەیدەری١٩٢٢-٢٠٠١، بڵاوکراوەکانی گۆڤاریK21، هەولێر، ٢٠١٢، ل٨١.

(٢) عومەری سۆفی مستەفا (١٩٢٤/کۆیە-١٩٩٢/سلێمانی)، ساڵی ١٩٥٢ کۆلێژی مافی لە بەغدا تەواو کردووە و بووەتە پارێزەر. هەر لە ساڵانی چلەکانەوە بووەتە ئەندامی حزبی (ڕزگاری)، پاشان ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق. لە کۆنگرەی سێیەمی پارتیدا لە کانوونی دووەمی ١٩٥٣ بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی هەڵبژێردراوە، لەدوای شۆڕشی چواردەی تەممووزی ١٩٥٨ لە کەرکووك لێپرسراوی ڕێکخستنەکانی پارتی و هەڵسوڕێنەری ڕێکخراوە دیموکراتەکانی کرێکاران و لاوان بووە، لە شۆڕشی ئەیلوولدا ڕۆڵێکی گرنگی هەبووە و بووەتە لێپرسراوی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە پارێزگای هەولێر. محەمەد فاتح، پەرەسەندنی ژیانی حزبایەتی لە کوردستانی باشووردا، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ٢٠١٤، ل٤٠٢.

(٣) ساڵح عەبدوڵڵا نەجمەددین (١٩١٨/بامەڕنێ- ١٩٨١/بەغدا)، ڕۆژنامەنووس و سیاسی کورد، دەرچووی کۆلێژی (دار العلوم-شەریعە)ی بەغدایە. سەیدا ساڵح یوسفی یەکێک بووە لە دامەزرێنەرانی پارتی دیموکراتی کوردستان و پارتی هیوا و چەند کۆمەڵەیەکی دیکە. بەشداری شۆڕشی ئەیلوولی کردووە. دوای ڕێککەوتننامەی ئادار لە حکوومەتی عێراقیدا بووەتە وەزیری دەوڵەت، ساڵی ١٩٧٤ پەیوەندی بە شۆڕشی ئەیلوول کردووەتەوە. بەهۆی نامەیەکی بۆمبڕێژکراو لە شاری بەغدا لە نێو ماڵەکەی خۆیدا تیرۆرکرا. هەمان سەرچاوە، ل٣٨٦.

(٤) حیلمی عەلی شەریف (١٩٣١/سلێمانی-١٩٩٨/بەغدا)، لە کۆلێژی ماف لە بەغدا خوێندوویەتی و بووەتە پارێزەر. ساڵی ١٩٥٠ بووەتە ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق. لە کۆنگرەی چوارەمی پارتیدا لە ساڵی ١٩٥٩ بە ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتی پارتی هەڵبژێردراوە، لەدوای شۆڕشی چواردەی تەممووزی ١٩٥٨ لە کەرکووک لێپرسراوی ڕێکخستنەکانی پارتی و هەڵسوڕێنەری ڕێکخراوە دیموکراتەکانی کرێکاران و لاوان بووە، لە شۆڕشی ئەیلوولدا ڕۆڵێکی گرنگی گێڕاوە و بووەتە لێپرسراوی هێزی

عەلی عەبدوڵڵا[١] و ئەوانی دیکە، هەروەها نزیکەی پەنجا کەس لە لایەنگرانیان پێشکەش کرا[٢]. بەپێی هەواڵێکی ڕۆژنامەی (خەبات) لە ڕێکەوتی ٩ی شوباتی ساڵی ١٩٦٠، بە نووسراوی فەرمی وەزیری ناوخۆ، کە ئاراستەی مەلا مستەفا بارزانی و هاوڕێکانی کراوە، مۆڵەت بە پارتی دیموکراتی کوردستان دراوە. ڕۆژێک دوای ئەوە واتە ١٠ی شوبات، مستەفا بارزانی لە نامەیەکدا، کە دەقی نامەکە، لە ڕۆژنامەی (خەبات) بڵاوکراوەتەوە، سوپاسگوزاری خۆی بەرامبەر بەو هەڵوێستە، بە عەبدولکەریم قاسمی سەرۆکوەزیران ڕاگەیاندووە[٣].

لە ٦ی ئایاری ساڵی ١٩٦٠، هەندێک لە ڕۆژنامە عێراقییەکان هەواڵی گرێدانی کۆنگرەی پارتی دیموکراتی کوردستانیان بڵاوکردەوە. پارتی دیموکراتی کوردستان لە ٥ی ئایاری ساڵی ١٩٦٠، کۆنگرەی پێنجەمی خۆی لە شاری بەغدا گرێدا، ئەم کۆنگرەیە تەنیا بۆ ڕەچاوکردنی ڕێنماییەکانی یاسای کۆمەڵەکان بەسترا، چونکە چەند مانگێک پێش ئەمە، واتە لە مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٥٩ پارتی کۆنگرەی خۆی گرێدابوو، لە کۆنگرەکەدا دەستەی کارگێڕی تازە و پەیڕەوپڕۆگرامی تازە هەموار کرابوو، هەروەها چەند بڕیارێکیان دەرکردبوو، کە ئەمانە بوون:

١. دەرکردنی چەند ئەندامێکی سەرکردایەتی وەک: هەمزە عەبدوڵڵا[٤]، حەمید عوسمان[١]، ساڵح حەیدەری[٢]،حەمە کەریم فەتحوڵڵا[٣] و ئەوانی دیکە.

---

پێشمەرگەی کوردستان، لە ناوچەی پارێزگای هەولێر. ساڵی ١٩٧١ وازی لە کاری حزبی هێناوە. هەمان سەرچاوە، ل٣٦٦.

(١) عەلی عەبدوڵڵا (١٩٢٢/کۆیە-٢٠١٧/هەولێر)، لە ساڵی ١٩٤٤ ئەندامی ڕێکخراوی یەکێتیی تێکۆشین بووە، لە ساڵی ١٩٤٥ ئەندامی مەکتەبی سیاسیی حیزبی شۆڕش بووە، لە بەغدا پەیمانگای ئەندازیاری تەواوکردووە. هەر لە کۆنگرەی سێیەمی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق لە ساڵی ١٩٥٣ بە ئەندامی مەکتەبی ساسیی هەڵبژێردراوە. لە ساڵی ١٩٧١ تا ١٩٧٤ پارێزگاری سلێمانی بووە. لە ساڵی ١٩٧٦ ئەندامی سەرکردایەتی کاتی (قیادة مؤقتة) بووە . لە کۆنگرەی دەیەمەوە لە ساڵی ١٩٨٩ بە جێگری سەرۆکی پارتی هەڵبژێردراوە. Kurdipedia عەلی عەبدوڵڵا.

(٢) خەبات/النضال، ع(١٤١)، ١٩٦٠/١/٩.

(٣) خەبات/النضال، ع(١٦٧)، ١٩٦٠/٢/١٠.

(٤) هەمزە عەبدوڵڵا عومەر کوردۆ (١٩١٥/ مەرگەوەڕ-١٩٩٨/سلێمانی)، ساڵی ١٩٣٧ کۆلێژی (حقوق)ی لەزانکۆی بەغدا تەواوکردووە. هەر ئەو سەردەمەش تێکەڵی چالاکیە سیاسییەکان بووە و پەیوەندی بە حزبی شیوعی عێراقەوە کردووە. ساڵی ١٩٣٨ ناسنامەی عێراقی لێسەندراوەتەوە و ماوەیەک بەنهێنی

٢. دووبارە هەموارکردنەوەی ناوی پارتی، لە پارتی دیموکراتی یەکگرتووی کوردستانەوە بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان-عێراق.

٣. گۆڕینی بەندێکی پەیڕەوی ناوخۆ، کە باس لە تیۆری مارکسی-لینینی دەکات، بۆ: "پارتی سوود لە هەموو بیروباوەڕێکی پێشکەوتنخواز وەردەگرێت".

٤. دەستەی چاودێری و پشکنین هەڵبژێردرا لە: شەمسەددین موفتی[٤] و حەبیب محەمەد کەریم[٥] و ئەوانی دیکە.

---

لەخانەقاکەی سەید ئەحمەد لە شاری کەرکووکدا ژیاوە. پەیوەندی دۆستانەی لەگەڵ هەردوو حزبی (شۆڕش) و (ڕزگاری) و (پارتی دیموکراتی کوردستان) پەیداکردوە، ساڵی ١٩٤٦ چووەتە مەهاباد، دوای شۆڕشی چواردەی تەمموزی ساڵی ١٩٥٨ ناسنامەی عێراقی پێدرایەوە. محەمەد فاتح، ٢٠١٤، ل٤٣٤.

(١) حەمید عوسمان (١٩٢٦/هەولێر-١٩٩٣/هەولێر)، سیاسەتمەداری ناسراوی هەولێر، لە ڕێکخستنەکانی چەپ و پارتی دیموکراتی کوردستاندا ڕۆڵی گێڕاوە. بەم هۆیەوە دووچاری دەستگیرکردن و زیندانی بووەتەوە، لە کۆتایی ساڵەکانی ژیانیدا دەستی لەکاری سیاسی هەڵگرتووە. بورهان حاتەم گۆمەتاڵی، سەرچاوەی پێشوو، ١٢٧.

(٢) ساڵح حەیدەر عاسم (١٩٢٢/هەولێر-٢٠٠١/هەولێر)، سیاسی و نووسەر و ڕۆژنامەنووس. ساڵی ١٩٦١ بڕوانامەی مافی لە زانکۆی بەغدا بەدەستهێناوە. هەر لەسەرەتای چلەکانی سەدەی ڕابردووەوە تێکەڵاوی جووڵانەوەی سیاسی بووە، ساڵی ١٩٤٢ ڕێکخەری یەکەم شانەی مارکسی بووە لە شاری هەولێر و لە حزبەکانی شۆڕش و ڕزگاریی کورد و پارتی دیموکراتی کوردستان، وەک سەرکردەیەکی دیار خەباتی کردووە و داکۆکیکاری بیری چەپ بووە. هەمان سەرچاوە، ل٢٩.

(٣) محەمەد کەریم فەتحوڵلا (١٩٣٣/سلێمانی-٢٠٠٢)، سیاسەتکاری کورد، دبلۆمی لە زانستە کۆمەڵایەتییەکان لە بولگاریا وەرگرتووە. ئەندامی ڕۆژنامەنووسانی عێراقی بووە. چەند بەرهەمێکی چاپکراوی لە بوارەکانی مێژوو و سیاسیدا هەیە. جمال بابان، المصدر السابق، ص٧٤٢.

(٤) شەمسەددین محەمەد موفتی (١٩٣٣/هەولێر- ٢٠١٢/هۆڵەندا)، ساڵی ١٩٥٧ کۆلێژی مافی لە بەغدا تەواوکردووە، هەر لە سەرەتای پەنجاکانەوە تێکەڵ بەکاری سیاسی بووە، پەیوەندی بە پارتی دیموکراتی کوردستانەوە دەکات، بەشداری شۆڕشی ئەیلوولی کردووە، بووەتە نوێنەری شۆڕش لە تاران. مومتاز حەیدەری، سەرچاوەی پێشوو، ل٨٦١.

(٥) حەبیب محەمەد کەریم فەیلی (١٩٣١/کوت-٢٠١٣/بەیرووت)، سیاسەتوانی کوردی فەیلی و ئەندامی دیاری پارتی دیموکراتی کوردستان بوو. دەرچووی کۆلێژی مافی زانکۆی بەغدا (١٩٥٩)ە، ساڵی ١٩٥٢ پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کردووە، دوای نسکۆی شۆڕش (١٩٧٥) لە ڕێکخستنەکان دوور کەوتووەتەوە، بەڵام دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ جارێکی دیکە پەیوەندی بە پارتی

کۆنگرەی پێنجەم، هیچ شتێکی لەمانە نەگۆڕی، تەنیا وەرگرتنی مۆڵەتی کارکردنی فەرمی نەبێت، کە حکوومەتی قاسم بەپێی یاسای کۆمەڵەکان، ڕەزامەندی لەسەر دەربڕی، بۆیە بەستنی کۆنگرە تەنیا کارێکی ڕەسمی بوو، بەپێی یاسای ناوبراو. ئەمەش یەکەم کۆنگرە بوو، کە پارتی بە ئاشکرا بیبەستێت[1]. گرنگی ئەم کۆنگرەیە تەنیا بۆ حزبێک نەبوو، بەڵکو وەرچەرخانێکی گرنگ بوو لە مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد. لە بەیاننامەیەکی دەستەی دامەزرێنەرانی پارتی، بەبۆنەی جەژنی نەورۆز، کە لە ٢١ی ئاداری ساڵی ١٩٦٠ بڵاوکراوەتەوە، هاتووە : "پارتی دیموکراتی کوردستان خەڵکی کوردستان لەژێر ئاڵای خۆیدا کۆدەکاتەوە و دەیانکات بە سوپایەک دژی دوژمنان و پیلانگێڕان". لە شوێنێکی دیکەی بەیاننامەکەدا هاتووە: "بەڵێنی تازەکردنەوە بۆ چەسپاندنی کۆماری عێراقی ئازاد و فراوانکردنی ڕێبازە دیموکراسییەکەی و بەتینکردنی برایەتی کورد و عەرەب و کەمایەتییەکان و پاراستنی سەرۆکایەتی قارەمانی گەل عەبدولکەریم قاسم، هەموو هێزوتوانای بخاتە مەیدانی تێکۆشانەوە"[2]. ئەمەش بەڵگەیە لەسەر پاڵپشتی لە یەکڕیزی و هەڵوێستی ئاشتیخوازانەی سەرکردایەتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد بەرامبەر بە یەکێتی نیشتیمانی خاکی عێراق و سەرکردایەتییەکەی، لەو قۆناغەدا.

دوابەدوای کۆنگرەی پێنجەم، ڕۆژنامەی (خەبات) زمانحاڵی پارتی، جەختی لەسەر چارەسەرکردنی کێشە ناوخۆییەکانی عێراق دەکردەوە، بۆ ئەمەش ڕێگای ئازادی و دیموکراسی و پابەندبوون بە مافە نەتەوەییەکان و برایەتی نێوان کورد و عەرەبی لە عێراق بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئیمپریالیزم بە گرنگ دادەنا. سەبارەت بەمە، لە ژمارە (٢٢١)ی ساڵی ١٩٦٠ نووسیویەتی: "بەهێزی و پتەوی برایەتی نێوان کورد و عەرەب و خەباتی نێوان هەردوو نەتەوە، بۆ ئایندەی ئەو وڵاتە زۆر گرنگە، کاروانی شۆڕشی چواردەی تەمموز، دیموکراسییانە و زیندووە، کە ئامانجی بەدیهێنانی ژیانێکی ئازاد و سەربەستانەیە و، ڕزگارکردنی خاکی داگیرکراوی عەرەب و کوردە، بەم پێیەش، عێراق دەبێتە ناوەندی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی و عەرەبی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بەدیهاتنی ئەم

---

کردووەتەوە، لە بواری ڕاگەیاندنی حزبدا کاری کردووە و بەرهەمێکی لەسەر مێژووی پارتی دیموکراتی کوردستان چاپ و بڵاوکردووەتەوە. محەمەد فاتح، ٢٠١٤، ل٣٦٣.

(١) هەمان سەرچاوە، ل١٩٩.

(٢) سدیق ساڵح و ڕەفیق ساڵح، لە بەڵگەنامەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان ١٩٤٦-١٩٦٣، دهۆک، ٢٠٢١، ل٣٨٩.

ئامانجەش تەنیا بە تێکۆشانی یەکلایەنانەی کورد و پارتە پێشـەنگەکەی بەدی نـایەت، بەڵکـو پێویستی بە تێکۆشانی هەردوو نەتەوە هەیە، تاکو دواڕۆژێکی ڕۆشن بۆ وڵاتـی عێـراق بەدی بێت"[١]

هەواڵنامەی کتێب

(١) خەبات/النضال، ع(٢٢١)، ١٩٦٠/٥/٩.

هەواڵنامەی کتێب

## تەوەری یەکەم:

### هەڵوێستی ڕۆژنامە و بڵاوکراوە عێراقییەکان بەرامبەر شۆڕشی ئەیلوول لە دەستپێکی شۆڕشی ئەیلوولەوە تا کودەتای ٨ی شوبات (١٩٦١-١٩٦٣)

سەرکردایەتی شۆڕشی کورد و زمانحاڵەکەی، کە ڕۆژنامەی (خەبات) بوو، شانبەشان، لەگەڵ ڕۆژنامە نیشتیمانییە عێراقییەکان، لە سەنگەری بەرگریدا بوون لە شۆڕشی چواردەی تەمموز و دەستکەوتەکانی شۆڕش، تا ئەوکاتەی عەبدولکەریم قاسم لە ڕێچکەی ڕاستەقینە و ڕێبازی دیموکراسییانە لایدا و کەوتە فەرمانڕەوایی تاکڕەوییانە و لە ئامانجەکانی شۆڕش پاشگەز بووەوە، بەتایبەت ئەو ئامانجانەی پەیوەندییان بە مافەکانی گەلی کوردەوە هەبوو. ڕۆژنامەکانی زمانحاڵی حکوومەت کەوتنە هێرشی ناڕاستەوخۆ بۆ سەر کورد، بە هەستێکی ڕەگەزپەرستانە، دەیانویست ڕەچەڵەکی کورد بشێوێنن و بڵێن، کورد لە بنەڕەتدا عەرەبە و نەتەوەیەکی سەربەخۆ نییە، ئامانجیش لەمەدا لێدان بوو لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد و پاشگەزبوونەوە لە دەستەبەرکردنی مافە دەستوورییەکانی. ڕۆژنامەی (بەغداد)[1] لە مانگی ئابی ساڵی ١٩٦٠، وتارێکی بە هەمان مەبەست بڵاوکردەوە، شاڵاوێکی ناڕەوای کردبووە سەر نەتەوەی کورد، بنەچەی بەشێک لە هۆزە کوردییەکانی وەک پشدەر و بلباس و خۆشناو گەڕاندبووەوە سەر هۆزی بەنی مەخزوومی عەرەبی و میرنشینە کوردییەکانی بادینان و سۆران و بابانیشی بردووەتەوە سەر تۆرەمەی بەنی عەباس و هۆزی تائی[2].

ئەگەرچی ئەم وتارەی ڕۆژنامەی بەغدادی زمانحاڵی دەسەڵات، ناڕەزایی گەورەی بەدوای خۆیدا هێنا، بەڵام چەند مانگێک دوای ئەمە، جارێکی دیکە ڕۆژنامەکانی سەر بە دەسەڵات،

---

(١) ڕۆژنامەی بغداد: ڕۆژنامەیەکی ئەدەبی هەفتانە بووە، یەکەم ژمارەی لە ڕێکەوتی ١٩٥٩/٣/٣٠ دا، لە شاری بەغدا دەرچووە. پاشان لە(١٩٥٨/١١/٣٠ دا، کراوە بە ڕۆژنامەیەکی سیاسی. تاکو لە ڕێکەوتی ١٩٦١/٨/٢٧ لە دەرچوون بەردەوام بووە. خاوەن ئیمتیازەکەی خزر عەباسی بووە. دەستەی نووسینیشی پێکهاتبوون، لە: مەحموود جەلال، عەلی شەمەری، وائل مەحموود...بڕوانە: وزارة الاعلام-مديرية الاعلام العامة، دليل الصحافة العراقية، بغداد، ١٩٧١، ص١٥.

(٢) بغداد، ع(١١٦)، ١٩٦٠/٨/٣.

دەستیان بەو شاڵاوانە کردەوە، ڕۆژنامەی (الثورة) [١] لە شوباتی ساڵی ١٩٦١دا، وتارێکی لەژێر ناوی (نەتەوەی عەرەب و کێشەی کەمینەکان) بڵاوکردووەتەوە، تێیدا هاتووە:

"هەر کەمینەیەک چ کورد بێت، یان زنجی، یان ئەرمەنی لە یەکێک لە وڵاتە عەرەبییەکان (کە نیشتیمانی عەرەب پێکدەهێنێت)، نیشتەجێ بن، لە ڕاستیدا هەر بە عەرەب هەژمار دەکرێت، لەسەر نەتەوەی عەرەب پێویستە کاربکات، تاکو ئەو نەتەوانە لە بۆتەی گەلی عەرەبیدا بتوێنێتەوە، تا ئیمپریالیزم بە هۆیانەوە، دەست نەخاتە ناو کاروباری نیشتیمانی عەرەب"، هەر لەم وتارەدا هاتووە : "پێویستە بەربەرەکانێی ئەو تەوژمە نەتەوەییانە بکەن، وە گوێ لە سەرکردەکانیان نەگرن، وە هەوڵ بدەن، لە بنکە جەماوەرییەکانیان دایان بڕن"[٢].

لە ژمارەیەکی دیکەی (الثورة)دا هاتووە : "پارتی، بە هیچ شێوەیەک لە شێوەکان نوێنەرایەتی کورد و کوردستان ناکات"[٣].

ئەم وتارانە بە تەواوی گەلی کوردی نیگەران کردبوو، لە ئەیلوولی ساڵی ١٩٦٠ ڕۆژنامەی خەبات وتارێکی لەژێر ناوی (گەلی کورد دەستەبەرییێکی بەهێزی کۆماری کورد و عەرەبە) بڵاوکردووەتەوە و تیایدا هاتووە:

"پارتی دیموکراتی کوردستان هەڵگری پەیامی برایەتی کورد و عەرەبە، لە پێناو ژیانێکی باشتر و دوارۆژێکی باشتر، کەچی هەندێک لە ئەڵقە لەگوێیانی ئیمپریالیزم دەیانەوێت هێرش بکەنە سەر نەتەوەی کورد، نکۆڵی لە بوونی کورد لە عێراق بکەن، هەندێک لە بەکرێگیراوان دەڵێن: بۆچی کورد لە کۆماردا قازانج بکات؟ بێئاگا لەوەی کە کورد چەند

---

(١) ڕۆژنامەی (الثورة)، ڕۆژنامەیەکی سیاسی بوو، لە ڕێکەوتی ٨ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٥٨ دا، ژمارە (١)ی دەرچووە. سەرنووسەرەکەی یونس ئەلتائی بوو. تاکو کودەتای ٨ی شوباتی ١٩٦٣ بەردەوام بوو. لەسەرەتادا، پشتگیری لە بیروڕای شیوعییەکان دەکرد. بەڵام لە نیسانی ساڵی ١٩٥٩ەوە، بە ئاراستەی سیاسەتی عەبدولکەریم قاسمی سەرۆکوەزیران کاری دەکرد. مليح صالح شكر (الدكتور)، تاريخ الصحافة العراقية في العهدين الجمهوري والملكي ١٩٣٢-١٩٦٦، الدار العربية للموسوعات، بيروت، ٢٠١٠، ص٢٩٥-٢٩٦. نووسەر و ڕۆژنامەنووسی کورد سەعید ناکام لەم ڕۆژنامەیەدا کاری کردووە و ماوەیەك بووەتە سکرتێری نووسینی ڕۆژنامەکە. سەعید ناکام، بیرەوەرییەکانی سەعید ناکام، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٣، ل١٠٩-١١٨.

(٢) الثورة، ع(٥٥٥)، ١٧ شباط ١٩٦١.

(٣) الثورة، ع(٥٥٨)، ٢١ شباط ١٩٦١.

قوربانی داوە، زیانی چەند گەورەی بەرکەوتووە. ئەوانە دەیانەوێت کەلێن بخەنە نێوان برایەتی کورد و عەرەب، ئەم برایەتییەی بنەمای کۆماری ئازادە"[١].

لە کاتێکدا ڕۆژنامەی (خەبات) لە باری وەڵامدانەوە و بەرگری لە دۆزی کورددا بوو، کەچی حکوومەتی عێراق لە جیاتی ئەوەی ئاستێک بۆ شاڵاوی ئەم ڕۆژنامانەی سەر بە دەسەڵات دابنێت، ڕۆژنامەی (خەبات)ی سزا دا، لە ژمارە (٣٨١)ی ساڵی١٩٦٠ی ڕۆژنامەکەدا، وتارێک بڵاوکراوەتەوە، کە ناوەرۆکی وتارەکە ڕەخنەیەکی ڕووکەش بوو، لە پشتکردنە مافە دەستوورییەکانی نەتەوەی کورد[٢]، لە بەرامبەردا عەبدولکەریم قاسم، ڕۆژنامەی (خەبات)ی دایە دادگا، بەڵام دواتر خەبات لەو تاوانەی خرابوویە سەری ئازاد کرا و دەرکەوت وتارەکە ڕاستی بابەتەکەی شیکردۆتەوە و هیچ زێدەڕۆییەکی تێدا نییە[٣]. هەروەها لە شوباتی ساڵی ١٩٦١، ڕۆژنامەی خەبات داوای دانانی سنووری بۆ ئەو جۆرە نووسینانە کرد، کە لە ڕۆژنامەکانی زمانحاڵی حکوومەتی عێراق بڵاودەکرانەوە، کە لە بەرژەوەندی کەسدا نییە، داوای توانەوەی نەتەوەیەک بکرێت، چونکە لادانە لە ئامانجەکانی شۆڕش و لەگەڵ دەستووردا ڕێک نییە، ئەو هەوڵە تاوانکارییەش پێویستە بنبەست بکرێن، چونکە مەترسی لەسەر یەکپارچەیی و یەکێتی عێراق هەیە[٤].

دیارە ئەم باسە جگە لە ڕۆژنامە کوردییەکان، هەندێک لە ڕۆژنامە عەرەبییەکانیشی هێنایە دەنگ، ئەوانیش هەڵوێستیان دژی ئەم وتارانەی ڕۆژنامەکانی نزیک لە عەبدولکەریم قاسم دەربڕی و بە چەند وتارێک وەڵامیان دانەوە، لەوانەش وەک ڕۆژنامەکانی اتحاد الشعب[٥]، البلاد[١]، الانسانية[٢]، الحضارة[٣] و ئەوانی دیکە، بۆ نموونە لە ڕۆژنامەی (الانسانية)

---

(١) خەبات، ع(٣١٢)، ١٩٦٠/٩/١٣.

(٢) خەبات، ع(٣٨١)، ١٩٦٠/١٢/١٢.

(٣) وریا جاف، مێژووی ڕۆژنامەگەریی پارتی دیموکراتی کوردستان، چاپخانەی خەبات، دهۆك، ١٩٩٦، ل٢٤.

(٤) شوان محەمەد ئەمین خۆشناو، هەولێر لە نێوان ساڵانی (١٩٥٨-١٩٦٣)/ لێکۆڵینەوەیەکە لە بارودۆخی سیاسی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ل٢٢٨.

(٥) اتحاد الشعب: ڕۆژنامەیەکی سیاسی بوو، ئۆرگانی حزبی شیوعی عێراقی بوو، لە ڕێکەوتی ١٠ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٥٩ مۆڵەتی دەرچوونی لە شاری بەغدا پێدرا. خاوەن ئیمتیاز و سەرنووسەری عبدالقادر اسماعيل بستاني بوو. وزارة الاعلام-مديرية الاعلام العامة، المصدر السابق، ١٩٧١، ص٥.

لە ژمارەی ڕۆژی ١٨ی ئایاری ساڵی ١٩٦١، وتارێکی زەکی خەیری[٤] ئەندامی لێژنەی ناوەندی حزبی شیوعی عێراقی لە ژێر ناوی (توانەوەی نەتەوەکان بانگەشەیەکی کۆنەپەرستانەیە) بڵاوکردەوە و تیایدا هاتووە: "بانگەشە بۆ توانەوەی نەتەوەکان، بانگەشەیەکی نازیزمانەیە، ئامانجی کارکردنە بۆ پەرتەوازەکردنی یەکڕیزی نێوان کورد و عەرەب و کەمینەکانی دیکە، ئەم جۆرە بانگەشانە هیچ سوودێک ناگەیەنێت، تەنیا زیان بە هاوخەباتی و سەربەخۆیی نیشتیمانی دەگەیەنێت"[٥].

ڕۆژنامەنووس (فائق بطي)[٦] ناوی بەشێک لە ڕۆژنامە عێراقییەکان دەهێنێت، ئاماژە بە ناوەڕۆکی هەندێک لەو وتارانە دەکات، کە هەندێک ڕاستییان بەرامبەر کێشەی کورد

(١) البلاد: ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەی سیاسیی گشتی بووە. دوای شۆڕشی چواردەی تەممووز، ڕۆژنامەنووسی عێراقی فائق بەتی لە شاری بەغدا دەریکردووە. تاکو ٨ی شوباتی ١٩٦٣، لە دەرچوون بەردەوام بوو. زیاتر شیوعییەکان لێیان دەنووسی. جەمال نەبەز، باسنامە-چەند گوژمێکی جوڵانەی کردە و بەسەرهاتم، هەولێر، ٢٠١٢، ل٣٣.

(٢) الانسانية: ڕۆژنامەیەکی سیاسی بوو، خاوەن ئیمتیازەکەی کازم ئەلسماوی و سەرنووسەرەکەی تۆفیق ئەلوەسی بوو، لە ڕێکەوتی ١٩٦٠/٣/٢٤ تا ڕێکەوتی ١٩٦٢/٤/١٧ لە دەرچوون بەردەوام بووە. وزارة الاعلام-مديرية الاعلام العامة، المصدر السابق، ص١٣.

(٣) الحضارة: هەفتەنامەیەکی سیاسی بوو، خاوەن ئیمتیازەکەی محەمەد حسن ئەلسەوری و سەرنووسەرەکانی محەمەد حەسەن فرتەوسی و عەبدولغەنی مەتەر بوون، لە ڕێکەوتی ١٩٥٨/١٢/٢٢ تا ڕێکەوتی ١٩٦١/٨/٢٧ لە دەرچوون بەردەوام بووە. المصدر نفسه، ص٢٤.

(٤) زەکی خەیری (١٩١١/ بەغدا-١٩٩٥/سويد)، یەکێکە لە دامەزرێنەرانی حزبی شیوعی عێراقی لە ساڵی ١٩٣٤ و لە نێوان ساڵانی ١٩٣٥-١٩٣٧ ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بوو. لە نێوان ساڵانی ١٩٤٩-١٩٥٨ زیندانی کراوە. لە نێوان ساڵانی ١٩٥٨ بۆ ١٩٧٧ بووەتە ئەندامی مەکتەبی سیاسی ئەو حیزبە و دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی (اتحاد الشعب). ساڵی ١٩٧٣ بەشداری لە دانوستانەکانی پێکهێنانی بەرەی نیشتیمانی لەگەڵ حزبی بەعسی دەسەڵاتداردا کرد، ساڵی ١٩٧٨ ڕووی کردە دەرەوەی وڵات و بۆ ماوەی هەشت ساڵ لە دیمەشق ژیا، پاشان چووە سوید. سلسلة قادة الأحزاب الشيوعية العربية: زكي خيري – الحزب الشيوعي السوري (المكتب السياسي(scppb.org) .

(٥) شيرزاد زكريا محمد، الحركة القومية الكوردية في كوردستان العراق ٨ شباط ١٩٦٣-١٧ تموز ١٩٦٨، مؤسسة سبيريز، دهوك، ٢٠٠٦، ص٤٢. بۆ دەقی بابەتەکە بڕوانە: الانسانية، ع(١٠٤)، ١٩٦١/٣/١٨.

(٦) فائق ڕوفائیل بەتی (١٩٣٥/بەغدا-٢٠١٦/هەولێر)، ڕۆژنامەنووسی عێراقی ناسراو، یەکێکە لە دامەزرێنەرانی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی عێراق، دکتۆرای هەیە لە بواری ڕۆژنامەوانیی لە مۆسکۆ، دوای شۆڕشی چواردەی تەممووز، ڕۆژنامەی (البلاد)ی لە شاری بەغدا دەرکردووە، وێڕای بەشداری کارای لە

درکاندووە، ئەو ڕۆژنامانەش وەک: اتحاد الشعب، البلاد، الاهالي[١]، صوت الاحرار[٢]، ئەو ڕاستییانەش وەک:

١. بانگەشەی بە عەرەبکردنی هۆزە کوردییەکان، هیچ بنەمایەکی نییە. لە ئەنجامی لێکۆڵینەوە شوێنەوارییەکان و پشکنینە ئەنترۆپۆلۆژییەکان، دەرکەوتووە کە کوردەکان، لە ڕەگەزی کوردن و عەرەبیش لە ڕەگەزی عەرەب، کوردەکان هەزاران ساڵە لەسەر خاکی خۆیان دەژین کە کوردستانە، وەک نەتەوەیەکی جیاواز لە نەتەوەکانی دیکە.

٢. ئەم جۆرە بانگەشانە بنەمای مێژوویی و زانستییان نییە و پێچەوانەی دەستووری عێراقی و برایەتی نێوان کورد و عەرەبە.

٣. گەلی عێراق سیاسەتی دوژمنکارانە و سەرکوتکردنی نەتەوەیی و بانگەشەی شۆڤێنییانە ڕەتدەکاتەوە و پابەندە بە پرەنسیپی مافی نەتەوەکان، لە مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆی.

٤. بنەمای نەتەوەیی، کە لە نەتەوە ڕەسەنەکاندا هەیە، لە نەتەوەی کوردیش هەیە، کە لە خاکێکی دابەشکراوی نێوان ئێران و تورکیا و عێراقدا دەژین.

٥. بڵاوکردنەوەی چەند بابەتێک دەربارەی دامەزراندنی کۆماری مەهابادی دیموکراسیی کوردی[٣]، پاش جەنگی جیهانی دووەم.

هەواڵنامەی کتێب

---

بواری ڕۆژنامەنووسیدا، بەشێکی ژیانی بۆ لێکۆڵینەوە لە مێژووی ڕۆژنامەنووسی عێراقی تەرخان کردووە، لەم بوارەدا خزمەتێکی بێهاوتای کردووە. وفاة عميد الصحافة العراقية فائق روفائيل بطي (mc-doualiya.com).

(١) الاهالي، ڕۆژنامەیەکی سیاسی بوو، پارتی نیشتیمانی دیموکراسی لە شاری بەغدا دەریدەکرد، لە ١٦ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٥٨ مۆڵەتی دەرچوونی وەرگرتووە، خاوەن ئیمتیازەکەی عەبدوڵڵا عەباس و سەرنووسەرەکەی عەبدولمەجید وەنداوی بوو، تا کودەتای هەشتی شوباتی ١٩٦٣ بەردەوام بووە. وزارة الاعلام-مديرية الاعلام العامة، المصدر السابق، ص١٤.

(٢) صوت الاحرار: ڕۆژنامەیەکی سیاسی بوو، خاوەن ئیمتیازی لوتفی بەکر سیدقی و سەرنووسەرەکەی فەرید مەحموود بوو، لە تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٥٨ دەستی بە دەرچوون کردووە، تا کودەتای شوباتی ساڵی ١٩٦٣ بەردەوام بووە. مصدر النفسه، ص٣٦.

(٣) دروستەکەی کۆماری کوردستانە، پایتەختەکەی شاری مەهاباد بوو.

٦. گەلی کوردیش بە هەمان شێوەی گەلی عەرەب، لەلایەن ئیمپریالیزمەوە کەرت و پەرت کراوە.

٧. سوودمەندی یەکەم لەم بانگەوازانە (بانگەوازی تەوانەوەی کورد)، ئیمپریالیزم و هاوپەیمانە کۆنەپەرستەکانییەتی، نەک هەر لە ناوچەکە، بەڵکو لە سەرجەم وڵاتانی عەرەبی.

یەکێک لەو بابەتانەی کە جێی بایەخی ئەو ڕۆژنامانە بووە، ئەو دوژمنکارییە خوێناوییانە بووە، کە دەرهەق بە ناوچەی بارزان ئەنجام دراون، لەسەر دەستی بەکرێگیراوانی هاوپەیمانێتی سەنتۆ[1] و دەرەبەگەکان. ڕۆژنامەی (اتحاد الشعب) لەو بارەیەوە نووسیویەتی:

"ئەزموونی ژیان ئەوەی چەسپاندووە، کە هیچ هێزێک ناتوانێت هێز و ویستی گەلان لەناو ببات، بارزانییەکان ئازاری زۆریان چەشتووە، لەسەر خاک و زێدی باپیرانیان بەدەر نراون، بە سەدان میلیان لەسەر قاچەکانیان بڕیوە، هەروەها ژیان ئەوەشی چەسپاند کە بارزانییەکان گەڕانەوە سەر زێدی خۆیان، ئەوانەشی ئاوارەیان کردن، لەژێر قاچەکاندا پلیشانەوە"[2].

---

(١) پەیمانی سەنتۆ یان بەغدا، یان ڕێکخراوی پەیمانی ناوەندی (Central Treaty Organization)، کورتکراوەکەی (سەنتۆ) بوو، ئەو پەیمانە بوو، لە شوباتی ساڵی ١٩٥٥ لە نێوان تورکیا و ئێران و پاکستان و عێراق ئینگلتەرا مۆرکرا. ئامانج لێی، پاراستنی ناوچەکە و ڕێگەگرتن لە بڵاوبوونەوەی کۆمۆنیزم بوو. ئەمریکا بە پێدانی بودجەیەک سەرپەرشتی لێژنەکانی دەکرد. بەبێ ئەوەی ئەندام بێت تێیدا. ئیدارە کۆبوونەوەی ناوەندی وڵاتانی هاوپەیمان، هەرجارەی لە پایتەختی یەکێک لە وڵاتانی ئەندام دەبەسترا، سەرۆکوەزیران یان وەزیری دەرەوەی وڵاتی میواندار، چاودێری کاروبارەکانی دەکرد، بە بەشداری باڵیۆزی وڵاتانی ئەندام و باڵیۆزی ئەمریکا و بەریتانیا بەڕێوەدەچوون. CENTRAL TREATY ORGANIZATION – Encyclopaedia Iranica (iranicaonline.org)

(٢) ساڵی ١٩٤٣، مستەفا بارزانی شۆڕشێکی چەکداری بەرفراوانی دژ بە حکوومەتی عێراقی هەڵگیرساند و ماوەی سێ ساڵ بەردەوام بوو، ساڵی ١٩٤٥ کۆتایی پێهات. بڕوانە: مستەفا محەمەد کەریم (دکتۆر)، شۆڕشی دووەمی بارزان هۆکار و دەرئەنجام ١٩٤٣-١٩٤٥، دەستەی ئینسیکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان، چاپخانەی دانیشفەر، هەولێر، ٢٠٢٢. لەبەرئەوەی لە سنووری لیوای هەولێر بوو، بۆیە کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر لیواکە و شاری هەولێریش هەبوو، دوای کوژانەوەی بزاڤەکە، ژمارەیەکی زۆر لە بارزانییەکان لە شوێنی خۆیان ڕاگوێزران و لە دێهاتەکانی دەوروبەری هەولێر نیشتەجێ کران. وێڕای هاوکاری و دەستباری دانیشتووانی ناوچەکە بۆیان، کەچی باروگوزەرانیان زۆر خراپ بووە، تا ناوەڕاستی ساڵانی پەنجاکانیش هەر لەوێدا مانەوە. هۆشەنگ ساڵح نەجاڕ (دکتۆر)، مەلا خدری دەشتی ژیان و ڕۆڵی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و نەتەوایەتیی ١٩٠٩-١٩٥٧، ئەکادیمیای کوردی (گۆڤار)، ژ(٤٩)،

هەروەها ڕۆژنامەی (الاستقلال)[١] بابەتێکی لەژێر ناوی (دژایەتی بـرا بارزانییەکانمـان چـی دەگەیەنێت؟)، بڵاوکردووەتەوە تیایدا هاتووە:

"ناتواندرێت نکۆڵی لەوە بکرێت، کە ئیمپریـالیزم و ئەڵـقە لەگوێکانیـان چەنـدە ڕقیـان لە بارزانییەکان دەبێـتەوە، ئێسـتاش دەرفەتێکـی باشـە بـۆئەوەی لەژێـر هەڵچـوونی هـۆزایەتی تۆڵەیان لێ بکەنەوە، ئەمەش پاساوێکی گونجاوە، تاکو پیلانەکانیان بۆ درزتێخستنی یەکڕیـزی گەل درێژە پێبدەن، ئایا مافی خەڵک نییە پرسیار بکەن، ئەم پەلامارانە مانای چـیە؟ ئایـا ئەمە شاڵاوێکی ڕێکخراو نییە بۆ دەستە و پۆلە نیشتیمانییەکان؟"[٢]

بەڵام ئەمە بەو مانا نییە کە ڕۆژنامە عێراقییەکان، هەڵوێستی پشتیوانیان لە عەبـدولکەریم قاسـم، دژ بە جـووڵانەوەی کـوردی نەکردبێـت، بەڵکـو لەتەک ئەو جـۆرە وتـارانەی تیایـدا پشـتیوانی کوردییـان لە چوارچێـوەی خـاکی عێراق دا کـردووە، لە هەمـان کـات، هەڵوێسـتی پێچەوانەشیان نواندووە. بۆ نموونە هەر ڕۆژنـامەی (اتحـاد الشـعب)، لە ١١ی مایسـی ١٩٥٩ وتـارێکی بڵاوکـردووەتەوە، تێیـدا هێـرش دەکـاتە سـەر بـزووتنەوەی ڕزگـاریخوازی کـورد و بزووتنەوەکە بە بەکرێگیراو و چڵکاوخۆری ئاغا و فیودالەکان لەکەدار دەکات و دەڵێت:

"بەکرێگیراوی سەنتۆ و ئەمریکان، هەوڵ دەدەن بە کۆمەکی ئەمریکا دەوڵەتێکـی کـوردی دابمەزرێنن"[٣].

---

٢٠٢١، ل١٨٧. مستەفا بارزانی و هاوەڵانیشی دوای تێکچوونی کۆماری کوردستان، دوای شەڕێکی سەخت، لەگەڵ هێزەکانی ئێران و تورکیا، لە ڕووباری ئاراس پەڕینەوە و چوونە ناو خاکی یەکێتی سۆڤییەت، دوای شۆڕشـی ١٤ی تەممـووزی سـاڵی ١٩٥٨ گەڕانەوە خـاکی کوردسـتان. عەبـدولڕەحمان قاسـملۆ (دکتـۆر)، کوردستان و کورد لێکۆڵینەوەیەکی سیاسی و ئابووری، و: عەبـدوڵڵا حەسـەن زادە، چ٢، چاپخـانەی منـارە، هەولێر، ٢٠٠٦، ل٩١.

(١) الاستقلال: ڕۆژنامەیەکی سیاسی نزیک لە شیوعییەکان بوو، خاوەن ئیمتیازەکەی لوتفی بەدری بوو، لە ساڵی ١٩٥٨ ەوە لە شاری بەغدا دەردەچوو، زیاتر گوزارشتی لە بۆچوونی شیوعییەکان دەکرد. مليح صالح شكر، المصدر السابق، ص٢٩٩.

(٢) فائق بطي، صحافة ١٤ تموز ....، ص٧١.

(٣) جەمال نەبەز، کوردستان و شۆڕشەکەی، چ٣، چاپخانەی منارە، هەولێر، ٢٠٠٧، ل١٣١.

بەمەش دەردەکەوێت هەڵوێستی ڕۆژنامە عێراقییەکان، کە زمانحاڵی دەستە و پارتە سیاسییە عێراقییەکان بوون، بەرامبەر بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەپێی سیاسەتی ڕۆژ و ئاستی پەیوەندییان لەگەڵ حکوومەتی عێراق ی و خودی عەبدولکەریم قاسم، گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، واتە هەڵوێستەکە لەسەر بنەمایەکی نیشتیمانی نەگۆڕ نەبووە.

هەرچەندە گەلی کورد لە کوردستانی عێراق دا، هاوسۆزی خۆی بۆ (شۆڕشی چواردەی تەمموز) و سەرکردایەتییەکەی دەربڕی، بەڵام وەڵامدانەوەکانی سەرکردایەتی شۆڕش لە عێراق بەرامبەر کورد، نەك هەر لە ئاستی پێویستدا نەبوون، بەڵکو لە دووەم ساڵی دوای شۆڕشدا، جۆرێك لە دژایەتیشییان تێدا بەدی دەکرا، وەك پاشگەزبوونەوە لەو بەڵێنانەی لە بەرایی شۆڕشدا بە کوردیان دابوو. هەروەها هێرشی ڕاگەیاندنی ناڕەوایان دەکردە سەر کورد و هەوڵ بۆ پشتگوێخستنی کێشەکەی دەدرا، ئەمەش سەرەتایەکی ڕووکەشی تێکچوونی پەیوەندییەکانی نێوان کورد و دەسەڵاتدارانی عێراق بوو[١]، بە تایبەت لە سەرەتاکانی ساڵی (١٩٦٠)دا، تا دەهات بارودۆخەکە بەرەو ئاڵۆزی دەڕۆیشت، کە چەند هۆکارێکی لە دواوە بوو، یەکێك لە گرنگترینیان کاریگەری عەرەبە شۆڤێنییەکان بوو لە سەر (عەبدولکەریم قاسم)، هەمیشە هانیان دەدا لە دژی ئەو داخوازییانەی کە کورد لە دوای شۆڕشدا لە سایەی ڕژێمی تازەی وڵاتدا، هیوای دەستەبەرکردنیانی هەبوو. لەلایەکی دیکە، وڵاتانی دراوسێی عێراقیش کە کوردستانیان بەسەر دابەشکراوە، کاریگەرییان لەسەر دەسپێکی ئاڵۆزییەکاندا هەبوو[٢].

ئەمانە و هۆکاری دیکەش، بوونە هۆی تێکچوونی پەیوەندی نێوان (کورد و دەسەڵاتی ناوەندی عێراق). تێکچوونی پەیوەندییەکان، ڕەوشێکی ناهەمواری هێنا پێشەوە، وەك ڕاگرتنی جموجووڵەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان. ئەمە وێڕای زیندانیکردنی کوردەکان، بە تایبەت لە پۆلیس و سوپادا[٣]. دوا جاریش لە کۆتاییەکانی ساڵی (١٩٦٠)دا، دەست بەسەر خانوو و ئۆتۆمبێلی (مستەفا بارزانی١٩٠٣-١٩٧٩) لە شاری بەغدا دا گیرا[٤]و بەمەش شەڕێکی ڕانەگەێندراو بەسەر کورددا سەپێندرا، بۆیە بارزانی لە ئاداری ساڵی (١٩٦١)دا

(١) عبدالفتاح على البوتانى (الدكتور)، وثائق عن الحركة القومية الكوردية التحررية، اربيل، ٢٠٠١، ص٨٢.

(٢) ن.لازاریف، مێژووی کوردستان، و: وشیار سەنگاوی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠٠٨، ل٤٥٥-٤٥٦.

(٣) شيرزاد زكريا محمد، الحركة القومية.....، ص٤٣-٤٤.

(٤) جەمال نەبەز، کوردستان و شۆڕشەکەی، ل١٣٧.

بەغدای جێهێشت و گەڕایەوە کوردستان[١]. دوای دەستپێکردنی چەند پەلامارێکی سوپای عێراق بۆ سەر کوردستان، لە ڕێکەوتی (١٩٦١/٩/١١)دا شەڕ لە نێوان کورد و دەسەڵاتی ناوەندی عێراقدا دەستیپێکرد[٢]، کە لە مێژووی کورددا بە (شۆڕشی ئەیلوول) ناسراوە.

سەبارەت بە (خەبات)، زمانحاڵی پارتی دیموکراتی کوردستان، دوای دەرچوونی ژمارە (٤٦٢)ی ڕۆژنامەکە، لەلایەن دەستەی بەڕێوەبردنی ڕۆژنامەکە، لە ڕێکەوتی (١٩٦١/٤/٢٥) دا، نووسراوێك ئاراستەی (وەزارەتی ئیرشاد) کراوە و داوایان کردووە، ئەرکی بەڕێوەبردنی ڕۆژنامەکە لە بری ئیبراهیم ئەحمەد، بە دوو پارێزەری دیکەی کورد، بسپێردرێت، دوای ئەمە لە ڕێکەوتی (١٩٦١/٤/٢٦)، (وەزارەتی ئیرشاد)، ئەم داواکارییەی ڕۆژنامەکەی بە نووسراوێك داوەتە (مودیرییەتی ئەمنی عام)، ئەوانیش وەڵامیان داوەتەوە، کە ڕۆژنامەی (خەبات) زمانحاڵی پارتی دیموکراتی کوردستانە، لە دەسەڵاتی ڕۆژنامەکەدا نییە بەرپرسی ڕۆژنامە بۆ خۆی هەڵبژێرێت، بۆیە پێویستە داوایەکە لە ڕێگەی نووسراوی تایبەتی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە، ئاراستەی وەزارەت بکرێت. ئەمە لە کاتێکدا بوو، کە پەیوەندییەکانی نێوان کورد و حکوومەتی عێراق بەرەو ئاڵۆزی هەنگاوی دەنا، بۆیە ئەم داواکارییە ئەنجامێکی ئەوتۆی نەبوو. ئەگەر چی ڕۆژنامەی (خەبات)، لە ژمارە (٤٦٢) لە ڕێکەوتی ١٩٦١/٢/٢٢ وەستابوو، بەڵام تا ماوەیەکی زۆر دوای ئەوە، هیچ بڕیارێکی فەرمی سەبارەت بە داخستنی، لەلایەن حکوومەتی عێراقەوە دەرنەچووبوو. دوای هەڵگیرسانی شۆڕشی کورد لە ئەیلوولی ساڵی ١٩٦١ دا، بە نووسراوی ژمارە (٨٤٨٧)ی (وەزارەتی ئیرشاد) لە ڕێکەوتی (١٩٦١/١٠/٢٨) دا پاڵپشت بە نووسراوی حاکمی سەربازیی گشتی بەغداد، ئەحمەد ساڵح ئەلعەبدی[٣]، بە

(١) مەسعود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد ١٩٦١-١٩٧٥، چ١، بەرگی سێیەم، ب١، چاپخانەی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٤، ل٣٠.

(٢) عبدالفتاح البوتاني، وثائق...، ص٨٦، ٨٧.

(٣) ئەحمەد ساڵح ئەلعەبدی (١٩١٢/بەغدا-١٩٦٨/بەغدا)، ئەفسەری سوپای عێراق، دەرچووی کۆلێژی سەربازی بەغدا (١٩٣٤)، کۆلێژی سەربازی و ماف لە ئینگلتەرا (١٩٥٣)، پەیوەندی لەگەڵ ئەفسەرانی ئازادیخوازی عێراق هەبوو، دوای شۆڕشی چواردەی تەمموز، پلەی سەرۆکی ئەرکان و دادوەری سەربازی وەرگرت، تاکو کودەتای ٨ی شوباتی ساڵی ١٩٦٣ بەردەوام بوو. شخصيات تاريخية-الفريق الركن احمد صالح العبدي (ayamuna.blogspot.com).

ژمارە (٣٢٥٩) لە ڕێکەوتی (١٩٦١/١٠/٢٢) دا، ڕۆژنامەی (خەبات) وەك ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان، بڕیاری هەڵوەشانەوەی درا[١].

یەکێکی دیکە لە ڕۆژنامە سیاسییەکانی ئەو قۆناغە، ڕۆژنامەی (کوردستان) بوو، ژمارە (١)ی ساڵی یەکەمی لە ڕێکەوتی (٤ی ئاداری ساڵی ١٩٦١) دا، بە زمانی کوردی بڵاوکرایەوە[٢]. سەرنووسەری ڕۆژنامەکە جەلال تاڵەبانی[٣] بووە، هەژار موکریانی[٤] و عەبدولڕەحمان زەبیحی[٥] کاریان تێدا دەکرد[١]. دوای داخستنی ڕۆژنامەی (خەبات)، ئەم

(١) هۆشەنگ ساڵح نەجاڕ، بزاڤی ڕۆشنبیری کوردی...، ل٢٤٥.

(٢) کوردستان، ژ(١)، ١٩٦١/٣/٤.

(٣) جەلال حوسامەددین تاڵەبانی (١٩٣٣/گوندی کەلکانی قەزای دوکان-٢٠١٧/ئەڵمانیا)، سیاسەتکار و ڕۆژنامەنووس، لە سەرەتای گەنجێتییەوە پەیوەندی بە ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کردووە. لە مانگی شوباتی ساڵی ١٩٥٣ بە سکرتێری گشتی یەکێتی قوتابییانی کوردستان هەڵبژێردرا. ساڵی ١٩٥٩، کۆلێژی یاسا لە زانکۆی بەغدا تەواو کرد. بەشداری شۆڕشی ئەیلوولی کردووە. پاشان لە ساڵی ١٩٦٤ لەگەڵ باڵی مەکتەبی سیاسی جیابوونەوە. دامەزرێنەر و سکرتێری یەکێتی نیشتیمانی کوردستان (١٩٧٦-٢٠١٧)ە، ساڵی ٢٠٠٥ پۆستی سەرکۆماری عێراقی وەرگرت. حيدر نجم عبد مراد، المصدر السابق، ص٦٢.

(٤) عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی (١٩٢٠/مەهاباد-١٩٩١/کەرەج): شاعیر و وەرگێڕی ناسراوی کورد. هەر لە منداڵییەوە خراوەتە بەر خوێندنی ئایینی. ساڵی ١٩٤٠ دەستی بە هۆنراوەدانان کردووە و هۆنراوەی شاعیرانی کورد، کاریگەری لە سەر هەستی بووە. لە سەرەتای دامەزراندنی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستانەوە تێیدا ئەندام بووە. لە کۆماری کوردستاندا بەشداربووە، دوای هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوول، چووەتە پاڵ شۆڕش، جگە لە یەکێتی نووسەرانی کورد، ئەندامی کۆڕی زانیاری کورد بووە. خاوەنی چەندان بەرهەمی شیعری و بابەتی وەرگێڕدراو و فەرهەنگی هەمبانە بۆرینەیە. مارف خەزنەدار (دکتۆر)، مێژووی ئەدەبی کوردی، ب٧، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠١٠، ل٤٠٧.

(٥) عەبدولڕەحمان زەبیحی (١٩٢٠/ مەهاباد- سەرەتای دەیەی هەشتاکان)، نووسەر و کەسایەتیی سیاسیی کورد، لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان بوو. خوێندنی سەرەتایی لە مەهاباد و پاشان قۆناغی سێی ناوەندی لە ساڵی ١٩٣٧ دا لە شاری ورمێ تەواو کرد. پاش ئەمە هێندێک وانەی ئایینی لای مەلا قادری مودەڕیسی خوێندووە. بەشداری کۆماری کوردستانی کردووە. دوای ڕووخانی کۆمار، ئاوارەی عێراق و سووریا بوو، لەوێش هەر بە کاری سیاسی خەریک بوو، دوای شۆڕشی ١٤ی تەمموز گەڕایەوە عێراق، لە ڕۆژنامەی خەبات، ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان کاری دەکرد، دوای لەتبوونەکەی ساڵی ١٩٦٤ لەگەڵ باڵی مەکتەبی سیاسیدا بوو. لە هەفتاکاندا لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی کاری دەکرد، پاشان گومانی هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە دژە عێراقییەکانی کەوتە سەر، بۆیە لە سەرەتای

ڕۆژنامەیە ببووە جێگەی بایەخپێدانی ڕۆشنبیران و سیاسییە کوردەکانی شاری بەغداد، خوێنەرێکی زۆریشی هەبوو.

ڕۆژنامەکە جەختی لەسەر بەدیهێنانی مافە نەتەوەیی و ڕۆشنبیرییەکانی کورد دەکردەوە، لە بەرئەوەی ئەو کاتە نێوانی کورد و حکوومەتی عێراق ڕۆژ دوای ڕۆژ ئاڵۆزتر دەبوو، بۆیە زۆربەی بابەتەکانی ڕۆژنامەکە (بە سیاسی و ئەدەب و هونەرەوە)، بەناوی خواستراو بڵاودەکرانەوە، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر باری سیاسی ڕۆژنامەکە و ئەو چاودێرییە توندەی لەلایەن دەزگا ئەمنییەکانەوە لەسەری بوو. تەنانەت هۆکاری داخستنی ڕۆژنامەکە، هەر بۆ ئەو وتارانە دەگەڕێتەوە، کە ڕەخنەی لە سیاسەتی عەبدولکەریم قاسم دەگرت، بەرامبەر دژایەتییکردنی هێزە نیشتیمانییەکان و ڕێکخراوە کوردستانییەکانی عێراق[٢]. پێنج ژمارەی لێ دەرچوو، دوا ژمارەی، ژمارە (٥)ی ساڵی یەکەمییەتی، لە ڕێکەوتی (١٩٦١/٤/١) دا هەر لە شاری بەغدا بڵاوکرایەوە[٣]. سەبارەت بە هۆکاری داخستنەکەی، هەژار موکریانی ئاماژە بەوە دەکات کە: "عەبدولکەریم قاسم دنەی ڕۆژنامەی (الثورة)ی دەدا تا بنچینەی کورد بکا بە عەرەب. ئێمەش لە ڕێگەی ڕۆژنامەکەوە وەڵاممان دەدانەوە، بۆیە دوای پێنج ژمارە داخرا"[٤].

پرۆسەی داخستنی ڕۆژنامە سیاسییە کوردییەکان، تەنیا ئۆرگانەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانی نەگرتەوە، بەڵکو ڕۆژنامەکانی دیکەشی گرتەوە، وەک ڕۆژنامەی (ئازادی) زمانحاڵی لقی کوردستانی حزبی شیوعی عێراقی و ڕۆژنامەی (دەنگی کورد-صوت الاکراد)[٥]،

---

١٩٨٠کاندا، دەستگیرکرا و پاشان بێسەر و شوێن کرا. عەلی کەریمی، ژیان و بەسەرهاتی عەبدولڕەحمان زەبیحی (مامۆستا عولەما)، چاپخانەی کاربین، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل١٥-٥٧.

(١) هەژار، چێشتی مجێور، چ١، ئا: خانی شەڕەفکەندی، پاریس، ١٩٩٧، ل٣٥٣-٣٥٤.

(٢) جبار جباري، تاريخ الصحافة الكردية في العراق، العراق، مطبعة الامة، بغداد، ١٩٧٥، ص٦١-٦٢.

(٣) دکتۆر هیمدادی حوسێن و نەوزاد عەلی ئەحمەد هەر پێنج ژمارەکەی (کوردستان)یان کۆکردووەتەوە و لە بەرگێکدا لە چاپیان داوە و لێکۆڵینەوەیان لەسەر کردووە. بڕوانە: هیمدادی حوسێن (دکتۆر) و نەوزاد عەلی ئەحمەد، کوردستان رۆژنامەیەکی ڕۆژانەیە، لە بڵاوکراوەکانی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، سلێمانی، ٢٠١٩.

(٤) هەژار، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٥٣.

(٥) ڕۆژنامەی دەنگی کورد-صوت الاکراد، ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەی سیاسی سەربەخۆ بوو، خاوەن و سەرنووسەری ڕۆژنامەکە، پارێزەر عومەر جەلال حەویزی (١٩٠٨-١٩٨٨) بوو، هەر تەنها ناوی ئەویش لە سەر ڕۆژنامەکەدا دەنووسرا. بەڵام جەمال نەبەز دەڵێت "من ماوەیەك سەرپەرشتیی بەشە عەرەبییەکەم

کە ڕۆژنامەیەکی ئەهلی سیاسی بوو. لە کوردستانیش گۆڤار و ڕۆژنامەکان بەر ئەو هەڵمەتە کەوتن، وەک گۆڤاری (هەتاو)[1] لە شاری هەولێر، گۆڤاری (ڕۆژی نوێ)[1] لە شاری سلێمانی

کردووە، محەمەد تۆفیق وردی (١٩٢٣/کۆیە-١٩٧٥/بەغدا)یش سەرپەرشتی بەشە کوردییەکەی دەکرد". جەمال نەبەز، باسنامە-چەند گوژمێکی جۆلانەی کردە و بەسەرهاتم، هەولێر، ٢٠١٢، ل٣٨. هەفتەی جارێك، بە زمانی عەرەبی و کوردی لە شاری بەغدادا دەرچووە. لەسەر بەرگەکەی نووسراوە: "بۆ خزمەتی گەلی کورد و بوژانەوەی ئەدەبی کوردییە". هەندێکجار، لە هەفتەیەکدا (٥) ژمارەی لێدەردەچوو. دوای پێشکەشکردنی داواکاری، لە ڕێکەوتی ٨ی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٥٩ دا، بە بڕیاری ژمارە (١٣٣٩٦)ی وەزارەتی ئیرشاد، ڕۆژنامەکە مۆڵەتی دەرچوونی وەرگرت بەڵام یەکەم ژمارەی لە ڕێکەوتی (٩ی شوباتی ساڵی ١٩٦٠)دا بڵاوکراوەتەوە. لەبارەی دوا ژمارەی ڕۆژنامەکە، جەبار جەباری دەڵێ "هەتا ڕۆژی ١٩٦١/٥/١٤، کە مێژووی گرتنی خاوەنەکەیەتی، (٧٥) ژمارەی لێ دەرچووە". لە چاپخانەی (مەهاباد) چاپکراوە. فائق بەتی دەربارەی ڕۆژنامەی (دەنگی کورد) نووسیویەتی: "ڕۆژنامەکە داوای مافەکانی گەلی کورد و دەستەبەرکردنی دیموکراسیەتی بۆ عێراق دەکرد، بە هێز و لە خۆبردوویی زۆرەوە ئامانجە سیاسییەکانی خۆی دەربارەی کورد و شاری کەرکووك دەخستە ڕوو. ئەمە لە کاتێکدا کە حکوومەتی شۆڕشی چواردەی تەمموز لە هەڵوێستەکانی بەرامبەر دۆزی کورد، هەڵگەڕابووەوە". هۆشەنگ ساڵح نەجار، بزاڤی ڕۆشنبیریی کوردی، ل٢٨١.

(١) گۆڤاری هەتاو: یەکێك بوو لە گۆڤارە بایەخدارەکانی بزاڤی ڕۆژنامەوانیی شاری هەولێر، کە بە هەوڵ و کۆششی گیوی موکریانی (١٩٠٣/مەهاباد-١٩٧٧/موسڵ) دەرچووە، هەر خۆشی خاوەن ئیمتیاز و بەڕێوەبەری کارگێڕی و نووسینی گۆڤارەکە بوو، یەکەم ژمارەی لە ڕێکەوتی ١٥ی مایسی ساڵی١٩٥٤ دا دەرچووە، تا وەکوو تشرینی دووەمی ساڵی١٩٦٠ بەردەوام بووە، لەو ماوەیەدا (١٨٨) ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوەو سەرجەم ژمارەکانی گۆڤارەکەش لە چاپخانەی کوردستان لە شاری هەولێردا چاپکراون، گۆڤاری هەتاو، لە یەکەم ژمارەیدا، کە لە دوای شۆڕش دەرچوو، لە وتارێکدا بەناوی (جمهوریەتی عێراق)، کە لەلایەن گیوی موکریانی نووسراوە، لە تەك ستایشکردنی سەرکەوتنی (شۆڕشی چواردەی تەمموز)، ڕژێمی پێشوو بە نۆکەری ئیستیعمار ناودەبات. هەروەها لە ژمارەکانی دیکەی هەتاودا، جیا لە بوونی دەیەها وتاری لەم شێوەیە، کە ستایشی شۆڕش بکات و ڕەخنەش لە دەسەڵاتی پێشوو بگرێت، زۆر وتار و شیعر و پەخشانی سیاسی و نەتەوایەتی و مێژوویی تایبەت بەکورد و کوردستان بڵاوکراونەتەوە. لە یەکێك لە ژمارەکانی (هەتاو)دا، گیوی موکریانی بە وتارێك لەژێر ناوونیشانی (وەڵام بۆ خاوەندی ڕۆژنامەی بەغدا)، کە بە دووبەش بڵاوکراوەتەوە، وەڵامی وتارێکی ژمارە (١١٦)ی ڕۆژنامەکەی داوەتەوە، کە ڕەچەڵەکی هەندێ هۆزی کوردی بردووەتەوە سەر نەتەوەی عەرەب، لە بەشێکی وتارەکەدا ئاماژەی بەوەداوە کە کورد هیچ کاتێك لە مێژوودا دەسەڵاتی ئەوەی نەبووە، بێگانان بە کورد بکات، بەڵکو ئەوە عەرەبە لە سایەی ئەو برەو و دەسەڵاتەی کە لە مێژوودا هەیبووە، چەندان شار، کە کورد خۆی دروستی کردوون، بە عەرەبی کردوون. وێڕای بڵاوکردنەوەی بابەتی ڕەخنەی سیاسی و سەرنج و پێشنیار دەربارەی کێشەی سیاسی و کۆمەڵایەتی کورد، هەر ئەمانەش بوونە هۆکاری داخستنی گۆڤارەکە و دەستگیرکردنی

و ڕۆژنامەی (ڕای گەل) لە شاری کەرکووک[٢]، تەنانەت خاوەنەکانیشیان دەستگیرکران، یان تیرۆرکران. هەروەها گۆڤاری هیوا کە لە شاری بەغدا لەلایەن (یانەی سەرکەوتنی کوردان)[٣]ەوە دەردەچوو، کەلێنی گەورە کەوتە نێوان ماوەی دەرچوونی، لە نێوان ساڵانی (١٩٦١-١٩٦٣) دا، تەنیا (٨) ژمارەی لێ دەرچوو. واتە لە ژمارە (٣١) تا ژمارە (٣٨)، لە

خاوەنەکەی لە ساڵی ١٩٦٠ دا. هۆشەنگ ساڵح نەجاڕ، بزاڤی ڕۆشنبیری لە شاری هەولێر ١٩٥٨-١٩٧٥، دەزگای ڕۆسا، هەولێر، ٢٠١٦، ل٦٨.

(١) لە ڕێکەوتی ٢٢ی شوباتی١٩٦٠، مافپەروەر جەمال شاڵی (١٩٣١/سلێمانی-٢٠١٦/لەندەن)، داوای مۆڵەتی دەرکردنی گۆڤاری (ڕۆژی نوێ)ی پێشکەش بە وەزارەتی ئیرشادی عێراق کرد. داواکەی پەسەند کرا و مۆڵەتی وەرگرت. جەمال شاڵی بوو بە خاوەن ئیمتیاز و کامەران موکری سەرنووسەری بوو. ڕۆژی نوێ وەک گۆڤارێکی هەفتانەی ئەدەبی و سیاسی و کۆمەڵایەتی خۆی ناساند و یەکەم ژمارەی لە ڕۆژی ١ی نیسانی ساڵی ١٩٦٠ دەرچوو. ڕۆژی نوێ بە هۆی ستافەکەیەوە، گۆڤارێکی سەنگین بوو، چەندین نووسەر و ڕووناکبیری دیاری لە دەوری خۆی کۆکردەوە، وتاریان تێدا دەنووسی. سەرباری ئاستەنگەکان، گۆڤارەکە تا ڕۆژی ٢ی شوباتی ١٩٦١ بەردەوام بوو، بەهەمووی ١٨ ژمارەی لێدەرچوو. دواتر سەرنووسەرەکەی جەمال شاڵی دەستگیرکرا و زیندانی کرا، گۆڤارەکەش داخرا. هەوراز جەوهەر مەجید، شاری سلێمانی ١٩٥٨-١٩٦٨، دەزگای ئەندێشە، سلێمانی، ٢٠١٢، ل٢٠١.

(٢) ڕای گەل: ڕۆژنامەیەکی سیاسی ڕۆژانە بوو، بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی لە شاری کەرکووک دەردەچوو، زمانحاڵی پارتی نیشتیمانی دیموکراتی بوو، یەکەم ژمارەی لە ڕێکەوتی ٦ی ئەیلوولی ساڵی ١٩٥٩ دەرچووە، خاوەن و سەرنووسەرەکەی سەدیق بلووکێنی بوو، تا ئەیلوولی ساڵی ١٩٦١ بەردەوام بوو، (٧٢) ژمارەی لێ دەرچوو، ڕۆژنامەکە بایەخی بە بابەتی سیاسی دەدا، سەرنووسەرەکەی نموونەی ڕۆژنامەنووسێکی بوێر و چاونەترس بوو، بێباکانە دەینووسی و ڕەخنەی دەگرت. هەربۆیە لە دوای ڕووداوەکانی کەرکووک، ساڵی ١٩٥٩ تیرۆرکرا، سەرچاوەیەک ئاماژە بەوە دەکات کە ئەمە بە پیلانی خودی عەبدولکەریم قاسم بووە. جبار جباري، المصدر السابق، ص٥٨.

(٣) یەکێك لە هەنگاوەکانی بژاردەی ڕۆشنبیرانی کورد، دامەزراندنی (یانەی سەرکەوتنی کوردان) بوو، لە ساڵی ١٩٣٠ دا. مەعرووف جیاووك (١٨٨١/خەلیفان-١٩٥٨/بەغدا) ، کە یەکێك لە ڕۆشنبیرە دیار و ناسراوەکانی کورد بوو، پاش هەوڵ و کۆششێکی زۆر، توانی مۆڵەتی کردنەوەی یانەکە، لە ڕێکەوتی (٢٠ی مایسی ساڵی ١٩٣٠) دا وەربگرێت. دوای کردنەوەی یانەکە لە هەمان ساڵدا، دەستەیەك بۆ بەڕێوەبردنی کارەکانی پێکهێندران، ئامانجی سەرەکی یانەکە، وەك لە پرۆگرامەکەیدا هاتووە، دابینکردنی شوێنی حەوانەوە بۆ قوتابیانی کورد و دانانی چەند لێژنەیەکی شارەزا بۆ دانانی فەرهەنگ و ڕێزمانی کوردی و چەند کارێکی دیکە بوو. یانەکە، بۆ ئەو کوردانەی کە لەو شارەدا دەژیان، ببووە ناوەندێکی ئومێدبەخش، بۆیە بەشداری کاروچالاکییەکانیان دەکرد، تا ساڵی ١٩٦٤ بەردەوام بوو. هۆشەنگ ساڵح نەجاڕ، بزاڤی ڕۆشنبیریی کوردی، ل٢٨.

کاتێکدا، (٤) ژمارەی دوایی گۆڤارەکە، ژمارەی لاپەڕەکانی، زۆر کەم بووەوە. ئەمە سەرەڕای ئەوەی، گۆڤارەکە، خرابووە ژێر چاودێری دەزگاکانی ئاسایش و لە هەندێ شوێندا، قەدەغەی خوێندنەوەی کرابوو[1]. بەمەش دەردەکەوێت کە کێشەی عەبدولکەریم قاسم و شۆڤێنییە عێراقییەکان، تەنیا لەگەڵ لایەنێکی دیاریکراو نەبووە، بەڵکو لەگەڵ بیروڕای ئازاد و گەلی کورد و بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکەی بە گشتی بووە، ئەگەرنا ئەو هەموو کێشە لەبەردەم بزاڤی ڕۆشنبیری و ڕۆژنامەوانیی کوردی دروست نەدەکرا.

لەتەک ئۆرگانەکانی حکوومەتەکەی عەبدولکەریم قاسم، ئەو ڕۆژنامە و گۆڤارانەی کە سەردەمانێک هاوسۆزییان بۆ کێشەی کورد و مافە ڕەواکەی دەردەبڕی، دوای دەستپێکی گرژی و ئاڵۆزییەکان و دەستپێکی شۆڕشی ئەیلوول، ئەوانیش کەوتنە وێزەی هێرشکردنە سەر بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، ڕۆژنامەی (الاهالي)، لە ئەیلوولی ١٩٦١ دا، وتارێکی نووسیبوو، تێیدا بزووتنەوەی کوردی بە بزووتنەوەیەکی گومانلێکراوی دارودەستەی ئیمپریالیزم لە قەڵەم دابوو، بۆیە ڕۆژنامەکە داوای لە ڕژێم کردبوو، هەرچی زووە گەل لە بارودۆخی شیمال ئاگادار بکاتەوە، هەروەها لە وتارەکەدا هاتووە:

"ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەیەوێت سەنتەرێکی تایبەت بۆخۆی دروست بکات، جیاوازی نێوان دوو نەتەوەی عەرەب و کورد پەیدا بکات، کەسانی ئەڵقە لەگوێ بکڕێت و بۆ جیابوونەوە هانیان بدات، ئەم جۆرە کەسانە بە سامانی کۆمپانیاکانی نەوت و چەکی سەنتۆ هەڵسوکەوت دەکەن"[2].

هەروەها ڕۆژنامەی (البيان) ئۆرگانی پارتی پێشکەوتووی نیشتیمانی، هەر لە ئەیلوولی ساڵی ١٩٦١ دا، وتارێکی نووسیوە و تیایدا هاتووە:

"ئەم جموجووڵە دوژمنکارییە هەندێک لایەن لەپێناو بەرژەوەندیی خۆپەرستییەوە پێی هەڵساون، لەیاسا دەرچوونە و دەیانەوێت بە هێزی چەک ڕای خۆیان بسەپێنن"[3].

لە وتارێکی دیکەی هەمان ڕۆژنامەدا، کە لە تشرینی یەکەمی ١٩٦١ دا، لە دژی شۆڕشی ئەیلوولی نووسیبوو، مافی کوردی وا هەڵسەنگاندووە کە گوایە تەنیا مافی هاووڵاتیبوونیان

(١) هیوا، ژ(٣٢)، نیسانی ١٩٦١، ل٧٢.

(٢) جەمال نەبەز، باسنامە...، ل١٣٨.

(٣) فاتح ڕەسول، بنچینەی مێژووی بیرۆکەی چەپ، چ٢، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل٣٣٤.

هەیە و مافی نەتەوایەتی ئەو هاووڵاتییانە ناگرێتەوە[١]. هەروەها ڕۆژنامەی (الزمان)[٢]، کە ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانە بوو، ئەویش کەوتبووە بەرەی عەبدولکەریم قاسم و خۆی لەو وتارانەدا نەدەبوارد کە هێرشیان دەکردە سەر شۆڕشی کورد، بۆ نموونە لە ڕۆژی ١٦ی ئەیلوولی ساڵی ١٩٦١ دا بە مانشێتێکی گەورە نووسیبووی:

"جەماوەر دووپاتی دڵسۆزیان بۆ زەعیم دەکەنەوە، بۆ لەناوبردنی جووڵانەوەکانی سەر بە ئیمپریالیزم و داروودەستەکەی".

لە ناوەرۆکی ئەم باسەدا برووسکەی چەند کەسێکی بڵاوکردووەتەوە، کە پشتگیرییان لە عەبدولکەریم قاسم بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی شۆڕشی ئەیلوول کردووە، لە پێشەکییەکەشیدا نووسیویەتی:

"هەزاران برووسکە و نامەی پشتگیری لە ڕۆڵەکانی گەلەوە بۆ پاسەوانانی کۆماری چواردەی تەمموز (پارێزەرانی کورد و عەرەب و تورکمان) هاتووە، کە پشتیوانیان بۆ هەنگاوەکانی سەرکەوتنی کۆمار دەربڕیوە، پاڵپشتی خۆیان بۆ سەرۆک قاسم دووپات کردووەتەوە، بەبۆنەی زاڵبوونی بەسەر جووڵانەوەی ئیمپریالیزم و سیخوڕەکانی، وە هیوای مانەوە بۆ کۆمارە بەنرخەکەمان دەخوازن، وە کاری تاوانکارانەی ئەو کەسانە ڕەت دەکەنەوە، کە بانگەشەی جوداخوازی و ئاژاوە و دووبەرەکی دەکەن و کاری چەتەیی لە باکووری وڵات ئەنجام دەدەن"[٣].

لە ژمارەکانی دیکەی (الزمان)دا، گۆشەیەکی تایبەتی بۆ ئەو کەسانە داندراوە کە نامەی پشتگیری و هاوسۆزییان بۆ عەبدولکەریم قاسم ناردووە، ئەم گۆشەیەش ناونراوە:

---

(١) جەمال نەبەز، باسنامە...، ل١٣٩.

(٢) الزمان، ڕۆژنامەیەکی سیاسیی گشتی بوو، خاوەن ئیمتیازەکەی ئیبراهیم سەمعانی بوو، سکرتێری نووسینی، مەحموود نەدیم ئیسماعیل بوو، بەپێی سەرچاوەیەک یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەکە لە تەمموزی ساڵی ١٩٢٧ دەرچووە، بەڵام چەند جارێک وەستاوە و ئیمتیازی دەرچوونی پێدراوەتەوە، وەک ساڵی ١٩٥٤، تا کودەتای هەشتی شوباتی ساڵی ١٩٦٣ بەردەوام بوو. رزاق کردی حسین (الدکتور)، صحیفه الزمان البغدادیه، کلیة تربیة للبنات للعلوم الانسانیة (المجلة)، ع(١٤)، السنة الثامنة، ٢٠١٤، ص٩٨.

(٣) الزمان، ع(٧٢٣٣)، ١٩٦١/٩/١٦.

"جماهير الشعب تستنكر التمرد الاستعماري و تؤيد اجراءات الحكومة بسحق الخونة". واتە: جەماوەر، سەرکۆنەی یاخیبوونی ئیمپریالیزم و پشتیوانی ڕێکارەکانی حکوومەت دەکات بۆ لەناوبردنی خیانەتکاران[١].

لە ژمارەکانی دیکەی ڕۆژنامەکەدا، هەندێک هەواڵ و وتاری دیکە بڵاوکراوەتەوە، کە ئامانجیان ناشرینکردن و لەکەدارکردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد بوو لە بەرچاوی وڵاتانی عەرەبیدا، هەوڵ دراوە، جووڵانەوەکە بە ئامرازی دەستی ئیمپریالیزم بناسێنێت، ئەمەش بۆ ئەوە بووە، کە کاردانەوەی ئەو وڵاتانە بەرامبەر بزووتنەوەکە بوروژێنێ. هەر بەو ئامانجە، ڕۆژنامەی (الزمان)، لە ڕێکەوتی ٢١ی ئەیلوولی ١٩٦١ وتارێکی ڕۆژنامەی (البناء)[٢]ی لوبنانی، لەژێر ناوی (تێکشکاندنی چەتەکان لە باکووری عێراق) گواستووەتەوە، کە تیایدا هێرش دەکاتە سەر شۆڕشی ئەیلوول و نووسیویەتی:

"ڕۆژنامەکانی ڕۆژئاوا (لەندەن) و (پاریس)، بەپێی بەرژەوەندییەکانی خۆیان و ڕقیان لە قاسم، باس لە جووڵانەوە جوداخوازییەکەی باکووری عێراق دەکەن، ئەو ڕۆژنامانە لەلایەک نیگەرانن بە جووڵانەوە جوداخوازییەکەی چۆمبی لە کۆنگۆ[٣]، لەلایەک دڵخۆشن بە جووڵانەوەکەی باکووری عێراق (ڕۆژنامەکە ناوی ناوە جووڵانەوەی چۆمبی لە باکووری عێراق)"[٤].

(١) بڕوانە ژمارەکانی دوای ژمارە (٧٢٣٣).

(٢) البناء، ڕۆژنامەیەکی لوبنانی بوو، بە زمانی عەرەبی لە بەیرووت دەردەچوو، یەکەم ژمارەی لە ساڵی ١٩٥٨ دا دەرچووە، کۆمپانیای زانیاری نیشتیمانی دەری دەکرد. تا ئێستاش بەردەوامە.

(٣) چۆمبی: جووڵانەوەیەکی جوداخوازی کۆنگۆیی بوو، مۆییز کامپادا چۆمبی (١٩١٩-١٩٦٩)، سەرۆکایەتی دەکرد. دوای سەربەخۆیی کۆنگۆ لەساڵی ١٩٦٠، بە هاوکاری بەلجیکییەکان، سەربەخۆیی لە هەرێمی (کاتانگا) ڕاگەیاند، وڵاتی بەلجیکا دانی بە سەربەخۆییەکە نا و پەیوەندی ئابووری لەگەڵدا بەست، تا ساڵی ١٩٦٣ بەردەوام بوو، پاشان نەتەوەیەکگرتووەکان بە هەڕەشەی هێز هەرێمەکەی گەڕاندەوە سەر کۆنگۆ، چۆمبی ڕایکردە ئیسپانیا پاشان گەڕایەوە و کرایە سەرۆکوەزیرانی کۆنگۆی دیموکراتی و تا ساڵی ١٩٦٥ بەردەوام بوو:

Dictionary of African Biography - Emmanuel Kwaku Akyeampong, Henry Louis Gates (Jr.)

(٤) الزمان، ع(٧٢٣٧)، ١٩٦١/٩/٢١.

عەبدولکەریم قاسم لە ڕێکەوتی ٢٣ی ئەیلوولی ١٩٦١، کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی فراوانی لە شاری بەغدا گرێدا، تەوەری سەرەکی کۆنگرەکە دەربارەی کێشەی کوردستان بوو، زۆربەی ڕۆژنامەکانی ئەوسای عێراق، دەقی پەیڤەکانی عەبدولکەریم قاسمیان بڵاوکردەوە، کە تیایدا ئاماژە بە دوا پێشهاتەکانی کوردستان و بۆچوونی بەرامبەر بە کێشەی کورد دەکات، ڕۆژنامەی (الثورة)، لە ژمارەی ڕۆژی ٢٤ی ئەیلوولی ساڵی ١٩٦١، بەشێکی سەرەکی کۆنگرەکەی گواستووەتەوە، نووسیویەتی:

"پێشەوا عەبدولکەریم قاسم جەخت دەکاتەوە، کە ئەمەی لە باکوور ڕوودەدات خواستی هەموو گەلی کورد نییە، بەڵکو دەستە و تاخم و گروپێک، بە دەسیسەی ئیمپریالیزم پێی هەڵساون، بۆیە ئەرکی سەرشانمانە ڕووبەڕووی ببینەوە و لەناوی ببەین، بێگومان سەرکەوتن بەسەر یاخیبووان هاوشێوەی سەرکەوتنمانە لە شۆڕشی ١٤ی تەممووزدا".

هەر لە هەمان ئەو ژمارەیەی ڕۆژنامەکەدا، بابەتێک لە ژێر ناوی (هەماهەنگی بارزانی لەگەڵ ئیمپریالیزم)، بڵاوکراوەتەوە، لە پوختەی وتارەکەدا ئەم خاڵانە وروژێندراوە:

١. لە ڕووداوەکانی ساڵی ١٩٤٥دا، ئاڵوگۆڕی نامە لە نێوان مەلا مستەفا و ئینگلیزدا هەبووە، ئەو کە گەڕایەوە سەر یارییەکەی پێشووی خۆی، کە هەڵکردنی ئاگری ئاشووب بوو، مەبەستی سەرقاڵکردنی سوپای عێراق بوو، نەوەکو سوپاکە جموجووڵ دژی ئینگلیزەکان بکات، تاکو جەنگی جیهانی، کۆتایی دێت.

٢. مەلا مستەفا نامەیەکی بۆ ئیدمۆندز[1] لە وەزارەتی ناوخۆ ناردووە، ئەمەش لە وەڵامی نامەیەکی پێشوودا بوو، کە ئێدمۆندز بۆی ناردبوو، لە نامەکەدا هاتووە، مەلا تەنیا دەیەوێت دڵی ڕازی بکات و داوای بەزەیی لێدەکات و ئەگەر فەرمانیشی کرد ئاگرێک دادەگیرسێنێت و خۆی فڕێدەداتە ناویەوە. هەروەها ئامادەیە بۆ خزمەتکردن، بەڵام لە ئێستادا هیوادارە بە

(١) جۆن سیسیل ئیدمۆندز (١٨٨٩-١٩٧٩)، ڕاوێژکاری سیاسی بەریتانی، بەشداری جەنگی جیهانی یەکەمی کردووە، لە عێراق و ئێران ڕۆڵی گێڕاوە، زۆر ئەرکی دیبلۆماسییانەی پێ سپێردراوە، لەوانە لە نێوان ساڵانی ١٩٣٥-١٩٤٥ دا بووەتە ڕاوێژکاری وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا لە عێراق، بایەخی بە کورد داوە، ساڵی ١٩٥١ لە زانکۆی لەندەن مامۆستای زمانی کوردی بووە، لەگەڵ تۆفیق وەهبی فەرهەنگی (کوردی-ئینگلیزی) یان داناوە. مایکڵ گەنتەر، فەرهەنگی مێژووی کورد، و:مامکاک، دەزگای ئاراس، ٢٠٠٧، ل١٦٨.

پێشنیارەکەی حکوومەت ڕازی نەبێت، هەروەها هیچ ئومێدێکی نییە جگە لە هەوڵەکانی بەڕێز ڕاوێژکار نەبێت، فەرمان تەنیا فەرمانی ئەوە[١].

٣. نامەیەک لە کانوونی دووەمی ١٩٤٣ەوە، لەلایەن باڵیۆزخانەی بەریتانیاوە بۆ مەلا مستەفا بارزانی نێردراوە، کە چەند مەرجێکیان بۆ داناوە، ئەگەر ویستی یاخی بێت.

٤. کاپتن ستۆکس، یاریدەدەری ڕاوێژکاری سیاسی لە کەرکووک، لە ڕێکەوتی ٣٠ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٤٣، سەردانی لیوای هەولێری کردووە و کاتی سەردانەکەیدا، نامەیەکی بۆ مەلا مستەفا ناردووە، تیایدا هەندێک ڕێنمایی پێداوە، ڕاستەوخۆ دوای گەیشتنی نامەکە، بارزانی، پەلاماری چەند بنکەیەکی پۆلیسی لە ناوچەکەدا داوە. لە ڕێکەوتی ٣ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٤٤، نامەیەکی بۆ قایمقامی قەزای زێبار و ئەوانی دیکە ناردووە و پێی ڕاگەیاندوون، کە ئەوان لەوەتەی پەیامی باڵیۆزی بەریتانیایان وەرگرتووە تا ئەو کاتە، هیچیان نەکردووە. مێجەر مۆرۆ لە مانگی ٣ی ساڵی ١٩٤٥، گەیشتووەتە زێبار و لەگەڵ مەلا کۆبووەتەوە و دواتر لەگەڵ قایمقامی زێبار دیسان لەگەڵ مەلا کۆبوونەتەوە. لەم دیدارەدا ئەوە ڕوون کراوەتەوە، کە شێخ ئەحمەدی بارزان، نیازی جووڵانەوەیەکی دیکەی هەبووە، لەو کاتەدا قایمقامی زێبار بە حکوومەتی ڕاگەیاندووە، کە سێ ئەفسەری بەریتانی هاتوونەتە ناوچەی بارزان، وە یەکێک لە هەڵهاتووەکان (مەبەستی لە بارزانییە، کە لە سلێمانییەوە گەڕابوونەوە بارزان)، لە مانگی سێی ساڵی ١٩٤٥ بە قایمقامی زێباری گوتووە کە جووڵانەوەکەیان لە ناوخۆی عێراقدا، پاڵپشتی کراوە، بۆئەوەی حکوومەتێک پێکبهێنن کە

(١) دکتۆر فازڵ بەڕاک لە کتێبەکەی بە ناوی (مصطفى البارزاني الاسطوره والحقيقه-مستەفا بارزانی لە نێوان ئەفسانە و ڕاستیدا)، هەوڵ دەدات، وێنەیەک پیشان بدات، کە بارزانی هەموو ئەو هەوڵانەی بۆ دەستکەوتی تایبەتی خۆی و خانەوادەکەی بووە، لەو نامەی کە بارزانی لە ٩ی نیسانی ساڵی ١٩٤٤ بۆ سەفیری عێراقی، ناردووە، لە بەرابیەکەیدا هاتووە، پێویستە لەسەر حکوومەتی عێراقی لە سنووری ناوچەی بارزان پاشەکشە بکات و هەندێک چاکسازی لە کوردستان ئەنجام بدات، پاشان هاتووەتە سەر مانۆڕە سەربازییەکانی حکوومەتی عێراقی کە لە ڕەواندزەوە بۆ سەر بارزان ئەنجامی داوە، نیازی خراپی حکوومەتی عێراقی پیشان دەدات، ئەمانە هەموو ئەو شتانەن، کە بارزانی لە نامەکە داوای کردووە. ئەمانە لە کوێ دەبنە خواست و ئارەزووی تایبەتی کەسێک؟ ئەوەی جێگەی پرسیارە، ئەم بزاوتەی بارزان، ئەگەر بۆ خودی بارزانی و خانەوادەکەی بووایە، ئەی بۆچی ئەو هەموو ژمارە زۆرەی خەڵکی کوردستان پشتیوانیان لێی دەکرد؟، ئەمە وێڕای دەستەبژێرە نەتەوەییەکەی کورد، لە ئەفسەران، ڕۆشنبیران، ئەندامانی ڕێکخراوە سیاسییەکانی وەک حزبی هیوا. فاضل البراك (الدکتور)، مصطفى البارزاني الاسطوره والحقيقه، بغداد، ١٩٨٩، ص١١٥.

سلێمانی و کەرکووک و هەولێر و دهۆک و خانەقین و زاخۆ لەخۆ بگرێت. بەڵام ئینگلیزەکان لە دوای کۆتاییهاتنی جەنگ، هەر هەوڵێکی لەو شێوەیان ڕەت کردەوە.

٥. مێجەر مۆرۆ، یاریدەدەری ڕاوێژکاری سیاسی موسڵ، لە مانگی سێی ساڵی ١٩٤٥دا، گەیشتە زێبار و مەلا مستەفا داوای گفتوگۆیەکی لەگەڵدا کرد، دوای ئەمە لە ٢٥ی ئاداری ساڵی ١٩٤٥، بزووتنەوەی بارزانی، هێرشیان کردە سەر بەڕێوەبەری ناحیەی نێروە و ڕێکان، دواتر یاریدەدەری ڕاوێژکاری سیاسی لە کەرکووک، هاتە ناوچەکە و پەیامێکی باڵیۆزی بەریتانیای بۆ مەلا مستەفا هێنا. زۆر ناوی دیکەشمان، لەم ڕووەوە، دۆزیەوە، لەوانە دیگبرۆن، مۆرۆ، ستۆکس، لیدی دیگبۆرن[1]، هەروەها یادداشتەکەی دیگبرۆنمان دەربارەی گفتوگۆکانی نێوان ستۆکس و مەلا مستەفا لایە.

٦. مەلا مستەفا لە مانگی سێی ساڵی ١٩٤٥، نامەیەکی بۆ کۆرنێل مید ناردووە، کە ئەمەی خوارەوەی لەخۆ گرتووە: "من لە سەر بەڵێنەکەی خۆم ماوم و تا مردنیش بەردەوام دەبم، سوێند بەخوا پێداگری ناکەم بۆ شکاندنی پەیمان لەگەڵ حکوومەتەکەی جەنابتان، داوای لە جەنابی پادشای بەریتانیا[2] و ئێوە دەکەم بۆ هیممەت و دادپەروەریتان، بۆ دەستەبەرکردنی پێداویستییەکانمان، لە هەموو ڕوویەکەوە، و ئەو دایکی ئێمەیە و ئێمەش منداڵەکانین". هەروەها ڕاپۆرتێکمان سەبارەت بە دیدارەکەی نێوان مەلا مستەفا و کۆرنێل مید لە ڕێکەوتی ٢٣ی تەممووزی ساڵی ١٩٤٥ لە مێرگەسۆر، کەوتووەتە دەست. سەبارەت بەو داواکاری و پێشهاتانەی کە لە ناوچەکەدا ڕوویانداوە. لە ٢٧ی ئابی ساڵی ١٩٤٥، مەلا مستەفا پەیامێکی بۆ کۆرنێل مید ناردووە، کە تێیدا دەڵێ حکوومەتی عێراق سوپایەکی کۆکردووەتەوە بۆ بەرەنگاربوونەوەی جووڵانەوەکەی، دەبێت ڕێگری لێبکرێت، ئەگەرنا تۆڵەی لێ دەکەینەوە. لە مانگی نۆیەمدا پەیامێکی دیکەی نارد کە تیایدا ڕایگەیاند، ئەگەر پرسەکەی ئێمە لەگەڵ حکوومەتی بەریتانیا بێت، ئەوا بە گیان و بە سامان، خۆمان ڕادەست دەکەینەوە، بەڵام ئەگەر کێشەی ئێمە لەگەڵ عەرەبە، ئەوا شەرمەزارییە بۆ ئێمە ملی کۆیلایەتیمان بۆیان کەچ بکەین.

---

(١) هەر هەموویان ئەفسەر یان کارمەندی بەریتانی بوون لە عێراق.

(٢) لە دەقە عەرەبییەکەدا نووسراوە: (جلالة ملك بريطانيا)، بەڵام لە ڕاستیدا، ئەوکاتە شاژنی بەریتانیا، مەلیکە ئەلیزابێتی دووەم (١٩٢٥-٢٠٢٢) بوو. کە هەر لە ساڵی ١٩٥٢ ەوە، ببووە شاژنی بەریتانیا. وەک لە دواییشدا، لە نامەکەی بارزانیدا ئاماژە بە وشەی دایک کراوە، کە مەبەستی ئەلیزابێتە، بۆیە ئەمە هەڵەی چاپی ڕۆژنامەکەیە.

٧. هەروەها مەلا مستەفا نامەیەکی بۆ حاجی قادر ئاغا (ناوێک) ناردووە، داوای لێکردووە، سەردانی کۆرنێل مید بکات، پێی ڕابگەیەنێت، کە ئەوان هیچ شتێکیان نییە، ئەگەر بەخشندەیی بەریتانییەکان نەبێت، هەر ئەوەیان لێ چاوەڕوان دەکەین کە بە چاوی باوکێک سەیری کوڕەکەی بکات[١].

ئەوەی لەم خاڵانە تێبینی دەکرێت، زۆربەی هەوڵەکانی پەیوەندی بارزانی بە بەریتانیا، بۆ دەموساتی شۆڕشەکەی دووەمی بارزان لە ساڵانی ١٩٤٣-١٩٤٥ دەگەڕێنەوە، ئەمەش لە کاتێکدا بووە، کە بارزانی و خانەوادەکەی لەسەردەمی ڕژێمی پاشایەتی، یەکێک بوون لەو بنەماڵانەی قوربانی زۆریان بەهۆی سیاسەتی ئینگلیز داوە، چەندین جار فڕۆکەکانی ئینگلیز ناوچەی بارزانیان بۆردومان کردووە، خەڵکەکەی ئاوارە و دەربەدەر بوونە، خودی بنەماڵەی بارزانی بۆ ناوچەکانی باشوور و ناوەڕاستی عێراق دوورخرانەوە و ڕۆژانی سەخت و ناخۆشیان لە ئاوارەییدا بەڕێکرد، تەنانەت مستەفا بارزانی هەر لە ساڵی ١٩٤٣ ەوە کە شاری سلێمانی جێهێشت و گەڕایەوە بارزان، لە عێراقی ژێر ئینتیدابی ئینگلیز، وەک ڕاکردووێك لە یاسا مامەڵەی لەگەڵ دەکرا[٢]، عەبدولکەریم قاسم خۆی لە وتارێکیدا ئاماژەی بەم بابەتە کردووە[٣].

(١) الثورة، ع(٧٠٧)، ١٩٦١/٩/٢٤؛ الحكومة الوطنية و مشكلة الشمال، من منشورات دار الجمهورية للطباعة والنشر، بغداد، ١٩٦٥، ص٨٠-٨٣.

(٢) کاتێك ڕاپەڕینەکەی شێخ ئەحمەدی بارزانی (١٩٣١-١٩٣٢) هەڵگیرسا، مستەفا بارزانی وەک گەنجێکی نێو بنەماڵەکەی، بەشداری ڕاپەڕینەکەی کرد و پاشان هەر لەسەر ئەو باوەڕە، دووچاری دوورخستنەوە و دەربەدەری هاتەوە، کاتێک لە شاری سلێمانیش گیرسانەوە، لەوێ هەر زوو پەیوەندی بە ڕێکخراوە نهێنییە ناسیۆنالیستەکانی کوردی وەک کۆمەڵەی برایەتی و حزبی هیواوە کرد، ئەوکاتە نەتەوەخوازانی کورد لە ڕۆڵی گرنگی مستەفا بارزانی لە سەرکردایەتی بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد تێگەیشتبوون، هەربۆیە لە گەڕانەوەیدا بۆ ناوچەی بارزان ساڵی ١٩٤٣ هاوکاریان کرد، تەنانەت لەکاتی هەڵگیرسانی بزاڤەکەی بارزان (١٩٤٣-١٩٤٥) کە مستەفا بارزانی ڕابەرایەتی دەکرد، بە دەیان کوردی نیشتیمانپەروەر پەیوەندییان بە بزاڤەکەوە کرد، کە بەشێکیان ئەفسەر بوون لە سوپای عێراق، لە دروستبوونی لێژنەی ئازادی، پاشان دروستبوونی پارتی دیموکراتی کوردستاندا، بارزانی وەک ڕابەرێکی نەتەوەیی بۆ سەرۆکایەتی دەستنیشان کرا. عەبدولخالق ناسر ئەلعامری (دکتۆر)، بارزانی مستەفا و دۆزی کورد، و: ئەرکان شارباژێڕی، دەزگای ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان و ئەوانیدیکە، دهۆک، ٢٠٢١، ل٨٣-٩٣.

(٣) الزمان، ع(٧٢٤٠)، ١٩٦١/٩/٢٤.

بــارزانی لە کــاتێکی وادا، کە حکــوومەتی عێــراق بە هەمــوو هێــزێکەوە هەوڵــی دەستگیرکردنی دەدا و زۆربەی هۆزەکانی ناوچەکەشی لێ هـان درابـوو، لەلایەکـی دیـکەوە، وڵاتـانی ئێـران و تورکیـا، ئەوانـیش نەیـاری سەرسـەختی دروسـتبوونی هەر جـووڵانەوەیەکی کــوردی بــوون، هەروەهــا ئەزمــوونی تــاڵی بارزانییەکــان، لە هەردوو بــزاڤەکەی شــێخ عەبدولسەلامی بارزانی[1] و شێخ ئەحمەدی بارزانی[2]، هەموو ئەوانە هۆکار بوونە، بـۆئەوەی بارزانی، بە سوودوەرگرتن لە ڕووداوەکانی جەنگی دووەمی جیهانی، هەوڵـی نزیکبـوونەوە و پەیوەنــدیگرتن لەگەڵ بەریتانییەکــان بــدات[3]. کەواتە ئەگەر پەیوەنــدیش هەبووبێــت، پەیوەندییەکە بۆ ئامانجی پشتیوانی بووە لە بـزووتنەوەی ڕزگـاریخوازی کـورد، بەرامـبەر بەو پێشێلکارییە نەتەوەییـانەی کە دوای دروسـتبوونی دەوڵەتـی عێـراق، بەرامـبەر کـورد دەکـرا، ئەمەش دوای ئەوە دێت، کە حکوومەتی عێراق ئامادەی گفتوگۆ و دانوستان نەبووە و هێرش و پەلامارەکانی بۆسەر بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد دەسـتپێکردبوو. لە سـەرێکی دیـکەوە،

(١) شێخ عەبدولسەلام کوڕی شێخ محەمەد بـارزانی (١٨٧٦/بـارزان-١٩١٤/موسـڵ)، دوای مردنـی بـاوکی ڕێبەرایەتـی ئـایینی و کـۆمەڵایەتی نـاوچەی بـارزانی کـردووە، لەتەک ئەمـانەدا، خـاوەن هەسـتێکی نەتەوایەتـیش بـووە، پەیوەنـدی لەگەڵ ڕێکخـراو و کـۆمەڵە نەتەوەیـیە کوردییەکـان و کەسـایەتییە نەتەوەخـوازە کوردەکـانیش هەبـووە، لە نێـوان سـاڵانی (١٩٠٨-١٩١٤) سـەرکردایەتی جـووڵانەوەیەکی بەرفراوانـی لە نـاوچەی بـارزان، دژی دەوڵەتـی عوسـمانی کـردووە، سـاڵی ١٩١٤، بەهـۆی ناپـاکی چەنـد کەسێکەوە لە ناوچەی ڕاژانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەسـتگیر دەکرێـت و ڕادەسـتی دەوڵەتـی عوسـمانی دەکرێتەوە، دوای دادگایی سەربازی، لە مانگی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩١٤، خۆی و چەند هـاوەڵێکی لە سێدارە دەدرێن. دیدار عوسمان، مێژووی بارزان/لە شێخ عەبدولسەلامی یەکەمەوە تا کۆتایی ژیـانی شـێخ عەبدولسەلامی دووەم، ساخکردنەوەی: نیعمەت شەهاب کەوانی، دەزگای ڕێژیار، هەولێر، ٢٠٢١، ل١٥٧.

(٢) لە سەرێکی دیکەوە، ئەم جۆرە پەیوەندییانە، لە نێو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلاندا، بابەتێکی نامۆ نـیە، لە نـاو بـزووتنەوەی عەرەبیشـدا، دەوڵەتـی پاشانشـینی حیجـاز (١٩١٦)، پاشـان عێـراق و ئەردەن و سـعوودییە و بەشـێک لە وڵاتـانی کەنـداو ، هەر بە هاوکـاری و پشـتگیری بەریتانیـا دروسـت کـران و ستراتیژییەتی نەتەوەیی خۆیان لە ژێر سایەی ئەو دەوڵەتە زلهێـزەدا پاراسـت و پەرەشـیان پێـدا. ئەمە لە کاتێکدا، بەشـێک لە ڕۆشـنبیران و دەسـتەبژێری کـوردیش لەگەڵ ئەوەدا بـوون، کە کـورد بـۆ گەیشـتن بە ئامانجەکانی، پێویستە لە زلهێزێکی وەک بەریتانیا نزیک بێتەوە، باڵێکی نێو حزبی هیوا، بە تەواوی لەگەڵ ئەو بۆچوونەدا بوون. بارزانیش کە لە سەرانی حزبی هیواوە نزیک بوو، هەمـان بیروبۆچـوونی سـەبارەت بە پەیوەندیگرتن لەگەڵ بەریتانیا هەبووە.

(٣) مستەفا محەمەد کەریم، شۆڕشی دووەمی بارزان ...، ل١٧٦-١٧٧.

هیچ کات ئینگلیز ڕووی هاوکاری پیشانی داواکانی بارزانی نەداوە. تەنانەت زۆرجار بە نیگەرانییەوە لە بزووتنەوەکەی ڕوانیوە. وەک توێژەرێک لەو بارەیەوە، نووسیویەتی:

"لەو بارودۆخەدا، بەریتانیا بیری لە بەرژەوەندییەکانی دەکردەوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، نیگەرانی ئەوە بوو کە شەڕی نێوان حکوومەت و شۆڕشگێڕان ببێتە مایەی دروستبوونی کێشە لە ناردنی هاوکارییە سەربازییەکان لە ڕێگای ئێرانەوە بۆ سۆڤییەت، لە هەمان کاتدا بە نیگەرانییە و دەیڕوانییە فراوانبوونی دەسەڵاتی سۆڤییەت لە نێو کوردەکانی ڕوژهەڵاتی کوردستان و کاریگەری و ڕەنگدانەوەی لە سەر کوردەکانی باشووری کوردستان. یەکێکی دیکە لە گرنگترین مەبەستەکانی بەریتانیا بۆ هێنانە ئارای هێمنایەتی لە کوردستان ئەوەبوو کە ئەو حکوومەتە بە هیچ شێوەیەك ڕازی نەبوو بەوەی لە دەموساتی شەڕی جیهانی دووەمدا بەرەیەکی نوێ لە باکووری عێراق و لە پاڵ سەرچاوە گرنگە نەوتییەکانی کەرکووك و موسڵدا بکرێتەوە و تەنگژەی باکووری عێراق سەرنجی دەوڵەتانی هەڤاڵبەندی ئەڵمانیا ڕابکێشێت، بۆئەوەی بە مەبەستی لاوازکردنی دەسەڵاتی بەریتانیا پشتگیری شۆڕشەکەی بارزان بکەن و لە ئاکامدا ئەو شۆڕشە و بزووتنەوەی نەتەوەی کورد گەشە بکات و وای لێبێت لە داهاتوودا توانای کۆنترۆڵکردنی نەبێت و بەرژەوەندییەکانی بەریتانیا ڕووبەڕووی مەترسی جدی بکاتەوە. مەترسی شۆڕشی بارزان لە سەر بەریتانییەکان ئەوکاتە ڕووی لە زیادبوون کرد، کاتێك کاریگەرییەکانی شۆڕش درێژبووەوە بەرەو شاری هەولێر، لە هەمان کاتدا مەترسی دروستکرد لەسەر ناوچەی کەرکووکی دەوڵەمەند بە نەوت کە هەڕەشەیەك بوو لەسەر بەرژەوەندییەکانی بەریتانیا لە عێراق. بێگومان هەر جۆرە پەشێوییەك لە کەرکووك بەو واتایە دێت کە کێشە دروست دەکات لەسەر هەناردەکردنی نەوتی ئەو ناوچەیە بۆ بەریتانیا"[١]

هەروەها ڕۆژنامەی (الزمان)، لە ژمارەی ڕۆژی ٢٤ی ئەیلوولی ١٩٦١ دا، چەند تەوەرێکی کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکەی گواستووەتەوە، لە لاپەڕەی یەکەمی ئەو ژمارەیەدا بە مانشێتێکی گەورە نووسیویەتی:

"بەهێزترین پیلانی ئینگلیزمان لە پشت یاخیبوونە ئیمپریالیزمەکە لەناو برد"، ئەمەش وەک ئەوە وایە کە بزووتنەوەکە لەناو چووبێت و شوێنەوارێکی ئەوتۆی نەمابێت، لە

(١) مستەفا محەمەد کەریم، شۆڕشی دووەمی بارزان ...، ل١٧٦-١٧٧.

بەشێکی دیکەی ناوەرۆکی وتارەکەدا، هاتووە: "مەلا مستەفای بارزانی و شێخ ئەحمەدی بارزان[1] چارەنووسیان نادیارە".

پاشان جەخت دەکاتەوە، لەوەی کە ئەوان بە بەڵگەوە دەیسەلمێنن کە بارزانی پەیوەندی لەگەڵ ئیمپریالیزمی ئینگلیز هەیە، ئاڵوگۆڕی نامە لەنێوانیاندا هەبووە، ئەوان ئەمەیان ئاشکرا کردووە. پاشان دەیەوێت چاکەی شۆڕشی ١٤ی تەمموز، بە بیر کورد بێنێتەوە، کە شۆڕش گەلێک دەستکەوتی گەورەی بە کورد بەخشیوە، ئەوەتا دەڵێت:

"بارزانییەکان بەهۆی سەرکەوتنی شۆڕشەوە، بەڕێزەوە گەڕێندرانەوە وڵات و زێدی خۆیان و ناوچەکەمان بۆ ئاوەدان کردنەوە، وە حکوومەت هەموو شتێکی بۆ دابین کردوون، ئاستی بژێوی بەرزکردنەوە، وە هەر بارزانییەک بڕی (٤٥ تا ٥٠) دیناری مانگانە بۆ بڕاوەتەوە. بارزانیش کە لەسەردەمی حوکمڕانی پێشوو فەرمانی مەرگی بۆ دەرچووبوو، کەچی دوای شۆڕش وەک کەسایەتییەکی ڕێزلێگیراو دەرکەوتەوە".

قاسم دەیەوێت وا پیشان بدات، کە وێڕای هەموو ئەو چاکانەی کە لەگەڵ کوردی کردووە، کەچی ئەوان هاتوون، بەو جۆرە پاداشتی شۆڕش و سەرکردایەتییەکەی دەدەنەوە. هەر لەو کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەدا، قاسم ئاماژە بە هەڵوەشانەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکات و پارتەکە بە تێکدەری یەکڕیزی عێراق وەسف دەکات، لە شوێنێکی دیکەدا بە زمانێکی هەڕەشەوە قسە دەکات و دەڵێت:

---

(١) شێخ ئەحمەد کوڕی شێخ محەمەد کوڕی شێخ عەبدولسەلامی بارزانە (١٨٩٦/بارزان-١٩٦٩/بەغدا)، دوای لە سێدارەدانی شێخ عەبدولسەلامی دووەمی برا گەورەی، جڵەوی ڕێبەرایەتی کۆمەڵایەتی و ئایینی و سیاسی ناوچەی بارزانی گرتە ئەستۆ، هەر زوو کەوتە ژێر کاریگەری بیری ناسیۆنالیستی و هەوڵیدا بەشداری لە بزاڤەکانی شێخ مەحموودی حەفید و شێخ سەعیدی پیراندا بکات، لە نێوان ساڵانی ١٩٣١-١٩٣٢ دا، بزووتنەوەیەکی چەکداری بەرفراوانی لە ناوچەی بارزان دژ بە حکوومەتی عێراقی و بەریتانیا ڕاگەیاند و سەرکەوتنی گەورەی بەدەستهێنا، بەڵام دواتر بەهۆی نابەرامبەری هێز و نالەباری دۆخی هەرێمی و جیهانی، شۆڕشەکەی دامرکێندرایەوە، دوای دامرکانەوەی ڕاپەڕینەکە، تا شۆڕشی ١٤ی تەممووزی ساڵی ١٩٥٨ بۆ ناوچەکانی باشوور و ناوەڕاست و شاری سلێمانی دوورخرایەوە، لە دەموساتی شۆڕشی ئەیلوولدا ڕۆڵی ئاشتەوایی نیشتیمانی گێڕاوە، خاوەن پێگەیەکی کۆمەڵایەتی و ئایینی دیار بووە، بەهۆی نەخۆشی کۆچی دواییکرد. مستەفا محەمەد کەریم (دکتۆر)، پێشهاتە سیاسییەکانی دەڤەری بارزان ١٩٠٢-١٩٣٢، دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان، چاپخانەی ڕۆکسانا، هەولێر، ٢٠٢٢، ل١٢٤.

"ئەفسەرانی عێراقی دەزانن چۆن ڕووبەڕووی بارزانی و ئیمپریالیزم دەبنەوە"[١].

لە مانگی تشرینی یەکەمیشدا پاش تێپەڕبوونی مانگێک بەسەر هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوول، ڕۆژنامە عێراقییەکان لە وتار، هەواڵ، ڕاپۆرتە ڕۆژنامەوانییەکانیان، لە بەلاڕێدابردنی ئامانجە نەتەوەییەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد بەردەوام بوونە، لە جیاتی کردنەوەی گرێکوێرەکان، هەر خەریکی تۆمەتبەخشینەوە و هێرشکردن بۆ سەر بزووتنەوەکە و سەرکردایەتییەکەی بوونە.

ڕۆژنامەی (الزمان) دیدارێکی ڕۆژنامەوانیی عەبدولکەریم قاسمی لەگەڵ ڕۆژنامەی (النهار)[٢]ی لوبنانی بڵاوکردووەتەوە، باس لە بارودۆخی کوردستان دەکات، ڕۆژنامە لوبنانییەکە لە سەرەتادا باس لە سەرکەوتنی سوپای عێراق بەسەر یاخیبوواندا کردووە، هەروەها ئاماژەی بەوە کردووە کە جووڵانەوەکە، بزاوتێکی ئیمپریالیستییە، ئینجا قسەکانی عەبدولکەریم قاسمی گواستووەتەوە، قاسم نەخشەیەکی پیشانی ڕۆژنامەنووسەکە داوە، لەگەڵ ئاماژەدان بە نەخشەکە گوتوویەتی:

"ئەو ناوچەیە (مەبەست لە ناوچەی بارزانە)، چوار سەد کیلۆمەتر چوارگۆشەیە، ناوچەیەکی شاخاوییە و ڕێگاوبانەکانیشی باش نییە، ئامرازەکانی پەیوەندیکردن تیایدا زۆر بە زەحمەتە، ئەمەش بەهۆی سەختی ناوچەکەیە، لەناکاو بینیمان ئەو ناوچەیە، گشتی یاخی بوون، ڕێگاوبانەکانیان بڕی و دەستدرێژییان دەکردە سەر کەسانی بێئاگا و دزینی خەزێنەی شارەوانییەکان و سووتاندنی گوندەکان و بێنازکردنی مندالان، بەڵام ئێمە ئەزموونی ڕابردوومان هەبوو لە باکوور، بۆیە لەوکاتەی کە کوردەکان دژی بەغدا یاخی بوون، کاتێکی درێژی ویست بۆ سەرکوتکردنیان، ماوەی سێ ساڵی خایاند، یاخیبوونەکەی پێشتر لە شوێنێکی بەرتەسکدا بوو، بەڵام ئەمجارەیان لە ناوچەیەکی بەرفراوانترە، ئێمە هەر لە سەرەتاوە هەستمان بەوەکرد کە ئەمجارە کێشەکە گەورەترە، ئەمە تەنیا یاخیبوونێک نییە، بەڵکو پیلانێکی گەورە لە پشت ئەم یاخیبوونەدا هەیە، کە کۆماری عێراقی بە ئامانج گرتووە،

(١) الزمان، ع(٧٢٤٠)، ١٩٦١/٩/٢٤.

(٢) النهار، ڕۆژنامەیەکی سیاسی لوبنانییە، یەکەم ژمارەی لە ساڵی ١٩٣٤ دەرچووە، خاوەنەکەی جوبران توینی بوو، پاشان غەسان توینی کوڕی شوێنی گرتەوە، دوای غافڵکوژکردنی لە ساڵی ٢٠٠٥، نایلە توینی ڕۆژنامەکە بەڕێوە دەبات، تا ئێستاش لە دەرچوون بەردەوامە. An-Nahar: Contact Information, Journalists, and Overview | Muck Rack.

بۆیە پلانێکی سەربازیی نوێ و تۆکمەمان دانا، کە لە ماوەی هەفت ڕۆژدا یاخیبووانمان شپرزە کرد، هەموو هۆکارێکی پەیوەندیمان لە نێوانیاندا بڕی، بەمەش کۆمەڵی بچووک بچووک مانەوە، ئێستا وا خەریکین ئەوانیش لەناو ببەین، سەبارەت بە برا کوردەکانیش کە هاوسۆزی یەکێتی خاکی عێراقن، ئەوان لەگەڵ برا عەرەب و تورکمانەکان، لە ژیانێکی سەربەرزانەدا دەژین".

پاشان دەڵێت: "لە دوا کۆنگرەی ڕۆژنامەوانیدا ئاماژەمان بەوەدا، کە ئێمە دەیسەلمێنین ئەمەی لە باکوور ڕوودەدات، پەیوەندی بە پیلانی ئیمپریالیزمەوە هەیە، کە کوردەکان بۆ شۆڕش هان دەدات و چەکداریان دەکات". دواتر ڕۆژنامە لوبنانییەکە، پرسیار لە قاسم دەکات، کە ئایا هیچ بەڵگەیەکتان لە بەردەستە، لەسەر پەیوەندی نێوان بارزانی و ئینگلیز؟، ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی داونەتەوە: "ئێمە بەڵگەمان لە بەردەستە، دەیسەلمێنێت کە بارزانی پەیوەندی بە ئینگلیزەوە هەیە، ئێمە ئەو بەڵگانە دەدەینە دادگا، تا لە کێشەی یاخیبووانی سەر بە ئیمپریالیزم لە باکوور بکۆڵێتەوە، ئەو کەسانە دادگایی بکرێن، کە یاخی بوونە و بەشدارییان تێیدا کردووە، تا ئێستا بڕیارمان نەداوە کە ئەو دادگایە سەربازی یان مەدەنی دەبێت، بەڵام بەپێی بەڵگەنامەکان بڕیار دەدات و تاوانباران بە سزای خۆیان دەگەیەنێت"[1].

هەر ڕۆژنامەی (الزمان) لە ژمارەی ڕۆژی دوازدەی تشرینی یەکەمی ١٩٦١، دەربارەی پێشهاتەکانی کوردستان، ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەوانی ئامادەکردووە، بە چەند بڕگەیەک ڕوومالی ڕووداوەکان دەکات، لە بڕگەی یەکەمی ڕاپۆرتەکەدا، باس لە پاکتاوکردنی شۆڕشگێڕانی کورد دەکات، کە تیایدا هاتووە:

"هێزەکانی پۆلیس بە هاوکاری هێزە نانیزامییەکان بەرەو ناوچەی بارزان پێشڕەوییان کردووە و ناوچەکەیان لە یاخیبووان پاک کردووەتەوە، ئەمەش دوای ئەوە دێت، کە هەندێک لە هۆزە کوردییەکانی لایەنگری حکوومەت، وەک شێخ مەعاویەی ئێزیدی[2] و

(١) الزمان، ع(٧٢٥٤)، ١٩٦١/١٠/١١.

(٢) مەعاویە ئیسماعیل عەبدی بەگ (١٩٢٧-١٩٩٥)، نەوەی عەلی بەگی میری ئێزیدییانە، باوکی ئیسماعیل بەگی میری ئێزیدییان بووە، ئەم بنەماڵەیە و بنەماڵەی میر تەحسین سەعید بەگ، خۆیان بە میرانی ئێزیدیی لە هەموو جیهان دادەنێن. دەربارەی ڕۆڵی میرانی ئێزیدی، بڕوانە: جون س.کیست، الحیاة بین الکرد..الیزدیین، دار سپیریز للطباعة والنشر، دهوک، ٢٠٠٥.

شەڕەفانییەکان[١]، کۆنترۆڵی گوندی (بیرەکەپرا)[٢]یان کردووە، هەروەها زێباری[٣] و سورچییەکانیش[٤] دەستیان بەسەر چیای پیرس[٥] و گوندی (سەفتی)[٦]یدا گرتووە، لە ڕۆژی شەممەوە هێزەکان بەو زێیەدا پەڕیونەتەوە کە هەردوو دیوی لیوای موسڵ و هەولێر (مەبەست زێی گەورەیە) لێک جیا دەکاتەوە".

بەپێی ئەم ڕاپۆرتە بێت، دەبێت لە کۆتاییەکانی مانگی ئەیلوول، هێزەکانی عێراق، بە تەواوی دەستیان بەسەر قەزای ئاکرێ و دۆڵی نەهلێ[٧] و دێهاتەکانی هەر دوو دیوی زێی گەورەدا گرتبێت.

---

(١) هۆزێکی کوردن لە ناوچەی (سێمێل)ی پارێزگای دهۆک نیشتەجێن، عەبدی ئاغای شەڕەفانی یەکێک لە سەرۆکەکانی ئەو هۆزە بوو. بشير سعيد عبدالرحمن، المصدر السابق، ٤٣٢.

(٢) بیرە کەپرا یان سەرکەپرا، گوندێکە کەوتووەتە سەر زێی گەورە، لە سەردەمی عوسمانییەکان ناوەندی قەزای زێبار بووە، کە پێیان گوتووە (پیکارباشی)، ئێستا سەر بە قەزای ئاکرێیە. فەیسەڵ دەباغ، کوردستان لە چاپکراوە عوسمانلییەکاندا، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٤، ل٨٦.

(٣) زێباری هۆزێکن لە ناوچەی ئاکرێ، بەهۆی ئەوەی ناوچەکەیان کەوتووەتە سەر زێی گەورە، بۆیە بە زێباری ناو دەبرێن، بە پێی ساڵنامەی عوسمانی لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم، ژمارەیان ١٠٠٠ خێزان و خاوەنی ٢٨ گوند بوونە. لە سەرۆکهۆزەکانیان فارس ئاغا و مەحموود ئاغای زێباری بوونە. بشير سعيد، المصدر السابق، ص٢٣٧-٢٤٣؛ فەیسەڵ دەباغ، سەرچاوەی پێشوو، ل٨٦.

(٤) سورچییەکانیش هۆزێکی کوردن، لە هەردوو دیوی زێی گەورە، کە جاران هەردوو لیوای موسڵ و هەولێری لێک دەکردەوە، نیشتەجێن. بنەماڵەی شێخان، خانەوادەی شێخ ئەحمەدی کۆلکی سەروکاری ئەم هۆزەیان بەڕێوەبردووە، کە مەڵبەندەکەیان گوندی بجێل، لە قەزای ئاکرێ بووە. بشير سعيد، المصدر السابق، ص٣٩٢.

(٥) ئەم چیایە دەکەوێتە باشووری ناوچەی بارزان، ١٧٦٢ مەتر لە ئاستی ڕووی دەریاوە بەرزە، شاخێکی پڕ لە لێڕەواری سەختە، دەڕوانێتە سەر هەندێک لە گوندەکانی نزاری ناوچەی بارزان. عەبدولڕەحمان مەلا حەبیب، عەشیرەتی بارزان لە نێوان ١٩٣١-١٩٩١، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، ٢٠٠١، ل٩.

(٦) لە دێیەکانی نزاریی دەڤەری بارزانە، کەوتووەتە بناری چیای پیرس. هەمان سەرچاوە، ل٩.

(٧) دەشتی نەهلێ، دەشتێکە پڕ ئاووئاوەدان، بەڵام داری کەمە، نیوەی گوندەکانی لە هۆزی سورچین و چەند گوندێکی ئاشووریشی لێیە، درێژایی ئەم دەشتە نزیکەی پێنج هەزار یارد دەبێت، چیای پیرس دە کەوێتە باکوور چیای ئاکرێش دەکەوێتە باشووری دەشتەکەوە، هۆزی سورچی لە ڕۆژهەڵات و هۆزەکانی زێباری و دەشتیك، دانیشتووانی ڕۆژئاوای دەشتەکە پێکدەهێنن، سێ ڕێگا بە چیای ئاکرێدا تێدەپەڕن و لە گوندی گربیش لە دەشتی نەهلێ ڕێگاکان دەگەنەوە یەک. ئیسماعیل ئەردەلان،

مەسعود بارزانی[١] لە کتێبی (بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد) باس لەم هێرشانەی سوپای عێراق لە ١٦ی ئەیلوولی ١٩٦١ دەکات، کە چۆن هێزی ئاسمانی زۆر بە چڕوپڕی ناوچەی بارزانی بۆردومان کرد، بە جۆرێک هیچ گوندێک نەما لەم بۆمبابارانە دەرباز بووبێت، تەنانەت خودی خانەوادەکەی مستەفا بارزانی خەریک بووە، بەر ئاگری بۆمبارانەکە بکەون، بۆیە بە ناچاری گوندی بارزانیان جێهێشتووە، داویانەتە پاڵ شاخەکان. هەروەها باس لەوەدەکات، کە چۆن سوپای عێراق بە هاوکاری جاشەکان لە قۆڵی ئاکرێ، هێرشیان کردووەتە سەر سەری ئاکرێ و چیای پیـرس، هەرچەندە مستەفا بارزانی و پێشمەرگەکانی لە قۆڵی ئاکرێ و دۆڵی نەهلە ڕووبەڕووی سوپای عێراق و جاشەکان بوونەتەوە، بەڵام بەهۆی پچڕانی ئامرازەکانی پەیوەندیکردن، بارزانی و هاوڕێکانی لەلایەن جاشەکانەوە گەمارۆ دراون، زۆر بە ئاستەم ڕزگاریان بووە[٢].

لە بڕگەیەکی دیکەی ڕاپۆرتەکەدا هاتووە:

"هێزێک لە هەولێرەوە بەڕێکەوتووە، بە مەبەستی کۆنترۆڵکردنی تەواوی ناوچەی بارزان، ئەو ناوچەیە هەمیشە سەرچاوەی ئاژاوەگێڕی و یاخیبوون و حەشارگەی چەتە و ڕێگران بووە، ئەم هێزە لە هەردوو هێزی زەمینی و ئاسمانی پێکهاتووە".

---

نهێنییەکانی بارزان، و: ڕەنجبەر شەوکەت پیرانی، دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان، چاپخانەی ڕۆکسانا، هەولێر، ٢٠٢٢، ل٩٠.

(١) مەسعود مەلا مستەفا بارزانی، ساڵی ١٩٤٦ لە شاری مەهاباد لەدایکبووە، دوای تێکچوونی کۆمار، لەگەڵ ماڵباتەکەی گەڕاونەتەوە باشووری کوردستان، بەشداری شۆڕشی ئەیلوولی کردووە (١٩٦١-١٩٧٥) و ڕۆڵی بەرچاوی لە نێو شۆڕشدا گێڕاوە، دوای نسکۆی شۆڕش ١٩٧٥، لەگەڵ ئیدریس بارزانی برای و دەستەیەک لە ئەندامانی پێشووی پارتی دیموکراتی کوردستان، سەرکردایەتی کاتیی پارتی (قیادە موئەقەتە) یان دامەزراندەوە، هێزی چەکدارییان ڕێکخستەوە، دەستیان بە چالاکی پێشمەرگایەتی لە شاخ کردەوە، لە کۆنگرەی نۆیەمی پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان هەڵبژێردراوە و تا ئێستا بەردەوامە، وەک سەرۆکی بەرەی کوردستانی ڕۆڵی پێشەنگی لە ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی ١٩٩١ دا گێڕاوە، لە نێوان ساڵانی (٢٠٠٥-٢٠١٧) دا، بە سەرۆکی هەرێمی کوردستان هەڵبژێردراوە و سەرکردایەتی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان بوو کە بۆ یەکەمینجار بە فەرمی لە کوردستان ئەنجامدراوە. وەرگیراوە لە ماڵپەڕی فەرمی مەسعود بارزانی.

(٢) مەسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٨.

وەک سەرچاوەی پێشوو ئاماژەی پێدەکات، کە ئەم هێزە ڕەتلی دوو (لە تیپی دووی سوپای عێراق-ت) بووە، لە قۆڵی ڕەواندزەوە هێرشیان کردووەتە سەر بارزان، بەڵام هێزەکەی بارزانی، بەسەرکردایەتی محەمەد میرخان مێرگەسۆری[١] توانیان سوپای عێراق لە سنووری (مەزنێ)[٢]ی ناوچەی بارزان بوەستێنن، نەهێڵن زیاتر پێشڕەوی بکەن[٣].

هەر لەو ڕاپۆرتەدا ستایشی ڕۆڵی ئەو سەرۆک هۆزە کوردانە کراوە، کە هاوکاری سوپای عێراقیان بۆ سەرکەوتن بەسەر شۆڕشگێڕاندا کردووە، ئەوانیش وەک شێخ مەعاویەی یەزیدی و مەحموود ئاغای زێباری[٤] و شێخ سابیر سوورچی[٥] و شێخ قادر[٦]و پیاوەکانیان، کە ئەوانە توانیویانە، لەگەڵێک شوێندا، دەست بەسەر سەنگەرەکانی شۆڕشگێڕاندا بگرن. لە بەشێکی دیکەی ڕاپۆرتەکەدا ئاماژە بە خۆبەدەستەوەدانی بارزانییەکان کراوە، لەوانەش وەک شێخ ئەحمەدی بارزان و خانەوادەکەی کە خۆیان ڕادەستی تیپی کەرکووک کردووە، پشتگیری خۆیان بۆ عەبدولکەریم قاسم دووپات کردووەتەوە و حکوومەتیش بەڵێنی پاراستنی پێداون.

(١) محەمەد ئەمین میرخان مێرگەسۆری (١٩١٧/مێرگەسۆر-١٩٦٢/موسڵ)، پێشمەرگە و خەباتگێڕی ناسراوی دەڤەری بارزان، بەشداری کۆماری کوردستانی کردووە و بووەتە ئامر سریە بە پلەی نەقیب، لە ڕووکردنە یەکێتی سۆڤییەتدا، هاوەڵی بارزانی بووە، لە شۆڕشی ئەیلوولدا کراوە بە فەرماندەی هێز، لە ١٨ی ئەیلوولی ١٩٦٢، وای ئەوەی بە برینداری براوەتە شاری موسڵ، دوای چاک بوونەوە، تیرۆرکراوە. عەلی کەمال بەرزی، کەسایەتی ناودارانی کورد سەدەی بیستەم، ب١، چاپخانەی زانکۆ، هەولێر، ١٩٩٩، ل٢٥٥.

(٢) مەزنێ، گوندێکە کەوتووەتە سنووری هۆزی دۆلەمەری لە بناری چیای قەلەندەری دەڤەری بارزان.

(٣) مەسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٩.

(٤) مەحموود ئاغای زێباری، سەرۆک عەشیرەتی زێباری ناوچەی ئاکرێ بوو، ناوبراو لە خوولی یازدەهەم تا شازدەهەم ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بە نوێنەرایەتی لیوای موسڵ بوو، ساڵی ١٩٧٥ کۆچی دواییکردووە. ئەحمەد حەمەدئەمین ئۆمەر، ئەندامە کوردەکانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقی لە ڕۆژگاری پاشایەتیدا ١٩٢٥-١٩٥٨، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠٠٧.

(٥) شێخ سابیر شێخ ڕەقیب سورچی، یەکێکە لە سەرۆکەکانی هۆزی سورچی، لە دێی سەردەریای دەڤەری ئاکرێ لەدایکبووە، باوکی شێخ ڕەقیب یەکێک بووە لەوانەی، کە لە ساڵی ١٩١٩ دا، بەشداری بزاڤی چەکداری دژ بە ئینگلیزی کردووە، ساڵی ١٩٥٣ شێخ سابیر شوێنی باوکی گرتووەتەوە، تاکو ساڵی ١٩٩٧ بەردەوام بووە، لەو ساڵەدا لە موسڵ کۆچی دواییکردووە. بەرنامەی دیداری تایبەت لەگەڵ شێخ زاهید سورچی بڕوانە: (https://youtu.be/VimSQT_YZVg)

(٦) ڕوون نیە مەبەست لەم شێخ قادرە کێیە-ت-.

لە شوێنێکی دیکەدا، هاتووە:

"جگە لە ناوچەی بارزان، ناحیەکانی گ‌ولی و سندی لە قەزای زاخۆ کەوتوونەتەوە ژێر کۆنترۆڵی حکوومەت، دەست بەسەر هەموو ئەو بارەگا و بنکە پۆلیسیانەدا گیراوەتەوە کە لە سەرەتای بزاڤەکەدا کەوتبوونە ژێر دەستی یاخیبووان، لەلایەکی دیکەوە هێزەکانی حکوومەت بە تەواوی ناوچەکانی قەزای ئامێدییان پاک کردووەتەوە، بنکەی پۆلیس و فەرمانگەکانی وەک تەلەفۆن و ئیشغال دەستیان بەکار کردووەتەوە و دەست بە چاککردنەوەی ئەو ڕێگاوبانانە کراوە، کە لە کاتی شەڕدا تێکچووبوون، بەم شێوەیە ئاڵای عێراق لە سەرجەم ناوچەکانی باکوور دەشەکێتەوە"[١].

هەروەها لە ژمارەیەکی دیکەی هەمان ڕۆژنامەدا، کە لە ڕۆژی پازدەی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٦١ دا دەرچووە، ڕاپۆرتێکی بڵاوکردووەتەوە، تیایدا ئاماژە بەوە دەکات کە سوپای عێراق لە چالاکییەکانیان سەرکەوتوو بوونە، مەلا مستەفای بارزانی پەنا ی بۆ ئەشکەوتەکان بردووە، بەشێک لە خانەوادەکەی خۆیان ڕادەستی حکوومەتی عێراق کردووەتەوە. لە کۆتایی ڕاپۆرتەکەشدا هاتووە، بەشێک لە سەرۆک هۆزەکانی سلێمانی و کەرکووک و هەولێر، ئەوانەی بەشداری یاخیبوونەکەیان کردبوو، خۆیان ڕادەستی حکوومەت کردووەتەوە و لێکۆڵینەوەی سەرەتایی لەگەڵیاندا بەردەوامە[٢].

ئەوەی ڕۆژنامە عێراقییەکە بە خۆبەدەستەوەدان ناوی بردووە، لە ڕاستیدا چەند هەوڵێکی ئاشتەوایی شێخ ئەحمەدی بارزان بووە. بە مەبەستی گەڕانەوەی ئاشتی و ئارامی بۆ کوردستان و هەموو عێراق، شێخ ئەحمەدی بارزان، دوابەدوای شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ساڵی ١٩٥٨، لەگەڵ دانوستان و هێورکردنەوەی بارودۆخی عێراقدا بوو، هەمیشە ویستوویەتی پردێکی پەیوەندی پتەو بێت لە نێوان بارزان و بەغدا، بۆئەوەی بارودۆخەکە لەوەی هەیە زیاتر تەشەنە نەکات و نەگاتە ڕادەی ئاڵۆزی و ئومێدی چارەسەرکردن لەدەست بدات، واتە ئەم تا ئەوساتە بەشێک نەبوو لە شۆڕشی ئەیلوول، تا خۆی ڕادەست بکات. لە سەرەتاکانی مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٦١، شێخ ئەحمەدی بارزان بە ڕێککەوتن لەگەڵ مستەفا بارزانیی برای، بڕیاری ڕاگرتنی شەڕی دا، مستەفا بارزانی داوای

(١) الزمان، ع(٧٢٥٥)، ١٩٦١/١٠/١٢.

(٢) الزمان، ع(٧٢٥٨)، ١٩٦١/١٠/١٥.

لێکرد، ڕێگەی بدات خۆی و پیاوەکانی بچن بۆ گوندی (دۆرێ)[١]، چەند ڕۆژێک لەوێدا مانەوە، دوای ئەمە، هەوڵی ئاشتەوایی، شێخ ئەحمەدی بارزانی گەیاندە بەغدا و لەگەڵ عەبدولکەریم قاسم کۆبووەوە، ڕەزامەندی پیشان دا کە سوپای عێراق کۆنترۆڵی ناوچەی بارزان بکات، بەمەش پێشمەرگە لە ناوچەی بارزان پاشەکشەی کرد و سوپای عێراق گەڕایەوە ناوچەی بارزان و مێرگەسۆر، پاشان هەر بەپێی ڕێککەوتنەکە، هێزە عێراقییەکان لە ناوچەکەدا کشانەوە، گرەنتی ئارامی ناوچەکەیان لە شێخ ئەحمەد بارزانی وەرگرت. لەو ماوەیەدا چەند جارێک شەڕی نێوان پێشمەرگە و جاشەکان ڕوویدا، لە کۆتاییدا ناوچەکە لە جاشان پاککرایەوە، تەنیا هێزی نیزامی عێراقی لێ مایەوە، خێزانە بارزانییەکانیش گەڕانەوە ناوچەکانی خۆیان[٢].

ئەگەر لە ناوەرۆکی ئەم وتارانە ورد بینەوە، کە عەبدولکەریم قاسم و ڕۆژنامە عێراقییەکان، دژ بە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، لە دەموساتی شۆڕشی ئەیلوول، وروژاندوویانە، دەکرێت بڵێین بەو مەبەستانە بووە:

١. جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی کورد، جووڵانەوەیەکی خۆڕسک نییە، بەڵکو بەکرێگیراوی ئیمپریالیزمە، ئامانجەکانی ئەوان لە خاکی عێراقدا جێبەجێ دەکات، ئیمپریالیزم هەوڵ دەدات، کورد وەک ئامرازێک بۆ مەرامەکانی خۆی و دژایەتی عەبدولکەریم قاسم بەکاربێنێت.

٢. جووڵانەوەکە هەوڵی دابەشکردنی خاکی عێراق دەدات، هەوڵ دەدات پەرتەوازەیی لە یەکڕیزی خاکی عێراق دروست بکات.

٣. جووڵانەوەکە جووڵانەوەیەکی چەتەگەرییە، کاریان فێڵکردن و دزینی سامانی خەڵک و هەڵکوتانە سەر خەڵکی بێتاوان و وێرانکردن و کوشتن و تالانکارییە.

٤. سەرکردەی بزووتنەوەکە، کەسێکی لە یاسا ڕاکردووە، بەکرێگیراوی ئیمپریالیزمە.

٥. بزووتنەوەکە، گوزارشت لە هەموو کورد ناکات، بەڵکو دەستە و تاخمێکی دیاریکراون، لەکەسانی بەرژەوەندیخواز و دەرەبەگ پێکهاتوون. بۆ مەرام و ئامانجی تایبەت بە خۆیان، بە پاڵپشتی ئیمپریالیزم دەستیان داوەتە بزووتنەوەکە.

(١) یەکێکە لە دێیەکانی ناوچەی بارزان، سەربە ناحیەی گۆڕەتووی قەزای مێرگەسۆری پارێزگای هەولێرە.

(٢) مەسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل٤١-٤٤.

ئەگەر بە وردی لەو خاڵانە بڕوانین، درک بەوە دەكەین كە ئەو پەیامانە، ئەوەندەی بە گیانی ناشرینكردنی بزووتنەوەكە ڕاگەیەندراون، ئەوەندە بە گیانی نیشتیمانیی یەكێتی خاكی عێراق و پەیامی ئاشتیخوازانە، ڕانەگەیندراون. عەبدولكەریم قاسم، بێ ئەوەی دەرفەتێک بۆ بەرامبەرەكەی بهێڵێتەوە، یەكلایەنانە بڕیاری كۆتاییپێهێنانی بزووتنەوەكەی دابوو، تەنانەت هەموو دەستپێشخەرییەكی ئاشتییانەی ڕەت دەكردەوە. لە ڕێكەوتی ٦ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٦١، مستەفا بارزانی بە فەرمی لەلایەن پارتی كۆمۆنیستی سۆڤییەتی بانگهێشت كرایە مۆسكۆ، مەبەستیش لە بانگهێشتەكە، بەشداریكردنی بوو لە ئاهەنگەكانی چل و دووەمین ساڵیادی شۆڕشی ئۆكتۆبەر. لەوێ چاوی بە سەركردەكانی یەكێتی سۆڤییەت كەوت، لە سەردانەكەیدا بارزانی بارودۆخی خراپی نێوان كورد و قاسمی پێ ڕاگەیاندن، داوای لە سەرانی یەكێتی سۆڤییەت كرد، فشار بخەنە سەر قاسم دەست لە هەڵمەتی دژایەتیكردنی كورد هەڵبگرێت، هەروەها باسی لە هەلومەرجی عێراق و لایەنە سیاسییەكان و كەمینە نەتەوایەتییەكان كرد، بەرپرسانیش بەڵێنیان پێدا، كە لە ڕێگەی باڵیۆزخانەكەیانەوە لە شاری بەغدا، چاویان بە سەرۆكوەزیران بكەوێت و داخوازییەكانی كورد بۆ قاسم بخەنە ڕوو. ئەم بانگهێشتنامەیە قاسمی زۆر تووڕە كرد، كەوتە گەلەكۆمەكی دژایەتی بارزانی، هەوڵیدا سەرۆک هۆزە كوردەكان لە دژی هان بدات. بارزانی لە ڕێكەوتی ١٣ی كانوونی دووەمی ساڵی ١٩٦١ گەڕایەوە بەغداد، دۆخەكە ڕووی لە ئاڵۆزی كردبوو[١]. وەک سەرچاوەیەک ئاماژەی پێدەدات: "بارزانی دوای گەڕانەوەی لە یەكێتی سۆڤییەت، بۆ ئارامكردنەوەی دۆخەكە، كەوتە هەوڵدان بۆ دیدار و چاوپێكەوتنی قاسم، بەڵام ئەو بە ئەنقەست گوێی لێ كەڕ دەكرد، دەستی دایە خاوەخاوكردن و دەستبەجێ بە دەنگ داواكەی بارزانی نەچوو، تاكو لە مانگی شوبات چاوی بە بارزانی كەوت، لەم دیدارەدا، بارزانی هەوڵیدا دڵی قاسم بهێنێتەوە جێ، گومانەكانی بڕەوێنێتەوە، دڵنیای بكات كەوا هەرچی گومان لە دڵیدا هەیە، هیچی لە جێدا نییە، ئەو و پارتی هیچ نیازێكی خراپیان بەرامبەری نییە، هەرچی بەڵگە و هۆیەكی بۆ متمانە پەیداكردنی قاسمی شک برد، هەمووی لەگەڵ بەكارهێنا، بەڵام هیچ ئەنجامێكی نەبوو. لە شوێنێكی دیكەی هەمان سەرچاوەدا هاتووە، دوای ئەوەی بارزانی، شاری بەغدای جێهێشت و گەڕایەوە كوردستان، لە ئاخری حوزەیرانی ساڵی ١٩٦١ لەگەڵ كۆمیتەی ناوەندی پارتی كۆبوووە، بڕیاردرا یادداشتێک بدرێتە

(١) شوان محەمەد ئەمین خۆشناو، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣١-٢٣٢.

عەبدولکەریم قاسم، ئامانج لێی ئەوەبوو، ئاڵۆزی نێوان پارتی و قاسم نەهێڵدرێت، ئارامی و ئۆقرەیی بگەڕێتەوە کوردستان، بەڵام قاسم هیچ گوێی نەدایێ و دۆخەکە خراپتر بوو"[١].

ئەمەش ئەوە دەردەخات کە قاسم دەیتوانی بەرلەوەی یەکەم پریشکی شۆڕش لە ١١ی ئەیلوولی ساڵی ١٩٦١ دابگیرسێت، سوود لەو دەستپێشخەرییە ئاشتییانە وەربگرێت، لە نزیکەوە گوێ لە داخوازییەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد بگرێت، بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان بخاتەوە ناو بەرەیەکی نیشتیمانی، بەرەیەک زامنی مافە نەتەوەییەکانی کورد بکات. ئەوکاتە بەسەر هەموو بزووتنەوەیەکی چەکداری دژ بە شۆڕشی چواردەی تەمووز زاڵ دەبوو، هەروەک چۆن لە پێشدا هەر بە هاوکاری کورد و مستەفا بارزانی، بەسەر جووڵانەوەکەی لۆلان[٢] و شەواف[٣] لە ساڵی ١٩٥٩ دا زاڵ ببوو. بەڵام قاسم ڕێگای بەرەنگاری و سەرکوتکردنی هەڵبژارد، ئەوەشی بۆ ئەم ڕێگایە هانی دەدا، دەکرێت لەم خاڵانەی خوارەوەدا کورتی بکەینەوە:

١. عەبدولکەریم قاسم پێی وابوو، ئەمەی ڕوودەدات یاخیبوون و هەڵچوونێکی کاتییە و دەتوانێت لە ماوەی هەفتەیەکدا دایبمرکێنێتەوە، بە پێچەوانەوە بزووتنەوەکە توانی گەلێک سەرکەوتن بەدەست بهێنێت. چونکە پێشمەرگە، ئەگەرچی چەک و جبەخانەی زۆری نەبوو، بەڵام لە ئەشکەوت و کونە شاخەکاندا خۆیان حەشار دەدا، زیانی ئەوتۆیان پێنەدەگەیشت[٤]، ئەمە لە کاتێکدا کە پێشمەرگە تا دەهات زیاتر خۆیان ڕێک دەخست و

(١) مەسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٠.

(٢) جووڵانەوەکەی لۆلان یان برادۆست، بەو جووڵانەوەیە دەگوترێت کە بە ڕێبەرایەتی هەریەك لە شێخ ڕەشید لۆلانی شێخی تەریقەتی نەقشبەندی ناوچەی برادۆست و مەحموود بەگی خەلیفە سەمەدی سەرۆک هۆزی برادۆست، لە ناوچەی برادۆستی لیوای هەولێر لە ئاداری ساڵی ١٩٥٩ دژ بە عەبدولکەریم قاسم هەڵگیرسا، سوپای عێراق بە هاوکاری هێزەکانی بەرگری میللی کوردستان توانیان دایبمرکێننەوە و ڕێبەرانی جووڵانەوەکە پەڕینەوە بۆ ئێران. شوان محەمەد ئەمین خۆشناو، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٢.

(٣) جووڵانەوەکەی شەواف، بەم بزووتنەوە نەتەوەییە دەگوترێت کە لە ڕێکەوتی ٨ی ئاداری ساڵی ١٩٥٩ بەڕێبەرایەتی عەقید ڕوکن عەبدولوەهاب شەواف (١٩١٨-١٩٥٩) فەرماندەی لیوای پێنجی موسڵ دژ بە عەبدولکەریم قاسم ڕاگەیندرا و ڕۆژێك دواتر واتە لە ٩ی ئادار، بزووتنەوەکە بە هێزی سەربازی، بەتایبەت هێزی ئاسمانی، کپ کرایەوە و ڕێبەرەکەشی کوژرا. بڕوانە: محمود الدرة، ثورة الموصل القومية ١٩٥٩، مكتبة اليقظة، بغداد، ١٩٨٧، ص١٠٥-١٦١.

(٤) جەمال نەبەز، کوردستان و شۆڕشەکەی، ل١٣٩.

چەکی زیاتریان دەست دەکەوت، خەڵکانێکی زیاتریش لە پۆلیس و سوپاوە پەیوەندییان پێوە دەکرد[١].

٢. قاسم دوای سەرکەوتنی شۆڕشی چواردەی تەمموز و ئەو پێشوازییە گەرمەی عێراقییەکان لە شۆڕشەکە، پێی وابوو ئەو خاوەن کەسایەتییێکی کاریزمی ئەوتۆیە، دەتوانێت هەموو عێراقییەکان بۆ ئەو ئامانجە ئاراستە بکات کە خۆی دەیەوێت، لە ڕووبەڕووبوونەوەی بزووتنەوەیەکی ئاواشدا دەتوانێت هەموو عێراقییەکان، تەنانەت وڵاتانی عەرەبیش بجووڵێنێت، بۆ ئەم مەبەستە ماوەیەک پێش هەڵایسانی شۆڕشەکە، پەیوەندی بە هەندێک لە سەرۆک هۆزە کوردەکانەوە کرد، هەوڵیدا بەرەیەکی فراوانیان لە دژی جووڵانەوەکە لێ دروست بکات[٢]. بەڵام قاسم وەک ئەوەی بێئاگا بێت، لەوەی کە هاوسۆزی کورد بۆ ئەو، لە سۆنگەی بەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەکانەوە بووە، نەک لەبەر کاریگەری کەسایەتییەکەی. هەروەها هاوسۆزی عێراقییەکانیش بۆ ئەو لە سۆنگەی ڕزگاربوونیان بووە، لە ژێر دەسەڵاتی تاکڕەوی بنەماڵەی پاشایەتی و پێشێلکردنی ئازادی و دیموکراسی، کەواتە ئەگەر ئەمیش تاکڕەوانە ڕەفتار بکات، کەواتە شتێک لە دۆخەکە ناگۆڕێت. بۆیە نەک هەر ئەمەی پێنەکرا، بەڵکو بە پێچەوانەوە، تا دەهات ژمارەی دوژمنەکانی لە ناوخۆ زیاتر دەبوون، کە لە ژێرەوە پیلانیان بۆ دادەنا[٣].

٣. لەسەر ئاستی وڵاتانی عەرەبی و هەرێمی، قاسم پێی وابوو، ئەگەر بزووتنەوەکە بە دەسیسەی ئیمپریالیزم تۆمەتبار بکات، ئەوا دەتوانێت پشتیوانییەکی بەهێزی عەرەبی و هەرێمیش دژی بزووتنەوەکە بەدەست بهێنێت، (لازاریڤ)[٤] ئاماژە بەوە دەکات کە قاسم

(١) هاوکار کریم حمەشریف، شۆڕشی ئەیلوول لێکۆڵینەوەیەکی مێژووی لە ڕێکخستن و چالاکییە سەربازییەکان ١٩٦١-١٩٧٠، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ٢٠١٢، ل٨٢-٨٧.

(٢) دیڤید مەکداول، مێژووی هاوچەرخی کورد، و: ئەبوبەکر خۆشناو، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٥، ل٥٠٩.

(٣) فائق بطي، صحافة ١٤ تموز ....، ص٧٥-٨٤.

(٤) ڕۆژهەڵاتناس میخائیل سیمۆنۆڤیچ لازاریڤ (١٩٣٠/مۆسکۆ-٢٠١٠)، ساڵی ١٩٥٥ دکتۆرای لە بواری مێژوو لە زانکۆی مۆسکۆ بەدەستهێناوە، ماوەی ٥٤ ساڵ لە ئەکادیمییای ڕۆژهەڵاتناسی مۆسکۆ وەک لێکۆڵەر کاریکردووە، بە پشتبەستن بە بەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوەی ڕووسیای سەردەمی قەیسەری، چەندین لێکۆڵینەوەی لەسەر مێژووی کوردستان و ئێران و تورکیا ئەنجام داوە، کتێبەکانی لەسەر مێژووی

پێی وابووە، تورکیا و ئێرانیش (هەرچەندە لەگەڵ حکوومەتەکەی ناکۆک بوون)، بەڵام لە لەناوبردنی بزووتنەوە ئازادیخوازەکەدا هاوڕان. ئەمە لەکاتێکدا بوو، کە قاسم حیسابێکی وردی بۆ هاوکێشە نێودەوڵەتییەکان و ڕەنگدانەوەی شەڕی سارد و کاریگەری بەسەر ناوچەکەدا نەکردبوو، وڵاتێکی وەک ئێران نەک هەر ڕۆڵی لە سەرکوتکردنی بزووتنەوەکەدا نەگێڕا، بەڵکو بە پێچەوانەوە یارمەتیشی دا[1]. سەبارەت بە وڵاتانی عەرەبیش، قاسم پەیوەندییەکانی لەگەڵ بەشێک لە وڵاتانی عەرەبی ئاڵۆز بوو، وەک میسر و ئوردن، تەنانەت عێراقی لە پڕۆژەی یەکێتی عەرەبی جیا کردەوە، بەو پاساوەی کە دۆخی عێراق تایبەتە، لە هەمان کات دروشمی (کوەیت بەشێکە لە خاکی عێراق)ی بەرز کردبووەوە، ئەمەش ببووە هۆکاری تێکچوونی پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەندێک وڵاتانی عەرەبی وەک لوبنان[2].

٤. عەبدولکەریم قاسم لەژێر کاریگەری هێزە شۆڤێنییە عێراقییەکان، بەشێک لە کۆمۆنیستەکان، وای لێکدەدایەوە کە گەلی عێراق هەر هەمووی هاوڕان لەگەڵ بڕیارەکەی بۆ لەناوبردنی بزاڤە ڕزگاریخوازەکەی کورد، ئەمە لەکاتێکدا بەشێکی گەورە لە هێزە عێراقییەکان هاوڕا نەبوون لەگەڵی، تەنانەت بەشێکیان کەوتنە سەرکۆنەکردنی، دەرکردنی بەیاننامە دژ بە ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی بۆ سەر کوردستان[3].

سەبارەت بە پەیوەندی ژێر بە ژێری لەگەڵ ئینگلیز و بەریتانیا، وەک قاسم بانگەشەی بۆ دەکرد کە گوایە بارزانی پەیوەندی لەگەڵ ئینگلیز لە دژی کۆماری چواردەی تەمموز بەستووە، دەکرێت تەنیا ئەو بەڵگە بخەینەڕوو، کە ئەو کاتەی مستەفا بارزانی لە مانگی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٦٠ بە ڕەسمی لەلایەن یەکێتی سۆڤییەتەوە بانگهێشت کرا، ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە بارزانی هیچ پەیوەندییەکی هەواڵگرییانەی لەگەڵ ئینگلیزدا نەبووە، ئەگەر شتێکی وا هەبووبێت، ڕێی تێناچێت وڵاتێکی زلهێزی وەک یەکێتی سۆڤیەت لە ڕێگەی دەزگا سیخوڕی و هەواڵگرییەکانی خۆیەوە، لەم پەیوەندییە بێئاگا بووبێت.

---

کورد بوونەتە سەرچاوەیەکی دیار بۆ لێکۆڵینەوە دەربارەی مێژووی کورد و کوردستان. جودت هوشیار، سایتی الحوار المتمدن، ٢٠١٢/٤/١٤.

(١) فاتح ڕەسول، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٣٣.

(٢) محمد حسين الزبيدي، المصدر السابق، ص٥٤٤-٥٦٤.

(٣) فائق بطي، صحافة ١٤ تموز ....، ص٧٥-٨٤.

لە سۆنگەی ئەم خاڵانەوە دەکرێت بڵێین، بەیەکەوەگرێدانی دۆزی کورد بە ئامانجەکانی ئیمپریالیزم، زیاتر بۆ چەواشەکردنی شەقامی گشتی عێراقی و عەرەبی و جیهانی و بەدناوکردنی بزووتنەوەکە بووە، ئەگەرنا بابەتەکە زیاتر پەیوەندی بەوەوە هەبوو، کە قاسم دەیویست بە تێڕوانینی تایبەتی خۆی کێشەی کورد چارەسەر بکات، نەک بە خواستی کورد، بۆیە هەر پێشنیارێکی کورد بۆ مافە نەتەوەییەکانی بە زێدەڕۆیی و یاخیبوون لێک دەدایەوە. بۆ نموونە لە یەکەم هەفتەی دوای شۆڕشی چواردەی تەمموز، هەشت مامۆستای کورد، یادداشتێکیان دایە کاربەدەستانی شۆڕش و تیایدا داوای بەدیهێنانی مافە ڕۆشنبیرییەکانی کورد و دانانی بەڕێوەبەرایەتییەکی تایبەت بە کاروباری خوێندنی کوردییان کردبوو، ئەم یادداشتەشیان لە ڕێکەوتی ٢٦ی تەممووزی ساڵی ١٩٥٨ دا، لە ڕۆژنامەی (البلاد) دا بڵاوکردەوە، بەڵام حکوومەتی شۆڕش لە جیاتی وەڵامیان بداتەوە، ڕۆژنامەکەی داخست و ئەو مامۆستایانەشی کە یادداشتەکەیان نووسیبوو، دەستگیرکران و دادگایی کران. بەڵام جەختکردنەوەی ڕۆشنبیرانی کورد بۆ دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتییەکی تایبەت بە خوێندنی کوردی بەردەوام بوو، تا لە مانگی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٥٩ دا، ئەم ئاواتە هاتەدی و بەڕێوەبەرایەتییەکی تایبەت، بە خوێندنی کوردی دامەزرا و ناوی نرا (بەڕێوەبەرایەتی گشتی خوێندنی کوردی). سەبارەت بە ناونانی دەزگاکە، دوو بۆچوون لە ئارادا بوون، یەکەمیان، لەگەڵ ئەوەدا بوو، کە ناوی دەزگاکە (بەڕێوەبەرایەتی گشتی خوێندنی کوردی) بێت، ئەم بۆچوونەش، لەلایەن حکوومەتی عێراقی پاڵپشتی لێ کرا. بۆچوونی دووەمیان، کە زۆربەی ڕۆشنبیرانی کورد پشتگیرییان لێی دەکرد، لەگەڵ ئەوە بوو، ناوی دەزگاکە بندرێت (بەڕێوەبەرایەتی گشتی مەعاریفی کوردستان). ئەم بۆچوونەش، لە کۆنگرەی یەکەمی مامۆستایانی کورد لە شەقڵاوە جەختی لەسەر کرایەوە[1]. بەڵام دواجار بە پێداگیریی خودی عەبدولکەریم قاسم، ناوی نرا (بەڕێوەبەرایەتی گشتی خوێندنی کوردی). کە زیاتر مەبەستەکە سیاسی بوو و پەیوەندی بە وشەی (کوردستان)ەوە هەبوو، نەیاندەویست، ئەم وشەیە بەسەر ناوی دەزگاکەوە بێت. لەگەڵ دەستپێکی شۆڕشی ئەیلوول (١٩٦١) دا، کارەکانی ئەم بەڕێوەبەرایەتییە بە تەواوی ڕاگیرا[2].

---

(١) هۆشەنگ ساڵح نەجاڕ، بزاڤی ڕۆشنبیری کوردی...، ل٧٤-٧٥.

(٢) لە دوای شۆڕشی چواردەی تەمموز، دوو کۆنگرەی مامۆستایانی کورد لە شارۆچکەی شەقڵاوە بەڕێوەچوون، کۆنگرەی یەکەم لە ژێر چاودێری (عەبدولکەریم قاسم)، لە ڕێکەوتی ١٩٥٩/٩/١٠ دا، دەستی بەکارەکانی کرد و ماوەی سێ ڕۆژ بەردەوام بوو، مامۆستایان و ڕۆشنبیرانی کورد، لە هەموو

ئەوانە و هۆکاری دیکەش، زەمینەیان بۆ هەڵگیرسانی شۆڕش خۆش کرد و لە ئەیلوولی ساڵی ١٩٦١ەوە، شەڕ و پەلاماری سوپای عێراق بۆ سەر کوردستان دەستپێکرد و بە درێژایی ئەو ساڵە بەردەوام بوو، لەم ماوەیەدا هێزەکانی پێشمەرگە لە چەندین بەرەی شەڕەوە، وێڕای کەمی ئازووقە و پێداویستی سەربازی، چالاکی شۆڕشگێڕانەیان ئەنجام دەدا و تا دەهات سنووری بەرەکانی شۆڕش بەرفراوانتر دەبوو، سوپای عێراقیش بە هەموو شێوەیەک، بە هێزی ئاسمانی و زەمینی کوردستانی بۆمباران دەکرد، پێشمەرگەش بە هەموو شێوەیەک ڕووبەڕوویان دەبوونەوە، تەنانەت لە چەند شەڕێکدا هێزەکانی سوپای عێراقیان بە سەختی تێکشکاند، وەک شەڕی گەلی زاوێتە لە ڕێکەوتی ٧-١٩٦١/١٢/٨ و شەڕی سوارەتووکا لە ڕێکەوتی ١٩٦١/١٢/٢١ شەڕی کانی ماسی لە ٢٦-١٩٦١/١٢/٢٧[1]. ئەگەرچی لەو ماوەیەدا عەبدولکەریم قاسم چەند جارێک داوای خۆبەدەستەوەدانی شۆڕشگێڕانی کرد، بەڵام ئەمە لەلایەن سەرکردایەتی شۆڕشەوە بە توندی ڕەت دەکرایەوە و بڕیاردان بۆ درێژەدان بە

---

ناوچەکانی کوردستانەوە بەشدارییان تێیدا کرد، کە ژمارەیان ١٥٢ کەس بوو. کۆنگرە لە سەرەتای کارەکانیدا، چەند لێژنەیەکی سەبارەت بە زمان و مێژووی کورد پێکهێنا، بۆ پێشکەشکردنی چەند ڕاسپاردەیەك کە لە دواڕۆژی کۆنگرەکەدا، پەسندکران، وەك:

١. خوێندنی مێژووی نەتەوەی کورد، لە قوتابخانەکانی کوردستاندا بەتایبەتی و لە عێراقدا بەگشتی.

٢. دانانی ڕێزمانی کوردی لەلایەن لێژنەیەکی شارەزا لە زمانی کوردی.

٣. لە پۆلی سێیەمی سەرەتاییەوە خوێندن بە زمانی کوردی و عەرەبی بێت.

٤. زمان و ئەدەبی کوردی لە سەرجەم قۆناغەکانی خوێندن و خانەی مامۆستایاندا بخوێندرێت.

کۆنگرەی دووەمی مامۆستایانی کورد: ئەم کۆنگرەیە، لە ڕۆژانی ١٥-١٧ی مانگی ئابی١٩٦٠ دا، هەر لە شارۆچکەی شەقڵاوەدا بەسترا. لەم کۆنگرەیەشدا، چەند پێشنیار و ڕاسپاردەیەکی گرنگ خرانە ڕوو کە ئەمانە بوون:

١. شێوەزاری کرمانجی خواروو بکرێتە بنچینەی زمانی ئەدەبی یەکگرتوو.

٢. کارکردن بۆ دامەزراندنی (کۆڕی زمانەوانیی کوردی).

٣. مێژووی کورد لە هەموو قوتابخانەکانی کوردستاندا بخوێندرێت.

٤. کردنەوەی کۆلیژی پەروەردە لە کوردستاندا. یەکێك لە ئەنجامەکانی ئەو هەوڵانە بە گشتی، چەسپاندنی خوێندن بە زمانی کوردی بوو. هۆشەنگ ساڵح نەجار، بزاڤی ڕۆشنبیری لە شاری هەولێر، ل٦٨.

(١) خەبات، ع(٤٦٥)، اوائل نیسان١٩٦٢.

شۆڕش بەردەوام بوو، پارتی دیموکراتی کوردستان، بە مەبەستی تاوتوێکردنی بارودۆخی کوردستان و هەڵوێست وەرگرتن، لە ڕۆژانی ٢٥-١٩٦١/١٢/٢٩، لە گوندی عەودالان نزیک چیای پیرەمەگروونی پارێزگای سلێمانی کۆبووەوە، لەم کۆبوونەوەیەدا، بڕیاردرا بەردەوامی بە شۆڕش بدرێت، بۆ ناوی جەنگاوەرانی کوردیش، وشەی (پێشمەرگە) داندرا، هەروەها بڕیاردرا، هێزەکانی کورد لە شێوەی ڕێکخستنی سوپایی ڕێکبخرێن[١].

شۆڕشی ئەیلوول لە ساڵی ١٩٦٢ شدا هەر بەردەوام بوو، پێشمەرگە لە چەندین بەرەدا، سەرکەوتنیان بەدەستهێنا، ڕۆژنامەی (خەبات) لەو ژمارەیەی کە لە سەرەتاکانی ساڵی ١٩٦٢ دەرچووە، ئاماژەی بە کۆمەڵێک شەڕ و بەرەنگاربوونەوە داوە، کە لە سەرەتاکانی ئەو ساڵەدا، لە مانگەکانی کانوونی دووەم بۆ ئادار، لە نێوان پێشمەرگە و سوپای عێراق دا ڕوویانداوە، وەک شەڕەکانی بەرواری باڵا، مزووری، عێن سفنی و شێخان، زاوێتە[٢].

ڕۆژنامە عێراقییەکانی ئەو سەردەمە بەردەوام بوون لە هێرشکردنە سەر شۆڕشی کورد و هەوڵدان بۆ بەلاڕێدابردنی ئامانجەکانی، ڕۆژنامە عێراقییەکانی ئەوسا، جگە لە وڵاتانی ئیمپریالی، وڵاتانی دیکەشیان بە هاوکاری شۆڕشی کورد تۆمەتبار دەکرد، ڕۆژنامەی (الثورة) لە یەکێک لە ژمارەکانی شوباتی ساڵی ١٩٦٢ هەواڵێکی بڵاوکردووەتەوە، گوایە وڵاتی ئەڵمانیای ڕۆژئاوا[٣]، پەنابەرانی کورد مەشق پێدەکات، تاکو کۆمەکی یاخیبووانی کورد بکەن[١].

---

(١) هاوکار کریم حمەشریف، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٦.

(٢) خەبات، ع(٤٦٥)، اوائل نیسان١٩٦٢.

(٣) ئەڵمانیای ڕۆژئاوا یان وێستەردوچلاند، ناوێکی نافەرمی ئەو دەوڵەتە بوو، کە لە دوای شکستەکانی ئەڵمانیای نازی لە جەنگی جیهانی دووەم (١٩٤٥)دا دروستبوو، ئەم بەشەی ئەڵمانیا، واتە ئەڵمانیای ڕۆژئاوا، لایەنگری هاوپەیمانان بوو، لە بلۆکی سەرمایەداری، کە وڵاتانی فەڕەنسا، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و بەریتانیا بوون. ماوەی مانەوەی ئەو دەوڵەتە لە نێوان ساڵانی ١٩٤٩ بۆ ١٩٩٠ بوو، شاری بۆن پایتەختی بوو. ئەڵمانیای ڕۆژئاوا، دەستی کرد بە پڕۆژەیێکی گەورە بۆ گەشەپێدانی ئابووری لە ساڵی ١٩٥٠ دا، و سەرکەوتنی زۆری لە ڕێگەی ئەم پڕۆژەیەوە بەدەستهێنا. ساڵی ١٩٥٥ دا بووە ئەندامی ناتۆ. ساڵی ١٩٥٧ کەوتە دانانی بناغەی کۆمەڵەی ئابووری ئەورووپا. لە هەمان کاتدا بووە یەکێک لە ئەندامانی بلۆکی ڕۆژهەڵات. بەڵام بە هۆی لاوازبوونی یەکێتی سۆڤییەت، بارودۆخی ئابووریی ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات دابەزی و هیچ کاتێک بە ئاستی ئەڵمانیای ڕۆژئاوا نەگەیشت. ئەم بارودۆخە بوو بە هۆی کۆچکردنی کۆمەڵێکی زۆر لە خەڵک بۆ ئەڵمانیای ڕۆژئاوا. لە

عەبدولکەریم قاسمی سەرۆک وەزیرانیش، لە زۆربەی وتارەکانییدا، کە ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکانی ئەوسای عێراق بە گرنگییەوە بڵاویان دەکردەوە، بەردەوام بووە لە هێرشکردنە سەر شۆڕشی کورد و سەرکردایەتییەکەی. ڕۆژنامەی (الزمان) لە ئاداری ساڵی ١٩٦٢، وتارێکی قاسمی بڵاوکردووەتەوە کە لە کۆنگرەی کرێکارانی هێڵی ئاسنی پێشکەشی کردووە، لە بەشێکی وتارەکەیدا دەڵێت:

"ئێمە شانازی بە برا کوردەکانمان لە باکووری وڵات دەکەین، ئەو کێشەیەی کە دروست بووە، گوناهی ئەوانی تێدا نییە، بەڵکو ئەوە پیلانی ئیمپریالیزمە. کوردەکان لەگەڵ ئێمەدان، تەنیا ژمارەیەکی کەمیان نەبێت کە یاخی بوونە، پیلان دەگێڕن، درز و کەلێن دروست دەکەن، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە دڵەکانیان نەخۆشە، بە پشتیوانی گەل بە سزای خۆیان دەگەن و ئیمپریالیزم لەناو دەبەین، ئێمە بەرگریکاری عەرەب و برا کوردەکانمانین"[٢].

ئەوەی لەم وتارەدا دەخوێندرێتەوە، هەمان بۆچوونەکانی پێشووی عەبدولکەریم قاسمە، بەرامبەر شۆڕشی کورد، کە پێی وایە ئیمپریالیزم بزاڤەکە دەجووڵێنێت و دنەی دەدات. هیچ گۆڕانکارییێکی ئەرێنی و ئاشتیخوازانە، لە هەڵوێستی سەرۆکوەزیراندا بەدی ناکرێت.

ڕۆژنامە عێراقییەکان، لە تەک ئەوەی بزاڤی ڕزگاریخوازیی کوردییان بە دەسیسەی ئیمپریالیزم تۆمەتبار دەکرد، پڕوپاگەندەی ئەوەشیان دەکرد، کە شۆڕشی کورد ڕووە و لاوازی

---

ساڵی ١٩٦١ دا ئەڵمانیای ڕۆژئاوا دەستی کرد بە دروستکردنی دیوارێک لە نێوان دوو بەشی بەرلین، بۆ ئەوەی کە بەرگری لە کۆچکردن بکات. ئەم دیوارە بە (دیواری بەرلین) ناسرا، بووە سیمبولێک بۆ شەڕی سارد. لە ساڵی ١٩٨٩ ڕووخێندرا و دیسان بووە سیمبولێک بۆ کۆتاییهاتنی شەڕی سارد. لە ڕۆژی ١٠ی مانگی مارسی ساڵی ١٩٩٤، بەپێی ڕێککەوتننامەی (بۆن، بەرلین)، جارێکی دیکە شاری بەرلین بووە پایتەختی وڵاتی یەکگرتووی ئەڵمانیا. یەکگرتنەوەی ئەڵمانیا بووە هۆی بەرزبوونەوەی پایەی ئەو وڵاتە لە نێو یەکێتیی ئەوروپا و پەیمانی ناتۆ. دواتر ئەڵمانیا وەکو ئەندامێکی ناتۆ دەستی کرد بە هەناردەکردنی هێزە چەکدارەکانی خۆی بۆ ناوچەی باڵکان و دواتر بۆ ئەفغانستان، بۆ شەڕ لەگەڵ چەکدارەکانی ڕێکخراوی ئەلقاعیدە Anna M (ku.edu)

(١) الثورة، ع(٩١٩)، ١٩٦٢/٢/١٤.

(٢) الزمان، ع(٧٣٨٤)، ١٩٦٢/٣/١٧.

و بێهیوایی هەنگاو دەنێت و ئەنجامەكەی لەناوچوونە، ڕۆژنامەی (العهد الجدید)[١]، كە ئەویش ڕۆژنامەیەكی نزیك لە دەسەڵات بوو، لە چەند ژمارەیەكیدا، ئەم بابەتەی وروژاندووە. تەنانەت لە ژمارەی ڕۆژی ٢٠ی شوباتی ساڵی ١٩٦٢، وتارێكی عەبدولكەریم قاسمی بڵاوكردووەتەوە، كە لە ئەكادیمییای سەربازی بەغدا پێشكەشی كردووە، تیایدا ئاماژەی بەوە داوە، كە بارزانی لە ژیاندا نەماوە و یاخیبوونەكەشی كوژاوەتەوە[٢]. لە ژمارەكانی دیكەشدا، لە بڵاوكردنەوەی ئەم هەواڵە دروستكراوانە بەردەوام بووە[٣]. هەروەها ڕۆژنامەی (الایام)[٤] لە ژمارەیەكی ئەو ساڵەدا، هەواڵێكی ناڕاستی لەم شێوەیەی بڵاوكردووەتەوە[٥]. ئەوەی جێگەی سەرنجە، دوای ئەوەی بانگەشەی ئەوە كراوە، كە بارزانی لە ژیاندا نەماوە، كەچی چەند ڕۆژێك دوای ئەوە، ڕۆژنامە عێراقییەكان، هەندێك هەواڵیان بڵاوكردووەتەوە كە شۆڕشی كورد و ڕابەرەكەی كە مستەفا بارزانییە، بە كۆسپ و ڕێگر لە بەردەم پڕۆسەی دیموكراسی لە عێراق و ئەنجامدانی هەڵبژاردن دادەنێن، كە بڕیار بووە لە ساڵی ١٩٦٣ ئەنجام بدرێت. ڕۆژنامەی (الزمان)، لە یەكێك لە ژمارەكانی تەممووزی ١٩٦٢، دیمانەیەكی ڕۆژنامەی (صوت العرب)[٦]ی سووری گواستووەتەوە، كە سەرنووسەری ڕۆژنامەكە، عەبدولقادر [٧]ئەلقەواس، لەگەڵ هاشم جەواد[١]ی وەزیری دەرەوەی عێراق[٢]، لە

(١) العهد الجدید، ڕۆژنامەیەكی سیاسی ڕۆژانە بوو، دەستەی بەڕێوەبردنی سەعدی كەماڵەددین و خالد درە بوون، لە حەوتی كانوونی یەكەمی ساڵی ١٩٦٠ ئیمتیازی دەرچوونی پێدراوە، تا هەشتی شوباتی ١٩٦٣ بەردەوام بووە. وزارة الاعلام، دلیل الصحافة العراقیة، ص٤٥.

(٢) العهد الجدید، ع(٤٧٨)، ١٩٦٢/٧/٢٠.

(٣) العهد الجدید، ع(٦٠٠)، ١٩٦٢/١٢/١١.

(٤) الایام، ڕۆژنامەیەكی سیاسی بوو، یەكەم ژمارەی لە ٢٦ی نیسانی ساڵی ١٩٦٢ دەرچووە، سەرنووسەرەكەی عەبدولقادر بەراك بوو، ڕۆژنامەكە زیاتر پشتگیری لە سیاسەتی عەبدولكەریم قاسم دەكرد، تاكو هەشتی شوباتی ساڵی ١٩٦٣ بەردەوام بوو. ملیح صالح شكر، المصدر السابق، ص٣٥١.

(٥) الایام، ع(٥٩)، ١٩٦٢/٦/٢٢.

(٦) صوت العرب، ڕۆژنامەیەكی ڕۆژانەی سیاسی و ئابووری و كۆمەڵایەتی سەربەخۆ بوو، لە ٢٩ی شوباتی ساڵی ١٩٥٤ لە دیمەشق دەرچووە، خاوەن و سەرنووسەرەكەی عەبدولقادر قەواس بوو، تا ساڵی ١٩٦٣ بەردەوام بووە. بڕوانە: ماڵپەڕی الثورة صحیفة الثورة (thawra.sy)

(٧) عەبدولقادر جەمیل ئەلقەواس، ساڵی ١٩٠٢ لە دیمەشق لەدایكبووە، دەرچووی ئامادەیی سەربازییە، بەشداری لە شۆڕشەكانی سووریا دژ بە داگیركاری فەڕەنسی كردووە، بەمەش دووچاری ئاوارەبوون

ساڵیادی شۆڕشی چواردەی تەمموزدا ئەنجامی داوە، تەوەری چاوپێکەوتنەکە، دەربارەی دۆخی عێراق و پەیوەندی لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی و جووڵانەوەی نەتەوەیی عەرەبییە، لەم نێوانەدا وەزیری دەرەوە، هاتووەتە سەر کێشەی کورد و دەڵێت:

"کۆماری عێراق بەرەو دیموکراسییەت هەنگاو دەنێت، کە سەرچاوەکەی لە ناخی گەلی عێراقەوە هەڵقوڵاوە و جەخت دەکاتەوە لە برایەتی نێوان کورد و عەرەب و تورکمان، کە ئەمەش جووڵانەوەی مستەفا بارزانی بە هاوکاری کۆلۆنیالیزم نایوەستێنێت، بۆیە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق ئەنجام دەدرێت، کە تیایدا حکوومەتێکی دەستووری ڕادەگەیەنێت، کە بە ناوی هەموو گەلەوە حوکم دەکات"[٣].

سەبارەت بەم دوو باسە، کە ڕۆژنامە عێراقییەکان وروژاندوویانە، زۆر بە ڕوونی ئەوە دەردەخات، کە شۆڕشی ئەیلوول لەو سەردەمانەدا توانیویەتی کاریگەری تەواو لەسەر ژیانی سیاسی عێراق دروست بکات، هەربۆیە حکوومەت کەوتووەتە پڕوپاگەندەی دژ بە شۆڕش و هەوڵیداوە وەک بزووتنەوەیەکی شکستخواردوو پێناسەی بکات. ئەمە لە کاتێکدابوو کە شۆڕشی کورد بەردەوام بوو، توانیبووی لە زۆربەی بەرەکاندا، بەتایبەت لە قەرەداغ و قەزای شارباژێڕ و تەق تەق، سەرکەوتن بەسەر هێزەکانی عێراق بەدەستبهێنێت[٤]. ڕاگەیاندنە ڕۆژئاواییەکان، ئەم پڕوپاگەندانەی حکوومەتی عێراقیان لە شێوەی پلار و توانج لە ڕۆژنامەکانی خۆیان بڵاوکردووەتەوە، بۆ نموونە ڕۆژنامەیەکی ئەمریکی نووسیویەتی: "شۆڕشی ئەیلوول کۆتایی هاتووە، کەچی شەڕ هەر بەردەوامە". هەروەها ڕادیۆی ئیسرائیل

---

هاتووەتەوە، ساڵی ١٩٢٨ گەڕاوەتەوە وڵاتەکەی. بڕوانە: عبد القادر القواص- التاريخ السوري المعاصر (syrmh.com)

(١) حازم جەواد، یەکێک لە سەرکردەکانی حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتیراکی بوو، ساڵی ١٩٣٦ لە ناسرییە لەدایکبووە، ساڵی ١٩٥٨ لە سەردەمی عەبدولکەریم قاسم دەستگیرکراوە و پاشان ڕایکردووە بۆ سووریا، دوای کودەتای هەشتی شوباتی ١٩٦٣ بووەتە وتەبێژی حکوومەت. مام جەلال، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٢٥.

(٢) هاشم جەواد (١٩١١/بەغدا-١٩٦٩/بەیرووت)، سیاسەتمەداری عێراقی، دەرچووی بەشی ئابووری و سیاسەتی زانکۆی لەندەنە، لە وەزارەتی دەرەوەی عێراق دامەزراوە، پاشان بووەتە نوێنەری عێراق لە نەتەوەیەکگرتووەکان، دوای شۆڕشی چواردەی تەمموز، پایەی وەزیری دەرەوە و دارایی پێدراوە، لە ڕووداوێکی تەمومژاوی تیرۆرکراوە. وەرگیراوە لە: هاشم جواد – المعرفة (marefa.org)

(٣) الزمان، ع(٧٣٨٤)، ١٩٦٢/٣/١٧.

(٤) خەبات، ع(٤٦٥)، اوائل نيسان١٩٦٢.

لە وەڵامی گوێگرێکدا، کە بۆیانی نووسیبوو: "ئاخۆ مرۆڤ، دوای مردنی چی بەسەر دێت؟، قسەکەرەکە وەڵامی داوەتەوە: گوێگری ئازیز بەداخەوە من ناتوانم وەڵامی ئەو پرسیارەت بدەمەوە، چونکە تا ئێستا کەس زیندوو نەبووەتەوە، تا هەواڵی ئەو دنیامان پێ ڕابگەیەنێت، بەڵام ئەگەر هەر لەسەر وەڵامی پرسیارەکەت سووری، ئەوا تکایە بفەرموو بڕۆ کوردستان و لە بارزانی سەرکردەی کوردەکان بپرسە، چونکە ئەو گەلێک جاران مردووە و پاشان زیندوو بووەتەوە"[1].

دەربارەی ڕێگری بارزانیش لە پڕۆسەی دیموکراسی عێراق، ئەمە تەنیا بیانووێک بووە بۆ پەلامار بۆ سەر شۆڕشی کورد و پاساوێکیش بووە تاکو حکوومەتی عێراق خۆی لە بەرپرسیارێتی ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکانی عێراق تەریک بکات. هەڵگەڕانەوەی هەندێک لە ناسیۆنالیست[2]و کۆمۆنیست[1] و نەتەوەخوازانی کورد، بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە عێراق

---

(١) جەمال نەبەز، کوردستان و شۆڕشەکەی، ل١٤٦.

(٢) بەشێک لە ئەفسەرانی نیشتیمانی کە ڕۆڵی کاریگەرییان لە شۆڕشی چواردەی تەممووزدا گێڕا، هەر لە ساڵی یەکەمی دوای شۆڕش، لە عەبدولکەریم قاسم هەڵگەڕانەوە، ئەوانە زۆربەیان هەڵگری پەیامی ناسیۆنالیستی و لایەنگری دروستکردنی یەکێتی وڵاتانی عەرەب بوون، کە وڵاتی میسر لە سەردەمی جەمال عەبدولناسر (١٩١٨-١٩٧٠) دا سەرۆکایەتی دەکرد. بەڵام عەبدولکەریم قاسم دژی ئەو یەکێتییە بوو. هەر بۆیە هەوڵی کودەتایان دا، دیارترین ئەو ئەفسەرانەش ئەمانە بوون: عەقید ڕوکن عەبدولوەهاب شەواف (١٩١٨-١٩٥٩) فەرماندەی لیوای پێنجی سوپای عێراق لە موسڵ، کە خۆی ڕێبەرایەتی کودەتاکەی دەکرد، عەمید ڕوکن نازم تەبەقچەلی (١٩١٦-١٩٥٩) فەرماندەی تیپی دووی سوپای عێراق لە کەرکووک، عەقید ڕەفعەت حاجی سری (١٩١٤-١٩٥٩) بەڕێوەبەری دەزگای هەواڵگری و چەند ئەفسەرێکی دیکە، ئەوەی یەکەمیان، وەک لە پێشدا ئاژەمان پێیدا لە موسڵ کوژرا، ئەوانی دیکە دەستگیرکران و درانە دادگای سەربازیی مەهداوی، فەرمانی مەرگیان بۆ دەرچوو، لە ڕێکەوتی ١٩٥٨/٩/٢٠ لە گۆڕەپانی (ام طبول) لە نزیک بەغدا گوللە باران کران. محمود الدرة، المصدر السابق، ص٣٥٣-٣٥٤. هەرچی عەبدولسەلام عارفە، کە ئەویش بە تۆمەتی هەوڵی کودەتا دژی قاسم دەستگیرکرا بوو، فەرمانی مەرگی بەسەردا درابوو، بەڵام دواتر لەلایەن قاسمەوە لێبووردنی بۆ دەرچوو، بەڵام لە هەموو بەرپرسیارێتییەک پەراوێز خرا. احمد فوزي، عبدالسلام محمد عارف سيرته..محاكمته..مصرعه، دار العربيه، بغداد، ١٩٨٩، ص٣٢-٣٣. لەگەڵ ئەمانەدا حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتیراکی کە لە ساڵی ١٩٤٧ لە وڵاتی سووریا دامەزرابوو، دیارترین ڕووی عەرەبە ناسیۆنالیستەکان بوون، کە هەوڵیان دەدا، عێراق بەرەو وڵاتێکی نەتەوەیی و داکۆکیکار لە نەتەوەی عەرەب ببەن. پێگەی ڕێکخستنەکانی حزبی بەعس لە هەردوو وڵاتی سووریا و عێراق بوو. ساڵی ١٩٥٩ هەوڵی تیرۆرکردنی عەبدولکەریم قاسمیان دا، بەڵام سەرکەوتوو نەبوون. شوان محەمەد ئەمین، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٤.

هێشتا لە قۆناغی شۆڕشگێڕیدا بوو، نەگەیشتبووە ئەو قۆناغەی بە تەنگ پتەوکردنی پرۆسەی دیموکراسی و هەڵبژاردنی ئازادانەوە بێت، ئەگەرنا زەمینەی هەڵگەڕانەوە دژی عەبدولکەریم قاسم بەو شێوەی کە ڕوویدا نەدەڕەخسا. بێگومان ئەمەش ڕێگەخۆشکەر بوو، تاکو وڵاتانی هەرێمی و جیهانی، بەتایبەت ئەوانەی دژی شۆڕش بوون، هەلیان دەست بکەوێت دەست بخەنە ناو کاروباری عێراق. مستەفا بارزانی لەو ژمارەیەی ڕۆژنامەی خەبات کە لە سەرەتاکانی ساڵی ١٩٦٢ دەرچووە، بەو شێوەیە پەیامی خۆی ئاراستەی گەلی عێراق کردووە: "پێتان ڕادەگەیەنین، کە ئێمە دوژمنی ئێوە نین و شۆڕشەکەمان دوژمنی ئێوە نییە، بەڵکو دژی دوژمنە هاوبەشەکەمان عەبدولکەریم قاسمە، ئەوەی ئێمە داوای دەکەین زیاتر لە بەرژەوەندی عەرەبە وەک کورد، ئێمە شۆڕشمان نەدەکرد، بەڵام عەبدولکەریم قاسم بەسەریدا سەپاندین، ئەو دژایەتییەی کە بەرامبەر نەتەوەکەمان دەیکرد، ناچاری کردین چەک هەڵگرین و بەرگری لە خۆمان بکەین"[٢].

یەکێکی دیکە لەو بابەتانەی کە ڕۆژنامەکانی ئەوسا بڵاویان کردووەتەوە، تۆمەتبارکردنی وڵاتی تورکیا بووە، بە یارمەتیدانی بارزانی و جووڵانەوەی سیاسی و چەکداری کورد،

---

(١) کۆمۆنیستەکان لە سەرەتادا زۆر بە توندی لایەنگری قاسمیان دەکرد، ئەمەش سێ هۆکاری سەرەکی هەبوو، یەکەمیان شۆڕشی چواردەی تەمموز کە سیستەمی پاشایەتی پاڵپشتی دەرەبەگایەتی لەناو برد، لەگەڵ ئامانجەکانی حزبی شیوعی عێراقی یەکی دەگرتەوە کە ساڵانێک بوو خەباتیان بۆ دەکرد. دووەم، خودی عەبدولکەریم قاسم بایەخی پێدەدان و لێیانەوە نزیک بوو. سێیەم. شۆڕش کودەتایەک بوو بەسەر هەژموونی ڕۆژئاوا لە عێراق و پەیمانی سەنتۆ، ئەمەش لە بەرژەوەندی یەکێتی سۆڤییەت بوو، کە ڕێبەرایەتی کۆمۆنیستی جیهانی دەکرد. بەڵام ئەم هاوپەیمانێتییەی نێوان قاسم و کۆمۆنیستەکان وەک خۆی نەمایەوە. ئەمەش هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دروشمانەی هەر لەساڵی ١٩٥٩ ەوە بەرزیان کردبووەوە، داوایان دەکرد، حزبی شیوعی لە عێراق بەرەو گرتنە دەستی دەسەڵات بڕوات، یەکێک لە دروشمەکانیان ئەوەبوو: (عاش زعيمي... عبدالكريمي...حزب شيوعي للسلطة مطلب عظيمي)، عەبدولکەریم قاسم لەو دروشمە دەترسا، لە هەمان کات هەندێک لە پیاوانی ئایینی و نەتەوەیی چوونە لای عەبدولکەریم قاسم و داوای دوورخستنەوەی شیوعییەکانیان لێی کرد، ئەویش هەڵسا بە سیاسەتی پەرتەوازەکردنی شیوعییەکان و مۆڵەتی دا بە دەستەکەی داود سائیغ، ئامانجیشی لەمەدا لاوازکردنی حزبی شیوعی بوو. تا وای لێهات بەشێک لە کۆمۆنیستەکان چوونە بەرەی شۆڕشی ئەیلوول و لە بڵاوکراوەکاندا هێرشیان دەکردە سەری. کەریم شارەزا، بیرەوەرییەکانی کاروانی ژینم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠٢١، ل١٥٢-١٥٣؛ شوان محەمەد ئەمین، ل٢٦٥-٣٠٧.

(٢) خەبات، ع(٤٦٨)، اوائل تشرين الاول ١٩٦٢.

ڕۆژنامەی (الثورة) لە یەکێک لە ژمارەکانی ئەیلوولی ساڵی ١٩٦٢، وتارێکی عەبدولکەریم قاسمی بڵاوکردووەتەوە، کە ئاماژەی بەم هاوکارییەی وڵاتی تورکیا بۆ شۆڕشی کورد کردووە[1]. مەسعود بارزانی دەربارەی ئەم بابەتە، هەڵوێستێکی پێچەوانە، بە بەڵگەوە دەخاتەڕوو، ئاماژە بەوە دەدات، کە هەندێک لە هۆزە کوردییەکان، ئەوانەی لایەنگری حکوومەتی عێراق بوون، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی شۆڕشی کورد، لە ئەیلوولی ساڵی ١٩٦٢ دا، هانایان بردبووە بەر وڵاتانی ئێران و تورکیا، تەنانەت هەوڵیان دەدا پەیوەندی لەگەڵ وڵاتی تورکیا ببەستن، بۆ یارمەتیدانیان لە بەرامبەر شۆڕش. بارزانی نامەیەکی بۆ هەریەک لە حکوومەتەکانی تورکیا و ئێران نارد، ئاگاداری کردنەوە کە ئەگەر ئەم هۆزانە، لە دژی شۆڕش چەکدار بکرێن، ئەوا ئامادەیە لە ناوەوەی سنووری ئەو وڵاتانە ڕووبەڕوویان ببێتەوە[2].

هەر ڕۆژنامەی (الثورة) لە هەمان ئەو ژمارەیەدا، ئاماژە بە خاڵێکی دیکەش دەکات، ئەویش پەیوەندی مستەفا بارزانییە بە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئیسرائیلەوە، ڕۆژنامەکە نووسیویەتی:

"بارزانی بە ڕۆژنامەنووس ئادەم شمیدت[3]ی گوتووە، داوای یارمەتی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بکات، بۆ یارمەتیدانی جووڵانەوەی کوردی، ئەوکاتە جووڵانەوەکە دەبێتە هاوپەیمانێکی دڵسۆزی ڕۆژئاوا، ئەم داواکارییەش، لە کەناڵە ڕاگەیاندنەکانی ڕۆژئاوا،

(١) الثورة، ع(١٠٠١)، ٢١/٩/ ١٩٦٢.

(٢) مەسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل٨٤.

(٣) دانا ئادەم شمیدت (١٩١٥-١٩٩٤)، ڕۆژنامەنووسی ئەمەریکی، لە ئۆهایۆ لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لەدایکبووە، دەرچووی بەشی ڕۆژنامەنووسییە لە زانکۆی کالیفۆرنیا، ساڵی ١٩٣٨ سەردانی ئەڵمانیای کردووە، وەک ڕاهێنەر لە یونایتد ئینتەرناشناڵ پریس کاری کردووە، هەروەها هەواڵەکانی ئەڵمانیای لە دەموساتی جەنگی جیهانی دووەم گواستووەتەوە، پاشان چووەتە قاهیرە و ئەستەنبۆڵ، ساڵی ١٩٤٣ لەگەڵ ڕۆژنامەی نیۆیۆرک تایمز دەستی بەکارکردووە، زۆر شوێن بۆ کاری ڕۆژنامەنووسی گەڕاوە، وەک وڵاتانی ئەوروپا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، یەکێک لەو شوێنانەی ڕووی تێکردووە، کوردستان بووە، لە ساڵانی ١٩٦٢-١٩٦٣. کتێبێکی دەربارەی کوردستان بە ناوی (گەشتێک بۆ ناو پیاوە ئازاکان) لەسەر کورد و ڕووداوەکانی کوردستان نووسیوە. بەم جۆرە لە کاری ڕۆژنامەنووسی بەردەوام بووە، دووچاری کێشە و تەنگوچەڵەمەی زۆر هاتووەتەوە، تاکو لە سەرەتای ساڵانی هەفتاکان، خانەنشین بووە و دوا ساتەکانی ژیانی لە ویلایەتی ماریلاند بەسەر بردووە و هەرلەوێش مردووە. Grove Atlantic.

لەسەر ڕووپەڕی گۆڤار و ڕۆژنامەکان ڕەنگی داوەتەوە، وەک ڕۆژنامەی (لۆمۆند)[١]ی فەڕەنسی و هەروەها ڕادیۆی لۆزان، کە ئەگەرچی ڕادیۆکە زۆر بە دەگمەن بایەخ بە بارودۆخی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست دەدات، کەچی هەموو ڕۆژ باس لە پێشکەوتنەکانی شۆڕشەکەی بارزانی دەکات، لەگەڵ ئەوەشدا کەناڵەکانی ئەڵمانیا و ئەوروپای ناوەڕاست، کە لەژێر کاریگەری بزووتنەوەی زایۆنیزمن[٢]، بایەخی تایبەت بەم بابەتە دەدەن. هەندێک لە ئەندامانی ئەنجوومەنی پیرانی ئەمریکی، کە ناسراون بە لایەنگری بزووتنەوەی زایۆنیزم، بە هەند وەرگرتنی داواکارییەکانی مستەفا بارزانی بە گرنگ دەزانن، بۆیە داوا لە حکوومەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەکەن، دان بە تاخمەکەی و یارمەتیدانیان بنێت. خاتوو ڕۆزڤێڵت[٣]و دادوەری زایۆنی دۆگلاس[٤] ڕایانگەیاندووە، ئەوان هاوسۆزی بارزانین و داوا

(١) لۆمۆند، ڕۆژنامەیەکی ناسراوی فەڕەنسییە، وشەکە بە مانای جیهان دێت، لە ١٩ی کانوونی یەکەمی ١٩٤٤ یەکەم ژمارەی لە پاریس دەرچووە، تا ئێستاش (٢٠٢٢) لە دەرچوون بەردەوامە.

(٢) زایۆنیزم: ڕێبازێکە یان هەوڵێکی سیاسییە، تاکو جوولەکەکانی جیهان لە شوێنێک کۆبکاتەوە و قەوارەیەکی سیاسییان بۆ دروست بکات. بنەچەی زاراوەی زایۆنیزم دەگەڕێتەوە بۆ وشەیەکی عیبری بە ناوی زایۆن کە بە مانای ئورشەلیم دێت. زایۆنیزمی مودێرن لەکۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەدا سەری هەڵدا، واتە ئەوکاتەی کە جوولەکەکانی جیهان ڕووبەڕووی هەڕەشە بوونەوە. زایۆنیزم بەشێوەی فەرمی و وەک ڕێکخراوێکی سیاسی لە ساڵی ١٨٩٧ دا لە لایەن تیۆدۆر هێرتزڵ (١٨٦٠-١٩٠٤)ەوە دروستکرا. کە ڕۆژنامەوان و چالاکوانێکی سیاسیی هەنگاری بوو، بڕوای وابوو کە پێویستە گەلی جوولەکە نیشتیمانێکی تایبەت بۆ خۆیان هەبێت، تاکو پارێزراو بن، بۆ ئەم مەبەستە دەستی کرد بە هەنگاونان و بەستنی کۆنگرەی جوولەکەی جیهانی، ئەم هەنگاوانەش بەردەوام بوون تاکو ئەم بیرۆکەیە توانی لەسەر خاکی فەلەستین، دەوڵەتی ئیسرائیل دروست بکەن و ماڵ و حاڵ بۆ هەزاران جوولەکەی هاوردە بنیات بنێن.
Zionism - HISTORY

(٣) ولیام دۆگلاس (١٨٩٨-١٩٨٠)، یاساناس و دیپلۆماتکاری ئەمریکی، لە سەردەمی فرانکلین ڕۆزڤێڵت کرا بە سەرۆکی دادگای باڵای ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، بۆ ماوەی (٣٦) ساڵ لەم پۆستەدا مایەوە واتە (١٩٣٩-١٩٧٥). بڕوانە: ولیام أو دوغلاس (stringfixer.com).

(٤) ڕەنگە مەبەستی ئیلیانوور فرانکلین ڕۆزڤێلت (١٨٨٤-١٩٦٢)، هاوسەری فرانکلین ڕۆزڤێڵتی سی و دووەمین سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بێت. کە ساڵی ١٩٤٥ بووە نوێنەری ئەمریکا لە نەتەوە یەکگرتووەکان و سەرۆکی لیژنەی مافی مرۆڤ، ساڵی ١٩٦٠ بووە سەرۆکی لیژنەی کاروباری ئافرەتان. بڕوانە:

١٠ Stories of the People who Brought a Global Change - Awakening Digest Community (theawakeningdigest.com)

دەكەن پشتگیری بكرێن، وەک دەزاندرێت خاتوو ڕۆزڤێڵت نوقمی خۆشەویستی زایۆنیزم بووە. لەسەر ئاستی دیپلۆماسیش، فەرمانگەكانی زایۆنیزم و ئیمپریالیستی ئەمریكی، كەسێكیان بە كرێ گرتووە، كە هیچ پەیوەندییێكی بە عێراقەوە نییە، ئەویش شاعیرێكە ناوی میر كامەران بەدرخانە[1]، بەڵام ئەم كارەی هیچ پەیوەندی بە شیعرەوە نییە، ئەویش بانگەوازكردنە بۆ جووڵانەوە یاخیبووەكەی بارزانی لە ئەوروپا، كە دەیەوێت هەست و سۆزی خەڵک بۆ خۆی ڕابكێشێت، ئەوەش هەمان ئەو شێوازەیە كە فەرمانگەكانی زایۆنی بەكاری دەهێنن، بەدرخان پاریسی كردووەتە پێگەی بانگەواز و كارە دیبلۆماسییەكانی، بەڵام پیشە سەرەكییەكەی خۆی كاری مامۆستایەتییە لە زانكۆی سۆربۆن، بەڵام ئەوە ڕێگر نەبووە، تاكو بە هاوكاری دامودەزگای زایۆنی سەردانی ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا بكات، لەوێ پەیوەندی كردووە، بە ناوەندە فەرمی و نیمچە فەرمییەكان، پاشان گەڕاوەتەوە بۆ پاریس"[2].

ئەمەی ڕۆژنامەكە، سەبارەت بە كامەران بەدرخان باسی كردووە، ئەو جموجووڵە نەتەوەییانەن كە ئەو كەسایەتییەی كورد، لە سۆنگەی بەرپرسیارێتی نەتەوەیی پێی هەڵساوە، هیچ بەڵگەیەكیش نییە، كە ئەمەی بە هاوكاری جووڵانەوەی زایۆنی ئەنجام دابێت، ساڵی ١٩٦٢ زیاتر لە ٢٠ بیرخەرەوەی جیا جیای بۆ وڵاتە زلهێزەكانی جیهان و نەتەوەیەكگرتووەكان ناردووە، بۆئەوەی جیهان لە ڕەوشی ناهەمواری كورد ئاگادار بكاتەوە و پاڵپشتییێكی مرۆیی و سیاسی بۆ كێشەی نەتەوەكەی بەدەست بهێنێت، ئەمەش بەشێكە لەو

(١) كامەران عالی بەدرخان نەوەی میر بەدرخان پاشای میری بۆتان (١٨٩٥/ئەستەنبۆڵ-١٩٧٨/پاریس)، سیاسەتوان و نووسەر و پارێزەری كورد، دەرچووی كۆلێژی مافی ئەستەنبۆڵ بوو. ڕۆڵی هەبووە لە دامەزراندنی كۆمەڵەی خۆیبوون لە سووریا و بەردەوام هاوكاریی براكەی جەلادەت عالی بەدرخان بۆ ڕۆژنامەی (ڕوناهی) و (هاوار). كردووە. هەر لە شام لە ساڵی ١٩٤٣ گۆڤاری (ڕۆژا نوو)ی بڵاو كردووەتەوە. لە دواییشدا لە دەركردن و نووسینی چەند گۆڤار و ڕۆژنامەیەكی دیكەدا ڕۆڵی گێڕاوە. پاشان بۆ خوێندن ڕووی لە ئەڵمانیا كردووە و لەوێ دكتۆرای مافی وەرگرتووە و ماوەیەكیش لە زانكۆی سۆربۆن لە پاریس لە فەڕەنسا مامۆستا بووە. هەروەها لە (ئەنستیتۆی زمان و شارستانییەتی ڕۆژهەڵات) سەرۆكی بەشی زمانی كوردی بووە و تا دوا ساتی ژیانی لەوێ ماوەتەوە. بێوار ئدریس دەحلێنەوی، كامیران عالی بەدرخان ژیان و چالاكیێن وی یێن سیاسی و رەوشەنبیری ١٨٩٥-١٩٧٨، ئینسكلۆپیدیای پارتی دیموكراتی كوردستان و ئەوانیدیكە، دهۆک، ٢٠٢١، ل٣٣-٤٥.

(٢) الثورة، ع(١٠٠١)، ٢١/٩/ ١٩٦٢.

چالاکییانەی کە ڕەوەندی دەرەوە لە هەر بزووتنەوەیەکی ڕزگاریخوازی جیهانی پێی هەڵدەستێت[1].

هەر سەبارەت بە لەکەدارکردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، عەبدولکەریم قاسم لە بەردەم شاند و نوێنەری وڵاتان، کە سەردانی عێراقیان دەکرد، هێرشی دەکردە سەر شۆڕشی کورد و بە بزووتنەوەیەکی شەیتانی و ئەڵقە لەگوێی ئیمپریالیزم ناوی دەبرد، هەروەها وای پیشان دەدا، کە بزووتنەوەکە ناهێڵێت ئارامی و خزمەتگوزاری بگاتە ناوچەکانی باکووری عێراق، ئەمەش هەوڵێک بووە بۆئەوەی ناوونیشانێکی چەتەگەرانە بە شۆڕشی کورد بدات و لە دیدی وڵاتان بچووکی بکاتەوە، ڕۆژنامەی (العهد الجدید) لە یەکێک لە ژمارەکانی مانگی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٦٢، وتارێکی عەبدولکەریم قاسمی سەرۆک وەزیرانی بڵاوکردووەتەوە، کە لە کاتی پێشوازی لە شاندی یانەی بازرگانی سووری و باڵیۆزی سووریا لە عێراق داویەتی، دەڵێت:

"ئیمپریالیزم دەیەوێت وڵات پەرتەوازە بکات و سەروەرییەکەی لەکەدار بکات، بۆ ئەم مەبەستە خەریکی پیلانگێڕییە، یەکێک لە جموجووڵەکانی لە باکووری وڵات دایە، لە پێناو ئەوەی یەکڕیزی وڵات بشێوێنێت و جووڵەی ئاوەدانکاری بۆ هەژاران پەک بخات، نەهێڵێت دەستی خزمەتگوزاری بگاتە ناوچە شاخاوییەکان، هەندێک لە بەکرێگیراوانی کۆڵۆنیالیزم کارئاسانی بۆ ئەم پیلانە دەکەن، کۆڵۆنیالیزم دەیەوێت لە بنەماکانی برایەتی نێوان کورد و عەرەب بدات، بۆ ئەم مەبەستە بارزانی هان دەدات، جووڵانەوەیەکی شەیتانی دروست کردووە، وەک و چەتە و ڕێگر دەیجووڵێنێت، بەڵام ئێمە بە پشتیوانی گەل بە دەستێکی ئاسنین ڕووبەڕوویان دەبینەوە"[2].

هەر هەمان ڕۆژنامە، هەوڵی داوە هەندێک بابەت بوروژێنێت، بۆئەوەی لە پاڵیان دا ئەوە پەیامە بگەیەنێت، کە پشتگیری لە هەڵوێستەکانی عەبدولکەریم قاسم، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی شۆڕشی کورد، سنووری وڵاتانی عەرەبی تێپەڕاندووە، بەڵکو لە ئەورووپاش خەڵکانێکی هاوسۆزی حکوومەتی عێراقی هەن، کە دژی شۆڕشی کورد دەنگیان هەڵبڕیوە. ڕۆژنامەکە لە یەکێک لە ژمارەکانی تشرینی دووەمی ١٩٦٢ نامەی قوتابییەکی ئیتاڵی بەناوی ئەندریۆ سائۆرۆ خەڵکی فلۆرەنسای بڵاوکردووەتەوە، کە بۆ عەبدولکەریم

(١) بێوار ئدریس دەحلێنەوی، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٨.

(٢) العهد الجدید، ع(٥٨٢)، ١٨/١١/ ١٩٦٢.

قاسمی ناردووە، ئەم قوتابییە لە نامەکەدا دڵخۆشی خۆی بۆ سەرکەوتنی کۆمار بەسەر شۆڕشگێڕانی کورد دەربڕیوە و هیوای خواستووە، بە یەکجاری کۆتایی (بە گوتەی ڕۆژنامەکە)، بەم یاخیبوونە بهێندرێت[١].

ئەم بابەتە، واتە بڵاوکردنەوەی نامەی قوتابییێکی ئاسایی بۆ سەرۆکی وڵاتێک و پشتگیری لێ کردنی، پاشان بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەیەکی ناسراوی ئەو سەردەمە، جێگەی سەرنجە، ئەمەی لێ دەخوێندرێتەوە کە ڕۆژنامە عێراقییەکان هەوڵیان داوە، وا لە شەقامی عێراقی بگەیەنن کە لە هەموو دنیا پشتگیری لە هەوڵەکانی قاسم بۆ سەرکوتکردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی دەکات.

یەکێکی دیکە لەو ڕۆژنامە عێراقییانەی کە هێرشی کردووەتە سەر شۆڕشی ئەیلوول، ڕۆژنامەی (الشرق)[٢]ە، ئەم ڕۆژنامەیە، گۆشەیەکی تایبەتی تەرخان کردووە بۆ ئەو برووسکە و نامەپشتگیرییانەی کە خەڵک لە کوردستان و عێراق بە گشتی، بۆ عەبدولکەریم قاسمیان ناردووە، تیایدا هاوسۆزییان بۆ دەربڕیوە و دەستخۆشی سەرکەوتنیان بەسەر شۆڕشی گەلی کورد لێ کردووە، ڕۆژنامەکە ئەم گۆشەیەی ناو ناوە (الشعب یؤید خطوات حکومة العراقیة)، کە هەرجارەی دەیان برووسکە و نامەی لەم شێوەی بڵاوکردووەتەوە[٣]. هەروەها هەندێک هەواڵی وای داناوە، کە باری لاوازی شۆڕشی کورد دەردەخات، لە ژمارەی ٢٠ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٦٢، هەواڵێکی بڵاوکردووەتەوە کە تیایدا هاتووە:

"الشرق زانیویەتی ٣ لە گەورە یاخیبووان لە ڕەواندز، بە چەکەکانیانەوە خۆیان ڕادەستی بەرپرسانی (حکوومەت) کردووە و دڵسۆزی خۆیان بۆ زەعیم عەبدولکەریم قاسم ڕاگەیاندووە، بە گوتەی یەکێک لەوانە، ئەوان پەشیمانن لەوەی داویانەتە پاڵ شۆڕش، هەروەها لەو کارانەی بەرامبەر برا کوردەکان کردوویانە، لە دزی و تاڵانی و دەستدرێژی کردنە سەریان"[٤].

(١) العهد الجدید، ع(٥٨٣)، ١٩٦٢ /١١/١٩.

(٢) الشرق: ڕۆژنامەیەکی سیاسی ڕۆژانە بوو، ساڵی ١٩٥٨ ئیمتیازی دەرچوونی وەرگرتووە، خاوەنەکەی محەمەد ئەلعانی و سەرنووسەرەکەی پارێزەر عەبدوڵڵا جابر ئەلعانی بوو، تا کودەتای هەشتی شوباتی ساڵی ١٩٦٣ بەردەوام بوو.

(٣) الشرق، ع(٦٢٣)، ١٩٦٢/١١/١؛ ع(٦٢٥)، ١٩٦٢/١١/٤.

(٤) الشرق، ع(٦٣٩)، ١٩٦٢/١١/٢٠.

یەکێکی دیکە لەو گۆشە ڕۆژنامەوانییەی، کە (الشـرق) بـۆ دژایەتیکردنـی شۆڕشـی کـورد دایناوە، ئەو گۆشەیەیە لە چەند ژمارەیەکدا، بە ناوەکـانی (ضحایا الغـدر) و (حقیقـة عبیـد الاسـتعمار)، لەلایەن کەسێک بەنـاوی شـاهین تاڵەبـانییەوە[1] نـووسراوە، کە زۆر بە توونـدی هێرشی کردووەتە سەر شۆڕشی کورد و سەرکردایەتییەکەی، شـاهین تاڵەبـانی لە وتارەکانیـدا بە زمانێکی زبر و توونـد، گوزارشتی لە بابەتەکەی کردووە، وای پیشان داوە، کە شۆڕشی کورد دەستکردی بێگـانەیە، پڕیەتـی لە زوڵـم و سـتەم و دەسـتدرێژیکردنە سـەر خەڵکـی ئاسـایی. هەروەها وا دەردەخـات کە گەلـی کـورد دژی شۆڕشـەکەیە و بەرامـبەری وەسـتاوەتەوە. بـۆ نموونە لە یەکێک لە وتارەکانیدا دەڵێت:

"سەرۆک هۆزێکی گەورەی کورد بۆی گێڕامەوە، کە شاندێکی گەورەمان لە سـەرۆک هـۆزە کوردەکـان پێکهێنـابوو، بـۆ سـەردانی زەعـیم عەبـدولکەریم قاسـم چـووینە بەغـدا، زەعـیم پێشوازییێکی گەرمی لێکردین، داوای لێکردین تاکو کێشە و گرفتەکانمان باس بکەیـن، ئـێمەش باسی بابەتی چەتە و ڕێگرەکانمان کـرد (مەبەسـتی شۆڕشـگێڕانی کـوردە)، کە چـۆن بـوونەتە هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی وڵات و داوامان لە بەڕێزیان کرد، ڕێگامان بدات بۆ لەناوبردنیان و پێشنیارمان کرد کە مـاوەی هەفتەیەکمان بـۆ ئەم مەبەسـتە پـێ بـدات، بەڵام عەبـدولکەریم قاسـم پێکەنـی و گـوتی، ئـێمە پلانـێکمان دانـاوە، کە بـۆ مـاوەی چەنـد سـەعاتێک هەمـوو بەکرێگیـراو و یـاخیبووان لەنـاو بـبەین، پلانەکەشـمان لە ڕووکـاردا سـادە و سـاکارە، بەڵام لە کرداردا زۆر بەهێز و گورجگبڕە کە زەعیم بەو شێوە وەڵامـی دایەوە، ئـێمە هەمـوو بێـدەنگ بووین، لە بەرامبەر حیکمەتی ئەو سەرکردە گەورەیە"[2].

(١) شاهین تاڵەبانی ڕۆژنامەنووس و بێژەری ڕادیۆیی بوو، چ لە وتـارە ڕۆژنامەوانییەکـانی، چ لە بەرنـامە ڕادیۆییەکانی ئێستگەی کوردیی بەغدا، زۆر بە توندی هێرشی دەکردە سەر شۆڕشـی کـورد، لە سـەرەتادا لایەنگری عەبدولکەریم قاسم بـوو، دوای کودەتـای بەعسـییەکان لە شـوباتی ١٩٦٣ خـۆی لەگەڵ دۆخـی تازەدا گونجاند و بەردەوام بوو لە هەڵوێستەکانی. خەڵکـی کوردسـتان ڕقـی زۆریـان بەرامـبەری هەبـوو، عەبـاس عەبـدوڵڵا دەربـارەی شـاهین تاڵەبـانی دەڵێـت: بەهـۆی پشـتگیرییەکانی لە حکـوومەت، ڕۆڵـی کـاریگەری لە ڕادیـۆدا دەگێـڕا. پاشـان بەهـۆی هەڵوێسـتە نەیارەکـانی هەر لە شەسـتەکان بە دەسـتی ڕێکخستنەکانی پێشمەرگە، لە شاری بەغدا کوژرا. دیدار لەگەڵ عەبدوڵڵا عەباس، شوباتی ٢٠١٧/هەولێر.

(٢) الشرق، ع(٦٢٣)، ١٩٦٢/١١/١.

جێگای باسە، کە شۆڕش دوای بڵاوبوونەوەی ئەم وتارە، سێزدە ساڵ بەردەوام بـوو، لە زۆر لە وێستگەکانیشـیدا حکـوومەتی عێراقـی ناچـار بە گفتوگـۆ و دانوسـتان دەکـرد، گەلێـک دەستکەوتی نەتەوەیی گەورەشی بەدەستهێنا.

سەرەڕای ئەمانە، هەندێک لە ڕۆژنامە و بڵاوکراوە عێراقییەکان ئەوانەی بە ئاشکرا و نهێنی دەردەچـوون، هەڵوێسـتی پێچەوانەیـان بەرامـبەر شۆڕشـی کـورد گرتبـووەبەر، ئەوان لە دیـدگایەکی نیشـتیمانی و مرۆڤدۆسـتانە، یـان وەک ئامرازێـک بـۆ لێـدان و دژایەتیکردنـی عەبدولکەریم قاسم، پشتگیری و هاوسۆزییان بۆ کورد پیشان داوە، یان داوای چارەسەرکردنی کێشەی کوردییان کردووە بە شێوازێکی ئاشتییانە، بۆ نموونە حزبی شیوعی عێراقی، دروشـمی ئاشـتی بـۆ کوردسـتانی بەرز کردبـووەوە، بەتـایبەت لە سـەروتارەکانی ڕۆژنـامەی (طریـق الشـعب) ئەمەی دووپـات دەکـردەوە. هەروەهـا ڕۆژنـامەی (المبـدأ)[1]، بەیاننامەیەکیـان بە واژووی هەزار کەسایەتی دیاری عێراقی، لە بواری سیاسی و هزری و کۆمەڵایەتی لە نیسـانی ساڵی ١٩٦٢ بڵاوکردووەتەوە، کە تیایدا داوای ئاشتییان بۆ کوردستان و ڕاگرتنی شـەڕ کـردووە. هەروەها حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتیراکی، لە سۆنگەی دژایەتییان بۆ عەبدولکەریم قاسـم، هەوڵیان دەدا سوود لە جووڵانەوەی کورد وەربگـرن، وەک دەرفەتێـک بـۆ لاوازکردنـی قاسـم بیقۆزنەوە، بۆیە لە بڵاوکـراوە نهێنییەکەیانـدا بەنـاوی (الاشـتراکي)، کەوتـنە پشـتگیریکردن لە کێشەی کورد، بەتایبەت لەو ژمارەیەی کە لە سەرەتاکانی تەمموزی سـاڵی ١٩٦٢ دەرچـووە، بابەتێکیان بەناوی (القضية الكردية واحداث الشمال) بڵاوکردووەتەوە، کە تیایدا هاتووە:

"شەڕی عێراقییەکان بە هەموو بەشەکانییەوە، شەڕی کۆتاییهێنانە بەو حوکمەی دەیەوێـت عێـراق پەرگیـر بکـات و لە هاوبەشـیکردن لە شـەڕی ڕزگـاریخوازی عەرەب دایبڕێنێـت، ئەو شەڕەی کە جەخت لە پشتگیریکردنی دۆزی کـورد دەکـاتەوە، ئەم جـووڵانەوەیە (مەبەسـتی بەعســە) پەیوەنــدی پــتەوی بە دۆزی گەلــی عەرەب و نیشــتیمانی عەرەبەوە هەیە، جووڵانەوەکە پشتگیری لە کێشەی عەرەب دەکات، پشتیوانێکیشە، نەک هەڕەشە، بۆ کێشـەی کـورد، ئەو جـووڵانەوەیە وای دادەنێـت کە دوژمنـانی عەرەب، لە هەمـان کـات دوژمنـی

(١) المبـدأ: ڕۆژنـامەیەکی سیاسـی ڕۆژانە بـوو، حزبـی شـیوعی عێراقـی لە شـاری بەغـدا دەریـدەکرد، سەرنووسەرەکەی داود سائغ بوو، لە ڕێکەوتی دووی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٥٩ ئیمتیـازی دەرچـوونی پێدراوە. تا هەشتی شوباتی ساڵی ١٩٦٣ بەردەوام بووە. وزارة الاعلام، دليل الصحافة العراقية، ص٥٣.

کوردیشن. هاوکاری و خەباتی هاوبەشی نێوان عەرەب و کورد، تاکە ڕێگای ئاشتیخوازانەی دەستخستنی هێمنی و ئارامی نەتەوەییە"[١].

بەعسییەکان نەک هەر لە ڕاگەیاندنەوە، بەڵکو بەشێوەی ڕاستەوخۆ، هەر لە نیسانی ساڵی ١٩٦٢ ەوە، لە ڕێگەی چەند ئەفسەرێکەوە، بە سەرپەرشتی تاهیر یەحیا[٢] پەیوەندییان بە شۆڕشی کوردەوە کردبوو، داوایان کردبوو، ئەگەر کورد لە کودەتا دژی قاسم هاوکارییان بکات، ئەوا هەرچی داواکارییەکیان هەیە بۆیان جێبەجێ دەکەن، دیارە مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان، بژاردەی ئۆتۆنۆمییان خستە بەردەم مستەفا بارزانی، تاکو بیکاتە مەرجی ڕێککەوتنی نێوانیان، بەڵام مستەفا بارزانی وەک ئەوەی لە نیازی بەعسییەکان گەیشتبێت، بە گومانەوە هەڵسوکەوتی کردووە[٣].

هەروەها لە مانگی ئەیلوولیشدا، ڕۆژنامەی (الاشتراکي) زمانحاڵی بەعس، لە ژمارەی ئەیلوولی ساڵی ١٩٦٢، دەربارەی هەڵوێستی حزبی بەعس بەرامبەر کورد، نووسیوەتی:

"داواکارییە نەتەوەییەکانی کورد، بێ گوێدانە ئەوەی چین و چەندە جدین، بەشێکن لە داواکارییەکانی گەل بە گشتی، بۆ جێبەجێکردنی ئامانجە نەتەوەییەکان، هەروەها دەستەبەربوونی ئازادی و دیموکراسییەتەکەی و فەراهەمکردنی ئابوورییە نیشتیمانییەکەی، بۆ بەرژەوەندی گشتی گەل، ئەم ئامانجانەش بەدی نایەن، تاکو ئەو فەرمانڕەواییتییەی ئێستا لە ئارادایە، کۆتایی پێ نێت. لەبەر ئەوەی هەوڵدان، بۆ کەنارگیرکردنی کوردەکان، لە کۆی جووڵانەوەی میللی، بە هۆی دژایەتی دەسەڵاتەوە، پەیڕەوکردنی ڕێبازێکی ڕەگەزپەرستانەی

---

(١) فائق بطي، صحافة ١٤ تموز ....، ص٨٣.

(٢) تاهیر یەحیا محەمەد ئەلعەنزی (١٩١٤/تکریت-١٩٨٦/بەغدا)، دەرچووی کۆلێژی سەربازی بەغداە، یەکێک بووە لە ئەفسەرانی نیشتیمانی و بەشداری شۆڕشی چواردەی تەمموزی کردووە، دوای شۆڕش بووەتە بەڕێوەبەری گشتی پۆلیس، لایەنگری عەبدولسەلام عارف بووە، بەشداری لە کودەتای هەشتی شوباتی ساڵی ١٩٦٣ دا کردووە، لە ماوەی حوکمڕانی عارفەکان چەند جارێک سەرۆک وەزیران بووە، دوای کودەتای هەڤدەی سی تەمموز، ماوەیەک دەستگیرکرا، پاشان خرایە ژێر چاودێرییەوە. بڕوانە: جمال صبحي طالب، طاهر یحیی و دوره في تاریخ العراق المعاصر ١٩١٤-١٩٨٦، رسالة ماجستیر، جامعة تکریت/کلیة تربیة البنیات-قسم التاریخ، ٢٠١٥.

(٣) مام جەلال، دیداری تەمەن، ب١، ئا: سەلاح ڕەشید، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ل٢٠٩

جوداخوازانەیە، لە كاروباری سیاسییدا، فەرمانڕەوای ئێستا، پێڕەوێكی دەمارگیر و جوداخواز لە كاری سیاسیدا بەڕێوەدەبات، كە تێكدەرانە و زیانبەخشە بۆ بزووتنەوەی جەماوەری"[١].

دواتر دەركەوت بەعسییەكان جگە لە تاكتیكێكی سیاسی، هیچ ئامانجێكی دیكەیان نەبووە، بۆیە ماوەیەك دوای كودەتای هەشتی شوبات، زۆر بە توندی كەوتنەوە وێزەی كورد و دژایەتیكردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی كورد و شۆڕشی ئەیلوول، دەیان كاری تاوانكارییان دژ بە كورد ئەنجام دا، ئەو ماوەیە لە مێژووی عێراق بە ساڵی حەرەس قەومییەكان[٢] دەناسرێت كە لە بیرەوەریی كورددا بە ماوەیەكی شووم دادەندرێت، بە هۆی ئەو تاوانانەی بەرامبەر كورد و هێزە سیاسییە عێراقییەكان و نەیارەكانیان ئەنجامیان دا.

ساڵی ١٩٦٣ بە ساڵێكی پڕ لە كێشە و گۆڕانكاری لە مێژووی عێراق دادەندرێت، كاریگەری گۆڕانكارییەكانیش هەر لە سەرەتای ئەو ساڵەدا دەركەوتن، سەبارەت بە كورد شۆڕش لە كوردستان بەردەوام بوو، تا دەهات بەهێزتریش دەبوو، ئەو بەڵێنەی قاسم سەبارەت بە زوو كۆتاییپێهێنانی شۆڕش بە عێراقییەكانی دابوو، نەیتوانی بیگەیەنێتە سەر. لە لایەكی دیكەوە، ڕۆژ دوای ڕۆژ ژمارەی نەیارانی لە عێراق ڕوو لە زیادی بوون، لە ژێرەوە پیلانیان بۆ دادەنا و بنكۆڵی دەسەڵاتەكەیان دەكرد، قاسم لە نێوان شۆڕشی كورد و نارەزایی بەردەوامی شەقامی عێراقی لەو دۆخەی عێراق تێی كەوتبوو، دەرفەتێكی ئەوتۆی بۆ نەمابووەوە، ئەو جگە لە كورد، دركی بە مەترسی دیكەش دەكرد، ناشێت دەزگای هەواڵگری عێراقی هیچ زانیارییێكیان لەمەڕ چالاكیی بەعسی و نەتەوەییەكان بە عەبدولكەریم قاسم نەدابێت، ئەمە لە كاتێكدا بوو، كە بەعسییەكان بە ئاشكرا دژایەتی ئەو كەسانەیان دەكرد كە لایەنگری قاسم بوون،

(١) فاضل البراك، المصدر السابق، ص٤٩.

(٢) حەرەس قەومی یان پاسەوانانی نەتەوەیی، بەو ڕێكخراوە نیمچە سوپاییە دەگوترێت، كە بەعسییەكان دوای كودەتای ٨ی شوبات، لە بەرامبەر سوپای عێراق دروستیان كرد، مونزیر وەنداوی (١٩٣٢-٢٠١٥)یان كردە سەرۆكی. دوای دامەزراندنی، بووە هێزێكی خاوەن دەسەڵاتی فراوانی ئەمنی و سەربازی. دەستدرێژی زۆریان دەكردە سەر نەیارەكانیان، بەتایبەت لە كۆمۆنیست و لایەنگرانی عەبدولسەلام عارفی سەركۆمار. هەروەها تاوانی گەورەیان بەرامبەر خەڵكی كوردستان ئەنجام دەدا. تا وای لێهات فەرمانەكانی حكوومەتیان جێبەجێ نەدەكرد، تەنانەت ساڵح مەهدی عەمماشی وەزیری بەرگریشیان بە هیچ نەدەزانی، لە كاتێكدا بە فەرمی لە ژێر دەستی ئەودا بوون، وەك هێزێكی میلیشیایی سەر بە بەعس هەڵسوكەوتیان دەكرد، تا تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٦٣ لەوپەڕی هێز و گوڕوتیندا بوون. مەسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل١١١.

کەریم شارەزا[١] لە بیرەوەرییەکانیدا شتێکی سەیر دەگێڕێتەوە، کە پێش کودەتای هەشتی شوبات، خەڵک بە ئاشکرا لەسەر لایەنگیریی قاسم دەستگیر دەکرا و لەلایەن دەزگا ئەمنییەکانەوە ئەشکەنجە دەدران[٢]. بەڵام قاسم یان ئەمەی بە گرنگ وەرنەگرتووە، یان دەستەوەستان بووە بۆ ڕووبەڕوونەوەی، ئەمە لە کاتێکدا شۆڕشی کورد هەموو توانا سەربازییەکانی عێراقی سەرقاڵ کردبوو، قاسم دەبووایە لەم نێوانەدا یەکێکیان هەڵبژێرێت، یان پێکهاتن لەگەڵ کورد و ڕووبەڕووبوونەوەی نەیارانی لە نێو دامودەزگاکانی دەوڵەتدا، یان ڕێککەوتن لەگەڵ لایەنە ناکۆکەکان و خۆتەرخانکردن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی شۆڕشی کورد. بەڵام کات لە بەرژەوەندی عەبدولکەریم قاسم نەبوو، بۆیە کودەتای بەسەردا کرا و بە هیچ کام لەم دوو بژاردەیە ڕانەگەیشت.

ماوەیەک پێش کودەتا، لە مانگی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٦٣، دادوەریی گشتی سەربازیی عێراق، بە بۆنەی ساڵیادی دامەزراندنی سوپای عێراق[٣] بەیانی ژمارە (١٤١)ی بڵاوکردەوە، ئەم بەیانە داوای خۆڕادەستکردنەوەی شۆڕشگێڕانی کوردی دەکرد، بۆ ئەم مەبەستە هەموو کارئاسانییەک خرابووەڕوو، ڕۆژنامەی (العهد الجديد) دەقی بەیانەکەی بڵاوکردووەتەوە، کە لە ناوەرۆکەکەیدا ئەم خاڵانە هاتووە:

١. سوپای عێراق و هێزەچەکدارەکان، هەماهەنگی تەواو لە نێوانیاندا دەبێت، بۆ پاراستنی خەڵکی کوردستان، لە کاتی خۆڕادەستکردنەوەیان.

٢. هێزی ئاسمانی بۆردومانەکانیان ڕادەگرن، تەنیا بۆ چاودێری دۆخەکە بەسەر ناوچەکە دەسووڕێنەوە.

---

(١) کەریم مستەفا حەمەغای حەوێزی (١٩٢٨/کۆیە-٢٠١٥/هەولێر)، شاعیر و نووسەر، دەرچووی خانەی مامۆستایانی سەرەتایی بەغدایە لە ساڵی ١٩٥٠. دوای دەرچوونی بە مامۆستا لە کۆیە دامەزراوە و وانەکانی عەرەبی و کوردی گوتووەتەوە. لەسەر هەڵوێستی کوردایەتی دوورخراوەتەوە بۆ خوارووی عێراق و لە ساڵی ١٩٦٦ دا گوێزراوەتەوە بۆ پارێزگاری هەولێر. لە شوباتی ١٩٧٠ ئەندامی دامەزرێنەری یەکێتی نووسەرانی کورد-لقی هەولێر بووە. لە ساڵی ١٩٧٣ دا بە ئەندامی یاریدەدەری کۆڕی زانیاری کورد لە بەغدا هەڵبژێردراوە. لە ساڵی ١٩٩٧شدا دوای بووەتە ئەندامی ئەکادیمیای کوردستان، پاشان کاری وەرگێڕانی یاسا و بڕیارەکانی پەرلەمانی کوردستانی کردووە. کەریم شارەزا، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧٠-٢٧٣.

(٢) هەمان سەرچاوە، ل١٤٣-١٥٤.

(٣) سوپای عێراق لە شەشی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٢١ دامەزراوە.

٣. کـاری وەرگــرتنەوەی یـاخیبووان بە یەکە سـەربازی و کارگێڕییەکـان دەسـپێردریت، کە پێویســتە لە مــاوەی ١٠ ڕۆژدا واتە تــاکو ڕێکەوتــی ١٩٦٣/١/٢٠ جێبەجــێ بکرێــت، هەرکەسێکیش خۆی ڕادەست کردەوە، هیچ مامەڵەیەکی خراپـی لەگەڵـدا ناکرێـت، یەکسـەر ئازاد دەکرێت، تەنیا دەستەبەرییێکی سادەی لێ وەردەگیرێت.

٤. ئەم وەرگــرتنەوەیە هەمــوو یــاخیبووان دەگــرێتەوە بەبــێ جیـاوازی تەمەن و پـێگەی کۆمەڵایەتی، بەڵکو هەمووشیان یارمەتی دەدرێن.

٥. یاخیبووان کە بیانەوێت خۆیان ڕادەست بکەن، پێویستە پەڕۆیەکـی سپی بەرز بـکەنەوە، کە ئەمەش بەڵگەی ئاشتیخوازییە[١].

هەر ڕۆژنامەی (العهد الجدید) لە ژمارەکانی دیکەیدا، هەندێک هەواڵی بڵاوکـردووەتەوە، گوایە خەڵکانێک بەدەم بانگەوازەکەی عەبدولکەریم قاسـمەوە هـاتوون و خۆیـان ڕادەسـتی حکوومەت کردووەتەوە، ڕۆژنامەکە لە یەکێک لە ژمارەکانی مانگی کـانوونی دووەمـی سـاڵی ١٩٦٣ ڕایگەیانــدووە، ئەوان زانیارییــان وەرگرتــووە، ســەبارەت بە یەکێــک لە گەورە بەشداربووانی جووڵانەوەکە، بە ڕادەسـتکردنەوەی چەکەکـانی، ئەمەش بە سـوودوەرگرتن لە بڕیـارەکەی قاسـم بـووە، ئەو کەسـەش عەبـاس مامەنـد ئاغـای ئـاکۆ[٢] یە، کە یەکـێکە لە یاخیبووان، لەگەڵ ئەوەشدا ژمارەیەکی دیکەی یاخیبووان خۆیان ڕادەست کردووەتەوە[٣].

ئەم هەواڵە پێناچیت ڕاست بێـت، مەسـعود بـارزانی ئامـاژە بەوە دەکـات، کە لە زسـتانی ساڵی ١٩٦٢-١٩٦٣، بارزانی لە ناوچەی ڕانییە لە هاتووچۆدا بووە، مـاوەیەک میـوانی عەبـاس مامەنـد ئاغـا بـووە. بە هـیچ جۆرێـک ئامـاژە بەوە ناکـات کە عەبـاس ئاغـا خـۆی ڕادەسـتی

(١) العهد الجدید، ع(٦٢٩)، ١٩٦٣/١/١٤.

(٢) عەباس ئاغا کوڕی مامەندئاغا (١٩٢٢/ڕۆژهەڵاتی کوردستان-١٩٦٦/ناوچەی ڕانیە)، دوای مردنی باوکی، (عەباس ئاغا) وەک جێنشین بە سەرۆك هۆزی ئاکۆ دیاری کراوە، لەسەردەمی پاشایەتیدا هاوکاری لەگەڵ سەرانی پارتی و حزبی شیوعی عێراقدا کـردووە ، دوای گەڕانەوەی مەلا مستەفا بـۆ عێـراق ، یەکێـک لە لایەنگرە نزیکەکانی بووە، دوای ئاڵۆزبوونی پەیوەندی نێوان سەرکردایەتی کـورد و حکـوومەتی ناوەنـدی، لە پێناو بەهێزبوونی شۆڕشی ئەیلول، هێزێکـی چەکـداری لە هـۆزەکەی بـۆ ڕووبەڕوبـوونەوەی سـوپای عێراق دروستکردووە و بووەتە پاڵپشتی شۆڕش (لە پەیجی هۆزی ئاکۆ وەرگیراوە).

(٣) العهد الجدید، ع(٦٣٣)، ١٩٦٣/١/١٨.

حکوومەت کردبێت، تەنیا هەندێک لە ئاغاکانی هۆزی میراودەلی[1] لە ناوچەی پشدەر، بە دزییەوە لەگەڵ حکوومەت ڕێکەوتبوون، بەڵام دوای کودەتای ٨ی شوبات ئەوانیش گەڕانەوە لای بارزانی[2].

هەر سەبارەت بەم بابەتە، ڕۆژنامەی (الايام) لە ژمارەی ڕۆژی یەکی شوباتی ساڵی ١٩٦٣ نووسیویەتی:

"زەعیم عەبدولکەریم قاسم ڕایگەیاند، ٦٥٠ کەس لە یاخیبووانی باکوور چەکەکانیان داناوە، ئەو ژمارەیەش ڕوو لە زیادبوونە، ئەمەش وەک ڕێزگرتنێکە لە ڕۆژانی ڕەمەزان و جەژنی ڕەمەزان، ماوەی ڕادەستکردنەوەی چەکەکان، تا کۆتایی جەژن بەردەوام دەبێت، حاکمی سەربازی بەیاننامەیەک لەو بارەیەوە بڵاودەکاتەوە. پاشان گوتی بانگەشەی کێشانەوەی هێز لە ناوچەکانی باکوور، بانگەشەیەکی ئیمپریالیزمانەیە، لەبەر ئەوەی ئەو ناوچانە ناوچەی مەشقی سەربازی بوونە، بەر لە هەڵگیرسانی شۆڕش و دوای هەڵگیرسانی شۆڕش، ئەو مەشقانە، هیچ کات و شوێنێکیان نییە، ئامانج لەو بانگەشانە دەستهاویشتنە ناو ئەو ناوچەیە بۆ بابەتی کۆڵۆنیالی".

هەر لە هەمان ژمارەی ڕۆژنامەکەدا، کۆنگرەیەکی دیکەی ڕۆژنامەوانیی عەبدولکەریم قاسم بڵاوکراوەتەوە، کە لە کۆنگرەکەدا، جارێکی دیکە، هێرش دەکاتە سەر سەرکردایەتی شۆڕشی کورد و بە دەسیسەی ئیمپریالیزم ناوی دەبات و دەڵێت:

"ئێمە ماوەیەکمان بۆ یاخیبووان داناوە بۆئەوەی بگەڕێنەوە و پاداشتی خۆیان وەربگرن، تێبینیمان کردووە، هەندێک ڕۆژنامەی بەریتانی بابەتگەلێک بڵاودەکەنەوە، کە یەکڕیزی نیشتیمانی دووچاری لەتبوون دەکات، بەتایبەت لێدوان دەربارەی یاخیبوونە داڕماوەکەی باکوور، کە بە شۆڕش ناوی دەبەن، ئەو ڕۆژنامە بەریتانیانە شەرم ناکەن کە هانی خەڵک دەدەن بۆ شۆڕش، لە کاتێکدا ئەوانە هەندێک ڕێبواری ڕێگای ئیمپریالیزمن و هەندێک

(١) عەشیرەتی میراودەلی، هۆزێکی کوردن پتر لە ١٥٠٠٠ خێزان دەبن، بەزۆری لە باشووری کوردستان نیشتەجێن بەتایبەت لە ناوچەی پشدەر و قەڵادزێ هەروەها هەندێکیان لە کوردستانی ڕۆژهەڵات نیشتەجێن، بەتایبەت لەناوچەی سەردەشت، سەرەتای ناونانی عەشیرەتەکە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی بابانەکان و بەشێک بوون لە میرنشینی بابان و سۆران و ئەردەڵان. ئیبراهیم میراودەلی، چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی میراودەلی پشدەر، چاپخانەی بەدرخان، سلێمانی، ٢٠٠٣.

(٢) مەسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٨.

جووڵانەوەیان دژی دەوڵەت دروست کردووە. بۆئەوەی لەمپەر بخەنە بەردەم گەڕانەوەی ئەو کەسانەی کە بۆ ڕێگای ڕاستی پەشیمان بوونەوتەوە، هەروەها بەڕێزیان پەیامێکی بۆ ئەو کەسانە نارد کە نوێنەرایەتی زۆرینەی کورد دەکەن، تاکو ئەم کارە ناپاکییە تاکە کەسییانە سەرکۆنە بکەن، کە زیان بە بەرژەوەندییەکانی گەلی عێراق دەگەیەنێت و گوتی: ئەوانەی لێدان لە چاکسازییەکانی شۆڕشیان بە ئامانج گرتووە، لە کاتێکدا کۆماری عێراق شەڕی نەزانین دەکات، کەچی ئەوان قوتابخانەکان دەسووتێنن. ئەو ڕۆژنامانەی دادوەرانە بابەتەکانیان بڵاودەکەنەوە، ئەم ڕاستییانەیان، لە بەرچاو گرتووە"[1].

ڕۆژی هەشتی شوباتی ساڵی ١٩٦٣ ڕۆژێکی یەکلاکەرەوە بوو، بۆ کۆتاییپێهێنانی فەرمانڕەوایی عەبدولکەریم قاسم، وەک سەرچاوەیەک ئاماژەی پێدەدات، پیلانی کودەتا، زۆر بە چاکی داڕێژرابوو، ژمارەیەکی زۆر لە بەعسییەکان کە لە سوپادا بوون، بۆ ئەم مەبەستە ئاگادارکرابوونەوە، لە ئەبوغرێب پەخشی ڕادیۆیی و کۆگا سەربازییەکان، هەروەها یەکەی زرێپۆش و بنکەی ئاسمانی حەبانییەش ئامادەکرابوون[2]. هەڵمەتی کودەتا لە بەرەبەیانی ڕۆژی هەشتی شوبات دەستپێکرد و سوپا لە دژی عەبدولکەریم قاسم جووڵەی پێکرا و لە ماوەیەکی کەمدا دەست بەسەر زۆربەی دامودەزگاکانی حکوومەت لە شاری بەغدادا گیرا و پاشان عەبدولکەریم قاسمیش کە زانی کار لە کار ترازاوە، خۆی دا بە دەستەوە و ڕۆژێک دوای کودەتاکە، واتە ڕۆژی ١٩٦٣/٢/٩، دوای لێپێچینەوەیەکی سەرپێیی لە نێو بارەگای ڕادیۆی بەغدا گوللەباران کرا.

(١) الایام، ع(٢٤٤)، ١٩٦٣/٢/١.

(٢) صالح حسين الجبوری، ثورة ٨ شباط في العراق، ب.م، ب.س.

## تەوەری دووەم

### هەڵوێستی ڕۆژنامە عێراقییەکان بەرامبەر شۆڕشی ئەیلوول لە کودەتای هەشتی شوباتەوە تا کۆتایی ماوەی حوکمی عەبدولسەلام عارف (شوباتی ١٩٦٣- نیسانی ١٩٦٦)

دوای کودەتای هەشتی شوبات بەعسییەکان و نەتەوەییەکان دەستیان بەسەر دەسەڵاتدا گرت، عەبدولسەلام عارف لەلایەن ئەنجوومەنی نیشتیمانی سەرکردایەتی شۆڕش، وەک یەکەم سەرکۆماری عێراق هەڵبژێردرا. ئەحمەد حەسەن بەکریش[١] بووە سەرۆک وەزیران، لە کابینە وەزارییەکەشدا دوو کورد کە فوئاد عارف[٢] و بابە عەلی شێخ مەحموود[١] بوون، کرانە وەزیر[٢].

(١) ئەحمەد حەسەن بەکر (١٩١٤/تکریت-١٩٨٢/بەغدا)، دەرچووی خانەی مامۆستایانی بەغداە، پاشان کۆلێژی سەبازیی بەغداە، بەشداری لە ڕاپەڕینی مایسی ١٩٤١ دا کردووە، دوای سەرکوتکردنی کودەتاکە دەستگیرکراوە و دوای ئازادکردنیشی، ناچار بە خانەنشین بوون کراوە، تا ساڵی ١٩٥٧ بەم شێوەیە ماوەتەوە، لەو ساڵەدا پەیوەندی کردووە بە ڕێکخراوی ئەفسەرانی نیشتیمانی و ساڵی ١٩٥٨ بەشداری لە شۆڕشی چواردەی تەمموزدا کردووە، ساڵی ١٩٥٩ جارێکی دیکە بە تۆمەتی دژایەتی عەبدولکەریم قاسم لە کاروبارەکانی دەوڵەت پەڕگیر کراوە، بەڵام هەر لەو ساڵەدا کراوە بەرپرسی نووسینگەی سەربازیی حزبی بەعس لە عێراق، دوای کودەتای هەشتی شوبات بووەتە سەرۆکوەزیران، لە نێوان ساڵانی ١٩٦٨-١٩٧٩ دا سەرکۆماری عێراق بووە، پاشان بە پیلانێکی سەدام حوسێن (١٩٣٧-٢٠٠٦) لەسەر کار لابرا. ظلمە التاريخ ونسب إنجازاته لغيره.. أحمد حسن البكر رئيس العراق الذي قاد الانقلابات | أخبار سياسة | الجزيرة نت (aljazeera.net).

(٢) فوئاد عارف مەحموود (١٩١٣/عەمارە-٢٠٢٠/سلێمانی): لە دایک و باوکێکی کورد لەدایکبووە، ساڵی ١٩٢٨ لە کۆلێژی سەربازی وەرگیراوە و بووەتە هاوڕێی مەلیک غازیی عێراق، لە گەشتەکانیدا لەگەڵی بووە. لە ساڵی ١٩٤١ عارف بە پلەی عەقید بە فەرماندەی فەوج لەسەربازگەی مەنسوور دامەزراوە، دواتر بەشێوەیەکی کاتی خۆی تەرخانکردووە بۆ موتەسەریفیەت (پۆستی پارێزگار)ی کەربەلا، دواتر پلەکەی بۆ لیوا بەرزکراوەتەوە. فوئاد عارف ڕۆڵێکی دیار و گرنگی بینیوە لە هێورکردنەوەی کێشەی نێوان عەبدولکەریم قاسم و عەبدولسەلام عارفدا، ماوەیەکیش پۆستی وەزارەتی کاروباری ئەوقافی عێراقی لەئەستۆ گرتووە و دواتریش چەندین پۆستی باڵای وەک جێگری سەرکۆمار و سەرۆکی ئەرکانی سوپای لەئەستۆ گرتووە.جمال بابان، المصدر السابق، ص٥٩٣.

لە قۆناغی تازەدا حکوومەتی عێراق بڕیاریدا مافەکانی کورد لە چوارچێوەی یەکێتی عێراقدا دەستەبەر بکات، بۆ ئەم مەبەستە لێدوانی حکوومەت و بەیاننامە فەرمییەکانی ئەنجوومەنی نیشتیمانی شۆڕش، لە ڕۆژنامەکاندا بڵاودەکرایەوە، نیازی حکوومەتی عێراقی بەرامبەر چارەسەرکردنی کێشەی کورد، تیایدا دەخرایە ڕوو. ڕۆژنامەی (الجماهیر) [٣] لە مانگی شوبات، واتە ماوەیەکی کورتی دوای کودەتا، چەند وتارێکی بڵاوکردووەتەوە، کە تیایدا باسی لە کێشەی کورد کردووە و ئامادەیی حکوومەتی عێراقی بۆ جێبەجێکردنی داواکارییەکانی نەتەوەی کورد پیشان داوە. بۆ نموونە لە ژمارەی ڕۆژی ١٣ی شوبات، ڕۆژنامەکە نووسیویەتی:

"هەڵگیرسانی شۆڕشی هەشتی شوبات، بە مەبەستی ئازادکردنی عێراق و ڕۆڵەکانی بوو و پێشکەوتنی ژیانی هاووڵاتییانی لە باکووری وڵات لە بەرچاوگرتووە، گەلی عەرەب درکی بەوە کردووە، پێویستە کوردەکان گوزارشت لە هەستی نەتەوایەتی خۆیان بکەن، ئەگەر چی وڵات بە قۆناغێکی سەختدا تێدەپەڕێت، بەرامبەر پیلانی کۆلۆنیالیزم و دەرەبەگەکان، بۆ گێڕانەوەی دەسەڵاتیان، بۆیە وا باشترە لەو قۆناغەدا، داواکارییەکانی کورد دوا بخرێت، تا وڵات بەرەو کەناری ئارامی ڕێدەکات"[٤].

(١) بابە عەلی شێخ مەحموودی حەفید (١٩١٢/سلێمانی-١٩٩٦/لەندەن)، دەرچووی بەشی زانستەکانی زانکۆی کۆڵۆمبیایە لە نیۆیۆرک، دوای گەڕانەوەی ناوەیەک بە کاری میری پاشان کاری بازرگانی خەریک بووە، ساڵی ١٩٤٦ لە کابینەکەی (ارشد العمری) بووەتە وەزیری ئابووری، پاشان لە کابینەکەی نووری سەعیدیش لە هەمان پۆست بەردەوام بووە، پاشان لە خوولی یازدەهەمی پەرلەمانی عێراق لەسەر پشکی سلێمانی بووەتە ئەندام، لە سەردەمی کۆماریشدا چەند جارێک بووەتە وەزیر، ساڵی ١٩٦٨ عێراقی جێهێشتووە و لە لەندەن گیرساوەتەوە. هەمان سەرچاوە، ل١٤٥.

(٢) شیرزاد زکریا محمد، المصدر السابق، ص٧٣-٧٤.

(٣) الجماهیر: هەفتەنامەیەکی سیاسی بوو، خاوەن ئیمتیاز و سەرنووسەری ئەسعەد فەریح بوو، لە ڕێکەوتی ١٩ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٥٨ ئیمتیازی دەرچوونی وەرگرتووە، پاشان لە ٢٦ی ئایاری ساڵی ١٩٥٩ بە هۆی بوونی هەندێک کێشەی یاسایی فەرمانی مۆڵەتی هەڵوەشاتەوە، دوای کودەتای ٨ی شوباتی ١٩٦٣ وەک زمانحاڵی بەعسییەکان دەستی بە دەرچوون کردووەتەوە، کەریم شنتاف و تاریق عەزیز (١٩٣٦-٢٠١٥) بەڕێوەیان بردووە، تا مانگی تشرینی دووەمی هەمان ساڵ بەردەوام بووە. فائق بطي، صحافة ١٤ تموز ....، ص١٢١-١٢٩.

(٤) الجماهیر، ع(٢)، ١٩٦٣/٢/١٣.

ئەوەی لەم وتارەدا جێگەی سەرنجە، باسکردنە لە دواخستنی داواکارییەکانی نەتەوەی کورد لەو قۆناغەدا، بە پاساوی ئەوەی پیلانی ئیمپریالیزم لە ئارادایە. ئەمە لە کاتێکدا هەر خۆیان داوایان کردووە، کورد داواکارییەکانی خۆی پێشکەش بکات.

هەر (الجماهیر) لە ژمارەی ڕۆژی ١٥ی شوباتدا، لێدوانێکی تالیب شەبیبی وەزیری دەرەوە[1]ی بڵاوکردووەتەوە، کە دەربارەی کورد داویەتی و دەڵێت:

"ترس و تۆقین لە سەردەمی قاسمدا هەموو لایەکی گرتبووەوە، هەموو خەڵک لە سەرجەم چین و توێژەکان، زیانمەند بوون، بەڵام کوردەکان پشکی سەرەکیان بەرکەوت، شۆڕش، ئامانجی کورد و عەرەبی هەموو بە یەکەوە پێکا"[2].

لە ڕۆژی ١٧ی شوباتیشدا لێدوانێکی حازم جەوادی وتەبێژی حکوومەتی بڵاوکردووەتەوە، کە لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا لە ١٥ی شوبات داویەتی و تیایدا هاتووە:

"کێشەی برا کوردەکانمان لە چوارچێوەی یەکێتی خاکی عێراقدایە، هەردووک نەتەوەی برا خاوەن بەرژەوەندی هاوبەشن و کێشەی کورد بە شێوەیەکی ئاشتییانە چارەسەر دەبێت، ئەمەش پاش ئەوەی بۆچوونی برا کوردەکانمان وەردەگرین"[3].

هەر ڕۆژنامەی (الجماهیر) لە ڕۆژی یەکی ئاداردا، ڕاگەیەندراوێکی فەرمی حکوومەتی بڵاوکردووەتەوە، کە تیایدا هاتووە:

"حکوومەتی شۆڕش بڕیاری داوە، ٣٠٠ زیندانی کورد ئازاد بکات، وە پێداچوونەوە بە گفتوگۆکان لەگەڵ سەرکردایەتی شۆڕشی کورد بکات، شۆڕشی پیرۆز بڕوای بە ئازادی و بەتینکردنی برایەتی نێوان کورد و عەرەب هەیە، ئەمەش سۆز و خۆشەویستی نێوانیان زیاتر دەکات، شۆڕشە پیرۆزەکەمان هەوڵ دەدات شوێنەوارەکانی سەردەمی قاسم ڕیشەکێش

(١) تالیب شەبیب (١٩٣٤/بابل-١٩٩٧/لەندەن)، سیاسی عێراقی، ئەندامی حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتیراکی بوو، دەرچووی بەشی ئەندازیاری لە کۆلێژی ئیمپریالی لەندەنی، داوی کودەتای هەشتی شوبات، بووەتە وەزیری دەرەوەی عێراق و هەروەها دوای کودەتای تەمموزی ١٩٦٨ گەلێک پۆست و پایەی حکوومی وەرگرتووە، ماوەیەک باڵیۆزی عێراق بووە لە ئەڵمانیا، پاشان بەهۆی کێشەکانی لەگەڵ سەدام حوسێن عێراقی جێهێشتووە و لە لەندەن گیرساوەتەوە. الگاردینیا - مجلة ثقافیة عامة - الرئیس عبدالسلام محمد عارف والکویت (algardenia.com) ...

(٢) الجماهیر، ع(٤)، ١٩٦٣/٢/١٥.

(٣) الجماهیر، ع(٢)، ١٩٦٣/٢/١٣.

بکات و مافی برا کوردەکانمان دابین بکات". ئەم ڕاگەیەندراوە لە زۆربەی ڕۆژنامەکانی ئەوکاتە بڵاوکراوەتەوە[1].

ڕاگەیەندراوێکی دیکەی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش، هەر لە ئاداری ساڵی ١٩٦٣ بڵاوکراوەتەوە کە تیایدا هاتووە، مافی کورد لەسەر بنەمای لامەرکەزی جێبەجێ دەکەین، ڕۆژنامەی (الحرية)[2] لە ژمارەی ڕۆژی ١٠ی ئادار و ڕۆژنامەی (الايام) لە ڕۆژی ١١ی ئادار و ڕۆژنامەی (اربيل/هەولێر)[3] زمانحاڵی شارەوانی هەولێر، لە ژمارەی ڕۆژی ١٦ی ئاداری ساڵی ١٩٦٣ و چەند ڕۆژنامەیەکی دیکە، دەقی ڕاگەیەندراوەکەیان بە تەواوی بڵاوکردووەتەوە، کە ئەمە ناوەڕۆکەکەیەتی:

"عەرەب و کورد وەک برا بەیەکەوە دەژین، خاک و بیروباوەڕ و بەرژەوەندی بە یەکەوەیان گرێ دەدەن، کۆلۆنیالیزم و ئەڵقە لەگوێکانیان ناتوانن لە یەکیان بترازێنن، شۆڕشی ١٤ی تەمموز بۆ ئازادکردنی گەل ڕوویدا، وەک لە دەستووری کاتیدا هاتبوو، جەختی لە

(١) الجماهير، ع(١٨)، ١٩٦٣/٣/٢؛ المنار، ع(٢٥٤٨)، ١٩٦٣/٣/١.

(٢) ڕۆژنامەی (الحرية): ڕۆژنامەیەکی سیاسی بوو، خاوەن ئیمتیازەکەی قاسم حەموودی بوو، لە ڕێکەوتی چواری کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٥٤ ئیمتیازی دەرچوونی وەرگرتووە، تاکو ١٩٦١/٨/٢١ بەردەوام بووە، لە دوای کودەتای هەشتی شوبات، دەستی بە دەرچوون کردووەتەوە، بەڵام لە مانگی نیسانی ئەو ساڵەدا ناوەکەی گۆڕاوە بۆ (الطليعة). فائق بطي، صحافة ١٤ تموز ....، ص١٢٩.

(٣) اربيل/ هەولێر: پەخشنامەیەکی هەفتانەیی بووە، بە زمانی کوردی و عەرەبی شارەوانیی هەولێر دەریکردووە، لەلایەن قایمقامیەتی هەولێریش سەرپەرشتی دەکرا، یەکەم ژمارەی لە ٢٢ی ئابی ساڵی١٩٦١ دا، بڵاوکراوەتەوە و ٨٣ ژمارەی لێدەرچووە، ژمارە ٧٥ ی پەخشنامەکە لە ڕێکەوتی ٦ی حوزەیرانی ساڵی١٩٦٣ دا، بڵاوکراوەتەوە، لە پاشان هەشت ژمارەی دیکەی لە دەرەوەی شارەوانی هەولێردا لێدەرچووە و ساڵی ١٩٦٣ وەستاوە، بەشی کوردی پەخشنامەکە لەلایەن مەغدید سۆران (١٩٢٢-٢٠١٠) سەرپەرشتی دەکرا، لە چاپخانەی شارەوانی کەرکووکدا، (٤) لاپەڕە (یەك لاپەڕەی کوردی) چاپکراوە. ئەم پەخشنامەیە بایەخی بە ڕۆشنبیریی گشتی داوە، خۆی لە بابەتی سیاسی بە دوور گرتووە، لە تەك هەواڵەکانی شارەوانی هەولێر، بابەتی ئەدەبی و کۆمەڵایەتی بڵاوکردۆتەوە، ئەگەرچی لە کەموکوڕی و نەبوونی هەندێ خەسڵەتی ڕۆژنامەوانی بەدەر نەبووە، بەڵام توانیویەتی کاریگەری خۆی لەسەر بزاڤی ڕۆشنبیریی شارەکەدا دروست بکات و ڕۆشنبیرانی شارەکە بیخوێننەوە و بابەتەکانیان تێیدا بڵاو بکەنەوە. بەشی عەرەبی پەخشنامەکە کە لە ٣ لاپەڕە پێکهاتووە، لەلایەن عەبدولوەهاب حاجی حەسەن سەرۆکی شارەوانی ئەو کاتەی هەولێر سەرپەرشتی دەکرا. هۆشەنگ ساڵح نەجار، بزاڤی ڕۆشنبیری لە شاری هەولێر، ل١٩٠.

برایەتـی نێـوان عەرەب و کـورد دەکـردەوە، بەڵام لە ڕێـگەلادان و تۆقانـدن لە سـەردەمی عەبدولکەریم قاسم، کورد و عەرەبی بێئومێد کرد، گێرەشـێوێنی و ئـاژاوە و ناخۆشـی هێنـایە ناو وڵات، شۆڕشی چواردەی ڕەمەزانـی پیـرۆز (مەبەسـت لە کودەتـای هەشـتی شـوباتە) بـۆ ئەوە هەڵگیرسا، تا هەڵگەڕاوەکان لەناو ببات و جەخت بکـاتەوە لە پرەنسـیپەکانی ئـازادی و دادپەروەری و هاوکـاری نێـوان عەرەب و کـورد و یەکێتـی خـاکی عێـراق، لە گـرنگترین ئامانجەکانی ئەم شۆڕشە، دامەزراندنی دەزگـایەکی سـەردەمیانە بـوو، تـا بە چـاکترین شـێوە باری کارگێڕی و فەرمانڕەوایی ڕێک بخات، شێوازی لامەرکەزییەت ئەو شێوازەیە، سـوودەکانی بۆ هەموو جیهان دەرکەوتووە، هەر بۆیە بووەتە بەشـێک لە پرەنسـیپەکانی شـۆڕش، ئەمەش لە یەکەم ڕاگەیەندراوی دوای شۆڕش دەردەکەوێت. کە چۆن جەخت لەسـەر برایەتـی نێـوان کورد و عەرەب دەکاتەوە و بەرژەوەندی نەتەوایەتـی تێـدایە، هەروەهـا خەبـاتی هاوبەشـی نێـوان هەردوو نەتەوە دژ بە ئیمپریـالیزم بەهێزتـر دەکـات، هەروەهـا ڕێزگرتنـی مـافی کەمینەکـان پتەوتـر دەکـات، بە مەبەسـتی بەشـداری لە ژیـانێکی نیشـتیمانپەروەرانە، بـۆیە ئەنجوومەنی نیشتیمانی سـەرکردایەتی شـۆڕش، بڕیـاری لەسـەر مـافە نەتەوەییەکـانی گەلـی کورد داوە، لەسەر بنەمای لامەرکەزییەت، ئەو بنەمایەش لە دەسـتووری کـاتی و هەمیشـەیی جێگیر دەکرێت و لێژنەیەکی تایبەت دروست دەکرێت بۆ داڕشتنی هێڵە گشتییەکانی"[1].

لە ڕێکەوتی ١٢ی ئاداریشـدا، ڕۆژنـامەی (الایـام) دەقـی ڕاگەیەنـدراوێکی دیـکەی حزبـی بەعسـی سـەبارەت بە لێبـووردنی ئەو کەسـانە بڵاوکـردووەتەوە، کە بەشـداری جـووڵانەوەی چەکداری کوردییان کردووە و تیایدا هاتووە:

"بە نـاوی گەل، سـەرکۆمار، بە پشتبەسـتن بە بەیاننـامەی ژمـارە (٢٦)ی سـاڵی ١٩٦٣، کە لەلایەن ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشەوە دەرچووە، لەسەر ئەو بنەمـایەی ئەنجـوومەنی وەزیران ڕەزامەندی لەسەر داوە و ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شـۆڕش چەسـپاندوویەتی، ئەم یاسایەی  خوارەوە دەرکراوە:

ماددەی یەکەم. هەموو ئەو کەسانەی بەشداری جووڵانەوەی چەکداری کوردییان لە باکووری وڵات، لە کۆمـاری عێراق دا کـردووە، هەروەهـا ئەوانەی بەشـداری ڕووداوەکەی ڕۆژی ٩ی ئەیلوولی ساڵی ١٩٦١ یان کردووە، فەرمانی لێبووردنیان بۆ دەردەچێـت، بـۆ هەر کارێـک کە لەم جووڵانەوەیەدا ئەنجامیان داوە.

(١) الحرية، ع(١٧٠٥)، ١٩٦٣/٣/١٠؛ الايام، ع(٢٦٧)، ١٩٦٣/٣/١١؛ اربيل/هەولێر، ع(٧٠)، ١٩٦٣/٣/١٦.

ماددەی دووەم. ئەم یاسایە لە ڕێکەوتی دەرچوونییەوە جێبەجێ دەکرێت.

ماددەی سێیەم. لەسەر وەزارەتەکان پێویستە جێبەجێی بکەن"[١].

سەرکردایەتی سیاسی کورد بۆ سوودوەرگرتن لە دەرفەتی گۆڕانکاری و تێگەیشتن لە نیازی بەعسییەکان و ڕێگەخۆشکردن بۆ زەمینەی دانوستان، یەکەم هەنگاوی هەڵێنا، کە ئەویش ڕاگرتنی شەڕ بوو، لە بەرامبەر سوپای عێراق، هەروەها ئامادەکاری کرا بۆ سازدانی کۆبوونەوەیەکی بەرفراوان، تاکو داواکارییەکانی شۆڕشی کورد بە سەرانی کودەتا بگەیەندرێت، لە چوارچێوەی ئەو دەستپێشخەرییانەی ڕژێمی تازە، مافە نەتەوەییەکانی کورد دیاری بکرێت. بۆ ئەم مەبەستە کۆبوونەوەیەکی بەرفراوان لە ١٨ی ئاداری ساڵی ١٩٦٣ لە شاری کۆیە ڕێکخرا کە هەموو ڕێکخراو و ناوەندە زانستییەکان تێیدا بەشدار بوون، لە کۆبوونەوەکەدا پڕۆژەیەک ئامادە کرا، شاندێکیشیان بە سەرۆکایەتی جەلال تاڵەبانی دەستنیشان کرد، تا پڕۆژەکە لەگەڵ خۆیدا بباتە شوێنی دانوستان، وەفدەکە لە ڕێکەوتی ٣٠ی ئاداری ساڵی ١٩٦٣ گەیشتە بەغداد. ئەنجوومەنی شۆڕشیش، چەند کەسێکیان دانا بۆ گفتوگۆ لەگەڵ وەفدی کورددا. ڕۆژنامەی (الایام)، لە ڕێکەوتی ٣١ی ئاداری ساڵی ١٩٦٣، دەربارەی گەیشتنی شاندەکە بە بەغدا نووسیویەتی:

"ڕۆژنامەی (الایام) لە سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو، زانیویەتی، شاندێک لە برا کوردەکانمان لە باکووری وڵات، لە درەنگانی ئێوارەی دوێنێ، گەیشتوونەتە بەغداد، بۆ ئاڵوگۆڕی بۆچوونەکانیان، لەگەڵ شاندی گەل، کە لە سەرەتاکانی مانگی ڕابردوو، سەردانی باکووریان کردبوو، ئەوەی چاوەڕوانکراوە، هەردوو لایەنەکە، لەم ڕۆژانەدا کۆدەبنەوە، بە مەبەستی پتەوکردنی یەکڕیزی نیشتیمانی، لەسەر بنەمای ئەو ڕاگەیەندراوەی کە ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش، لەو ماوەیەدا دەریکرد"[٢].

گرنگترین خاڵەکانی پڕۆژەکەی شاندی کوردی، کە لە کۆنفرانسەکەی کۆیە ئامادە کرابوو، ئەمانە بوون:

١. کۆماری عێراق دەوڵەتێکی یەکگرتووە، لە دوو نەتەوەی سەرەکی کورد و عەرەب پێکدێت و هەردووکیشیان مافی یەکسانیان هەیە و بە پشتیوانی مافی بڕیاردانی چارەنووس، گوزارشتیان لە خواستی خۆیان کردووەتەوە کە پێکەوە بژین.

(١) الایام، ع(٢٦٨)، ١٩٦٣/٣/١٢.

(٢) الایام، ع(٢٨٤)، ١٩٦٣/٣/٣١.

٢. دەستووری عێراق دەقی دامودەزگای باڵای کۆمار و سەرکۆماری گرتووەتە خۆی، هەروەها دەستوورەکە دامودەزگای نەتەوەیی تایبەتی تێدایە، سەبارەت بە پێڕەوکردنی گەلی کورد بۆ مافە نەتەوەییەکانی، لە کاروباری یاسادانان و ڕاپەڕاندن و دادوەری لە ناوچەی کوردستاندا.

٣. هەندێک کاروباری وەک سەرۆکایەتیی دەوڵەت و کاروباری دەرەوە و بەرگری نیشتیمانی و پارەدەرکردن و کاروباری نەوت و گومرگ و بودجە و بەندەر و فرۆکەخانە و تاد، لە دەسەڵاتی حکوومەتی ناوەندیدایە.

٤. گەلی کورد ئەنجوومەنی یاسادانان و ڕاپەڕاندن و دامودەزگای نەتەوەیی تایبەت بە خۆی دەبێت.

٥. دارایی دامودەزگای نەتەوەیی ناوچەی کوردستان لەمانە پێکدێت: باج و ڕەسمی ناوخۆ. بەشی کوردستان لە داهاتی گشتی عێراق، بەشی کوردستان لە قەرز و باربووی دەرەکی حکوومەت، قەرزی ناوخۆیی، بەشداری کوردستان لە پڕۆژە سوودبەخشە گشتییەکان.

٦. ناوچەی کوردستان، لە لیوای سلێمانی و هەولێر و کەرکووک و ئەو قەزا و ناحییانەی لیوای موسڵ و دیالە پێکدێن، کە کورد زۆرینەن تێیاندا.

٧. جێگری سەرکۆمار کورد بێت، گەلی کورد بەو شێوەیە هەڵیدەبژێرێت، کە سەرکۆماری پێ هەڵدەبژێردرێت.

٨. دەستووری دامودەزگای نەتەوەیی ناوچەی کوردستان، مافە ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و ئابووری و ئازادییە دیموکراتی و ئاینییەکانی هاووڵاتییان لە کەمایەتییەکان، وەک تورکمان و ئاشووری و کلدانی و ئەرمەن و تایەفە ئایینی و ڕەگەزەکانی دیکەی تێدا بێت، لەگەڵ دەستەبەرکردنی یەکسانی تەواو لە ماف و ئەرکدا لەگەڵ ڕۆڵەکانی دیکەی هەردوو نەتەوەی عەرەب و کورد و دەستەبەرکردنی بەشداریکردنیان لە هەردوو ئەنجوومەنی یاسادانان و ڕاپەڕاندن بە ڕێژەیەکی ڕەوا و دادپەروەرانە. لەگەڵ ئەمانەدا پڕۆژەکە ١٦ ماددەی گشتیشی لەخۆی گرتووە، ئەوانیش تایبەتن بە دەستەبەرکردنی مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی خاکی عێراقدا.

بەم شێوەیە گفتوگۆ لە نێوان شاندی کوردی و نوێنەرانی ڕژێمی تازە، بۆ ماوەیەک بەردەوام بوو، لە هەندێک خاڵدا لە یەک نزیک بوون، بەڵام لە زۆر خاڵی دیکەدا وەک کێشەی سنوور و هەندێک بابەتی دیکەی نەتەوایەتی، باری سەرنجیان لەیەک دووردەکەوتەوە، کە گەیشتنە ئەم قۆناغە، دەرکەوت ئەوان لە گفتوگۆ هەڵدێن و خۆیان لە

دانیشتنەکان دوور دەخەنەوە. چونکە نیازێکی پاکیان بەرامبەر چارەسەرکردنی کێشەی کورد نەبوو، بۆیە دانوستانەکان هیچ ئەنجامێکیان نەبوو[1]. وەک سەرچاوەیەک ئاماژەی پێدەکات: ئەوان لە سەرەوە لە گفتوگۆدا بوون، کەچی لەژێرەوە کەوتبوونە داڕشتنی نەخشە و پیلانی دژی شۆڕشی ئەیلوول، بە گەرمی دەستیان بە ڕێکخستنەوە و ئامادەکردنی هێزە چەکدارەکانی عێراق کردبوو و هانی دامودەزگا و لایەنگری خۆیان دەدا، کە لە ناوچەکانی کوردستاندا ئاژاوە و ناکۆکی و دووبەرەکی بنێنەوە[2].

ڕۆژنامەی (الشعب)[3] لە ژمارەی ڕۆژی ١٩٦٣/٦/١١ ڕایگەیاندووە : "داواکارییەکانی کۆنگرەی کۆیە، هەوڵێکە بۆ جوداخوازی، بۆیە لەلایەن حکوومەت ڕەت کراوەتەوە". هەروەها ڕۆژنامەی (الطليعة)[4] ڕاگەیەندراوی ئەنجوومەنی نیشتیمانیی سەرکردایەتی شۆڕشی لە ١٠ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٣ بڵاوکردووەتەوە، کە لێرەدا پوختی دەکەینەوە، هاتووە:

"شۆڕشی ١٤ی ڕەمەزان، لە ناخی خەباتی گەلەوە دژ بە فەرمانڕەوایی قاسم هەڵگیرساوە کە دژی ئازادی و دیموکراسییە، هەروەها ئامانجی ئەوەیە هەموو ئەو کێشانەی لە ماوەی چوارساڵی فەرمانڕەوایی ئەودا دروست بوون، چارەسەرییان بکات. وەک چارەسەرکردنی کێشەی نێوان عەرەب و کورد کە چەندین سەدە بە تەبایی بە یەکەوە دەژین. هەروەها شۆڕش بۆ ئەوە هات وڵات لە هەموو ڕووەکانەوە پێش بخات و ئەو ستەمە لەسەر خەڵکی عێراق هەڵبگرێت کە لە سەردەمی قاسم تووشی هاتبوون. بۆیە دەستبەجێ داوای دانوستان و گفتوگۆی لەگەڵ کوردەکان کرد، بۆ ئەم مەبەستە زیندانە سیاسییەکانی ئازاد کرد، ئەوانەشی لە کارەکانیان دەرکرابوون گەڕاندنییەوە، شاندێکی نارد بە مەبەستی گفتوگۆ لەگەڵ مستەفا بارزانی، ئەمەش بۆ مەبەستی وەدیهێنانی هیواکانی گەلی کورد بوو،

(١) مەسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل١١٣.

(٢) فاتح ڕەسوول، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٣٩

(٣) الشعب: ڕۆژنامەیەکی سیاسی ڕۆژانە بوو، دوای کودەتای ٨ی شوباتی ١٩٦٣ لەلایەن حامید جبوری (١٩٣٢-٢٠١٧) یەوە دەردەچوو، پاشان وەستا. فائق بطي، صحافة ١٤ تموز ....، ص١٣١.

(٤) الطليعة: ڕۆژنامەیەکی سیاسی بوو، خاوەنەکەی فەخری عەبدلحەمید و سەرنووسەرەکەی یەحیا دەراجی بوو، لە ٢٣ی شوباتی ساڵی ١٩٦٣ ئیمتیازی دەرچوونی وەرگرت، تا مانگی تشرینی دووەمی هەمان ساڵ بەردەوام بوو. لەگەڵ ئەوەدا ڕۆژنامەی (الحرية)ش کە قاسم حەمودی دەری دەکرد، لە مانگی نیسانی ١٩٦٣ەوە ناوەکەی بووە (الطليعة). وزارة الاعلام، دليل الصحافة العراقية، ص٤٠-٤١.

هەرچەنـدە ئەو نوماینـدەی هەمـوو کـورد ناکـات، چـونکە ئەو داکۆکیکـارێکی سەرسـەختی سیاسـەتەکانی عەبـدولکەریم قاسـم بـوو، بەتـایبەت لە ڕووداوەکـانی موسـڵ و کەرکـووک، هەروەها لایەنی شـیوعییەکانی گـرت و لە سیاسـەتی تاوانکاریـیان دژی گەلـی عێـراق، ئەمە وێڕای پشـتگیرییان لە ڕژێمـی دەرەبەگـایەتی و هاوسـۆزییان لەگەڵ ئیمپریـالیزم و زایـۆنیزم. کەچی حکوومەتی شۆڕش گوێی لە داواکارییەکانی شۆڕشی کورد گـرت، کە مستەفا بـارزانی پێشکەشی کردبوو، بەیاننامەی لامەرکەزییەتی بۆ کوردەکان دەرکرد، ئەمە لە کاتێـکدا هێشـتا شۆڕش لە بەردەم مەترسی گەورەدا بوو، وە هەوڵیدا شوێنەوارەکانی شەڕی باکوور، لاببـات و دەست بە ئاوەدانکردنەوەی باکوور بکات. بەم شێوەیە حکوومەتی شۆڕش هەڵوێستی خـۆی خستەڕوو، بەڵام ئەو کۆمەڵە جوداخواز و گرێدراوەی ئیمپریالیزم، ئامانجی هەڕەشـەکردنە لە سـەروەری و یەکێتـی خـاکی عێـراق، چەنـدین تاوانیـان ئەنجـام داوە، وەک: داڵـدەدانی شـیوعییەکان، ئەوانەی لە دەسـت یاسـا ڕایـانکردووە. هەڕەشـەکردن لە خەڵکـی کوردسـتان. چەواشـەکردنی خەڵـک هانـدانیان بـۆ دوورخسـتنەوە لە حکـوومەت. ڕێگـری و چەتەیـی و تـاڵانی. هێرشـکردنە سـەر بنکەکـانی پـۆلیس. پچڕانـدنی هێڵـی تەلەفـۆنی نێـوان شـارەکان. تەقەکردن لە سەنگەرەکانی حکوومەت. ڕفانـدنی کاربەدەسـتانی حکـوومەت... بەم هـۆیەوە بڕیارمانـدا دەسـت بە هەڵمەتـی پاکسـازی نـاوچەی بـاکوور بکەیـن، بـۆیە ئاگـاداری ئەو یاخیبووانە دەکەیـنەوە، کە لە مـاوەی بیسـت و چـوار کـاتژمێردا چەکەکانیـان فـڕێ بـدەن و خۆیان ڕادەسـت بـکەن، ئەگەرنـا هەمـوو ئەو ئەنجامـانەی لەو هەڵـمەتەدا دەکەوێـتەوە، لە ئەستۆی ئەواندایە و داوا دەکەیـن، هاووڵاتییـان پشـتگیری هێـزە چەکـدارەکانی حکـوومەت بکەن و یارمەتییان بدەن، دژی ئەو کۆمەڵە ناپاکانە"[١].

دەرکردنی ئەم ڕاگەیەندراوە، بڕیاری ڕاستەوخۆی ئەنجـوومەنی نیشـتیمانی سـەرکردایەتی شۆڕشە، بۆ هێرشکردنە سەر کوردستان، لە هەمان کاتدا ڕەوایەتیدانە بەو هێرشە، گوایە کورد دەستپێشـخەری شـەڕ دەکەن، نەک ئەوان، بـۆیە ناچـارن هێـرش بـکەن و نـاوچەکە لە شۆڕشگێڕان پاک بکەنەوە. ئەوەی جێگای سەرنجە، ئەوکاتەی بەعسییەکان هێشـتا کودەتایـان نەکردبوو، بە هەموو شێوەیەک لە هەڵپەی ئەوەدا بوون ئەو مستەفا بارزانییەی کە دواتـر بە هاوسـۆزی ئیمپریـالیزم و چەتە و ڕێگـر نـاوی دەبەن، لەگەڵیـدا بسـازێن. ئەمە لە کاتێکـدا بەعسییەکان خۆیان لە پەیوەندیگرتن لەگەڵ ئیمپریالیزم وڵاتـانی ڕۆژئـاوا و پەیمانـی سـەنتۆ

(١) الطليعة، ع(١٧٨٣)، ١٩٦٣/٦/١١.

(ئێـران و تورکیـا) بە دەرنەبـوونە. ئەوان لە پـێش کودەتـا هەمـاهەنگی بەهێزیـان لەگەڵ ئەمریکییەکان هەبوو، بەشێک لە کارمەندە بەعسییەکان، کە دوای کودەتای تشرینی دووەم، عێراقییان جێهێشت و لە وڵاتان گیرسانەوە، دانیان بە پەیوەنـدییەکانیان لەگەڵ ئیمپریـالیزم و وڵاتانی ڕۆژئاوا ناوە، کەچی کوردیان بەو پەیوەندییانە تۆمەتبار دەکرد.

فاتیح ڕەسووڵ[١] کە ئەویش لە کتێبی (اوكار الهزيمه)ی (هانی الفكيكی)[٢]ی کادیری باڵای بەعسی وەرگرتووە، دەڵێت: "بەعسییەکان و سەرانی کودەتـای هەشـتی شـوبات، پەیوەنـدی بەهێزیان لەگەڵ ئێران و تورکیا و وڵاتە ئیمپریالیستەکان، بەتـایبەت ئەمریکـا هەبـوو. عەلـی

(١) هانی تۆفیق ئەلفکیکی (١٩٣٦/بەغدا-١٩٩٧/لەنـدەن)، سـاڵی ١٩٥٤ پەیوەنـدی بە حزبـی بەعسـەوە کردووە، واتە لە تەمەنی ١٨ ساڵیدا، بەرپرسـیارێتیی گەورەی حیزبـی و فەرمیـدا وەرگرتـووە، بەشـداری لە کودەتـای ٨ی شـوباتی سـاڵی ١٩٦٣ دژی ڕژێمـی عەبـدولکەریم قاسـم کـردووە و بـووەتە ئەنـدامی سەرکردایەتی هەرێمیی حزبی بەعس لە عێراق و ئەندامی ئەنجوومەنی سـەرکردایەتی شـۆڕش، دواتـر لە ساڵی ١٩٦٤ لە حزبی بەعسی عێراقی جیابووەوە، پاشان لە ساڵی ١٩٦٩ خوێندنی دەرمانسازی لە زانکـۆی بەغدا تەواو کرد و لە ماوەی دووهەمین دەسەڵاتدارێتی بەعس بە سەرۆکایەتی ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر چەند جارێک دەستگیرکرا، تا عێراقی بەجێهێشت و ساڵی ١٩٧٩ لە لەندەن، نیشتەجێ بوو. کتێبـی (اوكـار الهزيمة) یەکێکە لە گرنگترین کتێبەکانی، کە باس لە ئەزموونی یەکەم دەسەڵاتی بەعس لە سـاڵی ١٩٦٣ و مێژووی حزبەکە دەکات، کتێبەکە پێکدێت لە ٣٨٤ لاپەڕە بە قەبارەی مامناوەنـد.کتێبێکی یادداشـتئامێزە ، بوێری و زۆری لە دەرخستنی ڕاستییەکان و ڕەخنەلەخۆگرتنی تێدایە، بـۆ ئەو هەڵە کارەسـاتبارانەی کە لە ڕابـردوودا کردوویەتـی، و بەم شـێوەیە ئامـانجی ئەو، ئاشـکراکردنی ڕاسـتییەکانە بـۆ نەوەکـان تـاکو بە سوودوەرگرتن لە ئەزموونی تاڵ، بەدوای ڕێگەیەکدا بگەڕێن کە ئازادی و شکۆی هەمووان بەبێ جیـاوازی بپارێزێت. هاني الفكيكي - المعرفة(marefa.org) .

(٢) فاتیح ڕەسوڵ (١٩٣١/کۆیە -٢٠٠٨/سـوید)، سیاسـەتکاری کـورد، لە سـاڵی ١٩٣٨ چـووەتە قوتابخـانە. ساڵی ١٩٤٩ بە یەکجارەکی لە قوتابخانەی ئامادەیی دەرکراوە و لە دادگای عورفی عەسکەری لە بەغـدا بە ساڵێک زیندانی و ساڵێک مانەوە لە لەژێـر چـاودێری پـۆلیس لەسـەر ئەنـدامیەتی لە پـارتی کۆمۆنیسـتی عێراقدا حوکم درا. تا ساڵی ١٩٥٥چەندین جار بەندکراوە و سـزادراوە. لە سـاڵی ١٩٥٥ بەسـێ سـاڵ حـوکم دوو ساڵ مانەوە لە ژێر چاودێری پۆلیس سزا درا. ٨مانگ پێش شۆڕشی چواردەی تەممـووزی سـاڵی ١٩٥٨ لە زیندان ڕزگار بوو. لە دوای کودەتای ٨ی شوباتی ساڵی ١٩٦٣ تا ساڵی ١٩٧٠ چووەتە شاخ، جـارێکی تـر لە سـەرەتای ١٩٧٩ تـا ناوەڕاسـتی ١٩٨٦ ڕووی کـردەوە خەبـاتی شـاخ. لە کۆتـایی ١٩٦٠بـوو بە ئەنـدامی لێژنەی هەرێمی کوردستان کۆمونیستی عێراق لە کۆتایی ١٩٧٢ تا کۆنگرەی چوارەمی کۆمونیسـتی عێـراق بوو بە ئەنـدامی کـۆمیتەی مەرکەزی پـارتی کۆمۆنیسـتی عێـراق لە ناوەڕاسـتی ١٩٨٦ تـا کۆتـایی ١٩٨٩لە سووریا مایەوە لەو کاتەوە بووە پەناهەندە و لە سوید دەژی (کوردپیدیا-فاتیح ڕەسوڵ).

ساڵح ئەلسەعدی[١] کاتی خۆی بڵاوی کردەوە، کە سەرانی کودەتای دژ بە عەبدولکەریم قاسم بە شەمەندەفەری ئەمریکا هاتنە سەر دەسەڵات، بۆ دڵنیاییکردنیان کەوتنە کوشتوبڕی نەیارەکانیان لە لایەنگرانی قاسم و کۆمۆنیستەکان. لە دواییدا دەرکەوت مامۆستاییێکی لوبنانی دکتۆر ئیلیا زوغەیب[٢]، کە ئەوسا لە زانکۆی بەغدا دەرسی دەگوتەوە، سیخوڕێکی ئەمریکا بووە و پەیوەندی بە تالیب حوسێن شەبیب وەزیری دەرەوەی ڕژێمی تازە هەبووە. پۆستی حزبی بەعسی لە نێوان عێراق و لوبنان دەهێنا و دەبرد، لەم ساڵانەی دواییشدا تالیب شەبیب بڵاوی کردەوە، کە جارێک ئەحمەد حەسەن بەکری سەرۆکوەزیران، بە ئامادەبوونی ساڵح مەهدی عەمماش[٣]، بانگی جەمیل سەبری (ناوێکیان) کردووە و داوای لێکردووە کە هەموو ڕۆژانی شەممەیەک، لەگەڵ ولیام لیکلاندی یاریدەدەری پاشکۆی سەربازیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە بەغدا کۆ ببێتەوە، جەمیل سەبری ئەمەی لا

(١) عەلی ساڵح ئەلسەعدی (١٩٢٨/دیالە-١٩٧٧/لەندەن)، یەکێکە لە یەکەم سەرکردەکانی حیزبی بەعس لە عێراق، دەرچووی کۆلێژی بازرگانی و ئابوورییە. لە کودەتای ٨ی شوباتی ١٩٦٣ بەشدار بووە و بووە جێگری سەرۆکوەزیران و وەزیری ناوخۆ. یەکێک بوو لەوانەی سەکردایەتی جیابوونەوەی باڵێکی ناو حزبی بەعسی کرد، بەهۆی ڕووداوەکانی حەرەس قەومی، دواتر لە بەعس جیابووەوە، عەلی ساڵح ئەلسەعدی بۆچوونەکانی زیاتر حیزبی بوون نەک سیاسی یان ڕۆشنبیریی گشتی. باوەڕی بەوە هەبوو کە چەپێکی شۆڕشگێڕ بێت، زمانی توندوتیژی پێ باشتر بوو بۆ بەدەستهێنانی بەرژەوەندییە سیاسییەکان. دوای کودەتای هەشتی شوباتی ١٩٦٣ بەشداری لە سەرکوتکردنی کۆمۆنیستەکاندا کرد. ناوبراو لە نێو ئەو کەسانەدا بوو ، لە باڵەخانەی ڕادیۆی بەغدا داوای لە لەناوبردنی عەبدولکەریم قاسمیان دەکرد. بڕوانە: سيف الدين الدوري، علي صالح السعدي نائب رئيس الوزراء ووزير الداخلية و سلطة البعث الاولى ١٩٦٣، دار العربية للموسوعات، بيروت، ٢٠١٠.

(٢) ئیلیا زوغەیب بەڕەچەڵەک لوبنانی و خاوەنی ڕەگەزنامەی ئەمریکی بوو، هاوڕێیەکی زۆر نزیکی میشێل عەفلەق بوو، هەردووکیان سەر بە یەک ڕێباز و یەک قوتابخانە بوون، هەر بەو هۆیەوە ژمارەیەک قوتابی و سیاسەتمەداری عێراقی ناسی، لە ناوەندی ڕۆشنبیریی ئەمریکی لە بەیرووت کاری دەکرد، گرنگی بە پرسەکانی ناوچەی عەرەبی دەدا و بە سەرنجەوە بەدواداچوونی دەکرد و لە ڕێگەی ڕاپۆرتەکانییەوە پێشکەشی سەنتەرەکەی دەکرد. زهير كاظم عبود - حقائق مخفية عن علاقة البعث (ahewar.org).

(٣) ساڵح مەهدی عەمماش وەنداوی (١٩٢٢/بەغدا-١٩٨٥/فنلەندا)، ساڵی ١٩٤٨ کۆلێژی سەربازیی بەغدای تەواوکردووە، لە ئەفسەرانی نیشتیمانی بووە و بەشداری شۆڕشی ١٤ی تەممووزی کردووە، دوای کودەتای ٨ی شوبات، بووەتە وەزیری بەرگری، لە دوای کودەتای تەممووزی ١٩٦٨ یشەوە بووە وەزیری ناوخۆ، تا ساڵی ١٩٧٠ جێگری سەرکۆماری عێراق بووە. پاشان بووەتە باڵیۆزی عێراق لە پاریس و فینلەندا، لە فینلەندا مایەوە نەگەڕایەوە عێراق. صالح مهدي عماش (ektab.com)

خـۆش نەبـووە، بەڵام بە ناچـاری ئەنجـامی داوە. دکتـۆر فوئـاد مسـتەفا شـاکر[١] کـادیری پێشکەوتووی حزبی بەعس، کە ئەوکات پارێزگاری کەرکـووک بـوو، دوای کودەتـای تشـرینی دووەمی ساڵی ١٩٦٣ عێراقی جێهێشـت و ڕایگەیانـدووە: پـاش هەشـتی شـوبات، ژمـارەیەک کۆبوونەوە لە نێوان تـاهیر یەحیـا و سـەرکردە سـەربازییەکانی ئێـران و تورکیـا لە کەرکـووک ئەنجـام دراوە، بـۆ ک ارکردن دژی کـورد، فـڕۆکە ئێرانییەکـان پێداویسـتییە سـەربازییەکانی دەگواستەوە بنکەی ئاسمانی کەرکووک"[٢].

دوا بەدوای دەرکردنـی ئەم ڕاگەیەنـدراوە، لە ڕۆژانـی ٩-١٠/٦/١٩٦٣ هێـرش و پەلامـاری سوپای عێراق و حەرەس قەومییەکان، بۆ سەر کوردستان دەستیپێکرد، لە شارەکانی سـلێمانی و کۆیە و ناوچەی بتوێن دەیان کەسیان دەستگیرکرد و گوللەبارانیان کرد، پاشـان هەڵـمەتەکە هەموو کوردستانی گرتەوە، دە ستیان کرد بە بڵاوکردنەوەی ترس و تۆقانـدن و دەسـتگیرکردن و ئازاردانی خەڵک. پاشان هەڵمەتی ڕاگواستن و کاولکردنی گوندەکانی کوردستان بە تـۆمەتی هاوکـاری شـۆڕش دەسـتیپێکرد. یەکێـک لەوانە ڕووخانـدنی گونـدەکانی دەوروبەری شـاری کەرکووک بوو، بەتایبەتی ئەوانەی لە چاڵگە نەوتەکـانەوە نزیـک بـوون[٣]. دواتـریش کەوتـنە

---

(١) دکتۆر فوئاد شاکر مستەفا ئەلعانی (١٩٣٠/عانە-٢٠٠١/بەغدا)، پزیشک و سیاسەتکاری عێراقی. سـاڵی ١٩٥٦ کۆلێژی پزیشکی لە دیمەشق تەواوکردووە. هەر لەوێ پەیوەنـدی بە حزبـی بەعسـەوە کـردووە و دوای تەواوکردنـی خوێنـدن گەڕاوەتەوە عێـراق. وەک پزیشـکی یەدەگ لە هێـزی ئاسـمانی عێـراق کـاری کـردووە، پاشـان وەک پزیشـک لە کۆمپانیـای نەوتـی عێـراق دەستنیشـان کـراوە. نـاوبراو لە سـاڵی ١٩٥٩ دەستبەسەر کراوە، لە دادگای مەهداوی بە تۆمەتی هەوڵدان بۆ تیرۆرکردنـی عەبـدولکەریم قاسـم سـزای سێ ساڵ زیندانی بەسەردا سەپێنراوە.دوای کودەتای ٨ی شوباتی ١٩٦٣، کرایە پارێزگاری کەرکـووک. سـاڵی ١٩٦٥ بڕوانامەی بـاڵای لە بـواری بێهۆشـکردن و پزیشـکی چـاودێری چـڕ بەدەسـتهێناوە، هەروەهـا وەک پزیشکی بێهۆشکردن لە نەخۆشخانەی ئەلجمهوری لە بەغدا کاری کردووە. دوای شۆڕشی ١٧ی تەمووزی ١٩٦٨، هەڵاتووە بۆ سووریا و بووەتە ئەندامی سەرکردایەتی نەتەوەیی ئەو حیزبە. دوای ئەو بزووتنەوەیە چاکسازییەی حافز ئەسەد ڕایگەیاند، ساڵی ١٩٧١ سزای لەسێدارەدانی بەسەردا سەپێندرا، بـۆیە پەنـای بـۆ جەزائیر و پاشان لەندەن برد و دواتـر گەڕایەوە عێـراق، لە نێـوان سـاڵانی ١٩٧٧ -١٩٩٧ لە نەخۆشـخانەی ئەلڕازی کە لەلایەن عیزەت مستەفا ئەلعانی مامیەوە خاوەندارێتی دەکرا، کاری کردووە.

Historical Dictionary of Iraq-Edmund A. Ghareeb, Beth Dougherty.

(٢) فاتیح ڕەسوول، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٤١پ.

(٣) لەو گوندانەش وەک: سۆنە گوڵی، یاروەلی، پەنجا عەلی، وەلی پاشا، قزڵقایە، چیمەنی گەورە، چیمەنی گچکە، جەوەڵ بۆر، هەنجیرە، قوتان، قوشقایە، شۆراو، باجوان.

کۆچپێکردنی دانیشتووانی بەشێک لە ئاوایيەکانی دەوروبەری کەرکووک. هەروەها هەندێک عەرەبی هاوردەیان لە ناوچە عەرەبنشینەکانەوە هێنا لە دەشتەکانی کەرکووک و قەراج و کەندێناوەی پارێزگای کەرکووک نیشتەجێیان کردن[١].

بەم شێوەیە شەڕ جارێکی دیکە دەستیپێکردەوە و هێرش و پەلامار بۆ سەر بنکە و بارەگاکانی پێشمەرگە بەردەوام بوون، شۆڕشگێڕانی کورد لە زۆر بەرەدا کەوتنە بەرپەرچدانەوەی سوپای عێراق و حەرەس قەومی. لەو شەڕانەش وەک شەڕەکانی سەری ئاکرێ و پیرس و سپیلک و مەتین، کە لە بەشێک لەو شەڕانەدا زیانی گەورە بە سوپای عێراق گەیەندرا[٢].

لەو کاتانەدا، ڕۆژنامەکان، هەواڵی سەرکەوتنەکانی سوپای عێراقیان، بەسەر هێزەکانی پێشمەرگە (کە بە چەتە و ڕێگر ناویان دەبردن)، بڵاودەکردەوە. ڕۆژنامەی (الکشکول)[٣]، کە لە شاری موسڵ دەردەچوو، لە ژمارەی ڕۆژی ١٦ی تەمموزی ساڵی ١٩٦٣ نووسیویەتی:

"بەڕێوەبەرایەتی جووڵەی سەربازی، ڕاگەیەندراوێکی دەربارەی پاککردنەوەی ناوچەکانی باکوور، بڵاو کردووەتەوە، کە تیایدا هاتووە:

١. ئەمڕۆ چیای هەریر و تەنگەبەری سپیلک لە چەتەکان پاک کراونەتەوە، پاش هێرشێکی چڕوپڕ، کە هێزەکانی سوپا و سوارچاکەکانی سەڵاحەددین[٤] پێی هەڵساون، ئەو ناوچانە وەک قەڵای چەتەکان وابوو، بەرەو پردی خالان کشاونەتەوە، هەندێک لە یەکە سەربازییەکانمان توانیویانە ژمارەیەکیان لە دۆڵی (کۆلە) گەمارۆ بدەن، ژمارەیەک کوژران و

(١) سنوور سەباح سدیق، مێژووی سیاسەتی بە عەرەبکردن لە پارێزگای کەرکووک ١٩٦٣-١٩٩١، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٩، ل٧٧.

(٢) مەسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٥-١٤٤.

(٣) کشکول: هەفتەنامەیەکی ناسیاسی، نوکتەئامێز بوو، لە شاری موسڵ دەردەچوو، دەستەی بەڕێوەبردنی حەمادی ناهی، ڕەشاد قتان و یوسف قتان بوون، ئەگەرچی لەسەر بەرگی ڕۆژنامەکە نووسراوە، ساڵی ١٩٣٩ دەرچووە، بەڵام لە ڕێکەوتی ١٢ی نیسانی ساڵی ١٩٦٢ ئیمتیازی دەرچوونی وەرگرتووە، تا کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٦٩ بەردەوام بووە. هەرچەند دەنووسرا ناسیاسی، بەڵام بابەتی سیاسیشی بڵاو دەکردەوە، لە بەرامبەر کوردیشدا، ڕێبازیکی شۆڤێنییانەی گرتبووەبەر.

(٤) مەبەست لەو یەکە سەربازییانەیە کە لە کوردە بەکرێگیراوەکان دروست دەکران، دواتر زیاتر لێی دەدوێین.

ژمارەیەکیش بەدیل گیراون. شیاوی باسە ئەم شوێنە تەنیا لەلایەن بارزانییەکانەوە دەستی بەسەردا گیرابوو.

٢. هێزەکانمان لە ئەنجامی پشکنیندا، توانیویانە، تەرمی یەکێک لە سەرکردەی چەتەکان، لە ناوچەی بازیان بدۆزنەوە، کە پێش دوو ڕۆژ، لە ئەنجامی چالاکییە چەتەگەرانەکەی دژ بە دەورییەکانمان کە لە ڕێگاکە کاریان دەکرد، کوژراوە و تەرمەکەی لە ڕێگای بازیان بە جێ ماوە"[1].

لە بەرامبەردا، ڕۆژنامەی (خەبات)یش، چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستانی بڵاودەکردەوە، بۆ نموونە لە ژمارەی ئەیلوولی ساڵی ١٩٦٣، چەند هەواڵێکی بڵاوکردووەتەوە، وەک بەرەنگاربوونەوەی پێشمەرگە لە بەرامبەر ئەو هێرشە سەربازییەی سوپای عێراق، کە لە شەوی ١٩ لەسەر ٢٠ی ئەیلوولی ساڵی ١٩٦٣ کردوویەتیە سەر هەڵەبجە و عەربەت و سەنگەسەر، بە تۆپی هاوەن و ڕۆکێت و زرێپۆش ناوچەکەیان بۆردومان کردووە، هەروەها هەوڵ دراوە لە دەربەندیخان و سەیدسادقەوە یارمەتی بۆ هێزە ئابڵۆقەدراوەکان بنێرن، بەڵام بێسوود بووە، چونکە هێزەکانی پێشمەرگە بەرپەرچیان داونەتەوە و بە سەدانیان لێ کوشتن و ژمارەیەک تانک و زرێپۆشیشیان پەک خستووە، هەروەها هێزێکی گەورەی لەشکری کوردستان پەلاماری سەنگەسەری داوە، لە چیای هەیبەت سوڵتانیش زیانی گەورەیان بە سوپای عێراق گەیاندووە، لە ناوچەی بادینانیش لە شەڕەکانی مێرگەسۆر، پردی چامە، بیرەکەپرا و بلێ، کە لە مانگی ئابەوە هێرشی سوپا بۆ سەر ئەو ناوچانە دەستپێکردووە، تواندراوە ٤٧٠ سەرباز و حەرەس قەومی بکوژن، کە ١٣ یان ئەفسەر بوونە، لەگەڵ ٧٨٨ بریندار، کە ئەوانیش چواریان ئەفسەر بوونە لەگەڵ بەدیلگرتنی ژمارەیەک سەربازی عێراقی"[2].

لەگەڵ ئەمانەدا ڕۆژنامە عێراقییەکان هێرشەکانیان بۆ سەر جوولانەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان چڕتر کردبووەوە، ڕۆژنامەی (الجماهیر) لە ژمارەی ڕۆژی دووی تەمموزی ساڵی ١٩٦٣ لێدوانێکی عەبدولسەلام عارفی سەرکۆماری بڵاوکردووەتەوە، کە لە کاتی سەردانێکی مەیدانی بۆ خانەقین داویەتی، لە شوێنێکیدا دەڵێت:

(١) کشکول، ع(٣٠٠)، ١٩٦٣/٧/١٦.

(٢) خەبات، ع(٤٧١)، ایلول١٩٦٣.

"ئەم خاکە پاکە، ئەمانەتێکە بە شانمانەوە، سوپای عەرەب بە قوربانییێکی زۆرەوە گەیشتوونەتە ئەو ناوچانە، لەسەر لووتکەی ئەو شاخانە یەکەم مزگەوتیان بینا کردووە[١]. بۆیە نابێت بۆ هیچ کەسێک سازشی لەسەر بکەین، وەک مستەفا بارزانی و چەتەکانی"[٢].

هەمان ڕۆژنامە لە ڕۆژی حەوتی تەمموزی ساڵی ١٩٦٣ وتارێکی بڵاوکردووەتەوە، تێیدا هەڕەشەی سەرکوتکردنی شۆڕشی کوردی کردووە و تیایدا هاتووە:

"سەرکردە سەربازییەکان، باوەڕیان بە گفتوگۆ و دانوستان لەگەڵ کورد نییە و پێیان وایە زاڵبوون بە سەر شۆڕشی کورد، لە ماوەیەکی کورتدا، دەستکەوتێکە دەبێت بەدەست بێت، ئەوکارەی عەبدولکەریم نەیتوانی تەواوی بکات ئێمە تەواوی دەکەین"[٣].

ڕۆژنامەی (الکشکول)، هەر لە ژمارەی ڕۆژی ١٦ی تەمموزی ساڵی ١٩٦٣، لە سەروتاری ڕۆژنامەکەدا، شەڕی شۆڕشگێڕانی کوردی بە جیهاد داناوە و داوای کردووە، هەموو خەڵک بەشداری تێدا بکەن، لە ناوەرۆکی وتارەکەدا هاتووە:

"لە ئێستادا پێویستە ناکۆکییەکان، وەلاوە بنێین، دەست بخەینە ناو دەست، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی دوژمنە هاوبەشەکەمان، بۆ پارێزگاری لە بەیعەتمان بە ئیسلام، لە مەترسی شیوعییەت کە بارزانی شیوعی نوێنەرایەتی دەکات، پارێزگاری لە نەتەوەی عەرەبی نەمر و خاکی وڵات و شکۆمان، بۆ ئەمە بانگی هەموو چین و توێژەکانی خەڵک دەکەین، بەبێ گوێدانە جیاوازی، پشتگیری یەکتر بکەن، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم دوژمنە گومڕا بە خوا و پەیامبەرەکەی، بۆیە لەسەر هەموومانە بە پێودانگی شەرع، نەریت، یاسا بە دڵێکی پڕ لە باوەڕ بە خودا و نەتەوەی عەرەب، و بە پیرۆزی وڵاتە پڕ لە بەهاکەمان بەرەنگاری هەر

(١) لێرەدا عارف مەبەستی لە سوپای موسڵمانانە، کە لە سەدەی حەوتەمی زایینی، لە سەردەمی خەلیفە عومەری کوڕی خەتاب، لەشکرکێشیان بۆ سەر کوردستان دەستپێکرد، بە ئاشتی یان بە شەڕ، بەشی زۆری ناوچەکەیان دەستبەسەرداگرت. لە زۆربەی دێهاتەکانی کوردستان مزگەوت هەیە، هەندێکیان زۆر کۆنن، خەڵکی ئەو دێهاتانە دەڵێن عومەری کوڕی خەتاب دروستی کردوون، یان لە سەردەمی ئەودا دروست کراون. پیرەمێردی شاعیر دەڵێت:دەورەی ئەصحابان سێ مزگەوت کران یەکەم لە (نگڵ) دووەم لە (کرمان) سێهەم لە (خورماڵ) سەرچاوەی کوردان هەرسێکیان ئاساری ئەولای هومەران تێبینی دەکەین عەبدولسەلام عارف فۆرمێکی نەتەوەیی دەداتە سوپای موسڵمانان، دەڵێت عەرەب، ناڵێت موسڵمانان. ئەمە نموونەیەکە بۆ ئەوەی بزانین کە مێژوو چۆن وەک ئامرازی داگیرکاری بەکاردێت.

(٢) الجماهیر، ع(١٣٠)، ١٩٦٣/٧/٢.

(٣) الجماهیر، ع(١٣٥)، ١٩٦٣/٧/٧.

بەکرێگیراوێک ببینەوە کە دەیەوێت وڵاتمان تێک بدات، برایان ئەوە جیهادە لەسەر هەموومان پێویستە پشتگیری لە باوەڕداران بکەین"[١].

ڕۆژنامەی (الجماهیر)یش، لە ژمارەی ڕۆژی ٣ی ئابی ساڵی ١٩٦٣، ڕاگەیەندراوێکی لێژنەی باڵای (الطلیعة الکردیة الثوریة)ی بڵاوکردووەتەوە، کە بەبۆنەی یادی لەدایکبوونی پەیامبەری ئیسلام (د-خ) بڵاوی کردووەتەوە، بەرەنگاربوونەوەی شۆڕشی کورد بە ئەرکێکی ئایینی دادەنێت و تێیدا هاتووە:

"برایان...دەبینین چەند کەسانێکی دەرچوو لە ڕێگای ڕاستی، دەیانەوێت نووری خودا خامۆش بکەن، وەک چۆن پەیامبەری خودا، شەڕی بێباوەڕەکانی کرد، ئاوا برایانمان لە هۆزە کوردییەکانی باکوور، بە هەمان شێوەی یاوەرانی پەیامبەر، ڕووبەڕووی یاخیبووان دەبنەوە، کە خوای گەورە یاخیبووان، وەک بێباوەڕان ڕیسوا و سەرگەردان دەکات"[٢].

لە کاتێکدا، بانگی جیهاد و گومڕایی دژی کورد دەدرا، لە هەمان کاتدا، بانگەشەی ئەوە دەکرا، کە کورد، بەپێی بەڵگەی مێژوویی لە بنەڕەتدا عەرەبن، بە هەڵە دەگوترێت لە نەتەوەی ئارین. تەنانەت ئەم بابەتە لە چەند وتارێکی عەبدولسەلام عارفی سەرکۆمار ئاماژەی پێدراوە. ڕۆژنامەی (الکشکول)، لە ژمارەی ڕۆژی ٢٣ی ئابی ساڵی ١٩٦٣، بابەتێکی لە ژێرناوی (عروبة الاکراد) بڵاوکردووەتەوە، لە پێشەکیدا نووسیویەتی:

"ئەم وتارەمان لە مێژوونووسی ناسراو عەبدولمونعیم ئەلغولامی ئەلتەغلەبی ئەلموسڵی[٣] وەرگرتووە، ئەم وتارە سەرنجێکە بۆ سەر وتارەکەی موشیر ڕوکن عەبدولسەلام عارف،

(١) کشکول، ع(٣٠٠)، ١٩٦٣/٧/١٦.

(٢) الجماهیر، ع(١٦٢)، ١٩٦٣/٨/٣.

(٣) عەبدولمونعیم محەمەد سەعید ئەلغولامی (١٩٠٤/موسڵ-١٩٦٧/موسڵ)، مێژوونووس، دەرچووی خانەی مامۆستایانی عوسمانییە لە موسڵ. ساڵی ١٩١٧ پەیوەندی بە کۆمەڵەی (العلم)ەوە کردووە، کە ئامانجی کۆمەڵەکە، سەربەخۆیی و یەکگرتنەوەی وڵاتانی عەرەبی بوو. لەگەڵ ڕەئوفی برای، کۆمەڵەی ئاداب و مەکۆی ئەلحەمرایان دامەزراندووە، لە چەند جێگایەک کاری مامۆستایەتی کردووە، وەک: شەرگات و موسڵ. بەشداری لە نووسینی بابەتی ڕۆژنامەکاندا کردووە و فێری لێکۆڵینەوەی ڕەچەڵەکناسی بووە و هەوڵی نووسینەوەی داوە و بەشداری لە شانۆگەری فەتحی عەمورییەدا کردووە کە لەلایەن یانەی ئەلحەمرا لە موسڵ پێشکەش کراوە. خاوەنی ئەزموونێکی دوور و درێژ بوو لە بواری چاپەمەنیدا، لە چەند ڕۆژنامەیەک کاری کردووە، وەک: صدی الاحرار، العراق، ناصر الحق، ساڵی ١٩٥٦ خانەنشین بووە، زیاتر

دەربارەی هۆزەکانی عەرەب و ئەندامەکانی کە لە باکووری عێراقی خۆشەویست نیشتەجێن. ئەم وتارە بەهێزە، عەرەبییێتی برا کوردەکانمان بۆ یەکلا دەکاتەوە، ئەم وتارە لە پێشدا لە ڕۆژنامەی (الشعب)ی بەغدادی بڵاوکراوەتەوە، ئێمە بۆ خوێنەرانی (الکشکول)، جارێکی دیکە بڵاوی دەکەینەوە و سوپاسی مێژوونووسی ڕەچەڵەکناس دەکەین، بۆ ئەم وتارە بەهێزەی، کە هیچ گومانێک هەڵناگرێت".

پاشان هاتووەتە سەر بڵاوکردنەوەی بابەتەکەی عەبدولمونعیم ئەلغولامی، کە هاتووە:

"سەرۆک موشیر ڕوکن عەبدولسەلام محەمەد عارف، لە ئاهەنگی یادی لە دایکبوونی پێغەمبەر (د-خ) کە کۆمەڵەی ئادابی ئیسلامی، پێی هەڵسابوون، وتارێکی مێژوویی گرنگی دەربارەی برا کوردەکانمان پێشکەش کرد و گوتی: حاشا، ئێمە لەگەڵ برا کوردەکانمان لە دوژمنایەتی و شەڕدا نین، کوردەکان لە ئێمەن، مێژوو سەلماندوویەتی کە کوردەکان، عەرەبن. هەر کەسێک لە مێژوودا بگەڕێت و لێی بکۆڵێتەوە، مێژوو پێی دەڵێت، کە دوای ڕووخانی بەنداوی مەئریب (مأرب)[1]، دانیشتووانەکەی ڕوویان کردە عێراق و شام و تێیدا نیشتەجێ بوون، لە نێوانیاندا کوردەکان بوون، وەک چۆن شاعیرێکی عەرەبی دەڵێت: کوردەکان نەوەی فارسەکان نین، بەڵکو لە نەوەی کوردی کوڕی عامرن. ئەوانەی دەیانەوێ کوردەکان بگەڕێننەوە سەر نەتەوەی ئاری، ناتوانن ئەوە بسەلمێنن. لە کتێبی (مروج الذهب)ی مەسعوودیدا[2] هاتووە، کە زۆربەی هۆزە کوردییەکان ڕەچەڵەکیان دەگەڕێتەوە سەر (مضر)،

---

مێژوونووسی وەک خولیا وەرگرتووە. مدونة الدکتور ابراهیم العلاف: المؤرخ عبد المنعم الغلامي ١٩٠٤-١٩٦٧(wwwallafblogspotcom.blogspot.com) .

(١) بەنداوی مەئریب دەکەوێتە پارێزگای مەئریب لە باکووری یەمەن و بە یەکێک لە گرنگترین بەنداوەکانی مێژووی کۆنی یەمەن دادەنرێت. بۆ ئاودێری بەکارهاتووە. نزیکەی ٩٨،٠٠٠ مەتر چوارگۆشە بوو. توێژەران بە پەرجووی مێژووی نیمچە دوورگەی عەرەبی دەزانن. بەنداوەکە لانی کەم چوارجار دووچاری ڕووخان هاتووە، کە دواجار لە ساڵی ٥٧٥ ز بوو، لەو کاتەوە تا ئێستا هیچ هەوڵێک بۆ نۆژەنکردنەوەی نەدراوە، ئەوەش بەهۆی نەبوونی حکوومەتی ناوەندی لە وڵاتدا. معلومات عن سد مأرب - موسوعة المحيط(almoheet.net)

(٢) ئەبو حەسەن عەلی کوڕی حوسێن کوڕی عەلی مەسعودی، ناسناوی ئەبو ئەلحەسەن ئەلمەسعودییە (٨٩٦ز/بەغدا-٩٥٧ز/قاهیرە). مێژوونووس و جوگرافیناس و پێشەنگی تیۆری وەرچەرخانی بۆماوەیی. بە هێرۆدۆتی عەرەب ناسراوە. یەکێک لە گرنگترین دانراوەکانی کتێبی (مروج الذهب)ە، کە کتێبێکی مێژووییە. بەڵام کێشەی میتۆدی هەیە، زانیاریی ئەفسانەیی و گریمانەیی زۆری تێدایە، بەتایبەت کە

وەک هۆزی مزووری، کە خۆیان دەڵێن ئێمە لە (مضر)ین، هەروەها هـۆزی گـۆران (عشـائر السبعة)، کە لە ئاکرێ دادەنیشن، لە (جبور)ن، هۆزەکانی بەرزنجی و سـاداتی تاڵەبـانی و لە (جبالي)یەکانن، تا دەگەیتە کەنداوی عەرەبـی زۆربەی هۆزەکـان لە (بەنـی سـەعد) و (بەنـی ئەسـەد)ن، ئـێمە نامانەوێـت، بەم شـێوەیە مێـژوو بشـوێنین، حاشـا، کـورد و عەرەب و نەتەوەکانی دیکە گشتی یەکسانن"[١].

سـەبارەت بە هەڵوێسـتی وڵاتـی سـوریا، کە بەعسـییەکان لەوێشـدا جڵەوی دەسـەڵاتیان گرتبووە دەست، هەمان تێڕوانینیان بەرامـبەر کێشـەی کـورد هەبـوو، پشـتگیری حکـوومەتی عێراقییان بۆ سەرکوتکردنی بزووتنەوەکە دەکرد، ڕۆژنامەی (الجماهیر) لە ژمارەی ڕۆژی ١٢ی تەممووزی ساڵی ١٩٦٣، ڕاگەیەندراوێکی وەزارەتـی دەرەوەی سـووریای لە هەمـبەر کێشـەی کورد لە عێراق بڵاوکردووەتەوە، لە پوختەکەیدا هاتووە:

"جووڵانەوە یاخیبووەکەی بارزان لە باکووری عێراق، کێشەیەکی ناوخۆییە، نابێـت وڵاتـانی جیهانی و هەرێمی دەست بخەنە نـاویەوە، چـونکە جـووڵانەوەکە بـووەتە هەڕەشـە لەسـەر ئاسایش و جێگیری حکوومەتی عێراق. حکوومەتی سـووریا دڵنیـایە لەوەی کە گەلـی عەرەب جووڵانەوە جوداخوازەکەی لە هیچ بەشێکی خاکی عەرەب قبووڵ ناکات"[٢].

حکوومەتی عێراق بۆ لێدانی شۆڕشی کورد، هەمان سیناریۆکانی سـەردەمی عەبـدولکەریم قاسمی دووبارە دەکردەوە، کە یەکێک لەوانە سوودوەرگرتن بـوو، لەو هێـزە بەکرێگیـراوانەی لە عەرەب و کورد پێکیان هێنـابوو، بە کوردەکانیـان دەگـوت سـوارچاکەکانی سـەڵاحەددینی ئەیـوبی، عەرەبەکـانیش سـوارچاکەکانی خالیـدی کـوڕی وەلیـد. هەردوو هێـزەکەش لەژێـر چاودێری حەرەس قەومییەکان دابوون[٣]. ڕۆژنامەی (الشـعب) ڕۆژی ١٣ی حـوزەیرانی سـاڵی ١٩٦٣ هەواڵـی سـەردانێکی عەبدولسـەلام عـارفی سـەرکۆماری بـۆ نـاوچەی کەرکـووک بڵاوکردووەتەوە، ڕۆژنامەکە نووسیویەتی:

---

هاتووەتە سەر ڕەچەڵەکی هەندێک لە نەتەوەکانی وەک کورد. ئیبن خەلدوون، ڕەخنەی لێگرتـووە و پێـی وایە بەرهەمەکەی پابەندی ڕێبازی زانستی نیە.

إبن خلدون والنقد التاريخي Histoire du Maghreb - تاريخ المغرب الكبير(haldun.org)

(١) کشکول، ع(٣٠٤)، ١٩٦٣/٨/٢٣.

(٢) الجماهیر، ع(١٤٠)، ١٩٦٣/٧/١٢.

(٣) مەسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل١١٥.

"سەرکۆماری عێراق پیرۆزبایی لە سوارچاکەکانی خالیدی کوڕی وەلید دەکات، بۆ کۆششەکانیان، هەروەها کۆششی سوارچاکەکانی سەڵاحەددینی ئەیوبی لە ڕووبەڕووبوونەوەی جووڵانەوەی کوردی بەرز دەنرخێنێت"[١].

ڕۆژنامەی (الجماهیر) لە یەکێک لە ژمارەکانی ئابی ساڵی ١٩٦٣ دا، هەواڵی دەستبەسەرداگرتنی تەواوی ئەو ڕێگایانەی کە بەرەو (بارزان) دەڕۆن، بڵاوکردووەتەوە و نووسیویەتی:

"بەڕێوەبەرایەتی جووڵەی سەربازی، ڕاگەیەندراوێکی بڵاوکردووەتەوە، لەسەر کردەی پاککردنەوەی ناوچەکانی باکووری وڵات و هاتووە کە ئەم بەیانییە یەکە سەربازییەکانمان، لە ڕووباری زێی گەورە پەڕیونەتەوە، دەستیان بەسەر قەزای زێباردا گرتووە، کە یاخیبووان، بە قەڵای سەختی خۆیان دادەنا، ئێستاش ڕێگا لە بەردەم سوارچاکەکانی سەڵاحەددینی ئەیووبی بەرەو بارزان کراوەیە"[٢].

یەکێکی دیکە لە دووبارەکردنەوەی سیناریۆکان، بڵاوکردنەوەی هەواڵی ناڕاستی نێو ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکان بووە، وەک چۆن ڕۆژنامەکانی سەردەمی عەبدولکەریم قاسم ئەم وتارانەیان بە مەبەستی چەواشەکردنی شەقامی عێراق ی بڵاودەکردەوە، ئامانجیش لێی بچووککردنەوەی قەبارەی جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی کورد بوو. ڕۆژنامەی (البلد)[٣] لە یەکێک لە ژمارەکانی، لە تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٦٣، لێدوانێکی ساڵح مەهدی عەمماش، وەزیری بەرگری عێراقی بڵاوکردووەتەوە، تیایدا هاتووە:

"شەڕ لەگەڵ چەتەکانی بارزانی کۆتایی هاتووە، پاش ئەوەی سوپا هەموو ئەو هێزانەی لەناو برد، کە چەتەکانی بارزانی پشتیان پێ دەبەست"[٤].

بەم شێوەیە شەڕ تاکو تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٦٣ بەردەوام بوو، لەو مانگەدا لە ئەنجامی ناکۆکی نێوان سوپا و حەرەس قەومی، عەبدولسەلام عارف دەرفەتی هێنا و کودەتایەکی بەسەر بەعسییەکاندا کرد، لە سوپا و کاروباری سەربازی و کارگێڕیی دەوڵەت

(١) الشعب، ع(٤٩)، ١٩٦٣/٦/١٣.

(٢) الجماهیر، ع(١٦٢)، ١٩٦٣/٨/٣.

(٣) البلد: ڕۆژنامەیەکی سیاسی هەفتانە بوو، دوای کودەتای هەشتی شوباتی ١٩٦٣ لەلایەن عەبدولقادر ئەلبەڕاکەوە دەردەچوو، پاشان وەستاوە. فائق بطي، صحافة ١٤ تموز ....، ص١٣٤.

(٤) البلد، ع(٤٠)، ١٩٦٣/١٠/١٢.

دووری خستنەوە. دوای ئەمە کەوتە ڕێکخستنەوەی کاروباری قۆناغی تازەی حوکمڕانییەکەی و وەزارەتێکی تازەی بە سەرۆکایەتی تاهیر یەحیا پێکهێنا، سەبارەت بە کوردیش هەوڵ درا، دەست بە دانوستان بکرێتەوە. ڕۆژنامەی (البلد)، لە یەکێک لە ژمارەکانی دوای کودەتای تشرین نووسیویەتی:

"شۆڕشی چواردەی تەمموز، توانی بنەماڵەی پاشایەتی و پاشان دیکتاتۆرییەتی قاسم ڕابماڵێت، ئەمەش بە دەستپێشخەری موشیر عەبدولسەلام عارف سەرکردەی سوپای مەزن بوو، هەر ئەو بوو لە بەرەبەیانی چواردەی ڕەمەزان، کۆتایی بە هەڵپەرستان هێنا، ئەم سوپایە ئامادەی هەموو قوربانییێکە کە خەونی گەل بۆ ژیانێکی ئازاد و سەربەستانە بەدی بهێنێت و لە ئامانجە مەزنە نەتەوەییەکە نزیک بێتەوە"[١].

ڕۆژنامەکانی ئەوسای عێراق هێرشەکانیان بۆ سەر شۆڕشی کورد کەمتر کردووەتەوە، زیاتر ڕووی هێرشەکانیان کردووەتە بەعسییەکان و تاوانی حەرەس قەومی و کارە نەشیاوەکانیان، لە بەرامبەر کوردیشدا هەوڵیان داوە زیاتر باس لە برایەتی کورد و عەرەب و کاری ئاوەدانکاری لە باکوور بکەن. ڕۆژنامەی (البلد) لە هەر لە ژمارەی ڕۆژی ٢٥ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٦٣ وتارێکی عەبدولسەلام عارفی بڵاوکردووەتەوە، کە لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی پێشکەشی کردووە و لە پوختەکەیدا دەڵێت:

"حکوومەتی عێراق ئامادەیە هەموو شتێک بۆ هاووڵاتییانی خۆی بکات، بە بێ ڕەچاوکردنی ئایین و نەتەوە. ئێمە لەگەڵ نەتەوەی کورد، بەیەکەوە لەسەر ئەم خاکە دەژین، هەربۆیە دەست بە کاری ئاوەدانکاری لە باکوور دەکەین، لە ماوەیەکی نزیک هەنگاوی بۆ داوێین، ئەم کارانە لە نێو یەک خێزاندایە، لەوە زیاتر پێویست بە ڕوونکردنەوە ناکات"[٢].

بەڵام ئەمە بەو مانا نییە کە عێراق لە دۆخی بەرەنگاری شۆڕشی کورد دەرچووبێت، بەڵکو مەبەستەکە تەنیا بۆ هێورکردنەوەی دۆخەکە بووە، بۆیە ناو ناوە لە لاپەڕەی ڕۆژنامەکان، هەواڵ بۆ خۆ ڕادەستکردنەوەی شۆڕشگێڕان بڵاودەکردەوە. ڕۆژنامەی (المنار)[٣] لە ژمارەی

(١) البلد، ع(٦٨)، ١٩٦٣/١١/٢٥.

(٢) البلد، ع(٦٨)، ١٩٦٣/١١/٢٥.

(٣) المنار: ڕۆژانەیەکی سیاسی بوو، سەرەتا لە شاری بەسرا دەردەچوو، لە ڕێکەوتی ٢٦ی تشرینی دووەمی ١٩٦٣ ئیمتیازی دەرچوونی پێدراوە، پاشان لە ئایاری ١٩٦٤ گواسترایەوە بەغدا و کرایە شێوەی هەفتانە.

ڕۆژی ١ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٦٣ ڕاگەیەندراوێکی عەبدولسەلام عارفی بڵاوکردووەتەوە کە داوای لەو چەکدارانە (مەبەستی شۆڕشگێڕانی کوردە) کردووە، کە هێمنی و ئارامی وڵات دەشێوێنن، بە زووترین کات خۆیان ڕادەست بکەنەوە و بەڵێنیان پێدەدرێت کە لێیان خۆش بن[١].

هەندێک جاریش ڕۆژنامەکان بە زمانێک قسەیان کردووە، وەک ئەوەی سوپای عێراق، بەسەر شۆڕشدا سەرکەوتووە و کودەتا بەسەر بەعسییەکان کۆتایی بە شۆڕشی کوردیش هێناوە. حەردان عەبدولغەفار تکریتی[٢] وەزیری بەرگری عێراق لە لێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامەی (البلد)، لە یەکێک لە ژمارەکانی مانگی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٦٣ گوتوویەتی:

"شەڕ لە کوردستان کۆتایی هاتووە، ژمارەیەکی زۆر لە چەتەکان ئامادەن چەکەکانیان ڕادەست بکەنەوە، خۆشیان ڕادەستی حکوومەت بکەن، ئەمە لە کاتێکدا زۆربەی ناوچەکانی کوردستان، لە ژێر کۆنترۆڵی حکوومەت دان"[٣].

بەکارهێنانی وشەی چەتە لە زاری وەزیری بەرگری، ئەوە دەردەخات کە حکوومەتی تازە، نیازێکی ئاشتیخوازانەی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد نەبووە، دۆخەکە وەک ئەوە وایە کە کورد شکستی هێناوە و پێویستە خۆی ڕادەست بکات. لە ڕاستیشدا ئەمەیان بە کردار جێبەجێکرد، هەر لە سەردەمی عەبدولسەلام عارف، پەلامارەکانی سوپای عێراق بۆ سەر کوردستان دەستیان پێکردەوە.

---

دەستەی بەڕێوەبردنی (عەبدولعەزیز بەرەکات، سادق ئەلازدی، عەبدوڵلا خەیات، عەبدولموتەلیب بەرەکات، محەمەد حامد و ئیحسان ئەلقشتینی) بوو. وزارة الاعلام، دليل الصحافة العراقية، ص٥٧.

(١) المنار، ع(٢٥٧٨)، ١٩٦٣/١٢/١.

(٢) حەردان عەبدولغەفار تکریتی (١٩٢٥/تکریت-١٩٧١/کوەیت)، ئەفسەری فڕۆکەوانی عێراقی ناسراو، دەرچووی ئەکادیمیای فڕۆکەوانی عێراقی ١٩٤٦، ساڵی ١٩٦١ پەیوەندی بە ڕیزەکانی حزبی بەعسەوە کردووە و لە هەردوو کودەتای شوباتی ١٩٦٣ و تەممووزی ١٩٦٨ ڕۆڵی کاریگەری گێڕاوە. دوای کودەتای ٨ی شوبات، بووەتە سەرکردەی گشتی هێزی ئاسمانی عێراقی، دوای کودەتای تشرینی دووەم، کرایە وەزیری بەرگری عێراق، تاوەکو مایسی ١٩٦٤ لەم پۆستەدا مایەوە. دوای کودەتای تەممووزی ١٩٦٨ کرایە وەزیری بەرگری جێگری سەرکۆمار، ساڵی ١٩٧٠ لە پۆستەکانی بەخشراوە و کراوە بە باڵیۆزی عێراق لە ئیسپانیا، پاشان لە کوەیت تیرۆرکراوە. شیرزاد زکریا محمد، الحركة القومية الكردية، ص١٥٠.

(٣) البلد (٦٩)، ١٩٦٣/١١/٢٦.

بەگشتی دوای کودەتای تشرینی دووەم، یان (بەرپەرچدانەوەکەی تشـرین)، حکوومەتی عێراق نیازی گفتوگۆی لەگەڵ سەرکردایەتی شۆڕشی کورد هەبوو، لە دیدارێکدا لەگەڵ بابە عەلی شێخ مەحموود، عەبدولسەلام عارف پێشنیاری ڕێککەوتنی بۆ مستەفا بارزانی کردووە، بابە عەلیش لە ڕێکەوتی ٩ی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٦٣ نامەیەکی بۆ بارزانی نارد، تیایدا لەم نیازەی حکوومەتی عێراقی ئاگادارکردەوە، بارزانیش وەڵامی نامەکەی دایەوە، ئامادەیی خۆی دەربڕی بۆ دانوستان و گفتوگۆ. ئەنجامی دانوستانەکانیش بە ڕاگەیاندنی ١٠ی شوباتی ساڵی ١٩٦٤ کۆتاییان هات[1]. ڕۆژنامەی (الفجر الجدید)[2] لەو ژمارەیەی کە لە ١٠ی شوباتدا دەرچووە، دەقی ڕاگەیەندراوەکەی بە واژووی عەبدولسەلام عارف/سەرکۆماری عێراق بڵاوکردووەتەوە، کە ئەم خاڵانەی خوارەوەی لەخۆ گرتووە:

١. چەسپاندنی مافەکانی نەتەوەی کورد، لە چوارچێوەی یەکێتی نیشتیمانی عێراق و جێگیرکردنی ئەو مافانە لە دەستووری کاتیی وڵاتدا.

٢. ئازادکردنی گیراو و دەستبەسەرکراوەکان کە بەهۆی ڕووداوەکانی باکوور، دەستگیرکرابوون. هەڵگرتنی سزای دەستبەسەرداگرتنی کاڵا گواستراو و نەگواستراوەکان.

٣. گەڕاندنەوەی دامودەزگاکانی ئیدارەی محەلی-کارگێڕیی ناوچەیی، بۆ ناوچەکانی باکوور.

٤. گەڕاندنەوەی فەرمانبەرە دەرکراوەکان بۆ سەر کارەکانیان.

٥. هەڵگرتنی ئەو کۆت و بەندانەی لەسەر ناردنە بازاڕی کەلوپەلی خۆراکی داندراوە.

٦. دەستکردن بە ئاوەدانکردنەوەی ناوچەکانی باکوور بە شێوەیەکی خێرا و پێکهێنانی لێژنەیەکی تایبەت بۆ لابردنی ئاستەنگەکان و ڕۆتینیات. هەروەها ڕەچاوکردنی قەرەبووکردنەوەی زیانلێکەوتووان.

٧. قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانەی خاوەن زەوییەکان، کە لە ئەنجامی دروستکردنی هەردوو بەنداوی دوکان و دەربەندیخان، زەوییەکانیان ژێرئاو کەوتووە.

---

(١) مەسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٣-١٦١.

(٢) الفجر الجدید، ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەی سیاسی بوو، لە ڕێکەوتی ١٩٦٣/١١/٢٧ ئیمتیازی دەرچوونی پێدراوە، خاوەن و دەستەی بەڕێوەبردنی، (محەمەد تەها فەیاز، عەبدولڕەحمان زیدان، عەبدولئیلاە ئیبراهیم، عەونی جاسم ئەلجەمیلی و عەبدوڵڵا حەسەن) بوون، تاکو ساڵی ١٩٦٧ بەردەوام بووە. وزارة الاعلام، دلیل الصحافة العراقیة، ص٤٧.

٨. کارکردن بۆ گەڕاندنەوەی هێمنی و ئارامی بۆ ناوچەکانی باکوور.

٩. لەسەر هەموو وەزارەت و فەرمانگە و لایەنی پەیوەندیدار پێویستە فەرمان بۆ جێبەجێکردنی ئەو خاڵانە دەربکەن[١].

بارزانی پێشوازی لەم هەنگاوەی حکوومەتی عێراق کردووە، کە بۆ ڕێککەوتن ناویەتی و بە ڕاگەیەندراوێک وەڵامی داوەتەوە. ڕۆژنامەی (المنار) لە ڕۆژی یازدەی شوباتی ساڵی ١٩٦٤ دەقی ڕاگەیەندراوەکەی بارزانی بڵاوکردووەتەوە، کە تیایدا هاتووە:

"بۆ بەدەمەوەهاتنی ویستی سەرکۆمار موشیر ڕوکن لە پاراستنی یەکێتی ڕیزەکانی نیشتیمان و ڕێگرتن لە ڕژانی خوێنی بێگوناهان و کۆتاییهێنان بە براکوژی، لەبەر نیازپاکی دەسەڵاتدارانی حوکمڕان، بڕیارمان دا دەستپێشخەری وەستاندنی شەڕ بکەین، داوا لە برایانمان دەکەین بگەڕێنەوە سەر ئیشوکاری ئازادانەی خۆیان، ئەمەش دەرفەت دەڕەخسێنێت بۆ دەسەڵاتی نیشتیمانی بۆ هەنگاونان بۆ گەڕاندنەوەی ئاشتی و ئارامی بۆ ناوچەکە و ڕەخساندنی دەرفەتی بەدیهێنانی مافە نەتەوەییەکانی هاونیشتیمانییە کوردەکان، لە چوارچێوەی یەکێتی گەلی عێراقدا، برایەتی نێوان عەرەب و کورد پتەوتر بکات، هەروەها بنەماکانی پاراستن لە بەرامبەر پیلانگێڕی ئیمپریالیزم و چاوچنۆکان بەهێزتر بکات. بۆئەوەی هەمووان بزانن کە سەروەری یاسا و ئارامی ناوچەکە دەستەبەری چارەسەرکردنی کێشە و گرفتەکانە. خوا ئەم هەنگاوانەی دڵسۆزان پتەو بکات و ڕەنج و کۆششیان سەر بخات"[٢].

دوای ئەم هەنگاوە، ژمارەیەکی زۆر لە بەرپرسە حکوومییەکان هاتنە کوردستان بۆ چاوپێکەوتنی بارزانی، هەروەها ژمارەیەکی زۆر لە ڕۆژنامەنووسانی عێراقی و عەرەب و بێگانەش ڕوویان لە ناوچەکە کرد، یەکێک لەو شاندە حکوومییانەی لە یازدەی ئاداری ساڵی ١٩٦٤ لە ڕانییە سەردانی بارزانییان کرد، شاندێکی گەورەبوو[٣]، کە مەبەستیان لە سەردانەکە،

(١) الفجر الجدید، ع(٦٢٩)، ١٩٦٤/٢/١١.

(٢) المنار، ع(٢٦٣٩)، ١٩٦٤/٢/١١.

(٣) شاندەکە لە عەمید ڕەشید موسلیحی وەزیری ناوخۆ و لیوا عەبدولڕەحمان عارفی جێگری سەرۆکی ئەرکانی سوپا و ئیبراهیم فەیسەڵ ئەنساری سەرکردەی فیرقەی دوو، سەعید قەتانی سەرکردەی فیرقەی چوار، عەبدولڕەزاق سەید مەحموود پارێزگاری سلێمانی پێکهاتبوون.

چۆنییەتی پرسی گێڕانەوەی بەڕێوەبەرایەتییە حکوومییەکانی ناوچەکە بوو و هەروەها جەختیان کردەوە کە حکوومەت دەیەوێت بەڕاستی ڕێککەوتنی شوبات جێبەجێ بکات[١].

بەڵام ئەمجارەیان کێشەیەکی دیکە ڕووبەڕووی شۆڕشی کورد بووەوە، ئەویش ناڕەزایی ئەندامانی باڵی مەکتەبی سیاسی پارتی بوو[٢] بەرامبەر بەو ئاگربەست و دانوستانە کە سەری کێشایە سەر دروستبوونی ناکۆکی نێوان هەردوولا و ڕۆژ دوای ڕۆژیش ناکۆکییەکە قووڵتر دەبووەوە، ئەمەش تاوەکو ساڵی ١٩٧٠ بەردەوام بوو. ئەم ڕووداوە کاریگەری خراپی کردە سەر یەکڕیزی شۆڕشی کورد، بەڵام نەبووە هۆکاری وەستانی جۆش و خرۆشی شۆڕش، بەڵکو شۆڕش بە هەمان گڕوتینەوە بەردەوام بوو، لەلایەن زۆرینەی خەڵکی کوردستانەوە پشتگیری لێ دەکرا[٣].

لە ماوەیەکی کورتی دوای دانوستان و گفتوگۆی نێوان کورد و حکوومەتی عێراق دا، دەرکەوت کە حکوومەت نیازێکی پاک و ڕوونی بەرامبەر بە چارەسەری ئاشتییانەی کێشەی کورد نەبووە. بەڵگەش بۆ ئەمە ڕۆژنامەی (الوقائع العراقية)[٤] لە یەکێک لە ژمارەکانی مانگی

(١) مەسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦١.

(٢) ئەندامانی ئەو باڵە، ئەوانەی کە ناسراون ئەمانە بوون: ئیبراهیم ئەحمەد (سکرتێری پارتی)، دکتۆر عەزیز شەمزینی (١٩١٨-١٩٩٩)، عەبدولڕەحمان زەبیحی، جەلال تاڵەبانی، نووری شاوەیس (١٩٢٢-١٩٨٣)، عەلی عەبدوڵڵا (١٩٢٢-٢٠١٧)، حیلمی عەلی شەریف، عەلی عەسکەری (١٩٣٧-١٩٧٨)، عەبدوڵڵای مەلا سمایل (١٩٢٧-٢٠٠١)، عومەر مستەفا-دەبابە، نووری ئەحمەد تەها (١٩٢١-١٩٩١) و ئەوانی دیکە کە بڕیاری جیابوونەوەیان لە سەرکردایەتی پارتی دا، لە نیسانی ساڵی ١٩٦٤ دا، لە کۆنفرانسێکدا، گفتوگۆیان لەگەڵ حکوومەتی عێراقی ڕەتکردەوە و بڕیاری دوورخستنەوەی مستەفا بارزانییان لە حزب دا. ئەمەش دواجار شەڕوپێکدادانی نێوان هەردوولای لێکەوتەوە. ئاکامی شەڕوپێکدادانەکەش، بە شکستی ئەو باڵە و ڕاکردنیان بەرەو وڵاتی ئێران کۆتایی پێهات. ساڵی ١٩٦٥ لەلایەن (بارزانی)یەوە بەخشران و گەڕانەوە کوردستانی عێراق. لە سەرەتاکانی ساڵی ١٩٦٦ دا، چوونە بەغدا و کەوتنە هاریکاری حکومەتی عێراق، جگە لە (عەلی عەبدوڵڵا و نووری شاوەیس و نووری ئەحمەد تەها) نەبێت. تا ئاداری ساڵی ١٩٧٠، بەم شێوەیە مانەوە. هۆشەنگ ساڵح نەجار، بزاڤی ڕۆشنبیری لە شاری هەولێر...، ل٧٨.

(٣) شیرزاد زکریا، الحركة...، ص١٦١-١٩٧؛ فاتح ڕەسوڵ، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٤٣-٣٤٤.

(٤) الوقائع العراقية، یەکەم ڕۆژنامەی فەرمی عێراقییە، یەکەم ژمارەی لە مانگی ئابی ساڵی ١٩٢٢ دەرچووە، یاساکانی عێراقی تێدا بڵاودەکرایەوە، وەک یاسای ڕێکخراوەکان، دامودەزگا حکوومییەکان، ڕێنمایی فەرمانبەران و ڕاگەێندراوە فەرمییەکان و بڕیارەکانی کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەنی نوێنەران. لە

ئاداری ساڵی ١٩٦٤، واتە تەنیا مانگێک دوای ڕاگەیەندراوەکەی دەی شوبات، لە بەندی سێیەمی یاسای ژمارە حەوتدا، بڕیاری (پێدانی میدالیای بەشداری لە شەڕی باکوور)[(١)] لە شێوەی یاسایەک دەرکرد، کە لە دەقەکەیدا هاتووە:

"بە تێڕوانین بەو پاڵەوانێتییە بێوێنەیەی یەکەکانی سوپا لە باکووری وڵات بە دەستیان هێناوە، بەرامبەر تێکشکاندنی یاخیبووان و چەتە و ڕێگر و هەڵگەڕاوەکان، لە پێناو پاککردنەوەی ناوچەی باکووری خۆشەویست، لە جوداخوازان و بەکرێگیراوانی ئیمپریالیزم، بڕیارماندا بە دانانی میدالیای لەناوبردنی یاخیبوونەکەی باکوور"[(٢)].

ئەگەر لە ناوەرۆکی ئەو یاسایە ورد بینەوە، بە تەواوی پێچەوانەی هەوڵی ئاشتییانەی چارەسەرکردنی کێشەی کوردە لەو وڵاتە، لەلایەک پەیامێکە بۆ درێژەپێدانی شەڕ لە کوردستان دژ بە شۆڕشگێڕانی کورد، لەلایەکی دیکەوە جێگیرکردنی وەک یاسا لە ڕۆژنامەی (الوقائع) و دواجاریش ناوبردنی شۆڕشگێڕانی کورد بە یاخیبوو و چەتە و ڕێگر و هەڵگەڕاوە، ڕەوایەتی دانێکی ڕوون و ئاشکرایە  بە شەڕەکە و لەناوبردنی شۆڕشگێڕانیش دەکاتە ئەرکێکی نیشتیمانی.

هەر لە ڕۆژنامەی (الوقائع العراقية)، لە ژمارەی ڕۆژی دەی ئایاری ساڵی ١٩٦٤، دەستووری کاتی عێراق بڵاوکراوەتەوە، دەستوورەکە لە ١٠٦ بەند پێکهاتووە، لە هیچ کام لە بەندەکانیدا، ئاماژە بە مافە نەتەوەییەکانی کورد نەکراوە، ئەمە وێڕای ئەوەی لە بەندی یەکەمیدا هاتووە:

"کۆماری عێراق، دەوڵەتێکی دیموکراسی ئیشتیراکییە، ئەو دوو چەمکەشی لە کەلەپووری عەرەبی و ئیسلامی وەرگرتووە". لە بەندی دووەمیشدا هاتووە: "گەلی عێراق بەشێکە لە

---

دوای شۆڕشی چواردەی تەممووزەوە فەرمانگەی وەقائیعی عێراقی سەرپەرشتی دەکرد. الوقائع العراقية جريدة (wiko.wiki).

(١) لە یاساکەدا جۆری میدالیاکە دیاری کراوە، لە پارچە کانزایەکی بازنەیی مس پێکدێت، کە چێوەکەی ٤ سانتیمەترە، لە ناویدا وێنەی دوو دەست هەیە کە یەکیان گرتووە، باکگراوندەکەی زنجیرە چیایێکە بە ڕەنگی سەوز و لووتکەکەشی سپییە، کە ئەمەش هێمایە بۆ ناوچەی شاخاوی باکوور، بە دەستخەتێکی ڕەشی شێوازی کووفی نووسراوە: کۆماری عێراق. لە خوارەوەشی هێمای ڕووباری دیجلە و فوراتە. ئەم میدالیایە دەبەخشرێتە ئەو کەسانەی بەشداری شەڕەکانی باکووریان کردووە، کە ئەفسەران و سەربازان و پۆلیسی نیزامی و نانیزامی دەگرێتەوە. الوقائع العراقية، ع(٩٢٦)، ١٩٦٤/٣/٢٢.

(٢) هەمان سەرچاوە.

نەتەوەی عەرەب، ئامانجی یەکێتی عەرەبییە، کاردەکات بۆ یەکڕیزی لەتەک کۆماری عەرەبی یەکگرتوو". لە بەندی سێیەمیشدا هاتووە: "زمانی عەرەبی زمانی فەرمی دەوڵەتە"[١].

ئەم دەستوورە بە تەنیا جێگەی ناڕازیبوونی کورد نەبوو، بەڵکو بەشێک لە عەرەبە نیشتیمانپەروەرەکانیش ڕەخنەیان لێی گرتووە، سیاسەتمەدارێکی وەک کامیل چادرچی[٢] سەرۆکی حزبی نیشتیمانی دیموکراسی هاتووەتە وەڵام و لە ڕێکەوتی ٢ی مایسی ساڵی ١٩٦٤ بیرخەرەوەیەکی داوەتە ڕژێمی عارف و پێی دەڵێت: "دەستووری نوێ، کێشەی کوردی لەگەڵ هەموو تێکچڕژاوی و ئاڵۆزییەکدا، هەروا هێشتووەتەوە، دەبێت لەمەودوا دانی پێدا بنرێت و چارەسەری گونجاوی بۆ بدۆزرێتەوە"[٣].

سەبارەت بە ڕێککەوتنەکانیش کە لەو قۆناغەدا لەگەڵ کورد کراوە، هیچ ئاماژەیەک بە خۆڕێبەری، یان ئۆتۆنۆمی و مافە بنچینەییە چارەنووسسازەکانی کورد نەکراوە، تەنیا ئاماژە بەوە دراوە کە چۆن کورد لە چوارچێوەی خاکی عێراقدا هەندێک مافی سەرەتایی وەک هاووڵاتییێکی عێراقی، پێ بدرێت. ساڵی ١٩٦٥ حکوومەتی عێراقی نامیلکەیەکی لە ژێر ناونیشانی (الحكومة الوطنية و مشكلة الشمال) بڵاوکردەوە، لەوێدا هاتووە:

"لە ڕێکەوتی ٢ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٤، نوێنەرانی حکوومەتی عێراق، چاویان بە هەریەک لە سەرکردەکانی شۆڕشی کورد کەوتووە، پڕۆژەی مافە نەتەوەییەکانی کوردییان خستووەتە بەردەمیان و لەسەر پڕۆژەکە ڕەزامەند بوونە و واژوویان کردووە، بەڵام دواتر بەهۆی پاشکۆیەتیان بۆ وڵاتان لەسەر بەڵێنەکەیان نەماون، ئەمەش دەقی پڕۆژەکەیە:

١. لە دەستووری کاتی عێراقدا، کە لە ٤ی نیسانی ساڵی ١٩٦٤ بڵاوکراوەتەوە، هاتووە، کە عێراقییەکان هەموویان لە بەرامبەر یاسادا لە ئەرک و مافدا یەکسانن، هیچ جیاوازییێک

---

(١) الوقائع العراقية، ع(٩٤٩)، ١٩٦٤/٥/١٠.

(٢) کامیل چادرچی (١٨٩٧/بەغدا-١٩٦٨/بەغدا)، ڕۆژنامەنووس و سیاسی، دەرچووی کۆلێژی مافی بەغداە، ساڵی ١٩٢٥ پەیوەندی بە پارتی گەلەوە کردووە، ساڵی ١٩٢٧ بووەتە ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، بە نوێنەرایەتی لیوای دلێم، کە ئەوکاتە تەمەنی تەنها ٣٠ ساڵ بووە، ساڵی ١٩٤٦ دامەزرێنەری پارتی نیشتیمانی دیموکراسی بووە، ئەمە جیا لە ڕۆڵی لە بواری ڕۆژنامەنووسی عێراقیدا، بەتایبەت لە ڕۆژنامەکانی وەک: الاخاء الوطني، الاهالي، صدى الاهالي، المواطن، مليح صالح شكر، المصدر السابق، ص٩٦-٩٧.

(٣) جەمال نەبەز، کوردستان و شۆڕشەکەی، ل١٥٨.

بەهۆی ڕەگەز، زمان، ئایین لە نێوانیاندا نییە، هاووڵاتییان پشتگیری یەکتر دەکەن بۆ پاراستنی کیانی نیشتیمانی، بەتایبەت عەرەب و کورد، ئەم دەستووره بڕیار لەسەر مافەکانیان لە چوارچێوەی خاکی عێراق دەدات.

٢. ناوەرۆکی مافە نەتەوەییەکان لەلایەن ئەنجوومەنی گەلەوە ڕوونکراوەتەوە، کە ئەندامەکانی لەلایەن گەلەوە هەڵبژێردراون.

٣. دەربارەی خوێندن بەم شێوەیە دەبێت:

أ. خوێندن تا پۆلی سێی ناوەندی بە زمانی کوردی دەبێت لەو ناوچانەی دانیشتووانەکەی کوردن.

ب. خوێندن بە زمانی عەرەبی بەپێی ئارەزوو و ویستی کوردەکان خۆیان دەبێت، بۆ فەرمانبەرە عەرەبانەی لە ناوچە کوردییەکان نیشتەجێن، خوێندن بە زمانی عەرەبی دەبێت.

٤. هاووڵاتییانی کورد بە ڕێژەیەک لەو شوێنانە دادەمەزرێندرێن: وەزارەت (وەکو وەزیر)، موتەسەریف و ئیدارەی محەلی. وەرگرتنی قوتابیان لە زانکۆکان و شاندکردنیان بۆ دەرەوەی وڵات و وەرگرتنیان لە ڕێزی هێزەچەکدارەکان.

٥. یەکسانی برا کوردەکانمان لە هەموو ئەرک و مافەکاندا، شانبەشانی هاووڵاتییانی کورد لە کۆماری عێراق.

٦. حکوومەتی ئێستای عێراق، لێکۆڵینەوەی پێویست دەکات بۆ ئاوەدانکردنەوەی ناوچەی باکوور و پارەی پێویست دابین دەکات، لە ماوەیەکی نزیکدا جێبەجێی دەکات و ڕێنمایی تایبەت دەردەکات بۆ گەڕاندنەوەی فەرمانبەران بۆ فەرمانگەکانیان، هەروەها دەستگیرکراوان، ئەوانەی بە تۆمەتی ڕووداوەکانی باکوور دەستگیرکراون ئازاد دەکات.

٧. حکوومەتی ئێستا لە سیاسەتەکەیدا هەموو ڕێگایەک بۆ خێر و خۆشی گەلەکەی دەگرێتە بەر"[١].

ئەگەر سەیری ئەو خاڵانەی سەرەوە بکەین، هیچ مافێکی بنچینەیی نەتەوایەتی تێدا بەدی ناکرێت، کە کورد لە پێشدا، بەتایبەت ئەوانەی لە ڕاسپاردەکانی کۆنگرەی کۆیە داوای کردبوو. ئەمە تەنیا پێدانی هەندێک مافی سەرەتاییانەیە بە کورد، لە چوارچێوەی یەکێتی عێراقدا، هیچ دەسەڵاتێکی خۆڕێبەری بۆ کورد تێدا نییە و هیچ خاڵێکی تێدا نییە ئاماژە بەوە

(١) الحكومة الوطنية و مشكلة الشمال، ص٢٣-٢٤.

بکـــات، لە چ ڕێکەوتێـــک و بە چ ئالیەتێـــک جێبەجـــێ دەکرێـــت، ئەمە لە کاتێکـــدا لە ڕاگەیەندراوەکەی ١٠ی شوباتدا هاتووە:

"مافە نەتەوەییەکانی کورد لە چوارچێوەی گەلی عێراق جێبەجێ دەکرێت، لە دەستووری کاتی عێراقیشدا جێگیر دەکرێت".

کەچی لە دەستووری کاتیدا ئاماژە بە هیچ کام لەو مافانە نەکراوە. هەر هەمان سەرچاوە ئامـاژە بەوە دەدات : لە ٢٤ی ئـابی سـاڵی ١٩٦٤ هەنـدێک لە بەرپرسـان، بە مەبەسـتی هەندێک کاروباری تایبەت بە ئاوەدانکردنەوەی باکوور و گەڕاندنەوەی ژیانی ئاسایی بـۆ ئەو ناوچانە، لەگەڵ نوێنەرانی کورد کۆبوونەتەوە. لەسەر دوو تەوەری سەرەکی قسەیان کردووە، کە ئەمانەن:

یەکەم. خستنەڕووی مافە نەتەوەییەکانی کورد.

دووەم. پێویستی گەڕانەوەی ژیانی ئاسایی، گەڕانـدنەوەی جووتیـاران بـۆ سـەر کێڵگەکانیـان، کرێکاران بۆ سەر کارگەکانیـان، فەرمـانبەران بـۆ فەرمانگەکانیـان، هەمـووان بە یەک دەست بەرەو ئاوەدانکردنەوە بڕۆین. بۆ ئەم مەبەستە حکوومەت جەختی لەم خاڵانە کردووەتەوە:

١. پێویستە ئەوانەی چەکیان هەڵگرتووە، بگەڕێنەوە سەر کارەکانیان.

٢. ئەنجـوومەنی گەلـی هەڵبژێـردراو، بـۆی هەیە ئەو شـتانەی بە گونجاویـان دەزانێـت، دایبڕێژێت.

٣. یەکێتـی ئیشـتیراکی ڕێکخـراوێکە هەمـوو گەل کـۆ دەکـاتەوە، کوردەکـانیش دەتـوانن پەیوەندی پێوەبکەن و خۆیان بۆ هەڵبژاردنی نوێنەرایەتیی ئـازاد، کاندیـد بـکەن و دەربچـن، پـاش دیـاریکردنی مـافی چـارەی خۆنووسـین، ئەم ئەنجـوومەنە دەبێـتە ئەنجـوومەنی ڕاستەقینەی گەل.

٤. حکوومەت ئامادەیە هەموو دەستەبەرییەک پێشکەش بکات، کە هەنـدێک لە کوردەکـان دەیانەوێت ئەو دەستەبەرییە هەبێت.

٥. بابەتی ئۆتۆنۆمی و جیابوونەوە، نابێتە بنەمای هیچ لێتوێژینەوەیەک.

٦. ئەوەی لە دەستووری کاتی سەبارەت بە مافە نەتەوایەتییەکان هـاتووە، ڕوون و ئاشـکرایە. بەم شێوەیە کۆبوونەوەکە کۆتایی هات، لە کەشێکی برایانە، بێ ئەوەی هیچ دەنگێکی نەشاز لە میانەیدا هەبێت[1].

ڕۆژنامەی (الفجر الجدید) لە ژمارەی ڕۆژی ٢٦ی تەمموزی ساڵی ١٩٦٤، هەواڵی چـالاکی و دیـدارەکانی شـاندەکەی و پاشـان گەڕانەوەیـان بـۆ شـاری بەغـدا بڵاوکـردووەتەوە و نووسیویەتی:

"ئێـوارەی دوێنـێ، لیـوا عەبـدولڕەحمان عـارف، بریکـاری سـەرۆکی ئەرکـانی سـوپا، دوای کۆتاییهێنان بە گەشتە سێ ڕۆژییەکەی بۆ باکووری عێراقی خۆشەویست، بۆ بەسەرکردنەوە و ئاگاداربوون لە ڕەوشی ناوچەکە، لە ڕێگـای موسـڵەوە گەڕایەوە بەغـداد. هەریەک لە عەقیـد ڕوکـن محەمەد مەجیـد[2]، یاریـدەدەری سـەرۆکی ئەرکـانی سـوپا، مـوقەدەم ڕوکـن هـادی خماس[3] بەڕێوەبەری هەواڵگری سەربازی، ئەندامی شاندەکە بوون. لەو بەسـەرکردنەوەیەدا، سەردانی شـاری سـلێمانیان کـرد، لەوێ چـوونە پـردی سـەید سـادق، پاشـان دەربەنـدیخان و چوارقوڕنە و دووکان و کۆیە و ڕەواندز و باپشتیان و خەلیفان دینارتە و ئاکرێ پاشان موسـڵ. نوێنەری ئاژانسی هەواڵـی عێراقـی ڕایگەیانـد، بەڕێـز بریکـاری سـەرۆکی ئەرکـانی سـوپا، لە چوارتـا پێشـوازییەکی گەرمـی برایـانەی لێکـرا، مەلا مسـتەفای بـارزانی چـاوەڕوانی دەکـرد، بەیەکەوە بیروڕایـان دەربـارەی ئاسـاییکردنەوەی ڕەوشـی نـاوچەکە ئـاڵوگۆڕ کـرد، دیـدارەکە

(١) الحكومة الوطنية و مشكلة الشمال، ص٢٩-٣٠.

(٢) هادی خماس لە بیرەوەرییەکانیدا ئاماژە بەوە دەکات، کە ئەم لەگەڵ عەقید ڕوکن محـەمەد مەجیـد، بەیەکەوە پەیوەندییان بە هێزە شەڕکەرەکانی سـوپای عێـراق کـرد، پاشـان بە سەرپەرشـتی عەبدولسـەلام عارف بەشداری کودەتای هەشتی شـوباتیان کـرد. دواتـر محـەمەد مەجیـد کـرایە یاریـدەدەری سـەرۆکی ئەرکانی سوپای عێراق، سـاڵی ١٩٧٠ بە فەرمـانی نـازم گـزار بەڕێـوەبەری ئەمنـی عـام دوورخـراینەوە بـۆ قاهیرە. الگاردینیا - مجلة ثقافية عامة - رجل مـن زمـن الثائرين / مـذكرات العقيـد الـركن هـادي خـماس مدير الأستخبارات العسكرية الأسبق/الحلقة الأولى (algardenia.com)

(٣) هادی خماس ئەلعەززاوی (١٩٢٥/بغداد-٢٠٢٠)، دەرچووی کۆلێژی سەربازی لە بەغـدا و ئەفسـەر لە سوپای عێراقی (١٩٤٨)، ساڵی ١٩٥٢ پەیوەندی بە ئەفسەرانی ئـازادیخواز کـردووە، بەشـداری لە شۆڕشـی چـواردەی تەممـووز و کودەتـای ٨ی شـوباتی سـاڵی ١٩٦٣ کـردووە، دوای ئەمە بـووەتە بەڕێـوەبەری هەواڵگریی سەربازی، بە فەرمانی نازم گزار لە نێوان سـاڵانی ١٩٧١-١٩٧٣دا دەسـتگیرکراوە. لە ڕۆژنـامە و گۆڤارەکانی ساڵانی شەسـتەکان و هەفتاکـان بـابەتی بڵاوکـردووەتەوە. الارشيـف العراقي: العقيـد هـادي خماس (irqiarchive.blogspot.com)

کەشێکی برایانەی هەبوو، پاشان بەڕێز بریکاری سەرۆکی ئەرکان و شاندی یاوەری، زۆر بەڕێزەوە بەڕێخران. لە کۆتاییدا شاندەکە هەموو یەکە سەربازییە نەبەزەکانیان لە باکوور بەسەر کردەوە، سەربازان ورەیان بەرز بوو. لیوا عارف ئەمەی بەرز نرخاند و جەختی کردەوە، کە مەشقکردن زۆر پێویستە، هەروەها پێویستە یەکە سەربازییەکان بنەما سەربازییەکان ڕێک بخەن و یارمەتی هەموو خەڵک بەبێ جیاوازی و بە گیانێکی مرۆییانە و بەپێی بنەمای ئایینی پیرۆزی ئیسلام بدەن"[١].

لە کاتێکدا حکوومەت خەریکی دانوستان بوو لەگەڵ کورد، هەوڵی دەدا بەپێی ئامانجەکانی خۆی کێشەکە یەکلایی بکاتەوە، لە بەرامبەریشدا سەرکردایەتی شۆڕشی کورد، بەو ئاسانییە نەدەچووە ژێر باری ئەو داواکارییانە، مەرجی خۆی هەبوو. بۆ نموونە مستەفا بارزانی لە ناوەڕاستی مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٦٤ کۆمەڵێک پێشنیاری سەبارەت بە مافەکانی کورد و ئۆتۆنۆمی دایە حکوومەتی عێراقی کە لە بڕگەکانیدا جیاوازی لەگەڵ حکوومەتدا هەبوو. بڵاوکراوەی (الحكومة الوطنية و مشكلة الشمال)، دەقی ئەو پێشنیارانەی مستەفا بارزانی بڵاوکردووەتەوە، لە پێشەکیدا، ڕەخنەی ئەوەی لێگرتووە کە پڕۆژەکە نیازێکی جوداخوازانەی لە پشتەوەیە و بۆ مەرامێکی تایبەتی داندراوە و هاتووە:

"حکوومەتی عێراق، بە وردییەوە ڕوانیویەتییە بارودۆخەکە و بایەخی پێداوە و پەلەی لە بەرپرسان کردووە، کە پلانی ئاوەدانکردنەوە لە ناوچەکەدا بە خێرایی جێبەجێ بکەن، هەندێک لەو کوردانەی پەیوەندییان بە مەلاوە هەیە[٢]، هاتوونەتە بەغداد، ئەوانە شێوە تێڕوانینێکی تایبەتیان بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد هەیە، کە پێکهاتوون، لە هەریەک لە

(١) الفجر الجديد، ع(٧٨٥)، ١٩٦٤/٨/٢٦.

(٢) لە زۆر شوێنی ئەو بڵاوکراوە، وەک توانج، وشەی (مەلا) لە جیاتی مەلا مستەفا یان مستەفا بارزانی، بەکارهاتووە، ئەمەش ئاماژەیە، بۆ ئەوەی کە ئەوان وەک نەیارێک لە بارزانییان ڕوانیوە، نەک سەرکردەیەک کە نوێنەرایەتی نەتەوەکەی دەکات. ئەم جۆرە گوزارشتە جگە لە پەیامی ڕق، شتێکی دیکەی لێ ناخوێندرێتەوە، ئەمە لە کاتێکدا بارزانی پڕۆژەکەی بە زمانێکی جوان و ئاشتیخوازانە و برایانە، بە ناوی گەلی کوردەوە، پێشکەش بە حکوومەتی عێراق کردووە، لە بەراییدا نووسیویەتی: بە هەستکردن بە ئەرک و سووربوون لە ئاستی یەکێتی و دروستی هەردوو گەلی عەرەب و کورد لە عێراق و بە هەستێکی دڵسۆزانەی نیازپاکییەوە، ئەم یادداشتنامەیە دەردەکەین و پێشکەشی دەکەین. مەسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٥٣.

پارێزەر ساڵح یوسفی[١]، ئەندامی ئەنجوومەنی جێبەجێكردنی ئەوەی كە پێی دەڵێن (حزبی پارتی)[٢]، كە مەلا سەرۆكایەتی دەكات. بە ئەندامێتی بەڕێز عەگید سدیق[٣] نوێنەری تایبەتی و ئەندازیار دكتۆر شەوكەت عەقراوی[٤]، وتەبێژ بەناوی ئەو. ئەو كەسانە نیازپاكی مەلا و هەماهەنگیان لەگەڵ حكوومەت بۆ كۆتاییهێنان بەم كێشەیە خستەڕوو، كە ئەو نیازی ناخۆشی و كێشەدروستكردنی نییە. ئەمە قسەیەكی نەرم و نیانانەیە، لە ڕووی لۆجیكەوە پەسندە، بەڵام لە ڕاستیدا هیچ بەڵگەیەك بۆ ئەو نیازپاكییە نییە. لە ١١ی تشرینی یەكەمی ساڵی ١٩٦٤، لەناكاو، مەلا، یادداشتەكەی پێشكەش بە حكوومەت كرد و بە نهێنیش بەسەر هەندێك لەو كەسانە دابەشی كرد، كە بە كێشەی گشتییەوە سەرقاڵن، دانەی كەوتەدەستی كەناڵە جیهانییەكان و دەقەكەیان پەخش كرد و شرۆڤە و خوێندنەوەیان بۆ كرد. ئەوەی لەو یادداشتە هاتووە، دڵسۆزان، بەتایبەت برایانی كوردی بێهیوا كرد، بۆیە سەركۆنەی ئەو شتانەیان كرد كە تێیدا هاتبوو، بەو پێیەی دەرچوونە لە ویستی گشتی گەل و هەڕەشەیە بۆ سەر قەوارە و ئایندەكەی، ئەمە كارێكە هەرگیز شیاوی قبووڵ كردن، نییە. حكوومەتی عێراق دەیەوێت ئەوە دیاربكات كە پێویستە گەلی عێراق و عەرەب، ئاگاداری بارودۆخەكە و ناوەڕۆكی كێشەكە بن، بۆئەوەی ئاگایان لەوە بێت كە ئەم یادداشتە، لە ژێر ناوی (مافە نەتەوەییەكانی گەلی كورد)، چی تێدایە:

١. هەمواركردنەوەی بڕگەی كۆتایی ماددەی ١٩ لە دەستووری كاتی، كە لە دەقەكەیدا هاتووە: "ئەم دەستوورە، بڕیار دەدات، لەسەر مافە نەتەوەییەكانی كورد لە چوارچێوەی

(١) ساڵح یوسفی پارێزەر نەبووە، بەڵكە دەرچووی خانەی باڵای مامۆستایانی بەغدا بوو.

(٢) ناوهێنانی پارتی دیموكراتی كوردستانیش بەم شێوەیە، هەر جۆرێكە لە بەكەم پیشاندان و توانج لێگرتن.

(٣) عەگید سەدیق ئامێدی (١٩٢١/ئامێدی-١٩٨٥)، ساڵی ١٩٤٦ خانەی مامۆستایانی لادێیی تەواوكردووە و بووەتە مامۆستا، لە سەرەتاكانی شۆڕشی ئەیلوولدا پەیوەندی بە شۆڕشەوە كردووە، ماوەیەك قائیمقامی ئامێدی بوو، ساڵی ١٩٦٩، دوای بوونی دهۆك بە پارێزگا، بووە یەكەم پارێزگاری. بشير سعيد عبدالرحمن، المصدر السابق، ص١٧٣.

(٤) شەوكەت عەقراوی (١٩٢٧/ئاكرێ-١٩٨٠)، سیاسی و ڕۆژنامەنووس، ڕۆڵی دیاری لە دانوستانەكانی نێوان شۆڕشی كورد و حكوومەتی عێراقیدا گێڕاوە، ساڵی ١٩٦٧ دوای دەرچوونی ڕۆژنامەی برایی لە بەغدا، بووەتە دەستەی بەڕێوەبردنی ڕۆژنامەكە. صبرية جرجيس ئيمنيكي، جريدة التآخي/ دراسة تاريخية في موقفها من التطورات السياسية ١٩٦٧-١٩٧٤، مطبعة محافظة دهوك، دهوك، ٢٠١٣، ص٤٣.

یەكێتی خاكی عێراق"، ئەمە وای لێ بكرێت "ئەم دەستووره بڕیاری مافەكانی كورد دەدات لەسەر بنەمای ئۆتۆنۆمی لە چوارچێوەی یەكێتی عێراق".

٢. ئەوەی لە ماددەی یەكەم جێبەجێ دەكرێت كە لەسەرەوە هاتووە، بەم شێوەیەی خوارەوە:

أ. ئەم یەكە كارگێڕییە، ئەم ناوچانە دەگرێتەوە: هەولێر، كەركووك، سلێمانی، هەروەها ئەم قەزایانەش: زاخۆ، دهۆك، ئـ اكرێ، ئامێدی، شێخان، شەنگال، تەلەعفەر، خانەقین. هەر هەموو ئەو قەزایانەش دەگرێتەوە كە دانیشتووانەكەی زۆرینەیان كوردن، لە لیواكانی موسڵ و دیالە، ئەم یەكە كارگێڕییەش ناوی لێ دەنرێت، ویلایەت، یان پارێزگای كوردستان.

ب. ئەم ویلایەتە یان ئەم پارێزگایە لەلایەن ئەنجوومەنێكی جێبەجێكردنەوە بەڕێوەدەبرێت، كە لەلایەن ئەنجوومەنی ڕاپەڕاندنەوە یان ئەنجوومەنی ویلایەت یان پارێزگا، ئەندامەكانی بە ڕێگای هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆ هەڵدەبژێردرێن لەلایەن خەڵكی كوردستانەوە. ئەم ئەنجوومەنە جێبەجێكارە، لەبەرامبەر جێبەجێكردنی كارەكانی بەرپرس دەبێت، لە بەردەم ئەنجوومەنی ویلایەت یان پارێزگا. ئەنجوومەنی ویلایەت بۆی هەیە متمانەی لێ وەربگرێتەوە، ئەویش پەیوەستە بە حكوومەتی مەركەزی بە هۆی سەرۆكی ئەنجوومەنی جێبەجێكار لە ویلایەت یان پارێزگای كوردستان.

ج. ئەنجوومەنی ویلایەت یان پارێزگار، هەڵدەستێت بە دانانی یاسا و ڕێسای خۆماڵی لە بەڕێوەبردنی كاروباری كوردستان، بەڵام نابێت یاسا و ڕێساكە، لەگەڵ دەستووری كۆمار ناكۆك بێت.

د. ئەنجوومەنی جێبەجێكار، هەڵدەستێت بەم كارانەی خوارەوە، لە ناو سنووری ویلایەت یان پارێزگاكە:

١. جێبەجێكردنی ئەو ڕێسا و یاسایانەی كە ئەنجوومەنی یاسادانان لە ویلایەت یان پارێزگا، بڕیاری لەسەر دەدات، ئەویش وەكو: داد، كارگێڕی، پۆلیس، پەروەردە، تەندروستی، كشتوكاڵ، دارستان، ڕێگاوبان، شارەوانی، كار و كاروباری كۆمەڵایەتی، ئاودانكردنەوە و نیشتەجێكردن، هاوینەهەوارەكان و تووتن، لەگەڵ هەموو ئەو كاروبارانەی دیكە، تەنیا ئەوانە نەبێت كە لە دەسەڵاتی حكوومەتی مەركەزیدایە.

٢. جێبەجێكردنی ئەو یاسا و ڕێسا گشتییانەی، كە حكوومەتی مەركەزی دەریدەكات، بەتایبەت ئەوانەی لەگەڵ یاساكانی ئەنجوومەنی ویلایەت یان پارێزگا ناكۆك نین.

٣. دامەزراندنی فەرمانبەران لە بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی ویلایەت یان پارێزگا.

٤. زمانی کوردی ببێتە زمانی فەرمی لە ویلایەتەکان یان پارێزگاکان، لەگەڵ بەکارهێنانی زمانی عەرەبی و ڕەچاوکردنی مافی کەمینەکان لە بەکارهێنانی زمانیان.

٥. سەبارەت بە کاروباری دارایی ویلایەت یان پارێزگا، بەم شێوەیە دەبێت:

أ. سامانی خۆجێیی، باج و ڕسومات، کە لەناو سنووری ئەم یەکە کارگێڕییە وەربگیرێت.

ب. بەشە بودجەی ویلایەت یان پارێزگاکە، لە قەرز و لە پێشینە کە حکوومەتی عێراقی یان حکوومەتی مەرکەزی بە دەستی دەهێنێت، بەپێی ژمارەی دانیشتووان بڕە پارەکە ببەخشرێتە ئەم یەکە کارگێڕییە.

ج. بودجەی ویلایەت، یان پارێزگاکە لە دەستکەوتەکانی گومرگ و فڕۆکەخانە و بەنداوەکان بێت، بەپێی ڕێژەی دانیشتووانی عێراق.

د. بەشە پارەی پارێزگا لە فرۆشی نەوت بەپێی ڕێژەی ژمارەی دانیشتووان.

٦. ڕەچاوکردنی مافی هاووڵاتییانی کەمینە، لەناو سنووری ویلایەت یان پارێزگاکە، بەپێی ئەو یاسا و ڕێسایانەی کە لە ویلایەتەکە هەیە، وەکو مافی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و ئابووری، ئازادی و دیموکراسی بۆ هاووڵاتییانی نیشتەجێی کوردستان، هەروەها دەستەبەری یەکسانی تەواوەتی لە ماف و ئەرکدا، بە هەمان شێوەی ڕۆڵەکانی هەردوو نەتەوەی عەرەب و کورد، وە نوێنەریان ببێت لە ئەنجوومەنی پارێزگا و ئەنجوومەنی جێبەجێکار، بە شێوەیەکی دادپەروەرانە.

٧. جێگری سەرکۆمار کورد بێت و لەلایەن ئەنجوومەنی ویلایەت یان پارێزگا، هەڵبژێردرێت

٨. بابەتە گشتییەکان:

أ. دانیشتووانی ویلایەت، یان پارێزگا، لە وەزارەتەکانی حکوومەتی مەرکەزی دابمەزرێندرێن. هەروەها جێگری سەرۆک وەزیرانیش کورد بێت، ژمارەیەک لە وەزیرەکانیش بەپێی ڕێژەی دانیشتووان لە کورد بن.

ب. سەبارەت بە ڕێژەی فەرمانبەرانی کورد، لە وەزارەت و لە فەرمانگەکان، لەگەڵ ژمارەی دانیشتووانی ویلایەت یان پارێزگا، ڕێک بخرێت. هەروەها قوتابییانی کورد لە زانکۆی بەغدا و لە پەیمانگا باڵاکانی عێراق وەربگیرێن و هەروەها ڕەوانەی دەرەوەی وڵات بکرێن، بەپێی

زەماڵەی خوێندن، پارەی خوێندنیشیان پێ بدرێت، ئەمەش بەپێی ژمارەی دانیشتووان ڕێک بخرێت.

٩. کاروباری سەربازی:

أ. یەکەکانی پشتیوانی نیشتیمانی بمێننەوە، لیژنەیەک لەلایەن ویلایەت یان پارێزگاوە پێکبهێندرێت، کە ئەم هێزە سەربازییانە ڕێکبخات، کە ژمارەیان ٢٠ هەزار چەکدار دەبێت.

ب. ڕۆڵەکانی ئەم ویلایەت یان پارێزگایە، بکەونە خزمەتی ئاڵا بەتایبەت لە ناوچە سەرسنوورییەکان.

ج. ئەفسەران و سەربازە کوردە لە سوپادەرچووەکان، جارێکی دیکە بگەڕێندرێنەوە ناو یەکەکانی پشتیوانی و خزمەتیشیان بۆ هەژمار بکرێت، بەتایبەت لە بوارەکانی بەرزکردنەوە و خانەنشینی.

د. ڕۆڵەکانی ویلایەت یان پارێزگا، دەتوانن ببنە ئەفسەری پۆل یان پارێزگا، لە یەکە سەربازییەکانی ویلایەت، لەو کاتانەی کە شەڕ لە ئارادا نییە.

ه. قوتابییان لە کۆلێژەکانی سەربازی و پۆلیس و فڕۆکەوانی و دامودەزگا سەربازییەکان بەپێی ڕێژەی ژمارەی دانیشتووان، وەربگیرێن. هەروەها حوکمی نەریتی (عورفی)، یان سەربازی، لە کاتی هەر جۆرە مەترسییەک وەک شەڕ، لەلایەن ئەنجوومەنی یاسادانانی ویلایەت یان پارێزگاوە، دابندرێت.

ز. حکوومەتی مەرکەزی هێزی زیاتر بنێرێتە ناوچە کوردییەکان لە حاڵەتی هێرشی دەرەکی، یاخود بوونی هەر جۆرە هەڕەشەیەکی مەترسیدار بۆ سەر کۆماری عێراق، ئەمەش هەر بە ڕەزامەندی ئەنجوومەنی جێبەجێکار و یاسادانان لە کوردستان دەبێت. بەم شێوەیە هیچ کۆسپێک ناخرێتە بەردەم ئامادەکاری سوپا لە کاتی مەشقکردنی ئاساییان لە ناوچەکەدا.

ح. یەکەکانی سوپای عێراقی هەڵبستن بە جووڵەی سەربازی لە ناوخۆی کوردستان بە ڕەزامەندی ئەنجوومەنی یاسادانان وە بەپێی داواکاری ئەنجوومەنی جێبەجێکار.

١٠. هەموو دەقێکی یاسایی، هەرچەندە دەریشچووبێت، بەڵام ئەگەر لەگەڵ مافەکانی گەلی کورد لە ڕووی نەتەوەیی و دیموکراسی یەک نەگرێتەوە، ئەوا لەوکاتەدا بەتاڵ بکرێتەوە.

١١. لەم خاڵانە پێکدێت:

أ. پێکهێنانی لێژنەیەکی هاوبەش لە هەردوولا، واتە لە نێوان پارێزگای کوردستان و حکوومەتی مەرکەزی، بۆ ڕاسپاردنیان بە مەبەستی هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەنجوومەنی ویلایەت یان پارێزگا.

ب. لێژنە هاوبەشەکە بڕیار لەسەر هەموو ئەو کاروبارە پێویستانەی دانانی یاسا و ڕێساکان بدات، بە مەبەستی بەهێزکردنی متمانە لە نێوان هەردوو گەلی برا واتە عەرەب و کورد و نەهێشتنی کێشەکانی نێوانیان، لەسەر بنەمای یەکتر قبووڵکردن.

ج. پێویستە لە ماوەیەکی زۆر نزیکدا هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگا ئەنجام بدرێت، کاری بۆ بکرێت لە ماوەی چوار مانگ لە ڕۆژی دەرچوونی بڕیارەکە.

د. پەلەکردن لە دابینکردنی گوژمەیەکی گونجاوی پارە، بۆ قەرەبووکردنەوەیەکی دادپەروەرانە بۆ هەموو ئەو یەکە پشتیوانییە نیشتیمانییانە، ئەمەش لە ڕێگەی لێژنەیەکی تایبەتی هاوبەش دابەش بکرێت.

هـ. دابینکردنی گوژمەیەکی گونجاو بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەوانەی بە هۆی ڕووداوەکانی کوردستان زیانیان بەرکەوتووە.

و. گەڕاندنەوەی هۆزە عەرەبییەکان کە بەعسییەکان لە گوندەکانی کوردستان نیشتەجێیان کردبوون، بۆ شوێنە ڕەسەنەکانی خۆیان، لە ماوەیەکی نزیکدا.

د. پەلەکردن لە گەڕاندنەوەی ئەو فەرمانبەر و خزمەتگوزارە دەرکراوانەی کە بەهۆی ڕووداوەکانی کوردستان دەستیان لەکار کێشابووەوە، بۆ فەرمانگەکانیان، لەگەڵ قەرەبووکردنەوەیان بەهۆی ئەو زیانانەی کە بەریان کەوتووە. ماوەی دابڕانیشیان بە خزمەت بە مەبەستی مووچەبەرزکردنەوە و خانەنشینی بۆ هەژمار بکرێت.

ح. هەڵوەشاندنەوەی هێزی سوارچاکەکان (فورسان)، و داماڵینی چەکەکانیان، و گەڕاندنەوەیان بۆ شوێنەکانیان.

ط. پەلەکردن لە ئازادکردنی سەرجەم گیراوان و حوکمدراوان بەهۆی ڕووداوەکانی کوردستان، و دەرکردنی لێبووردنی گشتی بۆ سەرجەم دەستگیرکراوان و حوکمدراوان و دوورخراوە سیاسییەکان.

١٢. هەموارکردنەوەی ماددەی یەکەم لە دەستووری کاتی، کە دەڵێت: "گەلی عێراق بەشێکە لە نەتەوەی عەرەب". گۆڕینی بۆ: "گەلی عەرەبی عێراق بەشێکە لە نەتەوەی عەرەب".

١٣. زیادکردنی ئەو ماددەیە لە دەستووری کاتی: "پێشخستنی نەتەوەی کورد، بە هەمان شێوەی نەتەوەی عەرەب، لە ڕووی سیاسی و ئابووری و ڕۆشنبیریی".

١٤. دەستەبەری مافی کەمینە کوردەکان، لە دەرەوەی سنووری ویلایەت یـان پارێزگای کوردستان، وە یەکسانبوونیان لە ئەرک و مافەکانیان لەگەڵ هاووڵاتییەکانی دیکە.

١٥. لە حاڵەتی دروستبوونی یەکێتی نێوان وڵاتی عێراق لەگەڵ هەر وڵاتێکی دیکەی عەرەبی، ئەوا پارێزگای کوردستان دەبێتە هەرێمێک کە هەمان مافی ئەو هەرێمانەی دەبێت، کە یەکێتی یان یەکگرتن پێک دەهێنن، هەمان ئەو ئەرکانە جێبەجێ دەکات، ناوەکەی دەبێتە هەرێمی کوردستان.

لە کۆتاییەکەشیدا، بڵاوکراوەکە نووسیویەتی: " ئەوە ئەو یادداشتە کە گوزارشت لە هەموو کورد ناکات، تەنیا لە ژمارەیەکی کەمی نەبێت، ئێمە هیچ قسەیەکمان لەسەر ئەو بابەتە نییە، تەنیا ئاگادارکردنەوە و ئاماژە بە ترسناکییەکەی نەبێت کە دابڕینی بەشێکە لە نیشتیمان کە هەموو بستێکی شوێنپەڵەی خوێنی باوک و باپیرانە کە لەپێناو ئەنجامی بەرگری لێی، ڕشتوویانە، بۆیە لەلایەن هاووڵاتییانی موسڵمانەوە، ئەم بابەتە قبووڵ ناکرێت، کە پەیوەستن بەم خاکە و قوربانی زۆریان بۆی داوە. لێرەوە زەنگی ترسناکی لێیدا کە دەنگەکەی گوێچکەکان کەڕ دەکات، بەڵام بە دڵنیاییەوە ئەو کەسانە نایبیستن کە پەیوەندییان لەگەڵ ئیمپریالیزمەوە هەیە. ئێمە ئەو ڕاستییانەمان بەبێ ڕتووش، بۆ بیرمەند و خاوەن پێنووسە دڵسۆزەکانی ئەم وڵاتە خستەڕوو. تاکو ئەوان بڕیار بدەن، کە ئەم بابەتە چەند ترسناکە و تایبەتمەندییەکانی دیار بکەن و گفتوگۆی لە بارەیەوە بکەن، لەپێناو خزمەت گەیاندن بەم وڵاتە و دوارۆژەکەی"[١].

حکوومەتی عێراق، ئەم پڕۆژەیەی ڕەت کردەوە، هەوڵی دەدا کورد ملکەچ بە بڕیارەکانی بکات و بیخاتە ژێر باری مەرجەکانی خۆی، نەک پڕۆژەیەک پەسند بکات کە کورد خۆی پێشنیاری کردبێت. بۆیە ئەم پێشنیارانەی سەرکردایەتی شۆڕشی کورد بێ ئاکام مانەوە[٢].

هەر لەو کاتەشدا ڕۆژنامە عێراقییەکان جووڵانەوەی کوردییان بە جووڵانەوەیەکی جوداخواز ناو دەبرد، کە نەک هەر دەبێتە هەڕەشە بۆ سەر یەکێتی خاکی عێراق، بەڵکو دەبێتە هەڕەشە بۆسەر یەکێتی خاکی وڵاتانی عەرەبی. بۆ نموونە ڕۆژنامەی (الثورة

(١) الحكومة الوطنية و مشكلة الشمال، ص٣٤-٤١.

(٢) هەمان سەرچاوە، ل٣٤-٤٠.

العربية)[١] زمانحاڵی یەکێتی ئیشتیراکی عەرەبی[٢]، لەو ژمارەیەی کە لە ڕۆژی ٢٨ی ئەیلوولی ساڵی ١٩٦٤ دەرچووە، نووسیویەتی:

"ئەزموونی جوداخوازی لە ڕابردوودا، گەلێک پەند و ئامۆژگاریمان پێدەدات، جوداخوازی لە ئەنجامی دۆخێکی تایبەت ڕوودەدات، ئیمپریالیزم و بزاڤی کۆنەپەرستی و لەڕێگادەرچووەکان، سوودی لێ وەردەگرن. جوداخوازی سەرەڕای ئەوەی خیانەتێکی نیشتیمانی ڕوونە، تەنیا وڵاتێک ناکات بە دوو لەتەوە، بەڵکو ئەو پردەش دەڕمێنێت، کە گەلی عەرەب بە هۆیەوە دەپەڕێتەوە بۆ ژیانێکی باشتر، دەبێتە بەربەستێکی گەورە لە بەردەم پێشکەوتنی عەرەب و کاروانی شۆڕشی عەرەبی پەک دەخات، ئەم کاروانەی بەرەو ژیانێکی ئازادانە بۆ هاووڵاتییان ڕێ دەکات. جوداخوازی چەکێکی کاریگەرە بەدەست دوژمنانەوە کە دەیانەوێت هەڕەشە لە بەرژەوەندی عەرەب بکەن"[٣].

هەروەها ڕۆژنامەی (العرب)[٤] لە ژمارەی ڕۆژی ١٠ی ئابی ساڵی ١٩٦٤ هەواڵێکی لە ژێر ناوی (ڕووداو و نهێنی) بڵاوکردووەتەوە، تیایدا دەیەوێت ئەوە بڵێت کە کوردستان بووەتە پێگەی داڵدەدانی ئەو کەسانەی بوونەتە هەڕەشە بۆ سەر هێمنی و ئارامی وڵات، تیایدا هاتووە:

---

(١) الثورة العربية، ڕۆژنامەیەکی سیاسی بوو، زمانحاڵی ڕێکخستنی سیاسی ڕژێمی نوێ (یەکێتی ئیشتیراکی عەرەبی) بوو، لە ڕێکەوتی (١٤ی تەمموزی ساڵی ١٩٦٤)، یەکەم ژمارەی لێ دەرچووە، سەرنووسەرەکەی ئەحمەد سەلام بووە. مليح صالح شكر، المصدر السابق، ص٣٨٧.

(٢) یەکێتی ئیشتیراکی عەرەبی: پارتێکی سیاسی عێراقی بوو، سەرچاوەکەی لە جووڵانەوەی ناسری و ئیشتیراکییەتی عەرەبی دروست ببوو، ساڵی ١٩٦٤ بە سەرۆکایەتی فوئاد رکابی (١٩٣١-١٩٧١) دامەزرا، لە چەند وڵاتێکی دیکەی عەرەبیش، حزبی هاوشێوە هەر بەم ناوە دامەزران، یەکێک لە ئامانجەکانی دروستکردنی یەکێتی وڵاتانی عەرەبی بوو، تا ساڵی ١٩٦٨ بەردەوام بوو. عدي حسن داخل، فؤاد الركابي و دورها لسياسي في العراق، رسالة الماجستير في التاريخ الحديث والمعاصر، كلية الآداب- جامعة ذيقار، ٢٠١٤، ص٧٨-٨٤.

(٣) الثورة العربية، ع(٦٥)، ١٩٦٤/٩/٢٥.

(٤) العرب، ڕۆژنامەیەکی سیاسی بوو، چەند جارێک بە دەستەی جیاواز، ئیمتیازی نووسینی پێدراوە، یەکێک لەو جارانە، لە ڕێکەوتی ٣٠ی ئایاری ساڵی ١٩٦٤ بوو، کۆمەڵێک کەس ڕۆژنامەکەیان بەڕێوەبردووە، وەک: (نعمان العانی، غالب ابراهيم، امين احمد، شاكر التكريتی، محمد العطبة، قابوس العانی، ناصر جرجيس) تاکو ساڵی ١٩٦٧ بەردەوام بووە. وزارة الاعلام، دليل الصحافة العراقية، ص٤٣.

"هێـزە پەیوەندیـدارەکان کەسـێکی گومانلێکراویـان لە گۆشـەیەکی نـاوچەی بـاکووری خۆشەویست دەستگیر کردووە کە سەر بە یەکێک لەو ڕێکخراوانەیە، کار دەکات بۆ تێکدانی ئارامی وڵات و دەیەوێت دروشمەکانی شۆڕشی تشرینی دووەم چەواشە بکـات، ئەو کەسـە دانی پێدا ناوە کە لە ڕێکخراوێکدا بۆ ئەم مەبەستە کار دەکات"[١].

هەر دیسان ڕۆژنـامە عێراقییەکـان، لە وتارەکانیـان جەخـت دەکەنەوە کە شۆڕشـی کـورد، جووڵانەوەیەکی یاخیبووی دەمارگیرە، هەرگیز ناتوانێـت ببێتە ڕێگـایەک بـۆ چارەسـەرکردنی کێشەی کورد لە عێراق، ڕۆژنامەی (الفجر الجدید)، لە یەکێک لە ژمارەکـانی ئەیلـوولی سـاڵی ١٩٦٤، بـــابەتێکی لە ژێـــر نـــاوی (بـــاکووری وڵات و ســـەرکەوتنی حکوومەتەکەمـــان لە چارەسەرکردنی ئەو کێشە) بڵاوکردووەتەوە و نووسیویەتی:

"لە بەرهەمی سیاسەتی بوێرانەی حکوومەت، بۆ چارەسەرکردنی کێشەی برایـانی کـورد لە باکووری وڵات، گەڕانـدنەوەی وڵاتە، بـۆ دۆخە ئاسـاییەکەی جـاران، گەڕانـدنەوەی دڵنیـایی و سـەقامگیرییە بـۆ دانیشـتووان، چـالاککردنی جـووڵەی ئـاوادانکردنەوەیە لەو شـوێنانەی لە ئەنجامی جووڵانەوەی چەکداریی ناوچەکە، لە هەموو بوارەکانەوە تێکچووە. حکوومەت لەم هەنگاوانەیدا سـەرکەوتنی بەدەستهێناوە. بەتـایبەت دوابەدوای شۆڕشـی هەژدەی تشـرینی دووەم، هەر کاری وا لە حکـوومەت چـاوەڕوان دەکرێـت، کە خەریـکە زۆربەی ئەو کێشـانە چارەســـەر دەکـــات، کە لەلایەن گەنـــدەڵکارانەوە تێکـ دراوە (مەبەســـتی لە ســـەردەمی عەبـــدولکەریم قاســـم و بەعســـییەکانە)، بـــۆ ئەم مەبەســـتە وەزارەتێکـــی تـــایبەتی بە ئاوەدانکردنەوەی بـاکووری دروسـت کـردووە بە نـاوی (وزارة الاعمار الشمال)[٢]، کە تیایـدا زیانلێکەوتووان قەرەبوو دەکاتەوە، ئەمەش دەبێتە هۆکاری لەبـاربردنی خەونـی ئیمپریـالیزم، کە هەوڵ دەدات برایەتی نێوان کورد و عەرەب نەهێڵێت کە مـاوەی چەنـدین سـەدەیە ئەو بـرایەتییە دروسـت بـووە، ئەمەش زیـاتر لە ڕێـگەی میـدیاکانەوە دەکرێـت. حکـوومەت

(١) العرب، ع(٣٤٢)، ١٩٦٤/٨/١٠.

(٢) ئەم وەزارەتە بە پشتبەستن بە بـڕگەی چـوارەمی یاسـای جێبەجێکردنـی ژمـارە (٥٠)ی سـاڵی ١٩٦٤ بە ڕەزامەندی ئەنجوومەنی وەزیران دامەزراوە، بەپێی یاسای ژمارە (٢٦)ی ساڵی ١٩٦٧ تـایبەت بە کاروبـاری کوردســتان دامەزراوە، ئەم بەڕێوەبەرایەتییـــانەی گرتبـــووە خـــۆی: بەڕێـــوەبەرایەتی گشـــتی دارســـتان، بەڕێـــوەبەرایەتی گشـــتی خوێنـــدنی کـــوردی، بەڕێـــوەبەرایەتی گشـــتی ئـــاوەدانکردنەوەی بـــاکوور، بەڕێـوەبەرایەتی ئینحسـاری تـووتن، بەڕێـوەبەرایەتی هاوینەهەوارەکـان. الوقـائع العراقیـة، ع(١٤٤٥)، ١٩٦٧/٧/٣١.

سەقامگیری و ئارامی بۆ باکوور دەگەڕێنێتەوە، باوەڕی بەوە هەیە کە مافەکانیان دەستووری و یاساییە، بۆ ئەم مەبەستەش کورد لە سەردەمی ئیمپریالیزم، بۆ دەستەبەری مافەکانیان خەباتیان کردووە، لەم سۆنگەیەوە باوەڕمان وایە دابینکردنی ئارامی و سەقامگیری بۆ باکووری وڵات، تاکە ڕێگایەکە بۆ گەیشتن بە ئەنجامی ئەرێنی. ئەم ڕووداوانەی دوایی دەریانخست کە جووڵانەوەی دەمارگیر و یاخی هیچ سوودێکی بۆ کورد نابێت، بەڵکو ئەوانە کارەکان ئاڵۆزتر دەکەن، دڵسۆزان لەم ڕاستییە تێدەگەن کە چارەسەری کێشەی باکوور، چارەسەرێکی بابەتییانە دەخوازێت کە جێگەی ڕێزی ناوەندە نیشتیمانی و نەتەوەییەکان بێت، گەڕانەوەی هێمنی و سەقامگیری بۆ باکوور، خاڵێکی وەرچەرخانی نوێیە، بۆ کارکردن و بنیاتنان لە سەرجەم بوارەکاندا"[١].

هەر ئەم ڕۆژنامەیە، لە ژمارەیەکی دیکەیدا، هەوڵیداوە، هەموو تێکدان و وێرانکارییەکانی کوردستان بخاتە ئەستۆی شۆڕشی کورد و لە هەمان کاتدا بیکاتە ڕێگر لە بەردەم هەڵمەتی ئاوەدانکردنەوەی ناوچەکە. ڕۆژنامەکە نووسیویەتی:

"کارکردنی بەردەوام و خێرا لە ئاوەدانکردنەوەی باکوور و قەرەبووکردنەوەی برایانی کوردی زیانلێکەوتوومان، بە بایەخدان بە سەرجەم ناوەندە نیشتیمانی و نەتەوەییەکان بەردەوامە، بەتایبەت ئەو زیانانەی لە ئەنجامی جووڵانەوەی چەکداری بەر ناوچەکە کەوتوون، لە سەردەمی سەرۆک عارفدا هەوڵ دەدرێت کێشەکانی باکوور چارەسەر بکرێت، بەردەوامی جووڵانەوەی چەکداری لە تێکدان و وێرانکردنی ناوچەکە، سەری کێشاوەتە سەر تێکدانی هێمنی و ئارامی ناوچەکە و کێشە و ئاستەنگ لە بەردەم کارە فەرمییەکانی حکوومەت دروست دەکات، لە کاتێکدا حکوومەت دەیەوێت دەستی ئاوەدانکردنەوە بگەیەنێتە ئەو ناوچانە"[٢].

ئەم دەربڕینانە لە کاتێکدایە، کە زۆربەی دێهاتەکانی کوردستان، بەهۆی هێرشی زەمینی و ئاسمانیی سوپای عێراق، وێران ببوون، یان چۆڵ کرابوون و خەڵکەکەی ڕاگوێزرابوون. ئەو بەشەشی کە بە تەواوی لە ژێر کۆنترۆڵی حکوومەتدا بوو، حاڵی خزمەتگوزاری، لە ناوچەکانی پێگەی شۆڕش باشتر نەبوو.

(١) الفجر الجديد، ع(٨١٠)، ١٩٦٤/٩/٢٤.

(٢) الفجر الجديد، ع(٨١١)، ١٩٦٤/٩/٢٧.

سەبارەت بە کابینە وەزارییەکەی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٦٤ کە تاهیر یەحیا پێکیهێنا، سەرنج دەدەین پاشەکشەیەک لەم مافە سیاسییەی کورددا، بە بەراورد بە قۆناغەکەی پێش خۆی کراوە. ڕۆژنامەی (الفجر الجديد) لە ژمارەی ڕۆژی ١٥ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٦٤ ناوی وەزیرانی وەزارەتەکەی بڵاوکردووەتەوە، کە تەنیا یەک وەزیری کوردی تێدایە، ئەویش مەسعود محەمەدە[1]، کە بە وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری ئاوەدانکردنەوەی باکوور، داندراوە. لە کاتێکدا لە وەزارەتەکەی پێشوو، واتە وەزارەتەکەی پێش ڕاگەیەندراوەکەی دەی شوبات، کورد دوو وەزیری لە کابینەی حکوومەتدا هەبووە. ڕۆژنامەی (خەبات) دەربارەی ئەم وەزارەتە نووسیویەتی:

"پاش واژووی ڕێککەوتنی ئاگربەستی ساڵی ١٩٦٤، وەزارەتێک بەناوی ئاوەدانکردنەوەی باکوور، تایبەت بە ڕێکخستنی کاروباری کوردستان پێکهێندرا، پاش زیاتر لە سێ ساڵ لە شەڕ و نەهامەتی، دەیان گوند و ڕێگاوبان لە کوردستان وێران بوون. ڕۆژنامە عێراقییەکان دەیان وتار و ڕیپۆرتاژی ڕۆژنامەوانییان لەو بارەیەوە، بڵاوکردووەتەوە، بە جۆرێک باسیان لەو وەزارەتە کردووە. وەک ئەوەی موعجیزەی لە کوردستان خوڵقاندبێت، بەڵام وێڕای ئەو بودجە زۆرەی لە بەردەستی دایە، کەچی وەزارەتەکە شتێکی ئەوتۆی جێبەجێ نەکردووە. ئەم وەزارەتە لە سێ کەس پێک دێت، مەسعود محەمەد، وەک وەزیر، تەیموور سوڵتان سکرتێری وەزیر، نووسەرێک بەناوی ئەکرەم عەبدولواحید، بەڵام دواتر لەم سێ سوارچاکە، تەنیا دووانیان مانەوە، ئەمەش دوای ئەوەی مەسعود محەمەد بەهۆی گاڵتەجاڕییەکانی وەزارەتەکە دەستی لەکار کێشایەوە، بۆیە لەم ئان و ساتەدا وەزارەتەکە بێ وەزیر ماوەتەوە"[2].

---

(١) مەسعود محەمەد عەبدوڵڵا (١٩١٩/کۆیە-٢٠٠٢/هەولێر)، نووسەر و بیرمەندی ناسراوی کورد، ساڵی ١٩٤٥ کۆلێژی مافی لە زانکۆی بەغدا تەواوکردووە و بووەتە پارێزەر. لە ژیانی کۆمەڵایەتی و ڕامیاریدا گەلێک فەرمانی لەئەستۆ گرتووە، وەک: نوێنەری خەڵکی ناوچەی کۆیە لە پەرلەمانی عێراق، لە هەردوو خوولی ساڵانی ١٩٥٣ و ١٩٥٤، لەدوای شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨یشدا کرا بە ئەندامی لیژنەی چاکسازیی کشتوکاڵ لە عێراقدا و لە ساڵی ١٩٦٤ دا بەناوی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان کرایە وەزیری دەوڵەت. لەپاش دامەزراندنی (کۆڕی زانیاری کورد) لە ساڵی١٩٧٠ دا، کرا بە ئەندامی کارای کۆڕ. جمال بابان، ل.س، ص٧٨١.

(٢) خەبات، ع(٤٧٦)، شباط١٩٦٤.

هەر بۆ خستنەڕووی بەڵگەی ئەوەی، کە شۆڕشی کورد، گوزارشت لە هەموو کورد ناکات و هەمان ڕۆژنامە، هەواڵێکی سەبارەت بە هەڵوێستی کوردانی نیشتەجێبووی وڵاتی کوەیت (یان پەنابەرانی کورد لەو وڵاتە) بڵاوکردووەتەوە، کە ئەوان پەیامێکیان ئاراستەی سەرکۆمار کردووە، تیایدا سەرکۆنەی ئەو هەواڵانەیان کردووە کە میدیای ڕۆژئاوا، دەربارەی بارودۆخی کورد لە عێراق بڵاویان دەکاتەوە و ڕایانگەیاندووە، ئەو ئاخاوتنانە پڕوپاگەندەی ئیمپریالیزمە، ئەگەرنا کورد لە عێراق هیچ کێشەیەکیان نییە[١].

وەک لە ڕاگەیەندراوەکەی شوباتی ساڵی ١٩٦٤ دا هاتووە خوێندنی کوردی لە قوتابخانەکان بایەخی پێدەدرێت، بەڵام لە ڕاستیدا تا قۆناغی دوای ڕێککەوتننامەی حوزەیران، خوێندنی کوردی بایەخێکی ئەوتۆی پێنەدراوە. لەگەڵ ئاڵۆزبوونی بارودۆخی سیاسی وڵات و دەستپێکی شۆڕشی ئەیلوول (١٩٦١) دا، کارەکانی ئەم بەڕێوەبەرایەتییە، ڕاگیراوە و نەتواندراوە، هیچ هەنگاوێك بۆ پەرەپێدانی بواری پەروەردە و بایەخدان بە زمانی کوردی بنێت. ئەم دۆخەش، تاکو ساڵی ١٩٦٧ بەردەوام بووە[٢]. ئەمە لە کاتێکدا لێژنەی تایبەت بۆ پەرەپێدانی پڕۆگرامی خوێندنی زمانی عەرەبی بووەتە جێگەی بایەخی ڕۆژنامەی (الفجر الجدید) و لە هەواڵێکدا نووسیویەتی:

" پێداچوونەوە بە پڕۆگرامی خوێندنی عەرەبی لە ناوچەی باکووری وڵات، لە قۆناغی سەرەتاییدا، بۆ ئەم مەبەستە وەزارەتی پەروەردە، لێژنەیەکی لە شارەزایان پێکهێناوە و بە مەبەستی پەرەپێدانی خوێندنی زمانی عەرەبی، سەردانی کوردستان دەکەن و لە ماوەی مانگێکدا، کارەکانیان تەواو دەکەن، هەریەک لە ئیبراهیم ئەمین باڵدار[٣] لە بەڕێوەبەرایەتی

(١) الفجر الجدید، ع(٨٧٨)، ١٩٦٤/١١/١٥.

(٢) هۆشەنگ ساڵح نەجاڕ، بزاڤی ڕۆشنبیری کوردی...، ل٧٧.

(٣) ئیبراهیم ئەمین باڵدار(١٩٢٠/سلێمانی-/١٩٩٨بەغدا)، نووسەر و مامۆستا، لە سەرەتای ساڵانی شەستەکاندا بڕوانامەی ماستەری لە زانکۆی سان فرانسیسکۆ لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە بواری پەروەردە وەرگرتووە و گەڕاوەتەوە بەغدا. لە دوای کردنەوەی زانکۆی سلێمانی بووەتە مامۆستا لە کۆلێژی ئاداب لەو زانکۆیەدا. کاتێکیش کە ئەو زانکۆیە گوازراوەتەوە بۆ شاری هەولێر ئەویش چووەتە هەولێر و ماوەیەک وانەی لە بەشی کوردیی زانکۆکە گوتووەتەوە. دواتر چووەتە شاری بەغدا لە زانکۆی موستەنسیرییە وانەی گوتووەتەوە. باڵدار هەر لە ساڵانی چلەکانەوە، ئەلفوبێیەکی نوێی بۆ فێرکردنی زمانی کوردی داناوە و دەستنووسەکەی ناردووە بۆ بەڕێوبەرایەتی مەعاریفی سلێمانی، لەوێش

گشتی خوێندنی کوردی و پاکیزە ڕەفیق حیلمی[١] و جەمال جەلال[٢] لە بەشی کوردیی زانکۆی بەغداد، لە ئەندامانی ئەو لێژنەیەن"[٣].

لەساڵی تازەدا واتە ساڵی ١٩٦٥، سەرەڕای لێدوانی توندی هەندێک بەرپرسانی عێراقی و وتارە ڕۆژنامەوانییەکان، کەچی نێوانی کورد و حکوومەتی عێراق هێشتا لە دۆخی دانوستاندا بوو، شاندە دانوستانکارەکەی کورد هێشتا لە شاری بەغدا بوون. لە بڵاوکراوەی (الحكومة الوطنية و مشكلة الشمال) ئاماژە بەوە کراوە:

"لە ١٠ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٦٥ شاندێکی کوردی کە پێکهاتبوون لە هەریەک لە حەبیب محەمەد کەریم سکرتێری مەکتەبی سیاسی پارتی، هاشم عەقراوی[٤]، عەگید سدیق، سەردانی شاری بەغدادیان کردووە و لەوێ پەیوەندییان بە بەرپرسانەوە کردووە، تاکو ٢٤ی مانگ ماونەتەوە، جەختیان کردووەتەوە، کە مەلا مستەفا بارزانی باوەڕی بە جیابوونەوەی

لەلایەن لێژنەیەکی پسپۆڕ پەسندکراوە و نێردراوە بۆ وەزارەتی مەعاریف، لەلایەن پسپۆرانی ئەوێ و ڕێکخراوی یونسکۆ پەسند کراوە، چاپیان کردووە. جمال بابان، المصدر السابق، ص١٤.

(١) پاکیزە ڕەفیق حیلمی (١٩٢٤/سلێمانی-٢٠٠٤/سلێمانی)، نووسەر و مامۆستای زانکۆ، کچی نووسەر و ڕووناکبیری کورد ڕەفیق حیلمی، ماستەری لە زانستی بەراوردی زمانە ڕۆژهەڵاتییەکان لە زانکۆی هارڤارد، لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەدەستهێناوە، پاشان دکتۆراشی لە زمانە کۆنەکان خوێندووە. ساڵی ١٩٥٨ گەڕاوەتەوە عێراق و بووەتە مامۆستای زانکۆی بەغدا و یەکەم سەرۆک بەشی کوردیی زانکۆکە بووە، لە ساڵی ١٩٥٩. چەند بەرهەمێکی دەربارەی مێژوو، زمانی کوردی بە چاپ گەیاندووە. هەمان سەرچاوە، ل١٧٧.

(٢) جەمال جەلال عەبدوڵڵا، ساڵی ١٩٢٦ لە شاری سلێمانی لەدایکبووە، دکتۆرای لە زمانی ئینگلیزی لە زانکۆی یۆرک لە ئینگلتەرا بەدەستهێناوە، دوای گەڕانەوەی بۆ عێراق لە زانکۆی بەغدا بووەتە مامۆستا، ماوەیەک ڕاگری پەیمانگای زمان بووە، لە بەغدا، چەند بەرهەمێکی لە بواری زماندا بە چاپ گەیاندووە. جمال بابان، هەمان سەرچاوە، ل٢١٤.

(٣) الفجر الجديد، ع(٨٨٢)، ١٩٦٤/١٢/٢٠.

(٤) هاشم حەسەن عەقراوی (١٩٢٦/ئاکرێ-١٩٩٠/بەغدا)، لە ئاکرێ لەدایکبووە، لە پەنجاکانەوە تێکەڵ بە کاری سیاسی بووە و چووەتە ڕیزی پارتی دیموکراتی کوردستان، ڕۆڵی لە شۆڕشی ئەیلوولدا گێڕاوە، دوای ڕێککەوتننامەی ئادار، بووەتە بەڕێوەبەری گشتی ڕۆشنبیریی کوردی و پاشان پارێزگاری دهۆک، لە دوای ساڵی ١٩٧٤، لەگەڵ چەند کەسێکی دیکە، پارتی دیموکراتی کورستان (ژێر سێبەری بەعس) یا ڕاگەیاندووە، لەوە بەدوا، چەندین پۆستی جیاوازی وەک پارێزگار و وەزیر وەرگرتووە. About: Haschim Aqrawi (dbpedia.org)

یەکجارەکی نییە، ئەمەش دەقی ئەو یادداشتەیە، کە لەو ساڵەدا دەربارەی مافەکانی کورد داویانەتە حکوومەت:

١. دامەزراندنی خەڵکی کوردستان لە پۆستەکانی موتەسەریف، قایمقام، بەڕێوەبەری ناحیە.

٢. بەشدارییپێکردنی کورد لە کاری سەرجەم وەزارەتەکانی دەوڵەت و ناوەندە هەستیارەکان.

٣. بەردەوامیدان بە یاسای زمانە خۆجێییەکان.

٤. گەڕاندنەوەی پێشمەرگە بۆ سەر کارەکانیان، سەرباز لە سوپا، پۆلیس لە یەکەکانی پۆلیس، فەرمانبەر لە فەرمانگەکان، کرێکار و جووتیار بۆ شوێنی کارکردنیان. کەسانی سەر بە سوپاش لە چوارچێوەی کەرتەکانی تیپی دووەمدا بن، بەڵام ئەوانیتر، حکوومەت پێی وایە بگەڕێندرێنەوە بۆ سەر کارەکانی پێشوویان.

٥. گواستنەوەی فەرمانبەران بەپێی ڕەچاوکردنی شوێنی نیشتەجێبوونیان، تەنیا لەبەر پێویستی ئەوە نەبێت کە بەرژەوەندی گشتی دەیخوازێت.

٦. گفتوگۆ لەسەر پرەنسیبی ڕێکخستنی سیاسی لەسەر بنەمای هاوبەشیکردن لە یەکێتی ئیشتیراکی عەرەبی[1].

ئەم داواکارییە لە دانیشتنێکی شاندەکەدا لەگەڵ سوبحی عەبدولحەمید[2]ی وەزیری ناوخۆ، پێشکەش بە حکوومەت کراوە. بەڵام دوای بەراوردێکی بە هەمان ئەو بەیاننامەیەی شاندی کوردی کە لە پاشبەندی کتێبەکەی مەسعود بارزانی ئاماژەی پێدراوە، چەند خاڵێک باس نەکراون، ئەوانیش تایبەتن بە هەڵوەشانەوەی جاش و دیاریکردنی ناوچە کوردییەکان بەپێی ڕێژەی دانیشتووان[3].

دوای چەند ڕۆژێک حکوومەت بە چەند خاڵێک وەڵامی شاندەکەی دایەوە، ئەمەی خوارەوە دەقەکەیەتی:

---

(١) الحكومة الوطنية و مشكلة الشمال، ص٥٧.

(٢) سوبحی عەبدولحەمید (١٩٢٤/بەغداد-٢٠١٠)، دەرچووی کۆلیژی سەربازییە، سەرەتا ئەفسەر بووە، لە سوپای عێراق، دوای شۆڕشی چواردەی تەمموز، لە وەزارەتی بەرگری کاری کردووە، لە کودەتای شەواف تێوەگلاوە و دەستگیرکراوە، بەشداری کودەتای هەشتی شوباتی کردووە و کراوەتە بەڕێوەبەری جووڵەی سەربازی، پاشان وەزیری بەرگری. شیرزاد زكريا محمد، الحركة القومية..... ص١١٧.

(٣) مەسعود بارزانی. سەرچاوەی پێشوو، ل٣٦٤.

١. دابینکردنی ئارامی بۆ ناوچە کوردییەکان بە خێرایی و نەهێشتنی شەڕ.

٢. گەڕاندنەوەی ئیدارەی محەلی و هۆزەکان بۆ ناوچەکانیان.

٣. گەڕاندنەوەی سەرجەم چەک و کەلوپەلە حکوومییەکان کە لەلایەن هێزە چەکدارەکان دەستیان بەسەردا گیراوە.

٤. دامەزراندن بەپێی پێداویستییەکانی حکوومەت، لە ناوچەکانی باکوور، لە بوارەکانی پەروەردە و کارگێڕی و ئیدارەی محەلی.

٥. بەشداری کورد لە کاری سەرجەم وەزارەتەکان تەنانەت لە شوێنە هەستیارەکانیشدا.

٦. بەردەوامی کارپێکردنی یاسای زمانە خۆجێییەکان تاکو قۆناغی ناوەندی، بە شێوەیەکی ئارەزوومەندانە.

٧. گەڕاندنەوەی یەکەکانی پێشمەرگە بۆ ناو سوپا و هێزە چەکدارەکان، لە بارەگاکانی فەیلەقی دوو و چوار و دابەشکردنیان لە ناوچە کوردییەکان.

٨. گەڕاندنەوەی کارمەندان بۆ ئەرکەکانیان و دامەزراندنیان.

٩. گەڕاندنەوەی جووتیاران بۆ سەر کارەکانیان.

١٠. گواستنەوەی فەرمانبەران لە چوارچێوەی ناوچەکەدا.

١١. دەتواندرێت کوردەکان پەیوەندی بە یەکێتی ئیشتیراکی بکەن و ژمارەیەکیان لە لێژنەی جێبەجێکردن وەربگیرێن.

١٢. بەشداری کورد لە ئەنجوومەنی شوورادا.

١٣. بەشداری کورد لە سەرکردایەتی سیاسی عێراق.

١٤. داڕشتنەوەی دەستوور لە ماوەیەکی نزیکدا، لە ئەنجوومەنی نوێنەران گفتوگۆی لەسەر دەکرێت.

١٥. دانانی بە مافی کورد، بە بێ تەعریب لە چوارچێوەی یەکێتی خاکی عێراق[١].

سەرەڕای ئەمانە ناو ناوە، حکوومەت هێرشی دەکردە سەر شۆڕشی کورد و وای دەردەخست، کە وێڕای لە ئارادابوونی کەشی دانوستان، کەچی کوردەکان پەلاماری هێزە چەکدارەکانی عێراق و هاووڵاتییانی سڤیل دەکوژن و کاری چەتەیی و دزی و ڕێگری

(١) الحكومة الوطنية و مشكلة الشمال، ص٦٢.

دەكەن. بڵاوكراوەی (الحكومة الوطنية و مشكلة الشمال) چەند تاوانێكی خستووەتە پاڵ شۆڕشگێڕانی كورد، وەك:

"تەقەكردن لە چەند كوردێكی بێتاوانی ناوچەی چەمچەماڵ، لەوانە كوشتنی هاووڵاتی كەریم مەعروف و بریندارکردنی یەكێكی دیكە بەناوی قادر محەمەد. هەروەها لە ڕێكەوتی ١٧ی تشرینی ساڵی ١٩٦٤، هاووڵاتییەك بە ناوی عەزیز هەمەوەندی كوژراوە و چوار كەسی دیكەش بریندار كراون. لە ٢١ی تشرینی دووەمی هەمان ساڵ، لە ناوچەی شێخان و قەرەتەپە، دەست بەسەر ئۆتۆمبێلی هاووڵاتییەك بەناوی ئەنوەر حاجی وەلیدا گیراوە و شوفێرەكەیان ڕفاندووە. لە ١٢ی كانوونی دووەمی هەمان ساڵ، فەرمانبەرێكی پۆستەیان بە ناوی ئەحمەد مورادخان ڕفاندووە و نامە و پارەكانیان لێ بردووە. لە ١٠ی كانوونی دووەمی ساڵی ١٩٦٥ ئەندازیارێك و چەند كارمەندێكیان دەستگیركردووە و پارە و كاتژمێرەكانیان لێ ستاندووون. . ." [١].

ئەم هەواڵانە تا چەند ڕاستە، ئەمە ڕوون نییە، چونكە زۆرجار هاووڵاتییەكی ئاسایی كاری وای كردووە، دواتر كارەكە لەسەر پێشمەرگە هەژمار كراوە. ئەمە لە كاتێكدا حكوومەتی عێراقیش پابەند نەبووە، بە ڕێككەوتنی ئاگربەستەوە، ڕۆژنامەی (خەبات) لە ژمارەكانیدا، هەڵوێستی حكوومەتی عێراقی لە هەمبەر كوردستان خستووەتەڕوو، كە چۆن حكوومەتی عێراق گەمارۆی ئابووری خستووەتە سەر لیواكانی موسڵ و هەولێر و كەركووك، هەروەها شاری خانەقین[٢]. مستەفا بارزانی لە شوباتی ساڵی ١٩٦٥ دا، لە دیدارێكی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاندووە:

"حكوومەتی عێراقی پابەند نەبووە بە ڕێككەوتنی ئاگربەستەوە، حكوومەت بەردەوام بووە لە دەستدرێژی بۆ سەر كوردستان و ژمارەیەكی زۆری كوردەكانیش كە بە تۆمەتی بەشداری لە شۆڕشی كورد دەستگیر كرابوون، تا ئێستا لە زیندانەكانن و ئازاد نەكراون"[٣].

لە مانگی كانوونی دووەمی ساڵی ١٩٦٥ ڕۆژنامەی (اللواء)[١] لێدوانێكی عەبدولكەریم فەرحانی وەزیری ڕۆشنبیریی و ئیرشادی بڵاوكردووەتەوە كە بۆ ئاژانسی هەواڵی (الشرق

(١) هەمان سەرچاوە، ص٢٧.

(٢) خەبات، ع(٤٧٤)، تشرين الثاني١٩٦٤.

(٣) خەبات، ع(٤٧٦)، شباط ١٩٦٥.

الاوسط)[٢] داویەتی، تیایدا هەواڵی دروستکردنی ئەنجوومەنی شوورای ڕاگەیاندووە، هەروەها شۆڕشی کورد بە تاوانی تاکە کەسی ناو دەبات و سەرانی شۆڕشیش بە تاڵانکار ناو دەبات، هەڕەشەی شەڕیش دەکات و دەڵێت:

"لە ماوەی دوو ڕۆژی داهاتوودا، یاسای ئاشتەوایی دەردەچێت، کە یاسای عورفی سەربازی هەڵدەوەشێنێتەوە، دادگاکان شوێنی دەگرنەوە، هەروەها جەختی کردووەتەوە کە بە بۆنەی یادی هەشتی شوبات، بە شێوەیەکی فەرمی ئەنجوومەنی شوورا ڕادەگەیەندرێت، هۆکاری دواکەوتنەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ بابەتی هەڵبژاردنی ئەندامەکانی، کە نوێنەرایەتی گەلی عێراق دەکەن، لەسەر بنەمای شوێنی جوگرافی و جۆرایەتی گەل، هەر نوێنەرێک بۆ هەفتا تا سەد هەزار کەس دیار دەکرێت، لە نێوانیاندا کوردەکانیش بە گوێرەی ژمارە و شوێنی نیشتەجێبوونیان پشکیان بەر دەکەوێت". لە کۆتایی لێدوانەکەیدا ڕایگەیاندووە: "ئەوەی ئێستا لە باکووری وڵات ڕوودەدات، جگە لە تاوانی تاکە کەسی شتێکی دیکە نییە، کە چەند کەسێک بە مەبەستی تاڵانکاری ئەنجامی دەدەن، ناکرێت بە هیچ جۆرێک پشتگیری لەمە بکرێت، تەنیا بە گەڕانەوەی شەڕ بۆ ناوچەی باکوور نەبێت"[٣].

ڕۆژنامە عێراقییەکان لە مانگی شوبات و ئاداریشدا لەسەر بڵاوکردنەوەی ئەم جۆرە هەواڵ و لێدوانانە بەردەوام بوونە کە خاڵین لە نیازی ئاشتییانەی چارەسەرکردنی کێشەی کورد. ڕۆژنامەی (الجمهورية)[٤] لە یەکێک لە ژمارەکانی مانگی شوباتدا، لێدوانێکی سەرکۆماری

---

(١) ڕۆژنامەی (اللـواء): هەفتەنامەیەکی ناسیاسی بوو، لە شاری ناسرییە دەردەچوو، خاوەنەکەی عەبدولغەفار خزر و سەرنووسەرەکەی موحسن عەبود بوو، لە ٢٠ی مایسی ساڵی ١٩٦٤ ئیمتیازی دەرچوونی پێدراوە، تا ساڵی ١٩٦٩ بەردەوام بووە. وزارة الاعلام، دليل الصحافة العراقية، ص٥٢.

(٢) ئاژانسی هەواڵی (الشرق الاوسط): ئاژانسی هەواڵی فەرمیی وڵاتی مسرە، ساڵی ١٩٥٥ دامەزراوە، بارەگا سەرەکییەکەی لە شاری قاهیرەیە، وەزارەتی ڕاگەیاندنی مسر بەڕێوەی دەبات، بە زمانە ناسراوەکانی جیهان هەواڵ ئامادە دەکات لە ڕێگەی کەناڵەکانی بیستراو، بینراو، نووسراو بڵاوی دەکاتەوە.

وكالة أنباء الشرق الأوسط (Welcome to Middle East News Agency (mena.org.eg

(٣) اللواء، ع(١٩)، ١٩٦٥/١/٢٦.

(٤) الجمهورية: ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەی سیاسی بوو، دوای شۆڕشی چواردەی تەمموز، ئیمتیازی دەرچوونی پێدراوە، خاوەنەکەی ڕەشید فلیح و سەرنووسەرەکەی سەعدون حەمادی بوون، لە دوای کودەتای ٨ی شوباتی ١٩٦٣، بەردەوام بووە لە دەرچوون، معاز عەبدولڕەحیم بووەتە سەرنووسەری، پاشان

عێراقی بڵاوکردووەتەوە کە لە کاتی سەردانێکیدا بۆ بنکەی سەربازی حەبانییە داویەتی و جەختی کردووەتەوە کە ئەوان دەتوانن بە زەبری هێز هەموو ئەو هەوڵانە بوەستێنن، کە کێشە لە بەردەم پڕۆژەکانی حکوومەت لە بڵاوکردنەوەی دادپەروەری و هێمنی و ئارامی و خۆشگوزەرانی و گەشەپێدان دروست دەکەن[١].

سەبارەت بە لایەنگری هۆزە کوردییەکانیش بۆ حکوومەت، ڕۆژنامەی (الانباء الجديدة)[٢] لە ژمارەی ڕۆژی ٢٨ی شوباتی ساڵی ١٩٦٥ هەواڵی دیدارێکی سەرکۆمار عەبدولسەلام عارفی لەگەڵ ئەو سەرۆک هۆزە کوردانە بڵاوکردووەتەوە کە لایەنگری حکوومەتی عێراقن دژ بە شۆڕشی کورد و پشتیوانیان بۆ عەبدولسەلام عارف دووپات کردووەتەوە[٣].

باسی خواسی ئەو هۆزە کوردییانە، لە ڕۆژنامە و بڵاوکراوە عێراقییەکان زۆر جەختی لێ کراوەتەوە، بڵاوکراوەی (الحكومة الوطنية و مشكلة الشمال) ناو و ژمارەی ئەندامانی ئەو هۆزانەی بەپێی لیواکانی کوردستان بڵاوکردووەتەوە کە لایەنگرییان بۆ حکوومەت پیشان داوە و بەم شێوەیە دایناوە:

"بادینان و موسڵ: ٥٨٧٠٠ کەس، کەرکووک: ٧٩٣١٩ کەس، هەولێر: ٩٣٦٢٢ کەس، سلێمانی: ١٩١٦٥٠ کەس، دیالە: ٧٦٧٠ کەس، کۆی ژمارەی دانیشتووانی کوردستان، ٤٥٠،٨٦٧ کەسە، کۆی گشتی لایەنگرانی حکوومەت: ٤٢٠،٩٧١ کەس دەبێت. بەمەش ڕێژەی (٩٥٪)ی خەڵکی کوردستان لایەنگری حکوومەتن و (٥٪)ی لایەنگری حکوومەت نین، بەڵام مانای ئەوە نییە ئەمانەش هەموویان لایەنگری بارزانی بن"[٤].

ئەم ژمارەیە زێدەڕۆیی تێدایە، چونکە هیچ ڕاپرسییەک نەکراوە، تا خەڵکی کوردستان دەنگ بدەن، ئایا لەگەڵ شۆڕشن، یان دژی شۆڕشن. بۆ ئەم بابەتە، زیاتر سوود لە ژمارەی

---

فەیسەل حەسون و دواتریش عەبدولەتیف کەمالی بەڕێوەیان بردووە. وزارة الاعلام، دليل الصحافة العراقية، ص٢٢؛ مليح صالح شكر، المصدر السابق، ص٣٨٣-٣٨٤.

(١) الجمهورية، ع(٤٢٠)، ١٩٦٥/٣/١.

(٢) الانباء الجديدة: هەفتەنامەیەکی ناسیاسی بوو، لە ڕێکەوتی ٣ی مایسی ١٩٦٤ ئیمتیازی دەرچوونی پێدراوە، تا ساڵی ١٩٦٧ بەردەوام بووە، خاوەنەکەی زەکی عەبدولڕەحمان و بەڕێوەبەرانی نووسینی، زیاء شکارە و عەبدولئیلاە ئیبراهیم بوون. وزارة الاعلام، دليل الصحافة العراقية، ص١٢.

(٣) الانباء الجديدة، ع(٨٣٦)، ١٩٦٥/٢/٢٨.

(٤) الحكومة الوطنية و مشكلة الشمال، ص٩٣.

ئەو سەرۆک هۆزانە وەرگیراوە، کە لایەنگری حکوومەت بوون، بە شێوەی نزیکەیی ژمارەی ئەندامانی هۆزەکان خەمڵێندراون، لە کاتێکدا بە دەیان هۆزی کوردی هەن، ناویان لەم لیستەدا نییە، بە دەیان خەڵکی تێکۆشەری کورد هەبوون، خۆیان لەسەر هیچ کام لە هۆزەکانی کورد ساغ نەکردووەتەوە. پاشان دەیان خەڵکی دانیشتووی کوردستان هەبوون، کورد نەبوون و لایەنگری شۆڕشی کوردیش بوون، تەنانەت عەرەبیشی تیدابووە. وێڕای هەموو ئەمانە، لە سەرچاوەی فەرمی دیکەی حکوومەتدا هاتووە، کە لە (٦٥٪)ی کوردەکان لایەنگری حکوومەتن، واتە زۆر کەمتر لەم ڕێژەیە، ئاماژەی پێکراوە[١].

سەرەڕای ئەوانە هێشتا هەڵوێستی کورد هەڵوێستێکی ئاشتیخوازانە بووە، سەرکردایەتی شۆڕشی کورد بڕوای بە ئاشتەوایی و دانوستان هەبووە. مستەفا بارزانی لە چەندین ڕێگەوە هەوڵی داوە، ڕێ لە تازەبوونەوەی شەڕ بگرێت، یەکێک لەو ڕێگایانە ئەوەبوو، نامەیەکی بۆ جەمال عەبدولناسر[٢] و سووریەکان نارد، داوای لێکردن دەست بخەنە ناو پرسەکەوە و نەهێڵن شەڕ ڕووبداتەوە[٣]. ڕۆژنامەی (البلد)یش لە ژمارەی ١٩ی شوباتی ساڵی ١٩٦٥ هەڵوێستێکی ئاشتیخوازانەی کورد، لە مەڕ چارەسەرکردنی کێشەی باکوور، بڵاوکردووەتەوە، کە هاتووە:

"شەوکەت عەقراوی، نوێنەری کورد لە قاهیرە ڕایگەیاندووە، ئەوان لەگەڵ شەڕدا نین، بەڵکو لەگەڵ ڕێککەوتن و دانوستان دان لەگەڵ حکوومەتی عێراقی، ئەوان دەخوازن بگەنە چارەسەرێکی ئاشتییانە و برایەتی نێوان ڕۆڵەکانی عێراق"[٤].

(١) الفجر الجديد، ع(٩٧٨)، ١٩٦٥/٤/٢١.

(٢) جەمال عەبدولناسر حوسێن ( ١٩١٨/ئەسکەندەرییە-١٩٧٠/قاهیرە)، لە دوای محەمەد نەجیب، دووەم سەرکۆماری مسر لە نێوان ساڵانی (١٩٥٦-١٩٧٠) بووە، یەکێک بووە لە بەشداربووانی شۆڕشی تەمووزی ١٩٥٢ی میسر، لەدوای ئەو محەمەد ئەنوەر سادات بووەتە سەرۆکی مسر. فەرمانڕەوایێتی جەمال وەک سەرۆکی میسر ماوەی ١٨ ساڵی خایاندووە. ئەندام بووە لە پارتی ئیشتراکی عەرەبی میسر و یەکێک بووە لە خاوەنی بیرۆکەی یەکێتی عەرەبی، جەمال عەبدولناسر بەشداری شەڕی نێوان فەڵەستین و ئیسرائیلی کردووە. سەرەتا وەک سەربازێک لە ساڵی ١٩٤٨، دواتریش لە ساڵی ١٩٦٧، وەک سەرۆکی مسر بەشداری شەڕەکەی کردووە. الرئيس جمال عبد الناصر، السيرة الذاتية (bibalex.org).

(٣) مەسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٢.

(٤) البلد، ع(٢٣٤)، ١٩٦٥/٢/١٩.

بەڵام ئەم ویستە ئاشتیخوازانەیەی کورد بەردەوام لەلایەن حکوومەتی عێراق ی ڕەتکراوە بووە. ڕۆژنامەی (الفجر الجدید) لە ژمارەی ١ی نیسانی ساڵی ١٩٦٥ هەواڵی ئامادەبوونی سەرکۆمار لە ڤیستیڤاڵی تیپی دووی وەرزشی سوپای عێراق بڵاوکردووەتەوە کە تیایدا سەرکۆمار جووڵانەوەی کورد بە کلکی ئیمپریالیزم ناو دەبات، هەواڵەکە بەم شێوەیەیە:

"سەرکۆمار عەبدولسەلام عارف لە سەردانێکی بۆ کەرکووک لە ڤیستیڤاڵی تیپی دووی وەرزشی سوپای عێراق ئامادەبوو، لە سەرەتای ڤیستیڤاڵەکەدا، ئیبراهیم فەیسەڵ ئەنساری سەرۆکی تیپی دوو[١]، وتەیەکی پێشکەش کرد، ئاماژە بەوە دەکات، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی پیلانی ئیمپریالیزم، ڕۆژ و شەو دەخەنە سەر یەکتر و خەریکی مەشق کردنن، چونکە ئەوانە دەیانەوێت یەکڕیزی عێراق تێکبدەن. پاشان عەبدولسەلام عارف وتارێکی پێشکەش کردووە، وێڕای ئاماژەدان بە پلانی پێنج ساڵەی پڕۆژەکانی لیوای کەرکووک، ئاماژە بەوە دەدات کە کلکەکانی ئیمپریالیزم چاویان بە خێروبێری وڵات هەڵنایەت کە یەکێتی وڵات بنەمای یەکێتی وڵاتانی عەرەبییە"[٢].

هەمان ڕۆژنامە لە ژمارەی دووی نیساندا، وتارێکی ئیبراهیم فەیسەڵ ئەنساری بڵاوکردووتەوە کە زۆر بە توندی هێرش دەکاتە سەر شۆڕشی کورد و بە پیلانگێڕی ئیمپریالیزم ناوی دەبات و دەڵێت ئەوانە گیانی جوداخوازی دروست دەکەن و بە سوپا هەڕەشە دەکات[٣].

هاوکات لەگەڵ ئەم هەڕەشانەی فەرماندەی تیپی دووی سوپای عێراق لە کەرکووک، لە ٢ی نیسانی ساڵی ١٩٦٥ پەلاماری سوپای عێراق بۆ سەر کوردستان دەستیپێکرد کە ئەمەش بە قۆناغێکی نوێی پەلامارەکانی سوپای عێراق بۆ سەر کوردستان دادەندرێت، سوپای عێراق

(١) ئیبراهیم فەیسەل ئەلئەنساری (١٩٢٠/موسڵ-٢٠١٠)، فەرماندی سەربازی عێراقی، دەرچووی کۆلێژی سەربازی عێراقی (١٩٤١)، پاشان ماستەری لە هەمان بواردا هێناوەتەوە، بەشداری لە کۆلێژی ئەرکانی سەربازیی ئوردنیدا کردووە، ساڵی ١٩٦١ بووەتە فەرماندەی تیپی دووی سوپای عێراق، پاشان چەندین پۆستی باڵای دیکەی وەک سەرۆکی ئەرکانی سوپا وەرگرتووە. بڕوانە: فریق الاول الرکن ابراهیم فیصل الانصاري، ایام لاتنسی، ت: علاءالدین الخماس، الاکادیمیون للنشر والتوزیع، الاردن-عمان، ٢٠١٩.

(٢) الفجر الجدید، ع(٩٦٥)، ١٩٦٥/٤/١.

(٣) الفجر الجدید، ع(٩٦٦)، ١٩٦٥/٤/٢.

بە چەکی قورس هێرشی کردە سەر کوردستان، ڕۆژنامەی (خەبات) دەربارەی پەلامارەکە نووسیویەتی:

"لە سەعات حەوتی ئێوارەی ڕۆژی دووی نیسانی ساڵی ١٩٦٥، سوپا و پۆلیسی عێراق پەلاماری شاری سلێمانیان دا، سەرەتای گەمارۆی شارەکەیاندا، پاشان بە چەکی قورس بۆردومانی شارەکەیان کرد، ئەمەش چەند کاتژمێرێکی خایاند، نزیکەی (٣٨) کەس لە پیاو و ئافرەت و منداڵ و پیر، شەهید بوون کە ژمارەیەک فەرمانبەری لە برا عەرەبەکانیش تێدابوو، ئەمە وێڕای دەیان بریندار. لە کاتێکدا پارێزگاری سلێمانی چەند ڕۆژێک پێش ئەم کارەساتە، ئاگاداری خەڵکی شارەکەی کردبووەوە، لە پەلامارێکی لەم شێوەیە، کە ئامانج لێی لێدانە لە چەتە و ڕێگرەکان، نەک هاووڵاتییانی سڤیل، بەڵام ئەنجامەکەی بەو شێوە کەوتەوە و بەمەش دەرکەوت کە ماوەی حوکمڕانانی تشرینی دووەم، لە ناشرینترین ماوەکانی حوکمڕانییە"[1].

بەم شێوەیە پەلامارەکانی سوپای عێراق بۆ سەر کوردستان بەردەوام بوون، ڕۆژنامەی خەبات هەواڵی ئەو هێرش و پەلامارانەی سوپای عێراقی ڕاگواستووە، کە کردوویانەتە سەر ناوچەکانی کوردستان، لە کەرکووک و سلێمانی، ناوچەکانی سەنگاو، قەرەداغ، قادر کەرەم، کفری. پاشان لە هەولێر، ناوچەکانی دەربەندی گۆمەسپان و زیارەت و شەقڵاوە و چیای سەفین و ڕەواندز[2]. لە بەرامبەردا هێزی پێشمەرگەی کوردستان ڕووبەڕووی سوپای عێراق و جاشەکان وەستاونەتەوە. لە گرنگترین ئەو شەڕانەی کە پێشمەرگە بەرامبەر جاش و سوپای عێراق ئەنجامی داون، ئەمانە بوون: شەڕەکانی سەفین، پیرەمەگروون، قەرەداغ، ئەزمڕ و چوارتا، زینەتیر، زەنبوور، کێوەڕەش، شەڕەکانی بەرەی ڕەواندز[3].

ڕۆژنامەی (الفجر الجدید) لە ژمارەی ٢١ی نیسانی ساڵی ١٩٦٥ بەشێک لە سمیناری موقەدەم ڕوکن هادی خەماس بەڕێوەبەری هەواڵگری سەربازی بڵاوکردووەتەوە کە لە ئێوارەی ڕۆژی ٢٠ی نیسانی ١٩٦٥ لە هۆڵی شەعب بەناوی (کێشەی کورد) پێشکەشی کردووە، بەم شێوەیە کێشەکەی خستووەتەڕوو:

(١) خەبات، ع(٤٧٧)، نیسان ١٩٦٥.

(٢) خەبات، ع(٤٧٨)، حزیران ١٩٦٥.

(٣) مەسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٩١-٢٠٤.

"موقەدەم ڕوکن هادی خەماس، لە سەرەتادا تیشکێکی خێرای خستووەتە سەر بنەچەی کورد و تێکەڵاوی ژیانیانی لەگەڵ عەرەب بە شێوەیەکی ئاشتیخوازانە و پاشان بەشداری لە هەڵمەتی خاچپەرستان باس کردووە، دواتر هاتووەتە سەر شوێنی جوگرافی و دابەشبوونی کورد لە نێوان وڵاتانی ناوچەکە، پاش ئەوە هاتووەتە سەر هەڵوێستی حکوومەتەکانی عێراق بەرامبەر کێشەی کورد و پشکی کورد لە حکوومەتی عێراق، کۆڕگێڕ لە سۆنگەی باسکردنی ئەو خاڵەدا، ئەوە باس دەکات کە وێڕای ئەو هەموو بەخششەی لە باشوور بە کورد بەخشراوە، کەچی ناوچەکە بووەتە شانۆی چالاکی ئەو کەسانەی کوشتن و بڕین و تاڵان و سووتانی خانووی هاووڵاتییان. ئەوانە ژمارەیەکی کەمینەن و زۆرینەی کورد، واتە (٦٥٪)ی لەگەڵ حکوومەت دان، لە تەک سوپای عێراق بەرامبەر جوداخوازان شەڕ دەکەن. پاشان هاتووەتە سەر دۆخی کورد دوای شۆڕشی چواردەی تەمموز، ڕۆڵی عەبدولکەریم قاسم کە چۆن بۆ نیازی مانەوەی لە دەسەڵات، (سیاسەتی پەرتکە و زاڵ بە)ی بەکارهێناوە واتە (تێکبەردانی هاووڵاتییانی عێراقی)، پاشان شۆڕشی چواردەی ڕەمەزان (٨ی شوبات) بەرپابوو، دانوستان لەگەڵ کورد کرا و بۆئەوەی چیدیکە خوێن نەڕژێت. پاشان ئاماژە بەوە دەکات کە لە ئێستادا دەست بە ئاوەدانکردنەوەی باکوور کراوە، بە ژمارە دەردەکەوێت کە چەند پڕۆژەی خزمەتگوزاری لە باکوور ئەنجام دراوە، بە جۆرێک لە سەر ئاستی عێراق بێهاوتایە"[(١)].

ئەوەی لە ناوەرۆکی ئەم سمینارە، تێبینی دەکرێت، لە کاتێکدا خەماس ئاماژە بە خزمەتگوزاری دەکات، کەچی بیست ڕۆژ پێش ئەوە پەلامارەکانی سوپای عێراق بۆ سەر کوردستان دەستیان پێکردبوو، بە چەکی قورس و فڕۆکە، بۆردومانی گوند و شار و ڕێگاوبانەکانیان دەکرد.

لە ژمارەکانی دیکەی (الفجر الجدید) چەندان هەواڵ و لێدوانی دیکەمان بەرچاو دەکەوێت، کە ڕۆژنامەکە سەبارەت بە نیشاندانی خاڵە لاوازەکانی شۆڕشی کورد، خستوونەتیەڕوو، ئەوانیش وەک:

١. "هەزار هاووڵاتی کورد سەرکۆنەی تاوانی چەتەکان دەکەن"[(٢)].

(١) الفجر الجدید، ع(٩٧٨)، ١٩٦٥/٤/٢١.

(٢) الفجر الجدید، ع(١٠١٩)، ١٩٦٥/٦/١١.

٢. نیشاندانی شۆڕشی کورد وەک کێشەیەکی لاوەکی، بۆ نموونە، سەرکۆمار لە حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٥ سەردانێکی ناوچەکانی لیوای کەرکووک و سلێمانی کردووە، لێدوانێکی بۆ هێزە چەکدارەکان داوە، کە تیایدا هاتووە: "ئەوەی ئێوە ئێستا دەیکەن، کارێکی لاوەکییانەی ڕووبەڕووبوونەوەی ئیمپریالیزمە، کارە سەرەکییەکەی ئێمە ئازادکردنی خاکی فەڵەستینە، بە هەوڵ و کۆششی ئێوە و هێزە چەکدارەکان"[١].

٣. لە ژمارەی ڕۆژی ١٤ی حوزەیرانی ١٩٦٥، ڕیپۆرتاژێکی لە ژێر ناوی (ترسناکترین لێکۆڵینەوەی ڕۆژنامەوانی لە جەرگەی کوردستان لەگەڵ هەندێک لە بەرپرسانی حزبی پارتی) بڵاوکردووەتەوە، ڕۆژنامەکە چاوی بە هەندێک لەو خەڵکانە کەوتووە، کە پێشتر لە ڕیزەکانی شۆڕشدا بوونە، پاشان کە بۆیان دەرکەوتووە، شۆڕش لە بەرژەوەندی کورد نییە و تایبەتە بە بەرژەوەندی چەند کەسانێک لێی هەڵگەڕاونەتەوە و پەشیمانی خۆیان دەربڕیوە[٢].

ڕۆژنامەی (البلد)یش، بە هەمان شێوە، هەواڵی تایبەت بە بارودۆخی شۆڕشی کورد و لێدوانی بەرپرسانی خستووەتەڕوو، لە ژمارەی ڕۆژی ٣١ی تەمموزی ساڵی ١٩٦٥، دیدارێکی سەرکۆماری لەگەڵ ڕۆژنامەنووسێکی لوبنانی بڵاوکردووەتەوە، لە بەشێکی دیدارەکەدا باسی شۆڕشی کورد دەکات و دەڵێت:

"ئەوەی لە باکوور ڕوودەدات، تەنیا ئۆپەراسیۆنێکی سەربازی نییە، بەڵکو کردەوەی ڕماڵین و پاککردنەوەیە، لە هەموو بەربەست و شتێکی زیانبەخش"[٣].

یەکێکی دیکە لەو بابەتانەی ڕۆژنامەی (البلد) ڕوومالّی کردووە، بابەتی هەمووارکردنەوەی دەستووری کاتی عێراقە کە حکوومەت هەوڵی داوە هەمواری بکاتەوە، بۆئەوەی بەشێوەیەکی ڕوونتر مافەکانی کوردی تێدا بچەسپێنێت. لەم ڕووەوە ڕۆژنامەی (البلد) لە مانگی ئەیلوولدا نووسیویەتی:

"سەرۆک عەبدولسەلام عارف، بە مەبەستی بەسەر کردنەوەی یەکە سەربازییەکانی ئەو ناوچەیە، سەردانی باکووری وڵاتی کرد کە ژمارەیەک لە ئەفسەران و بەرپرسانی سەربازی،

(١) الفجر الجدید، ع(١٠٢٠)، ١٩٦٥/٦/١٣.

(٢) الفجر الجدید، ع(١٠٢١)، ١٩٦٥/٦/١٤.

(٣) البلد، ع(٣٥٥)، ١٩٦٥/٧/٣١.

هاوگەشتی بوون، دووپاتی لە هەمواركردنەوەی دەستووری كاتی عێراق كردەوە كە تیایدا مافی برا كوردەكان، بە دەق تێیدا دەچەسپێندرێت".

لە شوێنێكی دیكەی هەمان ژمارەدا، هاتووە:

"هەمواركردنەوەی دەستووری كاتی عێراق، دەقێكی تایبەتی بە مافەكانی كورد لە خۆگرتووە، ئەنجوومەنی سەركردایەتی شۆڕشی هەڵوەشاندووەتەوە، دەقە هەمواركراوەكەش لە بەندی نۆزدەی دەستوورەكەدایە كە دەڵێت: عێراقییەكان لە ئەرك و مافدا یەكسانن، هیچ جیاكارییەک لە ڕەنگ و زمان و ڕەگەز و ئاییندا ناكرێت، وە ئەم دەستوورە مافەكانی كورد دەچەسپێنێت، لە چوارچێوەی یەكێتی خاكی عێراقدا"[1].

ئەوەی تێبینی دەكرێت، دیسان ئەم بڕگە هەمواركراوەش جەخت لە مافەكانی كورد دەكاتەوە، لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا كە تەنیا هەندێک مافی خزمەتگوزاری و ڕۆشنبیریی دەگرێتەوە، هیچ ئاماژەیەكی بۆ مافە بنچینەییەكانی كوردی، تێدا نییە كە دەستەبەری خۆڕێبەری، یان لامەركەزیی كوردستان بكات، زیاتر دووپاتكردنەوەی ئەو بەند و بڕگانەن كە لە دانوستانەكاندا ئاماژەیان پێدراوە. تەنیا ئەوە نەبێت كە حكوومەتی عێراق دەیگوت (ادارة المحلية-كارگێڕیی خۆیی) لە ناوچە كوردییەكان دروست دەكرێت، ئەمەش هەمان ئەو دامودەزگایانەی كوردستانن كە كاروبارەكانیان ڕاستەوخۆ بە بەغدا بەستراوەتەوە، واتە هیچ بڕیارێک لە كوردستانەوە، بۆ كاروبارەكانی ئەم دەزگایانە نادرێت، ڕۆژنامەی (البلد) لە ژمارەی مانگی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٦٥ هەواڵێكی بڵاوكردووەتەوە كە هاتووە:

"دكتۆر محەمەد ناسر[2] وەزیری ڕۆشنبیریی عێراق، لە كاتژمێر حەوتی ئێوارەی ڕۆژی ١٩٦٥/١١/٦ لە تەلەفزیۆنی بەغداد، نەخشەڕێگای وەزارەتەكەی عەبدولڕەحمان بەزاز[1]ی

(١) البلد، ع(٣٩٩)، ١٩٦٥/٩/١٠.

(٢) دكتۆر محەمەد ناسر ئەلعوسمان (١٩١١/ بەسرا- ٢٠٠٢/بەغدا)، ساڵی ١٩٣٤ بەكالۆریۆسی لە زانكۆی ئەمریكی لە بەیرووت بەدەستهێناوە، ساڵی ١٩٥٥ دكتۆرای لە زانكۆی كۆڵۆمبیا لە ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا بەدەستهێناوە، ساڵی ١٩٦٤ بووەتە وەزیری پەروەردە و ساڵی ١٩٦٥ بووەتە وەزیری ڕۆشنبیریی، ساڵی ١٩٦٧ دەستبەرداری كاری سیاسی بووە و ڕووی كردووەتە وڵاتی كوەیت، یەكێک بووە لە دامەزرێنەرانی زانكۆی كوەیت. الگاردينيا - مجلة ثقافية عامة - الوزير الدكتور محمد ناصر- سيرة موجزة (algardenia.com).

ڕاگەیاندووە، یەکێک لەوانە باسی چارەسەری کێشەی کورد دەکات، لە ڕێگەی (ادارة المحلية- کارگێڕیی خۆیی) لە ناوچەکانی باکوور، جەخت لەسەر خۆجێیی بوونی کورد دەکاتەوە کە کوردەکان بەهۆیەوە دەتوانن زمان و ڕۆشنبیریی خۆیان بپارێزن"[٢].

لە کاتێکدا دەستوور هەموار دەکرایەوە و قسە لەسەر مافەکانی کورد دەکرا، کەچی لەولاوە سەرکردایەتی شۆڕشی کورد بە چەتە و ڕێگر و یاخیبوو، دادەندران و کوردستانیش بە چەکی قورس بۆردومان دەکرا. بەمەش حکوومەتی عێراق دەیویست دان بەو کەمە مافانەی کورد بنێت، بێ ئەوەی هیچ لایەنێک لە کوردستان نوێنەرایەتی کورد بکات، بۆ هەموو بڕیارەکانیش دەبێت کورد بگەڕێتەوە پایتەخت.

شەڕ لە کوردستان هەر لە مانگی نیسان، تا کۆتایی ساڵی ١٩٦٥ بەردەوام بوو، ڕۆژنامە عێراقییەکان، بەردەوام بوون لە بڵاوکردنەوەی هەواڵ و وتار و لێدوانە ڕۆژنامەوانییەکان دەربارەی شۆڕشی کورد، ڕۆژنامەی (البلد) مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٦٥ نووسیویەتی:

"لە هەواڵێکدا کە لە ڕۆژنامەی (کفاح)ی بەیرووتی وەرگیراوە، هاتووە کە پیاوانی ئاسایشی بەیرووت، لە ناوچەی (جبل) کۆمەڵە کەسێکیان دەستگیرکردووە کە کاریان بۆ بارزانی کردووە و پارەیەکی زۆریان لابووە کە لە کوردانی نیشتەجێبووی ناوچەی (زقاق بلاط)ی لوبنانیان کۆکردبووەوە، تاکو کۆمەکی بارزانی پێ بکەن. ئەوانیش لەم کەسانە پێکهاتبوون: شێخۆ سلێمان حسۆ، جەمیل عەلی حسۆ، یوسف ئەمین قەدری، ئیبراهیم عەبدە"[٣]. هەر ڕۆژنامەکە لە مانگی تشرینی دووەم، هەواڵێکی بڵاوکردووەتەوە کە باس لە هاوکاری ئیسرائیل بۆ کورد دەکات و هاتووە:

---

(١) عەبدولڕەحمان بەزاز (١٩١٣/بەغدا-١٩٧٣/بەغدا)، مافناس و سیاسی عێراقی، دەرچووی کۆلێژی ماف (١٩٣٥)، دکتۆرای لە زانکۆی مەلەکی لەندەن بەدەستهێناوە، ساڵی ١٩٤٥ لە وەزارەتی داد دەستبەکاربووە، ساڵی ١٩٥٥ بووەتە ڕاگری کۆلێژی ماف، ساڵی ١٩٥٩ بووەتە دادوەری دادگای تێهەڵچوونەوە، لە نێوان ساڵانی ١٩٦٥-١٩٦٦ سەرۆکوەزیران بووە، دوای کودەتای تەممووزی ساڵی ١٩٦٨ دەستگیرکراوە، ئەشکەنجە دراوە، دەگوترێت هەر ئەمەش بووەتە هۆکاری ئەوەی دووچاری جەڵتەی مێشک بێت و هەر بەمەش گیانی لە دەستداوە. بڕوانە: محمد كريم مهدي المشهداني، عبدالرحمن البزاز و دوره الفكري و السياسي في العراق، مكتبة اليقظة العربية، بغداد، ٢٠٠٢.

(٢) البلد، ع(٤٤٦)، ١٩٦٥/١١/٧.

(٣) البلد، ع(٤١٦)، ١٩٦٥/١٠/١.

"لیوا عەبدولڕەحمان عارف[١]، بۆ ڕۆژنامەی (بەغدا نیوز)[٢] کە بە زمانی ئینگلیزی لە شاری بەغداد، دەردەچێت، ڕایگەیاندووە کە یەکەکانی سوپای عێراق، لە کۆتاییەکانی هەفتەی ڕابردوو، لە گەڵ یاخیبووان، لە ناوچەی (باپشتیان)[٣] کەوتوونەتە شەڕەوە، توانیوانە سەربکەون و یاخیبووان وەک مشک ڕایان کردووە، لە دوای خۆیان ژمارەیەکی زۆر چەک و جبەخانە و کوژراویان جێهێشتووە، هەندێک لەو چەکانەی جێیان هێشتووە، دروستکراوی وڵاتی ئیسرائیلە (هێمای ئەستێرەی ئیسرائیلی لەسەرە)، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر پەیوەندی بەهێزی نێوان بارزانی لەگەڵ ئیسرائیل کە بارزانیان بە جۆرەها چەک و جبەخانە ئامادە کردووە، بەمەش حکوومەتی زایۆنی، هاوکاری چەتە تاوانبارەکان دەکات، هەروەها لە ڕووی هزریشەوە هاوکارن، چونکە ئیسرائیل ترسی زۆری لە سوپای عێراق هەیە کە شانبەشانی وڵاتانی دیکەی عەرەبی، هەوڵ بۆ یەکێتی نەتەوەی عەرەب و ڕزگارکردنی خاکی فەڵەستین دەدات. ئێستا بارزانی گەمارۆ دراوە، زۆربەی ناوچەکانی باکووریش، کەوتوونەتە ژێر دەستی سوپای عێراق و چەتەکان، لە ناوچەکانی ڕانییە و ڕەواندز کۆنترۆڵ کراوە"[٤].

لە هەواڵێکی دیکەدا، لە مانگی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٦٥ دا، هاتووە:

(١) عەبدولڕەحمان محەمەد عارف ئەلجومەیلی (١٩١٦/بەغدا-٢٠٠٧/ ئوردن)، دووەم سەرکۆماری عێراق، دوای تەواوکردنی قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی، ساڵی (١٩٣٦)، چووەتە کۆلێژی سەربازی و ساڵی ١٩٣٩، بە پلەی (ملازمی دووەم) دەرچووە. ڕۆڵی لە شۆڕشی چواردەی تەمموزدا گێڕاوە. ساڵی (١٩٦٣)، بووەتە سەرۆکی ئەرکانی سوپای عێراق. ساڵی (١٩٦٦)، دوای مردنی عەبدولسەلامی برای، بووەتە سەرکۆماری عێراق و تا کودەتای هەڤدەی تەمموزی ساڵی ١٩٦٨ بەردەوام بووە. عبدالرحمن عارف ودوره السياسي في العراق للمدة ١٩٦٦-١٩٦٨(ssrcaw.org)

(٢) بەغدا نیوز (Baghdad News)، ڕۆژنامەیەکی سیاسی عێراقی بوو، دوای داخستنی ڕۆژنامەی (عێراق نیوز)، لە تەممووزی ساڵی ١٩٦٤ بە زمانی ئینگلیزی لە شاری بەغدا دەردەچوو، کۆمپانیای ئاسیا بۆ بڵاوکردنەوە و چاپ، سەرپەرشتی دەرچوونی دەکرد، تاکو ساڵی ١٩٦٧ لە دەرچوون بەردەوام بوو بۆ بینینی چەند ژمارەیەکی ڕۆژنامەکە بڕوانە: Access to Mideast and Islamic Resources (AMIR): Open Access Newspaper Archive: Baghdad News (١٩٦٤-١٩٦٧) (amirmideast.blogspot.com)

(٣) گوندی باپشتیان دەکەوێتە دەڤەری ڕواندز و سۆران و لەسەر ڕێگای نێوان هاوینەهەواری گەلی عەلی بەگ و قەزای سۆرانە.

(٤) البلد، ع(٤٥٥)، ١٩٦٥/١١/١٧.

"عەبدولڕەحمان بەزازی سەرۆکوەزیران بە یاوەری عەبدولعەزیز عوقەیلی[١] وەزیری بەرگری و دکتۆر محەمەد ناسر وەزیری ڕۆشنبیریی و لیوا عەبدولڕەحمان عارف و موتەسەڕیفی سلێمانی و بەڕێوەبەری جووڵەی سەربازیی باکوور، سەردانی ناوچەی باکووری وڵاتیان کرد. پاشان سەرۆکوەزیران بە یارمەتی عەمید ڕوکن ئیبراهیم ئەنساری فەرماندەی تیپی دووی سوپای عێراق بە هەلیکۆپتەر سەردانی یەکە سەربازییەکانی ناوچەکەی کردووە. کە تیایدا وتاری بۆ سەربازەکان داوە، هانی داون بۆ شەڕکردن لە پێناو یەکڕیزی خاکی عێراق و پێی ڕاگەیاندوون کە ئەو شەڕە، شەڕی ئیمپریالیزمە بە هۆی یارمەتی چەتەکان کە بە پارە و چەک دەیکات، چونکە ترسی لە عێراق هەیە کە کاروانی ئازادیخوازان بەڕێوەی دەبات، پاشان فەرماندەی کەرتە سەربازییەکانی ناوچەکە جەختی کردەوە کە لەناوبردنی بەکرێگیراوان ئەرکێکی نیشتیمانییە، چونکە ئەوان هەوڵ دەدەن دووبەرەکی بخەنە ناو ڕیزەکانی عێراق، پاشان بەزاز هەر بە هەلیکۆپتەر سەردانی ناحیەی سەید سادقی کردووە، لەوێ لەگەڵ سەربازەکان نانی خواردووە، پاشان گەڕاوەتەوە کەرکووک"[٢].

لە تەک پەلامارەکانی بۆ سەر کوردستان، حکوومەتی عێراق، ناو ناوە بڕیاری لێخۆشبوونی بۆ ئەو کەسانە دەرکردووە کە بەشداری شۆڕشی کوردییان کردووە، وەک بڕیاری لێبووردن لە ڕێکەوتی ٢٤ی ئایاری ساڵی ١٩٦٥، ڕۆژنامەی (البلد) لەو بارەیەوە نووسیویەتی:

"بەپێی ڕاگەیەندراوی ژمارە (٩) لە تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٦٥، سەرکۆمار عەبدولسەلام عارف، بڕیاری لێبووردنی بۆ ئەو کەسانە دەرکردووە کە بەشداری جووڵانەوەکەی باکووریان کردووە، لە سەربازی و مەدەنی، کە ئەگەر خۆیان ڕادەست بکەن، دەگەڕێندرێنەوە سەر کارەکانیان و دوا کات، ڕێکەوتی یەکی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٦٥ دەبێت، ئەو

(١) لیوا عەبدولعەزیز عوقەیلی (١٩١٩/موسڵ-١٩٨١/بەغدا)، ساڵی ١٩٣٧ کۆلێژی سەربازی تەواوکردووە و بووەتە ئەفسەر لە سوپای عێراق، ساڵی ١٩٥٠ کۆلێژی مافی تەواو کردووە، ساڵی ١٩٥٧ پەیوەندی بە ئەفسەرانی نیشتیمانییەوە کردووە و بەشداری شۆڕشی چواردەی تەمموزی کردووە، دوای کودەتای ١٧ی تەمموز، لە کارە فەرمییەکان دوورخراوەتەوە، لە سەردەمی کابینەکەی بەزاز بووەتە وەزیری بەرگری عێراق، لەژێر ئەشکەنجەدا گیانی سپاردووە. بڕوانە: ستار نوري العبودي، عبدالعزيز العقيلي حياته و دوره العسكري و السياسي في العراق، دار المرتضى، مصر، ٢٠٠٩.

(٢) البلد، ع(٤٧٦)، ١٩٦٥/١٢/١٣.

لێخۆشبوونە ئەو کەسانە ناگرێتەوە کە دوا بە دوای ئەم ڕێکەوتە خۆیان ڕادەست دەکەن یان دەستگیر دەکرێن"[١].

هەروەها لە بڕیارێکی دیکەدا، یاسای عورفی لەسەر ئەو کەسانە هەڵدەگیرێت کە خۆیان ڕادەستی حکوومەت دەکەنەوە، ڕۆژنامەکە نووسیویەتی:

"بڕیاری ژمارە (٧) لەلایەن سەرۆکوەزیرانەوە هاتووە کە بە بێ گەڕانەوە بۆ سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران، هیچ دەسەڵاتێکی دادوەری لە باکوور (ئەنجوومەنی سەربازی، دادگای شۆڕش، دادگای سەربازی)، نابێت بڕیار لەسەر بەندکردن و دوورخستنەوەی هیچ تۆمەتبارێک بدات کە لە ناوچەکانی باکوور بەهۆی تێوەگلانی لە ڕووداوەکانی باکوور دەستگیر دەکرێت، ئەم بڕیارە بەتایبەت وەزارەتەکانی ناوەخۆ و سەرکردەکانی هێزەکانی مەیدان لە باکوور دەگرێتەوە"[٢].

ناوناوەش بڕیاری لێبووردنەکە درێژ کراوەتەوە، ڕۆژنامەی (البلد) نووسیویەتی:

"لە هەواڵێکدا هاتووە، دوای درێژکردنەوەی بڕیاری لێخۆشبوونی گشتی بۆ کوردەکان کە بەشداری جووڵانەوەکەی باکوورییان کردووە، لە مانگی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٦٥ ئەم بڕیارە کۆتایی دێت، ئەوەی تێبینی کراوە، ئەم بڕیارەی سەرۆک عەبدولسەلام عارف ئەرێنی بووە، برایەتی نێوان عەرەب و کورد پتەوتر دەکات، ئەگەرچی فەرمانگەکانی عێراق هیچ ڕوونکردنەوەیەکیان سەبارەت بەم بڕیارە نەداوە، تا سوود لە بڕیارەکە وەربگرن، بەڵام ئەوەی دیارە، نەرمی زۆر دەنوێندرێت، بەتایبەت ئەوانەی چەک دادەنێن و بە ویژدانەوە دەگەڕێنەوە باوەشی نیشتیمان و ژیانێکی سەربەرزانە دەژین، وە لە ڕۆژانی دوایی فەرمانگەکان، زانیاری تەواو لەسەر ئەم بابەتە لە ئێستگەی عێراق بڵاو دەکەنەوە"[٣].

هەروەها لە ژمارەیەکی دیکەی هەمان ڕۆژنامەدا هاتووە:

"لیوا عەبدولڕەحمان عارف، سەرۆکی ئەرکانی سوپای عێراق، ڕایگەیاندووە، ژمارەیەکی زۆری کوردەکان، سوودیان لە بڕیاری لێخۆشبوونی سەرۆک عارف وەرگرتووە و چەکیان

(١) البلد، ع(٤٢٢)، ١٩٦٥/١٠/٧.

(٢) البلد، ع(٤٥٠)، ١٩٦٥/١١/١١.

(٣) البلد، ع(٤٤٣)، ١٩٦٥/١١/٣.

داناوە و پەشیمان بوونەتەوە و هاتوونەتەوە ڕێزی نیشتیمان و بە هەزاران خێزان پێشوازییان لەم بڕیارە کردووە"[١].

خاڵێکی دیکە، کە لە وتار و لێدوانی ناو ڕۆژنامەکانی ئەوسا بەرچاو دەکەوێت، زەقکردنەوەی بابەتی عروبە و یەکێتی خاکی عەرەبی و گرێدانی عێراقە بە کێشەی عەرەب، کە خودی سەرکۆمار عەبدولسەلام عارف باوەڕی زۆری بەم بابەتە هەبووە، ڕۆژنامەی (الهدف)[٢] لە ژمارەی ڕۆژی ٢٤ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٦٥ پوختەی وتارێکی عەبدولسەلام عارفی سەرکۆماری، کە بە بۆنەی یادکردنەوەی (شۆڕشی بیست لە عێراق) داویەتی، بڵاوکردووەتەوە، سەبارەت بە عەرەبییێتی خاکی عێراق ئەم خاڵانەی وروژاندووە:

١. خاکی عێراق سەد لە سەد عەرەبی و ئیسلامییە و بنکەیەکە بۆ نەتەوەی عەرەب.

٢. سۆشیالیزمی پتەوی عەرەبی لە بیروباوەڕ و کەلتوور و ڕاستییەکانمان سەرچاوەی گرتووە.

٣. یەکێتی عەرەبی لە خوێن و بیرمانە، لەگەڵمان لەدایکبووە، لە پێناویدا دەژین و دەمرین[٣].

هەروەها ڕۆژنامەی (البلد) لەو بارەیەوە، نووسیویەتی:

"لە کۆتایی ساڵی ١٩٦٥، عەبدولسەلام عارف لە ئەنجوومەنی تەشریعی، وتارێکی پێشکەش کردووە، لەم وتارەدا جەختی لەسەر عەرەبییێتی عێراق و باوەڕی پتەوی بە یەکێتی کۆماری عەرەبیی یەکگرتوو هەیە، لە کۆتایی وتارەکەشدا، هاتووەتە سەر کێشەی کورد و ئاماژە بەوە دەکات، بارزانی گەمارۆ دراوە و هەموو دەرگاکانی لێ گیراوە، تەنیا دەرگای خۆبەدەستەوەدان و سازش لەگەڵ حکوومەتی بەدەستەوە ماوە"[٤].

(١) البلد، ع(٤٥٢)، ١٩٦٥/١١/١٤.

(٢) الهدف: هەفتەنامەیەکی ناسیاسی بوو، لە شاری موسڵ دەردەچوو. لە ڕێکەوتی ٢٧ی ئایاری ساڵی ١٩٦٣ ئیمتیازی دەرچوونی وەرگرتووە، پاشان لە ڕێکەوتی هەشتی تشرینی دووەمی هەمان ساڵ بووە دەرچوونەکەی بووە شێوازی ڕۆژانە. خاوەن ئیمتیازەکەی عەبدولباسیت یونس و شاکر ئەلعەناز بوون. وزارة الاعلام-مديرية الاعلام العامة، المصدر السابق، ١٩٧١، ص٦٣-٦٤.

(٣) الهدف، ع(٤١٥)، ١٩٦٥/١١/٢٤.

(٤) البلد، ع(٤٤٤)، ١٩٦٥/١١/٤.

هەروەها لە دیدارێکی نێوان عەدنان حەکیم سەرۆکی پارتی (النجادة)[1]ی لوبنانی لەگەڵ عەبدولسەلام عارفی سەرکۆمار، عارف جەختی لەسەر ئەوە کردووەتەوە کە عێراق بە تەنگ کێشەی وڵاتانی عەرەبییەوەیە، ئەو وەک عەرەبێک، خاوەنی پەیامی ئیسلامە، بەرگری لە یەکێتی عەرەبی دەکات، ئەمەش لە ڕێگەی هەنگاونان و کارکردن دێتە دی. هەر ڕۆژنامەی (البلد) ڕایگەیاندووە:

"عەبدولسەلام عارف پێشوازی لە ئەندامانی کۆڕی زمانی عەرەبی کردووە و جەختی کردووەتەوە کە عێراق وڵاتی ئێوەیە، خێروبێری ئەو وڵاتە بۆ هەموو عەرەبە لە هەر شوێنێکی وڵاتی عەرەبیدا"[2].

لە ساڵی ١٩٦٦ یشدا، شەڕ لە کوردستان بەردەوام بوو، سوپای عێراق بە هەموو شێوەیەک کەوتبووە وێزەی شۆڕشگێڕانی کورد، یەکێک لەو بابەتانەی بووەتە جێگەی گرنگیپێدانی ڕۆژنامەکانی عێراقی ئەوکاتە، ڕۆڵی ئێران بووە، لە یارمەتیدانی شۆڕشی کورد، ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکان جەختیان لەوە کردووەتەوە، ئێران وەک هاوپەیمانێکی ڕۆژئاوا و پەیمانی سەنتۆ، دەست دەخاتە ناو کاروباری عێراق و دنەی مانەوەی شۆڕشی کورد دەدات. ڕۆژنامەی (الثورة العربية) لە یەکێک لە ژمارەکانی مانگی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٦٦، هەواڵی ئەوەی ڕاگەیاندووە، کە:

"عەدنان پاچەچی[3] وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری دەرەوە، ناڕەزایی توندی بەرامبەر ئێران، سەبارەت بە یارمەتیدانی شۆڕشی کورد دەربڕیوە و ڕایگەیاندووە، وڵاتی ئێران بۆ جێبەجێکردنی مەرامەکانی خۆی، یارمەتی کورد دەدات"[1].

---

(١) پارتی (النجادة)، پارتێکی سیاسی لوبنانیی نەتەوەیی عەرەبی بوو، ساڵی ١٩٣٣ بە سەرکردایەتی محیەددین نسوولی دامەزراوە، ئەم پارتە نوێنەرایەتی عەرەبە موسڵمانەکانی لوبنانی دەکرد، هەڤڕکی پارتی (الكتائب) بوو، کە نوێنەرایەتی لوبنانییە مەسیحییەکانی دەکرد، هەردوو پارتەکە سیمایەکی تائیفییان وەرگرتبوو، لە سەرەتادا بنکەی جەماوەری پارتەکە زۆر لاواز بوو، پاشان لە ساڵی ١٩٣٦ عەدنان حەکیمی مامۆستای زانکۆ، بووە سەرۆکی و توانی گەشەی پێبدات و پێشی بخات. حزب النجادة (wiko.wiki).

(٢) البلد، ع(٤٦٤)، ١٩٦٥/١١/٢٩.

(٣) عەدنان موزاحیم پاچەچی (١٩٢٣/ بەغدا-٢٠١٩/ئیمارات)، باوکی یەکێک بوو لە سیاسییەکانی سەردەمی پاشایەتی لە عێراق، ساڵی ١٩٤٩ بڕوانامەی دکتۆرای لە بەشی زانستە سیاسییەکانی زانکۆی جۆرج تاون لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەدەستهێناوە، دوای شۆڕشی چواردەی تەمموز، بووەتە

ڕۆژنـامەی (المنـار)یش، لە ١٠ی کـانوونی دووەم، هەواڵێکـی بڵاوکـردووەتەوە کە تیایـدا هـاتووە، عەبـدولڕەحمان بەزازی سـەرۆکوەزیران، بـۆ چارەسـەرکردنی کێشـەکانی نێوانیـان، پەیامێکی بۆ ئێران ناردووە، ئامانجیش لەمەدا دوورخستنەوەی ئێران بووە، لە هاوکـاریکردنی شۆڕشـی کـورد[٢]. ڕۆژنـامەی (صـوت العـرب)، لە ١٥ی کـانوونی دووەم، وتـارێکی بەنـاوی (خەونی چۆلەکەکـانی ئیمپریالیسـت لە پڕۆسـەی بـارزانی)[٣] بڵاوکـردووەتەوە کە هێرشـێکی توونـد دەکاتە سەر شۆڕشی کورد و بارزانی بە هانـدراوی ئیمپریالیسـت و هەڕەشـە بـۆ سـەر یەکێتی وڵاتانی عەرەب ناو دەبات، هەروەها هەندێک بابەتی دیـکەش دەوروژێنێـت، وەک، تۆمەتبارکردنی ئێران بە یارمەتیدانی شۆڕشی کورد، کە لە سەرەتادا وشەی (حەشاشین)[٤]، بـۆ ئێران بەکاردەهێنێت و دەڵێت:

"ئەوان پێیان وایە، ئـایینی ئیسـلام بەرگـری لە بەکرێگیـراوان دەکـات، ئەوانەی کە هەمـوو خراپەکـارییەک بەنـاوی ئـایینی ئیسـلامەوە ئەنجـام دەدەن. هەروەهـا لە کۆبـوونەوەی ئەم دواییەی نێوان سەرانی وڵاتـانی ئیمپریالیسـت، پیلانێکـی تۆکمەیـان بـۆ دژایەتیکردنـی قەڵای شۆڕشی نەتەوایەتـی عەرەبـی دارشـتووە، کە قـاهیرە و بەغـدا ڕێبەرایەتـی دەکەن، هەر لەم کۆبوونەوەیەدا بڕیـار دراوە، بـارزانی وەک کـارتی گوشـار بەکـار بێـنن". لەگەڵ ئەم وتـارەدا،

بالیۆزی عێراق لە نەتەوەیەکگرتووەکـان، لە سـەردەمی عەبدولسـەلام عارفـدا، بـووەتە وەزیـری دەرەوەی عێـراق، کودەتـای بەعسـییەکان لەتەممـووزی سـاڵی ١٩٦٨ عێراقـی بەجێهێشـت، مـاوەیەک ڕاوێژکـاری حکوومەتی ئیمارات بوو، دوای ٢٠٠٣ گەڕایەوە بەغدا، پاشان بووە ئەندامی ئەنجوومەنی حوکم، ماوەیەک وەک بە تەمەنترین کەس، سەرۆکی پەرلەمانی عێراق بوو، لە ٢٠٠٣ ڕێکخستنێکی سیاسی ڕاگەیاند، بەناوی گردبوونەوەی دیموکراسیخوازە سەربەخۆکان Adnan Pachachi passes away|Mena – Gulf News

(١) الثورة العربية، ع(٤٦٥)، ١٩٦٦/١/٥.

(٢) المنار، ع(٣٢٧٣)، ١٩٦٦/١/١٠.

(٣) ئەم بابەتە لە نووسینی حسن بکر مصرییە.

(٤) حەشاشین یان حەشاشەکان، جووڵانەوەیەکی ئایینی، ئایدۆلۆژی و سەربازی بوون، لە سەدەی یـازدەی زایینی لەلایەن حەسەن سەباح بـانگخوازی عەلەویـیەوە دروسـت کـراوە، لە سـەر ڕێبـاوەڕی ئیسـماعیلی بوون، ئەوانە بۆ بەرگری لە بیروباوەڕی خۆیان، ڕێگای توندوتیژییان گرتبـووەبەر، قەڵای (ئەلەمووت)یـان لە ناوچەی ئەلبورزی باکووری ئێران کردبووە پێگەی خۆیان، لە ناوەڕاستی سەدەی سێزدەهەم، کۆتایی بە جووڵانەوەکە هێندرا. بڕوانە: برنارد لويس، الحشاشون/حركـة الثوريـة في تـاريخ الاسلام، ت: محمـد عـزب حوسني، مكتبة مدبولي، القاهرة، ٢٠١٠.

وێنەی چەند چەکدارێکی کورد داندراوە، لە ژێرەوە نووسیویەتی: "وێنەی جوولەکە ئێرانییە بارزانییەکان، کە وێنەکە لە ڕۆژنامەیەکی زمانحاڵی باڵیۆزخانەی ئیسرائیل لە ئەڵمانیا وەرگیراوە"[١].

هەر سەبارەت بە یارمەتیدانی ئێران بۆ شۆڕشی کورد، لە مانگی شوبات ڕۆژنامە عێراقییەکان بە گرنگییەوە باسیان دەکرد، بوو، حکوومەتی عێراق جەختی دەکردەوە کە ئێران و ئیمپریالیزم و زایۆنیزم، ڕۆڵیان لە شەڕی پێنجوین[٢] گێڕاوە و یارمەتی شۆڕشی کوردییان داوە، ڕۆژنامەی (الفجر الجدید)، لە مانگی شوبات، دەربارەی ئەم شەڕە نووسیویەتی:

"بۆچی چەتەکان دەیانەوێت دەست بەسەر پێنجویندا بگرن؟ ئیمپریالیزم و زایۆنیزم لە کەناڵەکانیان، پڕوپاگەندە و درۆ و دەلەسە بڵاودەکەنەوە، لە کاتێکدا جەنگاوەرەکان، خەریکن شەڕکەرانی بارزانی لە ناو دەبەن، ئەو کەناڵانە وا پیشان دەدەن کە چەتەکان لە پێنجوین بەسەر هێزەکانی عێراق دا سەرکەوتوونە و بەرەو کەرکووک لە پێشڕەوی دان، تەنانەت دەڵێن موتەسەریفی کەرکووک ڕایکردووە بۆ بەغداد. پرسیار لێرەدایە، بۆچی ئەو چەتانە بەرەو سلێمانی و هەولێر پێشڕەوی ناکەن؟ خۆ سلێمانی لە پێنجوین نزیک ترە، ئەوەی سەیرە ئەمجارە ئیمپریالیزم و زایۆنیزم بە تەنیا ئەم دەهۆڵانە ناکوتن، بەڵکو هاوڕێ و هاوپەیمانەکانیشیان بە هەمان ئاواز دەخوێنن، بەتایبەت ئەو وڵاتانەی لە ترسی تووڕەیی هاووڵاتییەکانیان، خۆیان هاویشتووەتە باوەشی پەیمانی سەنتۆ و ئیسرائیل. کێشەی باکوور پێش هەموو شتێک کێشەیەکی ناوەخۆیی عێراقە، هەر دەستێوەردانێک، لەم بابەتە، واتە دروستکردنی ئیسرائیلی دووەم لەسەر خاکی عێراق. ئەمەش تەنیا مەترسی نییە بۆسەر عێراق، بەڵکو مەترسییە بۆسەر هەموو نەتەوەی عەرەب، ئیمپریالیزم و هاوپەیمانەکانی، ئەمڕۆ لە بەرەی ناپاک و لە یاسادەرچووەکان وەستاون، ئەوەی ئاشکرایە سوپای ئازادمان شەڕ لە دژی براکوردەکانمان ناکات، بەڵکو لە دژی ئەو دەستە و تاخمە دەیکات، کە تێکەڵەیەکە لە تاوانبارە ڕاکردووەکان و چەتە و ڕێگر. کوردەکان بە گشتی لە دۆخی ئاشتی

(١) صوت العرب، ع(١٤٨)، ١٩٦٦/١/١٥.

(٢) شارەدێی پێنجوین سەر بە پارێزگای سلێمانییە، لە سەرەتای ساڵانی پەنجاکانەوە، بووەتە قەزا، هەردوو ناحیەی گەرمک و ناڵپارێز و ١٧٥ گوندی لەخۆ گرتووە، زیاتر بە کشتوکاڵ و ئاودێری بەناوبانگە. هەفتەنامەی گوڵان، ژ(٨٨٩)، ٢٠١٢/٧/٢٣.

دان، ئەوان لە ژێر سایەی فەرمانبەرە کارگێڕی و سەربازییەکان ژیانیان بە ئارامی بەڕێ دەکەن، هەموویان یەکسانن کەس لە کەس باڵاتر نییە. ڕۆژی شەممەی ڕابردوو، بە فڕۆکەیەکی جۆری (هیرۆن)[١] لە فڕۆکەخانەی ڕەشید[٢]ەوە بەرەو کەرکووک بەڕێکەوتین، ئەمەش کاتژمێرێکی پێچوو، لەوێ ئەفسەرێکی هەواڵگری تیپی دوو، پێشوازی لێکردین، بە ئۆتۆمبێلەکەی ئێمەی بردە لای فەرماندەی تیپ، لیوا ڕوکن ئیبراهیم فەیسەڵ ئەنساری، هەموو لایەک جۆش و خرۆشی نیشتیمانیان پێوە دیاربوو، فەرماندە بە گەرمی بەخێرهاتنی کردین و هاتە سەرباسی سەرکەوتنەکانی سوپای عێراق، کە بە زمانی سەربازێکی دڵسۆز دەدوا، گوتی: لە مەوبەر بە تەنیا شەڕمان لەگەڵ چەتەکاندا دەکرد، بەڵام ئەمڕۆ شەڕ لە دژی هاوپەیمانێتی سەنتۆ دەکەین. پاشان ڕاستییەکانی دەربارەی شەڕی پێنجوین خستەڕوو، یەکێک لەوانە، نزیکی ناوچەکە بوو، لە سنووری ئێران، لەم ڕووەوە وەکو دوورگەی عەرەبی وایە، لە سێ لاوە، هاوسنوورە لەگەڵ ئێران، هەروەها بارە دیمۆگرافییەکەی کە ناوچەیەکی سرووشتی سەختە، ئاووهەواکەشی زۆر ساردە، ئێستا (مانگی شوبات)، پلەی گەرمی ١٠ بۆ ١٥ پلە لە ژێر سفر دایە، بەڵام سوپای ئێمە نەوەستاوە و ڕووبەڕوویان بووەتەوە، هەرەسی پێ هێناون، ئێستاش بەردەوامە لە لێدانی چەتەکان"[٣].

ڕۆژنامەی (البلد)یش، بە هەمان شێوە، ڕاپۆرتێکی لەسەر شەڕی پێنجوین بڵاوکردووەتەوە، پەیامنێری ڕۆژنامەکە سەردانی ناوچەکەی کردووە، سەرەتا باسی جوگرافیای ناوچەی پێنجوینی کردووە، پاشان هاتووەتە سەر ژمارەی دانیشتووان و تیشکی خستووەتە سەر لایەنی تەندروستی و ڕۆشنبیریی و ئابووریی ناوچەکە، پاشان باس لەوە دەکات کە:

---

(١) فڕۆکەی هیرۆن هاڤیلاند Havilland Hiron: فڕۆکەیەکی بچووکی پەروانەداری بەریتانییە، لەدوای جەنگی جیهانی دووەم، لەلایەن کۆمپانیای (دی هاڤیلاند)ەوە دروستکراوە، دوای بەرهەمهێنانی، بۆ (٣٠) وڵاتی جیهان هاوردە کراوە، کە عێراق یەکێک لەو وڵاتانە بووە. ١٤٩ Examples Built: The Story Of The De Havilland Heron (simpleflying.com)

(٢) سەربازگەی ڕەشید کە لە پێشدا ناوی سەربازگەی (هنێدی) بوو، کەوتووەتە ناو سەربازگەی ڕەشیدی بەغدا، ئەو سەربازگەیەی لەسەردەمی عوسمانییەکان دروستکراوە، دوای هاتنی ئینگلیز بۆ عێراق بایەخی زیاتری پێدراوە و هێزی ئاسمانیشی تێدا داندراوە، لە ناوەڕاستی هەفتاکانەوە، گواسترایەوە بۆ دەرەوەی بەغدا. بڕوانە:

https://www.altaakhipress.com/printart.php?art=٢٠٩٩

(٣) الفجر الجديد، ع(١٢١٧)، ١٩٦٦/٢/٧.

"لەگەڵ چەند ئەفسەرێكی باڵای سەربازی بە فڕۆكە گەشتێكیان بەسەر ناوچەكەدا كردووە و بینیویانە كە چالاكی و جموجۆڵی هاووڵاتییان بە ئاسایی بەڕێوە دەچێت، ناو ماوە بازگەكانی سوپای عێراق بەرچاو دەكەون كە لە ڕێگا گشتییەكان ڕێگری لە چالاكی چەتەكان دەكەن كە دەیانەوێت ئازار بە خەڵكی ناوچەكە بگەیەنن، بۆیە لە كاتی فڕین بە ئاسماندا هیچ شوێنەوارێكی چەتەكانمان لە ناوچەكەدا بەدی نەكرد"[١].

هەر ڕۆژنامەی (البلد) لە ژمارەیەكی دیكەی مانگی شوباتدا، سەبارەت بە پرسی ئێران لێدوانێكی عەبدولڕەحمان بەزازی سەرۆكوەزیرانی بڵاوكردووەتەوە كە تیایدا ئاماژە بە دەستپێشخەری ڕێككەوتن لەگەڵ ئێران دەكات و دەڵێت:

"كێشەی (ئێران-عێراق) لەسەر سنوور، قۆناغی ترسناكی تێپەڕاندووە، كێشەكە كۆتایی پێهاتووە، عێراق بە سیاسەتی حەكیمانەی خۆی، توانیویەتی پاڵپشتییێكی مەعنەوی گەورەی وڵاتانی عەرەبی بە دەستبهێنێت و كاریگەری گەورەی لەسەر كۆتاییهێنان بەو كێشەیە هەبووە، ئێران بە دڵسۆزییەوە هاوكاری چارەسەركردنی كێشەی كورد دەكات، چارەسەری ئەم كێشەیە كەشێكی باشی لێكتێگەیشتن لە نێوان هەردوولادا دەرەخسێنێت"[٢].

ئەوەی لەم لێدوانە تێبینی دەكرێت، درككردنی عێراقە، بە مەترسی هاوكاری ئێران بۆ شۆڕشی كورد، بۆیە هەوڵیداوە دەستپێشخەری دانوستان لەگەڵ ئەو وڵاتەدا بكات، سەرنجی ئێران لەسەر هاوكاریكردنی شۆڕشی كورد دووربخاتەوە، ڕۆژنامەی (الفجر الجدید) لە ژمارەی نیسانی ساڵی ١٩٦٦ نووسیویەتی:

"سەرۆكوەزیرانی عێراق پرۆژەپلانێكی لە بەردەستە، بۆ پتەوكردنی پەیوەندییەكانی لەگەڵ ئێران، بۆ ئەم مەبەستە سەرپەرشتی كۆبوونەوەیەكی ئەنجوومەنی وەزیرانی كردووە، چەند ڕاسپاردەیەكیان خستووەتەڕوو، ئەمەش لەژێر تیشكی سەردانی باڵیۆزی عێراق لە ئێران بووە كە ئەم پێشنیارانەی خستووەتە بەردەم لایەنی ئێرانی"[٣].

---

(١) البلد، ع(٥٢٣)، ١٩٦٦/٢/١١.

(٢) البلد، ع(٥٣٢)، ١٩٦٦/٢/٢٢.

(٣) الفجر الجدید، ع(١٢٦٧)، ١٩٦٦/٤/١١.

سەبارەت بە پەیوەندییەکانی شۆڕشی کورد لەگەڵ ئێران، مەسعود بارزانی ئاماژە بەوە دەدات کە: "لە حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٤ جەنەڕال پاکرەوان[١] سەرۆکی دەزگای ساواک[٢] لە حاجی ئۆمەران[٣] چاوی بە بارزانی کەوت، بە ناوی شاوە قسەی لەگەڵدا کردووە و پەیمانی پێداوە کە یارمەتی پێشکەش بە شۆڕشی کورد بکات، ئەگەر چی بارزانی گومانی لەم پەیوەندییەدا هەبووە، شارەزایی سیاسەتی دووڕووانەی ئێران بوو، بەڵام خۆی وا پیشان دەدا، کە متمانەی بە ئێرانییەکان هەیە"[٤]. بەڵام دیارە ئەم هاوکارییە زیاتر لەم ڕووەوە بووە، کە ئێران چاوپۆشی لە گەیاندنی هەر هاوکارییەکی سەربازی و مرۆیی کردووە، کە بگاتە دەست شۆڕشگێڕان. کریس کۆچێرا[٥] لەم بارەیەوە دەڵێت: "بە هۆی ئەو کێشانەی لە ناوەڕاستی مانگی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٦٥ ەوە، کەوتبووە نێوان ئێران و عێراقەوە، باڵیۆزی ئێران لە بەغداد، داوای لە عێراق کرد، زیاتر ئاگای لە سنوورەکانی خۆی بێت،

---

(١) جەنەڕال حەسەن پاکرەوان (١٩١١/تاران-١٩٧٩/تاران)، دەرچووی کۆلێژی سەربازی فەرەنسا، بەشی تۆپخانەیە، باڵیۆزی ئێران لە فەرەنسا، پاشان پاکستان، پاشان سەرۆکی دەزگای ساواک، دوای شۆڕشی گەلانی ئێران دەستگیرکرا و فەرمانی مەرگی بەسەردا جێبەجێ کرا. بڕوانە: حسن پاکروان | دانشنامه پژوهه پژوهشکده باقرالعلوم (pajoohe.ir)

(٢) ڕێکخراوی ئاسایش و زانیاریی وڵات، کە بە فارسی دەبێتە (سازمان اطلاعات و امنیت کشور) کورتکراوەکەی (ساواک)ە، ساواک لە دەوروبەری ساڵی ١٩٥٥، بە هاوکاری دەزگای هەواڵگری مۆساد و سی ئای ئەی لە ئێراندا دامەزرا و ئامانجی دامەزراندنی هێزی پۆلیسی نهێنی بوو لە ئێران. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: IRAN'S MINISTRY OF INTELLIGENCE AND SECURITY: A PROFILE (fas.org).

(٣) شارەدێی حاجی ئۆمەران، کەوتووەتە باکووری ڕۆژهەڵاتی شاری هەولێر، لە لای باکوورەوە شارەدێی سیدەکانە و لەلای ڕۆژئاواوە شارۆچکەی چۆمان لە باشوورییەوە پارێزگای سلێمانییە و لەلای ڕۆژهەڵاتیشەوە وڵاتی ئێرانە. ساڵی ١٩٧٥ کراوەتە ناحیە. ناوچەیەکی سەرسنووری گرنگە، یەکێک بووە لە پێگە دیارەکانی شۆڕشی ئەیلوول. کوردیپێدیا - حاجی ئۆمەران (kurdipedia.org ).

(٤) مەسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٧.

(٥) کریس کۆچێرا (١٩٣٨/فەرەنسا-٢٠١٧/ فەرەنسا)، نووسەر و توێژەری فەرەنسی ناسراو، بایەخی بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پرسی کورد دەدا. تاوەکو ئێستا زیاتر لە پێنج کتێب و دەیان بابەت و توێژینەوەی لەبارەی پرسی کوردەوە بڵاوکردووەتەوە. کۆچێرا چەند جارێک سەردانی هەرێمی کوردستانی کردووە، بەتایبەتیش لە قۆناخە جیاجیاکانی شۆڕشی ئەیلوول خۆی و هاوژینەکەی خاوەن ئەرشیفێکی گەورەی بواری فۆتۆگرافین دەربارەی کوردستان و شۆڕشی ئەیلوول. Chris Kutschera - Wikipedia .

بەتایبەت کە ئاشکرا بووە، کە کوردەکان لە قۆڵی پێنجوینەوە و بە سەرکردایەتی عەزیز عەقراوی[١]، هێرش دەکەن و دوای شەڕێکی توندی سێ ڕۆژە، زیانێکی گەورە لە سوپای عێراق دەدەن، دوای گرتنی پێنجوین، ٣ ئەفسەر و ٤١ سەربازی عێراق دەکوژرێن. عەبدولعەزیز عوقەیلی وەزیری بەرگری، داوا دەکات، ئێران سنوورەکانی خۆی لە بەردەم شۆڕشگێڕانی کورد دابخات، چونکە ئەم کەلێنە سنوورییانە، زۆربەی پێداویستی کوردەکان لە ڕووی دارایی و ئابوورییەوە بۆ کورد دابین دەکەن"[٢]. دەربارەی هەڵوێستی بارزانی لەسەر پەیوەندییەکانی دەرەوە، شەوکەت مەلا ئیسماعیل[٣] لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا دەڵێت: پەیوەندی بارزانی لەگەڵ وڵاتانی دەرەوە، لە سەر یەك بنەما و یەك بنچینە بوو، دەیفەرموو: کورد پێویستی بە یارمەتی ماددی و مەعنەوی و پشتگیری وڵاتانی دەرەوە هەیە، لەبەر ئەوە من وەک خوازیارێک لەپێناو کورددا هەردوو لەپی دەستم پان کردووەتەوە، بۆ پێشەوەی

(١) عەزیز ڕەشید عەقراوی (١٩٢٤/ئاکرێ-١٩٩٨)، لە ساڵی ١٩٤٣ پەیوەندی بە کۆلێژی سەربازییەوە کردووە و دواتر بەشداری لە چەند خوولێکی سەربازی لە بەریتانیا و یەکێتی سۆڤیەت کردووە. لە تەمووزی ساڵی ١٩٦٢ پەیوەندی بە شۆڕشی ئەیلوول کردووە، ئەوکات پلەی عەقید بووە لە تۆپخانەدا. لە نێوان ساڵانی (١٩٦٤-١٩٧٣)دا، ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە. دوای دەستپێکردنەوەی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٤، لەگەڵ هاشم عەقراوی، حزبێکی نوێی دامەزراند، کە هەمان ناوی پارتی دیموکراتی کوردستانی هەڵگرتبوو. پارتەکەی لەگەڵ حزبی بەعس و حزبی شیوعی، پەیوەندی بە بەرەی پێشکەوتنخوازی نیشتیمانییەوە کرد. ماوەیەک پۆستی وەزیری گواستنەوە بە وەکالەتی وەرگرت. ساڵی ١٩٧٩ پەیوەندی بە حزبی سۆشیالیستی دیموکراتی کوردستانەوە کرد و بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزبەکە هەڵبژێردرا، بەڵام دواتر حزبەکەی بەجێهێشت. حيدر نجم عبد مراد، المصدر السابق، ص٦٧.

(٢) کریس کۆچێرا، کورد لە سەدەی نۆزدە و بیستەمدا، و. حەمە کەریم عارف، کتێبفرۆشی سۆران، چاپخانەی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٦، ل٣٣٤.

(٣) شەوکەت مەلا ئیسماعیل، ساڵی ١٩٣٧ لە شاری سلێمانی لەدایکبووە، ساڵی ١٩٦٠ کۆلێژی پۆلیسی بەغدای تەواوکردووە، بووەتە پۆلیسی گەڕۆک، لە سەرەتاکانی دەستپێکی شۆڕشی ئەیلوول پەیوەندی بە شۆڕشەوە کردووە و بووەتە بەرپرسی دەزگای بێتەل و شیکردنەوەی شیفرە، دوای ڕێککەوتننامەی ئاداری ساڵی ١٩٧٠، کراوەتە فەرماندەی هێزی کەرکووک، تا ساڵی ١٩٧٥ بەردەوام بووە، دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ بە پلەی لیوا دامەزراوە و داوی سێ ساڵ خانەنشین بووە. حيدر نجم عبد مراد، المصدر السابق، ص٥٠.

خۆم، بۆ هەر پشتگیری و یارمەتییەک، وڵاتێک لە وڵاتانی دەرەوە یارمەتی کورد بدات، ناڵێم تۆ کێیت؟[١]

جگە لە ئێران، ڕۆژنامە عێراقییەکان، باسیان لە پەیوەندییەکانی نێوان عێراق و تورکیاش کردووە، یەکێک لە هۆکارەکان، پەیوەندی بە کوردەوە هەبوو، ڕۆژنامەی (صوت العرب) لە مانگی شوبات، ئەم هەواڵەی بڵاوکردووەتەوە:

"وەزیری دەرەوەی تورکیا، لە لێدوانێک بۆ ئاژانسی هەواڵی عێراقی، ڕایگەیاندووە، ئەوان پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئیسرائیل و هەموو ئەو وڵاتانە دەبڕن، کە پشتگیری جووڵانەوە جوداخوازییەکەی بارزانی دەکەن، ئەمەش لە چوارچێوەی ئەوە دێت کە تورکیا هەوڵ دەدات، پەیوەندی لەگەڵ وڵاتانی عەرەبیدا بەهێز بکات"[٢].

ڕۆژنامەی (الجمهورية)یش هەر لە شوباتی ١٩٦٦ هەواڵی ئەوەی ڕاگەیاندووە، تورکیا سنووری بە ڕووی کوردەکان داخستووە و یازدە پەنابەری کورد لە تورکیا کوژراون[٣].

هەر لە مانگی شوبات باڵیۆزی عێراق لە ئەنقەرە لەگەڵ سەرۆک وەزیرانی تورکیا کۆبووەتەوە، باسیان لە بەهێزکردنی پەیوەندی نێوانیان کردووە و باڵیۆزی عێراق، بانگهێشتی بەرپرسانی تورکیای کردووە، سەردانی عێراق بکەن و پەیوەندییەکانیان پتەوتر بکەن[٤].

عەبدولڕەحمان بەزازی سەرۆکوەزیران، کاتێک قسە بۆ ڕۆژنامەنووسێکی تورک دەکات، کە پەیامنێری ڕۆژنامەی (دەیلی نیوز)[٥] لە ئەنقەرە بووە، دەربارەی جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی کورد بەم شێوەیە وەڵامی داوەتەوە:

---

(١) شەوکەت مەلا ئیسماعیل حسن، ڕۆژانێ لە مێژووی شۆڕشی ئەیلوول ١٩٦١-١٩٧٥، تەفسیر بۆ بڵاوکردنەوە و ڕاگەیاندن، هەولێر، ٢٠٠٧، ل٢٥٩.

(٢) صوت العرب، ع(١٦٩)، ١٩٦٦/٢/١٢.

(٣) الجمهورية، ع(٧٥١)، ١٩٦٦/٢/٧.

(٤) الفجر الجديد، ع(١٢١٤)، ١٩٦٦/٢/٣.

(٥) دەیلی نیوز: ڕۆژنامەیەکی ئەمریکییە، ساڵی ١٩١٩ لەلایەن جۆزێف میدل باترسۆنەوە، لە نیۆیۆرک دەرچووە، بە یەکەم ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ئەمریکی دادەندرێت، لە ساڵی ١٩٤٧ەوە، ڕۆژانە، ٢٠٤ ملیۆن دانەی لێ چاپ دەکرێت، لە زۆربەی وڵاتان پەیامنێری هەیە. NY Daily News - New York Daily News

"کوردەکـان یەکـێکن لەو حەوت کـۆمەڵە دانیشـتووانەی عێـراق کە بە یەکسـانی لەگەڵ ئەوانـی دیـکەدا دەژیـن، بـێ ئەوەی هـیچ کێشـەیەک لە ئـارادا بێـت، بەڵام هەنـدێکجار، بە هاندانی بێگانە، دەستەیەک کە نوێنەرایەتی هیچ کوردێـک نـاکەن، دەیانەوێـت هەڕەشـە لە ئاشـتەوایی نیشـتیمانی بـکەن و ئـاژاوە بنێـنەوە، ئامـانجی حکـوومەت تـا ئێسـتا ڕێزگرتنـی کوردەکـان و داننـان بـووە بە مـافی نەتەوایەتییـان، بەم نزیکـانە، یاسـای ئیـدارەی محەلـی دەخەینە ڕوو، جێی خۆشحاڵیە کە زۆربەی کوردەکان، لەگەڵ حکوومەت دان، ڕێژەیەکی کەم لە یاخیبووان، چەکیان بە ڕووی بانگەوازی ئاشتییانەی حکوومەت بەرز کردووەتەوە"[١].

لە مـانگی نیسانیشـدا، ڕۆژنـامەی (الفجـر الجدیـد)، لێـدوانێکی عەبـدولڕەحمان بەزازی سەرۆکوەزیران، بۆ ڕۆژنامەکان بڵاوکردووەتەوە کە تێیدا هاتووە:

"پێشکەوتنەکانی پەیوەندی نێوان (عێراق-تورکیا-ئێران)، لەسـەر بنەمـای هاوکـاری لەگەڵ جیهان بە گشتی بنیات نراوە، لە کاتێکدا عێراق زۆر بـاوەڕی بە کێشـەی نەتەوایەتـی هەیە و ئامادەیە یارمەتی هەر بەشێکی خاکی عەرەبی بدات کە تا ئێستا لە ژێر دەسـتی بێگـانەدایە، پەیوەنـدییەکانمان لەگەڵ تورکیـا زۆر باشـە، بەڵام لەگەڵ ئێـران تـا ئێسـتا یەکلانەبـووەتەوە، هەوڵ دەدەین کێشەکانمان چارەسەر بکەیـن، تکـا دەکەیـن کە ئێـران تێبگـات کە سیاسـەتی ئاشتەوایی هەر بە چاکی دەمێنێتەوە"[٢].

لەگەڵ ئەمانەدا، وڵاتی سعوودیاش، پشتگیری خۆی بۆ حکوومەتی عێراق دەربڕیـوە، وەک لە هەواڵێکی ڕۆژنامەیەکدا هاتووە: "باڵیۆزی سـعوودیا لە عێـراق[٣]، لە شـوباتی سـاڵی ١٩٦٦ بە ڕۆژنامەی (البلد)ی ڕاگەیاندووە، هەڵوێستی سعوودیا ڕوون و ئاشکرایە کە لەگەڵ یەکێتی خاکی عێراقـدایە، هەمـوو جـووڵانەوەیەکی جوداخـوازی تێیـدا ڕەت دەکـاتەوە، سـعوودیا بە ئاگایە لە سەلامەتی عەرەب و موسڵمانەکان"[٤].

ئەوەی جـێگەی سـەرنجە، لەم قۆنـاغەدا، حکـوومەتی عێـراق لە ڕاگەیەندراوەکانیـدا، هەر قسـەکردن و پشـتگیرییەک لە دۆزی کـورد، بە دەسـتێوەردانی کاروبـاری نـاوخۆی عێـراق

(١) البلد، ع(٥١٩)، ١٩٦٦/٢/٦.

(٢) الفجر الجدید، ع(١٢٦٨)، ١٩٦٦/٤/١٢.

(٣) باڵیۆزی ئەوسای سعودیا لە عێراق شێخ عەبدولعەزیز ئەلکحەیمی بوو.

(٤) البلد، ع(٥١٦)، ١٩٦٦/٢/٢.

دادەنێت کەچی پشتگیری ئەو وڵاتانە لە عێراق بۆ سەرکوتکردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بە ڕەوا دەزانێت و بە گرنگییەوە لە ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکانیان باسیان لێوە کردووە.

لەگەڵ ئەمانەدا، ڕۆژنامە عێراقییەکان، هەر لە مانگی کانوونی دووەمەوە، تا حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٦، هەواڵی شەڕەکانی سوپای عێراقیان لە باکوور بڵاو دەکردەوە، لە زۆربەی هەواڵەکانیشدا خاڵی بەهێزی سوپای عێراق و دۆخی لاوازی شۆڕشی کوردییان، بە زێدەڕۆییەوە زەق دەکردەوە، ڕۆژنامەی (الفجر الجديد) لە ژمارەی ڕۆژی دووی شوباتی ساڵی ١٩٦٦ هەواڵێکی سەبارەت بە کۆنترۆڵکردنی (بەنداوی دووکان)[١] لەلایەن سوپای عێراقییەوە ڕاگەیاندووە و هاتووە:

"دووکان کەوتەوە دەست هێزەکانمان، سەرچاوەیەکی سەربازی بۆ پەیامنێری ڕۆژنامەکەمان ڕایگەیاندووە، لە کاتی ئێستادا بەنداوی دووکان لە دەستی هێزەکانی سوپای عێراقـ دایە، بە پێچەوانەی ئەو لێدوانانەی کە کەناڵە ئیمپریالییەکان ڕایانگەیاندووە"[٢]. هەروەها ڕۆژنامەی (البلد)یش لە هەمان ڕۆژدا، هەواڵێکی دەربارەی شەڕی (گوڵان)[٣] بڵاوکردووەتەوە، نووسیویەتی: "هێزەکانی سوپای عێراق ناوچەی (گوڵان)یان لە یاخیبووان پاک کردووەتەوە، ١٠ کوژراو و ٤٠ برینداریان لە دوای خۆیان جێهێشتووە، یەکێک لەوانە ئەتروشی[٤] بووە، کە لە پێنجویندا ستەمی زۆری ئەنجام داوە، بەتایبەت لە ساڵی ١٩٦٣، بۆ ئەم مەبەستە شاندێکی ڕۆژنامەنووسان، سەردانی یەکە سەربازییەکانیان لە باکووری وڵات کردووە کە لە چەتەکان پاککراوەتەوە، هەموویان دڵسۆزانە خەریکی بە جێگەیاندنی ئەرکە نیشتیمانییەکانیان بوون، سەرکەوتنەکانی ئەم دواییانە، هێز و وزەی زیاتر کردوون، لە شەڕەکاندا ئازایەتی بێوێنەیان نواندووە، نوێنەرمان نووسیویەتی، ئێوارەی دوێنێ، گەیشتینە

(١) بەنداوی دووکان، کەوتووەتە سەر سەر زێی بچووک لە سلێمانی، بەردی بناغەی ئەم بەنداوە لە ساڵی ١٩٥٤ لەلایەن مەلیکی عێراق، مەلیک فەیسەڵی دووەمەوە دانراوە، ساڵی ١٩٥٩ تەواو بوو، کە لەلایەن کۆمپانیای دۆمیزبالوتی فەڕەنسییەوە ئەنجامدرا، بە سەرپەرشتی هەردوو کۆمپانیای بنی دیکن و کۆرلی. ئەم بەنداوە بڕی ١٤ ملیۆن دیناری ئەو سەردەمەی تێچوو. کوردیپێدیا - بەنداوی دوکان (kurdipedia.org).

(٢) الفجر الجديد، ع(١٢١٤)، ١٩٦٦/٢/٣.

(٣) لە عەرەبییەکە نووسراوە (کولان)، ڕەنگە مەبەستی گوندی گوڵانی نزیک هەڵەبجە بێت.

(٤) مەبەست لە عەبدولوەهاب ئەترووشییە، ئەوسا فەرماندەی هێزی شۆڕش بوو، لە ناوچەکە، دوای ڕێککەوتنامەی ئادار کرایە پارێزگاری هەولێر.

ناوچەی (سەید سادق)، ئەو ناوچەیەش بە تەواوی کۆنترۆڵ کرابوو، هیچ چەتەیەکی لێ نەمابوو"[١].

هەر لە مانگی شوباتدا، ڕۆژنامەی (الفجر الجدید)، لێدوانێکی عەبدوللەتیف دەراجی[٢] وەزیری ناوخۆی بۆ ئاژانسی هەواڵی (شرق الاوسط) بڵاوکردووەتەوە، کە بەڵێنی ئەوەی داوە، لە بەهاری ئەو ساڵە، کۆتایی بە بارزانی بهێنن و دەڵێت:

"دۆخی باکووری وڵات لەژێر کۆنترۆڵ دایە، یاخیبووان تەنیا چیا دوورەکانیان بە دەست ماوەتەوە، ئەم وەرزی زستانە تاکە هیوایەکی مانەوەی یاخیبووانە، کاتێک هێزەچەکدارەکانمان گەیشتنە ئەوێ، ڕاوەدوویان دەنێن و کۆتاییان پێ دەهێنن. ئێستا زۆربەی کوردەکان، لایەنگری حکوومەتی عێراقین، کە لە نێوانیاندا ٣٠ هەزار کورد، لە دژی بارزانی چەکیان هەڵگرتووە و بەرەنگاری بیری ئۆتۆنۆمی بوونەتەوە کە ئەمە خەون و ئارەزووی تایبەتی مەلا مستەفایە"[٣].

لە مانگی ئاداریشدا شەڕ بەردەوام بوو، ڕۆژنامەی (الفجر الجدید) هەواڵی سەردانێکی عەبدولسەلام عارفی بۆ ناوچەی باکوور بڵاوکردووەتەوە، نووسیویەتی:

"هێزە نەبەزەکانمان، لە باکووری وڵات، ڕاوەدووی بارزانیان ناوە، ناوچەی باکوورییان لە تاوان و خراپەکاری پاک کردووەتەوە، ئەو سەرکەوتنانەی بەسەر بارزانیدا تۆمارکراون، دەبنە مایەی گەڕانەوەی ئارامی و خۆشگوزەرانی بۆ وڵات. عەبدولسەلام دووپاتی کردەوە، ئەو شانازی بە سوپایەک دەکات، کە خۆی تیایدا سەرباز بووە و سێ شۆڕشی گەورەی

(١) البلد، ع(٥١٦)، ١٩٦٦/٢/٣.

(٢) عەبدولەتیف دەراجی (١٩١٣/ئەنبار-١٩٦٦/بەسرا)، دەرچووی کۆلێژی سەربازیی مەلەکی ساڵی ١٩٣٨ە، دوای شۆڕشی چواردەی تەمووز لە سەربازگەی جلەولا بە پلەی عەقید کاری کردووە، لە نێوان ساڵی ١٩٥٩-١٩٦١ موتەسەریفی لیوای واست پاشان لیوای موسڵ بوو، لە نێوان ساڵانی ١٩٦٣-١٩٦٥، باڵیۆزی عێراق بوو لە لیبیا و تورکیا، پاشان لە کابینەکەی عەبدولڕەحمان بەزاز بووە وەزیری ناوخۆ. یەکێک بوو، لەوانەی لە ڕووداوی سووتانی فڕۆکە لەگەڵ عەبدولسەلام عارف، گیانی لەدەستدا. الگاردینیا- مجلة ثقافیة عامة- المرحوم عبداللطیف الدراجي. سیرة رجل وزیر الداخلیة الذي استشهد مع عبدالسلام عارف (algardenia.com)

(٣) الفجر الجدید، ع(١٢٣٤)، ١٩٦٦/٢/٢٨.

هەڵگیرساندووە[١]. ئەم بەسەرکردنەوە کتوپڕەی عەبدولسەلام عارف، بۆ ناو یەکەکانی سوپا، ئەوەی پیشاندا کە سوپا چەندە سەرۆکیان خۆش دەوێت"[٢].

هەر هەمان ڕۆژنامە لە مانگی ئادار، لێدوانێکی عەبدولعەزیز عوقەیلی وەزیری بەرگری، بۆ پەیامنێری ئاژانسی هەواڵی عێراقی لە موسڵ بڵاوکردووەتەوە و ڕایگەیاندووە:

"ئێستا دۆخی ئاسایشی باکوور بە بەراورد بە ڕابردوو، جێگیرە، تا دێت باشتریش دەبێت و ئاماژەی بەوە داوە کە ئەو لە سەردانێکیدا بۆ ناو یەکەکانی سوپا لە باکوور، دۆخی سەربازانی زۆر بە چاکی بینیوە و ورەیان بەرز بووە، ئەوان لەسەر ئەو ڕێچکەیە دەڕۆن کە دوای ئەنجامدانی چەند کۆبوونەوەیەک بڕیاری لێدراوە، وەزیری بەرگری سەردانی ناوچەکانی سەید سادق، پێنجوین، چوارتا، دوکان، قەڵادزێ، ڕانیە، کۆیە، هەولێر، ڕەواندز، ئاکرێ، شێخان، ئامێدی، دهۆک، سەرسنگ و زاخۆی کردووە"[٣].

لە مانگی نیسانیشدا، عەبدولسەلام سەردانێکی بەسرای کردووە، لە لێدوانێکی کە لە کۆبوونەوە لەگەڵ پارێزەران داویەتی، لە ڕێکەوتی ١٢ی نیسانی ١٩٦٦، گوتوویەتی:

"ئێمە خوێنمان لە کۆتری ئاشتی ناوێت، بەڵکو پێشوازی لە هەموو شتێکی باش دەکەین، بەڵام دیارە ئێمە ئامادە نین سازش لەسەر بڕینی یەک تاڵە مووی ئەو وڵاتە بکەین، ئێوە دەزانن کێشەی باکوور سیاسییە، نەک سەربازی. ئیمپریالیست سەقامگیری ئەم وڵاتەی ناوێت، بۆیە کوردە دڵسۆزەکان و هۆزە کوردییەکان، لەگەڵ ئێمەن دژی جیابوونەوەن، ئەوەی دەمێنێ تەوە دەستەیەکی بچووکن، بەرژەوەندییان لە سەقامگیریدا نییە، ئێمە بانگەشەی سەرکوتکردنی نەتەوەیی ناکەین، تەنیا کێشەمان لەگەڵ یاخیبووانە کە کاری تێکدەرانە دەکەن، سوپای عێراقی نەبەز بە ئەرکی خۆی هەڵساوە، بۆ سەرکوتکردنیان و ئەم سوپایە بۆ یەکێتی خاکی عێراق کار دەکات. لە باکوور تا باشوور، ئێمە هەڵساوین بە کردنەوەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاوەدانکردنەوەی باشوور، تا خزمەتگوزاری گشتی بگەیەنینە ناوچەکە، بڕوامان بە پرەنسیپی لامەرکەزییەت هەیە، ئیتر یاخیبووان لەوە زیاتر

(١) مەبەستی لە شۆڕشی چواردەی تەمموز و کودەتای ٨ی شوبات و کودەتای تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٦٣ە. جێگەی سەرنجە کە ئەم دووەی دواییان بە شۆڕش ناوبرێت.

(٢) فجر الجدید، ع(١٢٤٣)، ١٩٦٦/٣/١٠.

(٣) فجر الجدید، ع(١٢٤٤)، ١٩٦٦/٣/١١.

چیان دەوێت، پەنا بە خوا لە ماوەیەکی کەم کۆتاییان دێت، ئەوسا دەست دەکەین بە ئاوەدانکردنەوەی وڵات"[١].

بەڵام ڕۆژێک دوای ئەم لێدوانە، واتە ڕۆژی ١٣ی نیسان، عەبدولسەلام عارف لەناو فڕۆکە لە ئاسمانی بەسرا گڕی گرت و خۆی و هاوگەشتەکانی بەهۆیەوە گیانیان لە دەستدا، ڕۆژنامەکانی عێراق بە گرنگییەوە ڕووداوەکەیان باس کردووە، ڕۆژنامەی (الحیاة)[٢] ڕاپۆرتێکی تەواوی لەسەر ڕووداوەکە بڵاوکردووەتەوە و نووسیویەتی:

"فڕۆکەکە لە نزیک گوندی (النشوة) کەوتووەتە خوارەوە، خەڵکی بەسرا سەرەتا باوەڕیان نەدەکرد، بەڵام دواتر هەواڵەکە پشتڕاست کرایەوە، لەم ڕووداوەدا لەگەڵ سەرکۆمار، هەریەک لە وەزیری ناوخۆ و پیشەسازی و موتەسەڕیفی بەسرا و فڕۆکەوان و پاسەوانەکانی گیانیان لە دەستدا، یەکسەر بەرپرسانی باڵای سەربازی و کارگێڕی لە بەغدادەوە گەیشتنە بەسرا، بۆ گواستنەوەی تەرمەکان بۆ بەغدا و بە خاکسپاردنیان"[٣].

ئەوەی جێگەی سەرنجە لەو ماوە نزیکەی سەرکۆمار بۆ لەناوبردنی شۆڕشگێڕانی کورد دایناپوو، کەچی زۆر پێش ئەو ماوەیە، خۆی لەناوچوو.

---

(١) فجر الجدید، ع(١٢٦٨)، ١٩٦٦/٤/١٢.

(٢) الحیاة، ڕۆژنامەیەکی سیاسی بوو، لە شێوەی هەفتانە لە بەسرا دەردەچوو، ساڵی ١٩٦٥ ئیمتیازی دەرچوونی وەرگرتووە، خاوەنەکەی عەبدولقادر ئەلسیاب و سەرنووسەرەکەی ئیسماعیل داغر و سکرتێری نووسینی کامل عباچی بوو. ژمارە (٥٣)ی ساڵی یەکەمی، لە شازدەی حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٦ دەرچووە.

(٣) الحیاة، ع(٣٧)، ١٩٦٦/٤/١٩.

## تەوەری سێیەم

### هەڵوێستی ڕۆژنامە عێراقییەکان بەرامبەر شۆڕشی ئەیلوول لە ماوەی حوکمڕانی عەبدولڕەحمان عارف (نیسانی ١٩٦٦- تەمموزی ١٩٦٨)

دوای سووتانی عەبدولسەلام عارف لە نێو فڕۆکەدا، عەبدولڕەحمان عارفی برای، هەر لە مانگی نیساندا شوێنی گرتەوە، ئەویش عەبدولڕەحمان بەزازی ڕاسپارد بۆ پێکهێنانی وەزارەتێکی تازە. دوای ئەوەی عەبدولڕەحمان بووە سەرکۆمار، ماوەیەک شەڕ لە کوردستان وەستا، سەرکۆماری تازە ئارەزووی لە ئاشتی بوو، دەیویست خۆی لە شەڕ دووربگرێت، ئەگەرچی ڕایەکی جێگیری نەبوو، خاوەن بڕیاری یەکجاری نەبوو، بەڵام گفتوگۆی لا باشتر بوو[١]. ڕۆژنامەی (الجمهورية) لێدوانێکی سەرکۆماری بڵاوکردووەتەوە کە بۆ ڕۆژنامەکان داویەتی و دەڵێت:

"من باوەڕم وایە، برا کوردەکانمان، زۆر بە تەنگ خاکی وڵاتەکەیانن و هاوکاری برا عەرەبەکانیانن، بۆ یەکێتی خاکی وڵات و کارکردن، بە یەک دەست، لە پێناو بەرزکردنەوەی ئاستی نیشتیمان و نەتەوەکەمان و چاککردنەوەی، لە دەستی پیسی ئیمپریالیزم"[٢].

هەروەها ڕۆژنامەی (الثورة العربية)، لێدوانێکی سەرکۆماری لەگەڵ ئاژانسی (شرق الاوسط) بڵاوکردووەتەوە کە لەوێدا وێڕای ئامادەیی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد، کە چی مەلا مستەفای بارزانی بە تاکە کوردی جوداخواز دادەنێت و دەڵێت: "ئێمە نکۆڵی نەتەوەییتی کورد ناکەین، ئەوان برای ئێمەن، بڕوایان بە یەکێتی خاکی عێراق هەیە، بەڵام مەلا مستەفای بارزانی، تاکە کوردێکی جوداخوازە و بەکرێگیراوی ئیمپریالیزمە. ئێمە بڕوامان بە چارەسەرکردنی کێشەی کورد هەیە، لە ڕێگەی ئیدارەی محەلی کە بارە نەتەوەییەکەیان زیاتر دیاردەخات و دابونەریت و کەلتوورییان پارێزراو دەکات"[٣].

---

(١) مەسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل٢١٤.

(٢) الجمهورية، ع(٨١٨)، ١٩٦٦/٤/١٩.

(٣) الثورة العربية، ع(٥٤٧)، ١٩٦٦/٤/١٩.

وێڕای ئەمە، سەرکۆمار لە ڕێکەوتی ٢٨ی نیسان، زەید ئەحمەد عوسمان[١]ی ناردە لای بارزانی لە گەڵاڵە، داوای لێکرد لە گەڵیدا بکەوێتە گفتوگۆ، بارزانی خۆشحاڵی و ئامادەیی خۆی بۆ دانوستان دەربڕی[٢].

هەر لە مانگی نیسان، عەبدولڕەحمان بەزازی سەرۆک وەزیرانیش هەڵوێستی ئاشتەوایی ڕاگەیاندووە، ڕۆژنامەی (الجمهورية) لێدوانێکی سەرۆک وەزیرانی بڵاوکردووەتەوە، کە لە ڕۆژی ٢٢ی نیساندا داویەتی، تیایدا هاتووە:

"کوردەکان نایانەوێت جیا ببنەوە، ئەوان برای ئێمەن لە وڵاتی عێراقدا، ئەوان نەتەوەیەکی جیاوازن، مافی خۆیانە شانازی بەمە بکەن و پارێزگاری لە کەلەپوور و زمان و بوونی خۆیان بکەن، لەسەر ئێمەیە مافەکانیان لە بەرچاو بگرین و جۆرێک لە سەربەخۆیی بە پارێزگاکانی باکوور ببەخشین"[٣].

بەڵام ئەفسەرە گەورەکانی سوپا ناڕەزاییان لەم دەستپێشخەرییەی سەرکۆمار دەربڕی و داوای دووبارە هێرش بۆ سەر کوردستان و جێبەجێکردنی پلانی (توكلت على الله)[٤]یان لێ کردەوە. عەبدولڕەحمان عارفیش ڕەزامەندی پیشان دا. بەمەش جارێکی دیکە، لە مانگی ئایار، شەڕ لە کوردستان دەستپێکردەوە. یەکێک لەو شەڕانەی کە لەو مانگەدا و لە ڕۆژی ١٢ی ئایار، ڕووبەڕووی هێزی پێشمەرگە، ڕوویدا، شەڕی هەندرێن بوو، لەم شەڕەدا سوپای

(١) زەید ئەحمەد عوسمان (١٩٢٤/هەولێر-١٩٧٨/بەغدا)، پارێزەر و سیاسەتکاری کورد، دەرچووی کۆلێژی مافی بەغداە، دوای دەرچوونی لە کۆلێژ بە کاری پارێزەری خەریک بووە، پاشان بووەتە ئەندامی خوولی شازدەهەمی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق وەک نوێنەری لیوای هەولێر، هەروەها ئەندامی ئەنجوومەنی یەکێتی هاشمی (عێراق-ئوردن) بووە، ڕۆڵی لە شۆڕشی ئەیلولدا گێڕاوە، دوای نسکۆی ١٩٧٥، ڕووی کردووەتە فەرەنسا و لەوێش بە نەخۆشی گیانی لە دەستداوە. بڕوانە: ئەحمەد حەمەدئەمین ئۆمەر، ئەندامە کوردەکانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، چاپەمەنی شەهاب، هەولێر، ٢٠٠٧.

(٢) مەسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٢٢.

(٣) الجمهورية، ع(٨٢٢)، ١٩٦٤/٤/٢٤.

(٤) پلانی (توكلت على الله)، ئەم پلانە لەلایەن عەبدولعەزیز عوقەیلی وەزیری بەرگری عێراق، لە نیسانی ساڵی ١٩٦٦ داڕێژرابوو، ئامانجەکەی، داگیرکردنی بارەگاکانی سەرکردایەتی شۆڕش بوو، لیوا سەربازییەکانی یەک تا پێنج تێیدا بەشداربوون، بڕیار وابوو لە ١٥ی نیسانی ١٩٦٦ جێبەجێ بکرێت، بەڵام بەهۆی مردنی عەبدولسەلام عارف، جێبەجێ نەکرا، لە ئایاری ساڵی ١٩٦٦، دەست بە جێبەجێکردنی کرا، تا حوزەیرانی ئەوساڵە بەردەوام بوو. مەسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل٢١٣.

عێراق زۆر بە سەختی تێکشکا، نزیکەی ٤٠٠ کوژراو و ٦٠ بریندار و چەندان جۆری چەکی قورس و سووکیشیان کەوتە دەست هێزەکانی پێشمەرگە[١].

ڕۆژنامە عێراقییەکان لەگەڵ دەستپێکردنەوەی شەڕ، کەوتنەوە بەرەی بەرگریکردن لە سوپای عێراق، ڕۆژنامەی (الوطن)[٢]، لە ژمارەی ڕۆژی ٢١ی ئایاری ساڵی ١٩٦٦، بە مانشێتێکی گەورە نووسیویەتی: "سەرچاوەیەکی ئاگادار جەخت دەکاتەوە، لە کوژرانی لوقمان مستەفا بارزانی[٣]" لە ناوەرۆکەکەشیدا هاتووە کە گوایە لە ئەنجامی شەڕی سەختی سوپای عێراق لە ناوچەی ڕەواندز، ژمارەیەک لە یاخیبووان، لە نێوانیان لوقمان مستەفا بارزانی کوژراوە"[٤].

دیارە ئەم هەواڵە دەنگدانەوەی هەبووە، ڕۆژنامەیەکی لوبنانیش ئەم هەواڵەی بڵاوکردووەتەوە[٥]. جەمال نەبەز لەو بارەیەوە دەڵێت: "بەزاز ناچاری هەندێک درۆ و دەلەسە بوو، تا ورەی ڕووخاوی سوپاکەی ڕابگرێت، بڵاوی کردەوە گوایە لوقمان کوژراوە، یەک ڕۆژ پاش ئەم کوشتنە، لەگەڵ لوقمانی مردوودا، گفتوگۆی کرد"[٦].

لە مانگی حوزەیرانیشدا شەڕ بەردەوام بوو، ڕۆژنامەی (الفجر الجديد) لە ڕێکەوتی ٢ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٦ لێدوانێکی لیوا شاکر مەحموود شوکری وەزیری بەرگری[٧]، لە کابینە تازەکەی عەبدولڕەحمان بەزازی، بڵاوکردووەتەوە، کە تیایدا هاتووە:

---

(١) هەمان سەرچاوە، ل٢٢٢.

(٢) الوطن: لەسەری نووسراوە، ڕۆژنامەیەکی عەرەبی سەربەخۆی گشتییە. ژمارە یەکی ساڵی یەکەمی لە ساڵی ١٩٦٦ لە شاری بەغدا دەرچووە، (عبدالحميد التحافي) بەڕێوەبەر و هادی دراجی سکرتێری نووسینی بووە.

(٣) لوقمان مستەفا محەمەد بارزانی، کوڕی دووەمی مستەفا بارزانییە، یەکێک بوو لە بەشداربووانی شۆڕشی ئەیلوول و ڕۆڵی تێدا گێڕاوە، ساڵی ١٩٨٣ بەر پرۆسەی ئەنفال کەوت.

(٤) الوطن، ع(١١)، ١٩٦٦/٥/٢١.

(٥) ڕۆژنامەی (صفا)ی لوبنانی لە ڕۆژی ٢٠ی ئایاری ساڵی ١٩٦٦.

(٦) جەمال نەبەز، کوردستان و شۆڕشەکەی، ل١٧٦.

(٧) لیوا مەحموود شوکری (١٩١٢/بەغدا-٢٠١٢/بەغدا)، دەرچووی خوولی دوازدەهەمی کۆلێژی ئەرکانی بەغداە لە ساڵی ١٩٤٢، پاشان بەشداری خوولی پێشەنگەکانی بەریتانیای کردووە، ساڵی ١٩٤٨ بەشداری شەڕی فەڵەستینی کردووە، لە پەنجاکاندا پەیوەندی بە ئەفسەرانی ئازادیخواز کردووە، لە نێوان ساڵانی

"سوپای عێراق بە چەکی تازە و پێشکەوتوو ئامادە دەکرێت، کە لەلایەن وڵاتانی بێلایەن و وڵاتـی مسـرەوە ڕەوانە دەکرێـت، ئەم پێشـکەوتنەی سـوپای عێـراق لە هەمـوو بەشـەکاندا دەکرێت، بەشی کیمیایی، بەشی برووسک، یەکەی مەغاویر و چەند یەکەیەکـی دیـکە. کە بە پێشـکەوتووترین شـێواز ڕێکـ دەخرێن، بەم شـێوەیە سـوپاکەمان دەگـاتە لـووتکەی بەرزی شاخەکان و کۆتایی بە یاخیبووان دەهێنێت"[١].

ڕۆژنامەی (البلد)یش هەواڵی سەردانێکی عەبدولڕەحمان عارفی سەرکۆماری بۆ کەرکـووک بڵاوکردووەتەوە، لەوێ لەگەڵ ئەفسـەرانی سـوپا کۆبـووەتەوە، وتـاری بـۆ داون دەستخۆشـی سەرکەوتنەکانی لەو پەلامارانە لێکردوون کە بۆ سەر یاخیبووان ئەنجامیان داون[٢].

ئەگەرچـی لە مـانگی حـوزەیرانی ١٩٦٦ دا شـەڕ بە سـەختی لە کوردسـتان بەردەوام بـوو، بەڵام لە ناوەڕاستی هەمـان مانگـدا، هەنـدێک دەستپێشـخەرییانەی ئاشـتی حکـوومەت بـۆ ڕاگرتنی شەڕ لە باکوور و چارەسەری ئاشـتییانەی کێشـەی کـورد، لە ڕۆژنـامە و بڵاوکراوەکـان بەدی دەکرا. بەتایبەت لە لێدوانەکانی عەبدولڕەحمان بەزازی سەرۆک وەزیرانـدا، ئەم بـابەتە زیاتر ڕەنگی دەدایەوە.

ڕۆژنـامەی (الفجـر الجدیـد) لە ژمـارەی ڕۆژی ١٦ی حـوزەیرانی سـاڵی ١٩٦٦ لێـدوانێکی سەرۆک وەزیرانی بڵاوکردووەتەوە، کە ڕۆژێک پێش ئەم ڕێـکەوتە داویەتـی و ڕایگەیانـدووە، ئەو لە پەیوەندی دایە بـۆ ڕاگرتنـی شـەڕ لە بـاکووری وڵات، جەخـت دەکـاتەوە، لە برایەتـی نێوان عەرەب و کورد، پرۆگرامێکـی بـۆ تەواوی سیاسـەتی حکـوومەتەکەی ڕاگەیانـدووە، بەم نزیکانە ناوەرۆکەکەی بڵاو دەکاتەوە[٣]. ئەمە ئەگەر تەنیا لێدوانێکی سیاسیش بووبێـت، بەڵام ئامـاژەیەکە بـۆ بـوونی نیـازێکی ئاشـتییانە، لەلایەن سـەرۆک وەزیـرانەوە، کە دواتـر لە ٢٩ی مانگی حوزەیراندا ئەنجامەکەی دەبینین، چـونکە ئەم لێـدوانە لە کاتێکـدا دراوە، کە لایەنـی سەربازیی عێراقی لەگەڵ ئەم هەوڵە ئاشتەواییە نەبوون، پێیـان وابـوو، پێویسـتە کێشـەکە بە شەڕ چارەسەر بکرێت و کۆتایی بە شۆڕشی کورد بهێندرێت.

---

١٩٦٣-١٩٦٦، باڵیۆزی عێراق بووە لە ئیسپانیا، لە نێوان سالانی ١٩٦٦-١٩٦٨ وەزیری بەرگری بـووە. بغداد تودع أحد أبطال الجندية العراقية ، على موقع واي باك مشين.

(١) الفجر الجدید، ع(١٣١٠)، ١٩٦٦/٦/٢.

(٢) البلد، ع(٦٢٣)، ١٩٦٦/٦/١٤.

(٣) الفجر الجدید، ع(١٣٢٢)، ١٩٦٦/٦/١٦.

هەر ڕۆژنامەکە لە ڕێکەوتی ٢٧ی حوزەیراندا، ئەم هەواڵەی بڵاوکردووەتەوە:

"ئەنجوومەنی وەزیران لە ڕۆژی ٢٦ی حوزەیرانی ١٩٦٦، کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی بە سەرۆکایەتی عەبدولڕەحمان بەزازی سەرۆک وەزیران ئەنجام داوە، ئاژانسی هەواڵی عێراقی زانیویەتی، بەزاز چەند بابەتێکی تایبەت بە دۆخی هەنووکەیی عێراق، وروژاندووە، بەتایبەت دەربارەی بارودۆخی باکووری وڵات، ئەو هەنگاوانەی ڕوون کردووە، کە لەو بارەیەوە ناویەتی"[١].

بەم شێوەیە ڕۆژی ٢٩ی حوزەیران، عەبدولڕەحمان بەزاز لە تەلەفزیۆنەوە، بەیاننامەیەکی تایبەت بە مافەکانی کوردی ڕاگەیاند، کە بە بەیاننامەی ٢٩ی حوزەیران ناسراوە. ١٢ خاڵی لەخۆ گرتبوو، ڕایگەیاند، حکوومەت پابەندە بە جێبەجێکردنیان. ڕۆژنامە عێراقییەکانی وەک (الجمهورية)[٢] و (الفجر الجديد)[٣] و (الثورة العربية)[٤] و (الاخبار)[٥] و ئەوانی دیکە ناوەرۆکەکەیان بڵاوکردووەتەوە، کە پوختەی خاڵەکانی لەمانە پێکهاتوون:

١. داننان بە مافە نەتەوەییەکانی کورد و جێگیرکردنی لە دەستووری هەمیشەیی عێراقدا.

٢. جێگیرکردنی یاسای پارێزگاکان، لەسەر بنەمای لامەرکەزی، پێدانی دەسەڵاتی جێبەجێکردن بە پارێزگاکان لە بوارەکانی خزمەتگوزاری گشتی.

---

(١) الفجر الجديد، ع(١٣٣١)، ١٩٦٦/٦/٢٧.

(٢) الجمهورية، ع(٨٨٧)، ١٩٦٦/٦/٣٠.

(٣) الفجر الجديد، ع(١٣٣٢)،١٩٦٦/٦/٣٠.

(٤) الثورة العربية، ع(٦١٠)،١٩٦٦/٦/٣٠.

(٥) الاخبار-دەنگوباس: ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەی سیاسی بوو، بە هەردوو زمانی عەرەبی و کوردی، لە هەفتەیەکدا چوار جار لە شاری بەغدا دەردەچوو. ژمارە (یەك)ی لە ڕێکەوتی (٣٠ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٦٦) دا دەرچووە. دوایین ژمارەی کە ژمارە (٤٠٩)یە، لە ڕێکەوتی (١٧ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٦٧) دا، بڵاوکراوەتەوە. خاوەن ئیمتیازەکەی، محەمەد بریفکانی بوو، سەرۆك نووسینی یەکەم جار کامل مەشاهیدی و پاشان سەبیح عەبدولغەنی بووە. محەمەد تۆفیق وردی، سەرپەرشتی بەشە کوردییەکەی، کردووە. عەبدوڵڵا عەباس، ئاماژە بەوە دەکات "کەسی یەکەمی بەشی کوردی ڕۆژنامەکە، دوای محەمەد بریفکانی، محەمەد تۆفیق وردی بوو، منیش لە ساڵی ١٩٦٧ دا، پەیوەندییم بە ڕۆژنامەکەوە کرد و گۆشەیەکی نووسینی تایبەتیم بەناوی (بیرێکی ڕاگوزاری)، تێدا هەبوو". بۆ بەیاننامەکە بڕوانە: ع(٨٥)،١٩٦٦/٦/٣٠.

٣. زمانی کوردی ببێتە زمانی فەرمی لە عێراقدا لە تەك زمانی عەرەبی و خوێندنیش لە ناوچە کوردییەکان بە زمانی کوردی و عەرەبی دەبێت.

٤. بەشداری کورد لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراق، بەپێی ڕێژەی دانیشتووانی ناوچە کوردییەکان.

٥. بەشداری کورد لە دامودەزگا حکوومییەکانی وەک وەزارەت و فەرمانگە گشتییەکانی وەک دادوەری و سەربازی.

٦. بایەخدان بە بواری خوێندنی باڵا، ناردنە دەرەوەی قوتابییانی کورد، گەشەپێدانی زمانی کوردی لە زانکۆی بەغداد.

٧. لە پارێزگا کوردییەکاندا فەرمانبەرانی کورد دادەندرێن، تەنیا مەگەر لە بەرژەوەندی ناوچەکە نەبێت.

٨. بایەخدان بە بواری ڕۆژنامەگەریی کوردی لە چوارچێوەی یاسای ڕۆژنامەوانیدا.

٩. لێبووردنی گشتی بۆ هەموو ئەوانەی بەشداری جووڵانەوەکەی باکوورییان کردووە، گەڕاندنەوەی فەرمانبەران بۆ سەر کارەکانیان.

١٠. لێبووردنی چەکدارانی حکوومەت کە بەشداری جووڵانەوەکەی باکوورییان کردووە، گەڕاندنەوەیان بۆ ناو یەکەکانی سوپا و پۆلیس.

١١. بایەخدان بە ئاوەدانکردنەوەی ناوچەکانی باکوور، لە سەرجەم بوارەکاندا، تەرخانکردنی پارەی پێویست بۆ ئەم مەبەستە.

١٢. گەڕاندنەوەی ئەو کەسانەی ناوچەکانی خۆیان جێهێشتووە، قەرەبووکردنەوەی زیانەکانیان لە دواڕۆژدا.

ڕۆژنامەی (الفجر الجديد) لە ڕۆژی ٣٠ی حوزەیراندا وتارێکی بڵاوکردووەتەوە، تیایدا شەن و کەوی بەیاننامەکەی کردووە، بە هەنگاوێکی ئاشتیخوازانەی گرنگی لە قەڵەم داوە، دژی شەڕکردن لە باکوور و پاشان نووسیویەتی:

"ڕاگەیاندنی ئەم بەیاننامەیە، پێداگیرییە لە ئاشتەوایی، نەک خۆبەدەستەوەدان و سازش کردن"(١).

---

(١) الفجر الجديد، ع(١٣٣٢)،١٩٦٦/٦/٣٠.

ئەگەر چی ئەم خاڵانە مافی سەرەتایی گەلی کورد بوون و خاڵێکی سیاسی کاریگەرییان تێدا نەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا حکومەتی عێراق لە جێبەجێکردنی هەندێکیاندا سستی نواند، لەکاتێکدا سەرکردایەتی شۆڕشی کورد هەوڵی زۆری دا، بۆ جێبەجێکردنی تەواوی خاڵەکانی ڕێککەوتننامەکە، بەڵام هەر جارەی بە پاساوێك کۆسپ دەخرایە پێش جێبەجێکردنیان[1].

سەبارەت بە پێشوازی کورد لە بەیاننامەکە و پشتیوانی لێکردنی، ڕۆژنامەی (البلد) دەقی چاوپێکەوتنێکی ئاژانسی هەواڵی عێراقی، لەگەڵ بارزانی لە کوردستان بڵاوکردووەتەوە، لەم چاوپێکەوتنەدا، پەیامنێری ئاژانس، ئاماژەی بەوە داوە، کە:

"بارزانی ڕازی بووە بە گەڕانەوەی هێمنی و ئارامی و ئاشتی بۆ ناوچەی باکوور، برووسکەشی بۆ لایەنگرانی ناردووە، دەربارەی ڕادەستکردنەوەی چەکە قورسەکان بە حکوومەتی عێراق ی، لە بەرامبەردا پێویستە حکوومەت، پابەندی بەڵێنی خۆی بێت، خاڵەکانی بەیاننامەی ٢٩ی حوزەیران جێبەجێ بکات. هەروەها بارزانی داوای کردووە، پێویستە زیندانییەکان ئازاد بکرێن، پڕۆژەی خزمەتگوزاری لە کوردستان جێبەجێ بکرێت، وەک چاککردنەوەی ڕێگاوبان و پردەکان، بەمەش دوای پێنج ساڵ شەڕ، ئارامی دەگەڕێتەوە بۆ ناوچەکانی کوردستان. پاشان پەیامنێرەکە هاتووەتە سەر ئەوەی کە لە ناوچەی ڕەواندز ژیان ئاساییە، خەڵک خەریکی جێبەجێکردنی کاروبارەکانی خۆیانن، یان لە چایخانەکان دانیشتوون گوێیان لە ڕادیۆی کوردی بەغداد[2] گرتووە، هەروەها ئاماژە بەوە دەکات، کە بارزانی ئارەزووی لە چارەسەرکردنی کێشەکان هەیە، هەروەها بڕوای بە ژیانی دیموکراسی و

(١) هۆشەنگ ساڵح نەجاڕ، بزاڤی ڕۆشنبیری لە شاری هەولێر، ل٧٩.

(٢) پەخشی کوردی ڕادیۆی بەغدا بوو، کە بەپێی زۆربەی سەرچاوەکان، لە ڕێکەوتی (١٩ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٣٩) دا، کراوەتەوە. واتە سێ ساڵ دوای کردنەوەی پەخشی ڕادیۆی بەغدا، لە ساڵی ١٩٣٦ دا. ڕۆشنبیری کورد کامیل کاکەمین، کرایە یەکەم لێپرسراوی پەخشەکە. پەخشی کوردی ڕادیۆی بەغدا کەوتە بایەخدان بە بوارەکانی ئەدەب و هونەریی کوردی. لە ماوەی شۆڕشی ئەیلوولدا، حکوومەتی عێراق ڕادیۆی کردبووە پێگەیەك، بۆ هێرشکردنە سەر شۆڕشی کورد و سەرکردایەتییەکەی، بە جوداخواز و بەکرێگیراوی (کۆمۆنیزم) و (زایۆنیزم) ناویان دەبرد. هەر لە ڕێگەی ڕادیۆوە، هەڕەشەی مردنیان لە هەرکەسێك دەکرد، پاڵپشتی شۆڕشی کورد بکات. هەروەها هەڕەشەی وێرانکردنی گوندەکانی کوردستانیان دەکرد. هۆشەنگ ساڵح نەجاڕ، بزاڤی ڕۆشنبیریی کوردی...، ل٤٣.

پەرلەمـانی هەیە کە نـوێنەری هەمـوو نەتەوە و کەمینەکـان بگـرێتە خـۆی و هەر شـتێک زۆرینەی گەل بیەوێت ئەوا ئەو پشتگیری لێ دەکات"[١].

یەکێکـی دیـکە لەو بابەتـانەی کە ڕۆژنـامە عێراقییەکـان ناوەنـاوە وەک باسـێکی گرنـگ وروژانـدوویانە، دوو لەتبـوونی بـزووتنەوە ڕزگـاریخوازەکەی کـوردە. ڕۆژنـامەی (البلـد) لە یەکێک لە ژمارەکانی شوباتی ساڵی ١٩٦٦، ئەم ڕاپـۆرتەی بڵاوکـردووەتەوە کە پەیامنێریـان لە کوردستان ئامادەی کردووە، لە بەشێکیدا هاتووە:

"لە ئەنجامی گەڕانمان بە ناوچە جیاوازەکانی باکووری نیشتیمان، بینیمان دوو لەتبـوونێکی گەورە لە نێوان چەتەکان دروست بووە، عەباس مامەند ئاغا، یەکێک لە سەرانی یـاخیبوو، کە چەکی بە ڕووی بارزانیـدا بەرزکـردووەتەوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێـت کە نـاوچەی پشـدەر، ڕانیـیە و قەڵادزە و شـوێنەکانی دیـکە کە یـاخی ببـوون، بە ڕووی بارزانیـدا وەسـتاونەتەوە، چوونەتە ڕیزی پشتیوانیکردن لە جەلال تاڵەبانی و ئیبراهیم ئەحمەد کە وەک دوژمنی خۆیان دەڕواننە بارزانی، لە دەرفەتێک دەگەڕێن بۆ نەهێڵانی"[٢].

ڕۆژنـامەی (الفجـر الجدیـد) لە ژمـارەی ڕۆژی ٢٠ی حـوزەیرانی سـاڵی ١٩٦٦، هەواڵـی سـەردانی بـاڵی پێشـووی مەکتەبـی سیاسـی بـۆ لای هەریەک لە عەبـدولڕەحمان عـارفی سەرکۆمار و عەبدولڕەحمان بەزازی سەرۆک وەزیرانی بڵاوکردووەتەوە و نووسیویەتی:

"سـەرکۆماری عێـراق، لە کۆشـکی کۆمـاری پێشـوازی لە هەریەک لە جەلال تاڵەبـانی و حیلمی عەلی شەریف[٣] کرد، کە هاتبوون بۆ پیرۆزباییکردن لە بوونی بەڕێزیان بە سەرکۆمار

(١) البلد، ع(٦٤٦)، ١٩٦٦/٧/١٢.

(٢) البلد، ع(٥١٦)، ١٩٦٦/٢/٣.

(٣) حیلمی عەلی شەریف (١٩٣١/سلێمانی-١٩٩٨/بەغدا)، لە بەعقوبە قۆناغی دواناوەندیی تەواوکردووە. لە ناوەڕاستی ساڵانی چلەکاندا هاتووەتە ناو بزاڤی کوردایەتی. ساڵی ١٩٥٩ بووە هەڵسوڕێنەری ڕۆژنامەی خەبات و لەم بوارەدا خزمەتێکی زۆری حزبەکەی خۆی کرد، لەگەڵ دەستپێکردنی شۆڕشی ئەیلوولدا بـوو بە پێشمەرگە و لە گەرمیان و هەڵەبجە و هەوراماندا لێپرسراوێتی پارتایەتی پێدرا. لە ناوەڕاسـتی ساڵانی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو، لەناو باڵی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردسـتاندا بـوو بە ئەنـدامی مەکتەبی سیاسی و ساڵی ١٩٦٨یش بوو سەرپەرشتیاری ڕۆژنامەی (النور) و پاشان ڕۆژنـامەی (هاوکـاری)، لە ناوەڕاسـتی سـاڵانی هەفتاکانـدا کـۆلێژی زانسـتە سیاسـییەکانی تەواوکـرد. نەوروز یاسـین محەمەد و ئەحـمەد حەمەدئەمـین ئۆمەر(دکتـۆر)، حیلمـی عەلـی شـەریف و ڕۆڵـی لە ڕۆژنامەنووسـی کوردیـدا، ئەکادیمیای کوردی (گۆڤار)، ژ(٥٢)، ٢٠٢٢، ل١٩١.

و ڕایانگەیاند، کە وەستانی شەڕ لە باکوور هیوای هەموو عێراقی و کوردەکانە، هەر هەمان ڕۆژ سەرۆک وەزیرانیش پێشوازی لێکردن، لەم دیدارەدا جەخت لە بەدیهێنانی مافەکانی کورد کراوەتەوە".

لە شوێنێکی دیکەی هەمان ئەو ژمارەیەی ڕۆژنامەکەدا، هەواڵی پێشوازی سەرکۆمار لە هەندێک سەرۆک هۆزی کوردی لیوای موسڵ بڵاوکراوەتەوە، کە مەبەستی پیرۆزبایی وەک سەرکۆمار هاتبوونە لای[١].

سەبارەت بە هەنگاوەکانی حکوومەتی عێراق، بۆ جێبەجێکردنی بەیاننامەی ٢٩ی حوزەیران، ڕۆژنامەکان، هەندێک هەواڵ و لێدوانیان بڵاوکردووەتەوە، ڕۆژنامەی (البلد) لە ڕێکەوتی یەکی ئابی ساڵی ١٩٦٦ لێدوانێکی سەرۆک وەزیرانی بڵاوکردووەتەوە، کە تیشکی خستووەتە سەر ناوەرۆکی بەیاننامەکە و دەڵێت:

"باوەڕی تەواومان بە کێشەی کورد لە چوارچێوەی یەکێتی خاکی عێراق هەیە، ئەمەش لە ڕێگەی خۆیەتی کوردان (الذاتية الكردية) بەدی دێت، بەڵام ئەمە بە مانای خۆڕێبەری نایەت، چونکە کوردەکان خۆیان قبووڵی خۆڕێبەری ناکەن و نایانەوێت لە عێراق جیا ببنەوە، بۆیە ئەوان ئێمە مافەکانی ئەوان لە یاسای عێراقدا جێگیر دەکەین"[٢].

لە ڕێکەوتی ١٩ی ئابی ١٩٦٦ ڕۆژنامەی (الفجر الجديد) ئەم هەواڵەی بڵاوکردووەتەوە:

"عەمید ڕوکن زەکی حوسێن حیلمی فەرماندەی تیپی یەکی سوپای عێراق، بۆ پەیامنێری ئاژانسی هەواڵی عێراق ی لە هەولێر، ڕایگەیاند، کەرتەکانی تیپی یەکی لیوای هەولێر، هەڵساون بە جێبەجێکردنی پرۆگرامی ئاوەدانکردنەوەی باکوور، بۆ ئەم مەبەستە هەڵساون بە چاککردنی ڕێگای نێوان مەسیف و چیای سەفین، کە درێژییەکەی ١٤ کیلۆمەتر دەبێت، ئەم ڕێگایە گرنگییەکی گەورەی لە ڕ واری کەرتی گەشتیاری لە سەر چیای سەفین هەیە، هەروەها ڕایگەیاند، ڕێگای هەریر-بالیسان-ڕانییە تەواو بووە، هەروەها کارکردن لە ڕێگای ڕەواندز بۆ چیای کۆڕەک بەردەوامە، ئەمە وێڕای بەشداری یەکەکان لە ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان و چاککردنەوەی ڕێگاوبانەکان"[٣].

(١) الفجر الجديد، ع(١٣٢٥)، ١٩٦٦/٦/٢٠.

(٢) البلد، ع(٦٦٢)، ١٩٦٦/٨/١.

(٣) الفجر الجديد، ع(١٣٧٤)، ١٩٦٦/٨/١٩.

ئەوەی لەم هەواڵەدا جێی سەرنجە، بۆچی تیپێکی سەربازی بەم کارانە هەڵدەستێت؟ لە کاتێکدا وەزارەتێکی تایبەت بە کاروباری ئاوەدانکردنەوەی باکوور هەبووە. ئەمە دەمانخاتە سەر ئەو باوەڕەی کە حکوومەتی عێراقی ئەمەی بە دەرفەت زانیوە، تا ئەو ڕێگایانە بۆ مەبەستی سەربازیش نۆژەن بکاتەوە، ئەگەرنا بۆچی دەزگایەکی سەربازی کاری دەزگاییێکی مەدەنی ڕادەپەڕێنێت؟

هەر ڕۆژنامەی (الفجر الجدید) لە ژمارەی ٢٩ی ئابی ساڵی ١٩٦٦، هەواڵێکی دیکەی بڵاوکردووەتەوە:

"ناجی تالیب[١] سەرۆکوەزیران، ئێوارەی ڕۆژی ٢٨ی ئاب، بڕیاریدا بە هەڵگرتنی سزای دەستبەسەرداگرتنی ماڵ و سامانی مستەفا بارزانی و ٢٤٠ کەس لەوانەی لە ڕووداوەکانی باکوور بەشدارییان کردووە. ئەمەش لە چوارچێوەی بڕوابوونی حکوومەتە، بە گەڕانەوەی ژیانی ئاسایی بۆ باکووری وڵات"[٢].

ڕۆژنامەکە ناوی ژمارەیەک لەو کەسانەی بڵاوکردووەتەوە کە بەر ئەو بڕیارە کەوتوون کە جگە لە کورد، ناوی ژمارەیەک عەرەبیشی تێدایە.

ڕۆژنامەی (البلد) لە ئەیلوولی ساڵی ١٩٦٦ لێدوانێکی وەزیری ئاوەدانکردنەوەی عێراقی بڵاوکردووەتەوە و تیایدا هاتووە:

"حکوومەت لە ڕۆژانی داهاتوو، چەند هەنگاوێک دەنێت بۆ گەڕانەوەی دۆخی ئاسایی بۆ باکووری وڵات، یەکێک لەوانە، یاسای لێخۆشبوون و هەڵگرتنی گەمارۆی ئابووری و گەڕاندنەوەی دوورخراوەکان و گەڕاندنەوەی سامانە زەوتکراوەکانە، ئەمە وێڕای کۆمەڵێک کاری دیکەی خزمەتگوزاری"[٣].

لە چوارچێوەی یاسای لێبووردنی گشتیشدا، هەمان ڕۆژنامە، لە ڕێکەوتی ٥ی ئەیلوولی ساڵی ١٩٦٦ ڕایگەیاندووە:

(١) ناجی تاڵیب (١٩١٧/ناسرییە-٢٠١٢)، ئەفسەر و سیاسەتکاری عێراقی، ساڵی ١٩٥٠ کۆلێژی ئەرکانی لە بەریتانیا تەواوکردووە، یەکێک بووە لە دامەزرێنەرانی ئەفسەرانی ئازادیخواز، بەشداری شۆڕشی ١٤ی تەممووزی کردووە، دوای شۆڕش، چەند جارێک بووەتە وەزیر، ساڵی ١٩٦٦ بووەتە سەرۆک وەزیران، تاکو ئاياری ١٩٦٧ بەردەوام بووە. ناجي طالب: القائد الوطني والقومي (myportail.com)

(٢) الفجر الجدید، ع(١٣٨٢)، ٢٩، ١٩٦٦/٨/٢٩.

(٣) البلد، ع(٦٩١)، ١٩٦٦/٩/٤.

"بڕیاری لێخۆشبوون بۆ چەند هاوولاتییەک دەرکراوە، کە بەهۆی تێوەگلانیان لە ڕووداوەکانی باکوور، تۆمەتبارکرابوون، لەوانەش وەک: زەکی مەلا ئەحمەد و محەمەد یوونس زەنوون و چەند کەسانێکی دیکە"[١].

ڕۆژنامەکانی یەکێتی سۆڤییەت بە گرنگییەوە باسیان لەم پێشهاتانەی عێراق کردووە، بەو ئاراستەیە باسەکەیان وروژاندووە کە ئەم دۆخە ئاشتەواییەی عێراق، لێدانێکی توونده لە بەرژەوەندییەکانی ئیمپریالیزم لە عێراق، ڕۆژنامەی (البلد) ناوەناوە لە ژمارەکانیدا، بەشێک لەم باسانەی ڕۆژنامەکانی یەکێتی سۆڤییەتی گواستووەتەوە، بۆ نموونە لە ژمارەی ڕۆژی ٧ی ئەیلوولی ساڵی ١٩٦٦ وتارێکی ئاژانسی (نۆڤۆستی)[٢]ی سۆڤییەتی بڵاوکردووەتەوە کە لەلایەن س. لیتیڤیاکۆڤ، نووسراوە، تێیدا هاتووە:

"باکووری عێراق لەمێژە بە دەست شەڕی خوێناوی دەناڵێنێت کە ژمارەیەکی زۆر خەڵکی بوونەتە قوربانی، ئەمە وێڕای بەفیڕۆدانی پارەیەکی زۆر لە بودجەی حکوومەت، هێزی ئیمپریالیزم هەوڵ دەدات ئەم دۆخە بقۆزێتەوە و شەڕەکە فراوانتر بکات و بەهۆیەوە دەست وەربداتە کاروباری ناوخۆی عێراق، ئیمپریالیزم دەیەوێت بەهۆی شەڕەکانی باکوور، عێراق لە وڵاتانی عەرەبی دوور بخاتەوە، بەڵام عەبدولڕەحمان عارفی سەرکۆمار، گورزێکی کوشندەی لە ئیمپریالیزم وەشاند، بێئومێدی کردن، بەوەی لە پڕۆگرامەکەیدا، بە ١٢ خاڵ، پێنگاڤی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد نا، ئەمەش لەلایەن سەرکردەکانی کوردەوە، پێشوازی گەرمی لێکرا. بووەتە هۆی وەستانی شەڕ و گەڕانەوەی ئاشتی، ئەمەش هەڵوێستێکی دوژمنکارانەی ئیمپریالیزمە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. پێگەی کەسایەتی عێراقیش بەرزتر دەکاتەوە، هەوڵی ئیمپریالیزم بۆ گۆڕانکاری لە حکوومەتی عێراق شکست پێ دێنێت"[٣].

(١) البلد، ع(٦٩٢)، ١٩٦٦/٩/٥.

(٢) ئاژانسی هەواڵی نۆڤۆستی، دەزگایەکی ڕاگەیاندنی سۆڤییەتی بوو، کە بڵاوکراوەی تایبەت بەخۆی هەبوو، ساڵی ١٩٦١ لە مۆسکۆ دامەزراوە، ساڵی ٢٠١٣ بە بڕیاری ڤلادیمێر پۆتین، هەڵوەشایەوە. Russian news agency RIA Novosti closed down - BBC News

(٣) البلد، ع(٧٠٧)، ١٩٦٦/٩/٢٢.

هەروەها لە ژمارەی ڕۆژی ١٤ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٦٦، ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی (ئازڤێستیا)[1]ی سۆڤییەتی کە لەلایەن ڕۆژنامەنووس (سەیف مەلکۆڤ)ەوە، ئامادەکراوە، بڵاوکردووەتەوە، کە تێیدا هاتووە:

"شاری ڕەواندز دەکەوێتە باکووری ڕۆژهەڵاتی عێراق، کوردەکان لەوێ نیشتەجێن، ئەم ناوە لە کاتی دەنگوباسی شەڕەکانی ناوچەکە زۆر دووبارە دەبێتەوە کە ماوەی پێنج ساڵە بەردەوامە، مەلا مستەفای بارزانی ڕابەری جووڵانەوەی کوردی، لەم ناوچەیەدا نیشتەجێیە. ماوەی چەند مانگێکە شەڕ ڕاوەستاوە، گفتوگۆی ئاشتییانە دەستیپێکردووە. لە ٢٨ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٦٦، عارف باکووری وڵاتی بەسەرکردەوە، لەگەڵ مستەفا بارزانی لە ڕەواندوز کۆبووەوە. ئەمەش بە ڕووداوێکی گرنگ لە ژیانی سیاسی عێراق دادەندرێت و یەکەم دیداری عارفە لەوەتەی پۆستی سەرکۆماری وەرگرتووە. لە درێژەی ئەو هەواڵانەیە کە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد دەینێت، لەم دیدارەیدا لەگەڵ مستەفا بارزانی، جەختی لەسەر پێشخستنی باکووری وڵات کردووەتەوە. ئاژانسی دەنگوباسی عێراق ی ڕایگەیاند، مستەفا بارزانی بە ڕاشکاوی ڕایگەیاندووە، کە ئەوان نایانەوێت جیا ببنەوە و وڵاتێکی بەهێزیان دەوێت، ئامادەیی دەربڕیوە، کە لە ماوەیەکی نزیکدا سەردانی بەغدا بکات. هەروەها عارف ڕایگەیاندووە، کورد و عەرەب ڕۆڵەی ئەو نیشتیمانەن، یەکگرتووییان هۆکارێکە بۆ دژایەتیکردنی ئیمپریالیزم. هەروەها عارف ڕایگەیاند، متمانەی تەواوی بەو دیدارە لەگەڵ بارزانیدا هەیە، لە دواڕۆژ ئەنجامە ئەرێنییەکانی دەردەکەوێت. دیدارەکانی ڕەواندز، هەنگاوێکی ئەرێنییانەی عێراقە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد، ئەمە لە کاتێدایە لە هاوینی ئەو ساڵە، بەیاننامە ١٢ خاڵییەکە، بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد ڕاگەیەندرا. لە ناوەرۆکەکەیدا دانپێدانانی دەستووری بە کێشەی کورد کراوە. ڕەچاوی مافە سیاسی و کارگێڕی و کۆمەڵایەتی و پەروەردەییەکانیان کردووە. نوێنەری کورد لە دەسەڵات بەشدار دەبێت، بڕیاری لێخۆشبوونی گشتی، دەردەکرێت، دوورخراوەکان دەگەڕێندرێنەوە شوێنی خۆیان و شەڕ ڕادەگیرێت. ئەمە لە کاتێکدا شەڕ لە عێراق لە بەرژەوەندی ئیمپریالیزم دایە.

(١) ئازڤێستیا: ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە بوو، دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩١٧، لە ڕووسیا دەرچوو، پاشان لە سەردەمی یەکێتی سۆڤییەتیش بەردەوام بوو، لە ساڵی ٢٠٠٨ ەوە، ناشناڵ میدیا گرووپ سەرپەرشتی دەرچوونی دەکات. Izvestiia Digital Archive - East View

سەرکردایەتی شۆڕشی کورد هەنگاویان بۆ ئەم نزیکبوونەوە ناوە، ئێستگەی شۆڕش[١] هێرشەکانی بۆ سەر حکوومەتی عێراق ڕاگرتووە، دەستیان کردووە بە ڕادەستکردنی چەکە قورسەکانیان بە حکوومەتی عێراقی، مستەفا بارزانی جەختی لەسەر یەکێتی حکوومەتی عێراق کردووەتەوە، ئامادەیی هاوکاری لەگەڵ ئەو تیمانە دەربڕیوە، کە دێن بۆ ئاوەدانکردنەوەی باکوور"[٢].

ڕۆژنامەی (الاخبار)یش، لەسەر وتاری زۆربەی ژمارەکانیدا، تیشکی خستووەتە سەر کێشەی کورد، چ لە بەشە عەرەبییەکەی چ لە کوردییەکەی، هەرجارە و کورتە باسێک، یان لێدوان، یان هەواڵێکی دەربارەی کورد بڵاوکردووەتەوە، بۆ نموونە لە ژمارەی ١٠ی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٦٦ نووسیویەتی:

"بارزانی نامەیەکی بۆ عەبدولڕەحمان عارفی سەرکۆمار ناردووە، لەو نامەیەدا نووسیویەتی برا کوردەکان لە باکوور، ئارەزووی تەواویان لە چارەسەرکردنی ئاشتییانەی کێشەی کورد هەیە، نامەکە بە ساڵح یوسفی نێردراوە، هەروەها ڕۆژنامەکە زانیویەتی، کە ژمارەیەکی زیاتری کوردەکان دەچنە ناو حکوومەتە کاتییەکەی عێراق، ئەمەش دوای ئەو گۆڕانکارییە

(١) مەبەستی ڕادیۆی دەنگی کوردستانە، ئەم ڕادیۆیە، وەك یەکێك لە هەنگاوەکانی شۆڕشی ئەیلوول، دوای هەوڵدانێکی زۆر تواندرا لە ڕێکەوتی ٢٨ی ئابی ساڵی ١٩٦٣ دا لە (ئەشکەوتی گردەڕەشە)ی نزیك (ماوەت) لە پارێزگای سلێمانیدا، پەخشەکەی بڵاوبکرێتەوە. سەرکردایەتی شۆڕشی کورد زۆر بە گرنگییەوە دەیڕوانیە لایەنی ڕاگەیاندنی شۆڕش. حکوومەتی عێراقیش لە بەرامبەر ڕادیۆی دەنگی کوردستان ترسێکی گەورەی هەبوو، بۆیە هەمیشە هەوڵیدەدا دەنگپەرتکەر (تشویش) بخاتە سەر پەخشەکەی. ڕادیۆی دەنگی کوردستان بەچەند زمانێك پەخشی خۆی بڵاودەکردەوە، وەك (کوردی-بەهەردوو شێوەزاری کرمانجی سەروو خواروو-، عەرەبی، تورکمانی، ئاسوری. تەنانەت لە ساڵەکانی دواتردا، بە هەردوو زمانی (فەرەنسی و ئینگلیزی)ش بەرنامەی هەبووە. ئەم ڕادیۆیە، وێڕای ئەوەی بە بەردەوامی لەلایەن حکومەتی عێراقییەوە دەنگپەرتکەری دەخرایە سەر، بەڵام پەخشەکەی دەگەیشتە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان، خەڵك بە پەرۆشەوە گوێیان لێی دەگرت، کە هەواڵ و ڕووداوەکانی شۆڕشی دەخستە ڕوو. لە هەمان کاتدا، گەلێ بەرنامەی دیکەشی لە بوارەکانی ڕۆشنبیری لێوە پێشکەش دەکرا، بەمەش توانیبووی کاریگەری بەسەر لایەنی هزری و زمان و هونەر و ڕۆشنبیریی گشتی کوردی لەو سەردەمەدا جێبهێڵێت، ڕادیۆی دەنگی کوردستان وێڕای ئەوەی بە گەلێك سەختی و ناهەمواریدا گوزەری کردووە، بەڵام تا دوایین ساتەکانی شۆڕش بەردەوام بووە. هۆشەنگ ساڵح نەجار، بزاڤی ڕۆشنبیری لە شاری هەولێر، ل١٨٥.

(٢) البلد، ع(٧٥٢)، ١٩٦٦/١١/١٤.

دێـت، کە لە کـابینەکەدا دێـتە کـایەوە، تـا ئێسـتا ئەم نـاوانە لە ئـارادان: بـابە عەلـی شـێخ مەحموود، فوئاد عارف، زەید ئەحمەد عوسمان"[١].

هەروەهـا لە ژمـارەی ڕێکەوتـی ٢٥ی کـانوونی یەکەمـی هەمـان سـاڵ، ئەم هەواڵەی دەربارەی باری تەندروستی بارزانی بڵاوکردووەتەوە:

"الاخبـار زانیـویەتی، تەندروسـتی بـارزانی، پـاش نەخۆشـکەوتنی، بەرەو باشـی دەچێـت. ئەوەش ڕاست نییە کە هەندێک ڕۆژنامە نووسیویانە، بارزانی دەیەوێـت سـەردانی دەرەوەی وڵات بکـات، بەڵکـو سـەردانی بەغـدا دەکـات، لەلایەک چارەسـەری وەردەگرێـت، لەلایەک، دیداری هەندێک لە گەورە بەرپرسانی وڵات دەکات، بۆ تاوتوێکردنی هەندێک پرسی تایبەت بە وڵات"[٢].

لە ژێـر ڕۆشـنایی بەیاننـامەی ٢٩ی حوزەیرانـدا، سـاڵی ١٩٦٧ تـاکو تەممـووزی ١٩٦٨، بە سـاڵانی ئاشـتەوایی لە کوردسـتان دادەنـدرێت، ڕۆژنـامە عێراقییەکـان لەو مـاوەیەدا، زیـاتر سەرنجیان خسـتووەتە سـەر دۆخـی هێمنـی کوردسـتان و برایەتـی نێـوان کـورد و عەرەب و هەنگاوەکانی حکوومەت بۆ جێبەجێکردنی ڕێککەوتننـامەی حـوزەیران و لێـدوان و دیـداری تایبەت بە بەرپرسانی کـورد بـۆ پێشـوازی لە هەنگاوەکـانی حکوومەت، ئەمەش پێچەوانەی قۆنـاغی پـێش ڕێککەوتنـامەکەیە، کە بە وتـاری ڕۆژنـامەوانی و بڵاوکـردنەوەی لێـدوانی بەرپرسان هێرشیان دەکردە سەر بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد.

یەکێـک لە گـرنگترین ئەو هەواڵانەی بـووەتە جـێ بـایەخی ڕۆژنـامە عێراقییەکـان، لە چوارچێـوەی هەنگاوەکـانی بەیاننـامەی حـوزەیران، سـەردانی شـاندە عێراقییەکـان بـووە بـۆ کوردستان و بە پێچەوانەوە، واتە سەردانی شاندی کوردی بۆ بەغداد. وەک سـەردانی شـاندی عێراقـی بـۆ کوردسـتان، بە سـەرۆکایەتی وەزیـری نـاوخۆ، لە مـانگی ئـاداری سـاڵی ١٩٦٧ دا. ڕۆژنامەی (الاخبار) دەربارەی ئەو سەردانە نووسیویەتی:

"دوێنێ بەیانییەکەی، ڕەجەب عەبدولمەجید[٣] جێگـری سـەرۆکوەزیران و وەزیـری نـاوخۆ، سـەردانی لیـوای هەولێـری کـرد، قەزا و ناحیەکـانی لیـواکەی بەسـەرکردەوە و لە گـوزەرانی

(١) الاخبار-دەنگوباس، ع(٢٠٧)، ١٩٦٦/١٢/٢٥.

(٢) الاخبار ، ع(١٩٥)، ١٩٦٦/١٢/١٠.

(٣) ڕەجەب عەبدولمەجیـد (١٩٢١/عـانە-١٩٩٩/بەغـدا)، لە عەرەبە سـوننەکانە، لە نێـوان سـاڵانی ١٩٣٦-١٩٣٧، لە کـۆلێژی ئەنـدازیاری خوێنـدوویەتی، سـاڵی ١٩٥١ خوێنـدنی ئەنـدازەی سـەربازی لە بەریتانیـا

خەڵکەکەی پرسی، پاشان لەو هەنگاوانەی پێچایەوە، کە حکوومەت بۆ ئاوەدانکردنەوەی باکووری وڵات ناویەتی. هەریەک لە ئەحمەد کەمال قادر[١] وەزیری ئاوەدانکردنەوە و عەمید ڕوکن زەکی حوسێن حیلمی فەرماندەی تیپی یەک و عەبدولمونعیم مەسرەف[٢] موتەسەریفی هەولێر و تەها شەیخلی[٣] بەڕێوەبەری گشتی پۆلیس، ئەندامی شاندەکە بوون. لە سەرەتادا، سەردانی قەزاکانی شەقڵاوە و ناحیەی حەریر و قەزای ڕەواندزی کرد، لە دۆخی هاووڵاتییانی پرسییەوە، پاشان سەردانی پرۆژەکانی ناوچەکەی کرد. دوای ئەمە سەردانی شارەدێی گەڵاڵە[٤]ی کرد، لەوێ لەلایەن سەرۆک هۆزە کوردەکانەوە پێشوازی لێکرا. پاش پشووێکی کورت، داوەتخوانی مەلا مستەفای بارزانی بوو. پەیامنێری ئاژانسی هەواڵی عێراقی ڕایگەیاند، لە دیدارەکەی نێوان جێگری سەرۆک وەزیران و مەلا مستەفای بارزانی، جەخت لەسەر یەکێتی نیشتیمانی و قەڵاچۆکردنی ئیمپریالیزم کرایەوە کە هەوڵ دەدات پڕوپاگەندە بڵاوبکاتەوە، لێکترازان لە ڕیزی گەلانی عێراق دروست بکات و ئارامی وڵات بشێوێنێت، پەیامنێرمان دووپاتی کردەوە، مەلا مستەفا، جەختی لەسەر یەکێتی خاک و

---

تەواوکردووە. دوای شۆڕشی چواردەی تەممووز، گەلێک پۆست و پایەی وەرگرتووە، وەک بەڕێوەبەری گشتی پەرەپێدان، پاشان باڵیۆزی عێراق لە قاهیرە، دواتر بووەتە وەزیری ناوخۆ و جێگری سەرۆک وەزیران. شیرزاد زكريا محمد، الحركة القومية....، ص٣١٠.

(١) ئەحمەد کەمال قادر، ساڵی ١٩١٢ لە شاری کەرکووک لەدایکبووە، لە خانەی مامۆستایانی بەغدا خوێندوویەتی، ساڵی ١٩٣٦ کۆلێژی سەربازی تەواوکردووە، لە سوپا دەستبەکاربووە، گەلێک خوولی سەربازی لە بەریتانیا و هیندستان بینیوە، بە پلەی عەمید خانەنشین بووە. المصدر نفسه، ص٢٩٦.

(٢) عەبدولمونعیم مەسرەف، ساڵی ١٩١٨ لە شاری بەغدا لەدایکبووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی هەر لەوێ تەواوکردووە، پاشان کۆلێژی سەربازی تەواوکردووە و لە خوولێکی سەربازیی بەریتانیا بەشداری کردووە، بە چەندان پلەی سەربازی تێپەڕیوە، تا پلەکەی بووەتە عەمید ڕوکن، ساڵی (١٩٦٤-١٩٦٨) موتەسەڕیفی هەولێر بووە. موحسین دزەیی، وێستگەکانی ژیانم، ئا: تاریق ئیبراهیم شەریف، و: ئیسماعیل بەرزنجی، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٩، ل١٥٤.

(٣) تەها محەمەد شەیخلی (١٩٢٤/بەغدا-٢٠٠١)، ساڵی ١٩٤٧ کۆلێژی پۆلیسی تەواوکردووە، بەشداری چەندان خوولی پۆلیسی لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات کردووە، لە دوای شۆڕشی چواردەی تەممووز، چەندان پۆستی وەک بەڕێوەبەری پۆلیسی بەغدا، بەڕێوەبەری ڕەگەزنامە، بەڕێوەبەری گشتی پۆلیس. کاری پارێزەریشی کردووە. الگاردينيا- منارات في تاريخ شرطة العراق: اللواء طه الشيخلي ١٩٢٤ – ٢٠٠١.

(٤) شارەدێی گەڵاڵە، مەڵبەندی ناحیەی باڵەک بوو، سەر بە قەزای ڕەواندز پاشان قەزای چۆمان. یەکێک بوو، لە پێگە گرنگەکانی شۆڕشی ئەیلوول.

برایەتـی نێـوان کـورد و عەرەب کـردووەتەوە کە دەیـان ساڵە لەسـەر ئەو خـاکە بەیەکەوە دەژین، خاوەن ئایین و مێـژوو و خـاکی هاوبەشـن. وەزیـری نـاوخۆ، لە وەڵامـی پرسـیارێکدا ڕایگەیانـدووە، هەمـوو عێراقییەکـان لە زاخـۆوە تـاکو فـاو[١]، باوەڕیـان بەم حکـوومەتە نیشـتیمانییە هەیە، ئەمە وەک فەلسـەفەیەک وایە، لە هەمـوو بوارەکانـدا کـاری پێـدەکرێت، حکوومەت دڵسۆزانە کار دەکات، بۆ جێبەجێکردنی بەندەکانی بەیاننامەی حوزەیران"[٢].

ئەم سەردانەی جێگری سەرۆکوەزیران لە ڕۆژنامەکانـدا بە گـرنگییەوە باسـی لێـوە کـراوە. لەوانە وەک ڕۆژنـامەی (الجمهوریـة) ڕاپـۆرتێکی لەسـەر سـەردانەکە، بڵاوکـردووەتەوە[٣]. ڕۆژنامەی (صوت العرب)یش نووسیویەتی:

"بەڕێز ڕەجەب عەبدولمەجید جێگـری سـەرۆک وەزیـران و وەزیـری نـاوخۆ، سـەبارەت بە سەردانەکەی بۆ بـاکووری وڵات، لێـدوانێکی بـۆ ئاژانسـی هەواڵـی عێراقـی بڵاوکـردووەتەوە، ئامـــاژەی بەوە داوە، ڕۆڵەکـــانی عێـــراق لە بـــاکوور خوازیـــاری کۆتاییهێنـــان بەو دۆخە ناسرووشتییەن و لەگەڵ یەکێتی خاکی عێراقدان، لە وەڵامی پرسیارێکی دەربارەی پڕۆژەکـانی ئـاوەدانکردنەوەی بـاکوور، گـوتی: حکـوومەت بەردەوامە لە ئـاوەدانکردنەوەی بـاکوور و جێبەجێکردنی ئەو پلانەی بۆ گەڕاندنەوەی سەقامگیری لە ناوچەکەدا داویەتـی، ئەمە وێـڕای ئەوەی خەڵکی ناوچەکە، خۆیان بەشدارن لە ئاوەدانکردنەوەی ناوچەکانی خۆیان، هەروەهـا ڕایانگەیانـد، کـابینەی پێشـووی حکـوومەت، یەکە ئیـدارییەکانی بـۆ ناوچەکـانی بـاکوور گەڕانـدووەتەوە، هەروەهـا قایمقـام و بەڕێـوەبەری نـاحیە و کارمەنـدانی دانـاوەتەوە و کـار دەکات بۆ گەڕاندنەوەی سەرجەم فەرمانبەران و کارمەندانی سـوپا و پـۆلیس بـۆ کارەکانیـان، کە بە هـۆی ڕووداوەکـانی بـاکوور، لە دەسـتیان داوە، سـەرۆکایەتی کۆمـار و حکـوومەت، پێداگیرن لەسەر جێبەجێکردنی ئەو هەنگاوانە، بەڵام هەندێک شت پێویسـتی بە لێکـۆڵینەوە هەیە. دوا جار ڕایگەیاند، خەڵکی ناوچەی باکوور و لە سـەروویانەوە، مەلا مستەفا بـارزانی، باوەڕیان بە یەکێتی خاکی عێراق و برایەتی نێوان ڕۆڵەکانی هەیە"[٤].

---

(١) فـاو، شـارۆچکەیەکە سـەر بە پارێزگـای بەسـڕە، لەوپەڕی باشـووری پارێزگـاکەدایە. لە ڕۆژهەڵاتەوە ڕووباری (شط العرب) لە وڵاتی ئێرانی جیا دەکاتەوە.

(٢) الاخبار ، ع(٢٦٠)، ١٩٦٧/٣/١٢.

(٣) الجمهوریـة ، ع(١١٣٨)، ١٩٦٧/٣/١٢.

(٤) صوت العرب ، ع(٤٩٣)، ١٩٦٧/٣/١٤.

دوابەدوای سەردانەکەی جێگری سەرۆکوەزیران بۆ کوردستان، ئەمجارە شاندێکی کوردی بە سەرۆکایەتی مەسعود بارزانی لە ١٩ی ئاداری ساڵی ١٩٦٧ چوونە بەغداد، ئەندامانی شاندەکە لە موحسین دزەیی[١] و نافیز جەلال[٢] و حەبیب محەمەد کەریم و ساڵح یوسفی پێکهاتبوون. ڕۆژنامەی (الاخبار) بە گرنگییەوە هەواڵی سەردانی شاندەکەی بڵاوکردووەتەوە و دیدارێکیشی لەگەڵ مەسعود بارزانی سازداوە، بەم شێوەیە هاتووە:

"لە ئێستادا مەسعود بارزانی کوڕی مەلا مستەفای بارزانی، دوابەدوای سەردانی ئیدریسی برای[٣]، سەردانی بەغدادی کردووە کە بارزانی ڕایسپاردووە بۆ پشتڕاستکردنەوەی پشتگیری لە یەکێتی خاکی عێراق و برایەتی نێوان کورد و عەرەب و دووپاتکردنەوەی نیازپاکی لە کارکردندا، بۆ جێگیرکردنی ئاشتی لە وڵاتدا. ڕۆژنامەی (الاخبار) بۆ ئەم مەبەستە دیدارێکی

(١) موحسین محەمەد ئەمین دزەیی، ساڵی ١٩٣٢ لە دێی (دووگردکان)ی دەشتی هەولێر لەدایکبووە، ساڵی ١٩٥٥ کۆلێژی مافی لە بەغدا تەواوکردووە، دەستی بە کاری پارێزەری کردووە، ساڵی ١٩٦٣ پەیوەندی بە شۆڕشی ئەیلولەوە کردووە، ساڵی ١٩٦٨ لە کابینەکەی عەبدولڕەزاق نایف بووەتە وەزیری ئاوەدانکردنەوەی باکوور، دوای ڕێککەوتننامەی ئادار، وەزیری ئەشغال بووە، دوای ساڵی ١٩٧٥ لە پەیوەندی لەگەڵ بارزانی بەردەوام بووە، تەنانەت لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاش لەگەڵیدا بووە. موحسین دزەیی، سەرچاوەی پێشوو، ل٩-١٥.

(٢) نافیز جەلال حەوێزی (١٩٢١/کۆیە-١٩٧٢/بەغدا)، دەرچووی کۆلێژی سەربازیی بەغدا ساڵی ١٩٤٦ز، بەشداری خوولی سەربازی لە بەریتانیا کردووە، لە سەرەتاکانی شۆڕشی ئەیلوولەوە پەیوەندی بە شۆڕش کردووە و ڕۆڵی تیدا گێڕاوە و ماوەیەک سەرۆکی لێژنەی باڵای ئاشتی بووە، دوای ڕێککەوتننامەی ئادار تاکو کۆچکردنی بە ڕووداوی هاتووچۆ، وەزیری کشتوکاڵ بووە. حیدر نجم عبد مراد، المصدر السابق، ص٦٢، ص٨٩.

(٣) ئیدریس مەلا مستەفا بارزانی (١٩٤٤/بارزان- ١٩٨٧/ورمێ)، لە تەمەنی چوار ساڵیدا، لەگەڵ بنەماڵەکەیاندا، بۆ باشووری عێراق دوور خراوتەوە و لە شارەکانی بەسرا، موسڵ و بەغدا نیشتەجێ کراون. لەو شوێنانە درێژەی بە خوێندن داوە، تا شۆڕشی چواردەی تەمموزی ١٩٥٨ و گەڕانەوەی مستەفا بارزانی و هاوەڵانی لە یەکێتی سۆڤییەت، لە خوێندن لە شاری بەغدا بەردەوام بووە. دوای هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوول، بەشداری شۆڕشی کردووە و ڕۆڵی گرنگی تێدا گێڕاوە، بەتایبەت وەک شاندی دانوستانکار لە ڕێککەوتننامەی یازدەی ئاداری ١٩٧٠ و قۆناغی دوای ڕێککەوتننامەکە. دوا بەدوای ساڵی ١٩٧٥ بەردەوام بووە لە درێژەدان بە شۆڕش و زیندووکردنەوەی ڕێکخستنەکانی پێشمەرگە و پاشان لە ڕێکخستنی کاری بەرەییدا بەشداری کارای کردووە. بە نەخۆشی کۆچی دوایی کردووە. بڕوانە: کاروان جوهر محمد، ئیدریس بارزانی ١٩٤٤-١٩٨٨/ژیان و ڕۆڵی سیاسی و سەربازی لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورددا، چاپخانەی هێڤی، هەولێر، ٢٠١٩، ل١٢-٦٣.

لەگەڵـدا سـازکردووە، ئەویـش زۆر ئازایـانە و ڕاشـکاوانە وەڵامـی داوەتەوە و هۆکـاری سەردانەکەی بۆ شاری بەغدا ڕوون کـردووەتەوە، کە پەیوەنـدی بە دۆخـی پێشـووی وڵات و هەروەها برایەتی نێوان کورد و عەرەبەوە هەیە. هەروەها بەشداریکردنی وەزیرە کوردەکـان لە بەڕێـوەبردنی کاروبـاری وڵات و شـان دانە بەر بەرپرسـیارێتی. هەروەهـا لە بـارەی جێبەجێکردنی بەندەکانی بەیاننامەی حوزەیران و زۆر بابەتی دیکەی گرنگ قسـەی کـردووە. لە سەرەتای دیدارەکەدا ڕایگەیاند، ئێمە هاتووین، تاکو بەناوی (مستەفا بـارزانی)ی بـاوکمان، بەخێرهـاتنەوەی سـەرکۆمار لە ئێـرانەوە بـۆ وڵات بکەیـن، هەروەهـا چاومـان کەوت بە سەرۆکوەزیران، لە دیدارەکەدا، بەڵێنی دا بەم نزیکانە سەردانی کوردسـتان بکـات، هەروەهـا دیدارمان لەگەڵ جێگری سەرۆکوەزیران و وەزیرەکانی بەرگری و نـاوخۆ و ئـاوەدانکردنەوەی بـاکوور هەبـوو، کە هەموویـان نیازپـاکی کارکردنیـان بەرامبەرمـان پیشـان دا. دەربـارەی لێـدوانەکەی عەدنـان پـاچەچی وەزیـری دەرەوە، بـۆ ڕۆژنـامەی (اطلاعـات)[1]ی ئێرانـی، دەربـارەی تـاوتوێکردنی بەشـداری کـورد لە حـوکم، ئەو بابەتەمـان لەگەڵ بەرپرسـان بـاس کردووە. ئێمە خەڵکانێکی بەتوانامان هەیە، کە دەتوانن هەموو بەرپرسـیارێتییەک هەڵبگـرن، ببنە هاوبەشیکاری گەلی عێراق بۆ یەکێتی خاک و هەموو عێـراقییەکیش حەز بەمە دەکـات. سـەبارەت بە بەیاننـامەی حـوزەیران، بەیاننـامەی مێژوویـی حـوزەیرانیش، کە هیـوایەکە بـۆ ڕۆڵەکانی گەل، پێمان وایە هیوایێکیشە بۆ کۆتاییهێنان بە شەڕ و دروسـتکردنی ئاشـتەوایی لە کوردستانی عێراق. بەیاننامەکە بەشێکی جێبەجێ کراوە، بەشێکی دیکەی هەنگاو بە هەنگـاو جێبەجـێ دەکرێـت، کە هەردوو لایەن نەخشـەڕێژی بـۆ دەکەن، هەردوولا پێـداگرن لەسـەر جێبەجێکردنـی هەمـوو بەنـدەکانی بە تەواوی، ئەوە هیـوای هەمـوو لایەکە. سـەبارەت بە شەڕیش، هەموو ئەو دەنگۆیانە ڕەت دەکەینەوە، کە وڵاتـان دەیـکەن، گـوایە شـەڕ دروسـت دەبێتەوە، ئەوانە لە شەڕی نێوان براکان سوودیان وەرگرتـووە، کە دژ بە بەرژەوەنـدی گەل و ئاشتی و ئاشتەوایی و سەقامگیرییە و ئـێمە دژی دەوەسـتینەوە کە تەنیـا گەل لێـی زیانمەنـد دەبێت، لە کاتێکدا هەمووان لەگەڵ ئاشـتیدان. لە گـرنگترین ڕووداوەکـانی دوای بەیاننـامەی

(١) ڕۆژنامەی (اطلاعات)، ڕۆژنامەیەکی هەواڵـامێزی ئێرانی بـوو، بە زمـانی فارسـی دەردەچـوو، یەکەم ژمـــارەی لە ســـاڵی ١٩٢٦ لە ئێـــران بە چـــوار لاپەڕە و تیـــراژی دوو هەزار دانە، بڵاوکـــراوەتەوە، سەرپەرشتیارەکەی عەبـاس مەسـعودی بـوو، وردە وردە تیـراژەکەی زیـادی کـردووە و بـووەتە ڕۆژنـامەی فەرمی ئێرانی

The World of Obituaries: Gender across Cultures and over Time - Mushira Eid

حوزەیران، کاری بەڕێوەبردن بۆ هەندێک لە ناوچەکانی کوردستان گەڕاوەتەوە. بۆ ئەم مەبەستە جێگری سەرۆک وەزیران و وەزیری ناوخۆ، سەردانی کوردستانیان کرد و بە شێوەیەکی فەرمی چاویان بە باوکم کەوت. دوای سەردانی بۆ بەغدا، مەسعود بارزانی و شاندەکە سەردانی ژمارەیەک لە شارەکانی عێراقیان کرد، چوونە کەربەلا و نەجەف لەگەڵ سەید موحسین ئەلحەکیم[1] کۆبوونەوە، هەردوولا، کۆششی سەرکۆماریان بۆ بەرپاکردنی ئاشتەوایی لە کوردستان بەرز نرخاند، دواتر بەڕێز مەسعود بارزانی، ژمارەیەک کەسایەتییە ئایینی و سیاسییەکانی بانگهێشتی کوردستان کرد، وا بڕیارە ڕۆژی هەینی داهاتوو، بەغدا جێبهێڵن و بگەڕێنەوە کوردستان"[2].

لە مانگی نیسانیشدا، لیوا ڕوکن شاکر مەحموود شوکری وەزیری بەرگری، هاوشان لەگەڵ لیوا حەموودی مەهدی[3] سەرۆکی ئەرکانی سوپا و لیوا ڕوکن فازڵ عەباس حیلمی فەرماندەی هێزی مەیدانی و عەمید ڕوکن زەکی حوسێن حیلمی فەرماندەی تیپی یەک، سەردانی کوردستانیان کرد و چاویان بە بارزانی کەوت. ڕۆژنامەی (البلد) دەربارەی ئەو سەردانە هەواڵێکی لەژێر ناوی (مەلا مستەفای بارزانی پێشوازی لە بەڕێز وەزیری بەرگری دەکات، ئەمەش لە درێژەی سەردانەکەیدایە بۆ باکووری کوردستان) و تیایدا هاتووە:

"شاندەکە یەکە سەربازییەکانی لە شەقڵاوە و میراوە و سپیلک و خەلیفان و باپشتیان و ڕەواندز بەسەر کردەوە و سڵاوی سەرکۆماری پێ ڕاگەیاندن، پاشان وەزیری بەرگری ئەو شارەدێیانەی ناوچەی باڵەکایەتی بەسەر کردەوە، کە ئیدارەی تازەیان بۆ داندراوە. پاشان

(١) موحسین ئەلحەکیم (١٨٨٩/نەجەف-١٩٧٠/نەجەف)، یەکێک بووە لە مەرجەعەکانی شیعەی عێراق، لە حەوزەی زانستی نەجەفدا خوێندوویەتی، پلەکانی خوێندنی ئایینی بڕیوە، جگە لە بواری ئایینی، لە بواری سیاسیشدا ڕۆڵی گێڕاوە، بەتایبەت لە دەموساتی هاتنی ئینگلیز بۆ عێراق، هەروەها فتوای حەرامکردنی شەڕی کوردی دەرکردووە. ذكرى وفاة مرجع الطائفة السيد محسن الحكيم (burathanews.com)

(٢) الاخبار، ع(٢٧٢)، ١٩٦٧/٣/٣٠.

(٣) لیوا حەموودی مەهدی، دەرچووی کۆلێژی سەربازی (١٩٣٨)، لە نێوان ساڵانی ١٩٦٦-١٩٦٧ دوای عەبدولڕەحمان عارف بووەتە سەرۆکی ئەرکانی سوپای عێراق، بێ ئەوەی پلەی ڕوکنی هەبێت، چونکە ئەوانەی ئەو پۆستە وەردەگرن پێویستە لە خوولی ئەرکان دەرچووبن. قائمة برؤساء أركان الجيش العراقي ١٩٤٤-٢٠٠٣(kitabat.com)

چاوی کەوت بە مەلا مستەفای بارزانی و بە گەرمی پێشوازییان لێکرا، بارزانی میوانیی خوانێکی کردن، گفتوگۆیان دەربارەی گەلێک بابەتی گرنگ کرد"[١].

پاشان ڕۆژنامەی (التآخي) ئەم سەردانەی وەزیری بەرگری بە بایەخەوە باس کردووە:

" لیوا ڕوکن شاکر مەحموود شوکری وەزیری بەرگری، لە دیدارێکی لەگەڵ ڕۆژنامەی (التآخي)، ڕایگەیاندووە، هاووڵاتییانمان لە باکوور لە دڵنەواییدا ژیان بەسەر دەبەن، ئاشتی و ئاشتەوایی هەموو ناوچەکەی گرتووەتەوە، ئێمە لەم سەردانەی دوایمان بۆ باکوور، لە کێشەکانمان کۆڵیوەتەوە و دەسەڵاتمان داوە بە لیواکان بۆ چارەسەرکردنیان. خەڵکی باکووریش بەمە زۆر خۆشحاڵن. هەروەها دیدارمان لەگەڵ مەلا مستەفا بارزانی هەبوو، ئەوەمان لێی بەدی کرد، کە ئەو زۆر پێداگرە لە سەر جێبەجێکردنی بەیاننامەی ٢٩ی حوزەیران، زۆر ڕاشکاوانە قسەی لەگەڵ کردین و گوتی دڵنیاین لەوەی حکوومەت بەیاننامەکە جێبەجێ دەکات"[٢].

لە مانگی ئەیلوولیشدا، تاهیر یەحیای سەرۆک وەزیران، سەردانی کوردستانی کردووە، دوای کۆبوونەوە لەگەڵ سەرۆک هۆزەکانی لیوای موسڵ، سەردانی ناوچەکانی شۆڕشی کوردی کردوو و لەگەڵ مستەفا بارزانی سەرکردەی شۆڕش کۆبووەتەوە. ڕۆژنامەی (الفجر الجديد) دەربارەی بەشی یەکەمی سەردانەکەی بۆ (لیوای موسڵ) نووسیویەتی:

"لە کاتژمێر حەوت و نیوی بەیانی دوێنێ، بەڕێز سەرۆک وەزیران، بە سەردانێک گەیشتە باکوور کە ماوەی چوار ڕۆژ دەخایەنێت، هەر یەک لە وەزیرانی چاکسازی کشتوکاڵی، ئابووری، پیشەسازی، لاوان و ئاوەدانکردنەوەی باکووریش لە گەڵیدان. دوای گەیشتنی بە موسڵ، سەرۆک وەزیران لەگەڵ سەرۆک هۆزەکانی لیواکە، لە یانەی سەربازیدا کۆبووەوە. فەرماندەی تیپی چوار و موتەسەریفی لیواکەش ئامادە بوون، تاوتووی زۆر بابەت کرا. سەرۆک وەزیران سڵاوی سەرکۆماری پێ ڕاگەیاندن و دووپاتی کردەوە، ئەوان پابەندی یاسا دەبن، داوای لێکردن بە قسەی ئەو کەسانە هەڵنەخەڵەتێن کە دەیانەوێت ئاژاوە دروست بکەن و یەکڕیزی نیشتیمانی پارچە بکەن و ڕایگەیاند، ئێستا عێراق لە قۆناغی پەڕینەوە دایە، بەم نزیکانە خەڵک خۆی نوێنەری خۆی دەستنیشان دەکات، بەمەش یاسا سەروەر دەبێت بۆ سوودی هەمووان. سەبارەت بە بەیاننامەی ٢٩ی حوزەیرانیش، ڕایگەیاند، ئەوان لە

(١) البلد، ع(٨٨٢)، ١٩٦٧/٤/٢٦.

(٢) التآخي، ع(٧)، ١٩٦٧/٥/٥.

سیاسەتەکەیاندا، هیچ کەسێک فەرامۆش ناکەن، هەمووان لە بەرامبەر یاسادا یەکسانن و پابەندن بە جێبەجێکردنی بەیاننامەی حوزەیران و نابێت دووبەرەکی لە نێوان هاووڵاتییاندا دروست بێت"[١].

پاشان سەرۆک وەزیران لە شارەدێی گەڵاڵە چاوی بە بارزانی کەوتووە، ڕۆژنامەی (الجمهوریة) لەو بارەیەوە نووسیویەتی:

"تاهیر یەحیا سەرۆک وەزیران لە ١٥ی ئەیلوولی ساڵی ١٩٦٧ لە گەڵاڵە چاوی بە بارزانی کەوت، مەلا مستەفا بارزانی بە گەرمی بەخێرهاتنی سەرۆک وەزیران و شاندەکەی کردووە. هەردوولا لەسەر پێشهاتەکان و جێبەجێکردنی بەندەکانی بەیاننامەی ٢٩ی حوزەیران، گفتوگۆیان کردووە. بارزانی لەلایەن خۆیەوە هەوڵی سەرۆک وەزیرانی بۆ خزمەتی گەلی عێراقی بەرزنرخاندووە و جەختی کردووەتەوە لەوەی ئەرکی سەرشانی هەمووانە، کار بکەین لەپێناو بنیاتنانەوەی وڵات و پێشخستنی، لە ئەنجامی ئەم دیدارەدا هەردوولا لەسەر چەند خاڵێک ڕێکەوتوون، سەبارەت بە کۆتاییهێنان بە دۆخی نەخوازراوی کوردستان"[٢].

سەبارەت بە هەنگاوەکانی حکوومەت بۆ جێبەجێکردنی بەندەکانی بەیاننامەی ٢٩ی حوزەیران، ڕۆژنامە عێراقییەکان، بە گرنگییەوە هەواڵی تازەترین پێشهاتەکانیان بڵاوکردووەتەوە. ڕۆژنامەی (الفجر الجدید) لە یەکێک لە ژمارەکانی شوباتی ساڵی ١٩٦٧، ڕاگەیەندراوێکی لێژنەی قەرەبووکردنەوەی زیانلێکەوتووانی باکووری بڵاوکردووەتەوە، ئەم لێژنەیە دەیەوێت، لە ڕێگەی کۆکردنەوەی کۆمەکی، یارمەتی پرۆژەکانی ئاوەدانکردنەوەی باکوور و ئەو لێقەوماوانە بدات، کە بەهۆی جەنگەوە زیانیان بەرکەوتووە. ڕۆژنامەکە لەو بارەیەوە نووسیویەتی:

"لێژنەی قەرەبووکردنەوەی زیانلێکەوتووانی باکوور[٣]، ڕایگەیاند، ناوچەی باکوور لەم ساڵانەی دواییدا، دووچاری کاولکاری گوندەکان، بێلانەمانەوەی خەڵک، خوێنڕژان،

(١) الفجر الجدید ، ع(١٦٩٧)، ١٩٦٧/٩/١٤.

(٢) الجمهوریة، ع(١٣١٨)، ١٩٦٧/٩/١٦.

(٣) ئەندامانی ئەو لێژنەیە لەو کەسانە پێکهاتبوون: بابە عەلی شێخ مەحموود، فایەق سامەرایی، فوئاد عارف، ئەحمەد کەمال قادر، دکتۆر قەرەنی دۆغرەمەچی، نوورەددین واعیز، دکتۆر مستەفا جەواد، ئەنوەر جەوهەر، حەمید دهان، ئیحسان شێرزاد، سانیحە ئەمین زەکی، سوعاد ڕازی، سەبیح وەهبی، مەتران عەمانوئێل دلی و ئەفرام هندۆ.

لەدەستدانی سامان، بێباوکبوونی منداڵان و بێوەژنبوونی ئافرەتان، هاتووەتەوە. بەڵام مامەڵەکردنی حیکمەتئامێزانە، شەڕی براکانی ڕاگرت و یەکێتی خاکی پاراست. ئەم یەکێتی خاکەی بە ناخی دڵەکانەوە دەڕوات، نەک تەنیا وێنەیەک بێت لەسەر کاغەز کێشرابێت. ئەم یەکێتییە خۆشەویستی و هەست و سۆز بڵاودەکاتەوە. بۆیە لەسەر ئەو بنەمایە، بە پێویست زاندرا لێژنەیەک بۆ قەرەبووکردنەوەی زیانلێکەوتووانی باکوور، پێکبهێندرێت، بە مەبەستی کۆکردنەوەی کۆمەکی، پاشان سەرپەرشتیکردن و دابەشکردنی. ئێمە لە سۆنگەی بڕوامان بە هەنگاوەکانی حکوومەتی عێراقی، بۆ نەهێشتنی شوێنەواری ناخۆشی ڕووداوە نیگەرانییەێنەرەکان، لە هەموو شوێنێکی خاکی عێراقدا، دەستی هاوکاری دەگەێندرێتە سەرجەم زیانلێکەوتووانی باکوور. بۆیە داوا لە ڕۆڵەکانی گەل و ڕێکخراو و کۆمەڵە خێرخوازییەکان دەکەین کە لەم هەوڵانەدا بەشداربن، بۆ ڕزگارکردنی برایانتان کە ئێستا بێلانە ماونەتەوە، خوای گەورە پشتگیری کەسێک دەکات کە پشتگیری برایەکەی بکات"[١].

ڕۆژنامەی (الاخبار)یش لە مانگی نیساندا، چەند هەواڵێکی دەربارەی هەنگاوەکانی حکوومەت بڵاوکردووەتەوە، لەوانە وەک جێبەجێکردنی یاسای پارێزگاکان، لەو بارەیەوە نووسیویەتی:

"سەرۆکی لێژنەی دانانی یاسای موحافەزات، پرسیاری لێکراوە، کە یاسای موحافەزات گەیشتە کوێ؟ لە وەڵامدا گوتوویەتی یاساکە، خەریکە تەواو دەبێت و پێشکەشی ئەنجوومەنی وەزیران دەکرێت، تاکو بڕیاری لەسەر بدات. پاشان لێیان پرسیوە، پێشنیاری برا کوردەکانمان لەسەر یاساکە چی بووە؟ لە وەڵامدا گوتوویەتی، برا کوردەکانمان، داوایان کردووە کاربەدەستانی ناوچە کوردییەکان، کورد بن و دەسەڵاتیان بۆ هەڵسوراندنی ئیش و کارەکان هەبێت، ئەو داواکارییەش لەگەڵ ناوەرۆکی یاساکە ڕێک دەکەوێت، ئەمەش جێگای دڵخۆشییە".

دەربارەی دانانی کەسێکیش، وەک سەرۆکی ئاوەدانکردنەوەی باکوور. ڕۆژنامەکە لە هەمان ژمارەدا ڕایگەیاندووە:

"ئەنجوومەنی وەزیران بڕیاری داوە، ئەندازیار محەمەد ئەمین بکات بە بەڕێوەبەری کاروباری ئاوەدانکردنەوەی ناوچە کوردییەکان و مەحموود مەجید بەگیش کە ئەندازیاری لە ئەمریکا خوێندووە، بکات بە یاریدەدەری. بۆیە پیرۆزباییان لێ دەکەین". سەبارەت بە

(١) الفجر الجديد، ع(١٥٢٨)، ١٩٦٧/٢/٢٠.

کردنەوەی هاوینە هەوارەکانیش بە ڕووی گەشتیارانی عێراقی دا، ڕۆژنامەکە نووسیویەتی "الاخبار زانیویەتی هاوینە هەوارەکان لەم هاوینەدا، بەڕووی گەشتیاراندا دەکرێنەوە و خەڵکی عێراق دەتوانن سەردانیان بکەن و بڕۆنە ناوچەکانی کوردستان و بە ئازادی بسووڕێنەوە. وا بڕیاریشە تیپی نمایشی ڕەشید ئاهەنگ لەو ناوچانەدا بگێڕێت"[١].

دەربارەی بەشداری کورد لە وەزارەتەکاندا، کە لە یەکێک لە بەندەکانی بەیاننامەی حوزەیراندا هاتبوو، ڕۆژنامەی (الوقائع العراقية) ناوی وەزیرەکانی حکوومەتەکەی عەبدولڕەحمان عارفی لە ئایاری ساڵی ١٩٦٧ ڕاگەیاندووە کە لەم کابینەیەدا، چەند کوردێکیش بەشدارییان کردووە، ئەمانەن:

١. فوئاد عارف، جێگری سەرۆکوەزیران و وەزیری ئاوەدانکردنەوەی باکوور، بە وەکالەت.

٢. ئیحسان شێرزاد[٢]، وەزیری شارەوانی و ئەشغال.

٣. موسڵیح نەقشبەندی[٣]، وەزیری داد[٤].

لە ژمارەیەکی دیکەی ڕۆژنامەی (البلد) ڕاپۆرتێک بۆ ناساندنی وەزیرەکان، بڵاوکراوەتەوە، دەربارەی وەزیرە کوردەکان نووسیویەتی: "فوئاد عارف بەوە ناسراوە لە لایەنگرانی بارزانییە،

(١) الاخبار، ع(٢٨٣)، ١٩٦٧/٤/١٣.

(٢) ئیحسان محەمەد شێرزاد (١٩٢٥/هەولێر-٢٠١٥/ئەستەنبۆڵ)، ساڵی ١٩٤٦ کۆلێژی ئەندازیاریی بەغدای تەواو کردووە و وەک ئەندازیار کاری کردووە، ساڵی ١٩٥٠ ماستەری لە زانکۆی مشیگان لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا وەرگرتووە، ساڵی (١٩٨٧) لە زانکۆی کالیفۆرنیا دکتۆرای وەرگرتووە، لە نێوان ساڵانی (١٩٦٧- ١٩٧٤) دا پێنج جار، وەک هەڵبژێردراوی شۆڕشی کورد، بووەتە وەزیری ئەشغال و نیشتەجێکردن و شارەوانی، لە نێوان ساڵانی (١٩٧٢- ١٩٧٦) دا سەرۆکی کۆڕی زانیاری کورد بووە. بڕوانە: أحسان شيرزاد (الدكتور)، مذكرات، الاردن، ٢٠١١.

(٣) موسڵیح نەقشبەندی (١٩٢٠/ئامێدی-١٩٩٦/بەغدا)، ساڵی ١٩٤٣ کۆلێژی مافی تەواوکردووە، وەک دادوەر دامەزراوە، لە نێوان ساڵانی (١٩٥٣-١٩٥٨)دا، نوێنەری لیوای موسڵ بووە، لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، دوای کودەتای ٨ی شوباتی ١٩٦٣ گەلێک پلە و پۆستی کارگێڕی وەرگرتووە، کە یەکێک لەوانە وەزیری داد بووە. شیرزاد زکریا محمد، الحركة القومية.....، ص٢٩٥.

(٤) الوقائع العراقية، ع(١٤١١)، ١٩٦٧/٥/١٨.

ئیحسان شێرزادیش سەر بە دەستەی بارزانییە. هەرچی موسڵیح نەقشبەندییە کوردێکی بێلایەنە"[١].

ئەم وەزارەتە زۆر درێژەی نەکێشا، یەکێک لە هۆکارەکان، ڕەتکردنەوەی پێشنیاری کورد بوو، بۆ دروستکردنی وەزارەتێک بە ناوی (کاروباری باکوور)، بۆیە لە ڕێکەوتی ٢٢ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٧ هەریەک لە فوئاد عارف و ئیحسان شێرزاد، لە ڕێگەی نامەیەکەوە، بۆ عەبدولڕەحمان عارف، دەستیان لە کارکێشایەوە[٢].

دوو مانگ دوای ئەوە، واتە لە ڕێکەوتی ١١ی تەممووزی ساڵی ١٩٦٧، عەبدولڕەحمان عارف وەزارەتەکەی هەڵوەشاندەوە و داوای لە تاهیر یەحیا کرد، وەزارەتێکی تازە پێکەوە بنێت. ئەوەی جێگەی سەرنجە، شوێنی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەی باکوور، وەزیری بۆ دانەندراوە و ژمارەی وەزیرە کوردەکانیش لە سێ وەزیرەوە، بۆ دوو وەزیر کەمکراوەتەوە. ڕۆژنامەی (الفجر الجدید)، لە ژمارەی ئەو ڕۆژەدا، ناوی وەزیرانی وەزارەتەکەی بڵاوکردووەتەوە کە دوو وەزیری کورد لە نێوانیانن، ئەوانیش موسڵیح نەقشبەندی، وەزیری داد و عەبدولفەتاح شاڵی[٣] وەزیری شارەوانی و کاروباری باکوور بە وەکالەت. دواتر ڕۆژنامەکە وتاری سەرۆک وەزیرانی بڵاوکردووەتەوە، کە تیایدا ڕوونی کردووەتەوە کە هێشتا ماوەیەتی تاکو هەندێک وەزارەتی دیکە پێکبهێندرێن، لە وتارەکەدا هاتووە:

"لە پێناو کۆکردنەوەی هەمووان و یەکێتی خاکی عێراق، دووپاتی دەکەینەوە، هەندێک وەزارەت هەیە، پێویستە لەنێوان هەردوو نەتەوەی کورد و عەرەب، یەکلا بکرێتەوە. تکا دەکەین بە ویژدانەوە کار بکەن، هیچ کاریگەرییەکی دەرەکیتان لەسەر نەبێت"[٤].

پاش دوو مانگ، واتە لە ١٩ی ئەیلوولی ساڵی ١٩٦٧، ئینجا وەزیرێکی دیکەی کورد، کە ئیحسان شێرزاد بوو، بۆ وەزارەتی شارەوانی دەستنیشان کرا. ڕۆژنامەی (صوت العرب) لە

(١) البلد، ع(٨٩٧)، ١٩٦٧/٥/١٥.

(٢) أحسان شيرزاد، المصدر السابق، ص١٨٩-١٩٢.

(٣) عەبدولفەتاح سەعید شاڵی (١٩١٨/سلێمانی-١٩٩٤سلێمانی)، ئەفسەر و سیاسەتکار، ساڵی ١٩٤١ کۆلێژی سەربازی تەواوکردووە، ئەندامی ئەفسەرانی ئازادیخواز بووە، بەشداری لە شۆڕشی چواردەی تەممووزدا کردووە، دوای شۆڕش بووەتە ئەندامی دادگای باڵای سەربازی، چەند جارێک پۆستی وەزیری وەرگرتووە، ساڵی ١٩٧٩ گەڕاوەتەوە شاری سلێمانی (کتب عبد الفتاح سعيد الشالي - مكتبة نور-noor) .

(٤) الفجر الجدید، ع(١٦٤١)، ١٩٦٧/٧/١١.

ژمارەی ٢٠ی ئەیلوولی ساڵی ١٩٦٧ هەواڵی دەستبەکاربوونی وەزیرە تازەکەی ڕاگەیاندووە، کە لە بەردەم عەبدولڕەحمان عارفی سەرکۆمار سوێندی یاسایی خواردووە[1].

یەکێکی دیکە لە هەنگاوەکانی حکوومەت سەبارەت بە جێبەجێکردنی بەندەکانی بەیاننامەی حوزەیران، دەرکردنی بڕیاری لێبووردنی گشتی بووە، لەو بارەیەوە ڕۆژنامەی (الفجر الجدید) نووسیویەتی:

"لێبووردنی گشتی بۆ ئەو کەسانەی بە ڕووداوەکانی باکوور حوکم درابوون، بۆ ئەم مەبەستە دەستەی وردبوونەوەی تایبەت بە لێبووردنی گشتی، بە هۆی ڕووداوەکانی باکوور کە لەلایەن دادگای سەربازییەوە تۆمەتبار کرابوون، بڕیاری لێخۆشبوونیان درا"[2].

هەمان ڕۆژنامە، لە یەکێک لە ژمارەکانی مانگی ئاب ئەم هەواڵەی بڵاوکردووەتەوە:

"ئەنجوومەنی وەزیران دانیشتنێکی ئاسایی خۆی لە ئێوارەی دوێنێ بە سەرۆکایەتی تاهیر یەحیا ئەنجام دا، ئاژانسی هەواڵی عێراقی زانیویەتی، ئەنجوومەنی یاسای لێبووردنی گشتی، ژمارە ٦٥ ی ساڵی ١٩٦٦ بۆ بەشداربووانی ڕووداوەکانی باکوور، هەمواركردووەتەوە"[3].

سەبارەت بە پڕۆژە خزمەتگوزارییەکانیش، هەر ڕۆژنامەی (الفجر الجدید) هەواڵی ئەنجامدانی هەندێک پڕۆژەی لەناو شاری هەولێر ڕاگەیاندووە، وەک پڕۆژەی شەقامی شەست مەتری و باخچەیەکی گشتی، لەو بارەیەوە ڕۆژنامەکە نووسیویەتی:

"عەبدولمونعیم مەسرەف موتەسەریفی هەولێر، دەربارەی ئارامی و سەقامگیری باکوور، لێدوانی داوە و ڕایگەیاندووە، ئێستا هەموو ناوچەکانی باکووری وڵات ئارامن، ژمارەی گەشتیاران بۆ هاوینەهەوارەکان زیادی کردووە، هەروەها ڕایگەیاند، هەڵمەتی ئاوەدانکردنەوەی لیواکەمان بەردەوامە، تواندراوە شوێنی گۆماوێکی گەورە، بکرێتە باخچەیەکی دڵگیر، کە تێچووەکەی (٨٦٠٠٠) هەزار دینار بووە. لە کۆتایی ئەمساڵ تەواو دەبێت. هەروەها تواندراوە، ڕێگایەک بە درێژایی ١٠ کیلۆمەتر دروست بکرێت، کە پانییەکەی ٦٠ مەترە، ئەم پڕۆژانە کۆتایی ئەمساڵ تەواو دەبن"[4].

(١) صوت العرب، ع(٦٢٢)، ١٩٦٧/٩/٢٠.

(٢) الفجر الجدید، ع(١٦٤٩)، ١٩٦٧/٧/٢٠.

(٣) الفجر الجدید، ع(١٦٧٧)، ١٩٦٧/٨/٢٢.

(٤) الفجر الجدید، ع(١٦٧٢)، ١٩٦٧/٨/١٦.

دەربارەی بۆچوون و پێشوازی کورد، لەو هەنگاوانەی حکوومەتی عێراقی کە بۆ جێبەجێکردنی بەیاننامەی حوزەیران ناویەتی، ڕۆژنامە عێراقییەکان هەندێک لێدوان و بابەتیان بڵاوکردووەتەوە، وەک ڕۆژنامەی (الفجر الجديد) لە یەکێک لە ژمارەکانی شوباتی ساڵی ١٩٦٧ دا، هەواڵی دیدارێکی ڕۆژنامەیەکی سۆڤییەتی، لەگەڵ مستەفا بارزانی سەبارەت بە پێشهاتە سیاسییەکان بڵاوکردووەتەوە و نووسیویەتی:

"ڕۆژنامەی (پراڤدا)[١]ی سۆڤییەتی، لە ڕێگەی پەیامنێرەکەی، بریماکۆڤ[٢]، دیدارێکی لەگەڵ سەرکۆمار عەبدولڕەحمان عارف بڵاوکردووەتەوە. پەیامنێرەکە ئەو پرسیارەی لە سەرکۆمار کردووە، ئایا ڕۆژنامەکە دەتوانێت سەردانی باکوور بکات؟ ئەویش وەڵامی داوەتەوە، ئەو بە هیچ جۆرێک دژی ئەمە نییە، بەڵام بەو مەرجەی لەگەڵ وەزیری بەرگری، بۆ ئەو سەردانە، ڕاوێژ بکات. لە ڕاستیدا ئێمە یەکەم ڕۆژنامەنووسی بیانی بووین، کە دوای سێ ساڵ لە شەڕ، سەردانی باکووری عێراق بکەین، دوای ئەوەی ڕای سەرکۆمارمان وەرگرت، نیازپاکی حکوومەتی عێراقیمان بەرامبەر کێشەی باکوور بۆ دەرکەوت، دوای دیدارمان لەگەڵ وەزیری بەرگری لیوا ڕوکن شاکر مەحموود شوکری، ئەوانیش دڵسۆزی خۆیان بۆ چارەسەرکردنی کێشەی باکوور پیشان دا. ئەو پیاوێکی چالاک بوو، جلێکی مەدەنی ئاسایی لەبەردابوو، ڕایگەیاند، زۆر پێویستە سەقامگیری بگەڕێتەوە باکووری وڵات، ئێمە هەمیشە بڕوامان بە چارەسەری ئاشتیيانەی کێشەی باکوور هەیە. دوای ئەوەی مەحموود شوکری لەگەڵ بارزانی کۆبووەتەوە، بارزانی دەمانچەیەکی بە دیاری پێداوە، ئەمەش پیشاندانی نیازپاکییەک وابووە. کاتێک ویستمان وەزارەتی بەرگری جێبهێڵین، پێی گوتین، سڵاومان بە

(١) ڕۆژنامەی (پڕاڤدا)، ناوی ڕۆژنامەیەکی ڕووسی/یەکێتی سۆڤیەتی بوو کە زمانحاڵی حیزبی کۆمۆنیستی یەکێتیی سۆڤیەت بوو، ڕۆژنامەکە یەکەمجار لە ڕێکەوتی ٥ی ئایاری ١٩١٢ دا دەرچووە، لە (سانت پوترسبۆرگ) - ڤلادیمێر لینین یەکێک بوو لە دامەزرێنەرانی ئەو ڕۆژنامەیە. ئێم ئەی ئیگۆرۆڤ بەڕێوەی دەبرد، لە دوای هەڵوەشانەوەی یەکێتیی سۆڤیەت لەساڵی ١٩٩١-١٩٩٢ لەلایەن دادگاوە ڕۆژنامەکە لە ڕووسیا ڕاگیرا و لەلایەن دەزگایەکی ڕاگەیاندنی یۆنانییەوە، ناوی (پراڤدا ئینتەر ناشنال) دەست بە دەرچوونی کرایەوە، لە ساڵی ١٩٩٦ وە بە شێوەی ئەلیکترۆنی دەردەچوو. Russia's Purveyor of 'Truth', Pravda, Dies After ٨٤ Years - The New York Times (nytimes.com)

(٢) یەڤگینی بریماکۆڤ (١٩٢٩/ئۆکرانیا-٢٠١٥/مۆسکۆ)، ڕۆژنامەنووس و سیاسەتکاری سۆڤییەتی-ڕووسی، لە نێوان ساڵانی ١٩٦٢-١٩٧٠ دا، لە ڕۆژنامەی (پراڤدا) کاری کردووە، پاشان دکتۆرای لە بواری ئابووری بەدەستهێناوە، لە پەیمانگای ڕۆژهەڵاتناسی کاری کردووە. لە نێوان ساڵانی ١٩٩٨-١٩٩٩ سەرۆک وەزیرانی ڕووسیا بووە. يفغيني بريماكوف - Yevgeny Primakov - المعرفة (marefa.org).

بارزانی بگەیەنن. پاشان پەیامنێرەکە باس لە دیدارەکەی لەگەڵ بارزانی، لە یەکێک لە گوندەکانی ڕەواندز دەکات، ئەم وتەیەی بارزانی گواستووەتەوە کە دەڵێت: "ئێمە لەگەڵ برا عەرەبەکانمان، دەمانەوێت ئەم وڵاتە بەیەکەوە بنیات بنێینەوە و خزمەتی گەلی خۆمان بە چاکترین شێوە بکەین". بارزانی بە توندی ڕەتی کردەوە و ئەوان لەگەڵ جیابوونەوەدا نین، وەک هەندێک لە ڕۆژنامە ڕۆژئاواییەکان بەو جۆرە باسی دەکەن، ئێمە شتێکی وامان دەربارەی جیابوونەوە نەگوتووە[1]. ئێمە هەمیشە ئاشتیمان ویستووە. بارزانی ڕۆڵی سەرکۆماری لەو بارەیەوە بەرز نرخاندووە و ئاماژەی بە ڕۆڵی وەزیری بەرگریش داوە. پەیامنێرەکە ڕایگەیاندووە، بارزانی تەمەنی شەست و چوار ساڵە، تەندروستی باشە، دوای ئەو ئازارەی چەند ڕۆژێک پێش ئەوە هەیبوو. زۆر سەرسامی جووڵە و چالاکی ئەو بووین کە دەتوانێت لە ڕێگا سەختەکاندا، بەسەر پشتی ئەسپەکەی بە ڕێگادا بڕوات"[2].

ئەوەی تێبینی دەکەین، ڕۆژنامە عێراقییەکان، تەنیا ئەو باسانە لەو گفتوگۆ ڕۆژنامەنووسییانە دەگوازنەوە، کە پەیوەندی بە یەکێتی خاکی عێراقەوە، هەیە، بەڵام بارزانی دەیان دیداری لەگەڵ ڕۆژنامەنووسە بیانییەکان هەبووە، گەلێک بابەتی دیکەی لەسەر مافە نەتەوەییەکانی کورد وروژاندووە، وەک ئۆتۆنۆمی[3]، هاوکاری وڵاتان بۆ بە تەنگەوەهاتنی کێشەی کورد[4]. بەڵام بارزانی، بۆ گەیشتن بە مافە نەتەوەییەکانی کورد، باوەڕی بە چارەسەری ئاشتییانە و دانوستان هەبووە، واتە تاکە بژاردەی بارزانی شەڕ نەبووە، بەڵکو گفتوگۆ و دانوستانیش بووە. لە دیدارێکی لەگەڵ ڕۆژنامەی (التآخي)دا، لە نیسانی ساڵی ١٩٦٧ دا دەڵێت:

(١) بۆ بینینی بەشێک لە هەواڵ و وتاری ڕۆژنامە بیانییەکان سەبارەت بە بارزانی و کێشەی کورد، بڕوانە: شيركو حبيب، ثورة ١١ ايلول في عدد من الصحف العربية والاجنبية، مراجعة و تقديم: عبدالفتاح علي البوتاني (الدكتور)، من منشورات الاكاديمية الكردية، اربيل، ٢٠٢٢. لەوێدا هەست دەکەین کە ڕۆژنامەکان لە تەک بڵاوکردنەوەی هەواڵەکانی شۆڕشی کورد، گەلێک بابەتیان بۆ مەرامی تایبەتی وروژاندووە کە گوزارشت لە شۆڕشی کورد ناکەن. بەتایبەت ڕۆژنامەی نیۆیۆرک تایمز کە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەردەچوو.

(٢) الفجر الجديد، ع(١٥٠٣)، ١٩٦٧/١/٢٠.

(٣) دەیڤید ئادەمسۆن، جەنگی کورد، و:عەبدولکەریم عوزێری، دەزگای جەمال عیرفان، سلێمانی، ٢٠١٧، ل١٧٩.

(٤) شەوکەت مەلا ئیسماعیل، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٦٣.

"حکوومەت تا ئێستا، هەندێک هەنگاوی لە بەیاننامەی حوزەیراندا جێبەجێ کردووە کە چی دەتواندرێت، هەنگاوی لەوە زیاتر هەڵبگرێت، بەڵام هەندێک کێشەی دارایی ڕووبەڕووی حکوومەت لە مانگی ڕابردووەوە بووەتەوە، بۆیە پڕۆسەکە وەک پێویست ناڕواتە پێشەوە، گرنگ نیازێکی باش بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان لە ئارادایە، بەتایبەت لای سەرکۆمار کە لە ماوەیەکی نزیکدا ئەوەی ماوە جێبەجێ بکات"[١].

سەبارەت بە ڕێککەوتننامەی حوزەیران، مەسعود بارزانی لە کتێبەکەیدا دەڵێت: "من خۆم لە بارزانیم گوێ لێبووە، گوتوویەتی، بەیانی ٢٩ ی حوزەیران بەیانێکی لاوازە، بەڵام ئێمە بە مەبەستی ڕێزلێگرتنی وەفدەکەی خۆمان پێی قایل بووین کە لە ڕاستیدا شەڕوەستاندنە، ڕێککەوتن نییە، بارزانی بۆ خۆی پێی ڕازی نەبوو، بەڵام ئەو بە نەریتەکەی خۆی، لەگەڵ یارمەتیدەران و لایەنگرانی نەرم بوو، خۆشی لەوە نەدەهات قسەیەکیان لەگەڵ بکات، لۆمە و سەرکۆنەکردن بگەیەنێت و وایان لێ بکات شوێنی خۆیانیان پێ لەق بێت"[٢].

یەکێکی دیکە لە هەنگاوەکانی حکوومەتی عێراق، سەبارەت بە جێبەجێکردنی مافە ڕۆشنبیرییەکانی کورد، بەپێی خاڵی هەشتەمی بەیاننامەی ٢٩ی حوزەیران، ڕێگەدان بوو، بە دەرکردنی ڕۆژنامەیەکی سیاسی کە گوزارشت لە کورد بکات، بە هەردوو زمانی کوردی عەرەبی، ئەویش ڕۆژنامەی (التآخي/برایی) بوو، لە ساڵانی (١٩٦٧-١٩٦٨) دا. کە ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەی سیاسی بوو، زمانحاڵی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو لە شاری بەغداد، ژمارە (یەك)ی ڕۆژنامەکە بە زمانی عەرەبی لە ڕێکەوتی (١٩٦٧/٤/٢٩) دا بڵاوکراوەتەوە. ژمارە (٨)ی ساڵی یەکەم کە یەکەم ژمارەی (برایی)ی کوردی لە ڕێکەوتی (٧ی ئایاری ساڵی ١٩٦٧) دا بڵاوکراوەتەوە. تاکو ژمارە (٤٢٩) لە ڕێکەوتی (١٩٦٨/١١/١١) دا بەردەوام بووە[٣]. خاوەن ئیمتیازی ڕۆژنامەکە هەر لە سەرەتاوە ساڵح یوسفی بووە، کە لە هەمان کاتدا سەرۆکی نووسین و لێپرسراوی ڕۆژنامەکەش بوو، دەستەی نووسەرانیش شەوکەت عەقراوی، محەمەد سەعید جاف[٤]، نەجیب بابان[١] و عەلی عەبدوڵڵا سەعید[٢]

(١) التآخي، ع(١)، ١٩٦٧/٤/٢٩.

(٢) مەسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٢٨.

(٣) صبرية جرجيس، المصدر السابق، ص٤٠-٤١.

(٤) محەمەد سەعید جاف (١٩٢٦/کەلار-١٩٩٦/بەغدا)، قۆناغی سەرەتایی لە کەلار و کفری تەواوکردووە، بەڵام بەهۆی مردنی باوکی خوێندنی تەواو نەکردووە، بەڵام بەهۆی هەوڵ و کۆششی خۆی،

بوون، بەڵام لە ژمارە (١٩٨)ی چوارشەممە ١٥ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٦٧ ناوی شەوکەت عەقراوی نەماوە، حەبیب محەمەد کەریم خراوەتە شوێنی.

ڕۆژنامەی برایی وەك زمانحاڵی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە وتار و بابەتە سیاسییەکانیدا، جەختی لەسەر چارەسەرکردنی کێشەی کورد و مافە نەتەوەییەکانی دەکردەوە، ئەم پەیامەش، بە زمانەکانی کوردی و عەرەبی لە هەردوو بەشی ڕۆژنامەکەدا واتە (برایی) و (التآخي) بڵاودەکرایەوە، تا خوێنەرانی عەرەبیش بیخوێننەوە، هەروەها لەم وتارانەدا، جەخت لەسەر یەکێتی ڕیزەکانی گەل و خەباتی هاوبەشی کورد و عەرەب و بەیاننامەی ٢٩ی حوزەیران و جێبەجێکردنی، کراوەتەوە. هەر ئەمەش ببووە هۆکاری ئەوەی زۆرجار کێشە بۆ بەشە کوردییەکەی دروست بکرێت.

دوای دەرچوونی ژمارە (٢١٥)، ڕۆژنامەکە، لە سەر بڵاوکردنەوەی وتارێك، کە ڕەخنەی لە (یاسای ڕۆژنامەوانیی عێراقی)[٣] گرتبوو، بۆ ماوەی دوو مانگ و نیو ڕاگیرا. پاشان ڕێگەی دەرچوونی پێدرایەوە و لە ڕێکەوتی (١٩٦٨/٢/١٧) دا ژمارە (٢١٦)ی ڕۆژنامەکە بڵاوکراوەتەوە[٤]. لەم ماوەیەدا هەردوو بەشی عەرەبی و کوردی ڕۆژنامەکە بەیەکەوە دەرچوونە. تاکو ژمارە (٢٧٩) لە ڕێکەوتی (١٩٦٨/٥/٧)دا بەردەوام بووە و (٦٦) ژمارەی لێ

---

خوێندەوارییەکەی بۆ پێشەوە بردووە، دوای داخستنی ڕۆژنامەی برایی، ڕووی کردووەتە وڵاتی ئێران و تا ساڵی ١٩٧٩ لەوێ ماوەتەوە. هەمان سەرچاوە، ل٤٤.

(١) نەجیب بابان، ساڵی ١٩٣٠ لە کفری لەدایکبووە، دەرچووی کۆلێژی مافە لە بەغدا، دوای دەرچوونی خەریکی کاری پارێزەری بووە. ئاریان ئیبراهیم محەمەد، ڕۆژنامەی برایی-برایەتی (١٩٦٧-١٩٧٤) ڕۆڵی لە پێشخستنی ئەدەب و ڕۆشنبیریی کوردیدا، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠٥، ل٣٦.

(٢) عەلی عەبدوڵڵا سەعید، ئەفسەری کورد، ساڵی ١٩١٤ لە سلێمانی لەدایکبووە، دەرچووی کۆلێژی سەربازییە، لە سەرەتای چلەکانەوە پەیوەندی بە حزبی هیواوە کردووە. صبرية جرجيس، المصدر السابق، ص٤٤.

(٣) ئەم یاسایە، لە کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٦٧، لەلایەن حکوومەتەکەی تاهیر یەحیاوە دەرچوو، ناوی نرا، (یاسای ڕێکخستنەوەی ڕۆژنامەوانی)، بەپێی یاساکە، زۆربەی ڕۆژنامە سیاسییەکان داخران، تەنها پێنج ڕۆژنامە هێڵرانەوە، کە ئەوانیش ئەمانەبوون: الجمهورية، الثورة، المواطن، المساء، بغداد ئۆبزێرڤەر. دوای ماوەیەک دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەغدا، ڕێگای دا بە دووبارە بڵاکردنەوەی ڕۆژنامەی (برایی) لە شوباتی ١٩٦٨. مليح صالح شكر، المصدر السابق، ص٤٠٩-٤١٠.

(٤) ئاریان ئیبراهیم، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣-٢٣.

بڵاوكراوەتەوە. لەم ژمارەیەدا ڕۆژنامەی (برایی) وتارێكی لەبارەی ڕاستكردنەوەی دەستووری عێراق بڵاوكردووەتەوە، ئەمەش بۆ جاری دووەم بووەتە هۆكاری داخستنی ڕۆژنامەكە بۆ ماوەی مانگێك[١]. تاكو جارێكی دیكە ڕێگەی دەرچوونی پێدراوەتەوە و لە ڕێكەوتی (١٩٦٨/٦/٩) دا ژمارە (٢٨٠)ی لێ بڵاوكراوەتەوە، جارێكی دیكە بەشە كوردییەكەی لەسەر زنجیرە عەرەبییەكەدا ڕۆیشتووەتەوە، تاكو ژمارە (٢٨٦) ئەم ژمارەیە بە یەكەم ژمارەی بەشە كوردییەكەی ئەم ماوەیە دادەندرێت و ژمارەی بەشە كوردییەكەشی لەسەر نەدەنووسرا. دیارە لەو كاتەشدا مۆڵەتی فەرمی ڕۆژنامەكە بەو شێوەیە بووە، دوای دەرچوونی هەر شەش ژمارەی ڕۆژنامەی (التآخي) ئینجا ژمارەیەك بە زمانی كوردی دەربكات. بەم شێوەیە بەردەوام بووە ئیتر لێرەوە ڕۆژنامەكە بە یەكجاری ڕاگیرا[٢]. ئەمەش دوای ئەوە دێت كە پەیوەندی نێوان كورد و حكوومەتی بەعس (كە لە تەمموزی ئەو ساڵەدا لە ڕێگەی كودەتاوە هاتبوونەوە سەر دەسەڵات)، بەرەو پشێوی و ئاڵۆزی هەنگاوی دەنا، لەلایەك و ئەو ڕەخنانەی ڕۆژنامەكە لە بڕیارەكانی حكوومەت دەیگرت لەلایەكی دیكەوە، سەرەنجام بوونە هۆكاری وەستانی ڕۆژنامەی (التآخي-برایی) [٣].

---

(١) رزگار نوری شاویس، (رزگاری) ثم (خەبات)-لسان حال الحزب الدیمقراطي الكوردستانی-عرض تاریخي، مطبعة التربیة، اربیل، ١٩٩٨، ص٦١.

(٢) صبریة جرجیس، المصدر السابق، ص٥٩-٦٢.

(٣) لەگەڵ ئەوانەدا، ڕۆژنامەی (برایی)، بایەخی بە سەرجەم لایەنەكانی دیكەی وەك مێژوو، كۆمەڵایەتی، ئابووری، زانستی سیاسی، وتاری ئەدەبی و هونەری داوە. بۆ نموونە لە بواری مێژووییدا زنجیرە وتارێك لە ڕۆژنامەی (برایی) لە ژێر ناوی (كورد لە مێژوودا) بە (٢٥) ئەڵقە بڵاوكراوەتەوە، كە بە (كودەتاكەی ساڵی ١٩٠٨ ی دەوڵەتی عوسمانی) و كاریگەری بەسەر كورد دەستپێدەكات، تاكو دوایین قۆناغی (شۆڕشەكەی شێخ مەحموودی حەفید) بەردەوام دەبێت. لە بواری ئابووری و كۆمەڵایەتیشدا گۆشەی تایبەت بە (كرێكاران و جووتیارانی كورد) تەرخان كراوە، لە ڕۆڵی كاریگەرییان لە ئابووری كۆمەڵگا و كێشە و گرفتەكانیانی كۆڵیوەتەوە. لە بواری ئەدەب و هونەریشدا گۆشەیەكی تایبەت بە (كۆڕی ئەدەب و هونەر و زانست) تەرخان كراوە، دەیان وتار و لێكۆڵینەوە و دەقی ئەدەبی و بەسەركردنەوەی شاعیرانی ناسراوی كورد بڵاوكراونەتەوە. لەگەڵ ئەمانەدا ژمارەیەكی زۆر لە ڕۆشنبیرە ناسراوەكانی كورد لە ڕۆژنامەكەیان دەنووسی، ئەمانەبوون: ساڵح یوسفی، ڕەمزی قەزاز، ڕەفیق چالاك، دكتۆر عیزەددین مستەفا، عەبدولسەمەد خانەقا، عەبدولڕەزاق خالیدی، حامید ئەدیب بابان، محەمەدی مەلا كەریم، شێركۆ بێكەس، بەدرخان سندی، شاكر فەتاح و محەمەد بەدری و كەسانی دیكە. بەمەش ببووە یەكێك لە پێگەكانی بزاڤی ڕۆشنبیریی كوردیی شاری بەغدا.

لە ساڵی ١٩٦٨ دا، ناوناوە، شەڕ لە نێوان پێشمەرگە و ئەو هێزانەی پاڵپشتی حکوومەت بوون، بەرپا دەبوو، ئەو هێزانەش وەک، باڵی پێشووی مەکتەبی سیاسی پارتی و هەندێک لە سەرۆک هۆزە کوردی و عەرەبییەکان، لە هەردوو لادا کوژراو و برینداری لێ دەکەوتەوە. دیارە حکوومەتی عێراقیش، لە ژێرەوە، یارمەتی هێزەکانی دژ بە شۆڕشی دەدا و ئاگری شەڕی جۆش دەدا، بەردەوامی دۆخەکەی لە بەرژەوەندی خۆیدا دەبینییەوە[١]. یەکێک لەو شەڕانەی کە ڕۆژنامە عێراقییەکان بە گرنگییەوە باسیان لێوە کردووە، ئەو شەڕە بوو کە لە نیسانی ساڵی ١٩٦٨ لە نێوان هێزەکانی پێشمەرگە و یەکێک لە سەرۆک هۆزە عەرەبەکان، بە ناوی شێخ حەنەش حەمەد تائی ڕوویدا، کە لە ئەنجامیدا، شێخ حەنەش کەوتە ناو بۆسەی هێزەکانی پێشمەرگە و لە نزیک گوندی (عارەبکەند) خۆی و چەند پیاوێکی کوژران[٢]. وەک سەرچاوەیەک ئاماژەی پێ دەکات، شێخ حەنەش و پیاوەکانی، (هەر لە دوای کودەتای ٨ی شوباتەوە)، بە بەردەوامی دەستدرێژییان دەکردە سەر هاووڵاتییانی گوندەکان (لە دەشتی کەندێناوەی هەولێر) و کاری چەتەیی و تاڵانیان ئەنجام دەدا[٣].

بابەتی ناکۆکی و ململانێی نێوان سەرکردایەتی شۆڕش و باڵی پێشووی مەکتەبی سیاسی، لە لێدوانی بەرپرسانیشدا، ڕەنگی داوەتەوە، ڕۆژنامەی (الثورة) لە ئایاری ساڵی ١٩٦٨، لێدوانێکی عەبدولڕەحمان عارفی سەرکۆماری بڵاوکردووەتەوە کە بۆ ڕۆژنامەیەکی لوبنانی داویەتی[٤] و تیایدا هاتووە:

"سەبارەت بە یەکلاکردنەوەی کێشەی باکوور، دوو ڕێگامان لە پێشە، ڕێگای یەکەم، کردەی سەربازییە، بەڵام ئێمە ئەو ڕێگایە، بە پەسند و گونجاو نازانین، ئەمەش هۆکاری زۆرە کە پەیوەستن بە بارودۆخی ناوخۆ و دەرەوەی وڵات. ڕێگای دووەم، کاری ئاشتەواییە، ئێمە ئەو ڕێگا چارەسەرییەمان پیادە کردووە، بۆ ئەم مەبەستە گەلێک هەنگاومان بەو ئاراستەیە هاویشتووە، بە جۆرێک کە کەس وەک ئێمە، نەیتوانیوە هەنگاوی هاوشێوە بەو ئاراستەیە،

(١) خەبات، ع(٥٠٢)، ایار ١٩٦٨.

(٢) شوان محەمەد ئەمین خۆشناو، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٥٥.

(٣) مەسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤٨.

(٤) ئەم ڕۆژنامەیە ناوی (الانوار) بووە، لە بەیرووت دەردەچوو، لە ژمارەی ڕۆژی دووی ئایاری ١٩٦٨ لێدوانەکەی لەگەڵ سەرکۆماردا بڵاوکردووەتەوە، ڕۆژێک دوای ئەوە ڕۆژنامە عێراقییەکان، گواستوویانەتەوە.

بهاوێت. بەڵام کێشەکە لێرەدایە، کوردەکان خۆیان دابەش بوونە، بۆیە حکوومەت هەوڵ دەدات ڕێگاچارەیەک بۆ ئەم پرسە بدۆزێتەوە"(١).

ڕۆژنامەی (الجمهورية) لە ژمارەی ئایاری ساڵی ١٩٦٨، هەواڵی شەڕەکەی دەشتی هەولێری، بڵاوکردووەتەوە، ئەم بەرپەرچدانەوەی پێشمەرگەیان بە یاری ئیمپریالیزم و زایۆنیزم ناو بردووە. ڕۆژنامەکە لێدوانەکەی عەبدولڕەحمان عارفی بڵاوکردووەتەوە، ڕەخنەی ئەوەی لە سەرکردایەتی شۆڕشی کورد گرتووە، ئەوان لە ناوخۆیان تەبا نین، ئەگینا حکوومەت هەموو هەنگاوێکی بۆ چارەسەری کێشەی کورد هەڵێناوە(٢).

ڕۆژنامەی (خەبات)، لە ئایاری ساڵی ١٩٦٨ لە وەڵامی لێدوانەکەی سەرکۆماردا نووسیویەتی:

"ئەوەی لە لێدوانەکەی سەرکۆماردا، ڕوون و ئاشکرایە، ئەو بژاردەی سەربازی، بە هۆکاری پرەنسیبی نیشتیمانی و مرۆیی ڕەت ناکاتەوە، بەڵکو لەبەر ئەوە ڕەتی دەکاتەوە، کە بە هۆی بارودۆخی ناوخۆیی و دەرەکی وڵات گونجاو نییە، بە واتایەکی دیکە، هەرکاتێک بارودۆخ لەبار بوو، ئەوە بژاردەی سەربازی گونجاوە. ئەوەش پشتگیری ئەو ڕایە دەکات کە هەر کاتێک حکوومەت بۆی لوا، شەڕی ڕەگەزپەرستانەی دژی کورد دەست پێدەکاتەوە"(٣).

حکوومەتی عێراقی لە جێبەجێکردنی بەندەکانی بەیاننامەی حوزەیران، سستی زۆری دەنواند، ئەمەش بووە مایەی نیگەرانی سەرکردایەتی شۆڕشی کورد، بۆ ئەم مەبەستەش هەندێک هەنگاوی کرداری گیرایە بەر، یەکێک لەو هەنگاوانە، داواکاری دەستلەکارکێشانەوەی وەزیرە کوردەکان بوو، لە کابینەکەی حکوومەتی تاهیر یەحیا. هەریەک لە ئیحسان شێرزاد وەزیری شارەوانی و عەبدولفەتاح شاڵی وەزیری کاروباری باکوور، هەر لە مانگی کانوونی دووەمەوە، سێ جار نووسراوی دەستلەکارکێشانەوەیان، پێشکەش بە سەرۆکی حکوومەت کرد، بەڵام لەلایەن حکوومەتەوە پەسند نەدەکرا، تا دواجار، واتە جاری چوارەم، لە ڕێکەوتی ٢٢ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٨، دەستلەکارکێشانەوەکەیان پەسند کراوە. ڕۆژنامەی (الجمهورية)، لە ژمارەی ڕۆژی ٢٢ی حوزەیراندا، ڕێوڕەسمی کۆماریی پەسندکردنی دەستلەکارکێشانەوەی هەردوو وەزیرەکەی بڵاوکردووەتەوە، هەریەک لە عەبدولکەریم فەرحان بۆ وەزارەتی شارەوانی و حەموودی

(١) الثورة، ع(١٣٢)، ١٩٦٨/٥/١٣.

(٢) الجمهورية، ع(١٣١)، ١٩٦٨/٥/١٣.

(٣) خەبات، ع(٥٠٢)، ایار ١٩٦٨. وەرگیراوە لە: شیرزاد زکریا محمد، الحركة القومية الكوردية، ص٣٤٣.

مەهـدی بـۆ وەزارەتـی کاروبـاری بـاکوور، بە وەکـالەت دەستنیشـان کـردووە. لە دەقەکەدا هاتووە:

"سـەرۆکایەتی کۆمـار، بڕیـاری دا بە پەسـندکردنی دەستلەکارکێشـانەوەی هەردوو وەزیـر، ئیحسان شێرزاد وەزیری شارەوانی و عەبدولفەتاح شاڵی وەزیری کاروباری باکوور. هەروەهـا ڕێوڕەسمێکیشی بۆ جێگـرتنەوەی هەردوو وەزیـرەکە بە شـێوەی وەکـالەت سـازکردووە، ئەم بڕیـارە لە ڕێکەوتـی ٢٢ی حـوزەیرانی سـاڵی ١٩٦٨ جێبەجـێ دەکرێـت". وەک لە دوایـین نـووسراوی دەستلەکارکێشـانەوەکەدا لە ڕێکەوتـی ٢٠ی حـوزەیرانی سـاڵی ١٩٦٨ دا هـاتووە، هۆکـاری دەستلەکارکێشـانەوەکە، دەگەڕێـتەوە بـۆ نەبـوونی مـامەڵەیەکی دروسـت و ئەرێنییـانەی چارەسـەرکردنی کێشـەی کـورد کە گیـانی خەمخـۆری و دڵسـۆزی تێـدا بەدی بکرێت، لە پێناو یەکێتی خـاکی عێـراق[١]. دوو ڕۆژ دوای ئەوە، ڕۆژنـامەی (الثـورة)، هەواڵـی دەستلەکارکێشانەوەی دوو وەزیرە کوردەکەی بڵاوکردووەتەوە[٢].

(١) احسان شيرزاد، المصدر السابق، ص٢٢٢-٢٢٥.

(٢) الثورة، ع(١٦٧)، ١٩٦٨/٦/٢٤.

## تەوەری چوارەم

### هەڵوێستی ڕۆژنامە عێراقییەکان بەرامبەر شۆڕشی ئەیلوول لە کودەتای ١٧ی تەمموزەوە، تا ڕاگەیاندنی ڕێککەوتننامەی ئادار (تەمموزی ١٩٦٨- ئاداری ١٩٧٠)

لە مانگی تەمموزی ساڵی ١٩٦٨ بۆ جاری دووەم، بەعسییەکان لە ڕێگای کودەتا بەسەر عەبدولڕەحمان عارفی سەرکۆماری عێراق، دەسەڵاتیان گرتەوە دەست. کۆدەتاکە بە دوو هەنگاو تێپەڕی، هەنگاوی یەکەمیان، لە ڕۆژی ١٧ی تەمموزدا بوو، کاتێک بەعسییەکان بە هاوکاری عەبدولڕەزاق نایف[١]ی بەڕێوەبەری هەواڵگری سوپا، عەبدولڕەحمان عارفیان لە دەسەڵات دوورخستەوە، ئەحمەد حەسەن بەکر لە شوێنیدا بووە سەرکۆمار و نایفیش بووە سەرۆک وەزیران[٢]. لە یەکەم ڕۆژی دوای کودەتا، ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش، ڕاگەیەندراوێکی لە ڕۆژنامەی (الوقائع العراقیة)ی ڕۆژی ١٨ی تەمموزی ساڵی ١٩٦٨ دا بڵاوکردەوە، تیایدا هاتبوو:

"دەسەڵاتی پێشوو، ئامادەکاری سوپایی و کێشەی گەورەی عەرەبی لە فەڵەستین، بەهۆی سیاسەتی پاشکۆیەتی، فەرامۆش کردبوو. هەموو کێشەکانی بە شێوەیەکی ژێربەژێری و ڕووکارانە چارەسەر دەکرد، ئەمەش بە زیانی گەورەی گەلی عەرەب و فەڵەستین و عێراق بەتایبەتی دەشکایەوە. وایکردبوو سوپا و گەل، هیچ متمانەیەکیان بە حکوومەت و سەرکردایەتییەکەی نەمێنێت و ببووە هۆکاری فەرامۆشکردنی ئارامی و سەقامگیری لە وڵاتدا، هیچ هەنگاوێکی ئەرێنییان بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە باکووری ئازیز هەڵنەهێنا. تەنیا هۆکاری دروستکردنی ئاژاوە و دووبەرەکی و هەڵچوونی سەربازییانە لە هەموو وڵاتدا بوون. لە شوێنێکی دیکەدا دەڵێت: ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش،

(١) عەبدولڕەزاق نایف (١٩٣٤/ئەنبار-١٩٧٨/لەندەن)، ساڵی ١٩٥٣ کۆلێژی سەربازی لە بەغدا تەواوکردووە، پاشان لە هەمان کۆلێژ وەک مامۆستا دامەزراوە. پاشان گواسترایەوە بۆ یەکەی هەواڵگری سەربازی و خوولێکی هەواڵگری لە بەریتانیا تەواوکرد. لەسەردەمی عەبدولڕەحمان عارف وەک بەرپرسی هەواڵگری کۆشکی کۆماری دەستبەکاربوو، دوای کودەتای ٣٠ی تەمموزی ١٩٦٨، ڕوویکردە دەرەوەی وڵات و لە لەندەن نیشتەجێ بوو، دەگوترێت بە پیلانێک لەنێوبراوە. عبد الرزاق النایف.. قائد انقلاب ١٧ تموز ١٩٦٨ لـ الکاتب / هادي حسن علیوي(kitabat.com)

(٢) سعد ناجي جواد (الدکتور)، العراق والمسألة الکردیة، لندن، ١٩٩٠، ص١٤٤.

ڕایدەگەیەنێت، ئەمە شۆڕشی گەلە، لە سیاسەتی ناوخۆدا زۆر کار ئەنجام دەدەین، یەکێک لەوانە، چارەسەرکردنی کێشەی باکوورە، بە حیکمەت و بە گیانێکی بەرژەوەندیخوازی نیشتیمانی"[١].

عەبدولڕەزاق نایف لە یەکەم ڕۆژی دەستبەکاربوونی وەک سەرۆک وەزیران، ڕایگەیاند کێشەی کورد لە چوارچێوەی یەکپارچەیی خاکی عێراق چارەسەر دەکات[٢]. ڕۆژنامەی (التـأخي) لە وتارێکیدا، کە لە ژمارەی ڕۆژی ١٣ی تەمموزی ساڵی ١٩٦٨ بڵاوکراوەتەوە، نووسیویەتی:

"سەرکردایەتی شۆڕشی کورد، پێش کودەتاکەی ١٧ی تەمموز، شانبەشانی هەموو هێزە سیاسییەکانی دیکەی عێراق، لەگەڵ بەعسییەکان لە پەیوەندی دابووە"[٣].

مەسعود بارزانی ئاماژە بەوە دەکات، لە ڕۆژی ٢٠ی تەمموزدا، نایف ئاگاداری بارزانی کردەوە، کە دوو وەزیری کورد بۆ کابینەی حکوومەتەکەی دەستنیشان بکات[٤]. سەرکردایەتی شۆڕشی کوردیش هەریەک لە موحسین دزەیی و ئیحسان شێرزادی بۆ ئەم مەبەستە، دەستنیشان کرد. حزبی بەعس لە بەیاننامەی ژمارە (١٩) کە لە ١٧ی تەمموزی ساڵی ١٩٦٨ دا دەرچووە، ناوی وەزیرەکانی کابینەکەی عەبدولڕەزاق نایفی بڵاوکردەوە کە ناوی هەریەک لە موحسین دزەیی بۆ وەزارەتی کاروباری باکوور و ئیحسان شێرزاد بۆ وەزارەتی ئەشغال، تێدابوو. دوو کوردی دیکەش لە کابینەکەدا بەشدار بوون، بەڵام ئەوان بە شێوەیەکی بێلایەنانە ڕاسپێردرابوون، ئەوانیش هەریەک لە موسلیح نەقشبەندی و عەبدوڵڵا نەقشبەندی[٥] بوون[١].

(١) الوقائع العراقية، ع(١٩٥٨)، ١٩٦٨/٧/١٨.

(٢) جەمال نەبەز، جەمال نەبەز، کوردستان و شۆڕشەکەی، ل١٨٨.

(٣) التاخي، ع(٣٣٩)، ١٩٦٨/٧/١٣.

(٤) مەسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٥٢.

(٥) عەبدوڵڵا شێخ مستەفای شێخ ئەبوبەکری نەقشبەندی (١٩٢٤/هەولێر-٢٠٠٠/بەغدا)، هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرا بوو لە یاسای بەراوردکاریی ئیسلامی و ڕۆمانی لە ساڵی ١٩٥٩، هەر لەو ساڵەدا بووە بەڕێوەبەری گشتی دارایی عێراق، ساڵی ١٩٦٥ بووە وەزیری دارایی، ساڵی ١٩٦٨ وەزیری ئابووری، لە دامەزرێنەرانی کۆڕی زانیاری کورد بووە، لە نێوان ساڵانی ١٩٦٨-١٩٧٦ لە ژمارەیەک زانکۆی عێراق وانەبێژ

بەڵام ئەم دۆخە زۆر درێــژەی نەکێشــا، بەعســییەکان پیلانێکیــان دانــابوو، تــا بە تەواوی دەستبەسەر دەسەڵاتدا بگرن، بۆ ئەم مەبەسـتە لە ڕێکەوتی ٣٠ی تەممـووزی هەمـان سـاڵ، کودەتایەکی دیکەیان بەسەر عەبدولڕەزاق نایفدا کرد و لە دەسەڵات دوورییان خستەوە، بەم شێوەیە، هەموو دەسەڵاتێکی وڵات کەوتە ژێر دەستی خۆیان.

وەک سەرچاوەکە ئاماژەی پێدەکات، سەرکردایەتی شۆڕشی کـورد، پـێش وەخـتە ئاگـاداری ئەم پیلانەی بەعسییەکان بوو، ئەوان لیوای زرێپۆشیان بۆ ناو شاری بەغـدا جـووڵە پێکردبـوو، کە مەبەست لێی ڕێگەخۆشکردن بوو، بۆ کودەتایەکی نوێ[٢].

دوای کودەتاکە، لە ڕێکەوتی ٣١ی تەممـووزی سـاڵی ١٩٦٨، بەعسـییەکان، لە بەیاننـامەی ژمارە (٣٢) دا، حکـوومەتێکی نوێیـان بە سـەرۆکایەتی ئەحـمەد حەسـەن بەکـر ڕاگەیانـد، لە بەیاننامەکەدا ناوی وەزیرانی حکوومەتەکە بڵاوکراونەتەوە، لە نێوانیاندا، نـاوی سـێ وەزیـری کورد هاتوون، ئەوانـیش موحسـین دزەیـی و ئیحسـان شـێرزاد و تەهـا محێـدین مەعـروف[٣] بـوون[٤]. ڕۆژنـامەی (الجمهوريـة) لە ژمـارەی ڕۆژی ٢ی ئـابی سـاڵی ١٩٦٨، نـاوی وەزیرانـی حکوومەتەکەی بڵاوکردووەتەوە[٥]. موحسین دزەیی لە بیرەوەرییەکانیدا ئاماژە بەوە دەکـات،

بـووە. سـاڵی ١٩٧٧ وازی لە کـاری گشـتی هێنـاوە و خانەنشـین بـووە. عەبـدولڕەحمان مەعـرووف، ئینسایکلۆپیدیای نووسەرانی هەولێر، ب٣، تاران، ٢٠٢١، ل١٥١٢.

(١) الجمهورية العراقية، القرارات العامة لمجلس قيادة الثورة ١٩٦٨-١٩٧٧، م١، بغداد، ١٩٧٧، ص٢٤.

(٢) مەسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٥٢.

(٣) تەها محیەددین مەعرووف (١٩٢٤/سلێمانی-٢٠٠٩/ئوردن)، قۆناغەکانی خوێندنی لە شاری سـلێمانی تـەواو کردووە، دەرچووی کۆلێژی مافە لە شـاری بەغـدا لە سـاڵی ١٩٤٨. مـاوەیەك بە پـارێزەری خەریـك بووە، لە ساڵانی شەستەکانیشدا، بە پلەی ڕاوێژکار لـە باڵیۆزخانـەی عێراق لــە شــاری لـەنــدەن دانـراوە، دوای کودەتاکەی حزبی بەعس لە تەمووزی ساڵی ١٩٦٨ بووە بە وەزیری دەوڵەت، دواتر بـاڵیۆزی عێـراق لە وڵاتی ئیتاڵیا لە نێوان ساڵانی ١٩٧٠-١٩٧٤، لە ١١/نیسانی/١٩٧٤ بە جێگری سەرکۆماری عێراق ئەحـمەد حەسەن بەکر، دانراوە، ساڵی ١٩٨٤ کـراوە بـە ئەنـدامی سـەرکردایەتی شـۆڕش-عێـراق، نـاوبراو لە کـاتی دامەزراندنی حزبی ڕزگاری کـورددا بە ئەنـدامی سـەرکردایەتی ئەو پـارتە هەڵبژێـردراوە. محەمەد فـاتح، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٥٦.

(٤) شوان محەمەد ئەمین خۆشناو، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٨١.

(٥) الجمهوريـة، ع(٢٠١)، ١٩٦٨/٨/٢.

پێشنیارکرابوو، ساڵح یوسفیش لە کابینە وەزارییەکەدا بەشدار بێت، بەڵام کە بەیاننامەکە ڕاگەیەندرا ناوی ئەوی تێدا نەبوو[١].

لەو کاتەدا حزبی بەعس هەوڵی دەدا، ناکۆکی نێوان هەردوو باڵی سەرکردایەتی و باڵی پێشووی مەکتەبی سیاسی، قووڵتر بکاتەوە، بۆیە لەو کاتەدا پێشنیار کرا، وەزیرێکی سەر بە باڵی مەکتەبی سیاسی، لە کابینەکەی ئەحمەد حەسەن بەکر دابندرێت. بەڵام ئەمە لەلایەن سەرکردایەتی شۆڕشی کورد ڕەتکرایەوە، وەزیرە کوردەکانی نوێنەری شۆڕش دەستیان لەکار کێشایەوە و تەها محێدین مەعروف کە نوێنەری باڵی مەکتەبی سیاسی بوو، لە کابینەکەدا وەک وەزیری دەوڵەت دەستبەکار بوو[٢].

دوای کودەتای ٣٠ی تەمموز، قۆناغێکی تازە لە پەیوەندییەکانی نێوان دەسەڵاتی ناوەندی عێراق و کورد دەستی پێکرد. بەعسییەکان وایان پیشان دا، ئەوان هەنگاو بە ئاراستەی چارەسەری کێشە نەتەوایەتییەکانی کورد، بەپێی بەندەکانی بەیاننامەی حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٦ دەهاوێن، هەربۆیە چەند ڕاگەیەندراوێکیان بەناوی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی عێراقەوە بڵاوکردەوە، یەکێک لەوانە، بەیانی ژمارە (٥٧) لە ٣ی ئابی ساڵی ١٩٦٨ بوو، کە لە ناوەرۆکەکەیدا هاتووە:

"لە سۆنگەی پابەندبوونمان بە یەکەم بەیانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش، دەربارەی چارەسەری ئاشتییانەی کێشەی باکوور، ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش دەست دەکات بە لێکۆڵینەوە لە لایەنەکانی کێشەکە و ئەو بارودۆخەی کە لە سەردەمانی پێشوودا پێیدا تێپەڕیوە، گفتوگۆ دەربارەی ئەو تێڕوانینانە دەکات کە بۆ چارەسەری خراونەتەڕوو، لە سۆنگەی پێداگیری شۆڕش، بۆ بەدەستهێنانی ئاسایش و ئارامی و ئۆقرەیی لە سەرتاسەری وڵات. شۆڕش جەخت دەکاتەوە لەسەر یەکێتی خاک و خەباتکردن دژی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی و زایۆنیزم و باوەڕبوون بە مافە نەتەوەییەکانی کورد. ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بڕیاریدا بە پابەندبوون بە بەیاننامەی ٢٩ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٦،

(١) موحسین دزەیی، وێستگەکانی ژیانم، ب٢، و: ئیسماعیل بەرزنجی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٩، ل١٨٨.

(٢) احسان شيرزاد، المصدر السابق، ص٢٦٨.

وەک بنەمـایەک بـۆ چارەسـەری کێشـەکان و ڕاسـتەوخۆ هەمـوو هەوڵێـک دەدات بـۆ جێبەجێکردنی بەندەکانی بەیاننامەکە"[١].

ڕۆژێک دوای ئەوە، واتە ٤ی ئابی ساڵی ١٩٦٨، بڕیارنامەیەکیان، بە ژمـارە (٣٥)، سـەبارەت بە مافە ڕۆشنبیرییەکانی کورد، بڵاوکردەوە، کە تیایدا هاتووە: بڕیارمـان دا، بە جێبەجێکردنـی بەندی شەشەمی بەیاننامەی ٢٩ی حوزەیران، کە پەیوەندی بەمانەوە هەیە:

یەکەم. شـاندکردنی کوردەکـان وەک نێـردەی زانسـتی، بـۆ خوێنـدنی بـ واره جیاوازەکـ ان، لە سەرجەم ئاستەکاندا، لە دەرەوەی وڵات.

دووەم. دروستکردنی کۆڕی زانیاری کورد.

سێیەم. دروستکردنی زانکۆی سلێمانی[٢].

لە ڕۆژی ٥ی ئابیشدا، ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش، بڕیارنامەیەکی دیـکەی بە ژمـارە (٥٩) بڵاوکردەوە، کە ئەمە دەقەکەیەتی:

"لە سۆنگەی باوەڕبوونمـان بە ئامانجەکـانی شۆڕشـی تەمموزی پیـرۆز و جەختکـردنەوە لەسـەر پێـداگیریی شـۆڕش، بەرامـبەر چارەسـەرکردنی ئاشـتەواییانەی کێشـەی کـورد، بە شێوەیەکی دادپەروەرانە. بۆ هێنانەئـارای دۆخێکـی گونجـاو، بڕیارمـان دا، بە جێبەجێکردنـی بەندەکانی بەیاننامەی ٢٩ی حوزەیران کە لە ساڵی ١٩٦٦ دا دەرچووە:

یەکەم. لێبووردنی گشتی، بۆ بەشداربووانی ڕووداوەکانی باکوور، لە سەربازی و مەدەنی.

دووەم. لێبووردنی ئەندامانی هێزە چەکـدارەکان لە یەکەی ئامادەکـاری و جبەخـانە کە هەر شوێنەوارێکی ماددی و مەعنەوییان بکەوێتە سەر.

سێیەم. لە سەر دەسـەڵات پێویسـتە ئەو کەسـانەی بڕیـارەکە دەیـانگرێتەوە، بیـانگەڕێننەوە، سەر ئەرکەکانیان"[٣].

جگە لە بڕیارەکان، قسەکردن لەسەر ڕەوایێتی مافە نەتەوەییەکانی کـورد، لەسـەر لاپەڕەی گۆڤار و ڕۆژنامەکانیشدا ڕەنگی دابووەوە، ڕۆژنامەی (الحوادث)[١] لە ژمارەی ڕۆژی ٨ی ئـابی

(١) الجمهورية العراقية، القرارات العامة ....، م١، ص٥٩٣.

(٢) المصدر نفسه، ص٥٩٣.

(٣) المصدر نفسه، ص٥٩٣.

ساڵی ١٩٦٨، وتارێکی بڵاوکردووەتەوە، تیایدا نیازپاکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی عێراقی بەرامبەر کێشەی کورد خستووەتەڕوو و نووسیویەتی:

"یەکێتی گەلی عێراق، بە هۆکاری کێشەکانی وڵات، نەتواندراوە وەدی بێت. تەنانەت ئەم کێشانە ببوونە مایەی ڕەشبینی لای هەندێک خەڵک. بەڵام شۆڕش بەهۆی هەنگاوە بوێرەکانییەوە، توانی جارێکی دیکە متمانە بۆ خەڵک بگەڕێنێتەوە و ئەو هیوایە دروست بکاتەوە کە یەکێتی گەلی عێراق بەهێزە و دەتوانێت ڕووبەڕووی پیلانی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی و زایۆنیزم ببێتەوە. لە زنجیرەیەک بڕیاری گرنگدا کە ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش دەریکرد، ڕێگای لە بەردەم جەماوەردا کردەوە، بۆ کارکردن لە پێناو گەیشتن بە ئامانجەکان. ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ڕایگەیاند، بەیانی ٢٩ی حوزەیران، بنەمایە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی باکوور،کردنەوەی زانکۆی سلێمانی و دروستکردنی کۆڕی زانیاری کورد، ئازادکردنی دەستگیرکراوان، وەستاندنی دادگاییکردنی هاووڵاتییان بە تۆمەتی سیاسی، سووککردنی باج، هەموو ئەوانە هەنگاوی بوێرانەی شۆڕش بوون، بۆ یەکێتی خاک و بەهێزکردنی برایەتی نێوان کورد و عەرەب و هەموو ڕەگەزە جیاوازە پێشکەوتووەکان کە پەیوەندییەکی بەهێز بەیەکەوەیان گرێ دەدات، بۆ کارکردن بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی پێشکەوتووی سۆشیالیزمی شۆڕشگێڕی، ئەم دەستکەوتانە دەنگدانەوەیەکی گەورەی لای هەموو چینە جیاوازەکان و هێزە نیشتیمانییەکان دروست کرد، هەروەها هۆکارێک بوو، بۆ لەناوبردنی هەموو نالەبارییەکانی ڕابردوو، عێراقی نوێ پشتگیری یەکێتییەکە دەکات، بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی نەتەوەی عەرەب بە گشتی"[٢].

لە بڕیارنامەیەکی دیکەی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش، کە لە ڕێکەوتی ٢ی ئەیلوولی ساڵی ١٩٦٨، بە ژمارە (١٣٠)دا دەرچووە، هاتووە:

(١) ڕۆژنامەی (الحوادث): ڕۆژنامەیەکی سیاسی بوو، ساڵی ١٩٥٧ ئیمتیازی دەرچوونی وەرگرتووە، خاوەن ئیمتیازەکەی عادل عەونی و سەرنووسەرەکەی شەوکەت حەبیب بوون، ساڵی ١٩٦٠ بە بڕیارێک هەڵوەشایەوە، دواتر دەستی بە دەرچوون کردووەتەوە. وزارة الاعلام، دليل الصحافة العراقية، ص٢٥.

(٢) الحوادث، ع(٩٩)، ١٩٦٨/٨/٨.

"گەڕاندنەوەی سەرجەم فەرمانبەران و کرێکار و خزمەتگوزارەکان بۆ سەر کارەکانیان، کە بەهۆی ڕووداوەکانی باکوور لە کارەکانیان دوورخرابوونەوە. هەروەها تەنسیبکراوەکانیش دەگەڕێندرێنەوە بۆ وەزارەتی نەوت"(١).

لە ڕێکەوتی ٣٠ی ئەیلوولیشدا، بڕیارنامەی ژمارە (٢٦٧) دەرچوو کە جارێکی دیکە جەخت لە جێبەجێکردنی بڕیاری لێبووردنی گشتی دەکاتەوە و تیایدا هاتووە:

"بە مەبەستی جێبەجێکردنی بڕیاری لێبووردنی گشتی، بۆ بەشداربووانی ڕووداوەکانی باکووری وڵات، کە لە ڕێکەوتی ٥ی ئابی ساڵی ١٩٦٨ بە ژمارە (٥٩) دەرچووە، ئەم ڕوونکردنەوەی خوارەوە دەدەین: ئەم لێبووردنە گشتییە هەموو ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە بەشداری ڕووداوەکانی باکووریان کردووە. لە هەموو چین و توێژە جیاوازەکان، بەبێ جیاوازی تەنانەت ئەوانەش دەگرێتەوە کە بە تاوانی هەمەجۆر، بەهۆی ڕووداوەکانی باکوور، تۆمەتبارن. لێکۆڵینەوە یاساییەکان لە سەریان ڕادەگیرێت"(٢).

هەر لە ڕێکەوتی ٣٠ی ئەیلوولی ١٩٦٨ دا، بڕیارێکی دیکەی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە ڕۆژنامەی (الوقائع العراقية) بڵاوکراوەتەوە و تیایدا جەژنی نەورۆز، لە ٢١ی ئاداری هەموو ساڵێک، بە جەژنی نەتەوەیی کورد داناوە(٣). لە ١٣ی مانگی تشرینی یەکەمیشدا، جارێکی دیکە بابەتی لێبووردنی گشتی کراوەتە بڕیار و بەپێی بڕیارنامەی ژمارە (٣٢٤) ڕاگەیەندراوە و تیایدا هاتووە:

"بابەتی لێبووردنی گشتی کە ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش، بە بڕیاری ژمارە (٥٩) لە ٥ی ئابی ١٩٦٨ دەریکرد، کردنەوەی لاپەڕەیەکی نوێیە، لە بەردەم هاووڵاتییان، بۆ خزمەتکردنی وڵات، بە دڵسۆزی و باوەڕەوە. ئەو بڕیارە ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە پێش دەرچوونی بڕیارەکە، دەیانگرێتەوە، بەڵام ئەو کەسانە ناگرێتەوە کە دوای دەرچوونی بڕیارەکە، ڕایان کردووە، لەسەر دەسەڵات پێویستە، ڕێکاری یاسایی بەرامبەریان بگرێتە بەر، بەتایبەت ڕاکردووان لە هێزە چەکدارەکان. لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا بکات، لەسەر ئەو چەک و کەرەستە سەربازییانەی لە ئەستۆیان دایە"(٤).

(١) الجمهورية العراقية، القرارات العامة ....، م١، ص٥٩٤.

(٢) المصدر نفسه، ص٥٩٥.

(٣) الوقائع العراقية، ع(١٦٣١)، ١٩٦٨/٩/٣٠

(٤) الجمهورية العراقية، القرارات العامة ....، م١، ص٥٩٥.

ئەو بڕیارانەی حزبی بەعس، ئەگەرچی پێنگاڤی ئەرێنی و گرنگ بوون، بەڵام ڕێگر نەبوون، لە بەردەم دووبارە هەڵگیرسانەوەی شەڕ لە نێوان کورد و حکوومەتی عێراق. ئەمەش زۆر هۆکاری لە پشتەوە بوو، وەک، بەعس نەیتوانی نیازی تاکڕەوی و ڕەگەزپەرستانەی خۆی بەمانە بشارێتەوە، بۆ نموونە لە تەک ئەو بڕیارانەی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشدا، کەچی لەولاوە، لە دەستووری کاتی عێراقدا، کە لە ڕۆژنامەی (الوقائع العراقية)ی ڕۆژی ٢١ی ئەیلوولی ١٩٦٨ بڵاوکراوەتەوە، گەلی عێراق بە بەشێک لە نەتەوەی عەرەب دادەنێت و لە ماددەی چوارەمیشدا، زمانی عەرەبی بە زمانی فەرمی عێراق دادەنێت، بێئەوەی ئاماژە بە زمانی کوردی و کەمینەکانی دیکە بکات. هەروەها لە کۆی ٩٥ ماددەی ئەو دەستوورەدا، تەنیا یەک جار ناوی کورد هاتووە، ئەویش لە ماددەی (٢١) دایە، کە هاتووە، عەرەب و کورد لە ماف و ئەرکدا، لە بەرامبەر یاسادا یەکسانن و ئەم دەستوورە دەستەبەری مافەکانیان دەبێت[١].

هۆکارێکی دیکە پەیوەندی هەیە، بە پشتگیریکردنی بەعس، لە باڵی پێشووی مەکتەبی سیاسی. هاندان و چەکدارکردن و جووڵاندنیان دژی شۆڕشی کورد، ئەمەش چەند شەڕێکی ڕاستەوخۆی نێوان هەردوو باڵەکەی لێکەوتەوە، وەک شەڕەکەی قەرەداغ، لە ١٢ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٦٨، کە چەند هێزێکی پێشمەرگەی سەر بە شۆڕشی کوردستان تێیدا بەشدار بوون و ژمارەیەک لە چەکدارانی باڵی مەکتەبی سیاسی، کوژران و دەستگیر کران[٢].

لە ١٠ تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٦٨، لە ئاکامی سەرنەگرتنی گفتوگۆی نێوان کورد و حکوومەتی عێراق، شەڕ لە کوردستان دەستپێکردەوە، لە ١١ی تشرینی دووەمدا، ڕۆژنامەی (التآخي/برایی)، زمانحاڵی پارتی لە شاری بەغدا داخرا. لە کۆتاییەکانی مانگی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٦٨، هێزەکانی پێشمەرگە هێرشیان کردە سەر هێڵی شەمەندەفەری کەرکووک- بەغداد. پاشان نەخشەی پەلاماری هێرشکردنە سەر بیرەنەوتەکانی کەرکووکیش داندرا. لە ئاداری ساڵی ١٩٦٩ ئەم نەخشەیە جێبەجێ کرا و زیانێکی گەورەی ماددی و مەعنەوی بە عێراق گەیاند[٣].

(١) بڕوانە: الوقائع العراقية، ع(١٦٢٥)، ١٩٦٨/٩/٢١

(٢) مەسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٥٥.

(٣) فەرەیدوون عەبدوڵلا عەبدولڕەحیم، بارودۆخی سیاسی کوردستانی-عێراق ١١ی مارتی ١٩٧٠-١١ی مارتی ١٩٧٤، چاپخانەی منارە، هەولێر، ٢٠٠٨، ل٣٥.

سەرەڕای ئەمانە، ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی عێراق، هەوڵی دەدا، وا پیشان بدات کە ئەوان بە تەنگ خواستە نەتەوەییەکانی گەلی کوردەوەن، لە شوباتی ساڵی ١٩٦٩ ڕۆژنامەی (الشرق) ئەم بابەتەی بڵاوکردووەتەوە:

"دەسەڵاتی شۆڕشگێڕی لە ئێستادا، هەنگاوی گەورەی بە ئاراستەی چارەسەرکردنی کێشەی کورد ناوە، ئەوە نهێنی نییە ئەگەر بڵێین، پارتی فەرمانڕەوا، لەگەڵ سەرجەم لایەنە کوردییەکان، لە پێش شۆڕشی هەڤدەی تەممووزەوە، لە پەیوەندیدا بووە. بۆ ئەمەش چارەسەری کێشەی کوردی بە شێوەیەکی ئاشتییانە، لەسەر بنەمای دانان بە مافەکانی گەلی کورد، بە ئامانج گرتووە. عێراق لە ڕابردوودا، لە سیاسەتەکەیدا، هەوڵیدا کێشەی کورد بە شێوەیەکی ئاشتەواییانە چارەسەر بکات، ئەمەش جێگای ڕەزامەندی گەلی کورد بوو، سەرەڕای ئەوە هەوڵی دەدا تۆی دووبەرەکی لە نێو ڕۆڵەکانی وڵاتدا بچێنێت و گێرەشێوێنی بڵاودەکردەوە". پاشان پەیامنێری ڕۆژنامەکە، نووسیویەتی:

"لە ئەنجامی قسەکردنمان لەگەڵ بەڕێز دکتۆر عەبدوڵڵا خزەیر[1]، وەزیری یەکبوون (وزیر الوحدة)[2] و کاروباری باکوور بە وەکالەت، هەوڵمدا هەموو ئاخاوتنەکانی بڵاو نەکەمەوە، بەڵام دواتر تێبینیم کرد، ئەو زۆر بە ڕوونی و ڕاشکاوانە قسەی دەکرد، هیچ لێڵی و شتێکی شاراوەم لە ئاخاوتنەکانیدا، بەدی نەکرد، ئەمەش لە باوەڕێکی تەواو بە چارەسەرکردنی کێشەی کورد، سەرچاوەی گرتبوو. وەک چۆن سەرکۆمار دەڵێت: هەموو شتێک لە پێناو شەڕەکەدا. سرووشتی ململانێ لەگەڵ ئیمپریالیزم و زایۆنیزم، لەم قۆناغەدا، پشت بە خەباتی هاوبەشی نێوان کورد و عەرەب دەبەستێت. هەروەها هەوڵ و کۆشش و وزەکانیان لەپێناو

(١) عەبدوڵڵا سەلمان خزیر، ساڵی ١٩٢٠ لە سامەڕا لەدایکبووە، دەرچووی کۆلێژی پزیشکی بوو. لە نێوان ساڵانی ١٩٦٨-١٩٧٤ وەزیری وەحدە بووە. لە نێوان ساڵانی ١٩٦٨-١٩٧٠، وەزیری کاروباری باکوور بووە بە وەکالەت. عبد الله سلمان الخضير - أرابيكا (rabica.org)

(٢) وەزارەتی وەحدە، بە کوردییەکەی یەکبوون، لە سەرەتادا بە ناوی وەزارەتی (شؤون وحدة الاتحادية) لە تەممووزی ساڵی ١٩٦٣ یاساکەی دەرچووە. تایبەت بووە بە کاروباری یەکێتی نەتەوەیی عەرەبی. ئەم وەزارەتە لە سەردەمی کابینەکەی عەبدولڕەحمان بەزاز و تاهیر یەحیادا کارا کراوە و وەزیر و وەزیری دەوڵەتی هەبووە. لە دوای کودەتای بەعس، لە نێوان ساڵانی ١٩٦٨-١٩٧٥، ناوەکەی لە لیستی وەزارەتەکانی عێراقیدا هەبووە، بە درێژایی ئەو ماوەیە، دکتۆر عەبدوڵڵا خزیر وەزیری بووە، سەبارەت بە یاسای وەزارەتەکە، بڕوانە: الوقائع العراقية، ع(٨٣٥)، ١٩٦٣/٧/٣١.

سەرکەوتندا. ئەم باوەڕەش، بە ئامانجی دامەزراندنی فەرمانڕەواییەکی بەهێز سەرچاوەی نەگرتووە. بەڵکو کوردەکان خۆیان ئەمە بە پێویست دەزانن و کاریان بۆ وەدیهێنانی کردووە و بەرگریشی لێ دەکەن. لە ئێستادا، بە هەموو باوەڕێکەوە، هێزی ئارەزوومەندانەی هاوبەشە. کێشەکانیش کۆتاییان هاتووە، ئەو کێشانەی زیانی گەورەیان بە ناوچەکانی باکوور گەیاندووە. هەروەها بەڕێز وەزیر ڕایگەیاند: ئەوان بە مەبەستی ئاوەدانکردنەوە و بنیاتنانەوەی باکوور، بڕی پێنج ملیۆن دیناریان تەرخان کردووە. ئەمەش پێویستی بەوەیە دامەزراوە حکوومییەکان سەرپەرشتی جێبەجێکردنی بکەن. سەبارەت بە هەڵوێستی حکومەتی ئێستا بەرامبەر بە حزب و ڕێکخراو و کۆمەڵە کوردییەکان، بەڕێز وەزیر گوتی: حکومەت بە تەنیا بۆ دەستە و کۆمەڵەیەک نییە، بەڵکو بۆ هەمووانە. ئەگەر هەر لایەنێک ببینێت دەسەڵات دژایەتی دەکات، لە ئەنجامدا ئەویش پشتیوانی لێناکات. ئەمە بۆچوونی تێکرای هاوڕێیانی ناو دەسەڵاتە. حوکمڕانی وڵات لە ئێستادا لە هێمنی و ئارامی و جێگیری و گەشانەوەدایە. حکوومەت لەلایەن خۆیەوە، زۆربەی بەندەکانی بەیاننامەی حوزەیرانی جێبەجێ کردووە و پابەندیشە بە جێبەجێکردنی ئەوانی دیکە و پشتگوێی نەخستووە. گرنگترین ئەو هەنگاوانەشی لەم ڕووەوە هاویشتوونی ئەمانەن:

١. دەرکردنی بڕیاری لێبووردنی گشتی، بۆ ئەوانەی بەشداری ڕووداوەکانی باکووریان کردووە، لە بواری سەربازی و مەدەنی. هەروەها دەرکردنی لێبووردنی گشتی بۆ هێزە چەکدارەکان. زۆربەی ئەو کەسانەی ئازادکراون کە بە هۆی ڕووداوەکانی باکوور دەستگیر کرابوون. ئەوانەی فەرمانبەریش بوونە، گەڕێندراونەتەوە سەر کارەکانیان.

٢. تواندراوە زۆر دەستکەوتی گرنگ بۆ کوردەکان بەدەست بهێندرێن. وەک کردنەوەی زانکۆی سلێمانی، کە ئەمساڵ بۆ یەکەمجار پرۆسەی خوێندنی تێدا بەڕێوەدەچێت، هەروەها بڕیاری کردنەوەی کۆڕی زانیاری کورد دراوە کە کوردەکان بە هۆیەوە پەرە بە کەلتوور و ڕۆشنبیریی خۆیان دەدەن، چونکە ئەمە یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی هەر نەتەوەیەک. بۆ ئەم مەبەستە جەژنی نەورۆز لە ٢١ی ئادار، وەک جەژنی فەرمی کوردەکان دانی پێدانراوە و ئەو ڕۆژە کراوەتە پشوو و هەموو عێراقییەکان تێیدا بەشدارن، هەروەها تواندراوە زۆر کاری دیکە لە بواری پەروەردە ئەنجام بدرێت. هەروەها لە بواری پیشەسازیدا کارگەی شەکر و کارگەی جگەرە لە ناوچەکانی باکوور کراونەتەوە، هەروەها تواندراوە، زۆر کار بە مەبەستی

یەكێتی خاكی عێراق ئەنجام بدرێت، بە پێچەوانەوە، دوژمنان دەرفەت دەقۆزنەوە بۆ لەناوبردنی خاكی وڵات و یەكڕیزی گەل"[١].

لەگەڵ ئەمانەدا، ئەنجوومەنی سەركردایەتی شۆڕش، لە دەركردنی بڕیارنامەكانی، بەردەوام بوو، وەک بڕیارنامەی ژمارە (٤٤٦)ی ئەیلوولی ساڵی ١٩٦٩، دەربارەی مافی خوێندن بە زمانی كوردی، كە تیایدا هاتووە:

"بۆ جێبەجێكردنی ئەو پەیمانەی ئەنجوومەنی سەركردایەتی شۆڕش، بۆ جێگرتنەوەی بنەمای تازە، لە پەیوەندی نێوان كورد و عەرەب لە نیشتیماندا دابووی، جەختی دەكردەوە لەسەر گیانی برایەتی لە نێوانیاندا، بۆ نەهێشتنی هەر دیاردە و ئەقڵیەتێكی شۆڤێنی، ئەنجوومەنی سەركردایەتی شۆڕش، بڕیاریدا بە پێدانی مافی خوێندن بە زمانی كوردی، لە سەرجەم ناوچەكانی باكووری عێراق، لە سەرجەم پڕۆگرامەكاندا، هەر لە سەرەتاییەوە تاكو دواناوەندی"[٢].

هەروەها لە ڕۆژی نۆی مانگی تشرینی یەكەمیشدا، بڕیارنامەی ژمارە (٤٨٤)ی ئەنجوومەنی سەركردایەتی شۆڕش، بڵاوكرایەوە، كە چەند خاڵێكی لەخۆ گرتبوو، تیایدا هاتبوو:

"شۆڕشی ١٧ی تەممووز، بڕوای پتەوی بە مافی گەلان هەیە، بۆ بەدیهێنانی بوونی خۆیان و دووپاتكردنەوەی كەسایەتی خۆیان، بەو بڕوایەی كە ستەمكاری نەتەوەیی، دیاردەیەكە ڕەگوڕیشەی لە نێو ڕژێمە كۆنەپەرستەكاندا هەیە و بەستراوەتەوە بە ئیمپریالیزمەوە. برایەتی و هاودەنگی نێوان نەتەوەكان، وەڵامێكە بۆ هەوڵە دوژمنكارییەكانی ئەوان. لە هەمان كاتدا، ئەنجوومەنی سەركردایەتی شۆڕش پێی وایە گەلی كورد لە ڕێگەی خەباتی خۆیەوە، بە هاوسۆزی لەگەڵ گەلی عەرەبی برایدا، دەرفەتی ڕاستەقینە بۆ بەدیهێنانی ئاوات و هیواكانی دەدۆزێتەوە، بۆیە شۆڕش لە پەرۆشی خۆیدا، بۆ نەهێشتنی هەموو جۆرە نادادپەروەرییەكی نەتەوەیی و كۆمەڵایەتی، بڕوای خۆی دەردەبڕێت كە ئەم ڕێگایە، گوزارشتی ڕاستەقینەی ڕێبازی مێژوویی بزووتنەوەی شۆڕشی عەرەبییە، هەروەها میتۆدێكی دروستە، بۆ چەسپاندنی بناغەی هاودەنگی و برایەتی نێوان عەرەب و كورد و هەموو كەمینە نەتەوەییەكان، بۆیە ئەنجوومەنی سەركردایەتی شۆڕش بڕیاریدا:

(١) الشرق، عدد خاص، ٥ شباط ١٩٦٩.

(٢) الجمهورية العراقية، القرارات العامة ...، م١، ص٥٩٦.

یەکەم: زمانی کوردی لە پۆلی شەشی ناوەندی و سەرجەم زانکۆکان، هەروەها لە پەیمانگای مامۆستایان و کۆلێژی سەربازی و کۆلێژی پۆلیس، بخوێندرێت.

دووەم: دروستکردنی هەموو ئامرازەکانی ڕوونکردنەوە بە زمانی کوردی، لە هەموو ئەو قوتابخانانەی بە زمانی کوردی دەخوێنن.

سێیەم: لە هەموو ئەو قوتابخانانەدا کە بە زمانی کوردی دەخوێنن، زمانی عەرەبیش دەخوێندرێت.

چوارەم: گرتنەبەری ڕێوشوێنی پێویست، بۆ ئامادەکردنی گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی و هەمەلایەنە، لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی خوێندنی کوردی، بەو مەبەستەی بتواندرێت ئەو ئەرکانەی بە ئامانجی گرتوون، جێبەجێیان بکات.

پێنجەم: هێنانە ناوەوەی سەرجەم کتێبە زانستی و ئەدەبی و سیاسییە کوردییەکان کە گوزارشت لە خواستە نەتەوەیی و پێشکەوتووخوازەکانی گەلی کورد دەکەن، لە سەرجەم کتێبخانە گشتیی و سەرجەم کتێبخانەکانی قوتابخانەکاندا.

شەشەم: پشتگیری لە نووسەر و شاعیر و بویژانی کورد بکرێت، بۆئەوەی ڕێکخراو و سەندیکای تایبەت بە خۆیان دامەزرێنن و کار بۆ یارمەتیدانیان بکرێت و بتوانن کتێبەکانیان چاپ بکەن و دەرفەت بۆ زیادکردنی توانا و بەهرەکانیان برەخسێنن. دوای دامەزراندنی ڕێکخراوەکەش، بە یەکێتی نووسەرانی عێراقی ببەسترێتەوە.

حەوتەم: دامەزراندنی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی کوردی.

هەشتەم: دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیریی کوردی، کە سەر بە وەزارەتی ڕۆشنبیریی و ڕاگەیاندن بێت.

نۆیەم: دەرکردنی ڕۆژنامەیەکی هەفتانە و گۆڤارێکی مانگانە بە زمانی کوردی، کە لەلایەن دەزگای گشتی چاپەمەنییەوە سەرپەرشتی بکرێت.

دەیەم: زیادکردنی بەرنامەی کوردی، لە تەلەفزیۆنی کەرکووك[1]، هەروەها کارکردن بۆ دامەزراندنی کەناڵێکی تەلەفزیۆنی تایبەت بە زمانی کوردی.

(١) ئەم تەلەفزیۆنەش بۆ یەکەمجار لە ڕێکەوتی (١٩٦٧/١١/١٨)دا، پەخشی خۆی بڵاوکردۆتەوە، بە یەکەم تەلەفزیۆنی هەرێمیی لە عێراق دادەندرێت، کە بەهێزی (١٤٦) کیلۆوات کاریکردووە، تەنها یەك ستۆدیۆشی هەبووە و بە چوار زمان پەخشی خۆی بڵاوکردۆتەوە، عەرەبی و کوردی و تورکمانی و سریانی.

یازدەهەم: ناوی سەرجەم قوتابخانە و فەرمانگە فەرمییەکانی ناوچەی کوردستان، ناوی تایبەت بە مێژوو و جوگرافیای کوردستانیان لێ بنرێت.

دوانزەهەم: پێویستە سەرجەم وەزارەتە پەیوەندیدارەکان، ئەمانەی سەرەوە جێبەجێ بکەن. شیاوی باسە، پێشتر ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بڕیارێکی دەرکردبوو، کە خوێندن لەسەر ئاستی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی بەگشتی بکرێتە کوردی"(١).

ڕۆژنامەی (الوقائع العراقیة) لە ژمارەی ڕۆژی دووی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٦٩، بڕیارێکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی بڵاوکردووەتەوە کە بەپێی بڕیارەکە لێژنەیەک پێکهێندراوە، بۆ سەرپەرشتیکردنی جێبەجێکردنی بڕیارەکانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش، سەبارەت بە کێشەی باکوور"(٢).

ئەوەی جێگای سەرنجە، حکوومەتی بەعس، لە سەرێکەوە داوای بە تەنگەوە هاتنی مافە ڕۆشنبیرییەکانی کوردی دەکرد، لە سەرێکی دیکەوە، هێرش و پەلامارەکانی بۆ سەر کوردستان درێژە پێدەدا و تەنانەت دەستی لە هاووڵاتییانی سڤیلیش نەدەپاراست. بۆ نموونە، تیپی چوارەمی سوپای عێراق، بە هاوکاریی ژمارەیەکی زۆری جاش، هێرشیان کردە سەر ناوچەی شێخان. پێشمەرگەکان ڕووبەڕوویان بوونەوە و ناچاریان کردن پاشەکشە بکەن. پاشان یەکەیەکی ئەو تیپە، کە لە بەرامبەر پێشمەرگەدا پاشەکشەی کردبوو، هێرشیان کردە سەر گوندی (دەکان)ی ناوچەی شێخان. پیاوەکانی ئەو گوندە لەگەڵ پێشمەرگەکان ڕوویان کردبووە شاخەکان و ژن و منداڵەکانیش لە ترسی تۆپبارانی سوپا، لە ئەشکەوتێکی نزیک گوندەکەیاندا کۆببوونەوە. کاتێک سوپا زانی کە خەڵکی گوندەکە لەو ئەشکەوتە دان. بەرەو ئەو شوێنە جووڵان و ئاگریان تێبەردا. بە هۆی چڕەدووکەڵی خەستەوە، خەڵکەکە لە نێو ئەشکەوتەکە هاتنەدەرەوە، بەڵام سوپا و جاش بواریان نەدان و ٦٧ کەسیان لە ژن و منداڵ

دیارە تیپە هونەرییەکانی شاری هەولێریش بەشدارییان لە چالاکیە ڕۆشنبیرییەکانی تەلەفزیۆنەکەدا کردووە، بۆ نموونە لقی هەولێری (کۆمەڵەی هونەر و وێژەی کوردی) و(تیپی هونەری هەولێر) لە نێوان ساڵانی (١٩٧٢-١٩٧٥)دا، چەند بەرهەمێکی نواندنی شانۆیی و مۆسیقایان لەم تەلەفزیۆنەدا بڵاوکردۆتەوە. هۆشەنگ ساڵح نەجاڕ، بزاڤی ڕۆشنبیریی لە شاری هەولێر، ل.............

(١) الجمهوریة العراقیة، القرارات العامة ...، م١، ص٥٩٧.

(٢) لێژنەکە لەمانە پێکهاتبوو: ساڵح مەهدی عەمماش، سەعدوون غێدان، مورتەزا حەدیسی، عەبدوڵڵا سەللووم. بڕوانە: الوقائع العراقیة، ع(١٨٠٧)، ١٩٦٩/١٢/٢.

لێ کوشتن. سەرکردایەتی شۆڕشی کورد، سکاڵای ئەو کردارە کۆمەڵکوژییەی گەیاندە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، بەڵام هیچ ئاکامێکی نەبوو. کۆمەڵکوژی دووەم لە گوندی (سۆریا) ئەنجام درا کە گوندێکی کریستیانەکانە، ڕۆژی ١٥ی ئەیلوولی ساڵی ١٩٦٩، لە نزیک گوندەکە مینێک لەژێر ئۆتۆمبێلی ئەفسەرێکی عێراقی و چەند سەربازێکدا تەقییەوە و لە ئاکامدا هەموویان کوژران، لە تۆڵەی ئەمەدا، بەرەبەیانی ڕۆژی شازدەی ئەیلوول، یەکەیەکی سوپای عێراق، هێرشی کردە سەر گوندی سۆریا. ئەگەر چی خەڵکی گوندەکە داوای ئاشتییان کرد، بەڵام سەربازەکان، گوێیان بەمە نەدا و چوونە نێو گوندەکە و ٣٩ کەسیان لە خەڵکەکەی کوشت. کە ژمارەیەکیان ژن و منداڵ بوون[١].

یەکێک لەو ئامرازانەی حزبی بەعس بۆ لاوازکردنی شۆڕشی کورد بەکاری دەهێنا، بە هەمان شێوەی دەسەڵاتی پێشوو، بایەخدانی بوو، بە باڵی پێشووی مەکتەبی سیاسی پارتی، کە هەر بە ناوی پارتی دیموکراتی کوردستان لە شاری بەغدا چالاکییان دەنواند. ڕۆژنامەی (النور)[٢] کە زمانحاڵی ئەو باڵە بوو، لە شاری بەغداد، بە زمانی عەرەبی دەردەچوو، لە ژمارەکانیدا، جگە لە هێرشکردنە سەر شۆڕشی کورد و سەرکردایەتییەکەی، ئەو هەواڵانەی بڵاودەکردەوە کە تایبەت بوون، بە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ حزبی بەعس، بۆ نموونە لە ژمارەی ڕۆژی پێنجی نیسانی ساڵی ١٩٦٩، ئەم هەواڵەی بڵاوکردووەتەوە:

"پارتی دیموکراتی کوردستان (مەبەست لە باڵی مەکتەبی سیاسییە)، لە ئێوارەی ڕۆژی پێنجشەممە، چواری نیسانی ساڵی ١٩٦٩ ئاهەنگێکی گەورەی لە هۆڵی (خولد) بە بۆنەی جەژنی نەورۆز سازکرد، لەم ئاهەنگەدا، هەریەک لە فەریق ڕوکن حەردان عەبدولغەفار و ساڵح مەهدی عەمماش جێگرانی سەرۆک وەزیران و عەبدوڵڵا سەللووم[٣] وەزیری ڕۆشنبیری

(١) خەبات، ع(٥١٤)، تشرين الاول ١٩٦٩؛ ع(٥١٥)، تشرين الثاني١٩٦٩.

(٢) النور: ڕۆژنامەیەکی سیاسی بوو، لە ٢٦ی ئەیلوولی ساڵی ١٩٦٨ ئیمتیازی دەرچوونی وەرگرتووە، هەریەک لە کەمال محیەددین، خالید عەبدولواحید، محەمەد حەسەن برزۆ و حیلمی عەلی شەریف خاوەن ئیمتیازی بوون، عومەر مستەفا (دەبابە) سکرتێری نووسینی بوو، تاکو ٥ی نیسانی ساڵی ١٩٧٠ بەردەوام بوو، لەوساوە، ئیمتیازەکەی هەڵوەشایەوە. وزارة الاعلام-مديرية الاعلام العامة، المصدر السابق، ١٩٧١، ص٦٣.

(٣) دکتۆر عەبدوڵڵا سەللوم ئەلسامەڕائی (١٩٣٥/سامەڕا-١٩٩٦/بەغدا) سیاسەتمەدارێکی عێراقی و یەکێک بوو لە سەرکردەکانی حیزبی بەعسی عەرەبی ئیشتیراکی لە عێراق، هەروەها مێژوونووسێکی شارەزای شارستانییەتی عەرەبی-ئیسلامی بوو. هەر لە سامەڕا خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی تەواو کردووە، پاشان

و تەها محێدین مەعروف وەزیری دەوڵەت و مامۆستا سەدام حوسێن ئەلتکریتی[1] و ... لە ئاهەنگەکەدا ئامادەبوون"[2].

لە ژمارەی ڕۆژی ٨ی نیسانی هەمان ساڵیشدا، برووسکەی پیرۆزبایی باڵەکەی بەبۆنەی یادی دامەزراندنی حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتیراکی بڵاوکردووەتەوە، کە لە بەشێکیدا هاتووە:

"کاتێک حزبی بەعس دروست بوو، هاتە مەیدانی خەباتی نەتەوایەتی عەرەبی، هۆکارێکی گرنگ بوو لە هۆکارەکانی بەتینکردنی خەباتی گەلی عەرەبی برا، گیان و زیندوویێتی و لاوێتی تێدا ژیاندەوە، کاریگەرییەکی بەهێز و جێگیری لەسەر ڕووداوەکانی جیهانی عەرەبی دروستکرد. گۆڕانکارییەکی گەورەی لەسەر شێوازەکانی خەباتی ئازادیخوازیی نەتەوەیی بە شێوەیەکی گشتی دروستکرد"[3].

---

پەیوەندی بە قوتابخانەی مامۆستایانی سەرەتایی لە بەغدا کردووە، ساڵی ١٩٥٢ بە مامۆستای سەرەتایی دامەزراوە، پاشان لە ئەنبار بووەتە مامۆستای دواناوەندی، ساڵی ١٩٦١ لەسەر کاری سیاسی گیراوە و ڕەوانەی هەولێر کراوە. دواتر بەردەوام بووە لە خوێندن و ساڵی ١٩٦٥ ماستەر و ساڵی ١٩٧١ دکتۆرای بە دەستهێناوە. ئەندامی ئەمجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بووە و دوای کودەتای ٨ی شوبات چەندین پۆستی وەزاری و پۆستی دیکەی وەرگرتووە. عبد الله سلوم السامرائي - مكتبة نور(noor-book.com) .

(١) سەدام حوسێن ئەلتکریتی (١٩٣٧/تکریت-٢٠٠٦/بەغدا)، چوارەمین سەرکۆماری عێراق. لە پەنجاکانەوە پەیوەندی بە حزبی بەعسەوە کردووە. ساڵی ١٩٥٩ لە هەوڵی تیرۆرکردنی عەبدولکەریم قاسم بەشداربووە. هەر لەوساڵەدا ڕووی کردووەتە وڵاتی سووریا و لەوێش هەر پەیوەندی بە حزبی بەعسەوە کردووە و دواتر چووەتە وڵاتی میسر. دەگوترێت لەوێ کۆلێژی مافی خوێندووە. دوای کودەتای ٨ی شوباتی ١٩٦٣ گەڕایەوە عێراق و لە نێو حزبی بەعسدا کاری کرد. لە دوای ڕووداوەکەی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٦٣ دەستگیر کرا و ماوەی دوو ساڵ لە زیندان مایەوە. ساڵی ١٩٦٦ پۆستەکەی لە حزبی بەعس بەرز بووەوە و بووە جێ بایەخی ئەحمەد حەسەن بەکر و میشێل عەفلەق. بەشداری کودەتای ١٧ی تەمموزی کرد و لە نێوان ساڵانی (١٩٦٨-١٩٧٩)دا، بووە جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و جێگری سەرکۆمار. لە نێوان ساڵانی (١٩٧٩-٢٠٠٣) سەرکۆماری عێراق بوو. ساڵی ٢٠٠٤ دەستگیرکرا و دوای دادگاییکردنی، لە ٣٠ی کانوونی یەکەمی ٢٠٠٦ لە سێدارە درا.

Saddam Hussein - Death, Policies & Family - Biography .

(٢) النور، ع(١٣٩)، ١٩٦٩/٤/٥.

(٣) النور، ع(١٤٢)، ١٩٦٩/٤/٨.

بەڵام ئەم هەوڵانە بێ ئاکام مایەوە، مستەفا نەریمان[١] لە بیرەوەرییەکانیدا، دەربارەی ئەم بابەتە دەڵێت: "لە کوردستان ڕۆژ دوای ڕۆژ شەڕ لە نێوان حکوومەت و پارتی بەهێزتر دەبوو، جەماعەتی (برایم-جەلال)یش لە خانەی میرید دا دژی بارزانی شەڕیان دەکرد. شەڕ گەرمتر دەبوو، پێشکەوتن بەدی نەدەکرا. ڕۆژێک ڕەفیقێکم وتی، بیروڕای تۆ بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتی کورد چیە؟ وتم، هێز بە دەست بارزانییەوەیە، ئەگەر لەگەڵ ئەو ڕێک نەکەون، کوردستان ئاسایش نابینێت"[٢]. لە ڕاستیشدا هەروابوو، حکوومەتی عێراق، سەرباری هەموو هەوڵە شەڕانگێزییەکانی، نەیتوانی شۆڕشی کورد دامرکێنێتەوە، بەڵکو لە بەرەکانی شەڕیشدا، زیانی گەورەی بەرکەوت. ئەمە حکوومەتی ناچار بە گفتوگۆ و گرتنەبەری ڕێگای ئاشتییانە کرد. بۆ ئەم مەبەستەش لەگەڵ سەرکردایەتی شۆڕشی کورد دەستی بە گفتوگۆی نافەرمی کرد. دواتر شێوەیەکی فەرمی وەرگرت[٣].

ڕۆژنامە عێراقییەکان زیاتر ئەو بابەتەیان دەوروژاند کە ڕێگای ئاشتییانە دەبێتە هۆکاری چارەسەرکردنی کێشەی کورد. ڕۆژنامەی (الثورة) لە ژمارەکانی کۆتایی ساڵی ١٩٦٩ و سەرەتاکانی ساڵی ١٩٧٠ دا، گۆشەیەکی تایبەتی (کیف سبیل الی حل المسألة الكردية-چۆن کێشەی کورد چارەسەر بکەین؟)، زنجیرەیەک وتاری کەسایەتییە کوردی و عێراقییەکانی بڵاوکردووەتەوە، دواتریش وتارەکانی لە شێوەی نامیلکەیەک، بە هەمان ناوونیشان چاپ و بڵاو کردووەتەوە. لەو کەسایەتییانەش وەک: حەمید عوسمان، ساڵح حەیدەری، محەمەد جاف، عەزیز ئەلحاج[٤] و عەبدولسەمەد خانەقا[١].

---

(١) مستەفا نەریمان (١٩٢٤/کفری-١٩٩٤/بەغدا): نووسەر و ڕۆشنبیری ناسراوی کورد، دەرچووی خانەی باڵای مامۆستایانی بەغداە، لە چەند شوێنێکی جیاواز کاری مامۆستایەتی کردووە، هەر لەساڵانی چلەکانەوە تێکەڵ بەکاری سیاسی بووە و ئەندامی حزبی هیوا بووە. لەگەڵ ئەمەدا لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکاندا بابەتی بڵاوکردووەتەوە، لە بواری ئامادەکردنی ببلیۆگرافیا و ساڵنامەی کوردیدا ناوێکی دیارە. چەند بەرهەمێکی بە چاپگەیاندووە. لە بیرەوەرییەکانی خۆی وەرگیراوە.

(٢) مستەفا نەریمان، بیرەوەرییەکانی ژیانم، دار الحرية للطباعة والنشر، بەغدا، ١٩٩٤، ل٢١٩.

(٣) فەرەیدوون عەبدولڕەحیم، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٦.

(٤) عەزیز ئەلحاج عەلی حەیدەر (١٩٢٦/بەغدا-٢٠٢٠/پاریس)، سیاسەتکار و نووسەر، خانەوادەکەیان لە کوردانی فەیلیین، ساڵی ١٩٤٧ کۆلێژی باڵای مامۆستایانی تەواوکردووە، ساڵی ١٩٤٦ پەیوەندی بە حزبی شیوعی عێراقەوە کردووە و بووەتە یەکێک لە کادیر و نووسەرانی حزبی شیوعی. ساڵی ١٩٥٩ پلەکەی بۆ ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بەرزکرایەوە، ساڵی ١٩٦٦ بوو بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی. لە ئەیلوولی

ڕۆژنامەکە لەو بارەیەوە نووسیویەتی:

"کارکردن بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە عێراق پێداویستییەکی نیشتیمانی و نەتەوایەتی گرنگە کە ئەمڕۆ پرسی سەرەکی وڵاتە. چارەسەرکردنی بە شێوەیەکی ڕیشەیی و سیاسی، یارمەتیدەرە بۆ چارەسەرکردنی کێشە گەورەکانمان. هێز و توانامان، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئیمپریالیزم و ئیسرائیل، فەراهەم تر دەکات و بەرەی گەل لە ناوخۆ بەهێز تر دەکات، لە پێناو بەدەستهێنانەوەی مافەکانمان لە قۆرخکارییەکانی ئیمپریالیزم. بۆ زیاتر گرنگیدان بە گۆڕانکاریی پێشکەوتووخوازانە. بۆ ئەم مەبەستە ڕۆژنامەی (الثورة) زنجیرە وتارێک لە ژێر ناوی (چۆن کێشەی کورد چارەسەر بکەین؟) دەخاتەڕوو، ئەمەش بۆ ئەوەیە تاکو ڕەهەندەکانی کێشەکە ڕوون بکاتەوە، ئەمەش بە بەشداری هەموو هێز و ڕەگەزە دڵسۆزەکان، لە ئاراستە نیشتیمانییە پێشکەوتووخوازەکان، لە خەڵکانی حزبی و بێلایەن، لە عەرەب و کورد، ئەنجام دەدرێت".

بۆ نموونە لە ژمارەی ڕۆژی ٢٣ی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٦٩دا، ساڵح حەیدەری دەربارەی کێشە چەند پارچەکراوەکەی کورد، بابەتێکی خستووەتەڕوو، کە تیایدا ئەم خاڵانەی وروژاندووە:

١. دانان بە ڕاستییەکانی نەتەوەی کورد و ئامانجە ڕەواکانی، بۆ یەکڕیزی، گەشەسەندنێکی گەورەیە لە بیری عەرەبی پێشکەوتووخواز. بڕیاردان لەسەر ئەم ڕاستییانە مایەی پێزانینە، بۆ

---

ساڵی ١٩٦٧ لە کۆمیتەی ناوەندی جیا بووەوە، بە ناوی (حیزبی شیوعی-قیادەی مەرکەزی) کەوتە کارکردن، تا دەستگیرکردنی لە شوباتی ١٩٦٩ بەردەوام بوو. دوای ئازادکردنی لەو ساڵەدا حزبەکەی جێهێشت، ساڵی ١٩٧١ وەک نوێنەری عێراق لە ڕێکخراوی یونسکۆ دەستنیشان کرا. دوای جێهێشتنی کارەکەی، بووە یەکێک لەو نووسەرە عێراقییانەی کە سەرکۆنەی دەسەڵاتی بەعسییان دەکرد و دەیان بابەتی ڕۆژنامەوانی لەو بارەیەوە بڵاوکردووەتەوە. بڕوانە: عزیز الحاج (ektab.com)

(١) عەبدولسەمەد شێخ عەبدولقادر خانەقا (١٩٢٩/کەرکووک-١٩٧٧/سلێمانی)، پارێزەر و سیاسەتکار و ئەدیبی کورد، ساڵی ١٩٥١ کۆلێژی یاسای لە بەغدا تەواوکردووە و دەستی کردووە بە کاری پارێزەری. ماوەیەک سکرتێری گۆڤاری (شەفەق) بووە، لە کەرکووک، ئەمە وێڕای بڵاوکردنەوەی وتار و بەرهەمە ئەدەبییەکانی بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی لە گۆڤار و ڕۆژنامە کوردی و عێراقییەکان. هەر لەسەردەمی گەنجێتییەوە تێکەڵ بە کاری سیاسی بووە، چەندین جار زیندانی کراوە و دوورخراوەتەوە. ساڵی ١٩٧٤ بووە دادوەری لێکۆڵینەوە لە کەرکووک (لە پەیجی خەلیل عەبدوڵڵا- Xalil Abdula) وەرگیراوە.

هەموو نەتەوەخواز و شۆڕشگێڕانی کورد، پردێکی جێگیرە کە خەباتی هەردوو نەتەوەی کورد و عەرەب بەیەکەوە دەبەستێتەوە و بەهێزتری دەکات، لە دژی دوژمنی هاوبەش.

٢. نیشتیمانپەروەران و شۆڕشگێڕانی کورد دان بەوەدا دەنێن کە نەتەوەی عەرەب نەتەوەیەکی دابەشکراوە، نە شۆڤێنییە و نە کۆلۆنیالیزمە، بەڵکو ئازارێکی زۆری چەشتووە و تا ئێستاش بەدەست شۆڤێنیزمی کۆلۆنیالیست و زایۆنیستەکانەوە دەناڵێنێت و هاوپەیمانێکی پتەو و دڵسۆزە و برایەکی گەورەی گەلی کوردە، چونکە بەهای ئازادی و یەکڕیزی بە گرنگ دەزانێت، بەڵام ئەمە بە واتای نەبوونی فەرمانڕەوای شۆڤێنی نایەت، لە هەندێک لە حکوومەتەکان لە سەردەمی جیاوازدا، هەروەها هەوڵە ژەهراویەکانیان بۆ تێکدانی پەیوەندی نێوان هەردوو گەلی برا. هەروەها تۆوی ڕق و دوورکەوتنەوەیان لە نێوانیاندا چاندووە، بە جێبەجێکردنی سیاسەتی سەرکوتکاری نەتەوەیی و دروستکردنی ناکۆکی و هاندانی بەکرێگیراوان.

٣. سەرەڕای بوونی لێکچوونێکی بنەڕەتی و جەوهەری لە هەلومەرجی نەتەوەی عەرەب و کورددا، جیاوازییەکی بەرچاو لە نێوانیاندا هەیە، نەتەوەی عەرەبی، سەرەڕای ئەوەی پارچە پارچە کراون، بەپێی پلانێکی کۆلۆنیالیزم، بەڵام هەندێک لە بەشەکانی قەوارەی سیاسی و کەسایەتی نێودەوڵەتیان هەیە و بەهرەمەندن لە سەروەری خاک و وڵات، لە کاتێکدا نەتەوەی کورد، لە هەر بەشێکدا بژی، هێشتا ئاواتەخوازە بۆ مافە کەلتووری و کارگێڕییەکانی، سەرەڕای ئەو ئامانجە نەتەوەییانەی کە بەدی نەهاتوون.

پاشان دەڵێت: بەڕای من چارەسەری دروستی هەر پرسێك لەوەدایە، سەرەتا بە دروستی لێی تێبگەین، چونکە تێگەیشتن لە پرسەکە نیوەی چارەسەرە، دواتر نیوەکەی تر دێت و لەسەر ئەم بنەمایە پرسی کورد پرسی نەتەوەیەکی پارچەپارچەیە کە وەک هەر نەتەوەیەک، ئامانجی خۆی هەیە، لە مافی چارەی خۆنووسین بەو شێوەیەی کە ئاواتە نەتەوەییەکانی بەدەست بهێنێت - لە فۆرمێکی پارچەپارچە یان یەکگرتوودا - واتە لە بەشێکی کوردستان یان لە کۆی خاکی کوردستاندا، بەپێی هەلومەرجی تایبەتی خۆی، واتە پرسی کورد وەک پرسی یەک نەتەوە بە یەک پرس دەمێنێتەوە و لە هەمان کاتدا وەک پرسێکی پارچەپارچەکراو دەمێنێتەوە، واتە بەسەر چەند پرسێکدا دابەشکراوە، پرسی گەلی کورد لە هەر وڵاتێک کە تێیدا دەژین، پرسی کوردە لەو وڵاتە، وەک پرسی کورد لە عێراق، ئێران یان تورکیا، لەم حاڵەتەدا پرسی کورد لە لایەکەوە بەشێکە لە پرسی نەتەوەیی دیموکراتیکی گشتی، لە لایەکی دیکەش پرسێکی نەتەوەییە کە تایبەتمەندی خۆی هەیە و چارەسەریشی

پێویستی بە بەردەستبوونی کەشوهەوای دیموکراسی هەیە، وەک پێشەکییەک بۆ دەربڕینی چارەسەری پێویست، وەک چۆن هیچ گەلێک ناتوانێت بە خۆڕێبەری خۆی بەڕێوە ببات - ئەگەر لە ژێر سایەی دیموکراسییەتێکی ڕاستەقینە دانەبێت کە گوزارشت لە بەرژەوەندی زۆرینەی گەلی کوردستان بکات"[١].

هەروەها لە ژمارەی دووی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٧٠، عەزیز ئەلحاج دەربارەی ئەم پرسە، وتارێکی لە ژێر ناوی (بۆچوونەک دەربارەی کێشەی کورد)ی بڵاوکردووەتەوە و لە پوختەکەیدا ئەم پێشنیارانەی بۆ چارەسەری کێشەی کورد، وروژاندووە:

١. دانانێکی ڕاشکاوانە بە بوونی نەتەوەی کورد و دانان بە مافەکانی لە چوارچێوەی یەکێتی نەتەوەیی، وەک چۆن نەتەوەی عەرەب و ڤێتنامی و کۆرییەکان ئەو مافە نەتەوەییانەیان هەیە.

٢. نابێت لەوە کەم بکرێتەوە کە خەباتی نەتەوەی کورد لە عێراق، تێکۆشانە بۆ ڕزگاربوون لە خۆسەپاندنی ئیمپریالیزم لە پێناو یەکێتی نەتەوایەتیی نێوان هەردوو گەلی برا.

٣. هەردوو هێزەکە ئامانجیان وەستانەوەیە بەرامبەر کۆنەپەرستان و هێزی ئیمپریالیزم.

٤. دەکرێت ئەم پرسە چارەسەری سیاسییانەی بۆ بکرێت، واتە کێشەکە بە دیالۆگ و دانیشتن لەسەر مێزی گفتوگۆ چارەسەر بکرێت[٢].

هەروەها عەبدولسەمەد خانەقاش، لە ژمارەی ڕۆژی چواری کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٧٠ی ڕۆژنامەی (الثورة)، لە وتارێکدا نووسیویەتی:

"ڕوون و ئاشکرایە، کە کێشەی کورد، جەخت لەسەر بوونی مێژووییانەی نەتەوەی کورد دەکاتەوە. هەروەها جەخت لەسەر چارەسەری کێشەکانی دەکاتەوە، بە هەمان شێوەی نەتەوەی عەرەب. هەروەها ڕۆڵی ئیمپریالیزم لە پەرتەوازەکردنی ئەم نەتەوەیە دەخاتەڕوو، ئەمەش بایەخێکی مێژوویی هەیە، ئەمە مانای وایە بڕیاردان لەسەر مافەکانی و بەرجەستەکردنی، کارێکی پێویستە. نەتەوەی کورد دژی ئیمپریالیزم خەباتی کردووە کە دوژمنی هاوبەشی هەردوو نەتەوەی کورد و عەرەبە. هەروەها دژی لە ناوچوون و سڕینەوەی ناسنامەکەی تێکۆشاوە، ئەمەش تاکە پاساوی تەواوی چارەسەری کێشەکانی بووە.

(١) الثورة، ع(٤٠٥)، ١٩٧٠/١٢/٢٣.

(٢) الثورة، ع(٤١٤)، ١٩٧٠/١/٢.

بەتایبەت لە چوارچێوەی ئایدۆلۆژیای حزبی بەعسی پێشکەوتووخواز، بەدەر نییە. کە هەوڵ دەدات کێشەکەی بە شێوەیەکی دیموکراسی و ئاشتیخوازانە چارەسەر بکات"[١].

لەم زنجیرە وتارەی ڕۆژنامەی (الثورة)، هەرچەندە دان بەوەدا نراوە کە پرسی کورد پرسێکی نەتەوەییە، بەڵام هەنگاوەکانی شۆڕشی ئەیلوول و ڕابەرەکەیان بەرامبەر حکوومەتە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق و بەتایبەت بەعس، بە هەڵە و دوژمنکارانە لە قەڵەم دا، نەک بەرگریکار لە پرسێکی نەتەوەیی"[٢].

هەر ڕۆژنامەی (الثورة) لە مانگی کانوونی دووەم تاکو مانگی شوبات، ئەو هەواڵ و لێدوان و چالاکییانەی بڵاوکردووەتەوە، کە حکوومەتی شۆڕش، سەبارەت بە مافە ڕۆشنبیرییەکانی کورد، هەنگاوی بۆ ناوە. لە ژمارەی ڕۆژی دوازدەی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٧٠، هەواڵێکی پارێزگای دهۆکی، سەبارەت بە خوێندن بە زمانی کوردی، بڵاوکردووەتەوە و تیایدا هاتووە:

"قوتابخانەکانی پارێزگای دهۆک بەپێی بڕیاری حکوومەتی شۆڕش، دەستیان بە خوێندن بە زمانی کوردی کردووە کە لە پێشدا قوتابخانەکانی پارێزگاکانی سلێمانی و هەولێر و کەرکووک و قەزای خانەقین، دەستیان بە خوێندنی کوردی کردبوو. بەڕێز عەبدوڵڵا شاڵی[٣] بەڕێوەبەری گشتی خوێندنی کوردی بۆ ئاژانسی دەنگوباسی عێراق (واع)[٤]، ڕایگەیاند، بەڕێوەبەرایەتی گشتی خوێندنی کوردی، چەند پڕۆژەیەکی گرنگی تازەی بەپێی پرۆگرامی بەڕێوەبەرایەتییەکەیان، ڕاگەیاندووە کە پەیوەستن بە خوێندنی کوردی، لە سەرجەم ناوچەکانی کوردستان، لە ڕووی کارگێڕی و دارایی و هونەری. ئەوەی پەیوەستە بەم پڕۆژەیە، کردنەوەی پەیمانگایەکی تایبەت بە خوێندنی زمانی کوردییە لە بەغدادی پایتەخت و هەندێک لەو پارێزگایانەی کە ئارەزووی فێربوونی زمانی کوردی دەکەن. ئەم پلانە پێنج ساڵەییە، کردنەوەی ناوەندێکی ڕۆشنبیریش لەخۆ دەگرێت. وا بڕیارە، ١١ باخچەی ساوایان و

(١) الثورة، ع(٤١٥)، ١٩٧٠/١/٤.

(٢) فەرەیدوون عەبدولڕەحیم، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٥.

(٣) واع کورتکراوەی (وكالة الانباء العراقية)یە.

(٤) لە ١٩٦٨ەوە، بووەتە بەڕێوەبەری گشتی خوێندنی کوردی، تا کۆتایی ماوەیی ئەم توێژینەوەیە، واتە ساڵی ١٩٧٥ بەردەوام بووە. هۆشەنگ ساڵح نەجاڕ، بزاڤی ڕۆشنبیریی کوردی، ل٧٧-٧٨.

٣٦ قوتابخانەی سەرەتایی و ٥ باڵەخانەی بەشە ناوخۆیی دروست بکرێت. هەروەها بڕیار دراوە، بە دروستکردنی سێ باڵەخانە بۆ بەڕێوەبەرایەتی فێرکردن و پەروەردەی باکوور"[١].

سەبارەت بە هەنگاوەکانی نزیکبوونەوە لە سەرکردایەتی شۆڕشی کورد و هەوڵدان بۆ گرتنەبەری ڕێگاچارەسەری ئاشتییانە، ڕۆژنامەی (الثورة) بە گرنگییەوە ئەم هەواڵانەی بڵاوکردووەتەوە، لە ژمارەی ڕۆژی ٢٥ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٧٠، نووسیویەتی:

"سەدام حوسێن جێگری ئەمینداری نهێنی سەرکردایەتی هەرێمیی حزبی بەعس و جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش، لە هەڤپەیڤینێکی تایبەت، ڕایگەیاندووە: ئەوان گفتوگۆیان لەگەڵ مەلا مستەفای بارزانی دەستپێکردووە، بە مەبەستی گەیشتن بە چارەسەری کۆتایی و برایانەی نێوان هەردوو گەلی کورد و عەرەب و ڕاگرتنی هەموو هەنگاوانەی بە زیان دەشکێنەوە. ئێمە دانوستانمان بە شێوەیەکی تەقلیدی نەکردووە، بەڵکو ئەوە دیداری نێوان ڕۆڵەکانی هەردوو نەتەوەی کورد و عەرەبە، بۆ گەیشتن بە ڕێگاچارەسەری کۆتایی. ئێمە هەر لە زووەوە قسەمان لەسەر ئەو پرسە کردووە. ئەوە بەشێکە لەو دیالۆگانەی حزب لە ئۆرگانەکانی خۆی ڕایگەیاندووە، هەروەها بۆ سەرجەم هێزە نیشتیمانییەکانی دیکە، پێشنیاری کردووە. ئەمەش بە مەبەستی چارەسەری ئەو پرسەیە کە ساڵانێکە نەتواندراوە چارەسەر بکرێت. ئەوەی ڕۆژنامەی (الثورة) نووسیویەتی، ئەوە هەڵوێستی دیاریکراوی حزبە، بەڵام لە چوارچێوە گشتییەکەی، دان بەوە دەنێین کە کورد نەتەوەیەکی تایبەتە، ئەو نەتەوە و ئەو برایەتییە، مانای ئەوە نییە کە درز دەخاتە ناو یەکپارچەیی خاکی عێراق و گەلەکەی".

لە شوێنێکی دیکەی هەمان ژمارەدا، لێدوانێکی تەها جەزراوی[٢]، ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بڵاوکراوەتەوە کە بۆ ڕادیۆی عێراق داویەتی و دەڵێت:

---

(١) واع کورتکراوەی (وكالة الانباء العراقية)یە.

(٢) تەها یاسین ڕەمەزان جەزراوی (١٩٣٩/موسڵ-٢٠٠٧/بەغدا). قۆناغەکانی خوێندنی ئامادەیی لە موسڵ تەواوکردووە، ئەگەرچی لە بنەماڵەیەکی جووتیاری کوردی شەبەک لەدایکبووە، بەڵام ڕەچەڵەکی خانەوادەکەی دەبردەوە سەر عەرەبی ناوچەی جەزیرە. لە ساڵی ١٩٥٦ پەیوەندی بە حیزبی بەعسەوە کردووە. ساڵی ١٩٥٩ کۆلێژی سەربازی تەواوکردووە. تا ساڵی ١٩٦٨ وەک ئەفسەرێک لە سوپای عێراق کاری کردووە. بەشداری لە کودەتای ساڵی ١٩٦٨ دا کردووە. لە پۆستەکانی لە حزبی بەعس بەردەوام بووە تا گەیشتووەتە پۆستی جێگری سەرۆک. لە نێوان ساڵانی (١٩٩١-٢٠٠٣) لەو پۆستەدا بووە، ساڵی ٢٠٠٣

"یەكێک لە دەستكەوتەكانی شۆڕشی ١٧ی تەممووز، چارەسەری ئاشتەواییانەی كێشەی باكوور بوو، دەزگای هەواڵگری ناوەندی، باش تێدەگات كە مانای ئەو هەنگاوە پیرۆزە چیە"[١].

لە ڕۆژی ٢٦ی كانوونی دووەمیشدا، لێدوانی فەریق ڕوكن حەردان تكریتی ئەندامی ئەنجوومەنی سەركردایەتی شۆڕش و وەزیری بەرگری بڵاوكراوەتەوە، كە جەختی لە چارەسەری ئاشتییانەی كێشەی كورد كردووەتەوە و دەڵێت:

"بڕیارەكانی ئەنجوومەنی سەركردایەتی شۆڕش، بە تایبەت ئەوانەی پەیوەندییان بە برا كوردەكانمانەوە هەیە، بەڵگەی ڕوون و ئاشكران لەسەر ئەوەی حكوومەتی شۆڕش دەیەوێت ئاشتی و ئاشتەوایی بۆ برا كوردەكانمان لە باكوور فەراهەم بكات. فەریق حەردان لە وەڵامی پرسیارێكدا ڕایگەیاند، ئەوان لەگەڵ برا كوردەكان لەسەر هێڵ دان"[٢].

ئەگەر سەرنج بدەینە ئەو لێدوانانە، تێبینی دەكەین، حزبی بەعس، هەموو هەنگاوەكان بۆ چارەسەركردنی كێشەی كورد، بۆ چاكەی خۆی دەگێڕێتەوە، وەک ئەوەی ئەوان هەر لە زووەوە، لە پڕۆگرامی پارتەكەیاندا، چارەسەرییان بۆ ئەو كێشە دانابێت، بەڵام ئەگەر بگەڕێینەوە سەر تێڕوانینیان بۆ كێشەی كورد، بەپێی ئەو دەستوورەی لە كۆنگرەی دامەزراندنی حزب، لە ٧ی نیسانی ساڵی ١٩٤٧ وەک پەیڕەو و پڕۆگرامی حزب پەسند كراوە، كوردستانی عێراق بە بەشێكی جیانەكراوەی وڵاتانی عەرەبی دادەنێن، هیچ بەندێكیش لە دەستوورەكەدا نەهاتووە، تایبەت بێت بە تێڕوانینیان بۆ دۆزی كورد و تەنانەت نەتەوەكانی دیكەش لە عێراق و سووریادا، تێڕوانینیان تێڕوانینێكی گشتی بوو، بەرامبەر هەموو وڵاتانی عەرەبی، بەمجۆرەش سەیری وڵاتانی عەرەبیان دەكرد، كە یەكەیەكی سیاسی و ئابووریی جیانەكراوەیە لە یەكتر و بەیەكەوە بەستراونەتەوە[٣].

---

دەستگیركراوە و دوای دادگاییكردنی لە ساڵی ٢٠٠٧ لە سێدارە دراوە.

www.theguardian.com/news/٢٠٠٧/mar/٢١/guardianobituaries.iraq

(١) الثورة، ع(٤٣٢)، ١٩٧٠/١/٢٥.

(٢) الثورة، ع(٤٣٣)، ١٩٧٠/١/٢٦.

(٣) مەهدی محەمەد قادر، پێشهاتە سیاسییەكانی كوردستانی عێراق ١٩٤٥-١٩٥٨، سەنتەری لێكۆڵینەوەی ستراتیجی كوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل٢١٠.

ڕۆژنامەی (الثورة) لە ١٥ی شوباتی ساڵی ١٩٧٠، وتارێکی بڵاوکردووەتەوە، تیایدا باس لەوە کراوە، کە بەعس، چارەسەری کێشەی کورد لە چوارچێوەی بەرژەوەندییەکانی گەلی عەرەبدا دەکات و نووسیویەتی:

"حزبی بەعس، ئەگەرچی حزبێکی نەتەوەیی عەرەبییە و ناتوانێت لە بەرژەوەندییە نەتەوەییە عەرەبییەکان دووربکەوێتەوە، بەڵام هەوڵ دەدات بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد. ئەو چارەسەرییە لە پەرۆشی ئەو حزبە بۆ نەتەوەی عەرەب کەم ناکاتەوە. ئەگەر وا نەبێت، ئەم چارەسەرییە پەیوەندی نێوان هەردوو گەلی برا تێک دەدات و یەکڕیزی خەباتی نێوان هەردوولا دەشێوێنێت. ئەمەش لە کۆتاییدا لە بەرژەوەندی ئیمپریالیزم و بەکرێگیراوان و کۆنەپەرستانە. لە سەرێکی دیکەوە، حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتیراکی، باوەڕی بە پەیوەندی زیندووی نێوان هەردوو چەمکی نەتەوەیی و مرۆڤایەتی هەیە. ئەم باوەڕبوونە دژی هەستی شۆڤێنییانە و دەمارگیری نەتەوەییە. سۆشیالیزمی بەعس و دیموکراسییەتەکەی لە مێژووەوە هەڵقوڵاوە و هەوڵ دەدات بە یەکجاری کێشەی کورد چارەسەر بکات، چارەسەرکردنێک بگونجێت لەگەڵ خەباتی دادپەروەرانەی عەرەب، کە لەپێناو ئازادی و یەکێتی تێدەکۆشێت. ئەم چارەسەرکردنە، لە چوارچێوەی کۆمەڵگەی دیموکراسی و ئیشتیراکییە و دەستەبەرێکە بۆ پێکەوەژیانی ئاشتییانەی بەرهەمدار لە نێوان نەتەوەکان و دوورە لە هەرجۆرە توندوتیژییێک و چینایەتییێکی نەتەوایەتی. لە شۆڕشی هەڤدەی تەممووزەوە، تاکو ئێستا، بڕیارەکانی حزبی بەعس و شۆڕش، جەختیان لەسەر ئەو ڕاستییە کردووەتەوە. لە ماوەی ساڵێک و چەند مانگێک، لە میانەی بڕیارەکانی لە کۆنگرەکانی حزبەوە، دەرچوونە، زۆر بە ڕوونی جەخت لە باوەڕبوون بە مافەکانی گەلی کورد، کراوەتەوە، لەوەی پێویستە کوردەکان مافی خۆیان لە چوارچێوەی عێراق دا پێ بدرێت. هەروەها حزبی بەعس جارێکی دیکە، باوەڕی بە چارەسەری ئاشتییانە و دیموکراسییانەی کێشەی کورد هەبوو، ئەم کێشەیەی ببووە مایەی هەڵگیرسانی شەڕ بە درێژایی چەندان ساڵ. ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش، زۆر بڕیاری گرنگی دەرکرد، کە بە هەنگاوی گرنگ دادەندرێت، بۆئەوەی گەلی کورد، پیادەی مافەکانی خۆی بکات. لە هەموو بڕیارەکاندا، دان بە مافە ڕۆشنبیرییەکەی گەلی کورد نراوە. بۆ ئەم مەبەستەش دامەزراوەی ڕۆشنبیری دروست کران، جەژنی نەورۆز کە جەژنێکی کوردییە، کرا بە جەژنی فەرمی لە هەموو عێراق. هەروەها یاسای لێبووردنی گشتی دەرکرا. تەنانەت ئەوانەی کاری توندوتیژیشیان ئەنجام دابوو، گەڕانەوە سەر کارەکانیان. ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش، بە هەموو جۆش و

خرۆشێکەوە، دان بە هەموو بۆچوون و ئاراستەیەک لە نێو ڕیزەکانی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد دەنێت و پێداگیرانە لێکۆڵینەوە، دەربارەیان دەکات"[١].

لە وتارێکی دیکەی هەمان ژمارەدا، ڕەخنە لە سەرکردایەتی شۆڕشی کورد گیراوە، وەک ئەوەی شۆڕشی کورد و کێشەی کورد لە کوردستانی عێراق دوو بابەتی لە یەک جیاوازبن. لەم وتارەدا، کە گوزارشتە لە تێڕوانینی بەعس بۆ سەرکردایەتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، دەیانەوێت بڵێن، سەرکردایەتی شۆڕش، خاوەن پرۆگرامێکی دیاریکراوی شۆڕشگێڕی نییە و هەموو چەشنە ئایدیا و بیروباوەڕێکی لەناودا جێ دەبێتەوە. ئەمەش لە بەرژەوەندی جووڵانەوەکەدا نییە. لە وتارەکەدا، ڕێنمایی سەرکردایەتی شۆڕشی کورد دەکرێت، وەک ئەوەی بڵێن، ئەوان لە خەمی بەرەوپێشچوون و تیۆریزەکردنی شۆڕشی کورد دان. هاتووە:

"جووڵانەوەی نەتەوەیی کوردی، یان تەوژمی نەتەوەیی کوردی، ژمارەیەک هێزی جیاوازی دژ بە یەک لەخۆ دەگرێت. وەک خەڵکانی کاریگەر بە بیری مارکسی-لینینی، باڵی شۆڤێنی، کۆنەپەرستانی لایەنگری دامودەزگای ئیمپریالیزم و تەوژمی گشتی. جووڵانەوەی کوردی، خەڵکانێکی کۆنەپەرستی تێدایە، کە زۆر لە شۆڕشی سۆشیالیزمی جووتیاران لە دێهاتەکان دەترسن. ئەوان هیچ سڵ لەوە ناکەنەوە، پشتگیری لە وڵاتێکی وەک ئێران بکەن کە چەندەها ساڵە کوردەکان، بە پاڵپشتی ئیمپریالیزم، دەچەوسێنێتەوە. لە کاتێکدا ئیمپریالیزم چەندە دژی هزری مارکسی-لینینییە. جوڵانەوەی نەتەوەیی عەرەبی، بە سەرکردایەتی پێشەنگانی شۆڕشگێڕی سۆشیالیزم، لە سەرووی هەموویانەوە بەعس، بەهۆی ئایدۆلۆژییە سیاسییە یەکلاکەرەوەکەی، ڕووبەڕووی هێزی کۆنەپەرستان وەستایەوە و توانی ئەو جۆرە کەسانە لە ڕیزی جووڵانەوەی نەتەوەیی عەرەبی وەدەر بنێت. لە نێو جووڵانەوەی نەتەوەیی کوردیشدا، هێزی نیشتیمانی پێشکەوتووخواز هەیە، لە ئاستی ڕووبەڕووبوونەوەی سیاسییانە و ئایدۆلۆژییانە دان. حزبی بەعس لە دوای شۆڕشی تەمووزەوە، بەهۆی بوونی ئەو جۆرە کەسانە لە ڕیزی حزبەکەیدا بە ئامانج گەیشت. بارودۆخی شەڕ ماوەیەکی زۆری خایاند. هەر لەساڵی ١٩٦١ ەوە، تا ئێستاش بەردەوامە. لەو هۆکارانەی کەوا بوونەتە بەربەست لە بەردەم خەباتی هێزی پێشکەوتووی ئایدۆلۆژی و سیاسی کورد، ئەوەیە کە ئەم جووڵانەوەیە هەموو جۆرە هێزێکی لەخۆ گرتووە، بێ ئەوەی لە یەکیان جیا بکاتەوە. تەنیا ئامانج بەهێزکردنی جووڵانەوەکەیە، بەڵام ئەمەش بە شێوەیەکی کاتییە. ئەم جۆرە سیاسەتە زۆر

(١) الثورة، ع(٤٥٠)، ١٩٧٠/٢/١٥.

ترسناکە، چونکە لە نێو خێوەتی جووڵانەوەی کوردیدا، هەموو جۆرە هێزێکی گومانلێکراو شوێنی دەبێتەوە. ئەم جۆرە مەترسییەش لە نێو زۆربەی جووڵانەوەکانی جیهان دروست دەبێت. بۆیە پێویستە هەردوو سەرکردایەتی هێزە سیاسییەکەی عەرەب و کورد، پارێزگاری لەو ڕێبازە جێگیرە بکەن، لە دژایەتیکردنی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی و هاوپەیمانەکانیان"[١].

حزبی بەعس لە کاتێکدا، ئەم باسانەی دەوروژاند، بەڵام لە کرداردا، خۆی پەیڕەوی لێ نەدەکرد، وەک توێژەرێک لەو بارەیەوە دەڵێت: "بەعسییەکان لە بەرامبەر نەیارانیان، سیاسەتێکیان پەیڕەو دەکرد کە هەر کاتێک نەیانتوانیبا هێزە نەیارەکانی خۆیان لە ڕێگەی زەبروزەنگەوە لەناو بەرن، ئەوا هەوڵیان دەدا بە بەکارهێنانی شێوازی دیکە کۆنترۆڵی بکەن. لە بەرامبەر شۆڕشی کوردستانیشدا هەر وایان کرد، دوای ئەوەی هەموو توانای سەربازی خۆیان تەرخان کرد بۆ سەرکوتکردنی، بەڵام بەهۆی شکستەکانیان بێئومێد بوون و هەوڵیاندا لە ڕێگەی دروستکردنی کەشێکی ئاشتییانە، شۆڕشەکە لەناوبەرن و مەرامەکانیان بەدیبهێنن"[٢].

هەر بۆ ئەم مەبەستە، دوای چەند دانیشتنێک، لە نێوان سەرکردایەتی شۆڕشی کورد و حکوومەتی بەعس، ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی عێراق، لە یازدەی ئاداری ساڵی ١٩٧٠، بەیاننامەی ژمارە (٢٨٨)ی بڵاوکردەوە، کە لە مێژوودا بە بەیانی یازدەی ئادار، یان بەیانی حوکمی زاتی (ئۆتۆنۆمی)[٣] ناسراوە، کە لە دەقەکەیدا هاتووە:

یەکەم پاساو بۆ شۆڕشی ١٧ی تەمموز، گوزارشت بوو لە ڕەواندنەوەی تووڕەیی جەماوەری عەرەب کە بە هۆکاری شکستی حوزەیران هاتبووە ئاراوە، هەروەها کۆدەنگی جەماوەریی عێراق بوو، بۆ سەرکۆنەکردنی حوکمڕانی تاکەکەسی و کۆنەپەرستانەی پێشوو،

(١) الثورة، ع(٤٥٠)، ١٩٧٠/٢/١٥.

(٢) فەرەیدوون عەبدولڕەحیم، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠٣.

(٣) حزبی بەعس بانگەشەی ئەوەی دەکرد، ئەوان بەپێی باوەڕی بنەڕەتی حزب، ئۆتۆنۆمیان بە کورد بەخشیوە. بەڵام کورد باش لەوە گەیشتبوو، کە ئەوە زەبر و کاریگەری شۆڕشی ئەیلوول بوو، حکوومەتی عێراقی ناچار بەم بڕیارە کردووە. لەوکاتەدا، دروشمێک لەناو خەڵک دەگوترایەوە، کە گوزارشتی لە متمانەی خەڵک بەرامبەر سەرکردایەتییەکەی دەکرد، دەیگوت: بە لوولەی تفەنگی پارتی، وەرمانگرت حوکمی زاتی.

بە هۆی ڕۆڵی شکستخواردووانەی لە تاقیکردنەوەی نەتەوەییدا، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ دابڕانی تەواوەتی ئەم حوکمڕانییە لە خەڵک و بێتوانایی ڕەهای لە چارەسەرکردنی ئەو کێشە نەتەوەییانەی کە خەریک بوو ببێتە هەڕەشە بۆ سەر قەوارەی نەتەوەیی عەرەب. بۆیە چارەسەری ئەو شێوە بنەمایە پێویست بوو، بۆ کۆکردنەوەی هەموو وزە مرۆیی و مادییەکان لە عێراقدا و تاکو بەبێ هیچ بۆشاییەک لە شوێنی سرووشتی خۆی دایبنێت، بە پلەی یەکەم لەسەر هێڵە یەکەمینەکانی شەڕی چارەنووسساز بۆ نەتەوەی عەرەب. هەر بۆیە شۆڕش، هەر لە ڕۆژانی یەکەمییەوە، چاوی لەسەر ئەوە بوو، ئەرکی یەکێتی نەتەوەیی گەلی عێراق بەدەست بهێنێت، بەبێ هیچ جیاکارییەک لەسەر بنەمای ڕەگەز و زمان و ئایین و بنەچەی کۆمەڵایەتی و دابینکردنی هەموو هەلومەرجێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری پێویست کە پێکهاتەکانی ئەم یەکڕیزییە پێویستی پێیەتی، تاکو عێراق بە هەموو وزە و تواناکانییەوە بۆ شەڕی ناسیۆنالیزمی چارەنووسساز ئامادە بکات. ئەو شەڕەی لە چاوی شۆڕشدا، بریتییە لە ململانێی مێژوویی لە نێوان کۆلۆنیالیزم و زایۆنیزم و نیازە خراپەکانی لە جیهانی عەرەبی لە لایەک و بەرژەوەندییەکانی نەتەوەی عەرەب کە بۆ بەدیهێنانی ئامانجە مرۆییە پێشکەوتنخوازەکانی خەباتی بۆ دەکات. سەرەڕای چەندین دووریانی ئاڵۆزی کە شۆڕش لە یەکەم هەنگاونانییەوە ڕووبەڕووی بووەتەوە، بەڵام بە پتەویی و باوەڕەوە بەردەوام بوو بۆئەوەی عێراق لە پاشماوەی کۆلۆنیالیزم و ستەمکاریی سیاسی و کۆمەڵایەتی، ڕزگار بکات و کار بۆ دابینکردنی هەموو بابەتێک بکات کە تازەیە. مەرجە پێویستەکان بۆ بنیاتنانی عێراقێکی نوێ کە تیایدا یەکسانی ڕاستەقینە لە ماف و ئەرکەکاندا فەراهەم بکرێت، دەرفەتەکان لە نێوان هاووڵاتییاندا بە یەکسانی برەخسێندرێت، ئاسۆکان لەبەردەم جەماوەردا کراوە بن، لەڕێگەی پابەندبوونی نیشتیمانی بۆ یەکێتی نەتەوەیی و بەدیهێنانی ئازادی و سۆشیالیزم و بەردەستبوونی خواستی دڵسۆزانە بۆ چارەسەری دروست بۆیان، ئەمە لە کاتێکدا، کۆلۆنیالیزم و بریکار و یاوەرەکانی، بوونەتە هۆی ئاڵۆزی زیاتر، دوای ئەوەی تووندوتیژی ساڵانێکە جێگەی دیالۆگی دیموکراسی برایانە و بابەتییانەی گرتووەتەوە، سرووشتی کێشەی نەتەوەیی و ئەو مافە ڕەوا و دادپەروەرانەی کە بۆ بەشێک لە گەلی عێراق بەدوای خۆیدا دەهێنێت، شۆڕش هەر لە ڕۆژانی دەستپێکییەوە کاری بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشە نەتەوەییە کردووە، بە ڕۆحێکی پڕ لە بەرپرسیارێتی و بەوپەڕی پابەندبوون بە دیموکراسی شۆڕشگێڕانە. شۆڕش، کە لە تیۆری حزبی بەعسەوە سەرچاوەی گرتووە، باوەڕی وایە، مافی نەتەوەیی، ناوەڕۆکی مافە دیموکراسییەکانە کە خۆی لە

زیندووڕاگرتنی داب و نەریت و کەلتوور و ڕۆشنبیریی و زمـان و دەسـتگرتن بە ئیرادەیەکـی ئازادانە، دەبینێتەوە. پتەوکردنی ئەو مافانە، لە نێوان نەتەوە جیاوازەکـان، بەتـایبەت لە سـەر خاکی یەک نیشتیماندا، پەیوەندی نێوان ئەو نەتەوانە بەهێزتر دەکات و یـارمەتی دەدات بـۆ بووژانەوەی. هەموو ئەو پڕۆژانەی لاوازکردنی ئەو پەیوەندییانەیان بە ئامانج گرتـووە و تـۆی دووبەرەکی دەچێنن، هیچ خزمەت بە بەرژەوەنـدییە هاوبەشـەکانی ڕۆڵەکـانی وڵات ناکـات. ئەمە لە کاتێکـدا بەهێزبـوونی پەیوەنـدییە نیشـتیمانییەکان، هۆکـارێکە بـۆ یەکگرتـوویی و ڕەخسانی کەشێکی برایانەی نەتەوەیـی و ئاشـتیخوازانە، لە ژێـر ڕۆشـنایی ئەم بیروبـاوەڕەدا، حزبی بەعسـی عەرەبـی ئیشـتیراکی، حەوتەم کـۆنگرەی هەرێمایەتـی خـۆی لە کۆتاییەکـانی سـاڵی ١٩٦٨ و سـەرەتای سـاڵی ١٩٦٩ بەڕێـوەبرد. بە مەبەسـتی دیـاریکردنی هەڵوێسـتە ئایـدۆلۆژی و تیۆرییەکـانی حـزب، لە هەمـبەر دۆزیـنەوەی ڕێچـارەی شـۆڕش بـۆ کێشـە نیشـتیمانییەکان. لە بڕیارنـامەی کۆتـایی کـۆنگرەکەدا هـاتووە: کـۆنگرە جەختـی کـردەوە لە ئامانجە نەتەوەییەکانی کورد لە عێـراق، کە ئەم بـابەتە دەکەوێـتە پێشـەوەی ئەو بابەتـانەی ڕووبەڕووی جـــووڵانەوەی ڕزگـــاریخوازی عەرەب دەبـــنەوە کە مـــاوەیەکی زۆرە بە چارەسـەرنەکراوی مـاونەتەوە و لە ئەنجامـدا ناخۆشـی زۆر بـۆ هەردوو نەتەوەی عەرەب و کورد هێنا پێشەوە. هێزە کۆلۆنیالی و کۆنەپەرستەکان و و هەڵپەرستەکان هەمیشە ئەم بـارە، واتە شکستیان لە چارەسـەرکردنیان قۆسـتووەتەوە و بـۆ دەسـتوەردان لە کاروبـاری عێـراق و گوشارخسـتنە سـەری و پیلانگێـڕی دژی مـافی کـورد و قورسـترین زیانیـان بە دەسـتکەوتە نەتەوەیی و پێشکەوتنخوازی و دیموکراسـی و قوربانیـدان و خەبـاتی هـاوبەش گەیانـدووە.

کۆنگرە دووپـاتی کـردەوە، حزبەکەمـان لە خەبـات و سیاسـەت و ناسـیۆنالیزمی مرۆییـانە و دیموکراسـییەتی خـۆیەوە، ڕێـزی ئامـانجە نەتەوەییەکـانی کـورد دەگرێـت، بە نـاوەرۆکە نیشتیمانپەروەری و پێشکەوتنخوازەکەی کە پەیوەندییەکی بەتین لە نێوان ئەو مافانە و هێـز و ئاشـتەوایی نیشـتیمانیدا هەیە، بە ئاراسـتەی نەهێشـتنی شـوێنکەوتووەکانی کۆلۆنیـالیزم و دەستئاوەڵابوون بۆ شەڕی چارەنوسساز لە فەلەستین و خەباتی هاوبەش لە پێناو بەدیهێنـانی یەکێتی عەرەبی و ئـازادی و ئیشـتیراکی. لە بەرئەوە شـۆڕش پابەنـدە بە بنەماکـانی حـزب و بڕیارەکانی دەربارەی هاووڵاتییانی کورد و بەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەکانیان و پێشخستنی تایبەتمەنـدییە نەتەوەییەکانیـان لە چوارچێـوەی یەکێتـی گەل و نیشـتیمان و سیسـتەمی دەسـتووری، لە کاتێکـدا نەتەوەی عەرەب لە خەبـاتێکی بەرفراوانـدایە دژی ئیمپریـالیزم و زایۆنیزم و کۆنەپەرستە لۆکاڵییەکان، خەباتی گەلی عێراقی پەیوەندییەکی پـتەوی بە خەبـاتی

نەتەوەی عەرەب هەیە، لەپێنــاو دیموکراســییەت و نەهێشــتنی هێــزی کۆنەپەرســتی لە ناوچەکەدا، شۆڕش وای دادەنێت، بنەمای یەکێتی نیشتیمانی عەرەبی و کوردی لە عێراق ئەوەیە کە جــووڵانەوەی نەتەوەیــی کــوردی، وەکــو جــووڵانەوەی نەتەوەیــی عەرەبــی دیموکراســییە و دژی هێــزە کۆنەپەرســتەکانە لە عێــراق، هەروەهــا دژی ئیمپریــالیزم و هاوپەیمانییەکانیانە، هەروەها پەیوەستە بە خەباتی گەلی عەرەبی کە برایەتیێکی مێژوویی و بەرژەوەندی ئابووری و پێشکەوتنێکی هاوئاهەنگ بە یەکەوەیان گرێ دەدات. لە ماوەی ئەو لێکتێگەیشتنە، دەگەینە پێویستی خەباتی هاوبەشی نیشتیمانی بە شێوەیەکی گشتی، ئیمپریالیزم درکی بەوە کردووە، کە هاوخەباتی عەرەبی و کوردی، جووڵانەوەی ئازادیخوازی عەرەبی کوردی بەهێزتر دەکات و دەیانخاتە پێگەیەکی گرنگتر بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی پڕۆژە دوژمنکارییەکانی زایۆنیزم و ئیسرائیلی لە ناوچەکەدا، بەتایبەت لەو شەڕە نەتەوەییە چارەنووسسازەی کە لە فەڵەستین و وڵاتانی دیکەی عەرەبیدا هەیە. بۆیە ئیمپریالیزم هەوڵ دەدات ئەم برایەتییە لاواز بکات، بۆ لاوازکردنی بەرەی تێکۆشانی نیشتیمانی لە عێراق، شۆڕش وا تێگەیشتووە کە بابەتی نەتەوەیی بەشێکە لە شۆڕشی دژایەتییکردنی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و کۆنەپەرستی، بۆیە هەر هەنگاوێک بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد، خەباتی نیشتیمانی و نەتەوەیی دژی ئەم گەلەکۆمەکییە نامرۆڤانە بەهێزتر دەکات. بەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەکانی کورد، پێویستە بۆ بەهێزکردنی خەباتی نیشتیمانی عێراق و عەرەب. بە ڕێکەوت نییە ساتی پیلانگێڕی زایۆنیزم و کۆنەپەرستان هاوکاتە لەگەڵ بەرپاکردنی ئاشتی لە باکووری خۆشەویست، ئەم وەڵامدانەوە دڵسۆزانەیەی کە لەلایەن سەرکردایەتی کوردەوە بەڕێز مستەفا بارزانی هاتووەتە پێش، شۆڕش، هەموو هەنگاوێکی پێویست بۆ گەڕاندنەوەی ئاشتی بۆ باکوور دەگرێتە بەر، بەم شێوەیە:

أ. دانان بە بوونی شەرعی نەتەوەی کورد بەپێی ڕاسپاردەکانی حەوتەمین کۆنگرەی هەرێمایەتی حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتیراکی، لە ماوەی هەموو ئەو بڕیارنامە فەرمییانەی کە لە ڕۆژنامەکاندا، بڵاوکراوەتەوە، کە لە دەقی دەستووری کاتی و بەردەوام جێگیر دەکرێت.

ب. ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بڕیاریدا بە دروستکردنی زانکۆی سلێمانی و کۆڕی زانیاری کورد و دەستەبەرکردنی مافە ڕۆشنبیریی و زمانەوانی و خوێندن بە زمانی کوردی لە سەرجەم قوتابخانە و پەیمانگا و زانکۆکان، کردنەوەی خوول بۆ مامۆستایان و وەرگیرانی قوتابییانی کورد لە کۆلێژەکانی سەربازی و پۆلیس، هەروەها بڵاوکردنەوەی کتێب لە

بوارەکانی ئەدەبی و سیاسەت بە زمانی کوردی، کە گوزارشت لە مافە نەتەوەییەکانی کورد، هەروەها پشتگیریکردنی نووسەران و شاعیران و ڕۆشنبیرانی کورد، بۆ دامەزراندنی ڕێکخراوی تایبەت بە خۆیان، چاپکردنی بەرهەمەکانیان، دەستەبەرکردنی هەموو دەرفەتێکی بەردەمیان بۆ پێشخستنی توانا و بەهرە زانستی و هونەرییەکانیان، هەروەها دامەزراندنی خانەی چاپ و بڵاوکردنەوە بە زمانی کوردی و نوێکردنەوەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیریی کوردی و دەرکردنی ڕۆژنامەی هەفتانە و مانگانە بە زمانی کوردی، زیادکردنی ماوەی بەرنامەی کوردی لە تەلەفزیۆنی کەرکووک.

ج. داننان بە مافە ڕۆشنبیرییەکانی هاووڵاتییانی کورد، بۆ یادکردنەوەی جەژنە نەتەوەییەکانیان، بە شێوەیەک کە هەموو گەل بەشداری تێدا بکات، بۆ ئەم مەبەستە ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش، بڕیاریدا، کە جەژنی نەورۆز ببێتە جەژنێکی نیشتیمانی لە کۆماری عێراق.

د. دەرکردنی یاسای پارێزگاکان، لە شێوەی لامەرکەزی یان ئیدارەی محەلی، کە یەکێک لەوانە پارێزگای دهۆک دەبێت، هەروەها ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لێبووردنی گشتی بۆ ئەو هاووڵاتییە مەدەنی و سەربازییانە دەرکرد، کە بەشداری کارە توندوتیژییەکانی باکووری وڵاتیان کردبوو، ئەمەش کاریگەری خراپی لەسەر وڵات دروست کرد.

هاووڵاتییانی عێراق بە عەرەب و کوردەوە، پێشوازی گەرمیان لە بڕیارەکانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش کرد، ئەمەش دەبێتە بەشێک لە بەدیهێنانی خەون و ئامانجەکانیان. ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بەردەوام لە پەیوەندیدا بوو، لەگەڵ کوردەکان بە سەرۆکایەتی مستەفا بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان، دوای ئاڵوگۆڕی بیروبۆچوونەکان، هەموو لایەک گەیشتنە بڕیاری کۆتایی بۆ دەرکردنی بەیاننامەکە و جێبەجێکردنی، ئەوان جەختیان کردەوە لەسەر ئەوەی ئەم بەیانە هەڵسانەوەیەکی ڕۆشنبیری و ئابووری و پێشکەوتنێکی گشتییە لە ناوچەکە بۆئەوەی هاووڵاتییانی کورد مافە نەتەوەییەکانیان بەدەستبهێنن و بەشداربن لە بنیاتنانەوەی وڵات، بۆ ئەم مەبەستە ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ئەم بڕیارانەی دەرکرد:

١. زمانی کوردی لەگەڵ زمانی عەرەبی زمانی فەرمی دەبێت، لەو ناوچانەی کە زۆربەی زۆری دانیشتووانیان کوردن و زمانی کوردیش لەو ناوچانەدا، زمانی خوێندن و فێرکردن دەبێت و زمانی عەرەبیش لە هەموو ئەو قوتابخانانەدا دەخوێندرێت، کە بە کوردی

دەخوێنن، لەهەمان کاتیشدا زمانی کوردی وەك زمانی دووەم، لەو سنوورەی یاسا دایدەنێت لە هەموو لایەکی عێراقدا دەخوێندرێت.

٢. بەشداریکردنی برا کوردەکانمان لە فەرمانڕەوایی و جیاوازی نەکردن لەنێوان کورد و ئەوانی دیکە، لە پێدانی پلەوپایەی گرنگ و هەستیار لە دەوڵەتدا، وەك وەزارەت و سەرکردایەتی سوپا و ئەوانی دیکە. ئەوانە هەموویان لەو کارە گرنگانەن، کە وەدیهێنانیان ئامانجی شۆڕش بوو، حکوومەت لە کاتێکدا دان بەو بنەمایە دەنێت، جەخت لەسەر پێویستی کارکردن بۆ وەدیهێنانی بە ڕێژەیەکی دادپەروەرانە دەکاتەوە، بە ڕەچاوکردنی بنەمای لێهاتوویی و ڕێژەی دانیشتووان و ئەو بێبەشبوونەی برا کوردەکانمان لە ڕابردوودا، دووچاری بوونە.

٣. لەبەر ئەو دواکەوتنەی کە لە ڕابردوودا، لە هەردوو لایەنی ڕۆشنبیریی و پەروەردەیی بەسەر نەتەوەی کورددا هاتووە، پلانێك بۆ چارەسەرکردنی ئەم دواکەوتووییە دادەنرێت، لە ڕێگەی:

أ. پەلەکردن لە جێبەجێکردنی بڕیارەکانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش، لە ڕووی زمان و مافی ڕۆشنبیرییەوە بۆ گەلی کورد، ئامادەکردن و ئاراستەکردنی بەرنامەی تایبەت بە کاروباری نەتەوەی کورد لە ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی کە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیریی و ڕاگەیاندنی کوردییەوە سەرپەرشتی دەکرێن.

ب. گەڕاندنەوەی قوتابییە دەرکراوەکان، بۆ قوتابخانەکانیان کە بەهۆی بارودۆخی توندوتیژی لە ناوچەکەدا، ناچاربوون واز لە خوێندن بهێنن، بەچاوپۆشیکردن لە تەمەنیان و دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەکی لەبار بۆ گیروگرفتەکانیان.

جـ . کردنەوەی قوتابخانەی زۆر لە ناوچە کوردییەکاندا و بەرزکردنەوەی ئاستی پەروەردە و فێرکردن و قبوولکردنی قوتابیی کورد لە زانکۆ و کۆلێژی سەربازی و هەلی خوێندن و زەمالەی خوێندن بە ڕێژەیەکی دادپەروەرانە.

٤. دانانی فەرمانبەرانی کورد، لەو یەکە کارگێڕییانەی ئەو ناوچانەی کە بەشی زۆریان کوردن. یان لەو کەسانە بن کە کوردی باش دەزانن. هەروەها بەرپرسیارێتییە سەرەکییەکان (پارێزگار، قایمقام، بەڕێوەبەری پۆلیس، بەڕێوەبەری ئاسایش و هی دیکەی لەم جۆرە) لەو ناوچانەدا، کورد دەبن. دەستبەجێ دەستدەکرێت بە پەرەپێدانی دامودەزگاکانی دەوڵەت لە

چوارچێوەی لێژنەی باڵای سەرپەرشتیکردن یان جێبەجێکردنی ئەم بەیاننامەیە، بەو شێوەیەی کە جێبەجێکردنی مسۆگەر بکات و یەکێتیی نیشتیمانی و ئارامی لە ناوچەکەدا بەهێز بکات.

٥. حکوومەت، دان بە مافی گەلی کورد دەنێت، بۆ پێکهێنانی ڕێکخراوی قوتابییان و لاوان و ئافرەتان و مامۆستایانی تایبەت بە خۆیان و ئەو ڕێکخراوانە ئەندامی ڕێکخراوە نیشتیمانییە عێراقییەکانی هاوشێوەی خۆیان دەبن.

٦. بڕگەی (أ): کارکردن بە هەردوو بڕگەی (١) و (٢)ی بڕیاری ژمارە ٥٩ی ڕێکەوتی ١٩٦٨/٨/٥، هەتا ڕێکەوتی دەرچوونی ئەم بەیاننامەیە، ئەمەش هەموو ئەوانەی بەشدارییان لە کارە توندوتیژییەکانی ناوچەی کوردیدا کردووە، دەگرێتەوە.

بڕگەی(ب): کرێکار و فەرمانبەر و خزمەتگوزارە مەدەنی و سەربازییەکان دەگەڕێنەوە سەر کارەکانیان، ئەمەش بەبێ بەربەستی (میلاك) جێبەجێ دەکرێت و سوودیش لە خەڵکی مەدەنی لە ناوچە کوردییەکان، بەپێی پێویستی ئەو ناوچانە وەردەگیرێت.

٧. بڕگەی (أ): دەستەیەك لە کەسانی تایبەتمەند پێکدەهێنرێت، بۆئەوەی بە خێراییەوە ناوچەکە لە هەموو ڕوویەکەوە ببوژێتەوە و قەرەبووی ئەو زیانانە بکرێتەوە، کە لە ئەنجامی ڕووداوەکانی دوایی بەسەری هاتووە. بودجەیەکی تەواویش بۆ جێبەجێکردنی ئەم کارە تەرخان بکرێت و ئەو دەستەیەش سەر بە وەزارەتی کاروباری باکوور دەبێت.

بڕگەی (ب): ئامادەکردنی پلانێکی ئابووری، بەشێوەیەك کە پەرەسەندنی هاویەکی و یەکسانی لە هەموو ناوچە جیاجیاکانی عێراقدا دابین بکات. بە ڕەچاوکردنی دۆخی دواکەوتوویی لە ناوچە کوردییەکاندا.

بڕگەی (ج)، تەرخانکردنی مووچەی خانەنشینی بۆ خێزانی ئەو کەسانەی بەهۆی بەشدارییان لە بزاڤی چەکداریی کوردی گیانیان بەخشیوە. هەروەها بۆ ئەوانەی بەهۆی ئەو بارودۆخەوە، تووشی کێماسی جەستەیی هاتوون.

بڕگەی (د)، کارکردنی خێرا بۆ فریاکەوتنی خەڵکی زیانلێکەوتوو، لە ڕێگەی پڕۆژەی خانووبەرە و شتی دیکە. هەروەها دابینکردنی کار بۆ بێکاران و گەیاندنی یارمەتیی لە کەلوپەل و پارە بەشێوەیەکی گونجاو بەو زیانلێکەوتووانەی پێویستییان بە یارمەتییە، بۆ ئەم مەبەستە لێژنەی باڵا ڕادەسپێردرێت.

٨. گەڕاندنەوەی دانیشتووانی گوندە عەرەبی و کوردییەکان بۆ شوێنەکانی پێشوویان، بەڵام ئەو گوندانەی حکوومەت بۆ مەبەستی سوودی گشتی بەپێی یاسا دەیانکات بە موڵکی خۆی

و لە ناوچەکانی نزیکییەوە نیشتەجێیان دەکات و هەر زیانێکیش بەهۆی ئەوەوە لێیان کەوتبێت، قەرەبوویان دەکاتەوە.

٩. پەلەکردن لە پیادەکردنی یاسای چاکسازی کشتوکاڵی لە ناوچە کوردییەکان و هەموارکردنەوەی، بەشێوەیەك کە پاکتاوی پەیوەندیی دەرەبەگایەتی مسۆگەر بکات، هەموو جووتیارەکانیش پارچە زەویی گونجاویان پێ بدرێت و لەو باجە کشتوکاڵییەش کە لە ماوەی ساڵانی شەڕەکان لەسەریان کۆبووەتەوە، ببەخشرێن.

١٠. ڕێککەوتن لەسەر هەموارکردنی دەستووری کاتی بەم شێوەیە:

أ. گەلی عێراق لە دوو نەتەوەی سەرەکی پێکدێت، ئەوانیش نەتەوەی عەرەب و نەتەوەی کوردن، ئەم دەستوورە دان دەنێت بە مافی نەتەوەیی گەلی کورد و مافی هەموو کەمایەتییەکان لە چوارچێوەی یەکێتیی عێراقدا.

ب. زیادکردنی ئەم بڕگەیەی خوارەوە بۆ ماددەی چوارەمی دەستوور (زمانی کوردی زمانی ڕەسمی دەبێت لە ناوچە کوردییەکاندا، شانبەشانی زمانی عەرەبی).

ج. چەسپاندنی ئەوەی پێشەوە لە دەستووری هەمیشەییدا.

١١. گەڕاندنەوەی ئێستگەی ڕادیۆ و چەکە قورسەکان بۆ حکوومەت، ئەمەش بەند دەبێت بە جێبەجێکردنی قۆناغە کۆتاییەکانی ڕێککەوتننامەکە.

١٢. یەکێک لە جێگرەکانی سەرکۆمار کورد دەبێت.

١٣. یاسای پارێزگاکان بەشێوەیەك هەموار دەکرێتەوە، کە لەگەڵ ئەم بەیاننامەیەدا بگونجێت.

١٤. دوای ڕاگەیاندنی بەیاننامەکە، بە ڕاوێژ لەگەڵ لیژنەی باڵای سەرپەرشتیاری جێبەجێکردنی بەیانەکە، کاری پێویست ئەنجام دەدرێت بۆ یەکخستنی ئەو پارێزگا و یەکە کارگێڕییانەی زۆربەی دانیشتووانەکەی کوردن، ئەمەش بەپێی ئەو ئامارە فەرمییانە دەبێت کە ئەنجام دەدرێن. دەوڵەت هەوڵدەدات بۆ پەرەپێدانی ئەو یەکە کارگێڕییانە و فراوانکردنیان، بۆئەوەی گەلی کورد پەیڕەوی سەرجەم مافە نەتەوەییەکانی خۆی بکات بۆ شادبوونی بە ئۆتۆنۆمی. تا ئەو یاسایەش جێبەجێ دەکرێت، هەماهەنگی کاروبارە نەتەوەییەکانی کورد، لە ڕێگەی کۆبوونەوەی خوولی دەبێت، کە لەنێوان لیژنەی باڵا و پارێزگارەکانی ناوچەی باکوور دەبەسترێن. لەبەر ئەوەی ئۆتۆنۆمی لە چوارچێوەی کۆماری

عێراقدا جێبەجێ دەکرێت، بۆیە وەبەرهێنانی هەموو سامانێکی سرووشتیی ناوچەکە، تایبەت دەبێت بە دەسەڵاتی ناوەندی کۆمار.

١٥. گەلی کورد بەپێی ڕێژەی دانیشتووانی، لەچاو دانیشتووانی عێراق، بەشداری لە دەسەڵاتی یاسادانانیدا دەکات.

ئەی جەماوەری کورد: ئەمانە ئەو دەستکەوتانەن کە شۆڕش بەدەستی هێناوە، هەنگاوێکی بێوێنەیە بۆ گەیشتن بە ئامانجە نیشتیمانییە تەواوەکان، لە ژێر سایەی ئەم نیشتیمانە ڕزگارکراوە و یەکڕیزی گەلە مەزنەکەی. مێژوو شایەدی دەدات کە هەرگیز، برایەکی دڵسۆز و هاوپەیمانێکی وەک گەلی عەرەب، نەبووە و نابێت. ئەی جەماوەری گەلە مەزنەکەمان، ئیرادەی ئێوە بۆ یەکێتی نەتەوەیی، تاکە شتە بۆ سەرکەوتن، لەسەر بەردی هۆشیاری و بەرپرسیارێتییە مێژووییەکانت، هەموو هەوڵەکان دەشکێن، کە بۆ لاوازکردنی خەباتی یەکگرتووانەتان دەدرێن. ئەمڕۆ تێکۆشەرانتان، گەرد و تۆزی فێڵ و چاوبرسێتی دوژمنەکانتان و ئەوانەی تەماحتان لێدەکەن دادەتەکێنن، بۆئەوەی وەك یەك دەستە پێکەوە ڕێگا بگرنەبەر. بە هێز و هۆشیاری و ئیرادە و کار و تێکۆشان، بۆ سەرخستنی کێشەی نەتەوەی عەرەبی مەزن و فەڵەستین، بۆ هێنانەدی ئامانجەکانتان لە یەکێتی و ئازادی و سۆشیالیزم. ئەی جەماوەری نەتەوەی عەرەبی تێکۆشەر، بەم شێوەیە لاپەڕەیەکی مێژووی ئەم وڵاتە، دادەخرێت و لاپەڕەیەکی تازە و شکۆدار بە دەست و بازووی شۆڕش و شۆڕشگێڕان، هەڵدەدرێتەوە و پەیمانی برایەتی و ئاشتی لە نێوان هەردوو گەلی برا نوێ دەکرێتەوە، کە مێژوویێکی پڕ لە خەباتی هاوبەش لە نێوان هەردوو لادا هەیە، ئەمڕۆ و بەیانی و تاهەتایە هەروا دەمێنێتەوە، لەپێناو زاڵبوون بەسەر دوژمنە هاوبەشەکانیان، دوژمنانی مرۆڤایەتی بە گشتی لە ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و دواکەوتوویی، بەشداری هەردوو لا لە خەباتی هاوبەشیان بۆ پاڵپشتی تێکۆشانی مرۆڤانە، لەپێناو ئازادی و پێشکەوتن و شارستانی هاوسەردەم لەسەر بنەمای ڕاستی و یەکسانی و دادپەروەری لە نێوان گەلاندا، بەرەو خەباتی هاوبەش، ئامانجی هاوبەش و سەرکەوتنی نەتەوایەتی و مرۆڤایەتی هاوبەش"[1].

(١) منشورات الثورة، لكي يصان السلام وتتعزز الوحدة الوطنية، دار الثورة، بغداد، ١٩٧٣، ص١٣٩-١٥٠؛ الجمهورية العراقية، القرارات العامة ...، م١، ص٥٩٩.

ئەم بەیاننامەیە، لە ڕووی یاساییەوە بایەخ و بەهای خۆی هەبوو، بنەمای یاسایی بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد لە عێراق دانا کە لە چەند خاڵێکیدا ئاماژەی پێدراوە، هەروەها لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیشدا، بەتایبەت ڕۆڵی یەکێتی سۆڤییەت لە ڕاگەیاندنی بەیاننامەکەدا، بایەخی خۆی هەبوو، بەڵام لە کەموکوڕیش بەدەر نەبوو.

توێژەرێک کەموکوڕییەکانی بەیاننامەکەی دەستنیشان کردووە، ئاماژەی بەوەداوە کە: زاڵبوونی بیری ڕەگەزپەرستی عەرەب بەسەر پێشەکی بەیاننامەکە و نایەکسانی لە نێوان هەردوو زمانی عەرەبی و کوردی لە قوتابخانەکان. خوێندنی زمانی عەرەبی لە هەموو قوتابخانە کوردییەکاندا لە پاڵ زمانی کوردی سەپێندراوە، بەڵام خوێندنی کوردی لە ناوچەکانی دیکەی عێراق وەک زمانی دووەم و بەو ئاستەی کە یاسا دیاری کردووە، داندراوە. هەروەها ئاماژە بەوەش دراوە، کە پێویستە ڕێکخراوە کوردییەکان ببنە ئەندامی ڕێکخراوە عێراقییەکان. هەروەها لە خاڵی شەشەمدا کە لێبووردنی گشتی بۆ بەشداربووانی ڕووداوەکانی باکوور دەرکراوە، دیارە بەعسییەکان شۆڕشگێڕانی کوردییان بە (تاوانبار) داناوە. لە سەرێکی دیکەوە، حکوومەتی عێراق، لە ڕاگەیاندنی بەیاننامەکەدا، سنووری جوگرافی بە تەواوی دیاری نەکردووە. تەنانەت سەدام حوسێن لە دیدارێکیدا، لەگەڵ پەیامنێری ڕۆژنامەی (لۆمۆند) گوتبووی: حکوومەتی عێراق و حزبی بەعس، ئۆتۆنۆمیان بە خەڵک داوە، نەک بە خاک. ئەمانە و زۆر خاڵی دیکەش، لە لایەنە نەرێنییەکانی بەیاننامەکە بوون[1].

ڕۆژنامەی (الجمهورية) لە ژمارەی ڕۆژی ١٢ی ئاداری ساڵی ١٩٧٠، بە چەند مانشێتێکی گەورە، هەواڵی ڕاگەیاندنی ڕێککەوتننامەی ئاداری بڵاوکردووەتەوە و نووسیویەتی:

"بڵاوکردنەوەی بەیانەکەی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش، ئاسۆیەکی تازەی لە بەردەم خەباتی نیشتیمانیدا کردەوە، سەرۆکی فەرماندە، قۆناغێکی تازەی لە بەردەم برایەتی و دیموکراسی نێوان عەرەب و کورد ڕاگەیاند، حزبی بەعسیش ئامانجە نەتەوەییەکانی بۆ کورد دەستەبەر کرد، بەمجۆرە عێراق بە هەموو توانایەکییەوە، لە شەڕی چارەنووسدایە. بەمەش جەماوەری کورد، دەتوانن مافەکانی خۆیان بەدەستبێنن و بەپێی ڕێژەی دانیشتووانی عێراق بەشداربن لە دەسەڵاتی یاسادانانی وڵات. ئەم بەیانە خەباتی هاوبەشی نێوان عەرەب و

(١) بڕوانە: فەرەیدوون عەبدولڕەحیم، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٧-٩٢.

کورد پتەوتر دەکات، لە بەرامبەر ڕووبەڕووبوونەوەی دوژمنانی هەردوو نەتەوە و جەخت لە پابەندبوونی کۆمەڵایەتی و دڵسۆزانە بۆ یەکێتی خاک دەکاتەوە"[١].

ڕۆژنامەی (الثورة)، لە ژمارەی ڕۆژی ١٣ی ئادار، هەواڵی ئەو خۆپیشاندانە جەماوەرییە بەرفراوانەی بڵاوکردووەتەوە، کە بە بۆنەی ڕاگەیاندنی ڕێککەوتننامەی ١١ی ئادار لە شاری بەغدا بەڕێوەچووە و نووسیویەتی:

"ئەمڕۆ شاری بەغدا گەورەترین خۆپیشاندانی جەماوەری بەخۆیەوە بینی. خەڵکی عێراق بەو هۆیەوە، دڵخۆشی خۆیان لە بەرامبەر چارەسەرکردنی کێشەی کورد بە شێوەیەکی ئاشتییانە و دیموکراسییانە دەربڕی. لەم ڕێپێوانەدا هەزاران کرێکار و جووتیار و ئەندامانی ڕێکخراو و سەندیکا کوردی و عەرەبییەکان بەشداربوون. هەروەها هەریەک لە وەزیری بەرگری و نەقیبی سەندیکای کرێکارانیش ئامادەی ئەو گردبوونەوە جەماوەرییە بوون. خۆپیشاندەران چەندان دروشمیان بەرزکردبووەوە، کە ئاماژە بوون بۆ پەیوەندییەکانی نێوان عەرەب و کورد، لەسەر بنەمایەکی دیموکراسی و جەختکردنەوە لەسەر دیموکراسییەت بۆ نەتەوەی کورد. خۆپیشاندەران ئەم هەڵوێستەی حزبی بەعس و سەرکۆماریان بەرز نرخاند. دوای کۆبوونەوەی خۆپیشاندەران لە گۆڕەپانی (التحرير)، سەرکۆمار ئەحمەد حەسەن بەکر و ئەندامانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و شاندی کوردی، لە بەردەم سەکۆی وتاردان وەستان و پێشوازییان لە ئاپۆرەی جەماوەر کرد. سەرکۆمار وتارێکی مێژوویی پێشکەش بە جەماوەر کرد، تیایدا جەختی کردەوە، کە ئەو دۆخە ترسناکەی کە خوێنی برایەکانی تێدا دەڕژا، بۆ هەتا هەتایە کۆتاییهات. وڵاتی عێراق بەرەو قۆناغێکی نوێ هەنگاو دەنێت. کاروانە شۆڕشگێڕییەکەی بەردەوام دەبێت، بۆ بەهێزکردنی وزەی ماددی و مرۆیی، لە ڕێگای تێکۆشان و ڕووبەڕووبوونەوەی چالاکانە، بۆ دژایەتی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی و زایۆنیزم"[٢].

لە نەورۆزی ئەو ساڵەشدا، لە ٢١ی ئاداری ساڵی ١٩٧٠، گەورەترین کەرنەڤاڵی جەماوەری هەر لە شاری بەغدا ئەنجام درا، کە گوزارشت بوو، لە دەربڕینی خۆشحاڵی خەڵکی عێراق بۆ ئەو یادە. ڕۆژنامەی (الثورة) لە ژمارەی ڕۆژی ٢٢ی ئاداری ئەو ساڵە، دەربارەی ئەم کەرنەڤاڵە جەماوەرییە نووسیویەتی:

(١) الجمهورية، ع(٧٠٤)، ١٩٧٠/٣/١٢.

(٢) الثورة، ع(٤٦٩)، ١٩٧٠/٣/١٣.

"دوێنێ، ٢١ی ئاداری ١٩٧٠، شاری بەغداد، گەورەترین خۆپیشاندانی جەماوەری، بە بۆنەی یادی نەورۆزەوە بە خۆیەوە بینی، کە سەدان هەزار کەس لە هاووڵاتییانی کورد و عەرەب تیایدا بەشدار بوون. دڵخۆشی خۆیان بۆ نەورۆز و وەدیهێنانی ئاشتی بەردەوام لە باکووری وڵات دەردەبڕی. لەم بۆنەیەدا عەبدولکەریم ئەلشێخلی[1]، وتاری ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و ئەنجوومەنی سەرکردایەتی هەرێمیی، بۆ جەماوەر خوێندەوە کە تیایدا هەڵوێستی بنەماخوازییانەی پارتی بەعسی بەرامبەر کێشەی کورد ڕوون کردەوە. هەنگاوە گەورەکانی بۆ چارەسەرکردنی پرسەکە خستەڕوو، کە بە هەماهەنگی لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتی بارزانی، دەنرێت و گوتی: "بە ناوی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و ئەنجوومەنی سەرکردایەتی هەرێمیی، پیرۆزبایی ئەو جەژنە نیشتیمانییەتان لێ دەکەم. بەتایبەت پیرۆزبایی لە برا کوردەکان دەکەین، بۆ جەژنی نەتەوەییان، کە بۆ یەکەمجارە دوای دەیان ساڵ لەناو کەشێکی ئاشتییانە و برایانەی نێوان کورد و عەرەب، بەڕێوەدەچێت، کە هەردوو نەتەوە، مێژوویێکی پڕ لە خەباتی هاوبەشیان هەیە. جەژنی ئەوساڵ جیاوازی هەیە. هاوکاتە لەگەڵ ڕاگەیاندنی ڕێککەوتننامەی ١١ی ئادار"[2].

(١) عەبدولکەریم ئەلشێخلی (١٩٣٥/بەغدا-١٩٨٠/بەغدا)، سیاسەتمەداری عێراقی، لە کۆلێژی پزیشکی خوێندوویەتی، بەڵام بەهۆی چالاکییەکانی لە حزبی بەعس، تەواوی نەکردووە. زیاتر لە بیست ساڵ دۆست و هاوبەشی سەدام حسێن بوو، لەو ماوەیەدا کۆمەڵێک ئەرکی تایبەتی ئەنجامداوە، وەک هەوڵدان بۆ تیرۆرکردنی عەبدولکەریم قاسم، دوای ئەم ڕووداوە هاوشانی سەدام ڕووی کردووەتە وڵاتی میسر. تۆمەتبارە بە ئەشکەنجەدان و کوشتنی دەیان کەس لە نەیارەکانی بەعس و سەدام حوسێن. لە نێوان ساڵانی ١٩٦٨-١٩٧٩، چەندان پۆستی وەک وەزیری دەرەوە، نوێنەری عێراق لە نەتەوەیەکگرتووەکانی وەرگرتووە. پاشان بووەتە ناکۆکیان لەگەڵ سەدام و لە ناو شاری بەغدا غافڵکوژ کراوە. کتب عبد الكريم الشيخلي-مكتبة نور (noor-book.com).

(٢) الثورة، ع(٤٧٥)، ١٩٧٠/٣/٢٢.

## تەوەری پێنجەم

### هەڵوێستی ڕۆژنامە عێراقییەکان بەرامبەر شۆڕشی ئەیلوول لە قۆناغی دوای ڕاگەیاندنی ڕێککەوتننامەی ئادار تا دەستپێکی ساڵی ١٩٧٤

دوای ڕاگەیاندنی ڕێککەوتننامەی ئاداری ساڵی ١٩٧٠، یەکێک لە هەنگاوە کردارییەکانی جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەکە، دانانی وەزیرە کوردەکان بوو، لەو کابینە وەزارییەی کە بە سەرۆکایەتی ئەحمەد حەسەن بەکر لە ٢٩ی ئاداری ساڵی ١٩٧٠ پێکهێندرا. ڕۆژنامەی (الثورة) لە ژمارەی ڕۆژی ٣٠ی ئاداری ساڵی ١٩٧٠، ناوی وەزیرانی کابینەکەی ڕاگەیاندووە و نووسیویەتی:

"دوێنێ کۆتایی بە پێکهێنانی کابینەی وەزاری تازە هات. کە بەڕێز سەرکۆمار لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ئاماژەی پێکردبوو. هەروەها وەزارەتێکی تازە لە ژێر ناوی وەزارەتی گواستنەوە ڕاگەیەندراوە. ژمارەیەک وەزیریش دەستیان لەکار هەڵگرت و وەک باڵیۆزی وڵاتان لە وەزارەتی دەرەوە دەستبەکار دەبن. لەم وەزارەتە تازەیەدا سێ کەس لە ئەندامانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و ئەنجوومەنی سەرکردایەتی هەرێمیی، بە وەزیر داندراون. ئەوانیش ئەمانەن: تەها جەزراوی و سەڵاح عومەر عەلی[1]و مورتەزا حەدیسی[2]. هەروەها پێنج کوردیش وەک وەزیر داندراون، ئەوانیش هەریەک لە: ئیحسان

(١) سەڵاح عومەر ئەلعەلی، ساڵی ١٩٣٨ لە تکریت لەدایکبووە، لە ساڵی ١٩٦٨ تا ١٩٧٠ ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی عێراق و وەزیری ڕۆشنبیریی و ڕاگەیاندنی عێراقی بووە و دواتر لە نێوان ساڵانی (١٩٧٣-١٩٧٩) دا، باڵیۆزی عێراق بووە، لە سوید و ئیسپانیا و نەتەوە یەکگرتووەکان. دوای جەنگی دووەمی کەنداو، لە ساڵی ١٩٩١، بڕیاریدا بەفەرمی پەیوەندی بە ئۆپۆزسیۆنی عێراقەوە بکات. هەفتانە ڕۆژنامەیەکی سیاسی لە لەندەنەوە دەردەکرد کە هێڵێکی نیشتیمانپەروەری و دژە سەدام حوسێنی گرتبووەبەر. لەگەڵ ئەوەشدا، هەرچەشنە دەستێوەردانێکی بیانی لەو وڵاتەدا ڕەتدەکردەوە و دژایەتی ئەو سزا نێودەوڵەتییانەی دەکرد، کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەسەر عێراقدا سەپاندبوویان. الگاردینیا - مجلة ثقافية عامة - مذكرات صلاح عمر العلي ، متى ترى النور ؟(algardenia.com) .

(٢) مورتەزا سەعید عەبدولباقی حەدیسی (١٩٤١/ئەنبار-١٩٨١/بەغدا)، سیاسەتمەداری عێراقی. ساڵی ١٩٦٣ بەشی بیرکاریی تەواوکردووە و وەک مامۆستای بیرکاری دامەزراوە. موڕتەزا یەکێک بوو لە کادیرە دیارەکانی ناو حیزبی بەعسی عەرەبی ئیشتیراکی. دوای کودەتای ١٧ی تەمموز، چەندین پۆستی وەک وەزیری ئابووری و دەرەوەی وەرگرتووە. ساڵی ١٩٧٢ سەرۆکایەتی شاندی عێراقی کرد بۆ دانوستان لەگەڵ کۆمپانیا نەوتییەکان کە بە خۆماڵیکردنی نەوت کۆتاییهات. ناوبراو وەک باڵیۆز زیاتر لە پایتەختێک کاری

شێرزاد بۆ وەزارەتی شارەوانی و دێهاتەکان، محەمەد مەحموود سامی[١]، بۆ وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەی باکوور، نووری شاوەیس بۆ وەزارەتی ئەشغال، ساڵح یوسفی بۆ وەزیری دەوڵەت و نافیز جەلال حەوێزی بۆ وەزیری کشتوکاڵ. پاشان ڕۆژنامەکە پوختەیەکی لە ژیاننامەی سەرجەم وەزیرەکان خستووەتەڕوو"[٢]. پازدە ڕۆژ دوای ئەوە، ڕۆژنامەی (الوقائع العراقية)، لە ژمارەی ڕۆژی ١٤ی نیسانی ساڵی ١٩٧٠، بە فەرمانی کۆماری، ناوی وەزیرانی کابینەکەی ڕاگەیاند، کە ناوی هەر پێنج وەزیرە کوردەکەشی تێدایە[٣].

یەکێکی دیکە لە هەنگاوەکانی حکوومەتی عێراقی، بۆ بە کردارییکردنی ڕێککەوتننامەی ئادار، پێکهێنانی لێژنەی ئاشتی بوو، ئەم لێژنەیە لە ڕێگەی سەردانیکردنی مەیدانی بۆ کوردستان هەوڵی داوە، لە داواکاری و کێشە و کێماسییەکانی خەڵکی کوردستان بکۆڵێتەوە و لە چوارچێوەی بڕگەکانی بەیانی ئادار، جێبەجێیان بکات. ڕۆژنامەی (الثورة) لە ژمارەی ڕۆژی پێنجی ئایاری ساڵی ١٩٧٠، لەو بارەیەوە نووسیویەتی:

"لێژنەی ئاشتی، بە سەرۆکایەتی مورتەزا حەدیسی و ئەندامییەتی هەریەک لە سەعدوون غێدان[٤]، نافیز جەلال و خالید عەبدولحەلیم، دەستیان بە سەردانەکانیان بۆ باکووری وڵات

---

کردووە. یەکێک بوو لەوانەی لە کۆبوونەوەکەی هۆڵی خولد، ساڵی ١٩٧٩، لە بەغدا سزای پازدە ساڵ زیندانی بەسەردا درا، بەڵام بەر لەو وادەیە لە زیندان لە ژێر ئەشکەنجەدا، گیانی لە دەستدا.شوان محەمەد ئەمین، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٢٢.

(١) محەمەد مەحموود عەبدولڕەحمان-سامی عەبدولڕەحمان (١٩٣٢/شەنگال-٢٠٠٤/هەولێر)، لە بەریتانیا ئەندازیاری خوێندووە. دوای گەڕانەوەی، تا ساڵی ١٩٦٣ وەک ئەندازیار لە وەزارەتی نەوتی عێراق کاری کردووە. دواتر پەیوەندی بە شۆڕشی ئەیلوولەوە کردووە. زۆری نەخایاند، بوو بە ڕاوێژکاری تایبەتی بارزانی. ساڵی ١٩٦٩ یەکێک بوو لە پلاندارێژەرانی هێرش بۆ سەر پاڵاوگەکانی نەوتی کەرکووک. لە کۆتایی هەفتاکاندا پارتی گەلی کوردستانی دامەزراند، دوای ڕاپەڕین، جارێکی دیکە پەیوەندی بە پارتییەوە کردەوە. لە یەکی شوباتی ساڵی ٢٠٠٤، لە تەقینەوە تیرۆرستییەکەی بارەگای لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان لە هەولێر، گیانی لەدەستدا. محەمەد فاتح، سەرچاوەی پێشوو، ل٤١٦.

(٢) الثورة، ع(٤٨٢)، ١٩٧٠/٣/٣٠.

(٣) الوقائع العراقية، ع(١٨٦٧)، ١٩٧٠/٤/١٤.

(٤) سەعدوون غێدان (١٩٣٠/بەغدا-١٩٨٥/بەغدا)، سیاسەتکار و ئەفسەری سەربازی عێراقی، ساڵی ١٩٥٣ کۆلێژی سەربازی تەواوکردووە. ئەندامی حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتیراکی بوو. هەروەها ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بوو. پۆستی وەزاریی جیاوازی لە حکوومەتەکانی عێراقدا پێدراوە. وەک وەزیری ناوخۆ و وەزیری گواستنەوە. فەرماندەی کەتیبەیەکی تانک بووە لە کۆشکی کۆماری سەردەمی

کــرد و لە ڕۆژی ٤ی ئایــاردا، گەیشــتنە پارێزگــای دهــۆک. لە بەردەم کۆبــوونەوەیەکی جەماوەریدا، سەرۆکی لێژنە وتارێکی پێشکەش کرد، سڵاوی سـەرکۆمار ئەحـمەد حەسـەن بەکـری پـێ ڕاگەیانـدن. لە وتـارەکەدا ئامـاژە بە چارەسـەرکردنی کێشـەکان درا و ئامـانجی لێــژنەکەش بــۆ جەمــاوەر ڕوون کــرایەوە کە هەوڵ بــۆ جێبەجێکردنــی بەنــدەکانی ڕێککەوتننامەی ١١ی ئـادار دەدەن. ئەو ڕێککەوتننـامەیەی برایەتـی نێـوان کـورد و عەرەبـی بەدیهێنا و ئێش و ئازارەکانی کۆتایی پێهێنا و تەواوی مافەکانی گەلـی کـوردی دەسـتەبەرکرد. خۆشی و سەقامگیری بۆ وڵات گەڕاندەوە. ئەمەش لە ئەنجامی وەڵامدانەوەی بەهێزی گەلـی کوردی برا بەدیهـات. بەتـایبەت پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان، بە سـەرۆکایەتی برامـان مەلا مستەفا بارزانی. حزبی بەعس، ئەم کارەی وەک تاکتیکێک نەکردووە، یان وەک ئاگربەستێکی کاتی، بەڵکو ئەوە لە نێو پرەنسیپە مرۆڤایەتییەکەی سەری هەڵداوە کە لە کۆنگرە نەتەوەیـی و نیشـتیمانییەکانی ئەو حـزبە جەختـی لێکـراوەتەوە. شۆڕشـی تەممـووز پابەنـدی خـۆی بە ڕێککەوتننامەی ١١ی ئادار دەربڕیوە و بەرگری لێدەکات. پاشان نافیز جەلال ئەنـدامی لێـژنە وتـارێکی پێشـکەش کـرد، کە تیایـدا گرنگـی ڕێککەوتننـامەی ١١ی ئـاداری ڕوون کـردەوە. لە کۆتاییدا کۆششی حزبـی بەعسـی عەرەبـی بە سـەرۆکایەتی ئەحـمەد حەسـەن بەکـر و مەلا مسـتەفا بـارزانی سـەرۆکی پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتانی وەک کـۆڵەگەی جێبەجێکردنـی ڕێککەوتـنەکە بە شـێوەیەکی کـرداری بەرز نرخانـد، پاشـان لێـژنەکە لە باڵەخـانەی پارێزگـا، لەگەڵ پارێزگــاری دهــۆک کۆبــوونەوە کە مــاوەی ســێ کــاتژمێری خایانــد، تیایــدا لە پێداویستییەکانی پارێزگاکەیان کۆڵییەوە، بەڵێنی جێبەجێکردنیان لەکاتێکی نزیکـدا دا. پاشـان لێژنەکە سەردانی بارەگای پارتی دیموکراتی کوردستانی لە دهۆک کرد. لەلایەن ئەندامانییەوە پێشـوازی گەرمیـان لێکـرا. پاشـان سـەعدون غێـدان و ئەنـدامانی لێـژنەکە، سـەردانی فەرمانگەکانی شـارەکەیان کـرد و لە پێداویسـتییەکانیان کـۆڵییەوە. دواتـر سـەردانی بارەگـای هەرەوەزی میللییـان کـرد، کە خەریکـی فراوانکردنـی ڕێگـای نێـوان دهـۆک-ئامێـدیین، بە درێژایی ٢٠٠ کیلۆمەتر. پاشان لێژنەکە گەڕایەوە شاری موسڵ، بەڕێـز نـافیز جەلالـیش بەرەو گەلاڵە بەڕێکەوت"[١].

---

عەبدولڕەحمان عارفدا. بەشداری کودەتای ١٧ی تەممووزی ١٩٦٨ی کـردووە. کاتێـک سـەدام حوسێن لە تەممووزی ساڵی ١٩٧٩ بووەتە سەرکۆمار، غێدان بـووەتە جێگـری سـەرۆکی ئەنجـوومەنی سـەرکردایەتی شۆڕش. تا ساڵی ١٩٨٢ بەردەوام بووە. کتب سعدون غيدان - مكتبة نور(noor-book.com)

(١) الثورة، ع(٥١٤)، ١٩٧٠/٥/٥.

لەلایەکی دیکەوە ساڵح یوسفی وەزیری دەوڵەتیش سەردانێکی ناوچە جیاوازەکانی کوردستانی کردووە، لەگەڵ دانیشتووانی ئەو ناوچانە کۆبووەتەوە، دەربارەی دوا پێشهاتەکانی عێراق و ڕێککەوتننامەی ئادار، وتاری بۆ داون. ڕۆژنامەی (الثورة) هەواڵی سەردانەکانی یوسفی بۆ کوردستان، لە چەند ژمارەیەکدا، بڵاوکردووەتەوە. لە ژمارەی ڕۆژی ٧ی ئایاری ساڵی ١٩٧٠ سەردانی یوسفی بۆ پارێزگای سلێمانی بڵاوکردووەتەوە، کە تیایدا هاتووە:

"ساڵح یوسفی وەزیری دەوڵەت، بە یاوەری پارێزگار و فەرماندەی تیپی پێنجی سوپای عێراق، سەردانی شاری سلێمانی کرد، لە سەردانەکەیدا، ناو شاری سلێمانی و قەزا و ناحیەکانی بەسەر کردەوە، ئەم سەردانەشی بەشێکە لەو سەردانانەی کە سەرجەم شار و قەزا و ناحیەکانی باکووری وڵات دەگرێتەوە، لەم نێوانەدا چەند پڕۆژەیەکیان لە قەزای ڕانیە بەسەر کردەوە، وەک پڕۆژەی ئاوی سەروچاوە. پاشان چوونە ناحیەی سەنگەسەر و بیری ئیرتیوازییان بەسەرکردەوە، پاشان چوونە پێنجوین، لەوێش لەلایەن جەماوەرەوە پێشوازییان لێکرا. لە وتارێکدا جەختی لەسەر هەماهەنگی نێوان حزبی بەعس و پارتی دیموکراتی کوردستان کردەوە. پاشان پارێزگاری سلێمانی وتارێکی پێشکەش کرد، تیایدا ئاماژەی بەوە کرد، کە هێزەکانی پێشمەرگە لە تەک سوپای عێراق بەشداری شەڕی فەڵەستین دەکەن، پاشان ساڵح یوسفی، بڕێک پارەی بۆ ئەو قوتابیانە تەرخان کرد کە لە شار و شارۆچکەکانەوە سەردانیان دەکرد"[١].

لە ژمارەیەکی دیکەی هەمان ڕۆژنامەدا، باس لە سەردانەکەی وەزیری دەوڵەت بۆ بادینان و قەزای ئامێدی کراوە و نووسیویەتی:

"لە درێژەی سەردانەکەیدا، ساڵح یوسفی سەردانی قەزای ئامێدی کردووە، لە بەردەم باڵەخانەی قەزا، وتاری بۆ ئامادەبووان داوە، تیایدا ئاماژەی بە هەڵدانەوەی لاپەڕەیەکی تازە لە پەیوەندی نێوان هێزە نیشتیمانییەکاندا کردووە. پاشان ئاماژەی بە جێبەجێکردنی بەندەکانی ڕێککەوتننامەی ١١ی ئادار کردووە. بەتایبەت لە نێوان هەردوو حزبی بەعس و پارتی دیموکراتی کوردستان. هەر لەم سەردانەیدا نەخۆشخانەی کۆماری و ژمارەیەک

(١) الثورة، ع(٥١٦)، ١٩٧٠/٥/٧.

داموودەزگاکانی شارەکەی بەسەر کردووەتەوە، ئەمەش دوای ئەوە دێت، کە بەڕێزیان قەزای زاخۆی بەسەرکردەوە و لە کەموکوڕی و داواکارییەکانی خەڵکی شارەکەی پێچایەوە"[١].

دواجاریش لە ژمارەی ڕۆژی ٢٠ی ئایاری ساڵی ١٩٧٠، لێدوانێکی ساڵح یوسفی بڵاوکردووەتەوە، کە سەبارەت بە ئەنجامدانی زنجیرە سەردانەکانی بۆ باکووری وڵات داویەتی و نووسیویەتی:

"ساڵح یوسفی وەزیری دەوڵەت، لێدوانێکی تایبەتی بۆ ڕۆژنامەی (الثورة) داوە، کە تیایدا دەربارەی سەردانەکەی بۆ باکووری وڵات و ئەنجامەکانی دواوە و تیایدا خۆشحاڵی خۆی، بەو سەردانانەیدا دەربڕیوە، بەتایبەت ئەو پێشوازییە گەرمەی لەلایەن جەماوەرەوە لێی کراوە کە ئاماژەیە بە ساڕێژبوونەوەی زامەکانی ڕابردوو. یوسفی ڕوونی کردەوە، ئەم سەردانە بۆ باکووری وڵات، بۆ لابردنی هەموو شوێنەواری مەینەتییەکانی ڕابردوو بوو، بۆ هاوبەشی ناوچە کوردییەکان بوو لە هەرەوەزیی میللی (عمل الشعبي)، بەتایبەت بەشداری هێزەکانی پێشمەرگە لەم هەڵمەتەدا، بە گیانێکی شۆڕشگێڕیی سەردەمییانە. پاشان بەڕێز ساڵح یوسفی وەزیری دەوڵەت، ڕایگەیاند، پێویستە دەوڵەت چاودێری توند بخاتە سەر پڕۆژەکان و سزا و پاداشت بۆ ئەو کەسانە دابنێت، کە پڕۆژەکان بەڕێوە دەبەن. دواتر ڕایگەیاند، ئێمە هەوڵماندا گیانی هاوکاری زیاتر لە نێو هاووڵاتییاندا بچەسپێنین، بوونی هاوکاری و متمانەی قووڵ لە نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبی بەعس زۆر گرنگە.دواتر ڕایگەیاند، هاووڵاتییان بەم دیدارانە زۆر دڵخۆش بوون و داواکاری و پێشنیار و سکاڵای زۆریان پێشکەش کردین، بەتایبەت خەڵکی کەرکووک، داوایان کرد، ئەوە بە سەرکۆمار ڕابگەیەنین، کە بەڕێزیان بایەخی تایبەت بە ناوچەکانی باکوور بدات. لە کۆتاییدا ڕایگەیاند، ئەم سەردانە کورت و بە بەرهەم بوو، لە ماوەیەکی نزیکدا ئەنجامەکانی دەردەکەون"[٢].

هەروەها ڕۆژنامەکە لە ٢٨ی ئایاری ساڵی ١٩٧٠، ئەم هەواڵەشی بڵاوکردووەتەوە:

"لەو هەفتەیەدا، سێ وەزیر، بەرەو ناوچەکانی باکوور بەڕێدەکەون، بۆ مەبەستی جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی کشتوکاڵی، ئەوانیش هەریەک لە سەڵاح عومەر عەلی،

---

(١) الثورة، ع(٥٢٣)، ١٩٧٠/٥/١٥.

(٢) الثورة، ع(٥٢٦)، ١٩٧٠/٥/٢٠.

وەزیـری ڕۆشـنبیریی و عیـزەت ئەلـدوری[١] وەزیـری چاکسـازی کشـتوکاڵی و نـافیز جەلال وەزیـری کشـتوکاڵ بـوون. وەزیـری چاکسـازی کشـتوکاڵ ڕایگەیانـد، ئەوان لەو لێـژنەیە هەڵدەسـتن، بە دیـاریکردنی سـنووری موڵکـایەتی و ئەو مـافەی لەسـەریانە. هەروەهـا دابەشکردنی زەویی کشـتوکاڵی. بـۆ ئەم مەبەسـتە، نووسـینگەی تـایبەت، بـۆ بەدواداچـوونی جێبەجێکردنی یاساکە، لە پارێزگاکانی باکوور دەکەنەوە"[٢].

ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشیش، هەر لە مانگی ئایاردا چەند بڕیارێکی بە مەبەسـتی جێبەجێکردنی بەندەکانی ڕێککەوتننامەی ئادار دەرکردووە. وەک بڕیارنامەی ژمارە (٥٧٩) لە ٢٥ی ئاداری ساڵی ١٩٧٠، کە تیایدا هاتووە:

"ئەنجوومەنی سـەرکردایەتی شـۆڕش، بە پشتبەسـتن بە بـڕگەی هەشـتەمی بەنـدی چـل و چوارەمی هەموارکراو لە دەستووری کاتی، لە کۆبـوونەوەی ڕۆژی ٢٥ی ئایـاری سـاڵی ١٩٧٠ ، بڕیاریدا:

١. لەو مـاوەیەدا، ئەو کەسـانەی پەیوەنـدییان بە جـووڵانەوەی کـوردی کـردووە، لە هەردوو بواری سەربازی و مەدەنی بە خزمەت بۆیان هەژمار دەکرێـت، لەمەشـدا دەتـوانن سـوود لە خانەنشینبوون و پلەبەرزکردنەوە وەربگرن.

٢. ئەوانەی بڕگەی (١) لەسەرەوە دەیـانگرێتەوە، دەتـوانن مامەڵەکانیـان لە مـاوەی سـاڵێکدا پێشکەش بکەن[٣].

لە مانگی حوزەیرانیشدا، یاسای پارێزگاکـانی هەرێـم لەلایەن ئەنجـوومەنی سـەرکردایەتی شۆڕش ڕاگەیەندرا، بڵاوکراوەی (وزارة الداخلیة في عـامین)، دەقـی کۆبـوونەوەکەی وەزارەتـی

(١) عیزەت ئیبراهـیم خەلیـل ئەلـدووری (١٩٤٢/دۆرە-٢٠٢٠)، سـاڵی ١٩٦٣ بەشـی کشـتوکاڵی لە زانکـۆی بەغدا تەواوکردوو. هێشتا قوتابی بوو لە شاری سامەڕا، پەیوەنـدی بە حیزبـی بەعسـەوە کـرد و بەردەوام بوو لە چالاکی و کاری نهێنی بۆ حیزب تا بوو بە کەسایەتی سێیەمی حیزب. دوای لەشکرکێشی عێراق بـۆ سەر کوەیت پلەی داواکاری گشتی بۆ فەرماندەی هێزە چەکدارەکان پـێ سـپێردراوە. وەزیـری چاکسـازی کشتوکاڵی و وەزیری ناوخۆ بووە. لە سەرەتای سەرهەڵدانی شۆڕشی ١٧ی تەمـووزی سـاڵی ١٩٦٨، تـا ئەو ڕۆژەی سەدام حوسێن دەستگیرکرا، کەسێکی نزیک و باوەڕپێکراوی سەدام بوو. مـن هـو عـزت الـدوري؟ (albayan.ae)

(٢) الثورة، ع(٥٣٣)، ١٩٧٠/٥/٢٨.

(٣) الجمهوریة العراقیة، القرارات العامة ...، م١، ص٦٠٢.

ناوخۆی گواستووەتەوە، کە تیایدا ئاماژە بە میکانیزمی جێبەجێکردنی یاسای پارێزگاکان کراوە و نووسیویەتی:

"وەزارەتی ناوخۆ، یەکەم کۆنگرەی پارێزگارەکانی لە سەردەمی شۆڕشی پیرۆزدا، گرێدا. لە هەردوو ڕۆژی شەممە و یەکشەممەی ڕێکەوتی ٨ و ٩ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٧٠، پاش پرس و ڕاوێژ بە هەندێک لە پارێزگارەکان سەبارەت بە بڕیارەکانی یاسای پارێزگاکان، لەسەر هەندێک پرس گفتوگۆیان کرد، کە پەیوەندییان بە وەزارەتەوە هەیە و توانیمان چارەسەری خێرایان بۆ بدۆزینەوە. کۆنگرەکە بە سەرۆکایەتی سەعدوون غێدان وەزیری ناوخۆ و ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بەڕێوەچوو. بە وتارێک دەستیپێکرد، لەو بڕگەیەی پەیوەندی بە کوردەوە هەیە، گوتی: بەڕێزان ئەم یاسایە کە حکوومەتی شۆڕش دایڕشتووە، لە نیازێکی دڵسۆزانەوە بۆ ئەو گەلە هەڵقوڵاوە، بەبێ جیاوازی و دووبەرەکی. ئەمەش پێ دداگیری حکوومەتە نیشتیمانییەکەمانە، بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد و بڵاوکردنەوەی خۆشەویستی و چاکەکاری لە باکووری ئازیزمان. ئێمە لە کۆنگرەکەمان پەیامی ئاشتیمان ڕاگەیاندووە و پابەندین بە یەکێتی نیشتیمانی، لە سۆنگەی جێبەجێکردنی ئامانجەکانمان"[1].

هەر هەمان بڵاوکراوە، دەربارەی بەجێگەیاندنی چەند پڕۆژەیەک لە پارێزگای هەولێر، کە بە هاوکاری چەند تیمێکی پێشمەرگە و سوپای عێراق، لە شێوەی گەلەکاری (عمل الشعبي) ئەنجام دراون، وتارێکی پارێزگاری هەولێری[2] داناوە، کە تیایدا هاتووە:

"ئەم ئامارانەی خوارەوە بۆ خوێنەری بەڕێز دەخەینەڕوو، بۆئەوەی ئاگاداری دەستکەوتەکانی شۆڕشی حەڤدەی تەممووز لە بوارەکانی ئاوەدانکردنەوە و بنیاتنان بن، سەرەڕای ئەو هەلومەرجەی کە پێش ڕێککەوتننامەی ١١ی ئاداری مەزن دەوری پارێزگاکەمانی دابوو، بەڵام ئێستا دەتوانین بە شانازییەوە بڵێین، ئەو دەستکەوتە گرنگانەی کە دوای ڕێککەوتننامەی ١١ی ئادار بەدەست هاتوون، بەڵگەی زانستی ئیرادەی گەنجانەی شۆڕشەکەمانە بۆ خزمەتکردنی جەماوەرە زەحمەتکێشەکەمان. بۆ نموونە کارگەیەک بۆ دروستکردنی فەرش، لەسەر ڕووبەری ٢٨٠٠ مەتر چوارگۆشە، کە هەمووی لە کۆنکرێت و

(١) جمهورية العراق، وزارة الداخلية، وزارة الداخلية في عامين، دار الجمهورية، بغداد، ١٩٧، ص١٤.

(٢) پارێزگاری ئەوسای هەولێر خالید عەبدولحەلیم بوو، ماوەیەک دوای ئەوە، عەبدولوەهاب ئەترووشی لە شوێنی ئەودا بووە پارێزگار.

خشتە، تەنیا لە ماوەی (٤٥) ڕۆژدا و بە تێچووی (١٥) پانزە هەزار دینار، دروست کراوە. ئەگەر ئێمە کارەکەمان لە ڕێگەی گرێبەستەوە بە ئەنجام بگەیاندبایە، تێچووەکەی لە سەد هەزار دینار زیاتر دەبوو و لانی کەم ساڵ و نیوێک زیاتری دەخایاند، ئەمەش گەورەترین خزمەتە بە جەماوەری کرێکاری ئێمە و بە بەرهەمی نیشتیمانیمان، کە لەم ماوەیە کورتەدا، لە دوای ڕێککەوتننامەی مێژوویی مانگی ئادارەوە سەد و بیست دامەزراوەی گەشتیاری نوێ دروستکراون و هەموو دامەزراوە گەشتیارییەکانی پێشوو بە هەوڵی جەماوەر و لەلایەن هێزەکانی سوپای ئازامان دروستکراون، هەروەها تواندراوە، تۆڕی کارەبا بە درێژی ٢٨٠ کم ڕابکێشن، بەمەش بۆ یەکەمجار ڕووناکی گەیشتووەتە زۆربەی ناوچە و گوندەکان، کە جەماوەر و هێزەکانی سوپا بەشدارییان کرد لە دانانی هەموو ستوونەکانی کارەبا، بەسە بڵێین، بۆ یەکەمجار لە ژیانی کۆماری عێراقمان ئۆتۆمبێل گەیشتە ناحیەی برادۆست[1]، کە کەوتووەتە نزیک وڵاتانی دراوسێمان لە تورکیا و ئێران. هەر لە درێژەی هەڵمەتەکانی چالاکی جەماوەری، کەرتی کشتوکاڵیش کاری لەسەر کراوە، بە هاوکاری سوپای دلێرمان و پێشمەرگەکان. لەکاتێکدا ئاهەنگی دووەمینساڵیادی شۆڕشی تەمموز دەگێڕین، بە پێویستمان زانی خوێنەری بەڕێز لە قۆڵایی دەستکەوتەکانی شۆڕشی حەڤدەی تەمموز ئاگادار بکەینەوە. هەروەها باس لە دەستکەوتێکی گەورەتر و هەمەلایەنتر بکەین، دەستکەوتێکی کۆمەڵایەتی، کە بیروباوەڕی شۆڕشەکەمانە، ئەم دەستکەوتە بە بڕوای ئێمە، لە گەورەترینی هەموو دەستکەوتەکانیترە، ئەویش ڕێزگرتنە لە مرۆڤایەتی، یەکسانی هاووڵاتییان. دەسەڵات ئەمانەی وەک ئەرکێکی کۆمەڵایەتی بۆ خزمەتکردنی جەماوەر بەکارهێناوە، کە خۆی لە چەسپاندنی چەمکەکانی ئازادی و دیموکراسی دەبینێتەوە، کە لە ماناکانیدا لەلایەن سیمپۆزیۆمە جەماوەرییەکانەوە، ڕێکخراوە سەندیکاییەکان، کۆمەڵە کشتوکاڵییەکان و هاوکارییەکان و وەرگرتنی سۆسیالیزمی زانستی بەرجەستە کرابوون. ئەمە وێڕای دەستەبەرکردنی ئاسایشی هاووڵاتییان بە تەنگپێهەڵچنینی تاوانباران و پاراستنی ماڵەکانیان لە دز و سەرپێچیکاران، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ باڵادەستی یاسا بەسەر

(١) برادۆست ناوی هۆز و دوو دەڤەرە، یەکیان لە باشووری کوردستان و سەر بە پارێزگای هەولێرە و مەڵبەندەکەی سیدەکانە. دەڤەرەکەی تر لەپارێزگای ورمێ ی سەر بە پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژهەڵاتە، بە سۆما برادۆست دەناسرێت. بەپێی ئاماری دانیشتووانی عێراق، لە ساڵی ١٩٤٧ دا، قەزای ڕەواندز، ناحیەکانی (باڵەك) و (دێرەحەریر) و (برادۆست)ی لەخۆ گرتبوو. تێکڕای ژمارەی دانیشتووانی ناحیەی برادۆست ٤١٥٨ کەس بووە. هەروەها ناحیەی مێرگەسۆریشی پێ گوتراوە.

هەمووواندا. بۆئەوەی دەستپێشخەری داهێنەرانە بۆ خزمەتکردنی هەموو جەماوەرەکەمان بکەین، ڕێگەمان پێدراوە هەندێک کار ئەنجام بدەین، تا پێکهاتەی کۆمەڵایەتی بگەڕێنینەوە بۆ سەردەمی پێشووی خۆی، بە گەڕاندنەوەی کۆچبەران بۆ گوند و ماڵەکانیان و پێدانی ماف بە هەمووان لەپێناو دروستکردنی کۆمەڵگایەکی سەقامگیر و بەرهەمدار و چەسپاندنی مانای مرۆڤانەی چەمکەکە لە ناسیۆنالیزمی پێشکەوتنخواز دوور لە شۆڤێنیزم و بۆ جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەی ئاداری مەزن، بۆ چەسپاندن و بڕینی ڕێگاکان لەسەر دزەکاران، لە پێناو پتەوکردنی هاوپەیمانی نێوان حزبی ڕێبەرمان، حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتیراکی و حزبی دۆستمان، پارتی دیموکراتی کوردستان و ئێمەش لە هەموو هەنگاوەکانماندا، ڕێنماییەکانی سەرۆکە قارەمان و تێکۆشەرەکەمان، کاک ئەحمەد حەسەن بەکر جێبەجێ دەکەین"[١].

دەربارەی چارەنووسی هێزەکانی پێشمەرگە، ڕۆژنامەی (هاوکاری)[٢]، لە ژمارەی یەکی ئابی ساڵی ١٩٧٠، بڵاوی کردووەتەوە، ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە عێراق، بڕیاری داوە، لەسەر جێبەجێکردنی یاسای پاسەوانانی سنوور، کە زیاتر لە هێزەکانی پێشمەرگە پێک دێت، مووچەیان لەلایەن حکوومەتەوە پێ دەدرێت، هەمان یاسای پۆلیسی وڵات دەیانگرێتەوە[٣].

(١) المصدر نفسه، ص٤٣.

(٢) هاوکاری، ژ(٣٠)، ١٩٧٠/٨/١.

(٣) ڕۆژنامەی هاوکاری، ڕۆژنامەیەکی هەفتانەی گشتی بوو، یەکەم ژمارەی لە ڕێکەوتی (١٩٧٠/١/٩) دا دەرچووە، لە سەری نووسراوە: "دەزگای گشتی چاپەمەنی و بڵاوکردنەوەی کوردی، دەریدەکا". لە ژمارە (١٠)یەوە تەنها نووسراوە (دەزگای گشتی چاپەمەنی و بڵاوکردنەوە) دەریدەکا، لە سەر بەرگی ژمارە (٢٢)ی ساڵی دووەم (١٩٧١/٦/٢٦) دا نووسراوە: "دار الجماهير دەریدەکا". لە ژمارە (٢٢٥)یەوە لە ڕێکەوتی (١٩٧٤/٧/٥) دا، خراوەتە سەر (دەزگای هاوکاری) و لەسەری نووسراوە: "دەزگای هاوکاری بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، دەریدەکات". ڕۆژنامەی هاوکاری، لەو ساڵانەدا، بووەتە سەرچاوەی گەشەسەندن و ڕۆڵێکی کاریگەرانەشی لە بزاڤی ڕۆشنبیریی و ئەدەبی کوردیدا، گێڕاوە. تەنانەت توانیویەتی گەلێك لە قوتابییانی کورد، پێ بگەیەنێت. لە ژمارە (١-٨)ی لە جێگەی سەرنووسەر، ناوی مونذر عرێم نووسراوە. لە ژمارە (٩)یەوە، ناوی سەربەست بامەڕنی، لە جیاتی سەرنووسەر، نووسراوە. لە ژمارە (١٣)یەوە، ناوی کەسی لەسەر نەنووسراوە. بەڵام، لە نێوان ساڵانی (١٩٧١-١٩٧٤)دا، خراوەتە سەر (دەزگای هاوکاری)، لەلایەن حیلمی عەلی شەریفەوە، سەرپەرشتی کراوە، بێ ئەوەی ناوی لەسەر بنووسرێت. هۆشەنگ ساڵح نەجار، بزاڤی ڕۆشنبیریی کوردی، ل٢٧١.

هەر سەبارەت بە چالاکییەکانی لێژنەی ئاشتی، ڕۆژنامەی (الجمهورية) لە ژمارەی ڕۆژی ٨ی ئابی ساڵی ١٩٧٠ نووسیویەتی:

"لێژنەی ئاشتی بە سەرۆکایەتی مورتەزا حەدیسی ئەندامی سەرکردایەتی حزبی بەعس و وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی و بە ئەندامێتی سەعدوون غێدان وەزیری ناوخۆ و عەزیز شەریف[1] وەزیری داد، هەرسێ پارێزگاری هەولێر و سلێمانی و دهۆک، لە (هاوینەهەواری حاجی ئۆمەران)، لەگەڵ مستەفا بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان و ئیدریس و مەسعود بارزانی ئەندامانی لێژنەی مەرکەزی و دکتۆر مەحموود عوسمان ئەندامی مەکتەبی سیاسی کۆبوونەوە، بە مەبەستی بەدواداچوون بۆ جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەی ١١ی ئادار. ئەمەش دوای ئەوە دێت، کە لێژنەکە لە ئێوارەی دوێنێ، لە شارۆچکەی (سەڵاحەددین)ەوە گەیشتنە (حاجی ئۆمەران). لە (ناوپردان) لەلایەن مەحموود عوسمان[2] و ئیدریس و مەسعود و جەماوەری ناوچەکە پێشوازی گەرمیان لێکرا. دوای کۆبوونەوە، بە گەرمییەوە بەرەو سەڵاحەددین بەڕێخرانەوە. پەیامنێری (واع) ڕایگەیاند، لێژنەکە لە ڕێگای

---

(١) عەزیز شەریف عەبدولحەمید ئەلعانی (١٩٠٤/عانە-١٩٩٠/مۆسکۆ)، ئەندامی حزبی شیوعی عێراق بووە، دوای شۆڕشی ١٤ی تەممووزی ١٩٥٨، وەک سەرۆکی ئەنجوومەنی ئاشتی عێراق هەڵبژێردرا، لە ئەیلوولی ١٩٥٨ وەک ئەندامی یەدەگی کۆمیتەی ناوەندی حزبی شیوعی عێراق هەڵبژێردرا و تا ساڵی ١٩٦٣ لەم پۆستەدا مایەوە. ساڵی ١٩٦٠ خەڵاتی ئاشتی لینینی پێبەخشرا. دوای کودەتای ٨ی شوباتی ساڵی ١٩٦٣، پەیوەندی بە شۆڕشی ئەیلوولەوە کرد و لە ماڵێکی تەنیشت ماڵی مەلا مستەفا بارزانیدا دەژیا. لە ٣١ی کانوونی یەکەمی ١٩٦٩، پۆستی وەزیری دادی وەرگرت، لە ١ی ئابی ١٩٧١ و تا ساڵی ١٩٧٦، وەك وەزیری دەوڵەت دەستنیشانکرا، بەهۆی پەیوەندی باشی لەگەڵ مەلا مستەفا بارزانی، ڕۆڵی گرنگی لە ناوەندگیری نێوان حکوومەتی عێراق و سەرکردایەتی شۆڕشی کورددا گێڕا، کە لە ئەنجامدا بەیاننامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ی لێکەوتەوە. مەغدید حاجی، عەزیز شەریف و کورد، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٢، ل٢٠-٧٣.

(٢) مەحموود عەلی عوسمان ناسراو بە دکتۆر مەحموود عوسمان (سۆرانی)، سیاسەتکاری کوردی-عێراقی. ساڵی ١٩٣٨ لە پارێزگای سلێمانی لەدایکبووە. بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە کۆلێژی پزیشکی لە زانکۆی بەغدا بەدەستهێناوە. پاشان پەیوەندی بە پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کردووە و بووەتە کەسێکی نزیک لە مستەفا بارزانی، لە کاری پارتایەتیشدا، گەیشتووەتە ئەندامی مەکتەبی سیاسی. دوای ساڵی ١٩٧٥ پەیوەندی بە حزبی سۆشیالیستی دیموکراتی کوردستانەوە کردووە و لە ساڵی ١٩٨١، دوای تیرۆرکردنی ساڵح یوسفی، بووەتە سەرۆکی ئەو حزبە. تا ساڵی ١٩٩٢ بەردەوام بووە، پاشان وازی هێناوە، وەک سیاسەتکارێکی سەربەخۆ کاری کردووە. کوردیپیدیا - مەحمود عوسمان سۆرانی(kurdipedia.org)

گەڕانەوەیانـــدا، هەنـــدێک لە پڕۆژەکـــانی وەک ڕێگاوبـــان و کارەبـــا و خزمەتگـــوزاری سەیرانگاکانیان بەسەرکردووەتەوە"[١].

هەروەها ڕۆژنامەکە، لە ژمارەی ڕۆژی ١٢ی ئـابی سـاڵی ١٩٧٠، لێدوانێکی سـاڵح یوسـفی وەزیـری دەوڵەت، سـەبارەت بە بایەخـدانی حکـوومەتی عێراق ی بە ڕێککەوتننـامەی ئـادار بڵاوکردووەتەوە و لە لێدوانەکەدا هاتووە:

"هەنگاوەکانی جێبەجێکردنـی ڕێککەوتننـامەی ١١ی ئـادار، ڕێـڕەوی خـۆی بە شـێوەیەکی فەرمی وەرگرتووە، ئەمەش دەگەڕێـتەوە بـۆ تێگەیشـتنێکی قـوڵ، کە هەردوو لایەنـی حزبـی بەعس و پارتی دیموکراتی کوردسـتان، باوەڕیـان پێـی هەیە. هەروەهـا یوسـفی بـۆ ئاژانسـی هەواڵـی عێراق ی ڕایگەیانـد، پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان، پشـتگیری و پاڵپشـتی سیاسـەتی حکـوومەتی عێـراق، لەسـەر ئاسـتی وڵاتـانی عەرەبـی و جیهـانی دەکـات. ئەم هەڵوێسـتە ستراتیژییە، دەبێتە هۆی دژایەتیکردنی زایۆنیزم و ئیمپریالیزم. هەروەها وەزیر تیشکی خستە سەر پرۆسەی سەرژمێریکردنی دانیشتووان و گوتی: سەرکۆمار ئەحمەد حەسەن بەکر، لایەنە تایبەتمەنـدەکانی ڕاسـپاردووە، بە نـوێنەرایەتی هەردوو پـارتەکە، حزبـی بەعـس و پـارتی دیموکراتی کوردستان، بە هاوبەشی سەرپەرشتی پرۆسەی سەرژمێرییەکە بکەن و گـوتی: ئەم هەنگـاوە زۆر ئەرێنـیە و گیـانی یەکڕیـزی و برایەتیـی نێـوان هەردوو پـارتە هـاوپەیمانەکە بەهێزتر دەکات. پاشـان ڕایگەیانـد، سـەرکۆمار لە ڕووی کەرتـی تەندروسـتییەوە، بـایەخی بە بـاکوور داوە، هەروەهـا کـاری کـردووە بـۆ فراوانکردنـی زانکـۆی سـلێمانی و پاڵپشـتیکردنی ڕۆشنبیریی کوردی"[٢].

ڕۆژنامەی (الجمهورية)، هەر تەنیـا هەواڵ و لێـدوانی تـایبەت بە ڕێککەوتننـامەی ئـاداری بڵاونەکـردووەتەوە، بەڵکـو هەنـدێک هەواڵ و چـالاکی تـایبەت بە پـارتی دیمـوکراتی کوردستانیشی بڵاوکردووەتەوە. لە ژمارەی ڕۆژی ١٧ی ئابـدا، ڕاپـۆرتێکی دەربـارەی ئـاهەنگی ساڵیادی پارتی دیموکراتی کوردستانی ئامـادەکردووە، کە لە شـاری سـلێمانی ئەنجـام دراوە و نووسیویەتی:

"کـاتژمێر چـواری ئێـوارەی دوێنـێ، بەبـۆنەی ٢٤ەمـین سـاڵیادی دامەزرانـدنی پـارتی دیموکراتی کوردستان، ئـاهەنگێکی گەورە، لە شـاری سـلێمانی، بەڕێوەچـوو. لەم ئـاهەنگەدا،

(١) الجمهورية، ع(٨٣٣)، ١٩٧٠/٨/٨.

(٢) الجمهورية، ع(٨٣٦)، ١٩٧٠/٨/١٢.

پارێزگاری سلێمانی و فەرماندەی تیپی پێنجی سەربازی و ژمارەیەکی زۆر لە سەرۆک فەرمانگەکان و هاووڵاتییان ئامادە بوون. لە سەرەتای ئاهەنگەکەدا، ئامادەبووان خولەکێک بۆ گیانی شەهیدان وەستان، پاشان بەڕێز شەفیق ئەحمەد وتاری پارتی خوێندەوە و سوپاسی جەماوەرەکەی کرد بۆ ئامادەبوونیان لە ئاهەنگەکەدا و باسی لە ڕۆڵی پاڵەوانانەی پارتی و خەباتەکەی کرد، لەپێناو بەدیهێنانی حوکمی دیموکراسییانە لە عێراق و ئۆتۆنۆمی بۆ کورد لە چوارچێوەی عێراق دا. پاشان پارێزگاری سلێمانی وتارێکی پێشکەش کرد و گوتی: پارتی دیموکراتی کوردستان بە شێوەیەکی ڕاستەقینە لەگەڵ کێشەی گەلی عێراق، بە کورد و عەرەبەوە بووە و درکی بە پێویستی برایەتی نێوان هەردوو نەتەوە کردووە، بۆ تێکۆشانی هاوبەش دژی هێزی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستان. شۆڕشی هەڤدەی تەممووزی پێشکەوتووخواز، پێویستی یەکێتی خاک و گەلانی عێراق ی دووپات کردووەتەوە کە لە قۆناغەکانی پێشوودا نەتواندرابوو، دروست بێت. ئەمەش بەهۆی خراپ تێگەیشتن و نەبوونی ویستێکی ڕاستگۆیانە لە چارەسەرکردنی کێشەکە بووە. ئەمەش لەلایەن هێزی ئیمپریالیزم و نۆکەرانی وەک ئێران و ئیسرائیل، بە هەل زانراوە و هەمیشە ئاستەنگیان لە بەردەم برایەتی کورد و عەرەب دروست کردووە. پاشان ڕێکخراوە جەماوەرییەکانیش، هەریەکەیان وتاری خۆیان خوێندەوە و جەختیان لە برایەتی نێوان کورد و عەرەب کردەوە"[١].

لە ڕێکەوتی ٢٨ی ئابیشدا، ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی عێراق، بڕیارنامەی ژمارە (٩٨٩)ی بڵاوکردەوە، کە تایبەتە بە کاروباری پەروەردە و فێرکردن و شاندکردنی قوتابییانی کورد بۆ دەرەوەی وڵات و تیایدا هاتووە:

"پەلەکردن لە جێبەجێکردنی بەندی (ج/ماددەی ٣)، بە کردنەوەی ژمارەیەکی زۆرتری قوتابخانە لە ناوچە کوردییەکان و بەرزکردنەوەی ئاستی خوێندن و وەرگرتنی قوتابییانی کورد، لە زانکۆ و کۆلێژە سەربازییەکان، و شاندکردن و دابینکردنی زەمالەی خوێندن بە ڕێژەیەکی یەکسان بۆیان"[٢].

(١) الجمهورية، ع(٨٤٠)، ١٩٧٠/٨/١٦.

(٢) الجمهورية العراقية، القرارات العامة ...، م١، ص٦٠٢.

یەکێکی دیکە لە دەستکەوتەکانی ڕێککەوتننامەی ئادار، دامەزراندنی ڕێکخراوە ڕۆشنبیرییە کوردییەکانی وەک یەکێتی نووسەرانی کورد[1] و کۆمەڵەی ڕۆشنبیریی کوردی بوون[2]. هەردوو ڕێکخراو، لە ساڵی ١٩٧٠ مۆڵەتی کارکردنیان پێدرا و کۆنگرەی دامەزراندنیان هەر لەو ساڵەدا گرێداوە.

سەبارەت بە کۆڕی زانیاری کورد[3]، دوای ڕێککەوتننامەی ئاداری ساڵی ١٩٧٠، لە ئەنجامی چەند کۆبوونەوەیەك لە بەشی کوردیی کۆلێژی ئادابدا، بە بەشداری ژمارەیەك مامۆستا و

(١) لە ئێوارەی ڕۆژی ١٩٧٠/٦/٢٣، یەکەم کۆنگرەی یەکێتی نووسەران، لە هۆڵی (خلود)ی شاری بەغدا بەڕێوەچوو. سەرەتای کۆنگرەکە، بە وتاری سەرۆکایەتی کۆمار و وتاری مستەفا بارزانی (کە لەلایەن دارا تۆفیق خوێندرایەوە)، دەستپێکرد. دواتر پیرۆزبایی لایەنەکان، خوێندرایەوە، پاشان، چەند لێژنەیەك بۆ کاروباری ڕۆشنبیریی پێکهێندرا و دواتر گفتوگۆی پەیڕەو و پڕۆگرامی یەکێتییەکە کرا. ئینجا، هەڵبژاردنی دەستەی بەڕێوەبردن، ئەنجام درا. لە هەڵبژاردنەکەدا، دەستەیەکی (١٧) کەسی دەرچوون، ئەم دەستەیە، لە ڕێکەوتی (٢٥ی حوزەیرانی ١٩٧٠) دا، کۆبوونەوە و دەستەی بەڕێوەبردنیان هەڵبژارد. بەمەش تاساڵی ١٩٧٤ هەڵبژاردنەکانی دەستەی بەڕێوەبردنی یەکێتییەکە (جگە لە ساڵی ١٩٧٣) بەردەوام بووە. لە خوولی یەکەمدا، هەژار موکریانییان وەک سەرۆکی یەکێتیەکە هەڵبژاردووە، لە خوولەکانی دواتریشدا ساڵح یووسفی بووەتە سەرۆکی یەکێتییەکە. هۆشەنگ ساڵح نەجاڕ، بزاڤی ڕۆشنبیریی کوردی، ل١٢٦.

(٢) دوای پێشکەشکردنی داواکاری، لە ڕێکەوتی (١٩٧٠/٦/١٩) دا، مۆڵەتی دامەزراندنی کۆمەڵەی ڕۆشنبیریی کوردی لە وەزارەتی ناوخۆ وەرگیراوە لە ئێوارەی ڕۆژی ١٩٧٠/١٠/٢٢ دا، لە نێو باخچەی کۆمەڵەدا، بە ئامادەبوونی (١٧٥) ئەندامی کۆمەڵە، یەکەم هەڵبژاردنی دەستەی بەڕێوەبردن بەڕێوەچوو. لەم هەڵبژاردنەدا، چەند کەسێک بۆ ئەندامێتی دەستەکە، دەرچوون. تا ساڵی ١٩٧٥ چەند هەڵبژاردنێکی دیکە بۆ هەڵبژاردنی دەستەی بەڕێوەبردنی کۆمەڵە بەڕێوەچووە. بەمەش کۆمەڵە، بەردەوام بوو، لە چالاکی و کارکردن، بەڵام زیاتر بە ئاراستەی ئامانجەکانی حزبی بەعس، کاری دەکرد (کە ئەوکاتە لەگەڵ حزبی شیوعی و پارتە کوردییەکانی بەغدا لە یەك بەرەدا بوون). کۆمەڵە لە ماوەی چوار ساڵی تەمەنیدا (١٩٧٠-١٩٧٤)، توانی لق لە شارەکانی کوردستان (هەولێر و کەرکووك و سلێمانی)دا بکاتەوە. هەر لقێکیش لەوانە، کار و چالاکیی ڕۆشنبیریی و هونەری تایبەت بە خۆت ئەنجام دەدا، بڵاوکراوەی تایبەت بە لقەکەی دەرکرد. هەمان سەرچاوە، ل١٣٣.

(٣) سەبارەت بە ناونانی (کۆڕی زانیاریی کورد)، ڕاستەوخۆ لە عەرەبییەکە، واتە (مجمع علمي)یەوە وەرگیرابوو. بەڵام وشەی زانیاری (معلومات)، لە جیاتی وشەی زانست (علم)، بەکارهێندراوە. تەنانەت لە بڕیاری ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش (١٩٦٨) دا، هەر بەم ناوە دەرچووە. ئەم بابەتە، دواتر مشتومڕی لە نێوان ڕۆشنبیرانی کورد لێکەوتەوە. چەند ڕایەك لەو بارەیەوە خرانە ڕوو، یەکێك لەوانە، پێی باش بوو، دەزگاکە ناوبنرێ (ئەکادیمییای کوردی). ئەم ڕایە لەسەرەتادا شوێنی خۆی گرت، تەنانەت هەر بەو ناوەش پێشکەش بە وەزارەتی کاروباری باکوور کرا، بەڵام دواتر ئەمە ڕەت کراوەیەوە. هەندێ ڕای

ڕۆشنبیریی دیاری کورد، کە نوێنەرانی سەرکردایەتی شۆڕشی کوردیشی تێدابوو، ئامادەکاری بۆ کارەکانی دامەزراندنی کۆڕی زانیاری کورد کراو. دواتر دەستەیەکیان بۆ ئامادەکردنی دەستووری کۆڕەکە هەڵبژارد. ئەندامانی دەستەکە، پوختەیەکی بژارکراوی یاسای کۆڕی زانیاری کوردییان پێشکەش بە (وەزارەتی کاروباری باکوور) کرد[١].

ڕۆژنامەی (الوقائع العراقیة) لە ژمارەی ڕۆژی ٨ی ئەیلوولی ساڵی ١٩٧٠ دا، پوختەکەی بڵاوکردووەتەوە، تیایدا هاتووە:

أ. ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی لە عێراق، لە پێناو پەرەپێدانی ئاستی زانستیدا.

ب. پارێزگاری لە زمانی کوردی و کارکردن بۆ پێشخستن و گەشەپێدانی، بەپێی پێداویستی زانستی و ئەدەبی و هونەری.

ج. زیندووکردنەوەی کەلەپووری کوردی و ئیسلامی لە بوارەکانی زانست و ئەدەب و هونەردا.

د. بایەخدان بە مێژووی عێراق و شارستانییەتەکەی بە شێوەیەکی گشتی و ناوچە کوردییەکان بە شێوەیەکی تایبەتی.

هـ. بڵاوکردنەوەی توێژینەوەی زانستی ڕەسەن و هاندانی کاری وەرگێڕان و دانان لە بوارەکانی زانست و ئەدەب و هونەردا.

لە مادەی چوارەمیشدا ئەم خاڵانەی خوارەوە هاتوون:

آ. دانانی فەرهەنگی زمانەوانی.

ب. دەرکردنی گۆڤار و ڕۆژنامە.

ج. بڵاوکردنەوەی گۆڤار و ڕۆژنامە و دەقە کۆنەکان.

---

دیکەش لەو بارەیەوە هەبوو، وەك (ئەنجوومەنی زانستیی کوردی)، کە ئەمە ڕای تایبەتی نووسەر و ڕۆشنبیری کورد تۆفیق وەهبی بوو، پێی وابوو، ئەم ناوە، لە بەرامبەر ناوە عەرەبییەکەدا، گونجاوترە. بەڵام ئەندامانی کۆڕ پێیان وابوو، وشەی ئەنجوومەن، بەرامبەر بە وشەی (مجلس)ی عەرەبییە، بۆیە ختوویانەتە دواوە و دواجار ناوەکەی کراوەتەوە کۆڕ. هەمان سەرچاوە، ل٨٧.

(١) ئەندامانی دەستەکە ئەمانە بوون: پاکیزە ڕەفیق حیلمی، مارف خەزنەدار، عەبدولڕەحمان هەژار، شێخ محەمەدی خاڵ، ناجی عەباس ئەحمەد، کامیل بەسیر، سادق بەهائەدین، ئیحسان فوئاد و حوسێن ڕەشوانی. سەعید ناکام، بیرەوەرییەکانی سەعید ناکام، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٣، ل١٥١.

د. پەیوەنـدی گـرتن بە کـۆڕی زانیـاری عێراقـی و کـۆڕ و دەزگـا زانسـتی و زمـانەوانی و ڕۆشنبیرییەکانی وڵاتانی عەرەبی.

هـ. بەخشینی خەڵات بە توێژەران و ئەدیبانی عێراق.

و. یارمەتیدانی توێژەر و وەرگێڕ و نووسەران.

ز. کاری وەرگێڕان و دانانی ئەو بابەتانەی کە کۆڕ دەستنیشانی دەکات.

ح. دانانی کتێبخانەی کۆڕ و گەشەپێدان و سەرپەرشتی چاپەمەنی تێیدا [١].

سەرەڕای ئەو پێشهاتانە، لە دۆخی سیاسی کـورد، لە دوای ڕێککەوتننـامەی ئـادار، کەچـی سەرکردایەتی سیاسی کورد، هێشتا بە گومانەوە دەیڕوانییە هەنگاوەکانی حزبی بەعـس، پێـی وابـوو، هێشـتا هەنگاوەکـان، بە ئاراسـتەی جێبەجێکردنـی بەنـدەکانی ڕێککەوتـنەکە وەک پێویست نین. خودی مستەفا بـارزانی، بۆچـوونی وابـوو، ئەمە هەنگـاوێکی تـاکتیکی حزبـی بەعسە، تەنیا بۆ سوودوەرگرتنە لەکات. بـۆ نموونە لە مـانگی ئـابی سـاڵی ١٩٧٠، لە درێـژەی هەوڵەکانی گەڕانەوەی باڵی پێشووی مەکتەبی سیاسی، بۆ ناو پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان، جەلال تاڵەبانی دوای پرس و ڕاوێژ بە هەڤاڵانی، سەردانی مستەفا بارزانی کرد، لەوێ مستەفا بارزانی پێی گوتووە: بارودۆخی کورد لە مەترسیدایە، ڕێککەوتننامەی ئادار تەڵەیەکە لەلایەن حکوومەتی بەعسەوە، بۆ جـووڵانەوەی کـورد نـراوەتەوە. بـۆیە پێویسـتە یەکبگـرین. حزبـی بەعس بەم یەکگرتنەوەیە نیگەران بوون، هەوڵیاندا درز بخەنە نێو ئەم پەیوەندییە، تەنـانەت بە سەرانی باڵەکەیان ڕاگەیاندبوو کە ئەم ڕێککەوتنە لەگەڵ کورد کاتیە [٢].

خاڵێکی دیـکە پەیوەنـدی بە دەسـتووری کـاتی عێـراقەوە هەیە کە لە مـانگی تەممـووزی ساڵی ١٩٧٠، لەلایەن ئەحمەد حەسەن بەکری سـەرکۆمارەوە، ڕاگەیەنـدرا و لە ژمـارەی ڕۆژی ١٧ی تەمموزی ساڵی ١٩٧٠ی ڕۆژنامەی (الوقائع العراقية) بڵاوکراوەتەوە. لە هەندێک خاڵی دەسـتوورەکەدا، ئامـاژەیەکی ڕوون هەیە، بەوەی کـورد وەک بەشـێک لە نەتەوەی عەرەب داندراوە و هاتووە:

بەندی یەکەم. ئامانجی سەرەکی کۆماری عێراق ئەوەیە، کە یەک وڵاتی یەکگرتـووی عەرەبـی دابمەزرێنێت.

---

(١) الوقائع العراقية، ع(١٩١٧)، ١٩٧٠/٩/٨.

(٢) فەرەیدوون عەبدولڕەحیم، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٢-١٠٤.

بەندی سێیەم/ ب. خاکی عێراق یەکەیەکی لێک دانەبڕاوە. لە هیچ بەشێکی دەست هەڵناگرێت.

بەندی پێنجەم/ أ. عێراق بەشێکە لە نەتەوەی عەرەب.

بەندی پێنجەم/ ب. میللەتی عێراق لە دوو گەلی سەرەکی پێکهاتووە. گەلی عەرەب و کورد، ئەم دەستوورە، دان بە مافەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی یەکێتی خاکی عێراق دەنێت.

بەندی حەفتەم/ ب. زمانی کوردی لە ناوچە کوردییەکاندا، لە پاڵ زمانی عەرەبی زمانی فەرمییە[١].

ئەمەش بە ئاشکرا لە لێدوانی هەندێک بەرپرسانی بەعسەوە، مورتەزا حەدیسی ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە لێدوانێکیدا ڕایگەیاندووە، کە دەستووری کاتی عێراق لە دواڕۆژدا، دان بەوەدا دەنێت کە عێراق بەشێکە لە نەتەوەی عەرەب و گەلی عێراقیش بە کورد و عەرەبییەوە، بەشێکن لە نەتەوەی عەرەب[٢].

یەکێکی دیکە لە هۆکارەکانی دڵنیانەبوون لە هەڵوێستەکانی بەعس، هەوڵی تیرۆرکردن و ڕفاندنی سەرکردەکانی کورد بوو. وەک هەوڵی تیرۆرکردنی ئیدریس بارزانی، لە شەوی ٧/٦ ی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٧٠، لە بەردەم ئەو هۆتێلەی کە لێی دەمایەوە، لە هەموو لایەکەوە، ئۆتۆمبێلەکەی درایە بەر دەستڕێژی گوللە، خۆی لە ناو ئۆتۆمبێلەکە نەبوو، بەڵام یەکێک لە هاوەڵەکانی بە سەختی بریندار بوو[٣].

لە سەرەتای ساڵی ١٩٧١ و لە مانگی کانوونی دووەم، ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش، بڕیاری ژمارە (١٤٦)ی بڵاوکردەوە، بڕیارەکە سەبارەت بە بابەتی پێشمەرگە بوو، وەک دامەزراندن و بڕینەوەی مووچە بۆیان، لە بڕیارەکەدا هاتووە:

بە پشتبەستن بە بڕگەی (١)ی مادەی ٤٢ی دەستووری کاتیی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش، لە دانیشتنی خۆیدا، کە لە ڕێکەوتی ١٩٧١/١/٢٤ بەڕێوەچوو، ئەم بڕیارەی دا:

---

(١) الوقائع العراقية، ع(١٩٠٠)، ١٩٧٠/٧/١٧.

(٢) جەمال نەبەز، جەمال نەبەز، کوردستان و شۆڕشەکەی، ل٢١٤.

(٣) فەرەیدوون عەبدولڕەحیم، سەرچاوەی پێشوو، ل٢١١.

١. بەخشینی دەرماڵەیەکی مانگانەی جێگیر بۆ بەشداربووانی بزووتنەوەی کوردی (پێشمەرگە) کە هیچ سەرچاوەیەکی بژێوییان نییە، بە بڕی ١٠ دینار بۆ هەر یەکێکیان.

٢. ئەولەویەت دەدرێت بە دامەزراندنیان لە فەرمانگەکانی دەوڵەت و هەروەها سوودوەرگرتن لێیان لە پڕۆژە کشتوکاڵییە حکوومییەکان، بۆ ئەوانەی کە بڕگەکانی بڕگەی (١) دەیانگرێتەوە.

٣. ڕاگرتنی ئەو دەرماڵانەی کە بەپێی بڕگەی (١)ی ئەم بڕیارنامەیە دراون، بۆ ئەو کەسانەی سوودمەندن لە بڕگەی (٢)ی ئەم بڕیارە.

٤. هەموو ئەوانەی کە بەندەکانی ئەم بڕیارە دەیانگرێتەوە، دەبێت کاتژمێر ١٠ی بەیانی، ڕێکەوتی ١٩٧٠/١/٣٠ لە یاریگای ئیدارەی محەلیی شاری هەولێر، ئامادەبن.

ئەگەر لە ناوەڕۆکی ئەو بڕیارە ورد بینەوە، بۆمان دەردەکەوێت حکوومەتی عێراق، هەوڵیداوە، یەکەکانی پێشمەرگە هەڵوەشێنێتەوە، بیانکاتە فەرمانبەر لە فەرمانگە سەربازی و مەدەنییەکان، بۆ ئەم مەبەستە، خراپی بژێوی ژیانی پێشمەرگەی بە هەل وەرگرتبوو، بڕینەوەی مووچەی کردبووە ئامرازی جڵەوکێشکردنیان و دوورخستنەوەیان لە شۆڕشی کورد. زۆربەی ئەو پێشمەرگانەی بە تەنگ ئەو بڕیارەی حکوومەتی عێراقییەوە دەچوون، دوای دامەزراندنیان، لە ناوچەکانی باشوور و ناوەڕاستی عێراق، دەخرانە سەر کارەکانیان، شەوکەت مەلا ئیسماعیل لەو بارەیەوە دەڵێت: "بە گوێرەی ڕێککەوتننامەی ١١ ئادار، بۆ مووچەخۆر و فەرمانبەران ساڵانی پێشمەرگایەتیش بە خزمەت لە قەڵەم درا، لە دوای ١١ی ئادارەوە، بە ماوەی چەند مانگێك، بەڕێوەبەرایەتی پۆلیس لە بەغداوە داوای کرد ئەو فسەرە پۆلیسانەی لەگەڵ شۆڕشدان بچن بۆ بەغدا و ئامادەی تاقیکردنەوە بن، بۆ بەرزکردنەوەی ئاست (ترفیع)، ئەوەی سەرکەوتوو نەبێت چوارساڵ بەرزکردنەوەی دوائەکەوێت، لە ئەنجامی تاقیکردنەوەکەدا، من و برادەرەکانم سەرکەوتنمان بەدەستهێنا. وەزیری ناوخۆ ویستی من و ڕائیدی پۆلیس (حەمەی سەید عەلی) دابنێت بە بەڕێوەبەری پۆلیس، لە پارێزگاکانی خوارووی عێراق، هەروەکو چۆن هەندێک کوردی دیکە دانرابوون بە فەرمانبەر لە ناوەڕاستی عێراق دا. کاتێکیان بۆ دیاری کردین، بۆ ئێوارە لە وەزارەت چاوی پێمان بکەوێت، من و حەمەی سەید عەلی لە کاتی دیاریکراودا چووین، پێیان ڕاگەیاندین لە تاقیکردنەوەکەدا سەرکەوتوو بووین و ئەیانەوێت لە خوارووی عێراق دامانبمەزرێنن. پرسیاریان لێ کردین وتیان: ڕاتان چییە؟ وتمان: ئەبێ بگەڕێینەوە بۆ گەلالە دوایی خۆمان دێینەوە، یان ئاگادارتان دەکەینەوە. گەڕامەوە بۆ بارەگای بارزانی و ئەم پێشنیارەی وەزیری

ناوخۆمان بە ئیدریس بارزانی ڕاگەیاند، ئەوکاتە لێپرسراوی هەموو کاروبارێکی بیرۆی سەربازی بوو (مكتب عسكري)، فەرمووی: وەزیفەی میری لە ناوەڕاست و خوارووی عێراق قبووڵ مەکەن. ئەمە ڕای بارزانیش بوو، ئێمەش لەسەر فەرمانی ئەوان نەچووینەوە بەلایدا، دڵنیابووم ناوی من لای میری چووەتە لیستەی ڕەشەوە"[١].

لە ئاداری ساڵی ١٩٧٠، کە ساڵیادی ڕاگەیاندنی ڕێککەوتننامەی ئادار بوو، ڕۆژنامە عێراقییەکان، سەرنجی تایبەتییان خستووەتە سەر یادەکە و لەم سۆنگەیەشەوە، جارێکی دیکە لایان لە قسەکردن دەربارەی دۆزی کورد کردووەتەوە. ڕۆژنامەی (الجمهورية) لە ژمارەی ڕۆژی ١١ی ئاداری ساڵی ١٩٧١ لاپەڕەکانی ڕۆژنامەکەی، بۆ ئەو بابەتانە تەرخان کردووە. کە لێرەدا هەندێکیان دەخەینە ڕوو:

١. ڕۆژنامەکە بە مانشێتێکی گەورە نووسیویەتی (لە سایەی ئادار برایەتی کورد و عەرەب دەگەشێتەوە)، بەبۆنەی تێپەڕبوونی ساڵێک بەسەر دەرچوونی ڕێککەوتننامەی ئاداری مێژووییەوە، هاوڕێ شیبلی ئەلعەیسەمی[٢]، ئەمینداری گشتی حزبی بەعسی ئیشتیراکی، تایبەت بۆ (الجمهورية) لێدوانی دا، ڕایگەیاند، چارەسەری کێشەی کورد، بەهۆی ڕێککەوتنی ئادارەوە، بە یەکێک لە گەورەترین دەستکەوتەکانی شۆڕشی ١٧ی تەممووز دادەندرێت. ئەمەش بەڵگەیە لە سەر دڵسۆزی شۆڕش، لە هەمبەر چارەسەرکردنی کێشەی کورد.

٢. بەڕێز حەبیب محەمەد کەریم، سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردستان، بۆ ڕۆژنامەی (الجمهورية) ڕایگەیاند: حکوومەتی شۆڕشی ١٧ی تەممووز، چەند بەندێکی لە ڕێککەوتننامەی ١١ی ئادار جێبەجێ کردووە. ئەو ڕێککەوتنەی ڕێگری لە شەڕی براکوژی

---

(١) شەوکەت مەلا ئیسماعیل، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٨٩-٢٩٠.

(٢) شیبلی ئەلعەیسەمی (١٩٢٥/سوریا-٢٠١١)، سکرتێری گشتی پێشووی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست، لە ساڵی ١٩٤٧ بەشداری کۆنفرانسی دامەزراندنی حزبی بەعسی کردووە. ساڵی ١٩٥٦ بووەتە ئەندامی سەرکردایەتی هەرێمیی، لە ساڵانی ١٩٦٣-١٩٦٦، چەند وەزارەتێکی لەو وڵاتەدا گرتووتە دەست، وەک: چاکسازی کشتوکاڵی، پەروەردە، ڕۆشنبیریی و ڕێنمایی نیشتیمانی، پاشان بووە جێگری سەرۆکی دەوڵەت. بەهۆی دۆخی سیاسی سووریای جێهێشت و هاتە عێراق، تا هاتنی هێزەکانی ئەمریکا بۆ عێراق لە عێراق نیشتەجێ بوو لە ساڵی ٢٠٠٣ دا ڕووی لە میسر کرد و لەوێ نیشتەجێ بوو. الكشف عن وفاة شبلي العيسمي نائب الرئيس السوري السابق بسجن المخابرات السورية - المدينة نيوز(archive.org).

کرد. حەبیب ڕایگەیاند، هۆکاری هەرەسهێنانی دانوستانی نێوان کورد و حکوومەتەکانی پێش هەڤدەی تەممووز، بۆ لاوازی ئەو حکوومەتانە دەگەڕێتەوە کە خۆیان لە جەماوەری پێشکەوتووخواز دابڕاندبوو، زیاتر لە ژێر کاریگەری ئەجێندای دەرەکیدا بوون. پیادەی سیاسەتی شۆڤێنییانەیان دەرهەق بە کورد دەکرد. ئەم ڕێککەوتنە برایەتی نێوان کورد و عەرەب و هەروەها هاوپەیمانێتی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبی بەعسی بەهێزتر کرد. هەروەها ڕایگەیاند هەردوو حزب، تێدەکۆشن بۆئەوەی وەفا بۆ یەکتر بنوێنن و بۆ خزمەتی گەل کار بکەن.

٣. هەندێک لە وەزیرە کوردەکان، بە بۆنەی یادی ڕاگەیاندنی ڕێککەوتنامەی ئادار، پیرۆزباییان لە سەرکۆمار کرد. ئەوانیش هەریەک لە ساڵح یوسفی وەزیری دەوڵەت و نووری شاوەیس وەزیری ئەشغال و سامی عەبدولڕەحمان وەزیری کاروباری باکوور بوون، تیایدا پابەندبوونی کوردیان بە ڕێککەوتنامەکە و یەکڕیزی خاکی عێراق دووپات کردەوە.

٤. شۆڕشی ١٧ی تەممووز، پێشکەوتنی گەورەی لە بـواری ئابووری و بووژانەوەی وڵات بەدەستهێنا کە خاڵی حەوتەمی ڕێککەوتنامەکە تایبەتە بەو بابەتە. هەنگاوەکانی حکوومەتی عێراق لەو بارەیەوە ئازایانەن (بە گوتەی ڕۆژنامە عێراقییەکە)، بۆ ئەم مەبەستە سەرۆکی دەزگای گشتی نەخشەدانان و دروستکردنی پیشەسازی ڕایگەیاند: کارگەی جگەرەی هەولێر بە بڕی (٢،٨٠٥،٠٠٠) ملیۆن دینار دادەمەزرێت، لە ڕۆژێکدا توانای بەرهەمهێنانی ١٠ ملیۆن جگەرەی هەیە. ئەمەش لە ٣٠٪ پێداویستی وڵات پڕ دەکاتەوە و نزیکەی ٢٥٠ کرێکار تێیدا کاردەکەن. ئەمە سەرەڕای کڕینەوەی بەرهەمی جووتیاران، چونکە کارگەکە لە ڕۆژێکدا پێویستی بە ١٠ تەن تووتنی ڕۆژهەڵاتی و ڤێرجینی دەبێت. وا بڕیارە بینای پڕۆژەکە لە ١١ی ئەیلوولی ساڵی ١٩٧٢ تەواوبێت. لەگەڵ ئەمەدا، کارگەی شەکریش لە ساڵی ١٩٦٨ لە شاری سلێمانی کرایەوە. ئەم کارگەیە توانای بەرهەمهێنانی ٧٥٠٠ تەن شەکری سپی هەیە. ئەمە سەرەڕای ٦٦٠٠ تەن لە ئالیکی ئاژەڵ بەرهەم دەهێنێت، نزیکەی ٤٠٠ کرێکاری تەکنیکی و کارگێڕی تێیدا کار دەکەن و نزیکەی ٣٠٠٠ کشتیار لێی سوودمەند دەبن(١).

هەر ڕۆژنامەکە لە ژمارەی ڕۆژی ١٢ی ئاداریشدا، ئەم بابەتانەی بڵاوکردووەتەوە:

---

(١) الجمهورية، ع(١٠١٤)، ١٩٧١/٣/١١.

١. لە خۆپیشاندانە جەماوەرییەکەی بەغداد، بەبۆنەیساڵیادی ڕێککەوتننامەی ئادار، وتاری بەڕێز مستەفا بارزانی لەلایەن بەڕێز ساڵح یوسفی خوێندرایەوە، کە تیایدا هاتووە: ئەی جەماوەری بەڕێز، ئەی هاووڵاتییانی ئازیز، ڕۆڵەکانی عێراق ی بە وەفا، لە کورد و عەرەب و نەتەوەکانی دیکە، وەک برا بەیەکەوە لەسەر ئەم خاکەدا دەژین. دڵخۆش و بەختەوەرم کە ئەمڕۆ دەتانبینم، وەکو برا بە گیانی قوربانیدان و خۆڕاگری و پێداگیری لەسەر مافەکانتان، یادی ١١ی ئادار دەکەنەوە. ئەم ڕێککەوتنەی کە لەلایەن بەڕێز سەرکۆمارەوە داڕێژرا و ڕاگەیەندرا. ڕێککەوتنی ١١ی ئاداری مێژوویی، واتە سەرکەوتنی ئیرادە و سەروەری و مانەوەی نیشتیمانەکەمان کە بە کۆششی هەردوو پارتەکە پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبی بەعس، بۆ بەرژەوەندی عێراق هاتە بەرهەم و هۆکارێکە بۆ مانەوەی هێمنی و ئارامی وڵات و دەستەبەرکردنی برایەتی و یەکێتی وڵات و ڕزگارکردنی وڵات لە شەڕ و خوێنڕشتن، لە چوارچێوەی کۆماری عێراقی بەهاداردا.

٢. بەڕێز بارزانی، لە یەکەم ساڵیادی جەژنی ئاشتەواییدا، پیرۆزبایی لە گەلی عێراق دەکات، پیرۆزباییەکە، لە ئێستگەی دەنگی جەماوەر، لەلایەن ئیدریسی کوڕییەوە خوێندرایەوە و ڕایگەیاند، ڕێککەوتنی ١١ی ئادار واتە سەرکەوتنی گەل و یەکێتی نێوان ڕۆڵەکانی عێراق و هەڵدانەوەی لاپەڕەیەکی تازە لە برایەتی و پێکەوەژیان و کارکردن. بارزانی هۆشداری لە بارەی بەکرێگیراوان دا، ئەوانەی بەربەست لە بەردەم جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەی ١١ی ئادار دروست دەکەن، ئەمەش لەسەر حیسابی ڕشتنی خوێنی کەسە پاکەکانە. بۆیە لەسەرمانە بە توندی ڕووبەڕوویان ببینەوە، بەناوی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە. پاشان پیرۆزبایی لە سەرکۆمار ئەحمەد حەسەن بەکر و ئەندامانی حزبی بەعس کرد.

٣. سەعدون غێدان ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و وەزیری ناوخۆ، ڕایگەیاند: دوازدە فەوجی سەربازی دادەمەزرێنن، چوار لەوانە کاریان ئاراستەکردنی ئەرکی ئەوانی دیکە دەبێت، ئەمەش دوای ماوەیەکی کەم جێبەجێ دەکرێت. هەروەها دەزگاکانی ئیدارەی محەلی دوای ئەوەی داخرابوون، جارێکی دیکە دەکرێنەوە. ئەمەش بەهۆی شەڕی براکوژییەوە بوو، لە ناوچەکانی باکوور. هەروەها ئەو بنکە پۆلیسییانەش دەکرێنەوە، کە لە ناوچەکە داخرابوون. هەروەها بەڕێز سەعدوون دەربارەی دەستکەوتەکان لێدوانی دا کە بەهۆی ڕێککەوتننامەی ئاداری مێژووییەوە، بەدەستهاتوون. سەبارەت بە دامەزراندنی هێزە چەکدارەکان، لە پۆلیس و سوپا کە پەیوەندییان بە جووڵانەوەی کوردی کردبوو، غێدان ڕایگەیاند، ئەوانە بۆ سەر ئەرکەکانیان دەگەڕێندرێنەوە، ماوەی بەشدارییان لە جووڵانەوەکە،

بۆ هەژمار دەکرێت، بە مەبەستی پلەبەرزکردنەوە و خانەنشینی. ئەو فەرمانبەرە کارگێڕییانەی لە باکوور بە ئارەزووی خۆیان کاری گواستنەوەیان بۆ جێبەجێ دەکرێت، لەهەر ناوچەیەک بیانەوێت، هەموو دەستبەسەرداگرتنێک و دوورخستنەوەیەک کە پەیوەندی بە ڕووداوەکانی باکوورەوە هەبێت هەڵدەوەشێندرێتەوە. هەروەها مامۆستایان لە هەردوو ڕەگەز لە ناوچەکانی باکوور، دادەمەزرێندرێن و قوتابخانەی تازەش دەکرێنەوە.

٤. جەمیل محۆ سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردی لوبنان[١]، پشتگیری خۆی بۆ ڕێککەوتننامەی ئادار دەربڕی. بۆ (واع) ڕایگەیاند، ئەم ڕۆژە دەبێتە ڕۆژێکی مێژوویی بۆ سەرجەم پێشکەوتووخوازانی جیهان. ئەم ڕێککەوتنە، یەکێتی نیشتیمانی پتەو دەکات، خەباتی عەرەب و کورد دژی کۆنەپەرستی و ئیمپریالیزم و زایۆنیزم بەهێزتر دەکات. سکرتێری پارتەکە ڕایگەیاند، ئەوان (پارتی دیموکراتی کوردی لوبنان)، واتە لە ڕۆژی ٢٤ی ئەیلوولی ساڵی ١٩٧٠، بارەگایەکی فەرمیان لە بەیرووت، تایبەت بە یادکردنەوەی نەورۆز کردەوە کە بۆ یەکەمجارە حزب ئەم یادە بە ئاشکرا دەکاتەوە[٢].

هەر ڕۆژنامەی (الجمهورية) لە ژمارەی ڕۆژی ١٣ی ئاداری ساڵی ١٩٧١، ئەم بابەتەی بڵاوکردووەتەوە:

"ڕۆژنامە لوبنانییەکان، بەبۆنەی تێپەڕبوونی ساڵێک بەسەر ڕاگەیاندنی ڕێککەوتننامەی ئادار، چەندین وتاریان بڵاوکردووەتەوە کە تیایدا ستایشی ڕێککەوتنی ئاداریان کردووە. بە قۆناغێکی مێژوویی گرنگ گوزارشتیان لێ کردووە. هەروەها ڕۆژنامەکان لێدوانی وەزیرە کوردەکان و حەبیب محەمەد کەریم سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردستانیان بڵاوکردووەتەوە، وێڕای بڵاوکردنەوەی دەقی ڕێککەوتننامەی ئادار و بڕگەکانی"[٣].

(١) پارتی دیموکراتی کورد لە لوبنان، ساڵی ١٩٦٠ لەلایەن جەمیل محۆ (١٩٣٠-١٩٨٢) دامەزراوە و بارەگا سەرەکییەکەی لە بەیرووتە. بەڵام تا ٢٤ی ئەیلوولی ساڵی ١٩٧٠ مۆڵەتی پێنەدرا، وەک سەرچاوەیەک ئاماژەی پێ دەکات، محۆ پاڵپشتی حکوومەتی عێراقی کردووە لە دژی شۆڕشی کورد. دواتر لەلایەن هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە گیرا و زیندانی کرا. سەرکردایەتی ئەو حیزبە بۆ کوڕەکەی ڕیاز جەمیل مایەوە. Lebanon - Kurdish Parties (archive.org)

(٢) الجمهورية، ع(١٠١٥)، ١٩٧١/٣/١٢.

(٣) الجمهورية، ع(١٠١٦)، ١٩٧١/٣/١٣.

هەر لە ساڵی ١٩٧١ەوە، ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی عێراق، چەند بڕیارێکی دیکەی سەبارەت بە هەنگاونان بۆ جێبەجێکردنی بەندەکانی ڕێککەوتننامەی ئادار بڵاوکردەوە، وەک بڕیاری ژمارە (٦٨٣)، لە ١١ی ئایاری ساڵی ١٩٧١، کە تایبەتە بە دانانی لێژنەیەک بۆ جێبەجێکردنی بەندەکانی ئادار، لە بڕیارەکەدا هاتووە:

١. پێکهێنانی لێژنەیەکی بالا بە سەرۆکایەتی بەڕێز سەدام حوسێن جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش، بە ئەندامییەتی: مورتەزا حەدیسی (ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش)، لیوا سەعدوون غێدان (ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش)، نەعیم حەداد[1] (ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی هەرێمی) سەمیر عەزیز ئەلنەجم[2] (ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی هەرێمی)، تایە عەبدولکەریم[3] (ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی هەرێمی)، محەمەد فازڵ[1] (ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی هەرێمی).

(١) نەعیم حەمید حەداد سیاسەتکاری عێراقی، لە ساڵی ١٩٣٣ لە شاری ناسریە لەدایکبووە، لە پەنجاکانی سەدەی ڕابردووەوە ئەندامی حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتیراکی بوو، وەک سکرتێری گشتی بەرەی پێشکەوتنخوازی نیشتیمانی کاری کردووە، کە لە ساڵی ١٩٧٤ پێکهاتووە. لە ١١ی تشرینی دووەمی ١٩٧٤ دا وەک وەزیری لاوان دەستنیشانکرا. هەروەها سەرۆکی لێژنەی ئۆلۆمپی نیشتیمانی عێراق بووە. لە نێوان ساڵانی (١٩٧٧-١٩٨٦) وەزیری دەرەوە و ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بووە، ساڵی ١٩٧٩ بووە بە جێگری سەرۆك وەزیران، بەڵام لە ٣٠ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٨٢ لە پۆستەکەی دوورخرایەوە. نعيم حداد. يقود محكمة ذبح قيادي البعث.. ليطرد لاحقا. لينتي حد مشلولا وأعمى ومفلساً لـ الكاتب / هادي حسن عليوي (kitabat.com).

(٢) سەمیر عەزیز ئەلنەجم، لە ساڵی ١٩٣٧ لە شاری بەغدا لەدایکبووە، لە پەنجاکانەوە پەیوەندی بە حزبی بەعسەوە کردووە. ساڵی ١٩٥٩ لەگەڵ سەدام حوسێن و هاوڕێ بەعسییەکانیان، لە هەوڵی تیرۆرکردنی عەبدولکەریم قاسم بەشداربووە و دواتر دەستگیرکراوە. لە کاتی هەوڵەکەدا بریندار بووە و قاسمیش لە خۆی و هاوەڵەکانی خۆش بووە. لە نیسانی ٢٠٠٣، دوای هێرشەکانی ئەمریکا بۆسەر عێراق دەستگیرکرا و تا ئێستا لە زینداندایە. سمير عبد العزيز النجم رابع مسؤول عراقي يتم اعتقاله (archive.org).

(٣) تایە عەبدولکەریم (١٩٣٣/عانە-٢٠١٨/ئوردن). سیاسەتکاری عێراقی. ساڵی ١٩٥١ ئامادەیی مامۆستایانی لە بەغدا تەواوکردووە، بەهۆی حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتیراکی لە عێراقدا چووە ناو کاری سیاسییەوە، لە سەردەمی فەرمانڕەوایی عەبدولکەریم قاسم، بەهۆی چالاکییەکانییەوە دەستگیرکراوە. دوای کودەتای ١٧ی تەمموز، ئەو پۆستانەی وەرگرتووە: باڵیۆزی عێراق لە سودان، جێگری وەزیری پەروەردە، سەرۆکی فەرمانگەی کاروباری ئابووری، فەرمانگەی کاروباری عەرەبی لە ئەنجوومەنی

٢. ئەو لێژنەیەی بەپێی بڕگەی (١)ی ئەم بڕیارنامەیە پێکهێندراوە، هەموو دەسەڵاتێک ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی پێ دەدرێت، بۆ دەرکردنی ئەو بڕیارانەی بە پێویستی دەزانێت بۆ جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەی ١١ی ئادار.

٣. دەرکردنی بڕیار و ڕێنمایی تایبەت بەو ئەرکەی پێی سپێردراوە و ئاگادارکردنەوەی وەزارەتەکان و بەشە پەیوەندیدارەکان.

٤. بڕیارەکانی لێژنەکە، پابەندکارن و لەلایەن سەرجەم وەزارەت و فەرمانگە پەیوەندیدارەکانەوە جێبەجێ دەکرێن[٢].

لە ڕۆژی ١٠ی ئابی ساڵی ١٩٧١ بڕیارنامەی ژمارە (٨٢٠) بڵاوکراوەتەوە، کە تیایدا هاتووە:

"ماوەی پەیوەندیکردنی کرێکاران بە ڕووداوەکانی باکوور، وەک ڕاژەی ڕاستەقینە تەنیا بۆ خانەنشینی بۆیان ئەژمار دەکرێت"[٣].

هەروەها لە بڕیارنامەی ژمارە (١١١٩) لە ڕێکەوتی ٢٤ی ئابی ساڵی ١٩٧١ دا هاتووە:

١.هەڵوەشاندنەوەی بڕگەکانی (٢،٣،٤) لە بڕیارنامەی ژمارە ٦٨٢ی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە ١٩٧١/١١/٥ و بەم بڕگانەی خوارەوە جێگەی دەگرێتەوە:

أ. دەسەڵاتپێدان بە بەڕێز سەدام حوسێن جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و سەرۆکی لێژنە. بەپێی بڕگەی (١)ی ئەم بڕیارنامەیە، بۆئەوەی بڕیاری پێویست لە ڕاسپاردەکاندا بدات کە لێژنەکە بۆ جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەی ١١ی ئادار بە پێویستی دەزانێت.

---

سەرکردایەتی شۆڕش، وەزیری ناوخۆ، وەزیری نەوت و ئەندامی سەرکردایەتی هەرێمی. تایە عبد الکریم یتذکر١ - YouTube (archive.org)

(١) محەمەد فازڵ، ئەندامی ئەنجوومەنی سەکردایەتی هەرێمیی حزبی بەعس، ساڵی ١٩٧٣ لە ڕووداوەکەی نازم گزاردا، تێوەگلا و دەستگیرکرا و گوللەباران کرا. سيف الدين الدوري اللغز في إعدام ناظم كزار وعبد الخالق السامرائي وأربعة أخرين من أعضاء مجلس قيادة الثورة ١٩٧٣-١٩٧٩، الدار العربية للموسوعات، لبنان-بريطانيا، ٢٠١٤، ص١٢٣.

(٢) الجمهورية العراقية، القرارات العامة ....، م١، ص٦٠٤.

(٣) المصدر نفسه، ص٦٠٥.

ب. دەرکردنی بڕیارەکان لەلایەن جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشەوە لە چوارچێوەی ئەو دەسەڵاتەی کە پێی دراوە.

ج. ئەو بڕیارانەی بەپێی بڕگەی (٢ و ٣) دەردەچن، پابەندکارن و سەرجەم وەزارەت و فەرمانگە پەیوەندیدارەکان لێی ئاگادار دەکرێنەوە.

لە شەشی تشرینی دووەمی هەمان ساڵدا، دوو بڕیاری دیکە دەرکران، ئەوانیش، بڕیارنامەکانی ژمارە (١٣٤٥) و (١٣٤٩)ن، هەردووکیان پەیوەندییان بە خزمەتی کرێکاران و فەرمانبەرانەوە هەیە. لە بڕیاری یەکەمدا هاتووە:

١. درێژکردنەوەی ماوەی وەرگرتنی داواکاریی کوردەکان بۆ گەڕانەوە بۆ خزمەت، کە لە ڕێککەوتننامەی ١١ی ئاداردا هاتووە و بە پشتبەستن بە لێژنەی ئاشتی لە ١٩٧١/١٢/١.

٢. لێژنەی ئاشتی لیستێک بەناوی ئەو کەسانەی کە داوای گەڕاندنەوە دەکەن، پێشکەش بە ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش دەکات.

٣. وەزیرەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن.

لە بڕیارنامەی دووەمیشدا، ژمارە (١٣٤٩) لە ڕێکەوتی ٦ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٧١ دا هاتووە:

١. هەژمارکردنی ئەو ماوەیەی کە کرێکارانی کورد، بە هۆی ڕووداوەکانی باکوور لە خزمەت دوورکەوتبوونەوە.

٢. ئەوانەی بڕگەی (١)ی ئەم بڕیارە دەیانگرێتەوە، لێبڕینی خانەنشینی و بیمەکانیان، لێ وەردەگیرێتەوە.

٣. هەر بڕیارێکی پێشوو، کە لەگەڵ بڕگەکانی ئەم بڕیارە تازەیەدا نەگونجێت، جێبەجێ ناکرێت.

٤. ئەم بڕیارە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی، لە ڕۆژنامەی فەرمیدا، جێبەجێ دەکرێت

٥. وەزیرەکان بەم بڕیارنامەیە پابەند دەبن[١].

ئەگەرچی حزبی بەعس، وای دەردەخست، کە دڵسۆزی چارەسەرکردنی کێشەی کوردە و هەوڵی زوو بەجێگەیاندنی بەندەکانی ڕێککەوتننامەی ئادار دەدات. بەڵام لە ژێرەوە، لە

(١) المصدر نفسه، ص٦٠٧.

پەنـای بـارودۆخی ئاشـتییەوە، سیاسـەتی خـۆی بەرامـبەر کـورد پیـادە دەکـرد. گفتوگـۆ و دانوستانەکانیشیان لەگەڵ سەرکردایەتی شۆڕشی کورد، تەنیا تاکتیکێک بـوو، بـۆ ئەوەبـوو، تـا بە ئاسانی ئامانجەکانی خۆیان بپێکن. ئەویش پیلانگێڕی دژی سەرکردایەتی شۆڕشـی کـورد و ڕاگواسـتن و بە بەعسـیکردن و تەعریبکردنـی خـاکی کوردسـتان بـوو. نموونەش بـۆ ئەمە، لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٧٠-١٩٧١ دا، بەهـۆی ئـاڵۆزبوونی پەیوەنـدییەکانی نێـوان عێـراق و ئێران، نزیکەی هەفتا هەزار کوردی فەیلی ئـاوارەی ئێـران کـران. لە شـاری کەرکووکیشـدا، لە سـاڵی ١٩٧١، نەخشـەی گەڕەکـی (حـي المثنى)یـان کێشـا. کە لە ٥٠٠ خـانوو پێکهـاتبوو، بـۆ نیشتەجێکردنی عەرەبەکان تیایدا.

هەر لەو ساڵەدا لە شارۆچکەی خـانەقین، وێـڕای کـردنەوەی قوتابخـانەی کـوردی، کەچـی حکـوومەتی بەعـس فشـارێکی زۆری دەکـردە سـەر کەسـوکاری قوتابییـانی کـورد، تـاکو منداڵەکانیان نەنێرن بۆ قوتابخانە کوردییەکان، بەڵکو لە قوتابخانە عەرەبییەکان بخوێنن[1].

توێژەرێک وردەکاری پیلانەکـانی بەعـس بەم شـێوەیە دەخـاتەڕوو: "هەر لـە چوارچێـوەی ئاژاوە و پیلانگێڕییەکانی ڕژێمی بەعس، شەوی ٢٥/٢٦ی تەمموزی ١٩٧١، دەستدرێژی کرایـە سـەر بارەگـای پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان لـە خـانەقین، پێشـمەرگە ئیشـکگرەکانی نێـو بارەگاکەش کەوتنـە بـەرگریکردن و پێکـدادانی چەکـداری نێوانیـان زیـاتر لـە نیـو کـاتژمێری خایاند، بەڵام ئەوکاتە هیچ کاربەدەستێکی ڕژێمی عێـراق بـە دەنـگ ڕووداوەکەوە نەچـوون، دواتـر چـوار ئۆتۆمبێلی پۆلیس و لێپرسراوی ڕێکخراوی حزبی بەعس لە خانەقین و قایمقام و بەڕێوەبەری پۆلیس چووبوونە بارەگاکەی پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان. ئەو درەنگچـوونەی لێپـرسراوە بەعسـییەکان بـۆ شـوێنی ڕووداوەکـە، نیشـانەی ئەوەبـوو کـە خۆیـان لـە پشـت ئەنجامدانییەوە بوون. پیلانی لەناوبردنی مستەفا بارزانیش کـە هـەر لە سەرەتاوە ئامانجێکی سـەرەکی ڕژێمـی بەعـس و مەرامـی شـاراوەی بـوو، لـە دەسـتپێکردنی گفتوگـۆ لەگەڵ سـەرکردایەتی شۆڕشـی ڕزگـاریخوازی کوردسـتان، لـە ئەیلوولی ١٩٧١ بـە هاوکـاری چەنـد پیاوێکی ئـایینی جێبەجێ کـرا، بەڵام ئەو پیلانـەش ئـاواتی بەعسـی بەدی نەهێنـا، مستەفا بارزانی دەربازی بوو، دوای ئەنجامدانی پیلانەکەش، فەرمانڕەوایانی بەغداد، وەک تاکتیکێك، نوێنەری خۆیان نارده لای مستەفا بارزانی بە مەبەسـتی پیرۆزبـایی لێکردنـی و دەربـازبوونی لەو پیلانگێڕییـە، پاشـانیش بـۆ لێکـۆڵینەوەی ڕووداوەکـە، لێژنەیەکـی هاوبەشـیان لەگەڵ

(١) فەرەیدوون عەبدولڕەحیم، سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٦-١٩٧.

بـــزووتنەوەی ڕزگـــاریخوازی کوردســـتان پێکهێنـــا، بەڵام لەبەر ئەوەی بەعـــس، هەر خـۆی پیلانەکەی ئەنجام دابوو، کارەکانی لێژنەکـە بێئاکـام بـوون. هەر لە سەرەتاشـەوە، مستەفا بـارزانی بـە شـێوەیەکی زیرەکانـە و ناڕاستەوخۆ لە میـانی وەڵامـی ئـەو بروسکەیەی کـە سەرکردایەتی بەعس بە بۆنەی دەربازبوونی لەو پیلانگێڕییە بۆیان ناردبوو، تاوانەکەی خستە ئەستۆی ئەوان و تیایدا گوتبووی: گومانی تێدا نییە کە پیلانەکە ڕێکخرابـوو، بـۆ لەنـاوبردنی ڕێککەوتننامەکـەی ئادار و یەکێتی نیشتیمانی گەلی عێراقمان، لەبەر ئەوەی تاوانبارەکـان لـە بەغدادەوە هاتوون بە ناو زیاتر لـە ١٠ خـاڵی پشـکنینی میریـدا بـە دوو ئۆتۆمبێلی پڕ لـە ئامرازی تـاوان، تێپەڕیـون. لە بەر ئەوەی ئەمانـە لـە دانیشـتووانی ئەم هەرێمـە نـین، بۆیە لێکۆڵینەوە لەم کارە دەدەینە دەست دەزگای تایبەتی دەوڵەت"(١).

ساڵی ١٩٧٢، ڕۆژنامە عێراقییەکان بەتـایبەت هەردوو ڕۆژنـامەی (الثـورة) و (الجمهوريـة)، بەردەوام ئەو هەواڵ و لێـدوانانەیان بڵاودەکـردەوە، کە گوزارشـت بـوون، لە نیازپـاکی حکوومەت و حزبی بەعس، لە بەرامبەر ڕێککەوتنـامەی ئـادار و جێبەجێکردنـی بڕگەکـانی. ڕۆژنامەی (الجمهورية) لە ژمارەی ڕۆژی حەوتی کـانوونی دووەمـی سـاڵی ١٩٧٢، هەواڵێکـی تایبەتی بە بڕیاری هەژمارکردنی ڕاژەی خزمەت بۆ ئەو کەسانە بڵاوکـردووەتەوە، کە بەهـۆی چـالاکی سیاسـی، لە کارەکانیـان دوورخرابـوونەوە، نـاوی ژمـارەیەک کوردیشـی تێـدایە و نووسیویەتی:

"لێژنەی تایبەت بە هەژمارکردنی ڕاژەی لەکارلادراوە سیاسییەکان، لە وەزارەتـی کاروبـاری باکوور، بڕیاریـدا، بە هەژمـارکردنی ڕاژەی تەواوی ئەو کەسانەی بە هـۆی کـاری سیاسـی، لە کارەکانیان دوورخرابوونەوە، ئەمەش بۆ پلەبەرزکردنەوە و پایەپێـدان و خانەنشـینی سـوودی لێ وەردەگرن"(٢).

لە ١١ی ئاداری ئەو ساڵەدا، لە ساڵیادی ڕاگەیانـدنی ڕێککەوتنـامەی ئـاداردا، ڕۆژنـامەی (الجمهوريـة)، لە ژمـارەی ئەو ڕۆژەدا نووسـیویەتی: "سـەرۆک ئەحـمەد حەسـەن بەکـر، بە بـۆنەی سـاڵیادی ڕاگەیانـدنی ڕێککەوتنـامەی ئـادار، لێـدوانێکی تـایبەتی بـۆ ڕۆژنـامەی (الجمهورية) دا، تیایدا هاتووە:

(١) هەمان سەرچاوە، ل٢١٦-٢١٧.

(٢) الجمهورية، ع(١٢٧٤)، ١٩٧٢/١/٧.

"ئێمە دڵخۆشین کە دەبینین، جێبەجێکردنی بەندەکانی ڕێککەوتننامەی ئادار هەنگاوی زۆر باشی بڕیوە. هەموو ئەو بەربەستانەمان تێکشکاندووە کە هاتوونەتە پێشمان. بۆیە داوا لە هەموو لایەک دەکەین، بە ئەرکی بەرپرسیارێتی خۆیان هەڵسن، بۆ گەیشتن بە ئامانجە نیشتیمانییەکان، لە ژێر سایەی ئاڵای ئادار، کە ئاڵای یەکێتی نیشتیمانییە و ڕایگەیاند، ئەم ڕێککەوتننامە، پردێکی بەهێزی لە نێوان حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتیراکی و پارتی دیموکراتی کوردستان دروست کرد. لە شێوەی بەرەیەکی نیشتیمانی پێشکەوتووخواز". لە شوێنێکی دیکەدا نووسراوە: "لەم ساڵیادەدا، هەریەک لە حەبیب محەمەد کەریم سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردستان و عەزیز عەقراوی ئەندامی مەکتەبی سیاسی، لە ڕێگەی ڕۆژنامەی (الجمهورية)ەوە، هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەی ١١ی ئاداریان بەرز نرخاند کە بووە کۆڵەگەیەکی بەهێزی هاوپەیمانی نێوان حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتیراکی و پارتی دیموکراتی کوردستان"[1].

لە سەرەتای مانگی نیسانی ساڵی ١٩٧٢ دا، ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش، بڕیارنامەی ژمارە (٢٠٤)ی، سەبارەت بە بەکارهێنانی زمانی کوردی لە مامەڵە فەرمییەکان و خوێندندا دەرکرد. کە لە ناوەرۆکەکەیدا هاتووە:

یەکەم. بەپێی ماددەی حەوتەمی دەستووریی کاتی، کە لە بڕگەی یەکەمیدا هاتووە، زمانی عەرەبی زمانی فەرمییە. لە بڕگەی دووەمیشدا، ئاماژەی بەوە کردووە، کە زمانی کوردی، هاوشانی زمانی عەرەبی، زمانی فەرمییە، لە ناوچە کوردییەکاندا. بڕگەکانی (١و١٠/ب) جێبەجێ بکرێت. لە ڕێککەوتننامەی مێژوویی ١١ی ئادار، بابەتەکان دانراون، لەم یەکە کارگێڕیانەی کە لەلایەن ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشەوە دیاری دەکرێت، جێبەجێ دەکرێن. ئەمەش دوای دیاریکردنی ناوچە کوردییەکان دەکرێت.

١. هاووڵاتییانی ناو ئەو سنوورە کارگێڕییانەی ئاماژەیان پێدراوە. مافی خۆیانە، داواکارییەکان و مامەڵەکانیان بۆ بەڕێوەبەرایەتییەکان و دادگاکان و هەموو دەزگا فەرمییەکانی تر، بە زمانی عەرەبی یان، کوردی، پێشکەش بکەن، لە سەر ئەو دەزگایانەش پێویستە مامەڵەی لەگەڵدا بکەن -ئەگەر پێویست بوو- بە هەمان زمان کە مامەڵەی پێ کردووە، وەڵامی بدرێتەوە.

(١) الجمهورية، ع(١٣٢٨)، ١٩٧٢/٣/١١.

٢. خوێندن لەو قوتابخانانەدا کە سەر بەو یەکە کارگێڕییەکانەن کە لەم بڕیارنامەیەدا ئاماژەیان پێکراوە، بە زمانی کوردی، بێت. بە مەرجێک خوێندنی زمانی عەرەبی لە هەموو ئەو قوتابخانانەدا بە شێوەی ئیجباری بێت.

٣. بەبێ ڕەچاوکردنی دوو بڕگەی پێشوو، مامەڵە و ئاڵوگۆڕی نووسراو، ئەنجام دەدرێت، بەڵگەنامەی فەرمی و بڕیاری کارگێڕی و دادوەری دەردەچێت بەم شێوەیەی خوارەوە:

أ. بەکارهێنانی زمانی عەرەبی بە تەنیا، لە سەرجەم مامەڵە فەرمییەکانی نێوان دامودەزگاکانی ئەو ناوچەیە و دەزگاکانی فەرمی دەوڵەت.

ب. دەرکردنی بەڵگەنامە فەرمییەکان کە لەلایەن دەوڵەتەوە دەردەچێت، بە زمانی عەرەبی.

ج. بەکارهێنانی هەردوو زمانی عەرەبی و کوردی، لە نێو دامودەزگاکانی ئەو ناوچەیە.

٤. دادگاکان دەتوانن بە هەردوو زمانی عەرەبی و کوردی کاری دادگاکان ئەنجام بدەن، بەڵام بەو مەرجەی پێشێلی مافی ئەو کەسە نەکەن، کە داواکەی بەو زمانە پێشکەش کردووە. ئەگەر کێشە لە تێگەیشتن دروست بوو، ئەوکاتە دادگا دەتوانێت، لە ڕێگەی وەرگێڕەوە کارەکە ڕایی بکات.

٥. ئەگەر زمانی هاووڵاتییەکە کوردی یان عەرەبی نەبوو، هەقی خۆیەتی بە زمانی خۆی کاری دادوەری لە گەڵدا بکرێت.

٦. بەکارهێنانی پیتی عەرەبی لە زمانی نووسینی کوردی.

دووەم. فەرمانگەکان ڕادەسپێردرێن بۆ جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە. دەوڵەت خۆی کاری وەرگێڕان لە بەرژەوەندی هاووڵاتییان لە ئەستۆ دەگرێت.

سێیەم. لە جێبەجێکردنی بەندەکانی ئەو بڕیارەدا، مافی هاونیشتیمانیانی تورکمان لە بەرچاو بگیرێت.

چوارەم. ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرچوونییەوە، جێبەجێ دەکرێت[١].

ئەگەر لە ناوەڕۆکی ئەو بڕیارە ورد بینەوە، دەبینین لە هەر شوێنێک ئاماژە بە زمانی کوردی کرابێت، لە تەک ئەوەدا ئاماژە بە زمانی عەرەبیش کراوە. تەنانەت لە زۆر شوێندا، زمانی عەرەبی بە تەواوی زاڵ کراوە، وەک بڕگەی سێیەمی بڕیارنامەکە بە سەرجەم

(١) الجمهورية العراقية، القرارات العامة ...، م١، ص٦٠٨.

خاڵەکانییەوە. لەگەڵ ئەمانەدا حزبی بەعس گەلێک ڕێگای بۆ لەکەدارکردن و تۆمەتبارکردنی بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد گرتبووە بەر، هەوڵی دەدا وا دەربخات، کە بزووتنەوەکە تێکدەرە و ئامانجێکی ئاژاوەگێڕییانەی هەیە.

لە ڕێکەوتی ٣ی تەمووزی ساڵی ١٩٧٢ دا، قایمقامی شەنگال کوژرا. وەزارەتی ناوخۆ لە بەیاننامەی ڕاگەیاندنی کوژرانی قایمقامی شەنگالدا، بە ئاشکرا پارتی دیموکراتی کوردستانی تۆمەتبارکرد، ئەمە لە کاتێکدا کە پارتی کەم و زۆر پەیوەندی بەم ڕووداوەوە نەبوو. دوای ڕووداوەکە، هەر زوو سەرکردایەتیی پارتی، لقی موسڵی پارتی ئاگادار کردەوە، کە ئەم کارەی ڕوویداوە نیشانەی مەترسییەکی ڕاستەقینەیە و داوای کرد دەستبەجێ ئەندامەکانی شاری موسڵ جێبهێڵن، نەوەکو حکوومەت دەست بداتە تۆڵەسەندنەوەیەکی هەڕەمەکییانە، لە دژی ئەوان. ئەمەش بۆخۆی ئەوەندەی دیکە گومانی حکوومەتی بەرامبەر پارتی زیاتر کرد، کە لەوانەیە ئەوان دەستیان لەم کارەدا هەبووبێت. پاش ڕووداوەکە، حکوومەت هێرشێکی سوپایی کردە سەر چیای شەنگال و دێهاتەکانی دەوروبەری، لە ئاسمان و زەوییەوە بۆمبابارانی کرد و تاوانگەلێکی ناشیرینی زۆری دەرهەق بە هاووڵاتییانی بێتاوان ئەنجامدا. پاشان لێژنەیەکی لێکۆڵینەوەی هاوبەشی لە (٩) ئەندام پێکهێنا، بەڵام هەرچی لێکۆڵینەوەیەکی کردیان سوودی نەبوو. بەپێی ئەو زانیارییانەی بۆ سەرکردایەتی شۆڕشی کورد هاتبوو، ڕووداوەکە دەستکردی وڵاتێکی دەرەکی بوو، بە مەبەستی تێکدانی دۆخی ناوخۆی عێراق بوو[١].

ڕۆژنامەی (الجمهورية) لە ژمارەی ڕۆژی چواری تەمووزی ساڵی ١٩٧٢ هەواڵی ڕووداوەکەی بڵاوکردووەتەوە و نووسیویەتی:

"ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش، لە دانیشتنی ڕۆژی ٣ی تەمووزی ساڵی ١٩٧٢، بڕیاریدا بە پێکهێنانی لێژنەیەک بۆ لێکۆڵینەوە لە کارە دوژمنکارییەکەی قەزای شەنگال کە کرایە سەر بەرپرسانی کارگێڕیی شارەکە، هەروەها ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش، دادگایەکی تایبەتی لە پارێزگای نەینەوا بۆ بەدواداچوونی کێشەکە پێکهێنا و ئەو بڕیارانەی دا:

(١) مەسعود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد ١٩٦١-١٩٧٥، چ١، بەرگی سێیەم، ب٢، چاپخانەی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٤، ل٧٦. ژێدەرێک نووسیویەتی: دەزگای ساواکی ئێران لە پشت ئەم ڕووداوەوە بوو. کاروان جوهر محمد، سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٦.

١. پێکهێنانی دەستەیەکی لێکۆڵینەوەی تایبەت بە سەرۆکایەتی بەڕێوەبەری پۆلیسی شەنگال و ژمارەیەک بەرپرسی کارگێڕی بۆ لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکە.

٢. پێکهێنانی دادگایەکی تایبەت کە بارەگاکەی لە پارێزگای نەینەوا دەبێت.

لە ڕووداوی شەنگال کە ئێوارەی دوێنێ ڕوویدا، بە هۆیەوە چەند چەتەیەک هەڵیانکوتایە سەر قایقامییەتی شەنگال، لە ئەنجامدا قایمقامی شەنگال شەهید بوو[1]. بەو هۆیەوە، هێزە ئەمنییەکان نزیکەی ٣٠ کەسیان لە نۆکەرانی ئیمپریالیزم دەستگیرکرد"[2].

لە ژمارەی ڕۆژی ٥ی تەمووزیشدا، ئێران و بەکرێگیراوانی ئیمپریالیزم (کە ئاماژەیەکی ڕوونە مەبەست لێی کوردە)، بە ئەنجامدانی ئەم کارە تۆمەتبار دەکات و نووسیویەتی:

"بەڕێز موقەدەم وەلید مەحموود سێرت[3]، سەرۆکی دادگای تایبەتی بەغداد، ڕایگەیاند، بەپێی بڕیاری ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش، سەبارەت بەو کارە دوژمناتییەی کرایە سەر فەرمانبەران و بەرپرسانی کارگێڕی لە شەنگال، لێژنەکان هەڵدەستن بە بەجێگەیاندنی سزای دادپەروەرانە لە چوارچێوەی یاسا و بەجێگەیاندنی دادوەری. دەستەی لێکۆڵینەوەی تایبەت، کۆتایی بە لێکۆڵینەوەکەی هێناوە. تۆمەتباران کە ژمارەیان (٣٠) کەس دەبێت، ڕەوانەی دادگا کراون. هەروەها سەرۆکی دادگا بۆ (واع) قسەی کرد و ڕایگەیاند، ئەو چەکەی کە تۆمەتباران بەکاریان هێناوە، لە جۆری ئێرانییە و ئەنجامدەران، سەر بە دەزگای ئیمپریالیزم و بەکرێگیراوی کۆمپانیاکانی نەوتن. دوێنێ ئەندامانی دادگا، هەموویان سەردانی شەنگالیان کرد، بۆ دۆزینەوەی سەرەداوی ڕووداوەکە کە لە ئەنجامیدا، قایمقامی شەنگال و ڕەئیس عورەفا گیانیان لە دەستدا و سێ لە ئەندامانی هێزە چەکدارەکان بریندار بوون. لەلایەکی

(١) قایمقامی شەنگال ئەوکات، کە لە ڕووداوەکەدا کوژرا، ناوی غانم ئەحمەد ئەلعلی بوو، خەڵکی فەللوجەی پارێزگای ئەنبار بوو.

(٢) الجمهورية، ع(١٤٣٣)، ١٩٧٢/٧/٤.

(٣) موقەدەم ڕوکن، (دواتر لیوا ڕوکن) وەلید مەحموود سێرت (١٩٣٨/بەغدا-١٩٧٩/بەغدا)، ئەفسەری سەربازی عێراقی، دەرچووی ئەکادیمیای سەربازی بەغدا و ماستەر لە زانستی سەربازیی لە کۆلێژی ئەرکانی عێراقی ساڵی ١٩٦٩. یەکێک بوو لە بەشداربووانی کودەتای ٨ی شوباتی ١٩٦٣، دواتر بە ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش دەستنیشانکرا، هەروەها فەرماندەی ئەو هێزانە بوو کە بەرپرسیاربوون لە پاراستنی بەغدا، ماوەیەک فەرماندەی فەیلەق بوو. لە تەمموزی ساڵی ١٩٧٩ تۆمەتبار کرا بە بەشداریکردن لە پیلانگێڕییەکدا و لەگەڵ زیاتر لە چل ئەفسەر، کە لە هەمان فەیلەق بوون، لە سێدارە دران. ولید سيرت/٥٣(kitabat.com)

دیكەوە، ڕێكخراوی حزبی بەعس لە شەنگال، هەڵسا بە دانانی پرسە بۆ شەهیدی قایمقام و بە هەزاران هاووڵاتی لە هۆزە عەرەبی و كوردانی یەزیدی، سەردانی فەلووجەیان كرد و دروشمیان بەرزكردبووەوە سەركۆنەی ئەم كردەوە نامرۆییەیان كرد و داوایان كرد، ئەنجامدەرانی ئەو تاوانانە بە توندترین شێوە سزا بدرێن"[١].

سەركردایەتی شۆڕشی كوردیش، بەرامبەر بەو تۆمەتباركردنە بێدەنگ نەبوون، ڕۆژنامەی (التآخي) لە ژمارەی ڕۆژی ٨ی تەمموزی ساڵی ١٩٧٣، برووسكەیەكی بارزانی بڵاوكردەوە. كە بۆ سەركۆماری عێراق لێدراوە، تیایدا بێئاگایی خۆی لە ڕووداوەكەی شەنگال دەربڕیوە و ئامادەیی هەموو چەشنە هاوكارییەكی لەگەڵ حكوومەت بۆ دۆزینەوەی تاوانباران و ئەنجامدەرانی كارەكە دەربڕیوە[٢].

حزبی بەعس لە سیاسەتە دووفاقییەكەیدا، هێشتا خۆی بە دۆست و هاوپەیمانی پارتی دیموكراتی كوردستان دەزانی. لە سەرێك تۆمەتباری دەكرد بە ئەنجامدانی كاری تێكدەرانە و ئاژاوەگێڕی، لە سەرێكی دیكەوە، لە ڕێگای ڕۆژنامەكانی زمانحاڵییەوە، چالاكییەكانی پارتەكەی بڵاودەكردەوە. ڕۆژنامەی (الجمهورية)، لە ژمارەی ٦ی تەمموزی ساڵی ١٩٧٢، واتە سێ ڕۆژ دوای تۆمەتباركردنی پارتی بە ڕووداوەكەی شەنگال، هەواڵی گرێدانی كۆنگرەی دامەزراندنی یەكێتی لاوانی دیموكراتی كوردستانی سەر بە پارتی دیموكراتی كوردستان بڵاوكردەوە و نووسیویەتی:

"لە ژێر چاودێری ئەحمەد حەسەن بەكری سەركۆمار، لە ڕۆژانی ٨ و ٩ ی ئەم مانگە، كۆنگرەی دامەزراندنی یەكێتی لاوانی دیموكراتی كوردستان لە هاوینەهەواری شەقڵاوە بەڕێوە دەچێت. یەكێتییەكە لق لە مەڵبەندی ئەو پارێزگایانە دەكاتەوە، كە لاوانی كوردی لێیە. بەڕێز عەبدولكەریم مراد[٣]، سەرۆكی یەكێتییەكە ڕایگەیاند، یەكێتی لاوان چالاكییەكانی

(١) الجمهورية، ع(١٤٣٤)، ١٩٧٢/٧/٥.

(٢) احسان شيرزاد، المصدر السابق، ص٥٣٧.

(٣) سەربەست بامەڕنی كە ئەوسا ئەندامی كۆنگرەكە بووە، ئاماژە بە ناوی كەسێك دەكات كە ناوی (عەبدولوەهاب) بووە و دەڵێت: بەر لە بەستنی كۆنگرە ئەم پیاوە، كە سەر بە حزبی بەعس بوو، دەسەڵاتی تەواوی بەسەر ڕێكخراوەكە هەبوو. لە سەرەتای بەستنی كۆنگرە داوامان كرد، ئەو كەسە دەربكرێت. ئەوسا ئەنوەر عەبدوڵڵا بە سەرۆكی یەكێتییەكە هەڵبژێردرا. في ذكرى تأسيس اتحاد الشبيبة الديموقراطي الكوردستاني(kdp.info)

یەکێتییەکە درێژە پێدەدات، لەپێناو بەدیهێنانی مافە نەتەوەییەکان لە نێوانیاندا ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان لە چوارچێوەی یەکێتی خاکی عێراق. یەکێتییەکە زۆر بە جددی کاردەکات و چالاکی ئەنجام دەدات. لە پێناو برایەتیی نیشتیمانی لە نێوان لاوانی عێراق، لەسەر خاکی نیشتیمانی یەکگرتووی هاوبەش. هەروەها بەڕێز مراد ڕایگەیاند، یەکێتییەکەیان لەگەڵ سەرجەم هێزە نیشتیمانییەکان لە ڕیزی بەرگری لە کۆمار دژی ئیمپریالیزم دەوەستێت"[١].

لە ڕۆژی ١١ی تەممووزیشدا، ڕاپۆرتێکی سەبارەت بە ڕێوڕەسمی ناشتنی تەرمی نافیز جەلال وەزیری کشتوکاڵ بڵاوکردووەتەوە کە بە ڕووداوی هاتووچۆ، لە ١٠ی تەممووزی ساڵی ١٩٧٢، گیانی لە دەستدا. نافیز جەلال لە ئەندامانی لێژنەی لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکەی شەنگال بوو. لەم ڕاپۆرتەدا، ئەم ئەندامە باڵایەی پارتی، بە کەسێکی دڵسۆز و کەسایەتییێکی خۆشەویست دەناسێنێت و نووسیویەتی:

"ئێوارەی دوێنێ، بەڕێز نافیز جەلال، وەزیری کشتوکاڵ، بەهۆی ڕووداوی هاتووچۆ گیانی لە دەستدا. هەرچەندە پزیشکان هەوڵی زۆریان دا، بۆ چارەسەرکردنی، بەڵام بێهودە بوو. لە کاتژمێر پێنجی ئێوارە، لە ڕێوڕەسمێکدا، بە ئامادەبوونی بەرپرسان و ئەندامانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و وەزیران و بریکار و سەرۆکی ئەرکانی سوپا و بەڕێوەبەری گشتی پۆلیس و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان، ڕێوڕەسمی بە خاکسپاردنەکەی ئەنجام درا. لە ڕێوڕەسمەکەدا چەند ماتۆڕسکیلێک بەدوای تەرمەکەدا دەڕۆیشتن، هەروەها تیپی مۆسیقای سەربازیش ئامادەبوون، ئاڵای عێراقیش بەسەر تەرمەکەدا دانرابوو. ئەنجوومەنی هاوکاری و ئاشتی، هاوخەمی خۆی دەربڕی و ڕایگەیاند: بە داخێکی زۆوە ئەنجوومەنی هاوکاری و ئاشتی، هاوخەمی خۆی بۆ کۆچکردوو نافیز جەلال وەزیری کشتوکاڵ و ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان و لێژنەی ئاشتەوایی جیهانی دەردەبڕێت کە بەهۆی ڕووداوی هاتووچۆ گیانی لەدەستدا. بەڕێزیان کەسێکی دڵسۆز و نیشتیمانی و کەسایەتییێکی خۆشەویست بوو. بەو بۆنەیەوە ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش، هاوخەمی بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان و لایەنگرانی ئەنجوومەن و کەسوکار و هاوڕێیانی خوالێخۆشبوو دەنێرێت و هیوای سەبر و ئارامیان بۆ دەخوازێت"[٢].

(١) الجمهورية، ع(١٤٣٥)، ١٩٧٢/٧/٦.

(٢) الجمهورية، ع(١٤٣٩)، ١٩٧٢/٧/١١.

لە سەرێکی دیکەوە، هەر لە مانگی تەمموزەوە، ڕۆژنامە عێراقییەکانی زمانحاڵی بەعس، دەستیان بە هێرشکردن بۆ سەر شۆڕشی کورد کردبوو، ئەمەش دوای ئەوە دێت، کە ڕۆژنامەی (التآخي) زمانحاڵی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە شاری بەغداد، هەموو ئەو پێشێلکاری و پیلانانەی حزبی بەعسی دەسەڵاتداریان سەرکۆنە دەکرد، کە دژ بە کورد و سەرکردایەتی شۆڕشەکەی ئەنجامیان دەدا. لەوانە ڕۆژنامەی (التاخی) لە ڕێکەوتی ١٩٧٢/٢٠/٧ دا، وتارێکی بڵاوکردووەتەوە، کە تیایدا پیلانێکی ئاشکرا کردووە کە ئامانجی لەناوبردنی ژیانی بارزانی بوو کە لە ڕێکەوتی ١٥ی تەمموزی ساڵی ١٩٧٢، لە ناوچەی دەربەندی قەزای چۆمان ئەنجام دراوە. کەسێک بە ناوی ئاژانسی هەواڵی عێراقی سەردانی ناوچەکەی کردووە، داوای دیداری بارزانی کردووە، تاکو هەندێک لێدوانی بۆ ئاژانسەکە لێ وەربگرێت، بەڵام ئەو کەسە لەلایەن دەزگای ئاسایشی پارتی دیموکراتی کوردستان، کە ئەرکی پاراستنی ئارامی ناوچەکەی لە ئەستۆدا بووە، ئاشکرا کراوە. ڕۆژنامەی (التاخی) نووسیویەتی: "لە ئەنجامی لێکۆڵینەوە و پشکنین، دەرکەوتووە، ئەو کەسە، دوو جانتای هەڵگرتووە. یەکەمیان چەند کاغەز و کەلوپەلی نووسینی تێدا بووە، کە بەزۆری ڕۆژنامەنووسان بەکاری دەهێنن. سەبارەت بە جانتای دووەم، دوو کیلۆگرام تەقەمەنی (تی ئێن تی) تێدابووە، کە بە شێوەیەکی تەکنیکی بە بنی کیسەکەوە بەسترابوو. گومانی تێدا نییە حکوومەتی عێراق لە پشت هەموو ئەو هەوڵانەوە بووە، کە ویستوویانە بارزانی لەناو ببەن، چونکە ئەوان، بارزانی، بە کۆسپ لە بەردەم ئامانجەکانیان دادەنێن. پاشان بابەتەکە وردەکاری زیاتری نووسیوە: "تۆمەتبارەکە دانی پێداناوە کە ئەم بەرپرسانە لە بەرامبەر ئەم کارە تاوانکارییەدا، بڕە پارەیەکی خەیاڵیان پێشکەشی کردووە، هەروەها ڕوونی کردەوە کە لە بەغدا ڕاهێنانی ورد و بەردەوامی لەسەر چۆنییەتی ئەنجامدانی پلانەکە کردووە". (التاخی) هۆشداری دا، لە ڕێبازی حکوومەتی عێراق بەرامبەر بزووتنەوەی کوردی و سەرکردایەتییەکەی کە مستەفا بارزانی ڕێبەرایەتی دەکات، داواشی لێدەکات ئەو ئۆپەراسیۆنانە بخاتە بەردەم ڕای گشتی شەقامی عێراقی و نێودەوڵەتی، بۆئەوەی شەقامی عێراقی لەو پیلانگێڕییانەدا ئاگادار بکرێتەوە کە ڕوودەدەن کە لە ڕاستیدا هۆکارێکی سەرەکین بۆ ئاڵۆزبوونی پەیوەندییەکانی نێوان حکوومەتی عێراق و بزووتنەوەی کورد[١].

(١) التأخي، ع(١٠٨٩)، ١٩٧٢/٧/٢٠؛ صبرية جرجيس ئيمنيکی، المصدر السابق، ص١٧٥.

لە بەرامبەردا، ڕۆژنامەی (الجمهورية) لە ژمارەی ڕۆژی ٢١ی تەمموزی ساڵی ١٩٧٢، ڕەخنەی لە وتارێکی ڕۆژنامەی (التآخي) گرتووە. کە پەنجەی تۆمەتی بۆ دەزگای ئەمنی عێراقی ڕەوانە کردووە. بەوەی کە ڕۆڵی هەبووە، لە هەوڵدان بۆ تیرۆرکردنی مستەفا بارزانی سەرکردەی شۆڕشی کورد. ڕۆژنامەکە نووسیویەتی:

"ڕۆژنامەی (التآخي) زمانحاڵی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە ڕۆژی پێنجشەممە، ٢٠ی تەمموزی ساڵی ١٩٧٢، لێدوانێکی وتەبێژی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستانی بڵاوکردووەتەوە. گوایە ئەوان پیلانێکیان بۆ سەر ژیانی بارزانی ئاشکرا کردووە کە لە ڕۆژی ١٥ی تەمموزی ساڵی ١٩٧٢ ئەنجام دراوە. کەسێک بەناوی پەیامنێری (واع) بەم کارە هەڵساوە و دانی پێداناوە کە ئەم کارەی بە ڕێنمایی چەند گەورە بەرپرسێکی بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی گشتی ئەنجام داوە. ئەو بەرپرسەی پارتی داوایکردووە، کە ڕۆژنامەکان و پارتە سیاسییەکان، سەردانی ناوچەکە بکەن بۆ لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکە. وەزارەتی ناوخۆ دوای بڵاوکردنەوەی ئەو لێدوانە، تووشی بارێکی لەناکاو هات، لە کاتێکدا، بەر لەوەی زمانحاڵی ئەو حزبە، کە ڕۆژنامەی (التآخي)یە، بابەتەکە بڵاوبکاتەوە، دوای تێپەڕبوونی پێنج ڕۆژ بەسەر ڕووداوەکە، وەزارەت هەموو دەزگا ئەمنییەکانی دەوڵەتی لەم ڕووداوە ئاگادارکردبووەوە و ئیدانەی هەر پیلانێکی کرد، کە ژیانی هاووڵاتییان بخاتە بەر مەترسی. بەتایبەت ئەو پیلانەی کە ئامانجی لێکترازانی یەکێتی وڵاتمان بێت، هەروەها هەوڵ بدات ڕێککەوتننامەی ١١ی ئادار لەناو بەرێت، لە ڕێگای دژایەتیکردن و هەڕەشە بۆ سەر ژیانی سەرۆکی پارتیی هاوپەیمان بەڕێز مستەفا بارزانی. بۆیە ئێمە لەم هەڵوێستە ڕۆژنامەوانییە نیگەرانین، کە بەبێ ئاگادارکردنەوەی پێشوەختە، بابەتێکی لەم شێوەیە دەوروژێنێت. ئەمە خزمەت بە بەرژەوەندی نیشتیمانی ناکات، بەڵکو بەربەست لە بەردەم گەیشتن بە ڕاستییەکان و سزادانی پیلانگێڕان دروست دەکات. وەزارەت پەیوەندی ئەم پیلانە بە دەزگاکانی ئاسایش ڕەت دەکاتەوە کە ئەم تۆمەتە بە شێوەیەکی هەڕەمەکی ئاراستەی دەزگای ئەمنی وڵات کراوە، ئەمە بە دەستبردن بۆ سەر شکۆی دەوڵەت و دەزگاکانی ئاسایش لێکدەدرێتەوە، لە کاتێکدا دەڵێت، چەند بەرپرسێکی ئەمنی بێ ئەوەی ناویان ببات، ئەوانە کێن، ئەمەش لە کاتێکدایە، کە وڵاتمان لە شەڕێکی گەورەدایە، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەوانەی قۆرخی کەرتی نەوتی وڵاتییان کردووە، وەزارەتی ناوخۆ، داوا لە ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش دەکات، لێژنەیەک بۆ لێکۆڵینەوە لەو بابەتە، لەسەر ئاستی سیاسی و دادوەری، بە نوێنەرایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان و پارتەکانی دیکە پێکبهێنێت.

سەبارەت بەو بابەتەی کە ڕۆژنامەی (التآخي) وروژاندوویەتی، ئەم بابەتە ڕەوانەی دادگا بکرێت و لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت"[١].

جێگای باسکردنە، حزبی بەعس، وێڕای ئەو بەرگرییە سەختەی کە لە دەزگا ئەمنییەکانی دەیکرد کە چی ساڵێک دوای بڵاوبوونەوەی ئەو وتارە، لە تەمموزی ساڵی ١٩٧٣، نازم گزار[٢] بەڕێوەبەری گشتی ئەمن، لە کاتی دادگاییکردنەکەیدا، دانی بەوە دانا، کە ئەو خۆی پیلانی تیرۆرکردنی بارزانی دارشتووە و کەسی دیکە ئاگادار نەبووە، ئەو شێوە دانپێدانانەش لەژێر پاڵپەستۆی کاربەدەستانی بەغدا بوو، بۆئەوەی کێشەکە بخەنە ناو چوارچێوەی پرسی شەخسییەوە[٣].

ڕۆژنامەی (الثورة)، هەر لە مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٧٢ وەوە، هێرش و پەلامارەکانی بۆ سەر شۆڕشی کورد دەستپێکرد. زنجیرەیەک وتاری بڵاوکردەوە، کە هەمووی هەوڵدان بوو، بۆ بەدناوکردنی شۆڕشی کورد و چواندنی بە بزووتنەوەیەکی گێرەشێوێن و تێکدەر و شەڕانگێز. لە ژمارەی ڕۆژی ١٧ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٧٢ ئەم وتارەی بڵاوکردووەتەوە:

"لە میانەی گفتوگۆکانی نێوان نوێنەرانی حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتیراکی و پارتی دیموکراتی کوردستان، بۆ لێکۆڵینەوە لەو کێشە و گرفتانەی بوونەتە ئاستەنگ لە ڕێگای چارەسەری ئاشتییانە و دیموکراسییانەی پرسی کورد و پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو حزب، کە زۆر بە ڕاشکاوی و ڕوونی بەڕێوەچوونە. ئەمەش یارمەتیدەرە بۆ سەرخستنی ئەم گفتوگۆیانە و گەیاندنی بەو ئاستە جددییەی کە سرووشتی ئەزموونەکە پێویستی پێیەتی. ئێمە سەرکەوتنی ئەو گفتوگۆیانە لەوەدا دەبینین کە سەیرێکی ڕابردووی خۆمان بکەین، ئەو مەترسییانە ببینین کە ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستان بۆ سەر نیشتیمان و گەلی تێکۆشەرمان

(١) الجمهورية، ع(١٤٤٨)، ١٩٧٢/٧/٢١.

(٢) نازم گزار ئەلعیساوی (١٩٤٠/بەغدا-١٩٧٣/بەغدا)، لە پزیشکی خوێندوویەتی، بەڵام بەهۆی کاری سیاسی تەواوی نەکردووە. پاشان ئەندازیاری کارەبای خوێندووە. کادیرێکی دڵسۆزی حزبی بەعس بووە و دوای کودەتای ١٧ی تەمموز، بووەتە بەڕێوەبەری گشتی ئەمن و بەڕێوەبەری ئەمنی بەغدا، ئەوکاتە زۆر لەو کەسانەی دەستگیردەکران، لەلایەن گزارەوە، لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا دەکرا. لە تەمموزی ساڵی ١٩٧٣ بە تۆمەتی هەوڵی کودەتا و پیلانی کوشتنی ئەحمەد حەسەن بەکر و سەدام حوسێن دەستگیرکرا و دوای دوو ڕۆژ لە ئەشکەنجەدان، گوللەباران کرا. بڕوانە: سيف الدين الدوري، المصدر السابق.

(٣) فەرەیدوون عەبدولڕەحیم، سەرچاوەی پێشوو، ل٢١٨.

دروستیان کـردووە. بەرپرسـیارێتییەکان کە دەکەونە سـەر شـانی ئەو دوو حـزبە، بـۆئەوەی جەماوەر لە ڕاستییەکان ئاگادار بکەنەوە. تـاکو جەمـاوەر بتوانێـت ئاگـاداری تەواوی لەسـەر ئەم بابەتانە هەبێت و ڕۆڵی خۆیان تێدا بگێڕن، بە مەبەستی پاراستنی ئاشتی و بەهێزکردنـی یەکێتی نەتەوەیی و پاراستنی دەستکەوتە پێشکەوتووخواز و دیموکراسییەکان. بە مەزەنـدەی ئێمە، قسەکردن لەسەر پرسی کـورد کەڵکـی زۆری هەیە و لە هەمـوو بـارودۆخ و بۆنەیەکـدا پێویستە، جا کەشوهەوا لەبار یان نالەبار بێت. پرسـی کـورد یەکێـک بـوو لە دیـارترین پرسـە نەتەوەییەکانمان و ئێستاش هەروایە، پێویسـتی بە گرنگیـدانی بەردەوام و لێکـۆڵینەوە هەیە. سرووشتی کێشـەکەی و ئەو بـارودۆخەی تێیـدایە، لە پـێش و دوای ڕێککەوتنـی ١١ی ئـادار، پێویستی بە چاودێری زیاتر لەمانە هەیە. ئێمە لێـرەدا دان بەوەدا دەنێـین، کە لەم مـاوەیەی تێپەڕیـوە، واتە لەدوای دەرچـوونی ڕێککەوتننـامەی مـانگی ئـادارەوە، تـا ئەمـڕۆ، کێشـە و کەموکوڕییەکانمـان، تـا ئەو ڕادەیەی پێویسـتە، بە وردی نەخسـتووەتە بەربـاس، لەوەی کە جەماوەر چاوەڕێی دەکات و پێداگری لەسەر دەکات. بەڵام لە ئەمڕۆوە، پێویستە هۆکارەکـان ڕوون بکرێتەوە، کە پاڵنەر بوون، بۆئەوەی هەڵوێستێکی لەو شێوەیە بگرینەبەر. لە سـۆنگەی پێویستی قسەکردن لەو بـابەتە و ئاشـکراکردنی ڕاشـکاوانەی پرسـەکان، جەمـاوەر، دەکەیـنە سـەنگی مەحەک بـۆئەوەی لە یەکەمەوە تـا کۆتـایی، نـاوبژیوانی لە دۆخەکەدا بـکەن.
هەرچەندە، پێش ڕاگەیاندنی ڕێککەوتننامەی ١١ی ئادار، دەرگای گفتوگـۆ و مشـتومڕ لەسـەر پرسی کورد بە فراوانـی و ڕاشـکاوانە بـۆ ڕۆژنامەکـان خـراونەتە ڕوو و خسـتوومانەتە بەردەم جەمـاوەر، کە چ شـتێک لە ڕێگـای چارەسـەری ئاشـتییانە و دیموکراسـییانەی پرسـی کـورد گرتـووە؟ ئاسـتەنگەکان و ئەوەی لە دیـالۆگی نێـوان ئـێمە و پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان گەنگەشە کراوە، پرسەکان لەم مـاوەیە درێـژەدا گەیشـتووینەتە کـوێ؟ ئـێمە بە ڕەچـاوکردنی بــارودۆخی تــایبەتەوە، بە سـەبر و حـیکمەت و هەناسـەیەکی درێـژەوە مـامەڵە لەگەڵ دۆخەکەدا دەکەیـن. پرسـی کـورد و ئاڵۆزییەکـانی، پێویسـتی بە گۆشـەنیگایەکی تـایبەت و مــامەڵەیەکی تــایبەتی هەیە. بەڵام زۆرجــار وروژانــدنی هەنــدێک بــابەت لە لاپەڕەی ڕۆژنامەکانـدا، سـەرەڕای گرنگـی وروژانـدنی، لە زۆر کاتـدا دەبێـتە هـۆی سەرلێشـێواندن و ئاڵۆزکردنی شتەکان و تێکدانی ئەو هەوڵە باشانەی کە دەدرێن بۆ گەیشـتن بە چارەسـەرێکی ئاشتییانە و دیموکراسییانە. ئێمە ڕاشکاوانە دەیڵێین، دوای دوو ساڵ و نیو تێپەڕبـوون بەسـەر ڕاگەیاندنی ڕێککەوتننامەی ئادار، سەلمێنرا کە پابەندبوون بە ڕێککەوتنەکە یەکلایەنانە بـووە، تەنیا حزبی بەعسی عەرەبـی ئیشـتیراکی، پێـی پابەنـد بـووە. بۆنمـوونە ڕۆژنـامەی (التـاخي)

زمانحاڵی پارتی دیموکراتی کوردستان، زیاتر ئەو بابەتانە دەوروژێنێت، کە نەرێنین و کێشە دەنێتەوە. هەروەها سەرجەم بڵاوکراوەکانی دیکەی پارتی دیموکراتی کوردستان بەم شێوەیە مامەڵەیان لەگەڵ پرسەکاندا کردووە. لەلایەکی دیکەوە ڕاگەیاندنەکانی دەرەوەی وڵات، تا ئێستا بەردەوامن لەسەر وروژاندنی ئەو کێشانەی پەیوەستن بە نەتەوەی کورد، بەشێک لەوانە لێدوانیان لە سەرکردەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان وەرگرتووە، هەموو ئەوانە ئەگەر لە سەرچاوەی ڕاست یان ناڕاست وەرگیرابن، هیچیان گوزارشت لە حزبی بەعس ناکەن، لە کاتێکدا هەموو ئەو لێدوانانە دەبنە هۆکاری دڵەڕاوکێ و دروستکردنی ئاڵۆزی لای جەماوەر. ئێمەش دوای ئەم ئەزموونە پێمان وایە، ڕوونکردنەوەی ڕاستییەکان، لەم دڵەڕاوکێیە کەم دەکاتەوە، لە سۆنگەی باوەڕبوونمان بە چارەسەری ئاشتییانە و دیموکراسییانەی کێشەی کورد و چارەسەری سەرجەم کێشەکانی دیکە و یەکێتی نیشتیمانی، ئێمە بۆچوونەکانمان لەسەر کێشەی کورد، بە شێوەیەکی جەوهەری لەسەر ئەو خاڵانە بنیات ناوە:

١. باوەڕی تەواو بە مافەکانی گەلی کورد، لە چوارچێوەی کۆماری عێراق و برایەتی نێوان کورد و عەرەب.

٢. باوەڕی ڕەها بە دەقی ڕێککەوتننامەی ئادار و پابەندبوون پێیوە، لە هەموو بارودۆخێکدا.

٣. پابەندبوونی تەواو بە لێکتێگەیشتن و هاوکاری لە نێوان حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتیراکی و پارتی دیموکراتی کوردستان، لە چوارچێوەی کاری نیشتیمانی هاوبەش.

ئەوانە ئەو بنەمایانەن، کە لە هەموو کاتێکدا، ڕێگاکانمان بۆ ڕۆشن دەکەنەوە، لانی کەم نیازێکی ئەرێنیانە دەردەخەن. لە لای خۆمانەوە تەنیا جەخت لە ئەرێنیی نیازەکانمان ناکەینەوە، بەڵکو هەر بۆچوونێک کە دەیخەینەڕوو، پێویستە هەوڵێک بێت بۆ لێکۆڵینەوە و گفتوگۆ. هەروەها ئامادەیی هەمیشەییمان پیشان دەدەین، بۆ ڕاستکردنەوەی هەر هەڵەیەک لە بۆچوون یان لە جێبەجێکردنیدا، لە پێناو بەرژەوەندی گشتی و پرسەکانی وڵات و گەلە تێکۆشەرەکەی"[1].

هەمان ڕۆژنامە، لە ژمارەی ١٨ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٧٢، پوختەی هەڵوێستی حزبی بەعسی دەربارەی ڕێککەوتننامەی ئادار دیاری کردووە و نووسیویەتی:

(١) منشورات الثورة، لكي يصان السلام ...، ص١١-١٤.

"ماوەی دوو ساڵ و نیو بەسەر ڕاگەیاندنی ڕێککەوتننامەی ئادار تێپەڕیوە، ئەم بابەتە بووەتە جێگەی مشتومڕی نەک عێراق بە تەنیا، بەڵکو، جیهان بە گشتی، بۆیە ئێمە بە پێویستی دەزانین بپرسین ڕێککەوتننامەی ١١ی ئادار چیە؟ ئەمەش مانای ئەوە نییە، کە ئەم بەیانە لێڵی و ناڕوونی تێدایە و پێویستی بە لێکدانەوەی تازە هەیە. نەخێر بەڵکو مەبەست لەو پرسیارە، دیاریکردنی پێوەرە بنەڕەتییەکانییەتی، تاکو هەموومان وەک ڕێبەرێک بگەڕێینەوە سەری، هەر ئەمەش بنەمای گفتوگۆکانمان بووە، لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان، لە ساتی بەر لە دەرکردنی بەیاننامەکەدا. ئەمەش پوختەی تێگەیشتنە لە بەیاننامەکەدا: ڕێککەوتننامەی ئادار بەڵگەنامەیەکی سیاسییە، کە دەسەڵاتی شۆڕشگێڕی پابەند دەکات، بە هێنانەدی مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد. کە ئۆتۆنۆمی لە چوارچێوەی عێراق، یەکێکە لەمانە. هەروەها بەشداری گەلی کوردە لە سەرجەم کاروبارەکانی وڵات، بە شێوەیەکی یەکسان و بە تەواوەتی، ئەمە لە سەرێک، لە سەرێکی دیکەوە، جووڵانەوەی چەکداری کوردی و پارتی دیموکراتی کوردستان، بە سەرۆکایەتی بەڕێز مستەفا بارزانی، پابەندی بەیاننامەکە و کۆتایی هێنانن بە بارودۆخی پێش ڕاگەیاندنی بەیاننامەکە و کارکردن بۆ یەکێتی وڵات و دامەزراوە دەستووری و یاساییەکان لەسەر بنەمای هاوپەیمانێتی نێوان حزبی بەعس و پارتی دیموکراتی کوردستان و گفتوگۆی نێوانیان، لە دوای ڕاگەیاندنی بەیاننامەکە، ڕاستەوخۆ دوای ١١ی ئاداری ساڵی ١٩٧٠، سەرکردایەتی جووڵانەوەی کورد و پارتی دیموکراتی کوردستان، ڕاشکاوانە ڕایانگەیاند، کە ئەوان پشتگیری لێ دەکەن و بە ناوەرۆکەکەی پابەندن"[(١)].

هەر ڕۆژنامەی (الثورة)، هەر لە ژمارەی ١٩ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٧٢، بابەتێکی دیکەی سەبارەت بە سرووشتی پەیوەندییەکانی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبی بەعس بڵاوکردووەتەوە و تیایدا هاتووە:

"یەکێک لەو خاڵە گرنگانەی لە ڕێککەوتنی مانگی ئاداردا هاتووە و چارەسەری ئاشتیخوازانە و دیموکراسییانەی بۆ پرسی کورد، داناوە، بابەتی پەیوەندی نێوان حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتیراکی و پارتی دیموکراتی کوردستانە، کە لە کاتی ڕاگەیاندنی ڕێککەوتنەکە وەک (هاوپەیمانی) ناوی هاتووە. مانەوەی پەیوەندی لە نێوان ئەو دوو حزبەدا کارێکی سرووشتییە و زۆر هۆکار کاری لێدەکەن. حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتیراکی،

(١) المصدر نفسه، ص١٧.

ئەو حزبەیە كە سەركردایەتی دەسەڵاتی سیاسی دەكات، لەسەر بنەمای ئەو بڕیارانەی كە لە كۆنفرانسە نەتەوەیی و هەرێمییەكان دەجووڵێندرێت، بەرەو چارەسەری ئاشتییانە و دیموكراسییانەی پرسی كورد. لە لایەكی دیكەوە پارتی دیموكراتی كوردستان بە هێزی سەرەكی لە بزووتنەوەی چەكداری كورد دادەنرێت، كە لەلایەن بەڕێز مستەفا بارزانییەوە، سەرۆكایەتی دەكرێت. دیالۆگەكە بەمەبەستی چارەسەركردنی كێشەی كورد لە نێوان هەردوو حزبدا ئەنجامدراوە. لەبەرچاوی جەماوەر و هەموو خەڵكدا بەرپرسیارێتی هەڵدەگرن بۆ جێبەجێكردن و پاراستنی ڕێككەوتننامەكە. هەروەها پەیوەندیی پتەوی نێوان ئەو دوو حزبە، هەنگاوێكی گرنگە بە ئاراستەی دامەزراندنی بەرەیەكی نیشتیمانی لە وڵاتدا. ئەمە ئەو بەرەیەیە كە حزبی بەعس، بڕوای ڤ ۆڵی پێ هەیە و بە پەرۆشەوە كار بۆ دروستكردنی دەكات و پارتی دیموكراتی كوردستانیش بە هەمان شێوە بانگەشەی بۆ دەكات، بەڵام هاوپەیمانی نێوان حزبی بەعس و پارتی دیموكراتی كوردستان، مانای چیە؟ ئەو پێوەرە بنەڕەتیانە چین كە بەڕێوەی دەبەن؟ سنوورەكانی چین؟ ڕۆڵی ئەو هاوپەیمانێتییە لە بەرەی نیشتیمانی و پێشكەوتنخوازی نەتەوەییدا چیە؟ ئەم پرسیارانە لە میانەی ئەو گفتوگۆیانە وروژێنران، كە لە پێش ڕاگەیاندنی ڕێككەوتننامەی ئادار، لە نێوان هەردوو لایەندا ئەنجام دراون. بەڵام ئێمە، دان بەوەدا دەنێین، كە تا ئێستا بە وردی لێكۆڵینەوەی لەسەر نەكراوە، ڕێككەوتنیشی لەسەر نەكراوە، زیاتر لە نێو كەشوهەوایەكی حەماسیدا، خولاوەتەوە. هەر ئەمە ڕۆڵی خۆی لە نەگەیشتن بە ڕێككەوتنێكی دیاریكراو لەسەر ئەو بابەتەدا گێڕاوە. لە كاتێكدا باڵادەستبوونی متمانە و كاری هاوبەش و چارەسەری ئاشتییانە و دیموكراسییانە، گەرەنتی زیاتری لێكتێگەیشتن و دیاریكردنییەتی. ماوەی زیاتر لە دوو ساڵ و نیوە، پەیوەندی نێوان ئەو دوو حزبە، كە بە (هاوپەیمانی) ناودەبرا، بە قۆناغی جیاوازدا تێپەڕیوە، لە هەندێك كاتدا پەیوەندییەكانیان سوودبەخش و بەرهەمدار بووە. بەڵام-لە زۆر كاتیشدا- ناكۆكی هەبووە، كە هەندێكجار گەیشتووەتە پلەیەكی توند و متمانەی نێوانیان لاواز بووە، ئەمەش ناچاری كردووین، لەپێناو بەرژەوەندی وڵات، بناغەیەكی پتەو بۆ پەیوەندی نێوانمان دابنێین. هەرچەندە ئێمە بەرگەی گەلێك دۆخی ترسناكمان گرتووە، كە وڵات پێیدا تێپەڕیوە، بەم بەرگەگرتنە، خۆمان و جەماوەرەكەشمان هەڵخەڵەتاندووە. بۆ ئێمە پرسگەلێكی بنەڕەتی هەن، كە لە پەیوەندی نێوان حزبی بەعسی عەرەبی و پارتی دیموكراتی كوردستان، ڕوون و ئاشكرا دەردەكەوێت، ئێمە چەندین جار ئەوانەمان بۆ پارتی دیموكراتی كوردستان ڕوون كردووەتەوە. ئەم پرسانە بریتین لە:

١. حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتیراکی حزبێکی سیاسییە، وەک حزبەکانی دیکە، بەڵام، ئەو حزبە، سەرکردایەتی دەسەڵاتی سیاسی وڵاتی بە دەستەوەیە، لە هەموو دنیا وایە، ئەو حزبەی وڵات بەڕێوەدەبا، تەنیا لە بەرپرسیارێتی حزبەکەیدا قەتیس نابێت. بەڵکو چالاکی و پەیوەندییەکانی، جەماوەر و لایەنگرانی خۆی تێدەپەڕێنێت، بۆ ئاستی نیشتیمانی. بە واتایەکی دیکە، ئەو حزبەی وڵات بەڕێوە دەبات، بەرپرسیارە، لە هەموو هاووڵاتییان، بەبێ گوێدانە نەتەوە، تائیفە، چینایەتی، هەروەها بەرپرسیارن لە هەموو پرسە نەتەوەییەکان. بەبێ گوێدانە، سرووشتی ڕێکخستنی ئەو حزبە.

٢. بە پشتبەستن بە خاڵی یەکەم، حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتیراکی، کە سەرکردایەتی دەسەڵاتی سیاسی دەکات لە وڵاتدا، بە پابەندبوونی بە هاوپەیمانی لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان و پێزانینی خۆی بۆ ڕۆڵ و پێگەی ئەم حزبە لەنێو کورد، دیار دەکات، بەپێی بەرپرسیارێتیی نەتەوەیی خۆی، بەڵام بەعس ناتوانێت تەسلیمی دەسەڵاتی ڕەهای پارتی دیموکراتی کوردستان بەسەر هاووڵاتییانی کورد لە ڕووی هزری، سیاسی و ڕێکخراوەییەوە بێت، ڕادەی نوێنەرایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ گەلی کوردستان بە ئیرادەی ئازاد دیار دەکرێت.

٣. حزبی بەعسی عەرەبی، بەپێی ئەو بەرپرسیارێتییەی لەسەر شانییەتی، پاراستن و چاودێری یاسایی بۆ هەر هاووڵاتییەکی کورد، بەبێ گوێدانە سرووشتی پەیوەندییەکەی لەگەڵ حزبدا، بە ئەرکی خۆی دەزانێت. ئەمەش بە ڕەچاوکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان دەبێت. ناکۆکییەکانی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و دەستە و کۆمەڵە کوردییەکانی دیکە، پرسێکە پەیوەندی بە هەردوولا هەیە، بەڵام دەسەڵات ڕاستەوخۆ بەرپرسیارە لە دەستێوەردان لە هەر ناکۆکییەکدا، کە سرووشتی شەڕی چەکداری و تێکدانی ئاسایش و شکاندنی یاساکان دەگرێتە ئەستۆ. پابەندە بە چارەسەرکردنی بەپێی یاسا و داب و نەریتە کارپێکراوەکان. هاوپەیمانی نێوان حزبی بەعس و پارتی بەستراوەتەوە بە پاراستنی شۆڕشگێڕانەی بەیاننامەکە و دەستکەوتەکانی"[1].

لە ژمارەی ڕۆژی ١٦ی تشرینی دووەمیشدا، ئەم بابەتەی بڵاوکردووەتەوە، کە تیایدا بانگەوازی هێزە نیشتیمانییەکان دەکات، بۆ کۆبوونەوە و سازدانی سمینار بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد و نووسیویەتی:

(١) المصدر نفسه، ص٢٧-٣٥.

"پرسی کورد یەکێکە لە پرسە سەرەکییەکان، کە ڕووبەڕووی بزووتنەوەی نەتەوەیی لە عێراق بووەتەوە و پەیوەندیدارە بە خەباتی ڕزگاریخوازی و پێشکەوتنخوازانە و دیموکراتیزەکردنی گەلەکەمان و بەرژەوەندییە نەتەوەییە بنەڕەتییەکانی کە لە زۆر ڕووەوە لەگەڵ خەباتی گەلی عەرەبی دژی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و کۆنەپەرستی، بەیەکەوە گرێدراون. ڕێبازی پارتەکەمان بۆ چارەسەرکردنی ئەم پرسە، لەگەڵ سەرهەڵدانی شۆڕشی ١٧ی تەممووز، دەستپێدەکات. تا ئەمڕۆ خەبات دەکات بۆ گەیشتن بە ڕزگاری و دیموکراسی و پێشکەوتنخوازی و خەبات بۆ پرسە بنەڕەتییەکانی عەرەبی، بەتایبەتی خەبات لەدژی دوژمنی زایۆنی و هاوپەیمانەکانی لە ئیمپریالیست و کۆنەپەرستان. ئەم پرسە چەند پرسێکی بنەڕەتی دیکەی هەیە، بەتایبەت بەرەی پێشکەوتنخوازی نیشتیمانی، پێویستی بە بڕێکی دیاریکراو لە کات هەبووە بۆئەوەی بە شێوەیەکی کرداریی تێیپەڕێنێت. شۆڕش بۆ ئەم مەبەستە چەند هەنگاوێکی لە ڕێگای چارەسەرکردنی کێشەکەدا گرتووەتە بەر، وەک ڕاگەیاندنی ڕێککەوتنی مێژوویی ئادار، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ تێڕوانینێکی تاکلایەنە بۆ پرسی کورد و خواستێک بۆ سنووردارکردنی کێشەکانی نێوان هەردوولا، بەڵام بەهۆی هاتنە پێشی چەند بارودۆخێکی ئاڵۆزەوە کە پەیوەندییەکانی نێوان لایەنەکانی بزووتنەوەی نەتەوەیی و ناسیۆنالیزمی پێشکەوتنخواز لە وڵاتەکەماندا، بەرەو لێکترازان بردووە. بۆیە، کاتێکی تا ڕادەیەک درێژی پێویستە، بۆ گەڕاندنەوەی پەیوەندییەکان بە ئاستێکی پێگەیشتوو و یەکگرتوو کە لە بەرەدا بە بەرنامەیەکی ڕوون و ڕێکەوتـ وو بەرجەستە کراوە. ڕەنگە زیادەڕەوی نەکەین، ئەگەر بڵێین هەر شیکردنەوەیەکی دادپەروەرانە بۆ جەوهەری کاروانی شۆڕشی ١٧ی تەممووز، ئەوانەی وتوومانە پشتڕاست دەکاتەوە. لەسەر ئەم بنەمایە، ئەوەی بە پێویستمان زانیوە لە زانیاری و دەرەنجامەکان سەبارەت بە پەیوەندییەکان لە نێوان حزبی ئێمە و دەسەڵاتی شۆڕش لە لایەک و لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان و بزووتنەوەی چەکداری کورد، لە لایەکی ترەوە، بڵاومان کردووەتەوە. دەربارەی بەربەستەکانی بەردەم پرۆسەی چارەسەرکردن ئاشتیخوازانە و دیموکراسییانەی دۆزی کورد، بۆ ئاگادارکردنەوەی خەڵک و پارتەکان و هێزە پێشکەوتنخوازە نیشتیمانپەروەر و ناسیۆنالیستەکانی لەلایەکەوە، پێمان وایە هەنگاوی دروست لە داهاتوودا دەنێین. گفتوگۆی نیشتیمانی لەسەر ئەم پرسانە، لە سێزدە بابەت کە بڵاومان کردووەتەوە وروژێندراوە. ئەمەش پێویستی بە بەشداریکردنی هەموو پارت و هێزە نەتەوەیی و پێشکەوتنخوازەکان و بیرمەندان و نووسەران و ڕێکخراوەکان و فیدراسیۆنەکان و کۆمەڵە بەناوبانگ و پیشەییەکان هەیە، پێشنیارکردنی

باشترین چارەسەر بۆ ئەم پرسانە بێگومان پرسگەلێکن کە جێگەی بایەخی نیشتیمان و گەلەکەینە بە گشتی، تەنانەت ڕێککەوتنەکانیش تەنیا لە نێوان ئێمە و برایانی ناو پارتی دیموکراتی کوردستان هەر لەوەدا قەتیس نابێت، بەڵکو بانگهێشتی سەرجەم خەڵک و لایەن و ڕێکخراو و کۆمەڵەکان، بیرمەندان و نووسەران، دەکەین، بۆئەوەی ڕای خۆیان لەسەر ئەوەی پێشکەشمان کردووە دەرببڕن و ئێمە ئامادەین بۆ تەرخانکردنی لاپەڕەکانی ڕۆژنامەی (الثورة) بۆ بڵاوکردنەوەی هەموو ئەو بۆچوونانەی لەم بارەیەوە پێمان دەگات. تەنانەت ئەگەر پێچەوانەی بۆچوونی ئێمە و ڕوانگەی ئێمە بوو. پێشنیار بۆ ڕێکخراوەکان و کۆمەڵگە نیشتیمانییەکان دەکەین، بۆ ڕێکخستنی کۆڕ و سمینار، کە دڵنیاین ئەمانە ڕۆڵ دەگێڕن لە پرۆسەی چارەسەری ئاشتییانە و دیموکراسییانە بۆ پرسی کورد و بۆ گۆشەگیرکردنی ڕەوتە گومانلێکراوەکان، بۆ بەهێزکردنی پێگەی ئەو هێزە شکۆمەندانەی کە بڕوایان بە برایەتی کورد و عەرەب هەیە، خاوەنی بوارێکی لیبراڵ و پێشکەوتنخواز و دیموکراسین"(١).

هەروەها لە ژمارەی ڕۆژی ١٠ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٧٢، وتارێکیان لە ژێر ناوی (ضمانات الحل السلمي والديمقراطي-گەرەنتی چارەسەری ئاشتی و دیموکراسی) بڵاوکردووەتەوە، لە وتارەکەدا، ئاماژە بەوە دراوە، کە حزبی بەعس هەموو گەرەنتییەکی سیاسی، بەپێی بەندەکانی ڕێککەوتننامەی ئادار بە کورد داوە، بەڵام کورد پابەند نەبووە، بە ڕێککەوتنەکە و ڕادەستکردنەوەی ئەو چەکە قورسەکان و هاتووە:

" برایانی ناو پارتی دیموکراتی کوردستان هەمیشە پرسی گەرەنتی دەوروژێنن، کە دەبێت پێش ئەوەی هەلومەرجی ئاسایی لە ناوچەی باکوور دابنرێت و سەروەری یاسا مسۆگەر بکرێت و دەسەڵاتدارانی حکوومەت دەسەڵاتە سرووشتییەکانیان بەکاربهێنن. ئەم پرسە لە بنەڕەتدا بە تەواوی ڕەوایە و حاشا هەڵنەگرە، پارتی دیموکراتی کوردستان و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی شەڕێکیان کرد کە ساڵانێکی زۆر درێژەی کێشا و کردەیی نییە کە داوایان لێبکەین بە یەکجاری دەستبەرداری پۆست و دامودەزگاکانی پێشوویان بن، بابەتی ئەم پرسە بە چەندین هۆکار ڕەوایە، لەوانە تایبەتمەندی وریایی، کە دەبێت تایبەتمەندی ڕەفتاری ئەو کەسانە بێت کە ساڵانێکی زۆرە سەرقاڵی شەڕن، هەروەها بارودۆخی ململانێی توندی خێڵ و کوتلە و گرتنەبەری سرووشتی توندوتیژی چەکداری لە ناوچەکەدا. پرسێکی دیکە، کە ناتوانرێت پشتگوێ بخرێت، ئەویش ئەوەیە کە پرۆسەی گواستنەوە لە دۆخی

(١) المصدر نفسه، ص١٣٣.

شەڕکردن لەگەڵ دەسەڵاتەوە بۆ حاڵەتی هەماهەنگی، لە ڕووی ڕێکاری کردەییەوە وردە وردە پێویستە، بەڵام خاڵی سەرەکی لەم بابەتەدا ئەوەیە، ئەو دەستەبەرییانەی برایانی ناو پارتی دیموکراتی کوردستان و بزووتنەوەی چەکداری کورد بیری لێ دەکەنەوە سەبارەت بە ئەگەری لێدانیان بە هێزی سەربازی لەلایەن دەسەڵاتەوە. ئێمە لە هەموو ئەم پاساوانە تێدەگەین و ترسەکان بە گیانێکی واقیعیانە بەرز نرخێنین. لە ڕێککەوتننامەی ئادار، ئەو گەرەنتییانە ئاماژەی پێکراوە، کە برایان لە پارتی دیموکراتی کوردستاندا داوای دەکەن، لەوانە: پێکهێنانی فەوجەکانی پاسەوانی سنوور لە ئەندامانی پێشمەرگە، کە ژمارەیان شەش هەزار کەس دەبێت، ئەمە بە شێوە گەرەنتییەکی ڕاستەقینەیە بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان و بزووتنەوەی چەکداری کوردی. هەروەها دواخستنی ڕادەستکردنەوەی چەکە قورسەکان کە لە دەستی بزووتنەوەی کورددایە، بە دەسەڵات، تا جێبەجێکردنی دوا قۆناغەکانی ڕێککەوتننامەی ئادار، ئەو جۆرە چەکانە نەک هەر لە دەستیان ماوەتەوە، بەڵکو لە دوای ڕاگەیاندنی ڕێکەوتننامەکەوە، بە شێوەیەکی بەرچاو زیادیان کردووە، تا ئەمڕۆش دەسەڵاتی شۆڕش بەرامبەر ئەم پرسە هەڵسوکەوتێکی تەواو واقیعیانەی گرتووەتەبەر و ناڕەزایی بەرامبەر بە زیادبوونی ئەو چەکانە لەلایەن سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە دەرنەبڕیوە. ئەمەش بە کردەیی، بەڵێنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، بۆ یەکێتی نیشتیمانی دابووی، پووچەڵ دەکاتەوە. دەبێتە بەربەستێکی کاریگەر بۆ هەر چارەسەرێکی ئاشتییانە بەرامبەر پەیوەندییە ئاساییەکانی هاوکاریی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتیراکی".

لە بەشێکی دیکەی وتارەکەدا، حزبی بەعس هەموو هۆکارەکانی بەرپابوونی شەڕ و پەرتەوازەیی یەکێتی خاکی عێراق، دەخاتە ئەستۆی پارتی و خۆشی بە دڵسۆزی کێشەی کورد دادەنێت و وا دادەنێت، کە هەمیشە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد خۆی گرێکوێرەی کێشەکان بووە، ئەگینا بەعس بە تەنگ مافەکانی کوردەوە بووە، زۆر زیاتر لەوەی بزووتنەوەکە ئامانجی بووە و داوای کردووە، نووسیویەتی:

"کاتێک شۆڕشی ١٧ی تەممووزی ساڵی ١٩٦٨ ڕوویدا، نوێنەرانی پارتی دیموکراتی کوردستان بەشدارییان لە وەزارەتەکەی عەبدولڕەزاق نایف دا کرد، کە لە نێوان ١٧ بۆ ٢٠ی تەممووزی ١٩٦٨ پێکهێنرا، بەڵام حزبی بەعس سەری سوڕما لە ڕەتکردنەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ بەشداریکردن لەو وەزارەتەی دوای شۆڕشی ٣٠ی تەممووز پێکهێندرا، لە کاتێکدا شۆڕشەکە بە ئامانجی دوورخستنەوەی توخمە گوماناوییەکان، کە

هەوڵی دەستکاری و شێواندنی شۆڕشیان دەدا، بەرپا کرا. سەرەڕای ئەوەی حزبی بەعس پابەندبوونی خۆی بە جێبەجێکردنی بەیاننامەی ٢٩ی حوزەیران ڕاگەیاندبوو، کە لەو کاتەدا، ئەمە داواکاری سەرەکی و بەپەلەی نوێنەرایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان و بزووتنەوەی کوردی بوو، کە چی بەرامبەر ئەم هەڵوێستە نەرێنییەی پارتی دیموکراتی کوردستان، حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتیراکی، هەوڵێکی زۆری دا بۆئەوەی پارتی پێداچوونەوە بە هەڵوێستی خۆیدا بکات و بەشدارییەکی جددی لەم بەرپرسیارێتییەدا بکات. سەرەڕای بەردەوامبوونی هەڵوێستە نەرێنییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، کە چی بەعس ئامادەیی خۆی بۆ دیالۆگ پاراست. بەڵام پارتی دیموکراتی کوردستانی و بزووتنەوەی کوردی، تەنیا لە سنووری هەڵوێستی نەرێنی نەوەستان، بەڵکو کاریان کرد بۆ بەرزکردنەوەی بۆ ئاستێکی مەترسیدارتر، کاتێک بۆڕی نەوتیان تەقاندەوە. هەروەها ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان، ئامادە نەبوون بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بە ڕێگای ئاشتییانە. هێزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و بزووتنەوەی کوردی، بەردەوام بوون لە ئۆپەراسیۆنە تێکدەرەکانیان، وەک بۆردومانکردنی هێڵی ئاسنین و کردەوەی دیکە، کە هەڕەشە بوون بۆ سەر ئاسایش و ئابووری نەتەوەیی. دەسەڵاتی شۆڕشگێڕی عێراق، لەبەردەم یەکێک لە دوو بژاردەیەدا بوو، یان بێدەنگ بێت، لە بەرامبەر ئەو کردارانە، ئەمەش مەترسی بۆ سەر ئاسایش و سەلامەتی دەوڵەت دروست بکات، یان وەڵامدانەوەیان بوو، لە پێناو پاراستنی یەکێتی نیشتیمانی و شکۆمەندی دەوڵەت، ئێمە هیچ چارەیەکمان نەبوو جگە لە هەڵبژاردنی بژاردەی دووەم، لەم دۆخەدا، پارتی دیموکراتی کوردستان و بزووتنەوەی چەکداری کورد، بەرپرسیارێتی سەرەکی پاڵنانی دۆخی دوای شۆڕش بەرەو ئاراستەی شەڕکردن لە ئەستۆ دەگرن. سەرەڕای حاڵەتی شەڕ و هەڵوێستەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و بزووتنەوەی کورد، کە چی شۆڕش بە دڵنیاییەوە دەستی بە کارەکانی کرد و گەیشتە ئەو ئاکامەی کە چارەسەری پرسی کورد ناتوانێت دروست بێت، مەگەر لە پلەی یەکەمدا ئەو هۆکارانەی بوونەتە هۆی چەکهەڵگرتنی کورد، چارەسەر نەکرێت. حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتیراکی لە ڕێگەی ئەو بەڵگەنامانەی لە کۆنگرەکانیدا، یان ئەوەی لە ڕۆژنامە گشتییەکانیدا بڵاوکراونەتەوە، ڕای خۆی لەو بارەیەوە دەربڕی و جەختی لەوە کردەوە ڕێگای ئاشتیی دادپەروەرانە، تاکە ڕێگای پەسەندکردنی مافە ڕەواکانی نەتەوەی کوردە. پارتی دیموکراتی کوردستان و بزووتنەوەی چەکداری کورد، کە داواکارییەکانیان تەنیا لە بەیاننامەی ٢٩ی حوزەیران سنووردار کردبوو، کە چی دەسەڵاتی شۆڕش هات ڕێککەوتننامەی ئاداری دەرکرد، کە بەندەکانی بەیاننامەی حوزەیران ناتوانرێت

بەراورد بکرێن بەو ماف و دەستکەوتانەی لە ڕێککەوتننامەی ئاداردا بەدەست هاتوون. دەسەڵاتی شۆڕش، تەنانەت لە هەلومەرجی شەڕەکەشدا، بڕیار و ڕێوشوێنی گەرەنتیکردنی مافە نەتەوەییەکانی کوردی گرتەبەر. وەک داننان بە مافە کەلتوورییەکانی گەلی کورد لەوانەش دامەزراندنی کۆڕی زانیاری کورد، دامەزراندنی زانکۆی سلێمانی، دروستکردنی پارێزگای دهۆک. دانانی ڕۆژی ٢١ی ئاداری هەموو ساڵێک بە جەژنی (نەورۆز). ئەمانە و ڕێوشوێنی دیکە. هەموو ئەوانە لە چوارچێوەی بەرنامەیەکی سیاسیدان، کە شۆڕشی ١٧ی تەمووز بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد ئامادەی کردبوو، کە ڕێککەوتننامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠، بەشێکە لە هەنگاوی ئەو بەرنامەیە. بە تێپەڕبوونی چەند مانگێک لەسەر تێکچوونی پەیوەندییەکان لەگەڵ سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان و بزووتنەوەی چەکداری کورددا - واتە لە نیوەی دووەمی ساڵی ١٩٦٩ – بیرۆکەی دووبارە دیالۆگ لەگەڵ سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان و بزووتنەوەی کوردی گەڵاڵە بوو. دۆخی ئەو سەردەمە، تا ڕاگەیاندنی ڕێککەوتنامەی ئادار، ئەم ڕاستییانەی لەخۆ گرتبوو:

١. حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتیراکی، باوەڕی خۆی بە مافە نەتەوەییە ڕەواکانی گەلی کوردستان دووپات دەکاتەوە.

٢. باوەڕی حزب و شۆڕش وایە، شەڕکردن ڕێگای چارەسەرکردنی پرسی کورد نییە، بەڵکو دەسەڵاتی شۆڕشگێڕی نوێ بە توندی جێگیر بووە و ڕێژەیەکی زۆری تێپەڕاندووە".

لەگەڵ ئەو هەموو ڕەخنەگرتنەی بەعس لە پارتی، کە چی هێشتا وای نیشان دەدا، کە پارتی لە چوارچێوەی بەرەی نیشتیمانیدا، هاوپەیمانی بەعسە. ڕۆژنامەی (الجمهورية) لە ژمارەی ڕۆژی ٤ی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٧٢، هەواڵێکی بڵاوکردووەتەوە، کە نوێنەرانی حزبی بەعس، لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبی شیوعی کۆبوونەتەوە، بۆ بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی نێوانیان و ڕۆژنامەکە نووسیویەتی:

"ئێوارەی دوێنێ، لە باڵەخانەی سەرکردایەتی نەتەوەیی حزبی بەعس، دیداری نێوان پارتە نیشتیمانییەکان بەڕێوەچوو کە پێکهاتبوون لە حزبی بەعس و پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبی شیوعی و شاندی حزبی شیوعی بەریتانی، بە ئامادەبوونی ڕۆبن فلبەر یاریدەدەری سکرتێری گشتی حزب، کە لە ئێستادا سەردانی وڵاتی عێراقی کردووە. لە میانەی دیدارەکەدا، پەیوەندی برایانەی نێوان هەر سێ پارتەکە، تاوتوێ کرا. هەروەها پەیوەندی ئەو پارتانە لەگەڵ حزبی شیوعی بەریتانی باسی لێوەکرا. هەروەها بابەتی بەرەی نیشتیمانی لە پێناو بەهێزکردنی یەکێتی خاکی عێراق و دژایەتی ئیمپریالیزمی جیهانی و قۆرخکردنی نەوت،

گفتوگۆی لە بارەیەوە کرا. هەریەک لە تاریق عەزیز[1] ئەندامی نووسینگەی کاروباری گشتی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و سکرتێری نووسینی ڕۆژنامەی (الثورة)، زوهێر بەیرەقدار[2]، بەڕێوەبەری نووسینگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و سەعد قاسم حەموودی[3]، ئەندامی نووسینگەی ڕاگەیاندنی نەتەوەیی، لە پارتی دیموکراتی کوردستانیش، هەریەک لە محەمەد مەحموود سامی و دارا تۆفیق[4] ئەندامانی

(١) تاریق عەزیز (میخائیل یۆحەننا) (١٩٣٦/موسڵ-٢٠١٥/ناسرییە)، سیاسەتکاری عێراقی. دەرچووی بەشی ئینگلیزی زانکۆی بەغدا، سەرەتای کارکردنی لە بواری ڕۆژنامەگەریدا کاری کردووە، تا بووەتە سکرتێری نووسینی ڕۆژنامەی (الثورة)ی زمانحاڵی حزبی بەعس، لە ساڵی ١٩٧٢ بووەتە وەزیری ڕاگەیاندن و لە نێوان ساڵانی ١٩٧٩-١٩٨٣ دا، پۆستی جێگری سەرۆك وەزیرانی وەرگرتووە، پاشان تا ساڵی ١٩٩١ وەزیری دەرەوە بوو. لە ساڵانی هەشتاکاندا لە سەردەمی ئیدارەی دۆناڵد ڕێگان، ڕۆڵی لە پەیوەندییەکانی نێوان عێراق و ویلایەیە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا گێڕاوە. طارق عزیز | شخصیات | الجزیرة نت (aljazeera.net)

(٢) زوهێر بەیرەقدار، لە بەعسییەکانی سووریا بوو، بەهۆی ئاڵۆزییەکانی ناوخۆی سووریا، ڕووی لە عێراق کردبوو، لە عێراق لە ناو حزبی بەعس وەک بەعسیێکی نەتەوەیی ڕۆڵی خۆی دەگێڕا و بە باڵیۆزی عەرەب لە عێراق ناسرابوو. بڕوانە: زهير البيرقدار يعود الى سوريا(albasrah.net)

(٣) سەعد قاسم حەموودی (١٩٣٧/بەغدا-٢٠٠٧/دیمەشق). سیاسەتکاری عێراقی، دەرچووی بەشی کۆمەڵناسی زانکۆی بەغدا ساڵی ١٩٦١. لە فەرمانگەی ڕۆشنبیریی و زانیاری لە سەرکردایەتی هەرێمیی حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتیراکی لە عێراق کاری کردووە، هەروەها لە ساڵی ١٩٧٠ەوە، چەند جارێک سەرۆکی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی عێراقی هەبووە، هەروەها سەرنووسەری چەندین ڕۆژنامە بووە، لەوانە ڕۆژنامەی الجمهورية (١٩٦٨-١٩٧٧) و ڕۆژنامەی الثورة (١٩٧٩-١٩٨٢) و گۆڤاری هۆشیاری کرێکاران. هەروەها بەرپرسی چاپەمەنی (جەماهیر) بوو، کە گەورەترین و گرنگترین دامەزراوەی ڕۆژنامەوانی بوو لە عێراقدا، بەدرێژایی ڕۆژانی هەفتە ڕۆژنامەی (الجمهورية)، گۆڤاری ئەلف با، ڕۆژنامەی هاوکاری و ئەوانی دیکەی دەردەکرد. هەروەها وەک سەرۆکی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی عەرەبی (١٩٧٨-١٩٩٦) و جێگری سەرۆکی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی ڕۆژنامەنووسان (١٩٧٦-١٩٩١) کاری کردووە. کتب سعد قاسم حمودي-مكتبة نور(noor-book.com)

(٤) دارا تۆفیق فەتحوڵڵا (١٩٣٢/ سلێمانی-١٩٨١)، سیاسی و ڕۆژنامەنووس، لە کۆلێژی ئەندازیاری زانکۆی بەغدا وەرگیراوە، بەهۆی کاری سیاسی تەواوی نەکردووە، بۆ تەواوکردنی ڕووی کردووەتە وڵاتی بەریتانیا، ساڵی ١٩٦٠ پەیوەندی بە پارتی دیموکراتی کوردستانەوە، کردووە. لە کۆنگرەی هەشتەمدا بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی ئەو پارتە هەڵبژێردراوە، لە سەرەتای هەفتاکان، بووەتە ئەندامی شاندی دانوستانکاری پارتی و حکوومەتی بەعس و سەرنووسەری ڕۆژنامەی برایەتی. پاشان لەسەر هەڵوێستە سیاسییەکانی،

مەکتەبی سیاسی و زەکی خەیری ئەندامی مەکتەبی سیاسی و چەند ئەندامێکی لێژنەی مەرکەزی ئامادەبوون"[١].

ساڵی ١٩٧٣ حزبی بەعس، لە ڕێگای دەزگاکەی، (دار الثورة) کتێبێکیان لە ژێر ناوی (لكي يصان السلام و تعزز الوحدة الوطنية) بە چاپ گەیاند، ئەم کتێبە دوو چاپی هەبوو، چاپی یەکەمیان لە ئاداری ئەو ساڵە، بە تیراژی بیست هەزار دانە چاپ کراوە. چاپی دووەمیشی، بە تیراژی پەنجا هەزار دانە چاپ کراوە. بە هەردوو چاپەکەی، هەفتا هەزار دانەی لێ چاپ کراوە. ئەم کتێبە لە دوو بەش پێکهاتووە، بەشی یەکەمی، ئەم وتارانە لەخۆ دەگرێت، کە ڕۆژنامەی (الثورة) هەر لە مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٧٢ەوە، بڵاوی کردووەتەوە، کە زۆربەیان ڕەخنە و توانجیان لە شۆڕشی کورد گرتووە. لە بەشی دووەمیشیدا، چەند بەڵگەنامەیەکیان بە شێوەی نووسین، بڵاوکردووەتەوە، کە هەندێک زانیاری دەربارەی تاوانی کوشتن و فڕاندن و تاڵانی تێدایە، گوایە ئەمانە، لەلایەن سەرکردایەتی شۆڕشی کوردەوە ئەنجام دراون. لەم بەڵگەنامانەدا لیستێکی تاوانی کوشتن بڵاوکراوەتەوە، کە هەر لەسەرەتای مانگی تشرینی یەکەم، تا کۆتایی مانگەکە، داندراوە. ژمارەیەک تاوانی لە ناوچەکانی کوردستان تێدا خراونەتەڕوو. لە بەشی دووەمی بەڵگەنامەکانیشدا، نزیکەی ٣٠ حاڵەتی فڕاندنی ئەو خەڵکانەی تۆمارکردووە، کە لە پێگەی جیاوازی کۆمەڵایەتی و فەرمیدان، لە بەشی سێیەمیشدا، هەژدە حاڵەتی تاڵانی تۆمار کراوە[٢].

سەبارەت بە ناوەڕۆکی ئەم بەڵگەنامانە، دەکرێت دوو پرسیار بوروژێنین وەک:

١. ئەگەر لە بنکەی پۆلیس، یان لە دەزگا ئەمنییەکان وەرگیرابێت، ئایا هیچ سکاڵایەکی دادگا بۆ ئەو کەیسانە هەبووە؟ ئەگەر هەبووە، ئەنجامەکەی چی بووە؟ ئایا دەکرێت، هەموو ئەو تاوانانە، بخرێنە ئەستۆی سەرکردایەتی شۆڕشی کورد؟ بێئەوەی دادگا هیچ بڕیارێکی کۆتایی بۆ تاوانباران دەرکردبێت، کە ئەوان ئەم تاوانانەیان کردووە، یان خەڵکانی ئاسایی ئەنجامیان داوە، خراوەتە ئەستۆی شۆڕشی کورد.

---

لەلایەن دەزگای هەواڵگری حکوومەتی بەعسەوە دەستگیرکراوە و شوێنبزرکراوە. مومتاز حەیدەری، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٥٨.

(١) الجمهورية، ع(١٥٦٦)، ١٩٧٢/١٢/٤.

(٢) منشورات الثورة، المصدر السابق، ص٢٣٧-٢٤٢.

٢. بەڵگەنامەکان کە بۆ ڕای گشتی داندراوە، هیچ فەرمانێکی فەرمی، یان نووسراوێکی دادگا، یان بەڵگەیەکی ئەنجامی لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا نییە، کە تاوانەکە بە تەواوی لەسەر کورد ساخ بکاتەوە. تەنیا ناوی کەسەکان و ڕێکەوتەکە نووسراوە، دەکرێت دەیان خاڵی دیکەی بۆ زیاد بکرێت، ئایا ئەمە دەبێتە بەڵگەیەکی یاسایی بۆ ساخکردنەوەی ئەو تاوانانە لەسەر کورد؟

ئەمە لە کاتێکدا حزبی بەعس، ئەم تاوانانەی دەخستە پاڵ شۆڕشی کورد، لەو ماوەیەدا بە دەیان ئەندامی ئەو پارتەیان بە تۆمەتی جۆراوجۆر، خستبووە زیندانی (قصر النهاية)[1]، بێئەوەی هیچ لێکۆڵینەوەیەکی یاسایی دادپەروەرانەیان لە گەڵدا بکرێت، دووچاری توندترین ئەشکەنجەدان دەبوونەوە[2].

پارتی دیموکراتی کوردستان، لە ڕێگەی ڕۆژنامەی (التاخي) و بڵاوکراوەکانی دیکەی خۆیدا، هەموو ئەو تۆمەتانەی، لە لایەن حزبی بەعسەوە دەدرایە پاڵی، ڕەت دەکردەوە و بەبێ بنەمای دادەنا. ئەوانیش، کۆمەڵە وتارێکیان، کە وەڵامدانەوەی وتارەکانی ڕۆژنامەی (الثورة) بوو، کۆکردەوە و لە کتێبێکدا، لە ژێر ناوی (في سبيل السلم والوحدة الوطنية) لە (دار ألتاخي) بە چاپ گەیاند و بڵاویان کردەوە. لە زۆر شوێندا، ڕەخنەی لە بەعس گرتووە، بۆ نموونە لەو یادداشتەی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان، بۆ سەرکردایەتی هەرێمایەتی حزبی بەعسی ناردووە، لە بڕگەی چوارەمیدا، ڕیزبەندیکردنی هەندێک نموونە لە سنووربەزاندنەکانی بەعس، ئاماژە بەوە دەکات، بوار نەدراوە بۆ بەشداریکردن لە حوکم و بەشی دووەم دەسەڵاتی یاسادانان هەروەها خاڵی پێنجەمیش دەریدەخات، بەعس پابەند نەبووە. بەوەی کە کورد بەشداری لە نەخشەدانان و ئاراستەکردنی سیاسەتی دەوڵەت بکات، لەسەر هەردوو ئاستی ناوەوە و دەرەوە، لە ڕێگەی ئەو چاوپێکەوتنە حزبییانەی لە نێوان هەردوو حزبەکەدا کراون، هەرچەندە لە سەر ئەوە ڕێکیش کەوتبوون. هەر لەو سەروبەندەدا، کورد بە تێگەیشتنێکی ڕۆشنترەوە دەڕوانێتە چەمکی دەسەڵات و درك بەوە

(١) قصر النهاية، لە پێشدا کۆشکی عامر بوو، کە موڵکی وەسی عەبدولئیلا بوو، لە بەرەبەیانی کودەتای ١٤ی تەممووزدا، لە ناو کۆشکەکەدا کوژرا، هەر بۆیەش بە (قصر النهاية) یان کۆشکی کۆتایی ناسرا، کە تیایدا کۆتایی بە بنەماڵەی پاشایەتی هێندرا، دواتریش بەعسییەکان لە ماوەی یەکەم و دووەمی دەسەڵاتیاندا، ئەو کۆشکەیان کردە زیندانێک بۆ بەرهەڵستکارەکانیان. فەرەیدوون عەبدولڕەحیم، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٢٤.

(٢) هەمان سەرچاوە، ل٢٢٤.

دەکات، ئەو شتەی بەناوی بەشداریکردن لە دەسەڵات دراوە بە کورد هیچ نییە، یادداشتنامەکەی مەکتەبی سیاسی پارتی بۆ سەرکردایەتی بەعس، ئاماژە بەوە دەکات: "چوار وەزیری کورد لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە پاڵێوراون لەگەڵ سێ بریکاری وەزیر، بەڵام لە بارەی بەڕێوەبەرە گشتییەکانەوە بە ڕێژەیەکی زۆر کەمترە، ژمارەیەکی زۆر وەزارەت هەیە کە فەرمانگە بنەڕەتییەکان کوردی تێدا نییە، وەك وەزارەتی دەرەوە و نەوت و ئابووری و خویندنی باڵا و پەروەردە و چاککردنی کشتوکاڵ و کاروباری کۆمەڵایەتی و گواستنەوە و گەیاندن. هەرچی وەزارەتی بەرگرییە سەر لەشکر (قائد فرقة)یەکی کوردی هەیە، بەڵام ئەمە تاقانەیە لە ناو هەموو فەرمانگە بنەڕەتییەکانی وەزارەتی بەرگری و سەرکردەکانی سوپادا. هەرچی ئەنجوومەنە باڵاکانی دەوڵەتیشە لە کۆی پازدە ئەندامدا، دوو کورد لە ئەنجوومەنی نەخشەدانان هەیە، بەڵام ئەنجوومەنی خوێندنی باڵا هیچ کوردی تێدا نییە، جگە لە دوو نوێنەری زانکۆی سلێمانی نەبێت، ئەنجوومەنی باڵای بەرگریش، هەر ببڕای ببڕ کوردی تێدا نەبووە. ئاشکرایە سەرجەم سیاسەتەکانی حوکم لەلایەن ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشەوە دادەنرێت کە تەنیا ڕابەرانی حزبی بەعسی تێدایە و هیچ کارێك نەکراوە بۆ دەستەبەرکردنی بەشداری کورد، یان پارتی دیموکراتی کوردستان لە حوکم. کورد بە شێوەیەکی سەرەکی لە بەڕێوەبردندا بەشدار نین. بۆچوونی دروستی لایەنی کورد ئەوەیە، "چارەنووسی گەلی عێراق و پاراستنی یەکێتییە نیشتیمانییەکەی، نابێت تەنیا بە دەست پارتی یان بەعس و هیچ حزبێکی نیشتیمانی دیکەوە بێت، بەڵکو بە تەنیا دەبێت هەموو هێزە پێشکەوتنخواز و نیشتیمانییەکان و هەموو پۆلەکانی عێراق بەشداری بڕیاردان بکەن". ئەمەش بە هەبوونی حوکمێکی خۆسەپێن و تاکڕەو و بەسەر چارەنووسی گەل نایێتەدی، بەڵکو پێویستی بەوە هەیە پێڕەوی دەسەڵاتدارییێتی لە عێراق بە دیموکراتی بکرێت، کە بە گوێرەی ڕێککەوتنی ئادار، دەبوایە لە ماوەی ساڵێکدا ئەوە بکرابایە، ئیدی کاتی ئەوە هاتووە ماوەی گواستنەوە کۆتایی پێبهێنرێت، چونکە لەمێژە وڵات لە ژێر سێبەری ئەو ماوەی گواستنەوە بەردەوامانەدا دەژی، کە یەك تەواو دەبێت یەکێکی دیکەی بەدوادا دێت. بە جۆرێک گەل لە ئازادییەکان بێبەش بووە، حکوومەتی ناوەندی لە عێراق هەر لەسەرەتاوە بە مەبەستی هەڵسوڕانی مانۆڕێکی سیاسیی ئەم بەیاننامەی ڕاگەیاندووە[1].

---

(١) ئازاد عوبێد ساڵح، کاریگەریی شۆڕشی ئەیلوول لە سەر ڕۆژنامەوانیی کوردی ١٩٦١-١٩٧٥، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠٧، ل١٦٦-١٦٨.

بابەتێکی دیکە کە ڕۆژنامە عێراقییەکان، سەرنجیان خستبووە سەری، ئەو لێدوانانە بوون، کە مستەفا بارزانی، بۆ ڕۆژنامە جیهانییەکان دەیدا، کە تیایدا لە بەرامبەر سیاسەتی دوژمنکارانەی بەعس، داوای هاوکاری لە وڵاتانی جیهان دەکرد، لە پێشەوەیان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ئەم لێدوانانەی بارزانی وەک تانەیەک، وەردەگێڕدرانە سەر زمانی عەرەبی و لە ڕۆژنامەکاندا بڵاو دەکرانەوە، تا بەهۆیەوە، بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد بە بەکرێگیراو و داروەدەستەی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم تۆمەتبار بکەن. بارزانیش وەک کەسایەتییێکی سەر بەو وڵاتانە بناسێنن. لە کاتێکدا، بارزانی بە باشی ئاگاداری ئەوە بوو، کە بەعس بە هەموو شێوەیەک لە هەوڵی لەناوبردنی بزاڤە ڕزگاریخوازەکەی کورد دایە و بەدوای هەلدا دەگەڕێت، بۆ جێبەجێکردنی، بابەتەکە تەنیا پەیوەندی بە کاتەوە هەبوو. هەوڵەکانی تیرۆرکردنی بارزانی لەلایەن دەزگای هەواڵگری عێراقییەوە، باشترین بەڵگەی ئەو ڕاستییەن. ڕۆژنامەی (الثورة) لە ژمارەی ڕۆژی ٢٨ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٧٣، ئەم لێدوانەی بارزانی بۆ ڕۆژنامەیەکی ئەمریکی بڵاوکردووەتەوە و لە پێشەکیدا نووسیویەتی:

"ڕۆژنامەی (هیڕالد تریبون) [1]ی ئەمریکی، لە ژمارەی ڕۆژی ٢٢ی مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٩٧٣، چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەوانی لەگەڵ مەلا مستەفای بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان بڵاوکردووەتەوە، کە جیم هۆگلاند[2]، پەیامنێری ڕۆژنامەی ناوبراو بڵاوی کردووەتەوە. پاشان کەناڵەکانی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن، ئاژانسەکانی هەواڵ و زۆربەی ڕۆژنامە عەرەبی و جیهانییەکان، بڵاویان کردووەتەوە. بە تێڕوانین بە ترسناکی ئەو لێدوانانەی کە لەم چاوپێکەوتنەدا دراون و پێداگیریمان، لە بەهێزی ئاشتەوایی نیشتیمانیی نێوان حزبی بەعس و پارتی دیموکراتی کوردستان و باوەڕمان بەوەی، کە جووڵانەوەی ئازادیخوازی کوردی، لە

(١) ئەم ڕۆژنامەیە ساڵی ١٩٢٤ لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، لە ژێر ناوی نیۆیۆرک هیرالد تریبون (NewYork Herald Tribune) دەردەچوو، تا ساڵی ١٩٦٧، بەو ناوە مایەوە، لەو ساڵەدا ناوەکەی بووە، ئینتەرناشناڵ هیرالد تریبۆن (International NewYork Herald Tribune)ە، کە ئەم دیدارەی لەگەڵ مستەفا بارزانی، تێدا بڵاوکراوەتەوە.

(٢) جیم هۆگلاند Jim Hoagland، ڕۆژنامەنووسی ناسراوی ئەمریکی، ساڵی ١٩٤٠، لە ویلایەتی کارۆلینای باشوور لەدایکبووە. ساڵی ١٩٦٦ دەستی بە کاری ڕۆژنامەنووسی کردووە و لە ڕۆژنامەی واشنتۆن پۆست دەستپێکردووە، پاشان لە چەند ڕۆژنامەیەکی دیکەش کاری کردووە. ساڵی ١٩٩١ خەڵاتی پۆلیتزەری لە بواری دیکۆمێنتاریدا بە دەستهێناوە. Who's who of Pulitzer Prize Winners - Elizabeth A. Brennan, Elizabeth C. Clarage - كتبGoogle

ناوەرۆکدا، جووڵانەوەیەکی دوژمنکارانەی سەر بە زایۆنیزم و ئیمپریالیزمە، جەختکردنەوەمان لە سەر نەشێواندنی سرووشتی پێشکەوتنی ئەو جووڵانەوەیە، بۆمان دەردەکەوێت، ئەم لێدوانانەی بەڕێز بارزانی، دەبێتە هۆکاری شێواندنی جووڵانەوەی کوردی و پارتی دیموکراتی کوردستان. هەروەها دەبێتە هۆی دروستکردنی دڵەڕاوکێ لای جەماوەر و گەلەکەمان بە کورد و عەرەب و کەمە نەتەوایەتییەکان و هێزە پێشکەوتووخوازەکان، ئەو لێدوانانە، ڕووبەڕووی هەندێک بابەتی گرنگمان دەکاتەوە، کە پەیوەندییان بە دوارۆژی یەکێتی وڵات و بە دوارۆژی هەوڵی دوژمنکارانەی زایۆنیزم و ئیمپریالیزم و بەو دەستکەوتانە هەیە کە شۆڕشی ١٧ی تەممووز بە دەستی هێناون. سەبارەت بە خۆماڵیکردنی نەوت و برایەتی نێوان کورد و عەرەب، ئێمە کاتێک ئەم دیدارە بڵاو دەکەینەوە، مەبەستمان تووڕەکردنی بەڕێز بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان نییە. بەڵکو ئامانجمان زانینی ئەو ڕاستییانەیە، کە ئەو، لەو دیدارەدا، وروژاندوویەتی، لە یەکەم وشەوە، تا کۆتایی". پاشان هاتووەتە سەر ناوەرۆکی بابەتەکەی و نووسیویەتی: "جەنگی ڕۆژهەڵاتی ئەم دواییە، پێش سێ ساڵ وەستێندرا. بەم شێوەیە جەنگاوەرانی شاخەکانی کوردستان، دۆخیان ناخۆش بوو، تا ئەو ڕادەیەی بە پەیمانی ئاشتی و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان ڕازی بوون، کە ماوەی سی ساڵ بوو، بۆی تێدەکۆشان. مستەفا بارزانی سەرکردەی هێزی شەڕی پارتیزانی[1] کوردستان، لەسەر ترۆپکی شاخێکی دوور کە بووەتە شوورای باکووری ڕۆژهەڵاتی عێراق، دەربارەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ بەغدا بۆمان دوا و گوتی: وا دایارە ئەم عەرەبانە[2]، هۆگری سیاسەتی نە ئاشتی نە شەڕن، ئێمەش بە دەست ئەم دۆخەوە دەناڵێنین، ئەوان لە ژێر پەردەی ئاشتی لەگەڵمان دەجەنگن. ژەنەڕاڵ بارزانی، هەفتا ساڵی تێپەڕاندووە[3]، لەو ماوەیەدا، شەڕی تورک و فارس و عێراق و بەریتانیا و هۆزەکانی ناوچەکەی کردووە، ئەو هۆزانەی دژی سەرکردایەتییەکەی وەستابوونەوە. بارزانی هەستەکانی خۆی نەشاردەوە، کە پێکدادانێک لە نێوان ناسیۆنالیزمی

(١) خەباتی کورد تەنها خەباتی پارتیزانی نەبووە، بەڵکو خەباتێکی بەرەیی فراوان بووە، ڕووبەڕوو، بەرامبەر سوپای عێراق شەڕی کردووە و دەیان قوربانی داوە.

(٢) لێرە مەبەستی بارزانی حکوومەتی عێراقە، نەک نەتەوەی عەرەب بەگشتی.

(٣) ئەوکاتە، واتە ساڵی ١٩٧٣، بارزانی تەمەنی هەفتا ساڵی ڕێک بووە.

توندی کوردی شاخاوی[١] و ناسیۆنالیزمی توندی عەرەبی بەغدادیدا ڕێکدەخرێت. بەمەش ڕێککەوتننامەی ئادار، هەرەس دەهێنێت، کە بە هۆیەوە بەڵێنی ئۆتۆنۆمی و پارێزگاری بە کورد درابوو. ئێستا لەشکری پێشمەرگە، پارتیزانەکان، جارێکی دیکە کۆکراونەتەوە. تۆپەکان، ئەو چادرە سپییانە لە هێرشی ئەو فڕۆکانە دەپارێزن، کە سەربازگەکەیان بە ئامانج گرتووە. پێشمەرگەکان، لەسەر تەپۆڵکەکان لەسەر ئەو تۆپە ڕووسییانە شەڕ دەکەن، کە لە پێش ئاگربەستی ساڵی ١٩٧٠ لە ئەنجامی شەڕ لەگەڵ سوپای عێراق، دەستیان کەوتووە[٢]. کوردەکان مێژوویێکی نزیک بە چوار هەزار ساڵیان هەیە، ئەوان لە نەتەوەی ئارین، لە هیلالێکی ستراتیژی نێوان تورکیا و سووریا و عێراق و ئێران دەژین. ئەمە وێڕای بوونی هەندێک کورد لەسەر خاکی یەکێتی سۆڤییەت، هەموو ئەو وڵاتانە وریایانە چاودێری کارەکانی بارزانی دەکەن. بارزانی لە شوێنی پێشوازی لە میوانان لە حاجی ئۆمەران، کە ژمارەیەکی کەم لە کەلوپەلی تێدایە، دادەنیشت. لە کاتێکدا هەوای سارد، کە لە شاخەکانەوە، وەک چەقۆ بەری دەکەوێت[٣]، داوای یارمەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەکات و دەڵێت: ئەم نەتەوەیە خاوەن گەلێکی هەژار و غەدرلێکراوە. دەکرێت کۆمەکی سیاسی و مرۆیی و سەربازی، بکرێن. چ بە شێوەی ئاشکرا یان نهێنی. ژەنەڕاڵ مستەفا بارزانی، بۆی ئاشکرا کردم، کە ئەو لەگەڵ خۆماڵیکردنی نەوتی عێراقدا نەبوو. کە لە مانگی حوزەیراندا، لە کێڵگەی نەوتی کەرکووک، ڕۆژئاوا خاوەنداریتی دەکرد، ڕاگەیەندرا. چونکە حکوومەت پێش ئەوە، هیچ پرس و ڕاوێژێکی پێ نەکردبوو، هەروەها ئاشکرای کرد حکوومەتی عێراقی جارێکی دیکە، ئەمی پشتگوێ خست، کاتێک پێش سێ مانگ، لەگەڵ کۆمپانیاکاندا ڕێککەوتنی کرد. ئێمە ئامادەین بۆ هەر شتێک، کە لەگەڵ سیاسەتی ئەمریکا لە ناوچەکەدا بگونجێت، بەڵام مەرجمان ئەوەیە، لە چنگی ئەو گورگانە بمانپارێزێت و پاڵپشتییەکی بەهێزمان بکات. بە جۆرێک لە تواناماندا بێت، دەست بەسەر کێڵگە نەوتییەکانی کەرکووکدا بگرین و کۆمپانیا نەوتییە ئەمریکییەکان بەڕێوەی ببەن. کە ئەم

(١) ئەم دەستەواژەیە جێگەی گومانە، کە بارزانی بزووتنەوە ناسیۆنالیستەکەی کورد، کە خۆی ڕابەرایەتی دەکرد، بە بزووتنەوەیەکی توندی شاخاوی بچوێنێت. زۆرجار ڕۆژنامە ئەمریکییەکان دەستکاری دەستەواژە و دەربڕینەکانیان کردووە.

(٢) لێرەدا ڕۆژنامەنووس، توانجێک لە حکوومەتی عێراقی دەگرێت، ئەگەر کورد داوای پشتیوانی ڕۆژئاوا دەکات، خۆ ئەوە سوپای عێراق بە چەکی ڕووسی لە پێشمەرگە دەدات و کوردستانیش بۆردومان دەکات.

(٣) لە مانگی حوزەیران، ئاووهەوا خۆش دەبێت، ئەو هەوا ساردە وەک چەقۆیە لە کوێ هات؟

کێڵگانە کەوتوونەتە ناوچەکانی ئێمە. ئەم خۆماڵیکردنە، بە کارێکی ڕاستەوخۆی دژی نەتەوەکەمان دادەنێین. ئێمە کاریگەریمان لەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەیە. ئەمانە پەیڤی جەنگاوەرە پیرەکە بوو، کە بە پێداگیرییەوە، وایدەگوت. پاشان گوتی: کورد بەربەست بووە لە بەردەم گەیشتنی هەژموونی یەکێتی سۆڤییەت بۆ ناوچەکە. کورد سوپای عێراقی ناچار کرد، کە زۆربەی کاتەکانی بە شەڕی کوردستان بەسەر بەرێت، پارە و داهاتێکی زۆر بە هەدەر بدات، ئەگەر ئەوان نەبووان، بێگومان ئەو هێزە بۆ شەڕی ئێران و کوەیت و ئیسرائیل دەستواڵا دەبوو. کوردەکان لە کێڵگەی بچووکدا دەژین، بەڵام زمانێکی هاوبەش، کە (هیند و ئەوروپییە)، ئەوانی کۆ کردووەتەوە. لەسەر ڕێباوەڕی ئیسلامی-سوننین، هەرگیز لە کەلتوور و نەتەوایەتی خۆیان بێئومێد نەبوون. سەرەڕای دەیان سەدە لە خوێنڕشتن و هەڵخەڵەتاندنیان. پاش ڕووخانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، زلهێزەکان، ئەو بەڵێنەیان لەبیر کرد. سەبارەت بە مافی خۆڕێبەری بە کوردەکانیان دابوو، لە دوای ئەمە، دەوڵەتی تورکیا، زۆربەی ڕاپەڕینە کوردییەکانی دامرکاندەوە، هەموو مافێکی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردەکان، لە ڕووی سیاسی و ڕۆشنبیریی ڕەتکردەوە، لە کاتێکدا ژمارەی کوردەکان، بە پێنج ملیۆن کەس دادەندرێت. سەبارەت بە ئێرانیش، کوردەکان لەناو بۆتەی ڕژێمێکی سیاسی و تووند قەتیس کراون[1]. ژەنەڕاڵ مستەفا بارزانی نەیشاردەوە، کە خەونی کوردستانی گەورە وا بە ئاسانی نایێتە دی. ئەو دەڵێت، ئامانجی ئێستای کوردستانی عێراقە. لەو شوێنەی کە حکوومەتی لاوازی عەرەبی نەیتوانیوە، وەک دراوسێکانی، کوردەکان سنووردار بکات. کوردستانی عێراق، زێدێکی جوان، بەڵام خەڵکێکی هەژار و دواکەوتوو، لە دیارترین ئەدگارەکانی ئەو زێدەن. چیاکانی زاگرۆس، لە هاوینانیش بەفر بەسەر ترۆپکەکانیانەوە دەمێنێتەوە. کە سەرچاوەیەکن، بۆ ئەو ڕووبار و ڕێڕەوە ئاوییانەی دەڕژێنە ئەو دەشتە بە تۆز داپۆشراوانەی شارە کوردییەکانی لێیە. سوپای عێراق کۆنترۆڵی ئەو دەشتانەی کردووە. بەپێی گێڕانەوەی

(١) دوای جەنگی یەکەمی جیهانی و ساڵی ١٩١٩، کۆنگرەیەک لە پاریس دەربارەی ئاشتەوایی جیهانی بەسترا. سەبارەت بە کاریگەری کۆنگرەکە لەسەر کوردستان، هیچ کاریگەرییەکی ئەوتۆی نەبوو. تورکیا دژی مافەکانی کورد وەستایەوە، پێی وابوو شتێک نیە بەناوی پرسی کورد و سوور بوو کە کورد و ئەرمەن لەژێر دەسەڵاتی خۆیدابن. بە هەمان شێوە وڵاتانی هاوپەیمان، هیچ هەنگاوێکیان بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانی کورد هەڵنەهێنا و مکوم نەبوون لە پێدانی مافی کورد، تەنیا کاریان بۆ بەرژەوەندییەکانیان دەکرد و پرس و ڕاوێژیان بە گەلی کورد نەکرد. بە تایبەت بەریتانیا کە عێراقی داگیرکرد، نیازی بوو باشووری کوردستانیش لە ژێر دەسەڵاتی خۆی بێت هەر بۆیە کۆنگرەی ئاشتی بەبێ دەسکەوت بۆ کورد کۆتایی هات. لازاریف، کێشەی کورد، و. کاوس قەفتان، چ١، چاپخانەی الجاحظ، بەغدا، ١٩٨٩، ل١٠٦.

کوردەکان، لە ئێستادا سوپای عێراق ئامادەکاری بۆ شەڕ دەکات، لە چەند شوێنێک هەڵساوە بە دروستکردنی بنکەی سەربازی تایبەت بە فڕۆکەی هەلیکۆپتەر و یەکەی سەربازیی پەڕەشووت. ڕەنگە پەلە بکەن، لە شەڕکردن، ئەمەش لە وادەی دیاریکراوی ڕاگەیاندنی ئۆتۆنۆمی دەبێت، کە لە مانگی ئاداری داهاتوو کۆتایی دێت. کوردەکان بەپێی هەلومەرجی خۆیان، پێشنیاری ئۆتۆنۆمیان داوەتە بەغداد، هەریەک لە مەحموود عوسمان و حەبیب محەمەد کەریم، ڕایانگەیاند، کوردەکان پێشنیاری هەڵبژاردنی دەستەی ڕاپەڕاندنیان کردووە، تایبەت بە کوردستان، کە بە توانایەکی سنووردار مافی بەکارهێنانی ڤیتۆیان دەبێت، بەرامبەر بڕیارەکانی حکوومەتی ناوەندی عێراق. ژەنەڕاڵ مستەفا بارزانی، هیچ هیوایەک بۆ جێبەجێکردنی داواکارییەکانی کورد نابینێت. ئەو دەیەوێت گفتوگۆکان درێژەیان هەبێت، بۆئەوەی کات بۆ بنیاتنانەوەی هێزەکانی بەر دەست بێت. ژەنەڕاڵ بارزانی دانی بەوەدا نا، کە هێزەکانی، کۆمەکی سیاسی و سەربازی لە ئێران وەردەگرن، بەڵام ئامادە نەبوو وردەکارییەکان بخاتەڕوو، بەڵام بەڵگەکان ئەوە دەخنە ڕوو، کە هەندێک هاوکاری سەربازی لە ئیسرائیل وەردەگرێت، کاتێک دەربارەی ئەم بابەتە پرسیارم لێی کرد، لە وەڵامدا گوتی: شتگەلێک هەن، ڕەنگە ڕاست بن، بەڵام وا باشترە، قسەی لەسەر نەکەین. سەرەڕای ئەوە ژەنەڕاڵ بارزانی، نەیشاردەوە، کە ئەو ئامادەیە، هەموو هاوکارییێکی ئەمەریکا لە ڕێگەی ئێرانەوە وەربگرێت و پێی گوتم: ئەگەر بۆچوونی ئەمریکییەکان ئەوەیان پێ لۆجیک تر و کرداری ترە، ئێمە پێشوازی لێ دەکەین، بەڵام وا بە چاکتری دەزانین، کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ڕاستەوخۆ یارمەتیمان بدات"[1].

بە تێڕوانین لەم ڕاپۆرتە ڕۆژنامەوانییە، دەکرێت بڵێین: وەک ڕۆژنامەکە ئاماژەی پێداوە، جیۆپۆلەتیکی کوردستان، کە لە هەرچوار لاوە بە دوژمنەکانی دەورە دراوە. هەر چواریش خاوەن چەکی پێشکەوتووی سەربازی بوون و توانای لۆجستی گەورەیان لە بەر دەستدا بوو، بەپێی پەیمانە مێژووییەکانی نێوانیان وەک سەعدئاباد[2]و بەغدا (سەنتۆ)، هاوهەڵوێست

(١) الثورة، ع(١٤٩٠)، ١٩٧٣/٦/٢٨.

(٢) پەیمانی سەعد ئاباد، ئەو پەیمانە بوو، لە ڕێکەوتی ٨ی تەمموزی ساڵی ١٩٣٧ لە نێوان عێراق و تورکیا و ئێران و ئەفغانستان مۆرکرا، بە مەبەستی باشترکردنی پەیوەندییەکانی نێوانیان کە لە دە ماددە پێکهاتبوو بۆ ماوەی پێنج ساڵیش کاری پێدەکرێت واتە تاکو ساڵی ١٩٤٢. Afghanistan - Treaty of Non-Aggression. Signed at Tehera, July ٨th, ١٩٣٧ [١٩٣٨] LNTSer ١٦٣; ١٩٠ LNTS ٢١ (worldlii.org)

بوون، لەسەر سەرکوتکردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد. ئەو یارمەتییەی کە ئێرانیش بۆ کورد دەیدا، تەنیا گوشارخستنە سەر حکوومەتی عێراقی بوو بۆ ماوەیەکی کاتی. هەرچی سۆڤییەتە نەک هەر ئامادە نەبوو، یارمەتی جووڵانەوەی کوردی بدات، بەڵکو پشتیوانی حکوومەتی عێراقی دەکرد، وەک ڕۆژنامەکە ئاماژەی پێکردووە، عێراق لە سەرکوتکردنی شۆڕشی کورد چەکی ڕووسی بەکار هێناوە. حکوومەتی عێراقیش، کە باش لەم ڕاستییانە گەیشتبوو، بەدوای هەلدا دەگەڕا، بۆئەوەی کێشەی کورد، بەو شێوەیە یەکلا بکاتەوە، کە خۆی دەیەوێت و کورد ڕۆڵ لەو بڕیارانەدا نەگێڕێت. ئەمانە هەمووی هۆکار بوون، کە بارزانی بیر لە بژاردەیەکی لەم شێوەیە بکاتەوە.

سەبارەت بە پڕۆژەی ئۆتۆنۆمی، بە پێی ڕێککەوتنی نێوان سەرکردایەتی شۆڕشی کورد و حزبی بەعس، دەبوایە لە ماوەی چوار ساڵ بەندەکانی ڕێککەوتنەکە، جێبەجێ بکرێن. دوای ئەو چوار ساڵە، ئینجا یاسای ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان دابندرێت، لەسەر ئەم بنەمایە، پارتی دیموکراتی کوردستان، لە ڕێکەوتی ٩ی ئاداری ساڵی ١٩٧٣، پڕۆژەیەکی تێروتەسەلیان بۆ یاسای ئۆتۆنۆمی کوردستان پێشکەش کرد، کە زۆر لایەنی گرنگی لەخۆ گرتبوو. بەڵام حزبی بەعس پڕۆژەکەی ڕەتکردەوە. لە ڕێکەوتی ٢٤ی ئەیلوولی ساڵی ١٩٧٣، سەدام حوسێن، لە میانەی کۆبوونەوەی لەگەڵ هەندێک لە لایەنگرانی حزبی بەعس، کە بۆ مەبەستی تاوتوێکردنی پڕۆژەی ئۆتۆنۆمی، وای خستەڕوو، لە بۆچوونی خۆیاندا، گەلی کورد و پارتی دیموکراتی کوردستان، بە هەمان چاو سەیر ناکەن، حزبی بەعسیشی، نەک تەنیا بە سەرکردەی عەرەبی عێراق، بەڵکو بە سەرکردەی تەواوی گەلانی عێراق لە قەڵەم دا[1].

ڕۆژنامەی (الثورة) لە ژمارەی ڕۆژی ١٩ی تەمموزی ساڵی ١٩٧٣، ئەم هەواڵەی بڵاوکردووەتەوە:

"ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە عێراق، لە کاتژمێر شەشی ئێوارەی دوێنێ، کۆبوونەوەی خۆی بە ئامادەبوونی سەدام حوسێن جێگری ڕازگری نهێنی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی هەرێمی و جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش، کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسی لە هۆڵی کۆبوونەوەکان، لە شاری بەغدا گرێدا، کە زیاتر لە ١٠٠ ڕۆژنامەنووس ئامادە بوون. ئەوەی پەیوەندی بە کورد و ئۆتۆنۆمییەوە هەبوو، سەدام جەختی لێکردەوە، کە جێبەجێکردنی ئۆتۆنۆمی بۆ گەلی کوردمان، لە ١١ی ئاداری ساڵی

(١) فەرەیدوون عەبدولڕەحیم، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤٧.

١٩٧٤ کۆتایی دێت، ئێمە دووپاتی دەکەینەوە، ئەم وادەیە گۆڕانکاری بەسەردا نایەت، بە هەموو شێوەیەک هەوڵ دەدەین، بۆ جێبەجێکردنی ئۆتۆنۆمی پێش ١١ی ئاداری ساڵی ١٩٧٤"[١].

هەروەها ڕۆژنامەی (الجمهورية) لە ژمارەی ڕۆژی ١٤ی ئەیلوولی ساڵی ١٩٧٣، ئەم هەواڵەی بڵاوکردووەتەوە:

"ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە عێراق، لە کاتژمێر شەشی ئێوارەی دوێنێ، کۆبوونەوەی خۆی بە ئامادەبوونی سەدام حوسێن جێگری ڕازگری نهێنی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی هەرێمی و جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش، ئەنجام دا. لە کۆبوونەوەکەدا، ڕەشنووسی پڕۆژەی پێشنیارکراو، دەربارەی ئۆتۆنۆمی بۆ گەلی کورد تاوتوێ کرا کە لەلایەن حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتیراکییەوە ئامادەکرابوو، لەم کۆبوونەوەیەدا، لەسەر داوای سەرکردایەتی حزب، چەند ئەندامێکی سەرکردایەتی هەرێمی بەعس و ٢٠٠ کەسایەتی نیشتیمانی و نەتەوەیی پێشکەوتووخواز ئامادە بوون. بەڕێز غانم عەبدولجەلیل[٢]، کۆبوونەوەکەی بەڕێوە دەبرد، کە بەڕێوەبەری گشتی نووسینگەی سەدام بوو. (واع) زانیویەتی ڕەشنووسی پڕۆژەکە، کە گفتوگۆی لە بارەیەوە دەکرێت، دەیانەوێت داڕشتەی کۆتایی یاسای ئۆتۆنۆمی بۆ گەلی کورد دابڕێژن. وا بڕیارە بەرەی نیشتیمانیش، لەم مانگەدا لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان کۆببێتەوە و پڕۆژەکەیان پێ ڕابگەیەنێت"[٣]. لە تشرینی

(١) الثورة، ع(١٥٩٠)، ١٩٧٣/٧/١٩.

(٢) غانم عەبدولجەلیل (١٩٣٨/بەغدا-١٩٧٩/بەغدا)، سیاسەتمەداری عێراقی، لە ساڵی ١٩٥٤ پەیوەندی بە ڕیزەکانی حزبی بەعس لە عێراق کردووە، لە دۆسییەی هەوڵدان بۆ تیرۆرکردنی عەبدولکەریم قاسم، بۆ ماوەی ٧ ساڵ زیندانی کراوە و ساڵی ١٩٦٢ بە لێبووردنی گشتی ئازاد کرا. لە ساڵی ١٩٦٥ لە کۆلێژی یاسا دەرچووە، لە ساڵی ١٩٧٠ بووە پارێزگاری کەرکوك، پاشان لە ساڵی ١٩٧١ پارێزگاری دیالە و لە هەمان ساڵدا بووە بەڕێوەبەری گشتی بەندەرەکانی عێراق. دوای بڕیاری بە نیشتیمانیکردنی نەوت لە یەکی حوزەیرانی ١٩٧٢، ڕاسپێردرا بۆ بەڕێوەبردنی کارەکانی کۆمپانیای عێراقی بۆ کاروباری نەوت. ساڵی ١٩٧٤ بۆ پۆستی ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش، هەڵبژێردرا. هەر لەو ساڵەدا کرایە بەڕێوەبەری نووسینگەی جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش، پاشان لە تشرینی دووەمی ١٩٧٤ دا کرایە وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی و تا ساڵی ١٩٧٧ لەم پۆستەدا مایەوە. یەکێک بوو لە قوربانییانی پاکتاوکردنەکەی هۆڵی خولد ساڵی ١٩٧٩. کتب غانم عبد الجليل - مكتبة نور-noor) (book.com.

(٣) الجمهورية، ع(١٨١١)، ١٩٧٣/٩/١٤.

یەکەمی ساڵی ١٩٧٣یشدا، وێڕای ناڕازیبوونی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە پڕۆژەکە، کە چی حزبی بەعس، لەگەڵ سەدان کەس لە نوێنەرانی سەربەخۆ و دژە پارتی دیموکراتی کوردستان، سەبارەت بە جێبەجێکردنی پڕۆژەی ئۆتۆنۆمی، کەوتە لێدوان و گفتوگۆکردن، ئەمەش نیازێکی ئاشکرای بەعس بوو، بۆ سووربوونی لەسەر بەلاوەنانی پارتی[١].

ڕۆژنامەی (الجمهورية) لە ڕۆژی ٣١ی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٧٣، بە مانشێتێکی گەورە نووسیبووی: "بەرەی نیشتیمانی پڕۆژە یاسای ئۆتۆنۆمی پێشکەش بە پارتی دیموکراتی کوردستان کرد"[٢].

ناڕەزایی پارتی دیموکراتی کوردستان و سەرکردایەتی شۆڕشی کورد، سەبارەت بە ڕاگەیاندنی پڕۆژە یەکلایەنەکەی بەعس و گوێنەگرتنی لە ڕاسپاردە و پێشنیارەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، گرژی و ئاڵۆزییەکانی هەردوولای گەیاندە ئاستێکی ئەوتۆ، کە ئیتر لە دەستپێکردنەوەی شەڕ بەولاوە، هیچ شتێکی دیکەی لێ چاوەڕوان نەدەکرا، هەرچەند هێشتا سەرکردایەتی شۆڕشی کورد هیوای بە گفتوگۆ مابوو، مەسعود بارزانی لەو بارەیەوە دەڵێت: "پارتیمان ڕەشنووسی پڕۆژەی ئۆتۆنۆمی لە ١٩٧٣/٣/٩ لە سەر پێشنیازی دەسەڵات پێشکەش کرد، بەڵام حزبی بەعس ڕازی نەبوو ئەو پروژەیەی ئێمە پێشکەشمان کردبوو، بکا بە بنەمای گفتوگۆ لەسەرکردن، بە بیانووی ئەوەی پڕۆژەیەکی ئەوەندە پەرگرە ئێمە ناتوانین گفتوگۆی لە سەر بکەین. بەعسیش بە حاڵی خۆی پڕۆژەی ئۆتۆنۆمی لە ١٢/١٢ی ساڵی ١٩٧٣ دا پێشکەشی ئێمە کرد. وەک هەوڵێکیش بوو، بۆ گەمارۆدانی بزووتنەوەی کورد و خستنە تەنگەڵانی، چەند کەسایەتی و تاخمێکیش کە ناوی لێ نابوون (سەربەخۆ)، بانگ کرد بۆئەوەی گفتوگۆ لەسەر پڕۆژەکەی ئەواندا بکەن. پاش ئەوەش پڕۆژەکەی بە ناوی (بەناو بەرە)وە، پێشکەشی ئێمە کرد، بەڵام ئەم پڕۆژەی (بەناو بەرە)یە، پڕۆژەیەکی هاوتاکی بەعس بوو، وەک پێشتر پێشکەشی کردبووین، لەگەڵ ئەوەشدا کە پڕۆژەکە، ڕەگەزەکانی سیستەمگەلی ئۆتۆنۆمی تێدا نەبوو، کە لە دەوڵەتە سۆشیالیستی و سەرمایەداری و وڵاتانی جیهانی سێیەمدا جێبەجێ دەکرێن، لەگەڵ ئەوەشدا لەگەڵ هیوا و ئاواتەکانی گەلی کورد و ژیانی ئەو ڕۆژەیدا نەدەگونجا، لەگەڵ هەموو ئەمەدا، ئێمە بەوە ڕازی بووین بیکەین بە بنەما بو گفتوگۆ و لێدوان، بڕیارمان دا بچینە گەشتیکی دیکەی گفتوگۆوە لەگەڵ نوێنەرانی

(١) فەرەیدوون عەبدولڕەحیم، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤٧.

(٢) الجمهورية، ع(١٩٠٥)، ١٩٧٣/١٢/٣.

دەسەڵات و حزبی بەعسدا، بۆئەوەی پێکڕا بگەینە داڕشتەیەکی لە سەریەک کەوتووی ئۆتونۆمی و چارەسەر بۆ ئەو گیروگرفتانەی دیکەش بدۆزینەوە، کە لە نێوان و ئێمە و ئەواندا هەروا بێ چارەسەر مابوونەوە"[1].

(١) مەسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، بەرگی سێیەم، ب٢، ل١٢٦.

## تەوەری شەشەم

### هەڵوێستی ڕۆژنامە عێراقییەکان بەرامبەر شۆڕشی ئەیلوول لە دەستپێکی ساڵی ١٩٧٤ەوە تاکو نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول لە ئاداری ١٩٧٥

لەگەڵ ساڵی تازەدا، واتە ساڵی ١٩٧٤، وادەی جێبەجێکردنی بڕیاری ئۆتۆنۆمی نزیک دەبووەوە، ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش-عێراق، لە ڕێکەوتی ٢١ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٧٤، بڕیارنامەی ژمارە (٦٧)ی دەرکرد، بەپێی بڕیارەکە: لێژنەیەکی باڵا بۆ کاروباری باکوور، بە سەرۆکایەتی سەدام حوسێن پێکهێندرا کە ئەندامەکانی لەمانە پێکهاتبوون: سەعدوون غێدان، عیزەت دووری، دکتۆر عیزەت مستەفا ئەحمەد[١]، تەها یاسین جەزراوی، غانم عەبدولجەلیل، عەبدولفەتاح محەمەد ئەمین، محەمەد مەحجووب[٢]، نەعیم حەداد. هەروەها لێژنەی ئاشتیش کە لە پێشدا، بۆ بەدواداچوونی کاروبارەکانی کوردستان کاری دەکرد، هەڵوەشێندرایەوە[٣].

ڕۆژنامەی (الجمهورية)، لە ژمارەی ڕۆژی ٤ی ئاداری ساڵی ١٩٧٤، نووسیویەتی:

---

(١) دکتۆر عیزەت مستەفا ئەلعانی (١٩٢٥/عانە-٢٠١٤/مالیزیا)، پزیشک و سیاسەتکاری عێراقی، ساڵی ١٩٤٩ کۆلێژی پزیشکی لە دیمەشق تەواوکردووە. هێشتا لە سووریا بوو، پەیوەندی بە حزبی بەعسەوە کرد. دوای کودەتای ٨ی شوبات پۆستی وەزیری تەندروستی وەرگرت. پاشان چووەتە وڵاتی مسر، دوای کودەتای ١٧ی تەمموز، بووە ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی هەرێمی و نەقیبی سەندیکای پزیشکان. لە نێوان ساڵانی ١٩٦٨-١٩٧٧، چەند جارێک پۆستی وەزیری تەندروستی و کاری کۆمەڵایەتی وەرگرتووە. كتب عزت مصطفى العاني - مكتبة نور (noor-book.com).

(٢) محەمەد مەحجووب ئەلدووری (١٩٣٧/ئەلدوور-١٩٧٩/بەغدا)، سیاسەتکاری عێراقی، دەرچووی کۆلێژی زانستە سیاسییەکانی زانکۆی بەغداە، پۆستی پارێزگاری چەند پارێزگایەکی عێراقی هەبووە، گرنگترینیان بەسرا ١٩٦٩، واست و پاشان دیالە. پاشان بووەتە ئەندامی سەرکردایەتی هەرێمیی حیزبی بەعس، لە نێوان ساڵانی ١٩٧٦-١٩٧٩ وەزیری پەروەردە ١٩٧٦-١٩٧٩ بووە. یەکێک بوو لە قوربانییانی کردەی پاکتاوکردنی هۆڵی (خولد). محەمەد مەحجووب، لە ماوەی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا، ڕۆڵێکی زۆر چالاکی هەبووە لە کردنەوەی خوولەکانی نەهێشتنی نەخوێندەواری لە عێراقدا و بۆیە سێ ساڵ دوای مردنی، واتە ساڵی ١٩٨١، ڕێکخراوی یۆنسکۆ، خەڵاتی ڕێزلێنانی پێبەخشی. كتب محمد محجوب الدوري - مكتبة نور(noor-book.com).

(٣) الجمهورية العراقية، القرارات العامة ...، م١، ص٦١٠.

"لێژنەی باڵای بەرەی نیشتیمانی پێشکەوتووخواز، بەیانی دوێنێ، بە سەرۆکایەتی سەدام حوسێن و ئەندامانی لێژنە، کۆبوونەوەیەکیان گرێدا. لەم کۆبوونەوەیەدا، داڕشتەی کۆتایی ئۆتۆنۆمی کوردستان کۆتایی پێهێندرا و بەرزکرایەوە بۆ ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش، بە مەبەستی ئەوەی بکرێتە یاسا. ئەم کۆبوونەوەیە ماوەی دوو کاتژمێر بەردەوام بوو، بڕیاردرا، لە وادەی دیاریکراوی خۆی، ڕابگەیێندرێت و جێبەجێ بکرێت. بە شێوەیەک، کە ڕیزەکانی یەکێتی نیشتیمانی پتەو بکات. گەلی کورد بەهۆیەوە مافە نەتەوایەتییەکانی بەدەست بهێنێت و ببێتە هۆکاری گەشانەوەی پڕۆسەی دیموکراسی لە وڵات"[1]. هەمان ڕۆژنامە، لە ١١ی ئاداری هەمان ساڵ بە مانشێتێکی گەورە نووسیویەتی:

"ئەمڕۆ ئۆتۆنۆمی ڕادەگەیێندرێت" پاشان هاتووە: "هەشتەم کۆنگرەی هەرێمیی حزبی بەعس، لە باڵەخانەی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش، بەڕێوەچوو، کە کۆنگرەیەکی تایبەت بوو. لەم دانیشتنەدا، دوایین پێشهاتەکانی دانوستانی نێوان بەرەی نیشتیمانی و پارتی دیموکراتی کوردستان دەربارەی داڕشتەی کۆتایی ئۆتۆنۆمی خرایەڕوو. کۆنگرە بڕیاریدا، بە ڕاگەیاندنی حوکمی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان، لە وادەی بڕیارلێدراو، کە ڕۆژی ١١ی ئاداری ساڵی ١٩٧٤ە، لێژنەی باڵای بەرەی نیشتیمانی و نەتەوەیی پێشکەوتووخواز، پڕۆژەکەی پەسند کرد و بۆ ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بەرزی کردەوە، بە مەبەستی بڕیارلێدانی. لەلایەکی دیکەوە، گفتوگۆی لێژنەی باڵای بەرە، دەربارەی پڕۆژەی ئۆتۆنۆمی کەوا بڕیار بوو، ئەمڕۆ، بە ئامادەبوونی کەسایەتییە نەتەوەیی و نیشتیمانییەکان، لە هۆڵی خولد ببەسترێت، دواخرا بۆ ڕۆژێکی دیکە. لێژنەی باڵای بەرەی نیشتیمانی، داوا لە کەسایەتییە نیشتیمانی و نەتەوەییە بێلایەنەکان کرد، هەمووان تێیدا بەشداربن".

لە هەمان ژمارەدا، ئەم بابەتەش بڵاوکراوەتەوە:

"یەکێک لە دەستکەوتەکانی ڕێککەوتننامەی ئادار، چالاکییەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی خوێندنی کوردییە، کە خۆی لە دروستکردنی قوتابخانە و بەڕێوەچوونی خوێندنی کوردی لە کوردستاندا دەبینێتەوە، پاش ڕێککەوتنی ئاداری مێژوویی، لێژنەیەکی هاوبەشی باڵا، لە نێوان هەردووک وەزارەتی پەروەردە و کاروباری باکوور پێکهات، کە هەڵسان بە چەند بەسەرکردنەوەیەکی مەیدانی، بۆ جێگیرکردنی ئەو قوتابخانانەی خوێندنی کوردی، لە سەرجەم قۆناغەکان، دەیانگرێتەوە. سەبارەت بە قوتابخانەکانی پارێزگاکانی هەولێر و

(١) الجمهورية، ع(١٩٥٧)، ١٩٧٤/٣/٤.

سلێمانی و دهۆک، خوێندنی کوردی گەیشتووەتە زۆربەی قوتابخانەکان، بەتایبەت لە قۆناغی سەرەتایی و دواناوەندی. لە دهۆکیش لە قۆناغی یەکەم، تا پێنجی سەرەتایی کراوەتە کوردی. هەروەها قوتابییانی کورد، لەو شوێنانە، بۆ یەکەمجار لە ساڵی ڕابردوو، تاقیکردنەوەکانیان بە شێوەی وزاری-بەکالۆریا، لە هەردوو قۆناغی سێیەمی ناوەندی و شەشەمی ئامادەیی بە زمانی کوردی ئەنجام دا. هەروەها بزاوتی پەروەردەیی، چەندان قوتابخانەی دروستکرد و ژمارەیەکی بەرچاو مامۆستایانی لەو شوێنانە دامەزراند، کە خوێندنی کوردی دەیانگرێتەوە. لە سلێمانی لە ساڵی خوێندنی ١٩٦٩-١٩٧٠ دا، ژمارەی قوتابخانەکان، ٢٢٣ قوتابخانە بوو، بەڵام ساڵی ١٩٧٣ گەیشتە ٥٢٣ قوتابخانە. ژمارەی قوتابیانیش، لە ٣٢٧٥٣ -وە گەیشتە ٤٦٢٢٣ قوتابی. مامۆستایانیش، لە ١٧١١ مامۆستاوە گەیشتە ٢١٠٥ مامۆستا. لە هەولێریش، لە ساڵی خوێندنی ١٩٧٠/١٩٦٩، ژمارەی قوتابخانەکان، ٢٧٠ قوتابخانە بوو، بەڵام ساڵی ١٩٧٣ گەیشتە ٤٦٨ قوتابخانە. ژمارەی قوتابیانیش، لە ٢٩٤٣١ -وە گەیشتە ٤٣٦٨٣ قوتابی. مامۆستایانیش، لە ١٨٦١ مامۆستاوە گەیشتە ٢٥٨٦ مامۆستا. لە دهۆکیش لە ساڵی خوێندنی ١٩٧٠/١٩٦٩، ژمارەی قوتابخانەکان، ٦٥ قوتابخانە بوو، بەڵام ساڵی ١٩٧٣ گەیشتە ١٧٢ قوتابخانە. ژمارەی قوتابیانیش، لە ٨٧٠٠ وە، گەیشتە ١٩٣٩٣ قوتابی. مامۆستایانیش، لە ١٥١ مامۆستاوە گەیشتە ٦٢٠ مامۆستا. عەبدوڵڵا شاڵی، بەڕێوەبەری گشتی خوێندنی کوردی، ڕایگەیاند، ئەم پێشکەوتنانە لە ئەنجامی زیادکردنی بودجەی بەڕێوەبەرایەتییەکەمان بەدەست هاتوون کە لە ساڵی ١٩٦٨، ٢٢٠٠ بوو، بەڵام دواتر بووە ٤٥٠٠٠٠ هەزار دینار. ئەمەش ئەم چالاکییانەی لێکەوتەوە"[١].

لەگەڵ ئەوانەشدا بەڕێوەبەرایەتییەکە، لە کەموکوڕیش، بەدەر نەبوو، بەتایبەت لە نێوان ساڵانی ١٩٧٠-١٩٧٥ دا، کە لەم خاڵانەی خوارەوە دەستنیشانیان دەکەین:

١. کێشەی کەمی مامۆستا، بۆشاییەکی گەورەی لە خوێندنی قوتابخانەکاندا دروست کردبوو، بەپێی ڕاپۆرتێکی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان، کە لە ساڵی خوێندنی ١٩٧٢-١٩٧٣ دا، ئامادەکراوە، تەنیا لە وانەی بیرکاری ١٢٠ بۆشایی لە قوتابخانە ناوەندی و ئامادەییەکانی هەردوو پارێزگای هەولێر و سلێمانی لە ئارادا بووە. هەروەها لە کوردستان بەگشتی٢٣٠ بۆشایی، لە وانەکانی بیرکاری و فیزیا و ٤٠ بۆشایی، لە وانەی کیمیا، ٢٣ بۆشایی، لە زانست و ژیان، ٣٠ بۆشایی، و لە وانەی مێژوو، ١٠ بۆشایی، لە وانەی جوگرافیا، ١٠ بۆشایی، لە وانەی

(١) الجمهورية، ع(١٩٦٣)، ١٩٧٤/٣/١١.

هونەر و ٥ بۆشایی لە وانەی زمانی عەرەبیدا هەبووە[١]. لە قوتابخانە پیشەییەکانیشدا، ئەم بۆشاییە بە ڕادەیەك زۆر بووە، کە بووەتە کۆسپێکی گەورەی خوێندنی کوردی لەو قوتابخانانەدا[٢]. بەمەش کۆی بۆشاییەکان گەیشتۆتە ٤٣٠ بۆشایی و وا چاوەڕوان کراوە، لە ساڵی خوێندنی ١٩٧٣-١٩٧٤ دا، بگاتە ٢٠٠٠ بۆشایی. ئەمە وێڕای بوونی کێشەی بینایەی قوتابخانەکان و کەمی قوتابخانەی پێویست لە هەندێ لە ناوچەکانی کوردستاندا، هەروەها کێشەی پێداویستییەکانی قوتابخانە، وەك ڕەحلە و تەختەڕەشە و هۆیەکانی ڕوونکردنەوە، لە ئارادا بووە[٣].

٢- لە ساڵی ١٩٧٤ دا، کاتێك شۆڕشی کورد دەستیپێکردەوە، پڕۆسەی خوێندنی کوردی خۆی لە بەردەم مەترسی گەورەدا بینییەوە. پارێزگاکانی کەرکووك و موسڵ و دیالە، کەوتنە بەر شاڵاوی تەعریب و تەنانەت ناوی قوتابخانەکانیشیان بۆ عەرەبی گۆڕان و بەشێك لە مامۆستا و کارمەندە کوردەکانیان بۆ ناوچەکانی دیکە گوێزرانەوە[٤]. بەڕێوەبەرایەتی گشتی خوێندنی کوردی، بە هۆی سەختی بارودۆخەکە، نەیتوانیوە هەڵوێستێکی ئەوتۆ پیشان بدا، هەر خودی بەڕێوەبەرایەتییەکەش، لە دوای ساڵی ١٩٧٤ ەوە، خرایەوە سەر وەزارەتی پەروەردەی عێراقی، جگە لە ئەرکی سەرپەرشتیکردنی دانان و وەرگێڕان و چاپکردنی کتێبە پەروەردەییە کوردییەکان، هەموو بەرپرسیارێتییەکانی دیکەی لێ وەرگیرایەوە[٥].

ئەمە وێڕای زۆر کێشەی دیکەی وەك بابەتی چاپکردنی کتێبە پەروەردەییەکان، کەوا لەلایەن بەڕێوەبەرایەتییەکە دادەندران و وەردەگێڕدران، چونکە بەڕێوەبەرایەتییەکە، خاوەن چاپخانەی خۆی نەبووە، بۆیە بەردەوام کێشەی لەگەڵ چاپخانەکاندا هەبووە، وەك دواکەوتنی چاپکردنی کتێبەکان لە کاتی دیاریکراوی خۆیدا[٦].

---

(١) غازی حەسەن، خوێندەواری ڕێگەیەکی سەخت و درێژ لە کوردستاندا، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨، ل١٠٤-١٠٥.

(٢) هاوکاری، ژ(٢٠٩)، ١٩٧٤/٣/١٥.

(٣) غازی حەسەن، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٤.

(٤) أ.پ، عن التعليم في كردستان العراق، مطبعة خەبات، كوردستان، ١٩٨٦، ص٢٤.

(٥) ئیحسان فوئاد (دکتۆر)، خوێندنی کوردی لە ناوچەی ئۆتۆنۆمی دا، ڕۆشنبیری نوێ، ژ(٩٩)، ئەیلوولی ١٩٨٣. ل٣٠.

(٦) التآخي، ع(٨٤٤)، ١٩٧١/٩/٢٥؛ پەروەردە و زانست (گۆڤار)، ژ(١)، ١٩٧١، ل١٠٣.

هەر لە هەمان ژمارەدا، ڕۆژنامەی (الجمهورية) وتارێکی لە ژێر ناوی (کێشەی کورد لە بیر و هەڵوێستی حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتیراکی) بڵاوکردووەتەوە، کە لە کۆنگرەی هەشتەمی حزبدا، خراوەتەڕوو، چەند خاڵێکی دەربارەی کێشەی کورد وروژاندووە، کە ئەمانەن:

١. جووڵانەوەی نەتەوەیی کوردی لە عێراق، سەرەڕای هەندێک بارودۆخی تایبەت، کە خۆی بە ئاراستەی جیاخوازی و دواکەوتوویی دەبینێتەوە، ئەمەش بە دەسیسەی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستان ئەنجام دەدرا. بەڵام لە ناوەرۆکدا داواکارییەکانی جووڵانەوەکە، بۆ وەدیهێنانی ئۆتۆنۆمی بۆ کورد لە عێراق، پاساوی ڕاستەقینەن. ئەمەش بەشێکە لە جووڵانەوەی نیشتیمانی لە وڵاتی عێراق.

٢. بەرنامەی بنەڕەتی و نەگۆڕ کە حزبی بەعس پشتی پێ دەبەستێت، خۆی لە بەدەستهێنانی مافەکان و دەستەبەرکردنی لە ڕێگای کاری نیشتیمانی هاوبەش، دەبینێتەوە، کە هێزە نیشتیمانییە پێشکەوتووخوازەکان لە نێو کورددا، بەشێکن لەو پرۆگرامە. هەروەها ڕاپۆرتەکە ئاماژە بەوە دەکات، حزبی بەعس دەتوانێت، داڕشتەیەکی تەواو لە بواری تیۆری سیاسی و پراکتیکی بدۆزێتەوە. بەڵگەش بۆ ئەمە، ڕێککەوتنی یازدەی ئاداری ساڵی ١٩٧٠ یە، کە خاڵی وەرچەرخانی مێژوویی بوو، لە خەباتی جەماوەریی کورد. ڕەسەنایەتی حزب و بەرنامە پێشکەوتووخوازەکەی دەکاتەوە و پێمان دەڵێت: دەتوانێت چارەسەری کێشەی عەرەب بکات. بۆ ڕزگارکردنی عەرەب و یەکخستنی لەسەر بنەمای ئیشتیراکی و دیموکراسی"[(١)].

حزبی بەعس کە بەردەوام لە وتارە ڕۆژنامەوانییەکاندا، جەختی لە دیموکراسییەت دەکردەوە، کەچی لە وڵاتدا هیچ دامودەزگایەکی دیموکراسی وەک پەرلەمان و دەسەڵاتی یاسادانان، بوونی نەبوو. هیچ پرۆسەیەکی هەڵبژاردن، کە هێزە نیشتیمانییە عێراقییەکان بە ئازادی خۆیان تێیدا هەڵبژێرن، ئەنجام نەدەدرا. ئەوەی هەبوو، ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بوو، کە حزبی بەعس بەڕێوەی دەبرد، لەوێدا لە ماوەی شەو و ڕۆژێکدا، دەیان بڕیار دەدران، بێئەوەی ڕاوبۆچوونی هیچ هێزێکی نیشتیمانی وەربگیرێت. تەنانەت لە ناو خودی ئەنجوومەنەکەشدا، نەریتی دیموکراسیانە پەیڕەو نەدەکرا. هێزی باڵادەستی ناو ئەنجوومەن، کە سەدام و لایەنگرانی بوون، هەژموونی خۆیان زاڵ کردبوو، زۆربەی بڕیارەکان بە دڵی ئەوان دەردەچوو، بەتایبەت دوای ڕووداوەکەی تەمموزی ساڵی ١٩٧٣، کە بە هەوڵی

---

(١) بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: سيف الدين الدوري، المصدر السابق.

كودەتاكەی نازم گزار ناو دەبرێت، بە هۆیەوە سەدام، بەشێک لەو ئەندامانەی ئەنجوومەنی كردە ئامانج، كە دژی بڕیارە سەپێنەرەكانی ئەو و داروودەستەكەی بوون[1]. بۆیە ئەو دیموكراسییەتەی بەعس باسی دەكرد، جگە لە هەڵخەڵەتاندنی شەقامی عێراقی، شتێكی دیكە نەبوو. لە بەرەی نیشتیمانیشدا، كە گوایە هێزە نیشتیمانییە پێشكەوتووخوازەكان، تێیدا بەشدارن، تەنیا گفتوگۆ لەسەر ئەو پڕۆژانە دەكرا، كە بەعس پێشكەشی دەكرد، وەک پڕۆژە ئۆتۆنۆمییەكەی ساڵی ١٩٧٤.

ئەنجوومەنی سەركردایەتی شۆڕش (عێراق)، لە ڕێكەوتی ١١ی ئاداری ساڵی ١٩٧٤، بڕیارنامەی ژمارە (٢٤٧)ی دەركرد، كە هەمواركردنەوەی چەند ماددەیەكی دەستووری كاتی بوو، كە لە ١٦ی تەممووزی ساڵی ١٩٧٠ دەرچووە و تیایدا هاتووە:

"ئەنجوومەنی سەركردایەتی شۆڕش، بەناوی گەل بڕیاریدا، بە هەمواركردنەوەی دەستووری كاتی، بەم شێوەیە:

ماددەی یەكەم. سەرباركردنی ئەم بڕگەیە بۆ سەر ماددەی هەشتەم.

ج. ئەو ناوچانەی زۆربەی دانیشتووانەكەی كوردن، دەبنە ناوچەی ئۆتۆنۆمی، بەو پێیەی یاسا دیاری كردووە.

ماددەی دووەم. ئەو هەمواركردنەوەیە لە ڕۆژی دەرچوونی لە ڕۆژنامەی فەرمی بڵاودەكرێتەوە"[2]. "لە ڕۆژی ٢٦ی ئاداریشدا، بڕیارنامەی ژمارە (٣٠٩) دەرچوو، كە تیایدا هاتووە:

١. زمانی عەرەبی دەبێتە زمانی ئاڵوگۆڕی كاروبارە فەرمییەكانی نێوان دەسەڵاتی ناوەندی و دەستەكانی ئۆتۆنۆمی.

٢. زمانی كوردی و عەرەبی، بەو شێوازەی پێی دەنووسرێت، دەبێتە زمانی فەرمی بەڵگەنامە و مامەڵە و ئاڵوگۆڕییەكان لە ناوەوەی ناوچەی ئۆتۆنۆمی.

٣. بڕیارەكانی دەستەكانی ئۆتۆنۆمی بە هەردوو زمانی كوردی و عەرەبی دەبێت.

٤. لەسەر هەموو هاووڵاتییان پێویستە، هەردوو زمانی كوردی و عەرەبی لە مامەڵە فەرمییەكاندا بەكار بهێنن.

(١) الجمهورية، ع(١٩٦٣)، ١٩٧٤/٣/١١.

(٢) الجمهورية العراقية، القرارات العامة ...، م١، ص٦١١.

٥. أ. دادگا بۆی هەیە، بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێی دراوە، لە بڕیارەکانیدا، یەکێک لەو زمانانە بەکاربهێنێت.

ب. بڕیارەکان بە هەردوو زمانی عەرەبی و کوردی دەردەچن"[١].

لە هەمان ڕۆژدا، بەپێی بڕیارنامەی ژمارە (٣١٠) و (٣١١) دەرچوو، کە لە یەکەمیاندا هاتووە:

"لە ناوچەی ئۆتۆنۆمی، ناوچەیەکی تایبەت دروست دەکرێت، بە ناوی ناوچەی پێداهەڵچوونەوەی کوردستان، شاری هەولێر دەبێتە ناوەندی ئەو ناوچەیە". لە دووەمیشیاندا هاتووە: "دەکرێت، بۆ کوردانی نیشتەجێی دەرەوەی ناوچەی ئۆتۆنۆمی، قوتابخانە دروست بکرێت. بەپێی ئەو بنەمایانەی کە وەزارەتی پەروەردە دایدەنێت"[٢].

لە ڕۆژی ٢٧ی ئاداریشدا، دوو بڕیارنامە، بە ژمارەکانی (٣١٧) و (٣١٨) دەرچوون، لە یەکەمیاندا هاتووە:

"بەپێی بڕگەی یەکەمی ماددەی چل و دووەمینی دەستووری کاتی، وەک دەستپێک بۆ داڕشتنەوەی پەیکەری ڕێکخستنی تەواو لە یەکە کارگێڕییەکان و دەزگای ئۆتۆنۆمی لە کوردستان، لەگەڵ جێبەجێکردنی یاسای ئۆتۆنۆمی ژمارە (٣٣)ی ساڵی ١٩٧٤، بڕیاردرا بە:

یەکەم. هەڵوەشانەوەی وەزارەتی کاروباری باکوور.

دووەم. فەرمانگە و دەزگاکانی وەزارەتی کاروباری باکوور، بەپێی چەند قۆناغێک دابەشی سەر وەزارەتەکانی دیکە دەکرێت:

١. ئەوانەی پەیوەست بە وەزارەتی نیشتەجێکردن دەکرێن:

آ. دەستەی ئاوەدانکردنەوەی باکوور و لێژنەکانی، کە وەزیری ئەشغال خۆی سەرۆکایەتی دەکات.

ب. بریکاری وەزارەت و نووسینگەکەی.

ج. بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاوەدانکردنەوەی باکوور.

د. بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان.

هـ بەڕێوەبەرایەتی پلان و بەدواداچوونی گشتی.

(١) المصدر نفسه، ص٦١٣.

(٢) المصدر نفسه، ص٦١٤.

و. بەشی ڕێکخستن و شێوازەکان.

ز. نووسینگەی تایبەت.

٢. بەڕێوەبەرایەتی گشتی خوێندنی کوردی، پەیوەست بە وەزارەتی پەروەردە دەکرێت.

٣. بەڕێوەبەرایەتی گشتی دارستانەکان، پەیوەست بە وەزارەتی پەروەردە دەکرێت.

٤. بەڕێوەبەرایەتی ئینحیساری تووتن، پەیوەست بە وەزارەتی ئابووری دەکرێت.

سێیەم. هەموو ئەوانەی لە سەرەوە هاتوون، بۆ وەزارەتەکانی دیکە دەگوازرێنەوە. وەزیرێکی تایبەتمەند شوێنی وەزیری کاروباری باکوور دەگرێتەوە. هەروەها:

١. هەموو دەرماڵە و پارە و وەبەرهێنانی ئەو فەرمانگانە دەچێتە سەر ئەو وەزارەتانە.

٢. گرێبەست و بەڵێننامە و مافەکان بۆ ئەوان دەبێت.

٣. کارمەند و کارگوزار و کرێکاران، هەریەکەیان مافە بەدەستهێنراوەکانیان دەپارێزرێت.

لە دووەم، بڕیارنامەشدا، کە لە هەمان ڕۆژدا دەرچووە، هاتووە:

١. هەڵوەشاندنەوەی لێژنەی ئاشتی.

٢. ڕادەستکردنی لێژنەی باڵای کاروباری باکوور بەم شێوەیە:

أ. پارە بە شێوەیەکی کاش و بەشێوەی نەختینە و سەرجەم مامەڵەکان، لە دەستی ئەواندا دەبێت و بەو شێوەی گونجاوە بەکاری دەهێنن.

ب. مامەڵەکانی پەیوەست بە نووسینگەی کاروباری باکوور، لەلایەن لێژنەی ئاشتییەوە تەواو دەکرێن.

٣. دەسەڵاتپێدان بە لێژنەی باڵای کاروباری باکوور، بۆ دەرکردنی فەرمانی تەواوکردنی گرێبەستی فەرمانبەر و کارگوزاران، لە سەربازی و مەدەنی، کە لە لێژنەی ئاشتی کاریان کردووە[1].

ڕاگەیاندنی یەکلایەنانەی ئۆتۆنۆمی، لەلایەن حزبی بەعسەوە، کشانەوەی تەواوەتی پارتی دیموکراتی کوردستانی، لە دامودەزگاکانی دەوڵەت لە بەغدا و لە پرۆسەی سیاسی عێراق، لێکەوتەوە. لە بەرامبەر ئەو بڕیارە تاکلایەنەی بەعسدا، هەڵوێستی درێژەدان، بە شۆڕش

(١) المصدر نفسه، ص ٦١٧.

ڕاگەیەندرا. لە ڕۆژی ١٩٧٤/٣/٢٣ وتوویژ لە نێوان کورد و ڕژێمی بەغدا نەما. هەموو فەوجەکانی پاسەوانی سنوور، کە لە پێشمەرگە پێکهاتبوون، هەڵوەشێندرانەوە.

لە ڕۆژی ١٩٧٤/٣/٢٦، ڕژێمی بەعس هێرشێکی بەربڵاوی لە موسڵەوە بەرەو زاخۆ دەستپێکرد، لە ڕۆژی ١٩٧٤/٤/٢٤، بۆردومانی شاری قەڵادزێ کرا، دوای سێ ڕۆژ بۆردومانی هەڵەبجە و گوندەکانی دەوروپشتی کرا. لە ڕۆژی ١٩٧٤/٤/٢٦ بە تۆپ و فڕۆکە بۆردومانی گەلاڵە و ڕەواندز و حاجی ئۆمەران دەستپێکرد ، لە هەمان کاتدا هێزی سوپا بە هەموو توانایەکەوە هێرشی کردە سەر شار و شارۆچکەکانی کوردستان. لە کەرکووکەوە بەرەو سلێمانێ، لە کفرییەوە بەرەو کەلار و دەربەندیخان و هەڵەبجە. لە کەرکووکەوە بەرەو سلێمانی و ڕانییە و قەڵادزێ، لە کەرکووکەوە بەرەو کۆیە و ڕانییە و قەڵادزێ. ئەم هێرشانە، دۆخێکی سەختی بۆ کورد هێنا پێشەوە، هەربۆیە لە مانگی ئەیلوولی ساڵی ١٩٧٤ دا، شای ئێران بواری هەموو کوردە هەڵاتووەکانی دا بچنە ناو ئێرانەوە، نزیکەی نیو ملیۆن کورد چوونە ناو خاکی ئێران و تورکیا و کۆچڕەو بەردەوام بوو. هێرشی گەورەی سوپای ڕژێم لە ڕۆژی ١٠ی ئەیلوولی ساڵی ١٩٧٤ بەرەو ناوچەی گەلاڵە دەستپێکرد. ڕۆژی ٢٩ی ئەیلوول چیای زۆزک کەوتە دەستی ڕژێمەوە. ڕۆژی ٢٥ی یازدەی ساڵی ١٩٧٤ بەشی زۆری خەڵکی ناوچەی بادینان گەیشتنە ئێران[١].

ڕۆژنامە عێراقییەکان، لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی هەواڵ و لێدوانی بەرپرسان و برووسکەی چین و توێژەکانی گەلی عێراق، ئێرانیان بە هاوکاری سەرەکی شۆڕشی کورد تۆمەتبار دەکرد، دەیاننووسی، کە جموجووڵەکانی ئێران لەسەر سنوور، هاوتای جموجووڵی چەکدارییی کوردە. ڕۆژنامەی (الثورة) لە ژمارەی ڕۆژی ٣ی ئەیلوولی ساڵی ١٩٧٤، نووسیویەتی:

"کرێکارانی پڕۆژەی بیناسازییەکانی ئوم قەسر، دەستخۆشی لەو بڕیارەی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش دەکەن، سەبارەت بە دانانی ئەنجوومەنی یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی، برووسکەیەکیان ئاراستەی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش، کردووە. ئەمەش دەقەکەیەتی: ئێمەی کرێکارانی بیناسازی لە کۆبوونەوەیەکی سەندیکاکەمان لە ئوم قەسر، دەستخۆشی لەو بڕیارەتان دەکەین، کە سەبارەت بە دانانی ئەنجوومەنی یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی داوتانە. ئەمەش لەگەڵ بەها مرۆییەکەی حزبمان یەک دەگرێتەوە. ئێمە سەرکۆنەی کارە تاوانکارییەکانی مەلا مستەفا و دەستە و تاخمەکەی دەکەین، کە بە پیلانی

(١) شەوکەت مەلا ئیسماعیل، سەرچاوەی پێشوو، ل٣١٩.

ئیمپریالیزم و زایۆنیزم جێبەجێی دەکەن، هەروەها سەرکۆنەی جموجووڵەکانی ئێران لەسەر سنوورەکانمان دەکەین، کە دەیەوێت ئاستەنگ بخاتە بەردەمی کاروانی شۆڕشمان و بەدیهاتنی ئامانجی گەلەکەمان، لە یەکێتی و ئازادی و ئیشتیراکی، ئێمە پەیمان دەدەین، وەک سەربازێکی دڵسۆز بمێنینەوە بۆ پاراستنی پارتەکەمان و شۆڕشە پێشکەوتووخوازەکەمان"[١].

هەمان ڕۆژنامە، لە ڕۆژی دواتر، واتە چواری ئەیلوول، نووسیویەتی: "لیژنەی بەرگری نیشتیمانی و نەتەوەیی پێشکەوتووخواز، لە پارێزگای ئەنبار، سەرکۆنەی دوژمنکارییەکانی ئێرانی، لەسەر سنووری وڵات کردووە، بۆ ئەم مەبەستە برووسکەیەکیان بۆ سەرکۆمار، ئەحمەد حەسەن بەکر ئاراستە کردووە، کە ئەوە دەقەکەیەتی:

"بۆ بەڕێزان سەرکۆمار ئەحمەد حەسەن بەکر و جێگرەکەی سەدام حوسێن، لیژنەی بەرگری نیشتیمانی و نەتەوەیی پێشکەوتووخواز، زۆر بە توندی سەرکۆنەی ئەو دوژمنکارییانە دەکات، کە وڵاتی ئێران لەسەر سنووری وڵات ئەنجامی دەدات. ئەمەش جێبەجێکاری پیلانی ئیمپریالیزم و زایۆنیزمە، کە جووڵانەوەی کوردی بە سەرۆکایەتی مەلا مستەفای بارزانی و دەستە و تاخمەکەی ئەنجامی دەدەن. دژی ئەو دەستکەوتانەی شۆڕش بە دەستی هێناوە. هەروەها یەکێتی کۆمەڵە جووتیارییەکانی پارێزگای سلێمانی، پیرۆزباییان، لە سەرکۆمار و ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش کردووە. بە بۆنەی دانانی ئەنجوومەنی ڕاپەڕاندنی ناوچەی باکوور، پەیمانیان بە حزب و سەرکۆمار داوە کە پارێزگاری لە دەستکەوتەکانی شۆڕشی ١٤ی تەمموز بکەن و کار بۆ بنبڕکردنی بەکرێگیراوان بکەن"[٢].

لە ڕۆژی ٢٤ی ئەیلوولیشدا، هەمان ڕۆژنامە، بابەتێکی بڵاوکردووەتەوە، تیایدا، ئاماژەی بە هەندێک ڕۆژنامەی عەرەبی و هەرێمی و جیهانییەکانی وەک بەحرەین و مەغریب و تورکی و ئیسپانی و هیندی... کردووە. کە تیایدا، سەرکۆنەی هاوکاری وڵاتی ئێرانی بۆ شۆڕشی کورد دژی حکوومەتی عێراق کردووە. بۆ نموونە ڕۆژنامەیەکی تورکی نووسیویەتی:

"عێراق هیچ باکی نییە، بەو هاوکارییانەی ئێران و زایۆنیزم بە چەتەکانی کوردی دەدەن، عێراق باوەڕی بە ڕێگای شۆڕشگێڕی هەیە و بەردەوام بەرگری لێدەکات. چاوەڕێ ناکات، ئێران کەنداوی عەرەبی بکاتە بنکەی سەربازی ئەمریکی، ئێران بۆئەوەی کاروانی شۆڕش لە

(١) الثورة، ع(١٨٥٨)، ١٩٧٤/٩/٣.

(٢) الثورة، ع(١٨٥٩)، ١٩٧٤/٩/٤.

عێـراق بوەسـتێنێت، دێـت یـارمەتی مەلا مسـتەفای بـارزانی دەدات، بێگومـان ئێسـتا ئەو جـووڵانەوەیە، لە دوا هەناسـەی دایە، مەلا مسـتەفا پێـی وایە، بە هاوکـاریکردنی ئێـران و زایۆنیزم و ئیمپریالیزم، سەرکەوتن بەدەست دێنێـت، بەڵام بە پێچەوانەوە، شکسـتی هێنـاوە. هیچ شتێک ناتوانێت عێراق لە ڕێگای شۆڕشدا بوەستێنێت"[١].

هەر لەو ساڵەدا، ئەنجوومەنی یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی دانـدرا و دەسـتی بە چـالاکی کرد. ڕۆژنامەی (الثورة) لە ژمارەی ڕۆژی ٨ی ئەیلوولی ساڵی ١٩٧٤ نووسیویەتی:

"ئێوارەی دوێنـێ، لێـژنەیەک لە ئەنجـوومەنی یاسـادانانی نـاوچەی حـوکمی ئۆتۆنـۆمی[٢]، سەردانێکی پارێزگای کەرکووک و سلێمانییان کرد، دوای گەیشتنی لێژنەکە بە شاری سـلێمانی، لەلایەن بریکـاری پارێزگـاری سـلێمانی و ئەنـدامانی ڕێکخراوەکـانی حزبـی بەعـس و حزبـی شیوعی و پارتی دیموکراتی کوردسـتان (سـێبەری بەعـس) و پـارتی شۆڕشـگێڕی کوردسـتان و جـــووڵانەوەی پێشـــکەوتووخوازی و ژمـــارەیەک لە ئەنـــدامانی ڕێکخـــراوە جەمـــاوەری و پیشەییەکانەوە پێشوازی کران. پاشـان لێـژنەکە سـەردانی پارێزگـای کەرکـووکی کـرد، لەلایەن وەلید ئەعزەمیی پارێزگاری کەرکووکەوە، پێشوازی کران و پێیانی ڕاگەیاند، ناوچەی ئۆتۆنۆمی بە هەمـــوو شـــێوەیەک، شانبەشـــانی شـــۆڕش دەوەســـتێت و یـــارمەتی دەدات، بـــۆ ئەو دەستکەوتانەی بە دەستی هێناوە. پاشان بەڕێز عوسمان مـحەمە فـایەق[٣] ئەنـدامی لێـژنەی یاسادانان، لێدوانێکی بۆ (واع) دا و ڕایگەیاند، لێژنەکە، ڕاستەوخۆ لەگەڵ خەڵک قسـەدەکات و سەرکۆنەی ئەو شانە بەکرێگیراوانە دەکات، کە سـەر بە مەلا مسـتەفان. پاشـان ئەنـدامانی لێژنەکە، کارەکانی ئەنجوومەنی یاسادانانیان ڕوونکردەوە، گفتوگۆیان دەربـارەی دیاریکردنی

(١) الثورة، ع(١٨٧٦)، ١٩٧٤/٩/٢٤.

(٢) ئەندامانی لێژنەکە، پێکهاتبوون لە هەریەک لە عوسمان محەمەد فایەق، محەمەد مستەفا ئەحـمەد، عەلی شەریف عەزیز، محەمەد سەدیق مەحموود، محەمەد ئەمین پێنجوینی و تۆفیق ئەحمەد محەمەد.

(٣) ئەندامی ئەنجوومەنی یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی بوو. بە هۆی دڵسۆزی بـۆ حزبـی بەعـس، سـاڵی ١٩٧٦ کرایە بەڕێوەبەری دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی. هەڵوێست و ڕەفتارەکانی دژی بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد بوو، بۆیە کرایە ئامانجی ڕێکخـراوی هەڵـۆی سـوور، کە ڕێکخراوێکـی نهێنـی سیاسـی کوردی بوو، لە ڕێکەوتی ٢٦ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٧٦ لە ناو شاری بەغدا، غافڵکوژکرا. مامۆستا جەعـفەر، هەڵۆی سوور، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل٧-٨.

ڕەهەندەکانی سنووری نێوان یاسای ئۆتۆنۆمی و زنجیرەیەک ڕێوشوێنی پێشکەوتووخوازی و شۆڕشگێڕی بە سەرۆکایەتی شۆڕشی ١٧ی تەممووزی پێشکەوتووخوازەوە کرد"[١].

لە ژمارەی ڕۆژی ٦ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٧٤ دا، هەواڵی کۆبوونەوەیەکی ئەنجوومەنی ڕاپەڕاندنی بڵاوکردووەتەوە و هاتووە:

"ئەنجوومەنی ڕاپەراندنی ناوچەی کوردستان، کۆبوونەوەی ئاسایی لە شاری هەولێر گرێدا، لەم کۆبوونەوەیەدا، سەرۆک و ئەندامانی ئامادەبوون، ماوەی سێ کاتژمێر بەردەوام بوو. لە دانیشتنەکەدا، لێژنەیەکی کاتی لە ئەندامانی ئەنجوومەن پێکهات. هەندێک پێشنیاریان سەبارەت بە پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجوومەن پێشکەش کرد و گفتوگۆیان لە بارەیەوە کرد"[٢].

یەکێک لە سیما دیارەکانی ئەو ساڵە، جموجووڵی پارتە کوردییە سێبەرەکانی حزبی بەعس بوو. کە لەلایەن هەندێک لەو کوردانە، بەڕێوە دەبرا، کە دوای دەستپێکردنەوەی شۆڕشی کورد، لە ژێر سایەی بەعس مانەوە و نەچوونە ناو شۆڕش. لە ئاداری ساڵی ١٩٧٤ دا، حزبی بەعس، بڕیاری دروستکردنی سێ پارتی کوردیی، سێبەریی خۆی دا، کە ئەمانە بوون: پارتی شۆڕشگێڕی کوردستان لەلایەن عەبدولسەتار تاهیر شەریف[٣]، مەجید جەباری و عەبدوڵڵا ڕۆژبەیانییەوە، بەڕێوە دەبرا. پارتی دیموکراتی کوردستان، لەلایەن عەزیز عەقراوی، هاشم عەقراوی و ساڵح حەیدەرییەوە بەڕێوە دەبرا. بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی کورد، لەلایەن

(١) الثورة، ع(١٨٦٢)، ١٩٧٤/٩/٨.

(٢) الثورة، ع(١٩١٣)، ١٩٧٤/١١/٦.

(٣) عەبدولسەتار تاهیر شەریف (١٩٢٥/کەرکووک-٢٠٠٨/کەرکووک)، لەساڵی ١٩٥٨ پەیوەندی بە پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کردوو. ساڵی ١٩٧٠ کرا بە ئەندامی یەدەگی لێژنەی مەرکەزی پارتی دیموکراتی کوردستان. لە نێوان ساڵانی (١٩٧٣-١٩٧٥)دا، بووە سکرتێری پارتی شۆڕشگێڕی کوردستان و لە ساڵی ١٩٨٥ وازی لەکاری حزبی هێنا و پاشان لەساڵی ١٩٩٥ ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حکوومەتی بەعسی جێهێشت و گەڕایەوە کوردستان لە ئیدارەی پارێزگای سلێمانی بە مامۆستای زانکۆ وەرگیرا، پاشان لەساڵی ١٩٩٧ کوردستانی جێهێشت و ڕووی کردە نیوزلەندا و دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس، ساڵی ٢٠٠٤ گەڕایەوە کوردستان و ڕاژەکەی لە مامۆستایەتی زانکۆی سلێمانییەوە گواستەوە بۆ کەرکووک، لەلایەن چەند چەکدارێکی نەناسراوەوە لە شاری کەرکووک غافڵکوژ کرا. کوردیپیدیا - عەبدولستار تاهیر شەریف (kurdipedia.org)

عەبدوڵڵای مەلا ئیسماعیل[١] و بابەکر پشدەری[٢]یەوە بەڕێوە دەبرا. مەبەست لە دروستکردنیان ئەوەبوو تا جێگەی پارتی دیموکراتی کوردستان، بگرنەوە[٣].

دوای دەستپێکردنەوەی شۆڕش و وەستانی ڕۆژنامەی (برایەتی ڕۆژانە)، ڕۆژنامەی (التآخي)، لە ژمارە ١٨٥٣ یەوە، لە ڕێکەوتی ١٩٧٤/٣/١٢ دا، کە تەواوکەری زنجیرەی پێشوو بوو، بە نوێنەرایەتی هەرسێ پارتیی کوردی سێبەری حزبی بەعس، دەستی بە دەرچوون کردەوە. ڕۆژنامەکە، بە پێی نووسراوی ژمارە (١٣٩٩/٢٣/٤٢)ی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش، لە ڕێکەوتی ١٩٧٤/٣/٢٦ دا، مۆڵەتی دەرکردنی وەرگیرا[٤]. لە ئاداری ساڵی ١٩٧٤ دا، (٥٠) کەس، لە کارمەندانی ڕۆژنامەی (التآخي-برایەتی)، لە شاخ ڕوونکردنەوەیەکیان، لەبارەی دەستبەسەرداگرتنی ڕۆژنامەکە دایە ڕای گشتی و ڕایانگەیاند، ئیتر ڕۆژنامەکە زمانحاڵی پارتی دیموکراتی کوردستان نییە[٥].

ڕۆژنامەی (الثورة) لە ژمارەی ڕۆژی ٢٢ی ئەیلوول، هەڵوێستی یەکێک لەو پارتانە، بەرامبەر هەڵگیرسانەوەی شۆڕش، دەخاتەڕوو، کە تیایدا هاتووە:

---

(١) عەبدوڵڵا کوڕی حاجی سمایل (مەلا ماتۆڕ) (١٩٢٧/کەندێناوە-٢٠٠٠/هەولێر). ساڵی ١٩٥٠ هاتووەتە نێو ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە نێوان ساڵانی١٩٥٠-١٩٥٤ دا، بووەتە کادرێکی دیاری پارتی دیموکراتی کوردستان، ساڵی ١٩٥٤ ئەندامی لێژنەی ناوچەی هەولێری پارتی دیموکراتی کوردستان بووە. ساڵی ١٩٥٩ سەرۆکی لێژنەی ئامادەکاری کۆنگرەی چوارەمی پارتی لە شاری بەغدا، لە ساڵانی ١٩٦١-١٩٦٤ وەکو فەرماندەیەکی سەربازی شۆڕشی ئەیلوول دەرکەوتووە، ساڵی ١٩٦٤، لەگەڵ چەند ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان دوورخراوەتەوە. ساڵانی ١٩٦٤-١٩٦٧، بەرپرسی کۆمیتەی ناوچەی هەولێری باڵی مەکتەبی سیاسی بووە. ساڵانی ١٩٧٤-١٩٨٨، بووەتە وەزیری دەوڵەت، ساڵی(١٩٨٩) خانەنشین کراوە و پاشان لە هەولێر نیشتەجێ بووە. - Kurdipedia مەلا ماتۆڕ.

(٢) بابەکر مەحموود ڕەسوڵ ئاغای پشدەری (١٩٣٧/کەرکووک-٢٠٢٠/کەنەدا)، سیاسەتمەداری کوردی عێراق، دوای ڕاگەیاندنی یاسای ئۆتۆنۆمی، لە نێوان ساڵانی ساڵی ١٩٧٥-١٩٧٧، سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی یاسادانانی کوردستانی کرد، ساڵی ١٩٧٧، وەک وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی دەستنیشانکرا، تاکو ساڵی ١٩٨٩ لە پۆستەکەیدا مایەوە. پاشان داوای پەنابەری لە کەنەدا کردووە و لە ساڵی ٢٠١٢، لە باڵیۆزخانەی عێراق، لە کەنەدا دەستبەکار بوو. بابكر محمود رسول البشدري - أرابيكا (rabica.org).

(٣) مستەفا نەریمان، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٢٥.

(٤) فلاح كريم عزيز الكاكەيی، فلك الدين كاكەيی حياته ودوره السياسي والثقافي (١٩٤٣-٢٠١٣)، رسالة ماجستير، قسم التاريخ-كليه الاداب، جامعة صلاح الدين-اربيل، ٢٠١٧، ص١٨٩.

(٥) ئازاد عوبێد ساڵح، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣٨-٢٣٩.

"پارتی شۆڕشگێڕی کوردستان، لە برووسکەیەکیدا، بۆ سەرکۆماری عێراق، سەرکۆنەی ئەو دوژمنکارییانەی کرد، کە ئێرانی کۆنەپەرست، دەیکاتە سەر سنوورەکانی وڵات و ئەمەش دەقەکەیەتی: بەڕێز ئەحمەد حەسەن بەکر سەرکۆمار و بەڕێز سەدام حوسێن، جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش، بەناوی جەماوەری پارتەکەمان، پارتی شۆڕشگێڕی کوردستان، سەرکۆنەی ئەو دوژمنکارییە کۆنەپەرستانەیە دەکەین، کە وڵاتی ئێرانی کۆنەپەرست، دەیکاتە سەر سنوورەکانمان، لە کاتێکدا دەستەی بەکرێگیراو، بە دەست هێزە نەبەزەکانمان لە دوا هەناسەی دایە، کە وڵاتی ئێران هاوکاری دەکات"[1].

هەروەها لێدوانێکی عەزیز عەقراوی لە پارتی دیموکراتی کوردستانی سێبەری بەعس، کە لە کۆبوونەوەیەکی بەرەی نیشتیمانی لە تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٧٤ داویەتی، بووەتە، جێبایەخی ڕۆژنامەی (الثورة)ی ڕۆژی چواری ئەو مانگە و تیایدا هاتووە:

"لە کۆبوونەوەیەکدا، نەعیم حەداد سکرتێری بەرەی نیشتیمانی و نەتەوەیی پێشکەوتووخواز، بە ئامادەبوونی عەزیز عەقراوی، سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان، پەیڤێکی دەربارەی هەندێک لە کێشەکان و کاروبارەکانی بەرەی نیشتیمانی پێشکەش کرد و نەخشەی چۆنییەتی پێشخستنی لە دواڕۆژدا خستەڕوو و گوتی: بەرەی نیشتیمانی، پەیوەندیدارە بە خەباتە تێکۆشەرانەکەی گەلەکەمان، دژی دەزگا و حکوومەتە دواکەوتوو و بەکرێگیراوەکان و ڕایگەیاند، هەموو سەرکەوتنەکان، بە تێکۆشان و کاری هاوبەش بە دەست هاتوون، هەموو شکستەکانیش، لە ئەنجامی دووبەرەکی و لێکترازانی ڕیزەکان دروست بوونە، حەداد جەختی لەوەش کردەوە، کە دەستەی مەلا مستەفا، هەر لە ڕاگەیاندنی بەرەی ئادارەوە، کاریان بۆ تێکدانی یەکڕیزی نیشتیمانی و پارێزگاری لە دەرەبەگەکان کردووە، دژی هەموو وەرچەرخانێکی پێشکەوتووخوازی، جووڵاونەتەوە. لە دواییشدا چەکیان لە دژی ئۆتۆنۆمی بەرزکردووەتەوە و چوونەتە ڕیزی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستانی ئێران و زایۆنیزمی دوژمنی گەلەکەمان. پاشان عەزیز عەقراوی گوتی: گەلەکەمان، شانبەشانی جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی عەرەب ڕادەوەستێت، خوێنی تێکەڵ بەو شەڕانە دەکات، کە گەلەکەمان لە دژی خاچدروشمان لەسەر خاکی فەلەستین و کۆلۆنیالیزمی بەریتانی و حکوومەتە کۆنەپەرستەکان دەیکات. هەروەها ڕایگەیاند، دەستەی

(١) الثورة، ع(١٨٧٤)، ١٩٧٤/٩/٢٢.

مەلا مستەفا بارزانی کۆنەخوازی هۆزگەرا، ئێستا لە شاخەکان، شانبەشانی گەورەکانی لە ئێران و ئیمپریالیزم و زایۆنیزم، گەمارۆ دراوە"[١].

شۆڕشی کورد، هەر لە ئاداری ساڵی ١٩٧٤ جیاوازتر لە قۆناغەکانی پێش خۆی دەستپێکردەوە، ژمارەیەکی زیاتری چین و توێژەکانی خەڵکی کوردستان پەیوەندییان پێوە کرد، ناوچەکانی ژێر جڵەوی شۆڕش، لە شێوەی هەرێمێکی سەربەخۆ کاروبارە کارگێڕییەکانیان بەڕێوە دەبرا، بۆ ئەم مەبەستەش چەند ئەمینداریتییەک پێکهێندران. وەک: دارایی، ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن، ئەشغال و شارەوانییەکان، تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی، ناوخۆ، کشتوکاڵ، پەروەردە، ئەوقاف و داد و مەکتەبی عەسکەری. میکانیزمی کارکردنی ئەو ئەمانەتانە کە پشت ئەستوور بوو، بە ژمارەیەکی زۆر کادیری شارەزای حزبی و ناحزبی، لە سۆنگەی هەستی نەتەوایەتییانەوە بوو، کارەکانیان سەرکەوتووانە بەڕێوە دەبرد، بۆیە زۆرجار بە حکوومەت یان جۆرێک لە حوکمڕانی لە قەڵەم دراوە[٢].

حکوومەتی بەعس کە درکی بە گرنگی و هەستیاری ئەو قۆناغەی شۆڕش کرد، بەتایبەت کە بینی ژمارەیەکی زۆری چین و توێژەکان پەیوەندییان بە شۆڕشەوە کردووە، هەندێک هەنگاوی گرتەبەر، یەکێک لەوانە دەرکردنی بڕیاری لێبووردن بوو، یەکێک لەوانە لێبووردنی قوتابییانی کورد بوو، بەپێی بڕیارنامەی ژمارە (١٢٤٩)ی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش، کە لە ڕێکەوتی ٢٥ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٧٤ لە ڕۆژنامەی (الثورة) بڵاوکرایەوە و تیایدا هاتووە:

"لێبووردنی گشتی بۆ قوتابیانی کورد، کە پەیوەندییان بە دەسەڵات کردووە. پێش ئەوەی ئەم بڕیارە بکەوێتە واری جێبەجێکردنەوە، لە هەموو ئەو سزایانەی سەریان، بەهۆی تێوەگلان لە چەتەکان، دەبوورێن و ڕێگایان پێ دەدرێت، بگەڕێنەوە بۆ پەیمانگا و قوتابخانەکانیان. ئەم بڕیارە لە ماوەی بیست ڕۆژدا جێبەجێ دەکرێت"[٣].

---

(١) الثورة، ع(١٩١١)، ١٩٧٤/١١/٤.

(٢) ئازاد عوبێد، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٥٣.

(٣) الثورة، ع(١٩٢٩)، ١٩٧٤/١١/٢٥.

ئەم گەشەسەندنەی شۆڕش، حکوومەتی عێراقی ناچار بە ڕێککەوتن لەگەڵ ئێران کرد، دەرفەتی ڕێککەوتنەکەش، لە کۆبوونەوەی وڵاتانی ڕێکخراوی ئۆپیک[١]، لە ئاداری ساڵی ١٩٧٥ لە وڵاتی جەزائیر ڕەخسا. سەرۆکی ئەوسای جەزائیر، هەواری بۆمەدییەن[٢]، کەوتە نێوبژیوانی هەردوو وڵات و لە ئاکامدا، لە ڕۆژی ٦ی ئاداری ئەو ساڵە، هەردوو وڵات ڕێککەوتنیان ڕاگەیاند، یەکێک لە بەرئەنجامەکانی ڕێککەوتنەکەش، کە لە یەکێک لە خاڵەکانی ڕێککەوتنەکە بە ڕوونی ئاماژەی پێکراوە، پشتگیری نەکردنی ئێرانە لە شۆڕشی کورد و ڕاگرتنی سەرجەم هاوکاری و پاڵپشتییەکان بوو، لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، ئەمەش لە ئاکامدا بە نسکۆی شۆڕش کۆتایی هات[٣].

ڕۆژنامەی (الجمهورية)، لە ژمارەی ڕۆژی ٧ی ئاداری ساڵی ١٩٧٣، ڕاپۆرتێکی تێروتەسەلی لەسەر کەشوهەوای ڕێککەوتنامەکە بڵاوکردووەتەوە و نووسیویەتی:

---

(١) ئۆپیک (Organization of the Petroleum Exporting Countries)، ڕێکخراوێکی ئابووری گەورەی بەرهەمهێنانی نەوتە لە جیهاندا و لە ساڵی ١٩٦٠ ەوە لە لایەن چەند وڵاتێکی گەورەی بەرهەمهێنانی نەوتەوە لە شاری بەغدای پایتەختی عێراق دامەزرێندرا، ئامانج لە دامەزراندنی، سنووردانان بوو بۆ بەرهەمهێنانی و سەقامگیری نرخی نەوت لە جیهاندا. چەندین وڵاتی زلهێز تێیدا بوونە ئەندام. ئەندامەکانی ڕێکخراوی ئۆپێک، ئەمانە بوون: سعوودیە، ئێران، قەتەر، کوێت، عێراق، فەنزوێلا، جەزائیر، لیبیا، ئەنگۆلا وئیکوادۆر. OPEC : Member Countries.

(٢) هەواری بۆمەدییەن، محەمەد ئیبراهیم بوخروبە (١٩٣٢/قالمە-جەزائیر-١٩٧٨/جەزائیر)، دووەم سەرۆکی جەزائیری سەربەخۆیە. لە ڕێکەوتی (١٩ی حوزەیرانی ١٩٦٥)ەوە، ئەو پۆستەی بەدەستەوە بووە، دوای کودەتایەکی سەربازی دێت، کە ناوبراو دژی ئەحمەد بن بێلای سەرکۆمار، لەگەڵ تاهیر زوبێری و گروپی عوجدا ڕێکیخست. ناوبراو تا کۆچی دوایی لە ٢٧ی کانوونی دووەمی ١٩٧٨ لە دەسەڵاتدا مایەوە، بە یەکێک لە دیارترین سیاسەتمەدارانی جەزائیر و جیهانی عەرەبی لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم دادەنرێت، هەروەها یەکێکە لە هێماکانی بزووتنەوە بێلایەنەکان. ڕۆڵێکی گرنگی لە گۆڕەپانی ئەفریقا و عەرەبیدا گێڕا، هەروەها یەکەم سەرۆک بوو لە جیهانی سێیەمەوە کە لە نەتەوە یەکگرتووەکان قسەی لەسەر ڕێسایەکی نوێی نێودەوڵەتی کرد. هواري بومدين - قصة حياة هواري بومدين الرئيس الجزائري الثاني - نجومي(nojomy.com) .

(٣) الثورة، ع(١٩٢٩)، ١٩٧٤/١١/٢٥.

"سەدام حوسێن جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و ئیمپراتۆر محەمەد ڕەزا شای پەهلەویی[١] شای ئێران، لە کاتژمێر شەش و سی و پێنج خولەکی ئێوارەی دوێنێ بەکاتی بەغداد، واژوویان لەسەر ڕێککەوتنی کۆتاییهێنان بە کێشەی نێوان عێراق و ئێران کرد. ڕێککەوتنەکە لە هۆڵی نەتەوەکان لە جەزائیری پایتەخت، بە ئامادەبوونی هەواری بۆمەدیەن سەرۆکی جەزائیر واژۆ کرا. لە سەرەتادا عەبدولعەزیز بۆتەفلیقە[٢] وەزیری دەرەوەی جەزائیر، ڕاپۆرتی هاوبەشی گفتوگۆکانی نێوان هەردوو وڵاتی خوێندەوە، کە بەم شێوەیە بوو: لە میانی بەستنی کۆنگرەی لووتکەی وڵاتانی ئەندام لە ڕێکخراوی ئۆپیک، بە دەستپێشخەری سەرۆک هەواری بۆمەدیەن، دوای دووجار کۆبوونەوە لەگەڵ هەریەک لە شای ئێران و سەدام حوسێن، دوای گفتوگۆیەکی چڕوپڕ، لەسەر پەیوەندییەکانی نێوان عێراق و ئێران، لە ئەنجامدا هەردوولا بە ویستێکی دڵسۆزانە، گەیشتنە چارەسەری کۆتایی و هەمیشەیی بۆ سەرجەم کێشەکانی نێوانیان و بڕیاردرا بە پابەندبوونی هەردوولا بە پرەنسیبی ئاشتەوایی خاک و ڕێزگرتنی سنوور و دەستوەرنەدان لە کاروباری یەکتر و هەردوولا لەسەر ئەو خاڵانە ڕێککەوتن:

(١) محەممەد ڕەزا شا پەهلەوی (١٩١٩/تاران-١٩٨٠/قاهیرە)، شای ئێران، ساڵی ١٩٢٥ کاتێک محەمەد تەمەنی ٥ ساڵ بوو، ڕەزا شای باوکی، بە هاوکاری ئینگلیزەکان، توانی کۆنترۆڵی ئێران بکات و بووە شای ئەو وڵاتە، هەروەها محەمەدی کوڕی لە نیسانی ١٩٢٦ وەک شازادەی جێنشین دەستنیشان بکات. لە قوتابخانەی سویسری خوێندوویەتی، پاشان کۆلێژی سەربازی لە ئێران تەواو کردووە. محەمەد ڕەزا پەهلەوی لە ساڵی ١٩٤١ لە شوێنی باوکی بووە شای ئێران و لە سەرەتای دەسەڵاتی خۆیدا هەوڵی جێبەجێکردنی چاکسازی وڵاتی دا، بەڵام چاکسازییەکانی کێشەکانی ئێرانی وەک هەژاری و بێکاری و گەندەڵی چارەسەر نەکرد. ئەمەش بووە هۆی پەرەسەندنی تووڕەیی جەماوەر و هەڵگیرساندنی شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٩٧٩ و لەناوچوونی دەسەڵاتەکەی. ئیبراهیم خەلیل ئەحمەد (دکتۆر) و خەلیل عەلی مراد (دکتۆر)، مێژووی ئێران و تورکیا توێژینەوەیەک لە مێژووی تازە و هاوچەرخ، و: بەهادین جەلال، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١١، ل١٩٦-١٩٧.

(٢) عەبدولعەزیز بۆتەفلیقە (١٩٣٧، عوجدە/جەزائیر-٢٠٢١، زێرالدا، جەزائیر)، دەیەمین سەرۆکی جەزائیر، لە قوتابخانەی دواناوەندی وەجدە خوێندوویەتی. ساڵی ١٩٥٦، لە تەمەنی ١٩ ساڵیدا، پەیوەندی بە ڕیزەکانی سوپای ڕزگاریخوازیی نیشتیمانی جەزائیرەوە کرد، دوای سەربەخۆیی جەزائیر بووە ئەندامی ئەنجوومەنی نیشتیمانی وڵات. بەشداری لە کودەتای ساڵی ١٩٦٥ دا کرد، کە بۆمەدیەن لەسەر سەرۆک ئەحمەد بن بلا کردی، دوای کودەتا بووە ئەندامی ئەنجوومەنی شۆڕش و وەزیری دەرەوەی وڵات. لە ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٩٩-٢٠١٩)دا، سەرۆکی جەزائیر بوو. وفاة عبد العزيز بوتفليقة: الرئيس الجزائري السابق يرحل عن ٨٤ عاما BBC News - عربي.

١. دیاریکردنی سنووری کۆتایی وشکانی نێوانیان بەپێی پرۆتۆکۆلی قوستەنتینییەی ساڵی ١٩١٣ [١]و کۆنووسی لێژنەی دیاریکردنی سنوور ساڵی ١٩١٤.

٢. دیاریکردنی سنووری ڕووباریی نێوان هەردوو وڵات بەپێی هێڵی تالووگ[٢].

٣. لەسەر ئەو بنەمایە، هەردوو لایەنەکە، ئارامی و ئاسایشی سنووری نێوانیان دەپارێزن و پابەند دەبن بە ڕێکارەکان بە شێوەیەکی هاوبەش و کۆتایی بە سەرجەم هەوڵە تێکدەرەکانیان لەسەر سنوور دەهێنن.

٤. هەردوولا دەربارەی ئەو بابەتانەی ئاماژەیان پێکرا، پابدند دەبن و لەگەڵ سەرۆک هەواری بۆمەدیەن لە پەیوەندیدا دەبن.

هەردوولا بڕیاریان دا، کە بۆ هەموو پەیوەندییە دێرینەکانی نێوانیان، لە برایەتی و ڕێزگرتنی دراوسێیەتی بگەڕێنەوە. هەموو بەربەستە نەرێنییەکانی نێوانیان تێکبشکێنن و لە پەیوەندی و گفتوگۆدا بن، بۆ بەرژەوەندی گشتی و گەشەپێدانی هاوکاری نێوانیان. هەردوولا ڕایانگەیاند، ئەم ناوچەیە پێویستە پارێزراو بێت، لە هەر دەستێوەردانێکی دەرەکی. وەزیرانی دەرەوەی نێوان هەردوو وڵات، عێراق و ئێران، بە ئامادەبوونی وەزیری دەرەوەی جەزائیر لە ڕێکەوتی ١٥ی ئاداری ساڵی ١٩٧٥ لە تاران کۆ دەبنەوە، بۆ گرتنەبەری ڕێکارەکانی

(١) پەیمانێکە لە نێوان ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و بەریتانیا، لە ڕێکەوتی ١٩ی تەمموزی ساڵی ١٩١٣ واژۆ کرا، کە ئامانج لێی، دیاریکردنی سنوورەکانی نێوان کوێت، قەتەر، بەحرەین و ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بوو، ئەمە جگە لە ڕێکخستنی کەشتیوانی لە کەنداوی فارس، لە بوارەکانی ڕێگەدان بە بەریتانیا بۆ ئەنجامدانی جێبەجێکردن کارەکانی باتیمێتری (پێوانەی قوڵایی دەریا)، چرای ڕووناکی، کاری ڕێنمایی دەریایی، و ڕێوشوێنی کەرەنتینە.

Treaty of Constantinople (١٩١٣) - History Flame.

(٢) بۆ دەستنیشانکردنی سنووری ئاوی نێوان دوو وڵات بەکاردێت. تالووگ وشەیەکی کۆنی ئەڵمانییە، کە بە واتای (چاڵایی) دێت. زاراوەی هێڵی تالۆگ، یاخود هێڵی قوڵایی، بە مەبەستی قوڵترین بەشی ڕووبارەکە بەکاردێت. بەپێی بنەمای هێڵی تالووگ، دابەشکردنەکە بە ناوەڕاستی قوڵترین بەشی ڕووبارەکەدا تێدەپەڕێت و دابەشی دەکات بەسەر دوو بەشی یەکساندا و وەک سنوورێک سەیر دەکرێت. یەکەم دابەشکردنی سنووریی لەو شێوەیە لە ساڵی ١٨٤٨ بۆ ڕووباری (ڕاین) ئەنجامدرا، کە لە نێوان فەڕەنسا و ئەڵمانیادا بوو. لەم ڕێککەوتنەدا ئەڵمانییەکان کردەی دابەشکردنی ڕووبارەکەیان لە نێوان هەردوو وڵاتدا ناونا تالووگ، لەو کاتەوە ئەم شێوازە دابەشکردنە بووە بە سیستەماتیک لە یاسای گشتی نێودەوڵەتیدا. خط تالوگ (blogfa.com).

جێبەجێکردنی بڕیارەکانی ڕێککەوتنەکە. هەروەها شای ئێران بە خۆشحاڵییەوە بانگهێشتی سەرکۆماری عێراقی بۆ عێراق قبووڵ کرد. وادەی ئەو سەردانەش لە نێو ڕێککەوتنەکەدا دیاری دەکرێت، لە سەرێکی دیکەوە، بڕیاردرا سەدام حوسێن سەرکۆماری عێراق بە شێوەیەکی فەرمی سەردانی ئێران بکات. ئەمەش هەر بەپێی ئەم ڕێککەوتنە دیار دەکرێت. هەردوولایان ئەو هەوڵەی سەرۆک بۆمەدیەنیان، وەک هەوڵێکی برایانە بەرز هەڵسەنگاند. لە کۆتایی دیداری وڵاتانی ڕێکخراوی ئۆپیک، سەرۆک بۆمەدییەن، ئەم ڕێککەوتنەی نێوان عێراق و ئێرانی بە ئامادەبووان ڕاگەیاند، کە مەبەستی بڕانەوەی شەڕ و چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوانیان واژۆ کرابوو. ئەمەش دەنگدانەوەیەکی گەورەی لە نێوان ئامادەبووانی هۆڵەکە دروست کرد. بە چەپڵەڕێزان پێشوازی لێکرا. پاشان هەریەک لە شای ئێران و سەدام تەوقەیان لەگەڵ یەکتر کرد و یەکتریان لە باوەش کرد. پاشان سەرۆک بۆمەدییەن، کە لە نێوانیان وەستابوو، تەوقەی لەگەڵ کردن و باوەشی پێداکردن. لە کۆتاییدا، سەرۆک بۆمەدییەن، کورتیلە وتارێکی پێشکەش کرد و گوتی: بۆ ئەم ڕووداوە، لە ناخی دڵمەوە سڵاو لە شای ئێران و سەرۆک سەدام حوسێن دەکەین و هەروەها سڵاو بۆ سەرۆک ئەحمەد حەسەن بەکر دەنێرین"(١). دوابەدوای ڕاگەیاندنی ڕێککەوتنی جەزائیر، حکوومەتی بەعس دەستی کرد بە ڕێوشوێنی جێبەجێکردنی بەندەکانی ڕێککەوتنەکە، کە گرنگترین ئاکامەکانی کۆتاییهێنان بوو، بە شۆڕشی کورد.

لەڕۆژی ٩ی ئاداردا، بڕیاری لێبووردنی گشتی بۆ ئەو کوردانە دەرچوو، کە بەشداری شۆڕشیان کردبوو، ڕۆژنامەی (الجمهورية) نووسیویەتی:

"ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش، بڕیاری لێبووردنی گشتی دەرکرد، بۆ ئەو کوردانەی لە یەکەکانی سوپا، پۆلیس، ئاسایش، ڕەگەزنامە، پاسەوانی سنوور، هەروەها فەرمانبەر و کرێکاران، داوایان لێدەکەین، تاکو سەرەتای مانگی نیسان، خۆیان ڕادەستی نزیکترین خاڵی دەسەڵاتی عێراقی بکەن، یاسای لێبووردنی گشتیش ئەم خاڵانە لەخۆ دەگرێت:

١. لێبووردنی کوردەکان لە لە یەکەکانی سوپا، پۆلیس، ئاسایش، ڕەگەزنامە، پاسەوانی سنوور، هەروەها فەرمانبەر و کرێکاران، لە کاتی جێبەجێکردنی ئەم یاسایەدا، ئەم سزایانە جێبەجێ دەکرێن:

أ.ئەو سزایانەی لە یاسای سەربازیدا هاتووە، سەبارەت بە نەهاتن، ڕاکردن و سەرپێچی.

(١) الجمهورية، ع(٢٢٧٤)، ١٩٧٥/٣/٧.

ب. لە مـاددەی ١١٦ و ١١٧ ی سـزاکاندا هـاتووە، ئەمەش لە مـاددەی دووەمـی یاسـای سـەربازی ژمـارە (١٣)ی یاسـای سـاڵی ١٩٤٠ وەرگیـراوە، کوردەکـان لە سـزا نووسراوەکانـدا دەبەخشـرێن، کە لە یاسـای خزمەتـی سـەربازی ژمـارە (٦٥)ی سـاڵی ١٩٦٩ یاسـای بەرگـری نیشتیمانی و ڕاژەی یەدەگ، ئەگەر بێتوو لە نزیکترین خاڵی سەربازی لە ماوەی ئەو بڕیارەدا، خۆیان ڕادەست بکەن.

ماددەی سێیەم. فەرمانبەران و کرێکاران، بەر ئەو لێبووردنە دەکەون، ئەگەر خۆیان ڕادەستی نزیکترین خاڵ بکەن.

ماددەی چوارەم. ئەم یاسایە هەموو کوردێک دەگرێتەوە. ئەوانەی لەناو عێراقن و ئەوانەشـی لە دەرەوەی عێراقن.

مـاددەی پێـنجەم. ئەم یاســایە لە ڕۆژنــامە فەرمییەکانــدا بــڵاو دەکــرێتەوە، لە ڕۆژی دەرچوونییەوە دەچێتە بواری جێبەجێکردن[١].

لە ڕۆژی ٢٢ی مـانگی ئاداریشـدا، هەمـان ڕۆژنـامە، ئەم هەواڵەی بڵاوکـردووەتەوە: "لە دیدارێکی ئاژانسی هەواڵی عێراقی، لەگەڵ ژمارەیەک لە گەڕاوەکـان، ئەو کەسـانە ئاماژەیـان بە داڕووخـانی بـاری دەروونـی، دەسـتەوتاخمی بەکرێگیـراوان داوە. یەکێـک لەوانەی کە پۆلیسە، ڕایگەیاند، ئەو دەستە و تـاخمە، لە ئێسـتادا چـاوەڕێی چارەنووسـێکی ڕەش دەکەن. کاتێک گەل لە تاوانەکانیان بەرامبەر بەوان و نیشتیمان ئاگادار بوونەوە، متمانەی خۆیـان بە یاسای لێبووردنی گشتی دووپات کـردەوە، ڕایانگەیانـد، ئەمە هەوڵـێکە بـۆئەوەی کوردەکـان بگەڕێنەوە ڕیزی نیشتیمان. یەکێکی دیـکە لەو پۆلیسـانە، خۆشـحاڵی خـۆی بـۆ گەڕانەوە بـۆ نیشـتیمان ڕاگەیانـد. زۆربەی ئەو کەسـانەی کە گەڕاونەتەوە، وا دەردەخەن، کە زۆربەیـان پەرۆشی بڕیاری لێبووردنی گشتیین"[٢].

هەروەها ئەنجوومەنی سـەرکردایەتی شـۆڕش، لە نیسـانی سـاڵی ١٩٧٥، تـاکو کۆتـایی ئەو سـاڵە، چەنـد بڕیـارێکی سـەبارەت بە لێبـووردنی گشـتی و هەوڵـدان بـۆ گەڕانـدنەوەی ئەو کوردانە دەرکرد، کە بەشدارییان لە شۆڕشدا کردبوو، لەوانەش وەک، بڕیارنامەی ژمـارە (٣٨٨) لە ڕێکەوتی ٦ی نیسانی ساڵی ١٩٧٥ کە تیایدا هاتووە:

(١) الجمهورية، ع(٢٢٧٦)، ١٩٧٥/٣/٩.

(٢) الجمهورية، ع(٢٢٨٨)، ١٩٧٥/٣/٢٢.

١. ئەم یاسایە ئەم کوردە فریودراوانە لە سەربازی و مەدەنی دەگرێتەوە، کە پێش دەرچوونی یاسای لێبووردنی گشتی، خۆیان ڕادەستی دەسەڵات کردووەتەوە.

٢. ئەو کوردانەی یاسای لێبووردنی گشتی ژمارە سێی ساڵی ١٩٧٤ دەیانگرێتەوە، لە خزمەتی ناچاری و یەدەگی، کە پێش دەرکردنی ئەم بڕیارە ڕایان کردووە، یان نەهاتوون بۆ ئەرکەکانیان[١].

هەروەها لە بڕیارنامەی ژمارە (٤٦٥)، لە ٣٠ی نیساندا هاتووە:

"درێژکردنەوەی ماوەی لێخۆشبوونی گشتی، بە تایبەت بۆ ئەوانەی یاسای لێبووردنی گشتی دەیانگرێتەوە، بەتایبەت ئەو کوردانەی لە سەربازی و مەدەنین، کە ماوەکەی ٢٠ ڕۆژ بووە".

هەروەها بەپێی بڕیارنامەی ژمارە (٥٥٧) لە ڕێکەوتی ٢٨ی ئایاری ساڵی ١٩٧٥ دا دەرچووە، هاتووە:

"یاسای لێبووردنی گشتی ئەو کوردانە لە هەردوو کەرتی سەربازی و مەدەنی دەگرێتەوە، کە لە یاسای ژمارە (٥٢) ئاماژەی پێدراوە"[٢].

سەبارەت بە هەمان بابەت، لە بڕیارنامەی ژمارە (٦٦٦)ی ڕێکەوتی ٢٤ی مایسی ساڵی ١٩٧٥، دا هاتووە:

"بەخشینی سزادراوانی کورد لە سەربازی و مەدەنی، لە هەموو ئەو سزا ڕەسەن و ڕووپۆشانەی کە بەهۆی ڕووداوەکانی باکوور، لەلایەن دادگای تایبەت و دادگای شۆڕشەوە، ئاراستەیان کراوە، بڕیاری ئازادکردنیان بە پەلە بدرێت، ئەگەر بێتوو تاوانی دیکەیان، جگە لە پەیوەندییان بە ڕووداوەکانی باکوور، لەسەر ساغ نەکرابێتەوە"[٣].

هەروەها لە ڕێکەوتی ٢٩ی تەمموزیشدا، بڕیارنامەی ژمارە (٨٠٧) دەرچووە، لەوێشدا، ئەم بڕیارانە دراوە:

١. قەدەغەکردنی هەڵگرتنی چەک لە ناوچەی ئۆتۆنۆمی.

(١) الجمهورية العراقية، القرارات العامة ....، م١، ص٦١٩.

(٢) المصدر نفسه، ص٦٢٠.

(٣) المصدر نفسه، ص٦٢١.

٢. لەسەر هەموو تاکێک لە ناوچەی ئۆتۆنۆمی پێویستە لە ماوەی ٣٠ ڕۆژ، دوای دەرچوونی ئەو بڕیارە چەکەکانیان ڕادەست بکەن.

٣. قەرەبووکردنەوەی ئەوانەی چەکەکانیان ڕادەست دەکەنەوە.

٤. سزای بەندکردنی هەتاهەتایی بۆ ئەوانەی چەکەکانیان ڕادەست ناکەن.

٥. پاداشتکردنی ئەو کەسانەی هەواڵ لەسەر بوونی چەک لە ناوچەی ئۆتۆنۆمی دەدەن[1].

سەبارەت بە دۆخی سەرکردایەتی شۆڕشی کورد، توێژەرێک دەڵێت:

"لەگەڵ بڵاوکردنەوەی ڕێککەوتننامەی جەزائیر، ئەو هێزە فڕۆکەشکێنە ئێرانیانەی ئەودیو حاجی ئۆمەران کە لە ناوچەکانی نزیك بەرەی شەڕدا هەبوون، بەبێ خواحافیزی خۆیان و تۆپخانەکانیان پێچایەوە و بەرەو ئێران گەڕانەوە. لەولاشەوە شای ئێران بە دوای بارزانیدا ناردبوو کە بچێتە تاران و لەوێ پێی ڕاگەیاندبوو کەوا ئەوان کێشەکانیان لەگەڵ عێراقدا کۆتایی پێهێناوە. هەروەها داوای لێکردووە بە هەموو بەرپرسانی حزب و پێشمەرگە ڕابگەیەنێت، کە شەڕ لەگەڵ سوپای عێراقدا کۆتایی پێ هاتووە، کەس بۆی نییە سەرئێشە بۆ دەوڵەتی عێراق دروست بکات. ئیدی ئێران یارمەتی بە درێژەپێدانی شۆڕشی کورد نادات. هەر لەو دیدارەدا، شا بە بارزانی گوتووە، هەر کەسێک دەیەوێت بێتە ئێران وەك پەنابەر ژیانی دابینە. ماوەی مانگێك مۆڵەت درا، بۆئەوەی کاربەدەستانی ئێران کاری خۆیان لەسەر سنوور تەواوبکەن و بە سەرانی شۆڕشی کورد ڕابگەیەنن کە کەس بۆی نییە چالاکی بنوێنێت و لە شۆڕش بەردەوام بێت. دەبێت ئەوە بگوترێت کە ئێران بە تەواوی وەفادار نەبوو بەو بەڵێنەی بە بارزانی دابوو، کە ژیان و ئەمنییەتی پەنابەران لە ئێران دابینە. ئەوەتا هەشت پەنابەر بە گوللەی جەندرمەی ئێران لە ئۆردوگای (ئەترەك) لە ناوچەی کرماشان کوژران و ڕادەستکردنەوەی ٣٠ پەنابەری کورد بە عێراق، کە ئەوانە چەند نموونەیەکن لە بێ بەڵێنی و بێوەفایی ئێران. ئەوەی جێی سەرنجە شێوەی لەخۆباییانەی شا، لە کاتی ڕاگەیاندنی بڕیارەکە، وەك تۆڵەی ئەو زەبرە بێت کە بە ڕێککەوتنی ١١ی ئاداری ١٩٧٠، بەر ئێران کەوت. چونکە وەک بە بارزانی گوتبوو، چۆن ئێوە بەرژەوەندیتان وای خواست لە ١١ ی ئاداری ١٩٧٠ لەگەڵ عێراق ڕێك بکەون، ئەوا ئەمڕۆش لە بەرژەوەندی گەلی ئێرانە کە لەگەڵیان ڕێک بکەوین. سەبارەت بە داهاتووی شۆڕش لە درێژەپێدان و

(١) المصدر نفسه، ص٦٢٢.

گۆڕینی شێوازی شەڕی بەرەیی بۆ پارتیزانی، ڕاوبۆچوونی جۆراوجۆر گوتراوە، بەڵام پێشنیاری درێژەدان بە شۆڕش زاڵ بوو"[١].

ڕۆژی ٢٠ی ئاداری ساڵی ١٩٧٥ لە ئێزگەی دەنگی کوردستانەوە، بڕیاری ڕاگرتنی شەڕ بڵاوکرایەوە، داوا لە پێشمەرگە و هاووڵاتییانی بێچەک کرا، ئازادن، خۆیان ڕادەستی عێراق دەکەنەوە، یان بچنە ئێرانەوە. بەڵام داوای دانانی چەک نەکرا، شەوکەت مەلا ئیسماعیل لە بیرەوەرییەکانیدا، ئاماژە بەوە دەکات، کە داوا لە کەس نەکرا چەک دابنێت، ئەوکاتە من لێپرسراوی مخابەرە بووم، داوام لێنەکرا، فەرمان بدەم ئامێری بێتەلەکان ڕادەستی ڕژێمی عێراق بکرێتەوە[٢].

هەر سەبارەت بە چارەنووسی شۆڕشگێڕانی کورد و پەنابەران، مەسعود بارزانی، ئاماژە بەو ڕاستییانە دەکات، کە ڕووبەڕووی چارەنووسی شۆڕش بوونەوە و دەڵێت:

"دوای ڕاگەیاندنی ڕێککەوتننامەی جەزائیر، سەرنج دەدرا، دەسەڵاتی ئێرانی لە مامەڵەکردنیدا، لەگەڵ ئەو پێشمەرگە جەنگاوەرانەدا ڕەوشتێکی نوێی گرتووەتە بەر، شاراوە نەبوو هۆی ئەو ڕەوشتە نوێیەی دەسەڵاتی ئێرانی ئەوە بوو دەیانویست لە زۆرترین ژمارەی ئەو پەنابەرانە ڕزگاربن و گەڕانەوەی عێراقیان لا بکەنە شتێکی باش. مانەوەی ئەو ژمارە زۆرەی ئەو پەنابەرانەی دەیانویست لە ژیانی تاراوگەدا لەگەڵ بارزانیدا بمێننەوە، سەرچاوەی دڵەڕاوکێیەکی گەورە بوو بۆ بەرپرسانی ئێرانی. جەختکردن و سووربوونی ئەو جەنگاوەرە قارەمانە دڵسۆزانە لەسەر مانەوە، مەتەڵێک بوو زۆر زەحمەت بوو ئێرانییەکان هەڵیبێنن. بۆیە هەوڵێکی زۆریان دەدا لە فریودانەوە تا شێلگیری، لە نەرمییەوە تا توندی بۆئەوەی وایان لێ بکەن بگەڕێنەوە، بەڵام سوودی نەبوو، کاری ئەو بەرپرسە ئێرانییانە گەیشتە ڕادەیەک، تا بە پێچەوانەی یاسا نێودەوڵەتییەکانی پەنابەری، بگرە بە پێچەوانەی ڕێککەوتنی جەزائیر خۆشی، ڕێگەی بەرپرسەکانی حکوومەتی عێراق بدەن، بێن بەناو پەناگەکاندا بگەڕێن و وتار لە نێو پەنابەراندا بخوێننەوە و گەڕانەوەیان لا جوان بکەن و هانیان بدەن بگەڕێنەوە عێراق. چونکە حەزی حکوومەتی عێراقی لە گەڕانەوەی پەنابەران، لە حەزی حکوومەتی ئێران کەمتر نەبوو ، بگرە لە ڕاستیدا و لەبەر هەندێ هۆی وا کە خوێنەر دەیانزانێت، زیاتر بوو. بەرپرسانی عێراقی یەک لە دوای یەک دەهاتن و بەم سەر و

(١) ئازاد عوبێد ساڵح، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٨٧.

(٢) شەوکەت مەلا ئیسماعیل، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٤٠.

ئەو سەری مۆڵگەکانی ئێراندا دەگەڕان و کۆبوونەوەیان لەگەڵ پەنابەرە عێراقییەکاندا دەکرد، بۆئەوەی ڕازیان بکەن بە گەڕانەوە بۆ عێراق. بایەخدانی دەسەڵاتی عێراقی بەم پرسە گەیشتە ڕادەی ئەوەی سەدام حوسێنی جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕشی عێراق بۆ خۆی بچێت بۆ تاران و لەوێ بە دەستی خۆی و بە ئیمزای خۆی نامەیەک بۆ پەنابەران بنووسێت"[1]. ئەمەش دەقی نامەکەیە:

(سەدام حوسێن ئەم نامەیەی لە مانگی نیسانی ١٩٧٥دا نووسی کاتێک لە تاران بوو)

بۆ ڕۆڵە و برا ئازیزەکانمان:

ڕۆڵەکانی نیشتیمانەکەمان لە گەلی کوردمان کە لە ئێران نیشتەجێن، دەمانەوێ ئەوەتان پێ ڕابگەیەنین، ئەوەی بگەڕێتەوە، ئەمانەی خوارەوە لە سەرمانە:

١. ئەوەی دەگەڕێتەوە، لە خۆی و ماڵ و عەرز (ناmووس) و دوارۆژی خۆی و منداڵەکانی دڵنیا دەبێت و هەموو ئەو کارانەی لە سایەی بارودۆخی داخباری شەڕ ئەنجامی داون، یاسا و لێپێچانەوە دەستی بۆ نابەن و هەر یەک لە ئێوە ژیانێکی تازە لە سایەی شۆڕشەکەی و لەپێناوی خزمەتی نیشتیمانەکەی دەستپێدەکات.

٢- جارێکی تریش ماوەی لێبووردنەکە درێژ دەکەینەوە، بۆئەوەی ئەو کەسانە بگرێتەوە کە لە بەر هەر هۆیەک بوبێت، بارودۆخەکەیان ڕێگەی پێی نەداون بگەڕێنەوە بۆ نیشتیمان و دوایی ئێمە ڕەگەزنامە لە هەموو ئەوانە دەستێنینەوە کە سوود لەم لێبووردنە وەرناگرن و لە دەرەوەی چوارچێوەی گەل و نیشتیمانیان دادەنێین و ئێمە بایەخیان پی نادەین.

٣- گوێ لە پڕوپاگەندەی سەرلێشێوێن و قین لەزگان مەگرن و ئێمە کاتێک بەڵێنێک و پەیمانێک دەدەین، ڕێزی لێ دەگرین و ئێمە بەڵێنی پیاوانتان پێ دەدەین و فروفێڵ و تەڵەکەبازی لە سیاسەتی ئێمەدا نییە. لێبووردنی گشتی هەموو ئەوانە دەگرێتەوە کە دەیانەوێت بگەڕێنەوە بەبێ هاوێردن جگە لە مەلا مستەفا و کوڕەکانی ئیدریس و مەسعود و هەروەها محەمەد خالید[2] و ، جگە لەوانە هەموو لێبووردن دەیانگرێتەوە.

(١) مەسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، بەرگی سێیەم، ب٢، ل٢٣٨.

(٢) مەبەست لە شێخ محەمەد خالیدی کوڕی گەورەی شێخ ئەحمەدی بارزانە، کە یەکێک بوو لە بەشداربووانی شۆڕشی ئەیلوول.

٤- فەرمانبەر و کرێکار هەریەکە دەگەڕێتەوە سەرکاری خۆی و هەمان مافی دەبێت کە هاوڕێکانی تری هەیانە و ئەفسەریش یان دەگەڕێتەوە بۆ سوپا، یان لە فەرمانێکی مەدەنی دادەمەزرێت بەپێی ئەوەی لە ڕووی یاساوە شایانە، هەروەها سەرباز و پلەداریش لە هێزەچەکدارەکان هەموویان و، قوتابی دەگەڕێتەوە بۆ کۆلێژەکەی یان قوتابخانەکەی لەو پۆلەی کە لەکاتی دەستپێکردنی شەڕدا بە جێی هێشتبوو لە خوا دەپارێینەوە، ڕێگە پیشانی گومڕایان بدات و ڕۆڵە ئازیزەکانی نیشتیمان بگەڕێنێتەوە بۆ نیشتیمانەکەیان. جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش/ سەدام حوسێن-تاران[1].

(١) مەسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، بەرگی سێیەم، ب٢، ل٢٣٨.

## سەرچاوەكان:

### یەكەم. ڕۆژنامە و گۆڤارەكان:


- الاخبـار-دەنگوبـاس، ع(٨٥)،١٩٦٦/٦/٣٠. ع(١٩٥)، ١٩٦٦/١٢/١٠. ع(٢٠٧)، ١٩٦٦/١٢/٢٥. ع(٢٦٠)، ١٩٦٧/٣/١٢. (٢٧٢)، ١٩٦٧/٣/٣٠. ع(٢٨٣)، ١٩٦٧/٤/١٣.
- اربیل/هەولێر، ع(٧٠)، ١٩٦٣/٣/١٦.
- الانباء الجدیدة، ع(٨٣٦)، ١٩٦٥/٢/٢٨.
- الانسانیة، ع(١٠٤)، ١٩٦١/٣/١٨
- الایـــام، ع(٢٤٤)، ١٩٦٣/٢/١. ع(٢٦٧)، ١٩٦٣/٣/١١. ع(٢٦٨)، ١٩٦٣/٣/١٢. ع(٢٨٤)، ١٩٦٣/٣/٣١. ع(٥٩)، ١٩٦٢/٦/٢٢.
- بغداد، ع(١١٦)، ١٩٦٠/٨/٣. ع(٢٣٤)، ١٩٦٥/٢/١٩.
- البلـــد، ع(٤٠)، ١٩٦٣/١٠/١٢. ع(٦٨)، ١٩٦٣/١١/٢٥. ع(٦٩)، ١٩٦٣/١١/٢٦. ع(٣٥٥)، ١٩٦٥/٧/٣١. ع(٣٩٩)، ١٩٦٥/٩/١٠. ع(٤١٦)، ١٩٦٥/١٠/١. ع(٤٢٢)، ١٩٦٥/١٠/٧. ع(٤٤٣)، ١٩٦٥/١١/٣. ع(٤٤٤)، ١٩٦٥/١١/٤. ع(٤٤٦)، ١٩٦٥/١١/٧. ع(٤٥٠)، ١٩٦٥/١١/١١. ع(٤٥٢)، ١٩٦٥/١١/١٤. ع(٤٥٥)، ١٩٦٥/١١/١٧. ع(٤٦٤)، ١٩٦٥/١١/٢٩. ع(٤٧٦)، ١٩٦٥/١٢/١٣. ع(٥١٦)، ١٩٦٦/٢/٢. ع(٥١٦)، ١٩٦٦/٢/٣. ع(٥١٩)، ١٩٦٦/٢/٦. ع(٥٢٣)، ١٩٦٦/٢/١١. ع(٥٣٢)، ١٩٦٦/٢/٢٢. ع(٦٢٣)، ١٩٦٦/٦/١٤. ع(٦٤٦)، ١٩٦٦/٧/١٢. ع(٦٦٢)، ١٩٦٦/٨/١. ع(٦٩١)، ١٩٦٦/٩/٤. ع(٦٩٢)، ١٩٦٦/٩/٥. ع(٧٠٧)، ١٩٦٦/٩/٢٢. ع(٧٥٢)، ١٩٦٦/١١/١٤. ع(٨٨٢)، ١٩٦٧/٤/٢٦. ع(٨٩٧)، ١٩٦٧/٥/١٥.
- پەروەردە و زانست، ژ(١)، ١٩٧١.
- التأخي، الثـورة العربیـة، ع(٤٦٥)، ١٩٦٦/١/٥. ع(٥٤٧)، ١٩٦٦/٤/١٩. ع(٦١٠)،١٩٦٦/٦/٣٠. ع(٦٥)، ١٩٦٤/٩/٢٥.
- التـــــأخي، ع(١)، ١٩٦٧/٤/٢٩. ع(٧)، ١٩٦٧/٥/٥. ع(٣٣٩)، ١٩٦٨/٧/١٣. ع(٨٤٤)، ١٩٧١/٩/٢٥. ع(١٠٨٩)، ١٩٧٢/٧/٢٠.

- الثورة، ع(٥٥٥)، ١٧ شباط ١٩٦١. ع(٥٥٨)، ٢١ شباط ١٩٦١. ع(٧٠٧)، ١٩٦١/٩/٢٤. ع(٩١٩)، ١٩٦٢/٢/١٤. ع(١٠٠١)، ٢١/٩/ ١٩٦٢. ع(١٣٢)، ١٩٦٨/٥/١٣. ع(١٦٧)، ١٩٦٨/٦/٢٤. ع(٤٠٥)، ١٩٧٠/١٢/٢٣. ع(٤١٤)، ١٩٧٠/١/٢. (٤١٥)، ١٩٧٠/١/٤. ع(٤٣٢)، ١٩٧٠/١/٢٥. ع(٤٣٣)، ١٩٧٠/١/٢٦. ع(٤٥٠)، ١٩٧٠/٢/١٥. ع(٤٦٩)، ١٩٧٠/٣/١٣. ع(٤٧٥)، ١٩٧٠/٣/٢٢. ع(٤٨٢)، ١٩٧٠/٣/٣٠. ع(٥١٤)، ١٩٧٠/٥/٥. ع(٥١٦)، ١٩٧٠/٥/٧. ع(٥٢٣)، ١٩٧٠/٥/١٥. ع(٥٢٦)، ١٩٧٠/٥/٢٠. ع(٥٣٣)، ١٩٧٠/٥/٢٨. ع(١٤٩٠)، ١٩٧٣/٦/٢٨. ع(١٥٩٠)، ١٩٧٣/٧/١٩. ع(١٨٥٨)، ١٩٧٤/٩/٣. ع(١٨٥٩)، ١٩٧٤/٩/٤. ع(١٨٦٢)، ١٩٧٤/٩/٨. ع(١٨٧٦)، ١٩٧٤/٩/٢٤. ع(١٩١١)، ١٩٧٤/١١/٤. ع(١٩١٣)، ١٩٧٤/١١/٦. ع(١٩٢٩)، ١٩٧٤/١١/٢٥.

- الجماهير، ع(١٨)، ١٩٦٣/٣/٢. ع(١٣٠)، ١٩٦٣/٧/٢. ع(٢)، ١٩٦٣/٢/١٣. ع(٤)، ١٩٦٣/٢/١٥. ع(١٣٥)، ١٩٦٣/٧/٧. ع(١٤٠)، ١٩٦٣/٧/١٢. ع(١٦٢)، ١٩٦٣/٨/٣. ع(١٦٢)، ١٩٦٣/٨/٣.

- الجمهورية ، ع(٤٢٠)، ١٩٦٥/٣/١. ع(٧٥١)، ١٩٦٦/٢/٧. ع(٨١٨)، ١٩٦٦/٤/١٩. ع(٨٢٢)، ١٩٦٤/٤/٢٤. ع(١١٣٨)، ١٩٦٧/٣/١٢. ع(١٣١٨)، ١٩٦٧/٩/١٦. ع(١٣١)، ١٩٦٨/٥/١٣. ع(٢٠١)، ١٩٦٨/٨/٢. ع(٧٠٤)، ١٩٧٠/٣/١٢. ع(٨٣٣)، ١٩٧٠/٨/٨. ع(٨٣٦)، ١٩٧٠/٨/١٢. ع(٨٤٠)، ١٩٧٠/٨/١٦. ع(٨٨٧)، ١٩٦٦/٦/٣٠. ع(١٠١٤)، ١٩٧١/٣/١١. ع(١٠١٥)، ١٩٧١/٣/١٢. ع(١٠١٦)، ١٩٧١/٣/١٣. ع(١٢٧٤)، ١٩٧٢/١/٧. ع(١٣٢٨)، ١٩٧٢/٣/١١. ع(١٤٣٣)، ١٩٧٢/٧/٤. ع(١٤٣٤)، ١٩٧٢/٧/٥. ع(١٤٣٥)، ١٩٧٢/٧/٦. ع(١٤٣٩)، ١٩٧٢/٧/١١. ع(١٤٤٨)، ١٩٧٢/٧/٢١. ع(١٥٦٦)، ١٩٧٢/١٢/٤. ع(١٨١١)، ١٩٧٣/٩/١٤. ع(١٩٠٥)، ١٩٧٣/١٢/٣. ع(١٩٥٧)، ١٩٧٤/٣/٤. ع(١٩٦٣)، ١٩٧٤/٣/١١. ع(٢٢٧٤)، ١٩٧٥/٣/٧. ع(٢٢٧٦)، ١٩٧٥/٣/٩. ع(٢٢٨٨)، ١٩٧٥/٣/٢٢.

- الحرية، ع(١٧٠٥)، ١٩٦٣/٣/١٠.

- الحوادث، ع(٩٩)، ١٩٦٨/٨/٨.

- الحياة، ع(٣٧)، ١٩٦٦/٤/١٩.

- خەبات/النضال، ع(١٤١)، ١٩٦٠/١/٩. ع(١٦٧)، ١٩٦٠/٢/١٠. ع(٣١٢)، ١٩٦٠/٩/١٣. ع(٣٨١)، ١٩٦٠/١٢/١٢. ع(٤٦٥)، اوائل نيسان١٩٦٢. ع(٤٦٨)، اوائل تشرين الاول ١٩٦٢.، ع(٤٧١)، ايلول١٩٦٣. ع(٤٧٦)، شباط١٩٦٤. ع(٤٧٤)، تشرين الثاني١٩٦٤. ع(٤٧٦)،

شباط١٩٦٥. ع(٤٧٧)، نيسان ١٩٦٥. ع(٤٧٨)، حزيران ١٩٦٥. ع(٥٠٢)، ايار ١٩٦٨. ع(٥١٤)، تشرين الاول ١٩٦٩. ع(٥١٥)، تشرين الثاني١٩٦٩.

- الزمان، ع(٧٢٣٣)، ١٩٦١/٩/١٦. ع(٧٢٣٧)، ١٩٦١/٩/٢١. ع(٧٢٤٠)، ١٩٦١/٩/٢٤. ع(٧٢٥٤)، ١٩٦١/١٠/١١. ع(٧٢٥٥)، ١٩٦١/١٠/١٢. ع(٧٢٥٨)، ١٩٦١/١٠/١٥. ع(٧٣٨٤)، ١٩٦٢/٣/١٧.
- الشرق، ع(٦٢٣)، ١٩٦٢/١١/١. ع(٣)، ١٩٦٩/٢/٥. ع(٦٢٥)، ١٩٦٢/١١/٤. الشرق، ع(٦٣٩)، ١٩٦٢/١١/٢٠.
- الشعب، ع(٤٩)، ١٩٦٣/٦/١٣.
- صوت العرب، ع(١٦٩)، ١٩٦٦/٢/١٢. ع(١٤٨)، ١٩٦٦/١/١٥. ع(٤٩٣)، ١٩٦٧/٣/١٤. ع(٦٢٢)، ١٩٦٧/٩/٢٠.
- الطليعة، ع(١٧٨٣)، ١٩٦٣/٦/١١.
- العرب، ع(٣٤٢)، ١٩٦٤/٨/١٠.
- العهد الجديد، ع(٤٧٨)، ١٩٦٢/٧/٢٠. ع(٥٨٢)، ١٨/١١/ ١٩٦٢. ع(٥٨٣)، ١٩/١١/ ١٩٦٢. ع(٦٠٠)، ١٩٦٢/١٢/١١. ع(٦٢٩)، ١٩٦٣/١/١٤. ع(٦٣٣)، ١٩٦٣/١/١٨.
- الفجر الجديد ، ع(١٦٩٧)، ١٩٦٧/٩/١٤.
- الفجر الجديد، ع(٦٢٩)، ١٩٦٤/٢/١١. ع(٨١٠)، ١٩٦٤/٩/٢٤. ع(٨١١)، ١٩٦٤/٩/٢٧. ع(٨٧٨)، ١٩٦٤/١١/١٥. ع(٨٨٢)، ١٩٦٤/١٢/٢٠. ع(٩٦٥)، ١٩٦٥/٤/١. ع(٩٧٨)، ١٩٦٥/٤/٢١. ع(١٠١٩)، ١٩٦٥/٦/١١. ع(١٠٢٠)، ١٩٦٥/٦/١٣. ع(١٠٢١)، ١٩٦٥/٦/١٤. ع(١٢١٤)، ١٩٦٦/٢/٣. ع(١٢١٧)، ١٩٦٦/٢/٧. ع(١٢٣٤)، ١٩٦٦/٢/٢٨. ع(١٢٤٣)، ١٩٦٦/٣/١٠. ع(١٢٤٤)، ١٩٦٦/٣/١١. ع(١٢٦٧)، ١٩٦٦/٤/١١. ع(١٢٦٨)، ١٩٦٦/٤/١٢. ع(١٣١٠)، ١٩٦٦/٦/٢. ع(١٣٢٢)، ١٩٦٦/٦/١٦. ع(١٣٢٥)، ١٩٦٦/٦/٢٠. ع(١٣٣١)، ١٩٦٦/٦/٢٧. ع(١٣٣٢)،١٩٦٦/٦/٣٠.ع(١٣٧٤)، ١٩٦٦/٨/١٩. ع(١٣٨٢)، ١٩٦٦/٨/٢٩. ع(١٥٠٣)، ١٩٦٧/١/٢٠. ع(١٥٢٨)، ١٩٦٧/٢/٢٠. ع(١٦٤١)، ١٩٦٧/٧/١١. ع(١٦٤٩)، ١٩٦٧/٧/٢٠. ع(١٦٧٢)، ١٩٦٧/٨/١٦. ع(١٦٧٧)، ١٩٦٧/٨/٢٢.
- كوردستان، ژ(١)، ١٩٦١/٣/٤.
- كشكول، ع(١٢١)، ١٩٦٢/٥/٣. ع(٣٠٠)، ١٩٦٣/٧/١٦.
- اللواء، ع(١٩)، ١٩٦٥/١/٢٦.

- المنـــــار، ع(٢٥٤٨)، ١٩٦٣/٣/١. ع(٢٥٧٨)، ١٩٦٣/١٢/١. ع(٢٦٣٩)، ١٩٦٤/٢/١١. ع(٣٢٧٣)، ١٩٦٦/١/١٠.
- النور، ع(١٣٩)، ١٩٦٩/٤/٥. ع(١٤٢)، ١٩٦٩/٤/٨.
- هاوکاری، ژ(٣٠)، ١٩٧٠/٨/١. ژ(٢٠٩)، ١٩٧٤/٣/١٥.
- الهدف، ع(٤١٥)، ١٩٦٥/١١/٢٤.
- هیوا، ژ(٣٢)، نیسانی ١٩٦١.
- الوقائع العراقية، ع(١)، ٢٣ /١٩٥٨/٧. ع(٢٨٣)، ١٩٦٠/١/٢. ع(٨٣٥)، ١٩٦٣/٧/٣١. ع(٩٢٦)، ١٩٦٤/٣/٢٢. ع(٩٤٩)، ١٩٦٤/٥/١٠. ع(١٤١١)، ١٩٦٧/٥/١٨. ع(١٤٤٥)، ١٩٦٧/٧/٣١. ع(١٩٥٨)، ١٩٦٨/٧/١٨. ع(١٦٢٥)، ١٩٦٨/٩/٢١. ع(١٦٣١)، ١٩٦٨/٩/٣٠. ع(١٨٠٧)، ١٩٦٩/١٢/٢. ع(١٨٦٧)، ١٩٧٠/٤/١٤. ع(١٩٠٠)، ١٩٧٠/٧/١٧. ع(١٩١٧)، ١٩٧٠/٩/٨.

### دووەم. بڵاوکراوە فەرمییەکان:

- الحكومة الوطنية و مشكلة الشمال، من منشورات دار الجمهورية للطباعة والنشر، بغداد، ١٩٦٥.
- منشورات الثورة، لكي يصان السلام وتتعزز الوحدة الوطنية، دار الثورة، بغداد، ١٩٧٣.
- جمهورية العراق، وزارة الداخلية، وزارة الداخلية في عامين، دار الجمهورية، بغداد، ١٩٧٠.
- الجمهورية العراقية، القرارات العامة لمجلس قيادة الثورة ١٩٦٨-١٩٧٧، م١، بغداد، ١٩٧٧.
- وزارة الاعلام-مديرية الاعلام العامة، دليل الصحافة العراقية، بغداد، ١٩٧١.

### سێیەم. کتێب.

#### ١. بە زمانی کوردی:

- ئاريان ئيبراهيم محەمەد، ڕۆژنامەی برايی-برايەتی (١٩٦٧-١٩٧٤) ڕۆڵی لە پێشخستنی ئەدەب و ڕۆشنبيريی کورديدا، چاپخانەی ڕۆشنبيری، هەولێر، ٢٠٠٥.

- ئازاد عوبێد ساڵح، کاریگەریی شۆڕشی ئەیلوول لە سەر ڕۆژنامەوانیی کوردی ١٩٦١-١٩٧٥، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠٧.

- ئەحمەد حەمەدئەمین ئۆمەر، ئەندامە کوردەکانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق ی لە ڕۆژگاری پاشایەتیدا ١٩٢٥-١٩٥٨، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠٠٧.

- ئەحمەد حەمەدئەمین ئۆمەر، ئەندامە کوردەکانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، چاپەمەنی شەهاب، هەولێر، ٢٠٠٧.

- ئیبراهیم میراودەلی، چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی میراودەلی پشدەر، چاپخانەی بەدرخان، سلێمانی، ٢٠٠٣.

- ئیسماعیل ئەردەلان، نهێنییەکانی بارزان، و: ڕەنجبەر شەوکەت پیرانی، دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان، چاپخانەی ڕۆکسانا، هەولێر، ٢٠٢٢.

- بورهان حاتەم گۆمەتاڵی، ساڵح حەیدەری١٩٢٢-٢٠٠١، بڵاوکراوەکانی گۆڤاری K٢١، هەولێر، ٢٠١٢.

- بێوار ئدریس دەحلێنەوی، کامیران عالی بەدرخان ژیان و چالاکیێن وی یێن سیاسی و رەوشەنبیری ١٨٩٥-١٩٧٨، ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان و ئەوانیدیکە، دهۆک، ٢٠٢١.

- جەمال نەبەز، باسنامە-چەند گوژمێکی جۆلانەی کردە و بەسەرهاتم، هەولێر، ٢٠١٢.

- جەمال نەبەز، کوردستان و شۆڕشەکەی، چ٣، چاپخانەی منارە، هەولێر، ٢٠٠٧.

- دیدار عوسمان، مێژووی بارزان/لە شێخ عەبدولسەلامی یەکەمەوە تا کۆتایی ژیانی شێخ عەبدولسەلامی دووەم، ساخکردنەوەی: نیعمەت شەهاب کەوانی، دەزگای ڕێژیار، هەولێر، ٢٠٢١.

- دیڤید مەکداول، مێژووی هاوچەرخی کورد، و: ئەبوبەکر خۆشناو، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٥.

- دەیڤید ئادەمسۆن، جەنگی کورد، و:عەبدولکەریم عوزێری، دەزگای جەمال عیرفان، سلێمانی، ٢٠١٧.

- سدیق ساڵح و ڕەفیق ساڵح، لە بەڵگەنامەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان ١٩٤٦-١٩٦٣، دەزگای ئینسیکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان و ئەوانیدیکە، دهۆک، ٢٠٢١.

- سنوور سەباح سدیق، مێژووی سیاسەتی بە عەرەبکردن لە پارێزگای کەرکووک ١٩٦٣-١٩٩١، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٩.

- سەعید ناکام، بیرەوەرییەکانی سەعید ناکام، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٣.

- شوان محەمەد ئەمین خۆشناو، هەولێر لە نێوان ساڵانی (١٩٥٨-١٩٦٣)/ لێکۆڵینەوەیەکە لە بارودۆخی سیاسی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٢.

- شەوکەت مەلا ئیسماعیل حسن، ڕۆژانێ لە مێژووی شۆڕشی ئەیلوول ١٩٦١-١٩٧٥، تەفسیر بۆ بڵاوکردنەوە و ڕاگەیاندن، هەولێر، ٢٠٠٧.

- عەبدولخالق ناسر ئەلعامری (دکتۆر)، بارزانی مستەفا و دۆزی کورد، و: ئەرکان شارباژێڕی، دەزگای ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان و ئەوانیدیکە، دهۆک، ٢٠٢١.

- عەبدولڕەحمان قاسملۆ (دکتۆر)، کوردستان و کورد لێکۆڵینەوەیەکی سیاسی و ئابووری، و: عەبدوڵڵا حەسەن زادە، چ٢، چاپخانەی منارە، هەولێر، ٢٠٠٦.

- عەبدولڕەحمان مەعروف، ئینسایکلۆپیدیای نووسەرانی هەولێر، ب٣، تاران، ٢٠٢١.

- عەبدولڕەحمان مەلا حەبیب، عەشیرەتی بارزان لە نێوان ١٩٣١-١٩٩١، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، ٢٠٠١.

- عەلی کەریمی، ژیان و بەسەرهاتی عەبدولڕەحمان زەبیحی (مامۆستا عولەما)، چاپخانەی کاربین، سلێمانی، ٢٠٠٥.

- عەلی کەمال بەرزی، کەسایەتی ناودارانی کورد سەدەی بیستەم، ب١، چاپخانەی زانکۆ، هەولێر، ١٩٩٩.

- غازی حەسەن، خوێندەواری ڕێگەیەکی سەخت و درێژ لە کوردستاندا، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨.

- فاتح ڕەسول، بنچینەی مێژووی بیرۆکەی چەپ، چ٢، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، ٢٠٠٥.

- فەرەیدوون عەبدوڵڵا عەبدولڕەحیم، بارودۆخی سیاسی کوردستانی-عێراق ١١ی مارتی ١٩٧٠-١١ی مارتی ١٩٧٤، چاپخانەی منارە، هەولێر، ٢٠٠٨.

- فەیسەڵ دەباغ، کوردستان لە چاپکراوە عوسمانلییەکاندا، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٤.

- کاروان جوهر محمد، ئیدریس بارزانی ١٩٤٤-١٩٨٨/ژیان و ڕۆڵی سیاسی و سەربازی لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورددا، چاپخانەی هێڤی، هەولێر، ٢٠١٩.

- کریس کۆچێرا، کورد لە سەدەی نۆزدە و بیستەمدا، و. حەمە کەریم عارف، کتێبفرۆشی سۆران، چاپخانەی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٦.
- کەریم شارەزا، بیرەوەرییەکانی کاروانی ژینم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠٢١.
- لازاریف، کێشەی کورد، و. کاوس قەفتان، چ١، چاپخانەی الجاحظ، بەغداد، ١٩٨٩.
- مارف خەزنەدار (دکتۆر)، مێژووی ئەدەبی کوردی، ب٧، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠١٠.
- مام جەلال، دیداری تەمەن، ب١، ئا: سەڵاح ڕەشید، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠١٧.
- مامۆستا جەعفەر، هەڵۆی سوور، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، سلێمانی، ٢٠٠٧.
- مایکڵ گەنتەر، فەرهەنگی مێژووی کورد، و:مامکاک، دەزگای ئاراس، ٢٠٠٧.
- محەمەد فاتح، پەرەسەندنی ژیانی حزبایەتی لە کوردستانی باشووردا، چاپخانەی زانکۆی سەڵاحەدین، هەولێر، ٢٠١٤.
- مستەفا محەمەد کەریم (دکتۆر)، پێشهاتە سیاسییەکانی دەڤەری بارزان ١٩٠٢-١٩٣٢، دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان، چاپخانەی ڕۆکسانا، هەولێر، ٢٠٢٢.
- مستەفا نەریمان، بیرەوەرییەکانی ژیانم، دار الحریة للطباعة والنشر، بەغداد، ١٩٩٤.
- موحسین دزەیی، وێستگەکانی ژیانم، ب١، ئا: تاریق ئیبراهیم شەریف، و: ئیسماعیل بەرزنجی، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٩.
- موحسین دزەیی، وێستگەکانی ژیانم، ب٢، و: ئیسماعیل بەرزنجی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٩.
- مومتاز حەیدەری و ئەوانی دیکە، قامووسی ناوە نەمرەکان، ب١، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٤.
- مەسعود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد ١٩٦١-١٩٧٥، چ١، بەرگی سێیەم، ب١، چاپخانەی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٤.
- مەسعود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد ١٩٦١-١٩٧٥، چ١، بەرگی سێیەم، ب٢، چاپخانەی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٤.
- مەغدید حاجی، عەزیز شەریف و کورد، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٢.

- مەهدی محەمەد قادر، پێشهاتە سیاسییەکانی کوردستانی عێراق ١٩٤٥-١٩٥٨، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٥.
- ن.لازاریف، مێژووی کوردستان، و: وشیار سەنگاوی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠٠٨.
- هاوکار کریم حمەشریف، شۆڕشی ئەیلوول لێکۆڵینەوەیەکی مێژووی لە ڕێکخستن و چالاکییە سەربازییەکان ١٩٦١-١٩٧٠، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ٢٠١٢.
- هۆشەنگ ساڵح نەجار، بزاڤی ڕۆشنبیری لە شاری هەولێر ١٩٥٨-١٩٧٥، دەزگای ڕۆسا، هەولێر، ٢٠١٦.
- هیمدادی حوسێن (دکتۆر) و نەوزاد عەلی ئەحمەد، کوردستان/ رۆژنامەیەکی ڕۆژانەیە، لە بڵاوکراوەکانی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، سلێمانی، ٢٠١٩.
- هەژار، چێشتی مجێور، چ١، ئا: خانی شەرەفکەندی، پاریس، ١٩٩٧.
- هەوراز جەوهەر مەجید، شاری سلێمانی ١٩٥٨-١٩٦٨، دەزگای ئەندێشە، سلێمانی، ٢٠١٢.
- وریا جاف، مێژووی ڕۆژنامەگەریی پارتی دیموکراتی کوردستان، چاپخانەی خەبات، دهۆك، ١٩٩٦.
- ئیبراهیم خەلیل ئەحمەد (دکتۆر) و خەلیل عەلی مراد (دکتۆر)، مێژووی ئێران و تورکیا تویژینەوەیەک لە مێژووی تازە و هاوچەرخ، و: بەهادین جەلال، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١١.

## ٢. کتێب بە زمانی عەرەبی:

- أ.پ، عن التعليم في كردستان العراق، مطبعة خەبات، كوردستان، ١٩٨٦.
- أحسان شيرزاد (الدكتور)، مذكرات، الاردن، ٢٠١١.
- احمد فوزي، عبدالسلام محمد عارف سيرته..محاكمته..مصرعه، دار العربيه، بغداد، ١٩٨٩.
- برنارد لويس، الحشاشون/حركة الثورية في تاريخ الاسلام، ت: محمد عزب حوسني، مكتبة مدبولي، القاهرة، ٢٠١٠ .
- جبار جباري، تاريخ الصحافة الكردية في العراق، العراق، مطبعة الامة، بغداد، ١٩٧٥.
- جمال بابان، اعلام كرد العراق، م١، مطبعة شڤان، سليمانية، ٢٠٠٦.

- جون س.كيست، الحياة بين الكرد..اليزديين، دار سپيريز للطباعة والنشر، دهوك، ٢٠٠٥ .
- حيدر نجم عبد مراد (المقدم الركن)، معجم ظباط ثورة ايلول ١٩٦١-١٩٧٥، انسكلوبيديا الحزب الديمقراطى الكوردستانى و الاخرون، دهۆک، ٢٠٢١.
- رزگار نورى شاويس، (رزگارى) ثم (خەبات)-لسان حال الحزب الديمقراطي الكوردستانى-عرض تاريخي، مطبعة التربية، اربيل، ١٩٩٨.
- سيف الدين الدوري اللغز في إعدام ناظم كزار وعبد الخالق السامرائي وأربعة أخرين من أعضاء مجلس قيادة الثورة ١٩٧٣-١٩٧٩، الدار العربية للموسوعات، لبنان-بريطانيا، ٢٠١٤.
- سيف الدين الدوري، علي صالح السعدي نائب رئيس الوزراء ووزير الداخلية و سلطة البعث الاولى ١٩٦٣، دار العربية للموسوعات، بيروت، ٢٠١٠.
- شيرزاد زكريا محمد، الحركة القومية الكوردية في كوردستان العراق ٨ شباط ١٩٦٣-١٧ تموز ١٩٦٨، مؤسسة سبيريز، دهوك، ٢٠٠٦.
- شيركو حبيب، ثورة ١١ ايلول في عدد من الصحف العربية والاجنبية، مراجعة و تقديم: عبدالفتاح علي البوتاني (الدكتور)، من منشورات الاكاديمية الكردية، اربيل، ٢٠٢٢.
- صالح حسين الجبورى، ثورة ٨ شباط في العراق، ب.م، ب.س.
- صبرية جرجيس ئيمنيكى، جريدة التأخي/ دراسة تاريخية في موقفها من التطورات السياسية ١٩٦٧-١٩٧٤، مطبعة محافظة دهوك، دهوك، ٢٠١٣.
- طارق ابراهيم شريف، شخصيات تتذكر، ج١، اربيل، ١٩٨٨.
- عبدالفتاح على البوتانى (الدكتور)، وثائق عن الحركة القومية الكوردية التحررية، اربيل، ٢٠٠١.
- فائق بطي، صحافة ١٤ تموز وتطور العراق السياسي، مطبعة الاديب البغدادية، بغداد، ١٩٧٠.
- فرهاد محمد احمد، جريدة خەبات/ النضال ١٩٥٩-١٩٦١ (دراسه تاريخية)، دهوك، ٢٠٠٨.
- فريق الاول الركن ابراهيم فيصل الانصاري، ايام لاتنسى، ت: علاءالدين الخماس، الاكاديميون للنشر والتوزيع، الاردن-عمان، ٢٠١٩ .
- ليث عبدالحسن الزبيدي، ثورة ١٤تموز فى العراق، بغداد، ١٩٨١.

- محمد حسين الزبيدي (الدكتور)، ثوره ١٤ تموز فى العراق-اسبابها و مقدمتها و ومسيرتها و تنظيمات الضباط الاحرار، بغداد، ١٩٨٣.

- محمد كريم مهدي المشهداني، عبدالرحمن البزاز و دوره الفكري و السياسي في العراق، مكتبة اليقظة العربية، بغداد، ٢٠٠٢.

- محمود الدرة، ثورة الموصل القومية ١٩٥٩، مكتبة اليقظة، بغداد، ١٩٨٧ .

- مليح صالح شكر (الدكتور)، تاريخ الصحافة العراقية في العهدين الجمهوري والملكي ١٩٣٢-١٩٦٦، الدار العربية للموسوعات، بيروت، ٢٠١٠.

**چوارەم. وتارەكان (كوردی و عەرەبی):**

- ئیحسان فوئاد (دكتۆر)، خوێندنی كوردی لە ناوچەی ئۆتۆنۆمی دا، ڕۆشنبیری نوێ، ژ(٩٩)، ئەیلوولی ١٩٨٣.

- رزاق كردى حسين (الدكتور)، صحيفه الزمان البغداديه، كلية تربية للبنات للعلوم الانسانية (المجلة)، ع(١٤)، السنة الثامنة، ٢٠١٤، ص٩٨.

- نەورۆز یاسین محەمەد و ئەحمەد حەمەدئەمین ئۆمەر (دكتۆر)، حیلمی عەلی شەریف و ڕۆڵی لە ڕۆژنامەنووسیی كوردییدا، ئەكادیمیای كوردی (گۆڤار)، ژ(٥٢)، ٢٠٢٢.

- هۆشەنگ ساڵح نەجار (دكتۆر)، مەلا خدری دەشتی ژیان و ڕۆڵی كۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و نەتەوایەتیی ١٩٠٩-١٩٥٧، ئەكادیمیای كوردی (گۆڤار)، ژ(٤٩)، ٢٠٢١.

- هەفتەنامەی گوڵان، ژ(٨٨٩)،٢٠١٢/٧/٢٣.

**پێنجەم. نامە و تێزی ئەكادیمی (كوردی و عەرەبی):**

- جمال صبحي طالب، طاهر يحيى و دوره في تاريخ العراق المعاصر ١٩١٤-١٩٨٦، رسالة ماجستير، جامعة تكريت/كلية تربية البنيات-قسم التاريخ، ٢٠١٥.

- عدي حسن داخل، فؤاد الركابي و دورها لسياسي في العراق، رسالة الماجستير في التاريخ الحديث والمعاصر، كلية الآداب- جامعة ذيقار، ٢٠١٤، ص٧٨-٨٤.

- فلاح كريم عزيز الكاكەيى، فلك الدين كاكەيى حياته ودوره السياسي والثقافي (١٩٤٣-٢٠١٣)، رسالة ماجستير، قسم التاريخ-كليه الاداب، جامعة صلاح الدين-اربيل، ٢٠١٧.

- هۆشەنگ ساڵح نەجاڕ، بزاڤی ڕۆشنبیریی کوردی لە شاری بەغداد، تێزی دکتۆرا، بەشی مێژوو-کۆلێژی ئاداب-زانکۆی سەڵاحەددین/هەولێر، ٢٠١٧.

## شەشەم. دیدار:

- دیدار لەگەڵ عەبدوڵڵا عەباس، شوباتی ٢٠١٧/هەولێر.

- دیدار لەگەڵ شەوکەت مەلا ئیسماعیل، ئەیلوولی ٢٠٢١/دهۆک.

## حەوتەم. پێگەی ئەلیکترۆنی:

### ١. بە زمانی کوردی:

- کوردیپیێدیا. فاتیح ڕەسوڵ.

- کوردیپیێدیا. مەحمود عوسمان سۆرانی.

- کوردیپیێدیا. عەبدولستار تاهیر شەریف.

- کوردیپیێدیا. مەلا ماتۆڕ.

- کوردیپیێدیا . حاجی ئۆمەران .

- کوردیپیێدیا. بەنداوی دووکا.

- عەباس مامەند ئاغا. پەیجی هۆزی ئاکۆ.

- عەبدولسەمەد خانەقا. پەیجی خەلیل عەبدوڵڵا- Xalil Abdula.

- ماڵپەڕی فەرمی مەسعود بارزانی.

### ٢. بە زمانی عەرەبی:

- أرابيكا. بابكر محمود رسول البشدري - (rabica.org).

- أرابيكا. عبد الله سلمان الخضير - (rabica.org)
- الارشيف العراقي. العقيد هادي خماس (irqiarchive.blogspot.com)
- انباء براثا. السيد محسن الحكيم (burathanews.com) .
- اي كتاب. صالح مهدي عماش .(ektab.com)
- اي كتاب. عزيز الحاج (ektab.com)
- ايامنا. الفريق الركن احمد صالح العبدي (ayamuna.blogspot.com).
- البصرة نت. زهير البيرقدار يعود الى سوريا(albasrah.net)
- بوابتي. ناجي طالب: القائد الوطني والقومي(myportail.com)
- بي بي سي نيوس. عبد العزيز بوتفليقة: الرئيس الجزائري السابق يرحل عن ٨٤ عاما - BBC Newsعربي.
- البيان. عزت الدوري(albayan.ae)
- التاريخ السوري المعاصر. عبد القادر القواص- التاريخ السوري المعاصر(syrmh.com) .
- الثورة. صحيفة الثورة (thawra.sy)
- الجزيرة نت. أحمد حسن البكر رئيس العراق الذي قاد الانقلابات | أخبار سياسة | (aljazeera.net).
- الجزيرة نت. طارق عزيز .شخصيات | (aljazeera.net)
- الحزب الديمقراطي الكوردستاني. في ذكرى تأسيس اتحاد الشبيبة الديموقراطي الكوردستاني (kdp.info)
- الحزب الشيوعي السوري (المكتب السياسي(scppb.org) . زكي خيري.
- الحوار المتمدن. زاريف و القضية الكردية(ahewar.org)
- الحوار المتمدن. زهير كاظم عبود - حقائق مخفية عن علاقة البعث (ahewar.org).
- الكاردينيا. الرئيس عبدالسلام محمد عارف والكويت (algardenia.com) ...
- الكاردينيا. الوزير الدكتور محمد ناصر- سيرة موجزة(algardenia.com)

- الكاردينيا. عبداللطيف الدراجي .سيرة رجل وزير الداخلية الذي استشهد مع عبدالسلام عارف (algardenia.com)
- الكاردينيا. مذكرات صلاح عمر العلي ، متى ترى النور؟(algardenia.com) .
- كتابات. قائمة برؤساء أركان الجيش العراقي (١٩٤٤-٢٠٠٣(kitabat.com)
- كتابات. نعيم حداد.يقود محكمة ذبح قيادي البعث.. ليطرد لاحقا.. لينتي حد مشلولا وأعمى ومفلساً لــ الكاتب / هادي حسن عليوي(kitabat.com)
- كتابات. وليد سيرت/٥٣(kitabat.com)
- الگاردينيا- منارات في تاريخ شرطة العراق: اللواء طه الشيخلي ١٩٢٤ – ٢٠٠١.
- لــ الكاتب. عبد الرزاق النايف.. قائد انقلاب ١٧ تموز ١٩٦٨ / هادي حسن عليوي (kitabat.com)
- المدينة نيوز. شبلي العيسمي نائب الرئيس السوري السابق بسجن المخابرات السورية - (archive.org).
- مركز الدراسات والابحاث العلمانية في العالم العربي. عبدالرحمن عارف ودوره السياسي في العراق للمدة ١٩٦٦-١٩٦٨(ssrcaw.org)
- المعرفة. هاشم جواد - (marefa.org).
- المعرفة. هاني الفكيكي - (marefa.org).
- المعرفة. يفغيني بريماكوف (marefa.org) - Yevgeny Primakov .
- مكتبة الاسكندرية. الرئيس جمال عبد الناصر، السيرة الذاتية (bibalex.org).
- مكتبة نور. سعدون غيدان (noor-book.com).
- مكتبة نور. سمير عبد العزيز النجم (noor-book.com).
- مكتبة نور. عبد الكريم الشيخلي (noor-book.com) .
- مكتبة نور. عزت مصطفى العاني (noor-book.com) .
- مكتبة نور. محمد محجوب الدوري (noor-book.com).
- مكتبة نور.سعد قاسم حمودي (noor-book.com) .
- مكتبة نور.عبد الفتاح سعيد الشالي (noor-book.com).

- مونتي كارلو الدولية. فائق روفائيل بطي (mc-doualiya.com).
- نجـومي. هــواري بومــدين - قصــة حيــاة هــواري بومــدين الــرئيس الجزائــري الثــاني (nojomy.com)
- واي باك مشين.بغداد تودع أحد أبطال الجندية العراقية نسخة محفوظة ١٠ يناير ٢٠٢٠
- الوقائع العراقية جريدة (wiko.wiki).
- وكالة أنباء الشرق الأوسط Welcome to Middle East News Agency (mena.org.eg)
- ويكو ويكى. حزب النجادة  (wiko.wiki).

## ٣. بە زمانی ئینگلیزی:

- Russia's Purveyor of 'Truth', Pravda, Dies After ٨٤ Years - The New York Times (nytimes.com)
- ١٠ Stories of the People who Brought a Global Change - Awakening Digest Community (theawakeningdigest.com)
- About: Haschim Aqrawi (dbpedia.org)
- Access to Mideast and Islamic Resources (AMIR): Open Access Newspaper Archive: Baghdad News (١٩٦٤-١٩٦٧) (amirmideast.blogspot.com)
- Adnan Pachachi passes away|Mena – Gulf
- Afghanistan - Treaty of Non-Aggression. Signed at Tehera, July ٨th, ١٩٣٧ [١٩٣٨] LNTSer ١٦٣; ١٩٠ LNTS ٢١ (worldlii.org)
- Anna M (ku.edu)
- An-Nahar: Contact Information, Journalists, and Overview | Muck Rack
- CENTRAL TREATY ORGANIZATION – Encyclopaedia Iranica (iranicaonline.org)
- Chris Kutschera - Wikipedia

- Dictionary of African Biography - Emmanuel Kwaku Akyeampong, Henry Louis Gates (Jr.)
- Grove Atlantic
- https://www.altaakhipress.com/printart.php?art=٢٠٩٩
- IRAN’S MINISTRY OF INTELLIGENCE AND SECURITY: A PROFILE (fas.org)
- Izvestiia Digital Archive - East View
- Lebanon - Kurdish Parties (archive.org)
- NY Daily News - New York Daily News
- .OPEC : Member Countries
- Russian news agency RIA Novosti closed down - BBC News
- Saddam Hussein - Death, Policies & Family - Biography
- The World of Obituaries: Gender across Cultures and over Time - Mushira Eid -
- Treaty of Constantinople (١٩١٣) - History Flame
- Who's who of Pulitzer Prize Winners - Elizabeth A. Brennan, Elizabeth C. Clarage
- www.theguardian.com/news/٢٠٠٧/mar/٢١/guardianobituaries.iraq
- Zionism - HISTORY

### ٤. بە زمانی فارسی:

- حسن پاکروان | دانشنامه پژوهه پژوهشکده باقرالعلوم (pajoohe.ir).
- خط تالوگ (blogfa.com).

## پاشکۆ:


الزمان

جريدة يومية سياسية جامعة

الاربعاء ١١ تشرين الاول ١٩٦١ — العدد ٧٢٥٤

السنة الخامسة والعشرون — ٨ صفحات — ٢٠ فلسا

**الزعيم الامين يحضر حفلة وزارة الخارجية بالقصر الابيض تكريما لسيادة السفير الهنغاري**

**العراق يدعو لمعارضة محاولات بريطانيا ضم الكويت للامم المتحدة**

نيويورك ١٠ تشرين الاول

# حل حزب البارتي

## اتصال تلفوني بين القوتلي والكزبري

**القوتلي يعرب عن تاييده للثورة السورية - الولايات المتحدة وتونس والعربية السعودية ورومانيا وكولومبيا تعترف بالجمهورية السورية وبحكومة الكزبري - خالد بكداش يبرق للدكتور الكزبري طالبا السماح له بالعودة الى سوريا**

دمشق ١٠ تشرين الاول

**الكزبري يشكر القوتلي**

**غروميكو يجتمع بماكملان وهيوم**

**خالد بكداش في موسكو**

**الاعتراف بالجمهورية العربية السورية يبلغ لقنصليتنا بدمشق**

**اسبانيا تعترف بحكومة دمشق**

**رسالة خروشيف الى ماكملان**

**مونتغومري يعود الى لندن**

**حرب اعصاب**

**حديث اليوم**

**اعتراف جمهوريتنا الخالدة بالجمهورية العربية السورية الشقيقة دعامة قوية وسند ثابت للشعب السوري في عهد استقلاله وسيادته**

**اتهام الاستخبارات الامريكية بتدبير خطة لاغتيال الدكتور كاسترو**

**غروميكو يصل لندن ويعرب عن امكان التوصل لحل سلمي لازمة برلين ومشكلة المانيا**

**واشنطن ترفض السماح باقامة حكومة كوبية للمنفيين في اراضيها**

**مشاورات واسعة لخلف وارتو في المانيا**

## حل حزب البارتي

**وفروعه في كافة الالوية ووضع اليد على امواله**

**نص قرار محكمة بداءة بغداد بحل الحزب وفروعه**

تقرر حل حزب البارتي - الحزب الديموقراطي الكردستاني - الذي يرأسه الملا مصطفى البارزاني وكافة فروعه في الالوية ووضع اليد على امواله المنقولة وغير المنقولة ...

البقية على ص ٨

**اقتراح باقامة نصب لهمرشولد في مدينة ليوبولدفيل بقلب افريقيا**

**محاولة لنسف السفارة الاسبانية بقنبلة في مدينة الجزائر**

**تدريب قوات الجيش الاندونيسي على استعمال الاسلحة النووية**

**الاتحاد السوفيتي يجدد مشروع بتصفية الاستعمار**

**بيان**

ارسالية جديدة

طواقم مائدة

ملاعق - شوكات - سكاكين

متينة وانيقة وجذابة

اوروزدي باك (العراق)

بغداد - بصرة

ڕۆژنامەی (الزمان) ژمارە (٧٢٥٤)ی ١٩٦١/١٠/١١ کە باس لە بڕیاری هەڵوەشانەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکات




ڕۆژنامەی (الشرق) ژمارە (٥٥٧)

١٥ی ئابی ١٩٦٢


الجماهير

٤ صفحات

٢٠ فلسا

قانون الخدمة المدنية الجزائري يصدر قريبا

١٢ ربيع الاول ١٣٨٣ ٣ آب ١٩٦٣ السنة الاولى العدد ١٦٢

الرئيس عارف: اننا وحدويون موحدون لامفرقون ملحدون

ما حدث في دمشق في ١٨ تموز افسد لقاء القاهرة

# الطريق الى بارزان أصبحت مفتوحة

جيش الجمهورية يعبر «الزاب الكبير» في منطقة بارزان

ويطهر قضاء «الزيبار» معقل العصاة الحصين

أصدرت مديرية الحركات العسكرية بيانا أمس عن عمليات التطهير في شمال الوطن هذا نصه:

عبرت قطعاتنا صباح هذا اليوم نهر الزاب الكبير في منطقة بارزان وطهرت قضاء الزيبار المعقل الحصين الذي يستند اليه العصاة في المنطقة واصبح الطريق الى بارزان مفتوحا امام قطعاتنا وفرسان صلاح الدين.

مدير الحركات العسكرية

هيئة المراقبين الدوليين تبحث في دمشق الوضع الراهن على الحدود بين سورية ودوريات العصابات

مشروع صيني لتدمير الاسلحة النووية

احتفال جمعية الآداب الاسلامية في مولد الرسول

بحضور الرئيس ورئيس الوزراء والوزراء والحاكم العسكري

من يأتي اذا تغيرت السلطة ... الشيوعيين والانتهازيين؟!

وزراء خارجية افريقيا يبحثون تحرير القارة

الازفستيا تتهم امريكيين بالتجسس في موسكو

يوثانت يحاول حسم الخلافات حول قيام اتحاد مالزيا

وفد عسكري جزائري يزور غزة

كندي غير متحمس لعقد «مؤتمر ذروة»

ميزانية ابحاث الفضاء الامريكية

امريكا تؤجل تجربتين نوويتين تحت الارض

آفرو-آسيوي لطرد ... افريقيا من الامم المتحدة

ڕۆژنامەی (الجماهیر)

ع(١٦٢) لە ٣ی ئابی ١٩٦٣



الزعيم الامين ينذر متمردي الشمال | نداء من الزعيم لموظفي الادارة والهندسة | مذكرة هندية للصين الشعبية | المطالبة بمحاكمة تشومبي | هجوم يزور الشيخ سالم الصباح! | محاولات امريكية لتوحيد القوى النووية | مباحثات كندي والمندوب السوفيتي | مباحثات ثقافية بين القاهرة وايطاليا


٨ صفحات — ٢٠ فلسا

الأيام

جريدة يومية سياسية عامة

صاحبها عبدالقادر البراك — رئيس التحرير المسؤول المحامي مراد الشاوي

الادارة: بغداد – شارع الرشيد – العاقولية

الجمعة ١٥ شعبان ١٣٨٢ — ١١ كانون الثاني ١٩٦٣ — العدد ٢٢٦ — السنة الاولى — طبعت بمطبعة الحرية


**القدسي يهنئ الزعيم الامين بترقيته الى رتبة فريق ركن**

# الاردن يسحب قواته من الكويت

ارتجل سيادة الزعيم الامين عبدالكريم قاسم مساء امس خطابا خطيرا في احتفال اتحاد نقابات العمال والجمعيات الفلاحية في عيد الجيش الباسل تحدث فيه عن امور هامة واعلن عن امهال متمردي الشمال لالقاء سلاحهم خلال عشرة ايام وحذر من التصدي للعمال والفلاحين وابناء الشعب .

## نص خطاب الزعيم الامين

السلام عليكم ايها الجمع الحافل القوى العزيز بنصر من عند الله ( تصفيق )

## الاتجاه الديموقراطي في الدستور المنتظر للجمهورية العراقية

### سحب القوات الاردنية من الكويت

قررت الحكومة الاردنية سحب قواتها العاملة مع قوات ( الجامعة العربية ) في الكويت ...

### المطالبة بسحب قنصلي امريكا وبريطانيا من مدينة ليوبولدفيل

### رفع الاقامة الجبرية عن تشومبي

### محاولات امريكية لتوحيد القوى النووية

### تحسن الموقف بالمناطق المنكوبة بالمغرب

### مباحثات ثقافية بين القاهرة وايطاليا

### اللورد هيوم يزور الشيخ سالم الصباح !

### مذكرة هندية الى الصين

### ازدياد عدد العاطلين بامريكا

### مظاهرات في اسكتلندا

### المطالبة بمحاكمة تشومبي



هەولێر — أربيل

الادارة
في بناية بلدية أربيل
جميع المخابرات والمراسلات
والمقالات التي تتعلق بهذه النشرة
تكون مع الادارة

الاشتراكات
داخل أربيل ٧٥٠ فلسا
داخل العراق ٨٠٠ فلسا
أجرة السنتمتر الواحد للاعلانات
١٢٠ فلساً . أما الاعلانات التجارية
يتفق مع إدارة النشرة

نشرة اسبوعية تصدرها بلدية اربيل باشراف السيد قائمقام المركز

العدد ٧٦ — السنة (٢) — السعر (١٠) فلوس — الاثنين ٨/تموز/١٩٦٣م — ١٥/صفر/١٣٨٣هـ

## إلى المخدوعين

هؤلاء الذين انتحلوا صفة الممثلين للشعب الكردي ليسوا إلا عصابة قذرة ... والاعتداء على ... والاطفال والمواطنين الأبرياء من أبناء الشعب ...

المجرم جلال الطالباني الذي يدعي زوراً وبهتاناً بأنه المتكلم باسم الشعب الكردي ، طلب المواطن الكردي أحمد ... عذاباً وسمعاً ... أذاه ... فهل يمثل هذا المجرم الاكراد حقيقة ؟

هذا الطفل البريء ما ذنبه؟ إنه ... وقد أطلق المجرمون النار عليه ... على البارزاني وعصابته الأثيمة .

## رؤوس الخيانة في سطور

### جلال الطالباني

= في عام ١٩٥١ حكم عليه بالحبس لمدة سنة وطرده من المدرسة لكونه من أعضاء الحزب البارتي الانفصالي الذي يعمل على مساعدة الشيوعيين .

= وفي نفس السنة وضع تحت مراقبة الشرطة مع ... لمدة سنة واحدة لنشاطهم الشيوعي .

= وفي عام ٩٥٣ جرى التحري في داره فعثر فيها على نشرات صهيونية وشيوعية .

= وفي عام ٥٥ هرب الى الدول الشيوعية حيث بقي يتجول فيها الى عام ٩٥٨ .

= وفي عام ٩٦١ قرر الحاكم العسكري العام القاء القبض عليه بصفته سكرتيراً لحزب البارتي ... وبارك أعمال الاجرامية ... غير أنه هرب من وجه العدالة .

= قام بالتصدي للقوات المسلحة ونهب عدداً كبيراً من القرى الآمنة .

### ابراهيم احمد

= في عام ٩٥١ حكم عليه بالحبس لمدة سنتين لنشاطه الشيوعي .

= في عام ١٩٥٤ أصدر حاكم تحقيق الرصافة أمراً بالقبض عليه ...

## حكمة العدد

حينما تنظر حياتك من ... الى الاول ، فسوف تجدها ...

طاغور

مترجمة من مجلة ايران مصور الفارسية

## ماذا تعرف عن الفيتامينات

- ... تكون غنية بالفيتامين (C) ... الفواكه والبقول ... ويجب اختيار البقول والفواكه ... الفيتامين C
أن الفيتامين آي - A يفيد في زيادة الوزن ...

ڕۆژنامەی (هەولێر/اربیل)
ع(٧٦) لە ٨ی تەمووزی ١٩٦٣



أمة عربية واحدة ذات رسالة خالدة

# الاشتراكي

وحدة ● حرية ● اشتراكية

جريدة حزب البعث العربي الاشتراكي في العراق

بغداد السنة ٩ كانون الثاني ١٩٦٣ الثمن ٢٠ فلساً

## حول أضراب الطلبة

( البقية على ص ٢ )

— ١ —

ڕۆژنامەی (الاشتراکی) زمانحاڵی حزبی بەعس

تشرینی دووەمی ١٩٦٣



الكشكول
جريدة النكتة والفكاهة
الجبلي
تأسست في ٤ نيسان عام ١٩٣٩

العدد ٣٠٠ | السنة ٢٤ | الموصل – الثلاثاء ٢٤ صفر ١٣٨٣ | ١٦ تموز ١٩٦٣ | الثمن ٣٠ فلسا



## ورآهم .. وراهم .. طاردوهم ..

كل مخلص لهذا البلد وكل مواطن يقدس تربة الوطن يعلم جيدا ان للامة العربية المجيدة عامة والشعب العراقي خاصة لها اعداء الداء واقفين له بالمرصاد . فلا تهدأ لهم نفس ولا تغمض لهم عينا . ولا يمر عليهم يوما الا ويعملو بكل ما يستطيعون من همة بمختلف الحيل والاساليب الشيطانية والدعم لتقويض كيان هذه الامة والقضاء على مكاسبها ومحمتها وكيانها واننا كأمة عريقة نبيلة تريد الحياة بسلام ومحبة الاخوة بين شعوب العالم اجمع .

ولكن الخونة المارقين الذين تنكروا لتربة الوطن العزيز ورفعوا خناجرهم المسمومة ومختلف اسلحتهم لينقضوا على الامين . هم هؤلاء الشعوبيون والشيوعيون والانتهازيون والمشمرون وضنيهم المأجور الخائن لوطنه ودينه الملحد الاسطقي البارزاني الذي جمع فلول الاذناب وتلقطهم من حثالات الشعب المارقين ليحارب امة لها مجدها ولها كيانها التليد وتاريخها الحافل بالبطولات منذ اقدم العصور فتجاه هذا الخطر الاحمر الشيوعي الشعوبي وعصاباتهم التي تساندها وتحركها اذناب موسكو وما يدور بفلكها وهذه محطات موسكو ونبيقها الذي تفضحك لها حتى الصبيان فتلك الاصوات والنباح ما يزيدنا الا ايمانا وعزيمة والتفافا حول ثورة ١٤ رمضان المبارك بقيادة الشباب الاحرار الذين آمنوا بالله وبكتبه ورسله وبتربة العراق الخالد وبالعروبة النبيلة . فتجاه هذا الخطر الاحمر والشعوبية وعصابات البارزانية الجراء ان نتكاتف ونصبح جسدا واحدا . وننسى الاخطاء ونتناسى ما مضى فالخلاف الذي يقع بيننا انما هو خلاف يقع ما بين اخ واخيه وهذا شائع في الاسرة الواحدة ولكن اذا دق ناقوس الخطر تناست الاحقاد وتصافت القلوب ومدت الايدي النقية لتصافح بعضها بعضا طالما المصير مشترك والمراكز متقاربة لجمعنا بالاخير بنتيجة حتمية واحدة هي المحافظة على بيضة الاسلام من خطر الشيوعية المتمثل بعصابة البارزاني الشيوعي والمحافظة على كيان الامة العربية الخالدة وتربة الوطن والشرف . هذا ما ندعو اليه جميع طبقات الشعب على اختلاف النزعات ان تتكاتف وتساند بعضها تجاه هذا العدو الاغبر الملحد الكافر بالله وبرسوله وانبيائه والناكر للمعروف والاحسان المتمرد ، اذاً يجب علينا جميعا شيبا ، وشبانا ، وقادتنا ، وبقلوب عامرة بالايمان بالعروبة والامة العربية وبقدسية الوطن الغالي ان نحارب ونطارد كل خائن مارق يريد بنا الهلاك قال هذا ندعوكم ايها الاخوان وهذا الجهاد الاكبر ندعو اليه الى الجهاد ايها الاخوان والله يعون المؤمنين الصادقين وهذا واجبا على كل عربي ومسلم ان يؤدي يا امر به الله ورسوله . فطاردوهم وراهم وراهم .

## برقية الرئيس بن بلة

جوابا على برقية الرئيس عارف

تلقى المشير عبدالسلام محمد عارف رئيس الجمهورية من السيد احمدبن بلة رئيس حكومة الجزائر البرقية التالية ردا على برقية التهنئة التي بعثها السيد الرئيس بمناسبة عيد الاستقلال الجزائري :

من احمد بن بلة رئيس حكومة الجزائر .

الى الرئيس المشير الركن عبدالسلام محمد عارف رئيس الجمهورية العراقية – بغداد

نشكركم على تهنئتكم بمناسبة العيد الاول لاستقلال الجزائر ونتمنى لكم ولشعبكم الكريم العزة والمنعة .

## بيان من مديرية الحركات العسكرية

عن عمليات التطهير في الشمال
ليوم ١٣-٧-٩٦٣

اصدرت مديرية الحركات العسكرية بيانا عن عمليات التطهير في الشمال ليوم ١٣-٧-٦٣ هذا نصه :

١- تم هذا اليوم تطهير جبل حرير ومضيق سبلك من العصاة بعد هجوم ساحق قامت به القوات العسكرية وفرسان صلاح الدين ولقد انهار هذا الموضع المنيع الذي حصنه العصاة التي وجهتها اليهم قواتنا الباسلة وولت فلولهم مندحرة باتجاه جسر خالان ولقد تمكنت بعض قطعاتنا من تطويق عدد كبير منهم في وادي – دولة – وهم الآن بين قتيل واسير .

والجدير بالذكر ان هذا الموضع المنيع كان محتلا من البرزانيين فقط .

٢- عثرت قواتنا عند تفتيشها جثة قائد العصاة في منطقة – بازيان – الذي قتل قبل يومين اثناء اعتراض عصابته لدورياتنا التي تعمل على طريق ؟ بازيان –

البقية على ص ٨

ڕۆژنامەی (الكشكول)
ع(٣٠٠) لە ١٦ی تەمموزی ١٩٦٣


« ٢٠ فلسا » « ٨ صفحات »

# الفجر الجديد

جريدة يومية سياسية مستقلة

مؤسسها
محمد طه الفياض
رئيس التحرير
عبد الرحمن زيدان المحامي
مدير التحرير
عبدالاله ابراهيم سعيد المحامي
سكرتير التحرير
عوني الجميلي
مدير الادارة العام
حيدر طه الفياض


اللواء عارف يعود من جولته التفقدية في الشمال

اجتماع اخوي في جوارته بين عارف والبرزاني

وكيل رئيس اركان الجيش يشيد بالمعنويات العالية لقطعاتنا العسكرية

عاد الى بغداد مساء امس قادما من الموصل ، اللواء عبد الرحمن محمد عارف وكيل رئيس اركان الجيش ، في ختام جولته تفقدية استغرقت ثلاثة ايام زار خلالها شمال العراق

ملا مصطفى البرزاني

اللواء عبد الرحمن عارف

اعفاء الحاكم العسكري العام السابق من التبعات القانونية المترتبة عليه خلال توليه منصبه

فعاليات الوفد العلمي العراقي الى الصين

كتاب عن العراق في الاتحاد السوفياتي تنفد نسخه كلها حال صدوره

التوقيع على قرض بد...

لتمويل بعض مشاريع...

مولود سعيد

رۆژنامەی (الفجر الجديد)

ژمارە (٨١٠) لە ١٩٦٤/٨/٢٦



تعديل الدستور المؤقت

ضمان حقوق الاكراد والغاء مجلس الثورة

البلد

جريدة قومية سياسية مستقلة عامة

العدد ٣٩٩

الجمعة

٨ صفحات ٢٠ فلسا

الرئيس عارف يزور شمال الوطن اليوم

وزراء الخارجية العرب يبدأون اجتماعاتهم

السيد وكيل رئيس اركان الجيش يحضر احتفالا في قلعة دزه

تشكيل مجلس جديد للدفاع الوطني

المصادر الباكستانية تقول ان قواتها العسكرية استطاعت طرد الجيش الهندي من لاهور وجامو

الرئيس عبدالناصر والملك فيصل يبدأن محادثاتهما في القاهرة غدا

يوثانت يجتمع بايوب خان

بريطانيا قد تفرض عقوبات اقتصادية على باكستان والهند

بادرة سلام يستعد لها زعماء الكومنولث

٣ اعتداءات صهيونية جديدة على الاردن

فيصل وعبدالناصر يصليان في الازهر

وزير الصحة يصل بغداد مساء امس

الملك حسين يتوجه للدار البيضاء

شيخ الازهر يدعو لوقف القتال بين الهند وباكستان

رأي

تعديل الدستور

اوروزدي باك

صباحا من الساعة ٩ الى ١ ظهرا

عصرا من الساعة ٤،٣٠ الى ٧،٣٠ مساء

اوروزدي باك

ڕۆژنامەی (البلد) ژمارە (٣٩٩) لە ١٠ی ئەیلوولی ١٩٦٥



الهدف

عبد الباسط يونس

العدد ٤١٥ (السنة الرابعة عشرة) الاربعاء ٣٠ رجب ١٣٨٥ المصادف ٢٤ تشرين الثاني ١٩٦٥

العراق ملتزم ببيان القيادة السياسية الموحدة

أرض العراق لاتكون الا منطلقا عربيا

وقاعدة للقومية العربية

أبو العبر

من فكاهات الادباء

عواقب النصيحة

دروس من قصة الاسراء والمعراج

رۆژنامەی (الهدف)

ع(٤١٥) لە ٢٤ی تشرینی دووەمی ١٩٦٥



قواتنا الباسلة تدحر العدو وتؤسر فوجين مع الضباط والاسلحة في معركة راوندوز

تفجـــير انبـــوب النفـــط والغـــاز الطبيـــعي

# خەبات

لسان حال الحزب الديمقراطي الكردستاني

لا ضمان لصيانة الاستقلال الوطني والاستقرار وازدهار البلاد الا بالديمقراطية .
ولا ديمقراطية بغير الحياة البرلمانية والحريات العامة وبدون حل عادل للقضية الكردية على اساس الحكم الذاتي .

ياجماهير شعبنا ناضلي من أجل :
- اسقاط الحكم العسكري الدكتاتوري واقامة نظام ديمقراطي برلماني سليم .
- وتمتين الروابط الاخوية والنضالية بين الشعبين العربي والكردي بشكل يضمن لهما مطامحهما القومية المشروعة .
- وتمتع الشعب الكردي بحقوقه القومية بما فيها الحكم الذاتي لكردستان العراق

« العدد ٤٨٧ » ❋ ايار ١٩٦٦ ❋ طبعت بمطبعة خەبات ❋ الثمن « ١٠٠ » فلسا

## عود على الوحـــدة الوطنيـــة

بعد اكثر من ثلاث سنوات من وقوف عبدالسلام عارف على رأس الحكم في العراق ، اختفى المشير عن مسرح الحياة ومعضلات البلاد الاساسيه اعقد واشكل واكثر استعصاء من اي وقت مضى بسبب السياسة الخرقاء التي سار عليها الحكم العسكري الدكتاتوري الفردي . فما زالت الزمره العسكريه تتحكم بمصائر البلاد ، والحياة الدستورية البرلمانية ابعد ما تكون عن التحقيق بالرغم من الجعجعة واكوام الوعود بتحقيقها . وفقر الشعب العراقي وبؤسه يزداد يوماً بعد يوم ، وذلك واضح من الغلاء الفاحش والبطالة المتفاقمة والركود الاقتصادي وغير ذلك من المظاهر التي اعترف بها واكد عليها التقرير الذي وضعته اللجنة الوزاريـــه عن تدهور الاوضاع الاقتصاديه في البلاد .

واما القضيه الكرديه فبالرغم من بحار الاكاذيب الرسميه من مختلف الانواع وشتى الاوزان حولها، فما زالت ابعد ما تكون عن الحل وما انفكت الجيوش تتدفق على كردستان لتقتل وتقتل وتدمر وتخرب وتهدم ، حتى لو أن الدماء التي سفكت على ارضنا الحبيبه جمعت لكونت منها جداول وسواقي .

بكل صراحة وبساطة ان اوضاع البلاد في ١٤ نيسان كانت اسوأ من اي وقت مضى .

وماذا عن الاوضاع « الجديدة » ؟

التتمة في صفحة ٨

## معركة حامية الوطيس حول راوندوز

اختار الحكام لزمرتهم العسكريه هذا العام الجبال المشـــرفة على راوندوز ، وقوات الحكومه التي تخوض هذه المعركة والمؤلفه من ل١ و ل١٤ و ل١٥ و ل٣ و ل٤ و ل٥ و ٣ الاف جاش محشـــدة في حوض راوندوز وجميع معسكراتها هي ضمن مرمى مدفعية فصائلنا .

ويشرف على هذا الحوض من الجهة الشماليه جبل زوزك وهو بارتفاع ٦٦٥٠ قدم وهو من الجبال الشديدة الانحدار . واما جبل هندرين فيشرف

البقية على صفحة ٧

جاءنا والجريدة ماثلة للطبع

## وقوع فوجين من قوات العدو في اسر ابطالنا

بالساعة الرابعه من بعد ظهر ٥/١٢ قامت قواتنا البطله من جبل هندرين بقيادة البطل فاخر محمد آغا الميركسوري بهجوم كاسح على كافة مواضع العدو في هندرين . تمكن ابطالنا من سحق جميع دبابا العدو الغاشم الذي لم يصمد امام زحف فصائلنا الباسله، ان قوات العدو التي وقعت اكثريتها في اسر قواتنا هي ف١ و ف٢ من ل٤ من فق٢ ومن بينهم امراء الوحدات والسرايا والفصائل . وتقدر حصائيات الاوليه ان قواتنا غنمت بطريه كامله من المدافع الجبليه ٧٥ ملم و (٤) هاونات عقدة ٤ امريكيه وثمانية هاونات عقدة ٣ وعدد كبير من هاونات عقده ٢ و(٥) رشاشات فيكرس وعشرات من رشاشات البرن وعشرات استرلنك وبنادق البرنو و ٦٠٠٠ بطانيه ومائة خيمه وعشرات الاجهزة اللاسلكيه ومحسن جوي وكميات هائلة من مختلف انواع الاعتده وكميات كبيرة من التجهيزات الاخرى .

خسائرنا في هذه المعركه الحاسمه شهيدان خالدان وثلاثة جرحى . خسائر العدو لا تعد ولا تحصى . وسنوالي القراء بتفاصيل هذه المعركه الحاسمه في مطبوعاتنا القادمه .

## نسف انبوبي النفط والغاز

في برقية من حج سفين المقدام ان فصائلنا الباسله في ب١ دشتي هولير بالتعاون مع فرع اربيل لحزبنا الديمقراطي الكردستاني، قاموا بنسف انبوبي النفط والغاز العائدين لشركة نفط العراق وذلك في ليلة ١٢/٥/٩٦٦ وقد تم في نفس الليله نسف جسر التون كوبري وخط كهرباء الموصل للمرة الثانيه . وكان قد تم نسف جسر طقطق الواقع على الزاب الاسفل والذي يتميز باهميه حربيه حيث يشكل نقطة اتصال لجبهة كويسنجق ورانيا وقلعه دزه وذلك في ليلة ١١/٥/٩٦٦ .

## برقية القائد الرائد البارزاني مصطفى الى ابطال هيز بالك

الى/ بالك — م. ث. — كافة الفقرات
العدد/١٤٠
من/ بارزاني
ت ١٢/٥/٩٦٦

برقيتكم ف ح في ٥/١٢ نهنئكم ونهنيء انفسنا وكافة افراد ومراتب فصائل الاسناد الوطنيه بضربتكم القاضيه على العدو المعتدي في معركة هندرين في هجومكم الكاسح . اننا في الوقت الذي نعتز ونفتخر ببطولتكم نرجو الله ان يوفق ثورتنا على القضاء ليعيش شعبنا العربي والكردي وان يعيش الجميع تحت ظل حكم ديمقراطي عادل يتمتع فيه الشعب الكردي بحقوقه القومية .

ڕۆژنامەی (خەبات)

ع(٤٨٧) لە ئایاری ١٩٦٦



اخبار وشؤون البلد

٤٥٥ / ١٧ / ١١ / ١٩٦٥

الجيش العـــراقي يقضي عـــلى فلول البارزاني

بقايـا العصابة محصورة فى شمالي رانيـه وراونـــدوز
استعراض عسكرى عظيم يقيمـه الجيش العـراقى فـــى
٦ كـــانون الثـــانى القـــادم

ادلى اللواء عبدالرحمن عارف وكيل رئيس اركان الجيش العراقي الى جريدة ( بغـــدادنيوز ) الصادرة في بغـــداد باللغة الانكليزية بتصريح قـــال فيه : ان وحدات الجيـــش العراقى الباسل اشتبكت فى اواخر الاسبوع الماضى مـــع المتمردين فى معركة ضارية فى بافستيان فهزمتهم شـــر هزيمة وكبدتهم خسائر فادحة وقد فر اولـــئك المتمردون كالفئران المذعورة تاركين وراءهم مقادير كبيرة من الاسلحـــة والعتاد وعددا كبيرا من القتلى

واستطرد اللواء عبدالرحمن عارف الى القول ( ان الجيـــش العراقى لقن المتمردين درســـا لاينسى . وقـــد ترك المتمردون وراءهم مقادير من الاسلحـــة المصنوعة فى اسرائيل تحمـــل علامة ( نجمة اسرائيل ) .

(وهذا يؤكد وجود اتصالات وارتباطات دائمة بين البارزاني واسرائيل فالاخيرة تجهز الاول بمختلف انواع الاسلحة والمعدات الحربية .

ان حكومة العصابات الصهيونية التى هى فى حالة تواطوء دائم مع العصابات الاجرامية التـــى تتفق معها فى افكارها ، يهمهـــا بصورة اساسية تجميد الجيـــش العراقى والحرص على اشغاله بمعارك جانبية مع البارزانـــى الخائن وعصابته . ان حكومـــة اسرائيل المزعومة تخشى كثـــيرا من تفرغ الجيش العراقى لمهمته

الاساسية وهى المحافظة علـــى كيان الامة العربية واعـــداد نفسه للمعركة الفاصلة التـــى يخوضها جنبا الى جنب مـــع باقى الجيوش العربية لاستئصال شافة العصابات الاسرائيليـــة وتحرير الارض الفلسطينيـــة العربية المقدسة .

وقال اللواء عبدالرحمن عارف ان الجيش سيطر سيطرة تامـــة على المناطق الشمالية برمتها بعد ان طهرها من بقايا عصابـــة البارزانى . ان البارزانى ومـــا تبقى من عصابته محاصرون الان

البقية على ص ٥

الرئيـــس عـــارف يامـــر بانشـــاء جسر على نهر الغراف بناحية الفجر

...طلع السيد رئيس الجمهورية المشير الركن عبدالســـلام ...د عارف على اتجاه طريق الكوت الناصرية والطريق المتفرع والمؤدى الى ناحية الفجر فامر سيادته بانشاء جسر على ... الغراف فى ناحية الفجر بغية ربط هذه الناحية بالطريق ...يسى بين الكوت والناصرية .

وبناء على ماتفضل به السيد الرئيس فقد اتخذت جميـــع ...راءات اللازمة لتنفيذ ذلك .

ومما يذكر ان طول طريق الكوت الناصريـــة يبلـــغ ١٨٠ ...مترا وقد خصص له مبلغ ٦ ملايين دينار فى الخطـــة ...تصادية الخمسية .

وسينفذ العمل فى هذا المشروع على ٣ مراحل ، يجرى ...ل فى المرحلة الاولى الواقعة من جهة الكوت وقد اعلنت ...قصة المرحلة الثانية والتى حدد لها يوم ٢٧ الجارى موعدا ...ا لقبول المطالبات . اما المرحلة الثالثة فسيتم اعلانهـــا ... ارساء نتيجة المرحلة الثانية .

...ن العاصمة يهنىء السيد الرئيـــس عـــارف باسم سكان بغـــداد بثـــورة تشـــرين

موعد انعقاد اللجنة الدائمة للتنسـ...
والتكامل الاقتصادي بين العراق و...

علمت وكالة الانباء العراقية ان وزارة الاقتصاد ... بالجهات المختصة فى الجمهورية العربية المتحدة حو... موعد معين لانعقاد الدورة الرابعة للجنة الدائمة للتنـ... والتكامل الاقتصادي بين العراق والجمهورية العربية ... من المقرر عقدها فى بغداد وقد اقترحت الوزارة ا... الاجتماع فى النصف الثانى من الشهر القادم .

اللواء عارف يهنىء بمناسبة الذكـ...
الثـــانية لثورة ١٨ تشرين المبـــا...

بعث اللواء عبدالرحمن عارف رئيس اركان الجيش برقية ... الى وزير الدفاع بمناسبة حلول الذكرى الثانية لثورة ١٨ تشرين ...

مقابلات وزير ...

الاعتراضـــات ... المحاكم العسكرية

ڕۆژنامەی (البلد)

ع(٤٥٥) لە ١٧ی تشرینی دووەمی ١٩٦٥



« الفجر الجديد »

الاربعاء ٢١/٤/١٩٦٥

محاضرة للمقدم الركن هادي خماس عن

# مشكلة الشمال

القى المقدم الركن هادي خماس مدير الاستخبارات العسكرية مساء امس الاول محاضرة في قاعة الشعب عن (مشكلة الشمال).

وقد بدأ المحاضرة بشرح نبذة تاريخية عن اصل الاكراد وكيف عاشوا مع العرب والاسلام وبقوا يعيشون معهم دون تفريط في الحقوق ودون ان يستطيع مستغل من التدخل بينهم وكيف وقفوا مع الاسلام والعرب بمعارك بطولية ودافعوا معهم ايضا في الحروب الصليبية.

ثم بين لمحة جغرافية اوضح خلالها الاماكن التي يسكنها الاكراد في كل من تركيا وايران والعراق.

وبعد ذلك تطرق المحاضر الى موقف الحكومات العراقية من القضية الكردية ونصيب الاكراد من الحكم الوطني وقد اوضح المحاضر خلال شرحه لهذه النقطة بانه رغم مابذل من سخاء ورغم ان الفرد الكردي له النصيب الاكبر من الدخل القومي كان شمال العراق مسرحا الى اعمال بعض الشقاة الذين مارسوا القتل والنهب والسلب وحرق البيوت الآمنة يمارسون هذه الاعمال كلما شاهدوا ان الجيش العراقي يقوى وذلك لفرض الهالة وان الخارجين عن القانون هم قلة وان نسبة الاكراد الموالين للحكومة الوطنية تقدر باكثر من ٦٥٪ من نفوس الاكراد وهم يقاتلون مع الحكومة ضد الانفصاليين والشقاة وقطاع الطرق.

ثم تطرق المحاضر بعد ذلك الى حركة العصيان واسبابها وشرح حالة الاكراد بعد ثورة ١٤ تموز والسخاء الذي منح لهم ودور عبد الكريم قاسم من تطبيق مبدأ فرق تسد وتحريك فئة ضد اخرى من ابناء الشعب العراقي لاجراء الموازنة بين القوى ليضمن بقاء حكمه وبعدها بين الامور التي جرت بعد القضاء على حكم قاسم واندلاع ثورة ١٤ رمضان والمفاوضات التي جرت للرغبة في عدم سفك دماء وما ادت اليه النتائج.

وبعد هذا بين المحاضر الفروق الكبيرة في مستوى الاعمار بين المناطق الشمالية وبقية انحاء العراق وعزز الحديث بالارقام التي تشير الى ان عدد الاكراد الموظفين في الدولة وعدد المدارس والمستشفيات والابار الارتوازية والامور الاروائية والانتاج الزراعي في الالوية الشمالية اكثر عددا وان الفرد الكردي هناك له حصة اكبر من حصة بقية العراقيين في هذه الامور مع وجود الفارق في النفوس.

ثم اوضح المحاضر ان اصل التمرد

البقية على ص ٥

## مقابلات

● استقبل السيد فؤاد الركابي وزير الشؤون البلدية والقروية في الساعة الحادية عشرة من صباح امس – الثلاثاء – السيد السفير الجزائري في مقابلة ودية استغرقت زهاء ساعة.

● واستقبل السيد ناجي طالب وزير الخارجية في الساعة الحادية عشرة من صباح امس في مكتبه الرسمي بوزارة الخارجية السيد ميخائيل باولوفيف السفير السوفياتي في بغداد.

● واستقبل السيد كاظم الخلف وكيل وزارة الخارجية في الساعة الحادية عشرة من صباح امس السيد عبد العزيز الكحيمي السفير السعودي في بغداد.

● واستقبل السيد اديب الجادر وزير الصناعة البعثة التجارية الامريكية في الساعة العاشرة من صباح امس في ديوان الوزارة وقد حضر المقابلة السيد عبد الهادي الحافظ وكيل وزارة الصناعة والسيد روبرت ستروك السفير الامريكي ببغداد والسكرتير الاقتصادي والسكرتير التجاري في السفارة الامريكية. وقد استغرقت المقابلة زهاء ساعة جرى خلالها بحث العلاقات الاقتصادية والصناعية بين البلدين.

## وزير الاقتصاد يتفقد مصلحة تنظيم تجارة الحبوب والسايلوات التابعة لها

قام السيد عزيز الحافظ وزير الاقتصاد صباح امس بزيارة لمصلحة تنظيم تجارة الحبوب والسايلوات التابعة لها وقد استغرقت هذه الزيارة حوالي ساعتين اطلع خلالها على سير العمل في السايلو الكونكريتي الجديد في المنطقة واستمع الى شرح الخبراء هناك.

ڕۆژنامەی (الفجر الجديد)

ع(٩٧٨) لە ٢١ی نیسانی ١٩٦٥


اتفاقية سرية لانشاء قواعد عسكرية أمريكية في تونس والمغرب

مفاجآت التحقيق في مقتل كامل مروة تكشف وقائع مذهلة

مصادر مطلعة تؤكد مقتل لقمان مصطفى البرزاني

الكشف عن اتفاقية سرية لانشاء قواعد عسكرية امريكية في تونس والمغرب العربي

نداء الوطن

جمال عبد الناصر سنضرب قواعد العدوان في العربية السعودية

كوسيجين: الحلف الاسلامي مؤامرة تحت ستار الدين

الاتحاد السوفيتي يؤيد استعادة حقوق شعب فلسطين

التنسيق الصناعي

التحقيق في مقتل مروة يكشف حقائق مذهلة

من الشخصيات اللبنانية يتلقون رسائل تهديد بالقتل

ناصر وحسين يعزيان عائلة مروة

تأكيد مقتل لقمان البرزاني

صاحب الحياة القتيل

قاتل كامل مروه

ڕۆژنامەی (الوطن)

ع(١١) لە ٢١ی ئایاری ١٩٦٦



انتخاب اللواء عبد الرحمن محمد عارف بالاجماع رئيساً للجمهوريه

البزاز يقدم استقالته لرئيس الجمهورية

اللواء عارف يؤدي اليمين الدستوريه

الحياة

الفاجعه الكبرى بفقدان الرئيس عبد السلام عارف. افراح البصرة تنقلب الى مآتم واحزان

البصرة تشيع جثمان الفقيد. احزان العراق والعرب بالمصاب الجلل

الاستاذ عبد الرحمن البزاز رئيس الوزراء

يقدم استقالته لرئيس الجمهورية

الشهداء الابرار

آخر لقاء

اعلان

امر موقع البصرة يهنئ اللواء عبد الرحمن عارف بمناسبة انتخابه رئيساً للجمهورية



ايران تستعد لاستقبال الرئيس

قصة المعمار الذي فقد عينيه في المحاكم

لقاء نائب رئيس الوزراء بالبارزاني

البارزاني: العرب والاكراد اخوة

الاخبار

ايران تستعد للاحتفاء بالرئيس عارف

جرد سوكارنو من منصبه وعين سوهارتو رئيسا للجمهورية

حركة تمرد في ايران

مجلس الدفاع العربي بدأ اجتماعاته

يبقى على بريطانيا الانسحاب من عدن!

مؤتمر البترول العربي يواصل اجتماعاته ويستمع لعدة بحوث

طرد دبلوماسيان سوفيات من بكين

خوف ورعب!

وصلت ابنة ستالين الى جنيف

تنازل وزير المالية لانديرا غاندي مقابل تعيينه نائبا لرئيس الحكومة

طرد رئيس تحرير المجلة الصهيونية بلندن الذي يهدد برفع دعوى ضد المجلة!

ڕۆژنامەی (الاخبار)

ع(٢٦٠) لە ١٢ی ئاداری ١٩٦٧



# محاكمة المتهمين بمحاولة قتل الخالصي

# تصريحات جديدة للبارزاني

# النجدات العسكرية الامريكية تصل الاردن

الاخبار

جريدة يومية اخبارية تصدر باللغتين العربية والكردية

الخميس
١٩ كانون الثاني ١٩٦٧ م
٩ شوال ١٣٨٦ هـ
العدد ٢٢١

صاحبها ومدير تحريرها
محمد البريفكاني
رئيس التحرير
صبيح عبد الغني مصطفى

## مؤامرة للاطاحة بحكومات افريقيا التقدمية
الدول الراسمالية تسعى للفرقة !

## الشقيري يشيد بمواقف العراق الايجابية

## جلسة اعتيادية لمجلس الوزراء

## نقل يوسف بيدس للمستشفى ووضع تحت حراسة البوليس

سوق مواليد ١٩٤٨ لخدمة العلم

منظر من مسيرة المكلفين التي جرت امس بمناسبة استدعاء مواليد ١٩٤٨ لخدمة العلم - التفاصيل على الصفحة الرابعة -

## البارزاني يتحدث للبرافدا

تمسك الاكراد بالوحدة الوطنية ومقاومتهم للانفصال
المتطرفون يعارضون السلم في شمال الوطن

من جديد اكد الملا مصطفى البارزاني تمسكه بالوحدة الوطنية وتأييده للقيادة الوطنية .

## رائحة بارود تفوح من تصريحات جونسون وراسك !
موقف امريكا في فيتنام يثير استياء شعبها والعالم !

## نقل الثورة الثقافية الى الجيش الصيني ادت الى اضطرابات !
اعتقال عدد من ضباط الجيش الصيني !

## زيادة النفقات العسكرية الامريكية

## اسرائيل تحشد قواتها على حدود سوريا
تهديدات العدو لن ترهبنا .. ونعرف كيف نحمي حدودنا !

## اجراءات خطيرة يتخذها وصفي التل !
نسف منزل وزير اردني .. وتسريح ضباط

## التجدات العسكرية الامريكية وصلت الاردن
اثر النزاع بين الاردن ومنظمة فلسطين

## سوكارنو غاضب على تصريحات مالك !

**ڕۆژنامەی (الاخبار)**

**ع(٢٢١) لە ١٩ی کانوونی دووەمی ١٩٦٧**



توتر خطير بين الجمهورية اليمنية والولايات المتحدة

امريكا تهدد بسحب اعترافها بالجمهورية اليمنية

اخر تطورات الموقف الوزاري

كلمة السيد رئيس الجمهورية

التآخي

جريدة يومية سياسية

كلمة البرزاني التوجيهية

السبت ١٩ محرم ١٣٨٧ هـ - ٢٩ نيسان ١٩٦٧ م — العدد - ١ — السنة الاولى — ٨ صفحات ٢٠ فلسا

الرئيس عارف يدلي برأيه في:

أسباب التفكك وتبعثر الصف الوطني في العراق والسبيل لجمع الشمل

دوافع التعديل او التبديل الوزاري ومداولات الحكومة مع شركات النفط

العوامل غير المشجعة على اجراء الانتخابات البرلمانية كما ينبغي

قرارات ١٤ تموز الاشتراكية وضرورة المحافظة عليها

موقف العراق من الخلافات بين الدول العربية وتأزم الوضع مع الكويت

بمناسبة صدور العدد الاول من جريدتنا « التآخي » حظي السيد رئيس التحرير بمقابلة السيد رئيس الجمهورية الفريق عبد الرحمن محمد عارف ، وقد ادلى سيادته خلال تلك المقابلة بالاجوبة التالية ردا على اسئلة الجريدة كما تفضل بتوجيه كلمة عبر فيها عن تبريكاته وتحياته بجريدتنا بمناسبة صدورها ، وفيما يلي نص الاسئلة وتصريحات سيادته

المساواة في الحقوق القومية وحرية التعبير سبيلنا للوحدة الوطنية

التمهيد للحياة الدستورية يتطلب انهاء الاوضاع الاستثنائية

البرزاني يؤكد

سنفي بالتزاماتنا وندعم الاستقرار وتقدم الوطن وازدهاره

اميركان من النقطة الرابعة وطاقوية النار من مدافع بازوكا على مستودع ذخيرة للجيش اليمني

أزمة خطيرة بين اليمن وامريكا

شعب يريد

طريق التآخي

خطتنا

ڕۆژنامەی (التاخي)

**ع(١) لە ٢٩ی نیسانی ١٩٦٧**



# اسرار انتحار المشير عامر

## القاهرة تكذب إشاعة مختلقة عن إستقالة الرئيس عبد الناصر

صرح السيد علي خشبة وكيل وزارة الارشاد القومي في الجمهورية العربية المتحدة بان ما اذاعه راديو اسرائيل عن استقالة الرئيس جمال عبد الناصر هو محض اختلاق ولا اساس له من الصحة .

الفجر الجديد

العدد ١٦٩٩

### عامر حاول الانتحار مرتين قبل المرة الأخيرة

### عبد الناصر منعه من قتل نفسه بعد نكسة حزيران

### نتائج التحقيق في حادث انتحار المشير

### اللجنة الخاصة باليمن تبدأ اجتماعاتها في بيروت اليوم لتنفيذ اتفاق عبد الناصر وفيصل

### الوحدات الاولى من القوات المصرية تغادر اليمن

### رئيس الوزراء يتفقد السليمانية

### غروميكو يطير الى نيويورك اليوم موسكو تتمسك بموقفها من الازمة

### جونسون يامر بانشاء اجهزة الدفاع الصاروخية

### يوثانت يعرب عن تشاؤمه من حل مشكلة الشرق الاوسط عشية افتتاح الجمعية العامة

### المفاوضات المباشرة غير ممكنة

### سر الشاب السوفيتي الذي اختطفته اسكوتلانديارد امس

### اعصار مرعب يهاجم الساحل الامريكي

### مؤتمر العالم الاسلامي يفتتح في عمان

### وزير داخلية لبنان ينفي منح عراقيين الجنسية اللبنانية خلافا للقانون

### بكين تتهم بورقيبة بشتم « ماو »

### محمود فوزي يبدأ زيارته لباكستان اليوم

### العدو ينسف اربعة منازل بطولكرم

### مشروع أردني لحل الأزمة

### الملك حسين يعرض المشروع على القاهرة

دوشەمە
ژمارە ٢٧٥
٢٣ ذی الحجة
٣ نیسان
١٩٦٧

کوردو عەرەب بران

وە کوشتو کوشتار لە بەینی کوردو عەرەب بو بەرژەوەندی هیچیان نیە



بەیام نیری روژ نامە دەنگو باس چاوپی کەوتنیکی کرد لەگەل ـ مسعود بارزانی ـ وە بە هەموو ئازادیی کەوە لەگەلیا ووا بە کورتی ئەو شتانەی وت :

١ ـ کوشتو کوشتار لە بەینی براکان چە سودیک بە کەس ناگەیینیو بوهەموو لایەك زیان ئەبەخشیتو یەکیەتی نیشتمانی بی هیز ئەکات •

٢ ـ پیویستە برا کوردەکانیش لە فەرمان رەوابیو بەریوە برنی وولات دا کار بە دەست بن چونکە ئەو داوایەیەکی لەم داوایانە بوو کە شەڕی لە سەر راگیرا •

٣ ـ گەلی پیاوی کوردی گەورە هەیە کە ئەتوانیت میری باوەریان پی بکات بو هەل سوراندنی کارو باری گەلو میری لە عیراق •

٤ ـ ئەلیت کە کەس سوودلە کوشتو کوشتارو برا کوژی ناکاتو ئەو پرو پوگاندانە کەئەکرین بو شەرر هەندی کەس ئەیکات کە سود لەم شەررو کوشتارە وەر ئەگریت وەهەموو لایەك ئاشتیو ئاسایشی ئەویتو کەس بەشەر حەز ناکات • ئیمە ئەتوانین بەگفتو گوووە یەکیەتیو برایەتی ئاشتو ئاسایش لە خاکی عیراق کوردەواری دا بپاریزین چونکە شەرر تیك دانوخوین رژان نەبیت چیکە بو گەل دورست ناکات •

٥ ـ هەندی لەم بەیانە کەدرابوو بو راگرتنی شەرر جی بەجی کراوەو هەندیکی تریشووا لەجی بەجی کردن دایە لە ئەوا روژ دا • هەموو لایەك ئەیانەویت کەوا ئەم بەیانە هەموی جی بەجی بکریت •• میللەتی کوردو عەرەب دەمیکەو سەدەهایە پیکەوە شان بەشان ژیاونو ئەژین وەك براو هیوامان وایە کە جاری تر شەرر لە مەروە هەل نە گیرسینەوە برا کوژی سودیکی نیە •

دلی هەژار

عبد اللە سەراج

هەی هاوار هەی داد لە دەست

بەشی رەخنە

پیش ئەوەی بچمە ناو کوری لی کولینەوەکەم • ئەمەوی دەری بخەم کە مەبەستم هیچ نیە ئەوە نەبی خزمەت گوزاری زمانە شیرینەکەم بکەم •

نووسینوکارە بی سەرو پی کانی ئەمین زەنگەنە بەرد ئە هینیتە زوبان ، ئەم کورە جاران باشتر بوو هەر چەندە ئەووسینەکانی هیچی بەسەر هیچەوە نەبوو بەلام ئیستا خەداپتر چونکە فیری دزی بووە •

ئاشکرایە کە ویژە بەری بە رەلایەو مروفی زانا ئەتوانی ئەسپی خوش رەوتی خوی تیا تاوبداو گەلی لقی هەیە وەك هونراوەو پەخشاون پەرجەفە کردنو کوکردنەوەی سامانی کەلەپووری ئەتەوەکەمان لە پەندو ووتەی جی گری پیشینانو گەلی شتی تر بەلام تا ئەم سال کەسمان ئەم جورە ویژەبەمان نەبیستووە ـ هونەری گواستنە ـ نقل ـ

**ڕۆژنامەی (الاخبار/دەنگوباس)**
**ع(٢٧٥) لە ٣ی نیسانی ١٩٦٧**


النور

احتفال الحزب الديمقراطي الكردستاني بنوروز.. العيد القومي للشعب الكردي
منظمات المقاومة تؤكد مجددا رفضها لمفاوضات الدول الأربع الكبرى

تجدد المعارك عبر القناة

هيكل يكشف النقاب عن محاولة فاشلة لعقد صفقة مع القاهرة

تكبيد العدو خسائر كبيرة بالمعدات والأرواح
في معارك القناة أمس

احتفال الحزب الديمقراطي الكردستاني
بعيد نوروز القومي للشعب الكردي

محاولة لاغتيال دايان

سر الاجانب الاربعة
الذين اعتقلوا في
مطار بيروت

الدول الكبرى تحذر من خطورة الوضع في الشرق الأوسط
منظمات المقاومة تؤكد: بالقوة وحدها تحل الأزمة

تعريض بعبد الناصر
عن اجتماع فوري
مع نيكسون

دايان يهدد
نابلس!

هيكل يكشف عن محاولة فاشلة
لعقد صفقة مع القاهرة

روديسيا العنصرية تعتزم
اعلان الجمهورية

**ڕۆژنامەی (النور)**

**ع(١٣٩) لە ٥ی نیسانی ١٩٦٧**


برقيتان متبادلتان بين الرئيس عبد الناصر والفريق عماش

الثورة

معارك تستمر ٦ ساعات بين الفدائيين وقوات بحرية وجوية للعدو على شاطئ البحر الميت

٢٠٠٠ فلاح يشتركون في حملة عمل شعبي كبرى في منطقة الحيرة

مؤتمر المعلمين يختتم أعماله ويوجه برقية شكر الى الرئيس البكر

فوز الموحدة بالهيئة الادارية للنقابة

برقيات تحية بالعيد الى المناضل البكر ومجلس قيادة الثورة

قادة قواتنا المسلحة يؤكدون ثقتهم بالنصر

أخبار اليوم: تشديد بقرار الغاء المادة ٣ من القانون رقم ٨٠




**الشرق، ژمارە (٣)، ٥ /١٩٦٩/٢.**




**پاشکۆی الجمهورية، ژمارە (٧١٨٠)، ١٦ ی شوباتی ١٩٧٤**



الجمهورية

رئيس التحرير
سعد قاسم حمودي

الرئيس البكر يوعز بأشراك ممثلين عن حزبي البعث والديمقراطي الكردستاني للأشراف على التعداد في الشمال

السيد عماش يقوم بزيارة تفقدية لمعامل الشركة العامة للصناعات الميكانيكية في الأسكندرية

اجتماع بين الرفيق صدام حسين وكوسجين واختتام المباحثات العراقية السوفيتية

السيد الجزراوي يؤكد ضمان الثورة لحقوق الطبقة العاملة ويعلن تحقق زيادة في انتاج غالبية المصانع

اتحاد الجمعيات الفلاحية يدعو الأحزاب والاتحادات الفلاحية في الدول الشقيقة والصديقة لأتخاذ موقف موحد لأحباط المؤامرة التصفوية

التوقيع على بروتوكول مع بولونيا الشعبية لاستغلال احتياطي الفوسفات وكبريت حقل المشراق

بيان مشترك يصدر عن مباحثات وفدنا الحزبي والرسمي بموسكو

الرفيق صدام حسين يشكر الأتحاد السوفيتي على الحفاوة التي قوبل بها الوفد العراقي

اجتمع الرفيق صدام حسين في موسكو امس بالسيد كوسيجين في مكتبه بقصر الكرملين كما عقد اجتماع اخر بينهما في قاعة اجتماعات مجلس الوزراء السوفيتي استغرقت ساعة ونصف الساعة.

اليوسفي يؤكد:
زعم الحزب الديمقراطي الكردستاني لسياسة حكومة الثورة على الصعيدين العربي والعالمي

اعلن السيد صالح اليوسفي وزير الدولة ان خطوات تنفيذ بيان ١١ آذار تسير بالشكل المرسوم لها وهذا يعود الى التفهم العميق الذي يؤمن به حزب البعث العربي الاشتراكي والحزب الديمقراطي الكردستاني.

الغرق في شبر ميه!

الفدائيون يشددون ضرباتهم

جبهة التحرير العربية و ٥ منظمات تهاجم العدو

ساهمت جبهة التحرير العربية مع منظمات فدائية اخرى في هجوم استمر ٣ ساعات على مواقع اليات العدو في الجليل الاعلى، ضمن عمليات اخرى متصاعدة، حدثت خلال الايام الاخيرة

مشروع روجرز يستهدف عقد صلح منفرد بين مصر واسرائيل

مدير تحرير "الأهرام" يؤكد: الأعتراف باسرائيل من سياسة القاهرة

قالت جريدة الكفاح اللبنانية في رسالة خاصة لها من القاهرة نقلا عن مصادر دبلوماسية هناك ان المقترحات الامريكية المعروفة بمشروع روجرز هي في حقيقتها مشروع للصلح بين مصر واسرائيل ضمن مخطط لتجزئة الصراع العربي الاسرائيلي.

توقف!

سيسكو يجتمع بسفير العدو

العفو عن الفدائيين المعتقلين في اليونان

البرازيل تحشد قواتها على حدود اورغواي حيث يواجه قنصلها خطر الموت

افادت الانباء ان البرازيل قد حشدت قواتها على حدود اورغواي وفي نفس الوقت شددت حكومة اورغواي المزودة بسلطات استثنائية من حملتها بحثا عن ثوار منظمة - توباماروس - الذين اختطفوا قنصل البرازيل العام

العدو تواصل غاراتها الجوية على الفدائيين في جنوب لبنان

مستشار المانيا الغربية يصل موسكو لتوقيع معاهدة عدم الأعتداء

وصل الى موسكو امس الهر فيلي براندت مستشار المانيا الغربية، ووزير خارجيته فالترشيل وذلك لتوقيع معاهدة عدم اعتداء مع الاتحاد السوفيتي.

الدورة الاستثنائية الطارئة للمجلس الوطني الفلسطيني

قابوس يدشن عهده بالأعتقالات

**ڕۆژنامەی (الجمهورية) ژمارەی ڕۆژی ١٠ی ئاداری ١٩٧٣**



# المسألة الكردية .. في فكر ومواقف حزب البعث العربي الاشتراكي

من الطبيعي ان يتفهم حزب البعث العربي الاشتراكي وهو حزب قومي انساني واشتراكي وديمقراطي . الحقوق المشروعة للجماهير الكردية وان يناضل في سبيل تامينها وضمانها في صيغ دستورية وقانونية واجرائية ..

الرئيس القائد احمد حسن البكر

## مؤشرات ومؤتمرات

ولاجل الوقوف على المؤشرات التي تزخر بها مؤتمرات الحزب القومية والقطرية ومواقف الحزب سواء كانت قبل تسلمه السلطة او بعدها .. لا بد لنا من التاكيد على ان الحزب استطاع عبر استيعابه الثوري لعموم قضايا الوطن العربي ان يؤمن بضرورة توفير الحقوق القومية للشعب

الاشتراكية اساسا لها والتي تعبر فيما تشير الى ضرورة التاخي والتضامن بين القوميات واعتبارها كظاهرة ملازمة للانظمة العالمية للاستعمار والرجعية وكان حزب البعث العربي الاشتراكي يحترم المطامح القومية للجماهير الكردية بمحتواها التقدمي ويعتبرها حقوقا اساسية مشروعة ويقدر العلاقة المتينة بين تحقيقها وبين قدرة وسلامة مسيرة الجماهير الشعبية العربية باتجاه تصفية مخلفات الاستعمار والتفرغ الكامل للمعركة المصيرية الراهنة في فلسطين ومواصلة الكفاح التاريخي من اجل اقامة المجتمع العربي الاشتراكي الموحد .. يضاف الى ذلك كله نظرة الحزب الى واقع الامة العربية نفسها فالامة العربية المهددة بوجودها القومي من قبل الغزو الامبريالي الصهيوني لا يمكن ان تكون عامل تهديد للوجود القومي للشعوب الاخرى .

**القضية الكردية نالت اهمية خاصة في مؤتمرات الحزب القومية والقطرية**

# ● بيان آذار لم يكن وليد اليوم الحادي عشر منه . انما هو من معطيات فكر الحزب الانسانية

## ثورة رمضان اقرت الحقوق القومية للاكراد

واذا ما ذهبنا الى سنوات ابعد نجد ان حزب البعث العربي الاشتراكي في الثامن من شباط من عام ١٩٦٣ وضع في مقدمة مهامه بعد انتصار الثورة مهمة حل المسالة الكردية وبالفعل اوقف القتال وصدر بيان عن المجلس الوطني لقيادة الثورة يقر الحقوق القومية المشروعة للشعب الكردي .

وكان ( مجيء البعث الى السلطة عام ١٩٦٣ فرصة تاريخية ممتازة لحل المسالة الكردية فالبعث طرف اساسي من اطراف الحركة الوطنية في العراق بالاضافة الى هويته كحزب قومي في فكره وتنظيمه ) ..

## ثورة ١٧ تموز وتحقيق الوحدة الوطنية

وتاتي ثورة السابع عشر من تموز المظفرة لتؤكد الحزب ويبرهن من خلالها على انه قادر على تحقيق الوحدة الوطنية ورأب الصدع الذي اصابها من خلال سعيه لحل المشكلة الكردية حلا ديمقراطيا ثوريا وباعتبارها واحدة من المشكلات الوطنية الرئيسية التي طالما استنزفت قدرات الوطن وامكانياته .

## المؤتمر القومي العاشر

كما اشار القسم الرابع من التقرير السياسي الذي اقره المؤتمر القومي العاشر الذي عقد في بغداد في اذار ١٩٧٠ الى ( ان حل المشكلة الكردية باسرع وقت وبشكل يضمن وحدة التراب العراقي ويحقق افضل شروط التعاون والتآزر بين القوميتين العربية والكردية يجب ان يكون في مقدمة انجازات حكم الحزب حتى تتفرغ قواه المسلحة لمواجهة الخطر الصهيوني ويوضع حد للنزيف اللا معقول واللا مجدي واللا انساني في شمال العراق ويقطع الطريق على التامر الاستعماري الرجعي في المنطقة ) .

## المؤتمر القطري الثامن

ويقدم التقرير السياسي المركزي الذي اقره المؤتمر القطري الثامن الذي عقد ببغداد بين الثامن والثاني عشر من كانون الثاني المنصرم ثلاثة اعتبارات سعى حزب البعث العربي الاشتراكي من اجلها في حله للمسالة الكردية .

## المسالة الكردية والنضال العربي

وبقدر ما كان حزب البعث العربي الاشتراكي يفهم القضية الكردية على انها واحدة من المشاكل التي تواجه الامة العربية بقدر ما كانت مقررات الحزب القومية والقطرية تطرح المشكلة طرحا موضوعيا وتعتمد نضال حزب البعث العربي الاشتراكي وعقيدته القومية الانسانية

★ البعث يتحمل المسؤولية الاساسية في ضمان حقوق الجماهير الكردية في صيغ دستورية وقانونية واجرائية

## القضية الكردية وميثاق العمل الوطني

## حقيقة واصالة وموضوعية

## ارتباط جدلي

بيان الحادي عشر من اذار ١٩٧٠ الذي يعتبر الاطار السليم للحل السلمي والديمقراطي للمسالة الكردية على اساس الحكم الذاتي لشعبنا الكردي ضمن الجمهورية العراقية . وكان اصدار هذا البيان انجازا وطنيا كبيرا ، وحصيلة لسياسة الثورة ولتعاون جميع الاحزاب والقوى الوطنية والقومية التقدمية من العرب والاكراد وسائر جماهير الشعب .

دار الثورة للنشر والطباعة
رئيس التحرير : طارق عزيز

وحدة
حرية
اشتراكية

# الثورة

يومية سياسية
٨ صفحات
٢٥ فلساً

طائرات هليكوبتر لتابعة وتنفيذ
خطة التنمية ونقل الخبراء والمهندسين
بين محافظات القطر ص ٤

ATH - THAWRA . Nov 4 th 1974 No 1911 - Telex 2215 Thawra IK

# ايران تتبنى المخطط الاميركي لتخفيض اسعار النفط

## كيسنجر : وجهات النظر الاميركية والايرانية حول الدعوة لتخفيض اسعار النفط متفقة

### ايران تعد مقترحا للتخفيض لطرحه على « اوبك »

طهران - ٣ - وكالات الانباء : اختتم هنري كيسنجر وزير الخارجية الاميركي زيارته لايران اليوم باجتماع استغرق ( ٤ ) ساعات مع الشاه والمسؤولين الايرانيين .

وقد بحث الجانبان خلال الاجتماع مسالة تخفيض اسعار النفط والتضخم الاقتصادي في الولايات المتحدة .

وقال ان ايران واميركا مرتبطتان بعلاقات حقيقية وجديرة بالثقة .

وكان شاه ايران قد اعلن امس ان حكومته ستقدم مقترحا لمؤتمر « اوبك » الذي يعقد الشهر المقبل .

## القائد المؤسس يستقبل الرفيقين البكر وصدام حسين



استقبل القائد المؤسس الرفيق ميشيل عفلق الامين العام لحزب البعث العربي الاشتراكي في تمام الساعة الخامسة والثلث من مساء امس في قصر ببغداد الرفيق احمد حسن البكر امين سر القيادة القطرية لحزب البعث العربي الاشتراكي رئيس الجمهورية والرفيق صدام حسين نائب امين سر القيادة القطرية للحزب نائب رئيس مجلس قيادة الثورة .

## مواطن عماني يقتل اثنين من كبار ضباط النظام

## ثوار ارتريا يشيدون بدعم الحزب

## تظاهرة ضد النظام الايراني في ستوكهولم

## طلبة السودان يحيون انجازات الثورة في المجالين القطري والقومي

حيا الطلبة السودانيون في القطر الانجازات الثورية التي حققتها الثورة في المجالين القومي والقطري واكدوا في برقية بعثوا بها الى السيد الرئيس احمد حسن البكر دعمهم الكامل لكل الاجراءات التي تتخذها قيادة الحزب والثورة دفاعا عن قضية الامة العربية في فلسطين وفي تصديها لكل المؤامرات الامبريالية ضد القطر العراقي .

### عمال ذي قار

## محادثات اقتصادية بين سورية وايران

## الملك حسين يعلن عدم الذهاب الى جنيف



## صدام حسين يستقبل وزير الزراعة الفرنسي

استقبل السيد صدام حسين نائب رئيس مجلس قيادة الثورة بمكتبه في المجلس الوطني في الساعة السابعة من مساء امس السيد كريستيان بونيه وزير الزراعة الفرنسي .

وتم خلال المقابلة التي استغرقت حوالي ٤٠ دقيقة بحث العلاقات الودية القائمة بين العراق وفرنسا وسبل تمتينها .

هذا وحضر المقابلة السيد عزة الدوري عضو مجلس قيادة الثورة وزير الزراعة والاصلاح الزراعي والسيد بيير سيرمل السفير الفرنسي ببغداد .

## الرفيق علي غنام يلتقي بوفد المحامين السودانيين

زار الرفيق علي غنام عضو القيادة القومية لحزب البعث العربي الاشتراكي صباح امس وفد المحامين السودانيين الى المؤتمر الثاني عشر لاتحاد المحامين العرب الذي اختتم اعماله في بغداد الاسبوع الماضي .

## الرفيق الحمداني : الاساس هو القضاء على الاحتكارات كمنتج ووسيط

## الرفيق حداد يعلن تمثيل الحركة التقدمية الكردية والقوى القومية والمستقلة في الجبهة

اتخذت اللجنة العليا للجبهة الوطنية والقومية التقدمية قرارا بتمثيل الحركة التقدمية الكردية بثلاثة ممثلين وتمثيل القوى الديمقراطية المستقلة والقوى القومية التقدمية في القطر بممثل واحد لكل منهما في اللجنة .

## افتتاح المركز الطبي العراقي في صنعاء

## انفجارات في مؤسسات اميركية بروما

## تفقد الاوضاع في قضاء شقلاوة

## اعادة انتخاب بورقيبة

## قائد البحرية الاميركية في ايران

الجمهورية



# بيان ١١ آذار

## تجسيد لانسانية البعث ولتقدمية ثورته

يحتفل شعبنا غداً بالذكرى الثالثة لاعلان بيان الحادي عشر من آذار لحل المسألة الكردية حلاً سلمياً ديمقراطياً وهو يعيش انتصارات وانجازات جديدة يأتي في طليعتها النصر الذي سجله عراقنا المناضل في الاول من آذار الحالي عندما أخضع شركات الاحتكار النفطي لمطاليبنا المشروعة في اتفاقية النفط الأخيرة .

الرئيس القائد :

### البيان .. إستجابة واعية مخلصة لأرادة الجماهير .

الرفيق العيسمي :

### البيان .. جسّد عقيدة الحزب بصورة علمية .

الرفيق صدام حسين :

### البيان .. تنظيم وتكثيف الأرادة الواعية لشعبنا .

لقد فتحت ثورة السابع عشر من تموز . بحكم تعبيرها عن مبادئ حزب البعث العربي الاشتراكي الديمقراطية والانسانية آفاقاً رحبة لحل المسألة الكردية حلاً سلمياً وديمقراطياً عادلاً . فتكللت جهودها من خلال التعاون مع الحزب الديمقراطي الكردستاني . باصدار بيان الحادي عشر من آذار التاريخي

« ميثاق العمل الوطني »



الجمهورية

جريدة يومية سياسية
تصدر عن
دار الجماهير للصحافة

رئيس التحرير
سعد قاسم حمودي

٨ صفحات

AL-JUMHURIYAH 1 April 1974 No. 1981

الاثنين ٩ ربيع الاول ١٣٩٤هـ ١ نيسان ١٩٧٤ العـدد ١٩٨١

اليوم يبدأ بتنفيذ اضخم ميزانية للدولة في تأريخ القطر.. وقرارات زيادة القدرة الشرائية للمواطنين

صحفيو العالم يهنئون قيادة الحزب والثورة بتطبيق الحكم الذاتي

الصحف العربية تبارك تطبيق الحكم الذاتي
وتدين المؤامرات الامبريالية والرجعية ضد عراق الثورة

باركت منظمة الصحفيين العالمية تطبيق الحكم الذاتي لشعبنا الكردي ونددت بالمؤامرات الامبريالية والرجعية التي تحاك ضد عراق الثورة .

زيارة الرفيق صدام حسين لنيودلهي
تحظى باهتمام متزايد في الصحف الهندية

تواصل الصحف الهندية تعليقاتها على نتائج الزيارة الناجحة التي قام بها الى الهند الاسبوع الماضي السيد صدام حسين نائب رئيس مجلس قيادة الثورة .

الرئيس البكر يشكر الرئيس السوداني
لتهنئته بصدور قانون الحكم الذاتي

١١٦٩ مليون دينار تخصيصات اضخم منهاج استثماري للعام ٧٤-٧٥

٥٠ مليون دينار لمعالجة التخلف في منطقة الحكم الذاتي

يبدأ اليوم تنفيذ قانون اضخم ميزانية للدولة شهدها القطر حتى الآن .
وبلغت نفقات الميزانية والمنهاج الاستثماري الفي مليون و ٩٣٣ مليونا و ١٩٥ دينارا اي بزيادة عن ميزانية العام الماضي التي انتهى العمل بها امس تبلغ الفا و ٥٥٨ مليونا و ٢٦٥ الفا و ٢٨٩ دينارا .

الفلسطينيون يحل الصهاينة المطرودين من افريقيا

اعتقال متسللين ايرانيين بالكويت

الرئيس البكر .. عمال ذي قار والبصرة
كل طاقاتهم في خدمة الثورة

دايان يطلب من امريكا اسلحة جديدة !

ڕۆژنامەی (الجمهورية) ژمارە (١٩٨١) ڕۆژی ١ی نیسانی ١٩٧٤



لقاء كبير بين الرفيق صدام حسين ومراسلي الوكالات والصحف العربية والعالمية
الحكم الذاتي سيتم قطعاً قبل آذار ٧٤

عقد الرفيق صدام حسين نائب امين سر القيادة القطرية لحزب البعث العربي الاشتراكي نائب رئيس مجلس قيادة الثورة مؤتمرا صحفيا ليلة امس في قاعة الاجتماعات بمبنى المجلس الوطني في بغداد .

وشهد المؤتمر اكثر من مائة صحفي يمثلون ابرز اجهزة الصحافة والاعلام العربية والعالمية . وحضر المؤتمر الصحفي السيد مرتضى سعيد عبدالباقي عضو مجلس قيادة الثورة وزير الخارجية والسيد حامد الجبوري وزير ...

صدام حسين ان انتاج النفط زاد بنسبة ٤٣ر٧ بالمائة في مايس ١٩٧٣ عما كان عليه في مايس ٧٢ .

وقبل التوقيع على الاتفاقية مع الشركات في ١ اذار ١٩٧٣ ...

مجلس قيادة الثورة قائلا انه ليست هناك مشاكل لم تحسم مع الشركات فيما يتعلق بالقانون رقم ٨٠ والقانون رقم ٦٩ الخاص بتاميم شركة نفط العراق المحدودة .

ثم تناولت اجوبة الرفيق صدام حسين طوال اربع ساعات مواضيع القضية الفلسطينية والجبهة الشرقية والخليج العربي والكويت والوحدة العربية والعلاقات ...

ڕۆژنامەی (الثورة) ژمارە (١٥١٠) ڕۆژی ١٩ی تەمموزی ١٩٧٣



الجمهورية
AL-JUMHURIYA MARCH 7, 1975
رئيس التحرير سعد قاسم حمودي

شاه ايران يقبل دعوة الرئيس البكر لزيارة العراق والسيد صدام حسين يقبل دعوة رسمية لزيارة ايران

# اتفاق العراق وايران على حل كافة المشاكل بين البلدين

التزام متبادل على اجراء رقابة شديدة وفعالة على حدودهما المشتركة ووضع حد نهائي لكل التسللات ذات الطابع التخريبي من حيثما أتت

وزيرا خارجية العراق وايران يجتمعان في طهران بحضور وزير خارجية الجزائر يوم ١٥ آذار لوضع ترتيبات اللجنة المشتركة

وقع السيد صدام حسين نائب رئيس مجلس قيادة الثورة والامبراطور محمد رضا بهلوي شاه ايران في الساعة السادسة والدقيقة الخامسة والثلاثين من مساء امس بتوقيت بغداد على اتفاقية انهاء المشاكل المعلقة بين العراق وايران .

تلبية لدعوة الرئيس البكر
الرئيس الافغاني يصل بغداد يوم ١٧ آذار

## خطاب السيد صدام حسين في الجلسة الختامية لمؤتمر قمة الأوبك

"آن الأوان لكي نقول للشركات الاحتكارية وأسيادها .. ارفعوا أيديكم عن بترولنا"

## السيد النائب يبدأ اليوم زيارته الرسمية لتونس

قال السيد صدام حسين نائب رئيس مجلس قيادة الثورة في كلمة في الجلسة الختامية لمؤتمر قمة منظمة ( اوبك ) بالجزائر عصر امس ان ما نطالبون اليوم ان نقول للشركات الاحتكارية ان الاوان لكي ترفع ايديها هي واسيادها عن بترولنا .

## مقتل واصابة ١١٠ صهاينة في عملية اقتحام الفدائيين لتل أبيب

قمة الأوبك تشجب تهديدات واشنطن وترفض اتهاماتها

هجوم فدائي اخر بعد عملية «سافوي»



**مەلا مستەفای بارزانی**
**ڕابەری شۆڕشی ئەیلوول**



**وێنەی نووسەر لەگەڵ شەوکەت مەلا ئیسماعیل بەرپرسی دەزگای بێتەلی شۆڕشی ئەیلوول و چەند توێژەرێک**
**لە (کۆنفرانسی شۆڕشی ئەیلوول) ٢٠٢١/دهۆک**



**وێنەی وەستا ساڵح نەجاڕ پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوول**
**باوکی نووسەر**
**١٩٧٤-چۆمان**

# ناسنامەی دەستە

پرۆژەی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان، لە پێناو ناساندن، کۆکردنەوە، بە دیکۆمێنتکردن و بڵاوکردنەوەی مێژووی پڕ لە سەروەریی کار و خەباتی پارتی دیموکراتی کوردستان، لەسەر پێشنیازی ڕێزدار مەسرور بارزانی، لە ساڵی ٢٠١٤ دامەزراوە.

ئەم بەرهەمەی بەردەستی بەڕێزتان بەشێکە لە هەوڵ و ئامانجەکانی ئەم پرۆژەیە.

P.D.K ENCYCLOPEDIA